


# ماڵێک بە دەرگای ئاوەڵاوە

## توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی

کامیل ئەحمەدی

# ماڵێک بە درگای ئاواڵاوە

## توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران

کامیل ئەحمەدی

چاپخانەی ئاڤای بووف

١٤٠١ هەتاوی / ٢٠٢٢ زایینی / ٢٧٢٢ کوردی

© AVAYE BUF - 2021

AVAYeBUF .com _    avaye.buf@gmail.com

| | |
|---|---|
| **House with Open Door**<br>A Comprehensive Research Study on White Marriage (Cohabitation) in Iran<br>**By:** kameel Ahmady<br><br>**Publication Technician:** Ghasem Gharehdaghi<br>Publisher: Avaye Buf | **ماڵێک بە درگای ئاواڵاوە**<br>توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران<br>**سەرپەرشت و ڕێکخەر:**<br>کامیل ئەحمەدی<br><br>**کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە:** قاسم قەرەداغی<br>**چاپخانەی :** ئاڤای بووف |

ISBN: 978-87-94252-8-4
©2021 Avaye Buf
avaye.buf@gmail.com - www.avayebuf.com

| | |
|---|---|
| سەرپەرشت و ڕێکخەر | : کامیل ئەحمەدی |
| ناو و ناوی نووسەر | : ماڵێک بە درگای ئاواڵاوە- [کتێب] / توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران<br>نووسەر: کامیل ئەحمەدی |
| زانیارییەکانی چاپخانە | ١٤٠٠ هەتاوی، ٢٠٢١ زایینی / ٢٧٢٢ کوردی |
| کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە: | : قاسم قەرەداغی |
| زانیاریە ڕوواڵەتییەکان | : ٣٢٤ل.؛ ١٤/٥×٢١ سم. |
| ژمارەی ئەسپاردن | : چاپخانەی ئەنتەرنێتی: |
| پێرستنووسی: بە پێی زانیارییەکانی فیبا | 978-87-94252-8-4 |
| بابەت | : ئامار/ کۆمەڵناسی / زمانی کوردی |
| DK5 | 30.13: |
| ژمارەی کتێبناسیی نیشتمانی | : 978-87-94252-8-4 |

- ناوی کتێب: ماڵێک بە درگای ئاواڵاوە
- سەرپەرشت و ڕێکخەر: کامیل ئەحمەدی
- وە رگێر: نەسیم غوڵامی
- چاپی یەکەم: ١٤٠٠ هەتاوی / ٢٠٢١ زایینی / ٢٧٢١ کوردی
- تیراژ: چاپخانەی ئەنتەرنێتی
- چاپەمەنییەکان: ئاڤای بووف - دانیمارک
- ژمارەی ئەسپاردن: 978-87-94252-8-4
- نرخ: بێبەرامبەر
- فایل: PDF + EPUB



هەموو مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە. بڵاوکردنەوە بە هەر شێوەیەک بە مەرجێک کە ئاماژە بە سەرچاوە بکرێ کێشەی نییە.

بۆ هاواهەنگی کەڵکوەرگرتن لەم بەرهەمە بە هەر شێوەیەک (چاپ، بڵاوکردنەوە، و وەرگێران و هەر بەکارهێنانێکی دیکە) تکایە نامە بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرن:

لینکی دەستڕاگەیشتنی ئۆنلاینی بە بەرهەمەکان: www.AVAYEBUF.COM

**سەرپەرشت و ڕێکخەر:** کامیل ئەحمەدی
**وەرگێر:** نەسیم غوڵامی
**دووبارەخوێندنەوەی دەقی کوردی:** چنوور موڕادی
**دووبارەخوێندنەوەی دەقی فارسی:** عایشێ عەلیيار
**هاوکاران و یاریدەدەرانی کاری مەیدانی:** فەریبا ئەڵماسی، عایشێ عەلیيار، حەکیمە پاشازادە، فەتانە سادقی موقەدەم، محەممەد (جەماڵ) حوسەینی، ژیلا سادقی، سەباح وەتەنی و ڤیدا زەفەری
**یاریدەدەر و شیکاریی داتاکان:** محەممەد (جەماڵ) حوسەینی
**ڕازێنەری بەرگ:** چیا سە رسپی
**نیگارکێشی ڕووبەرگ:** Jim Holland
**داڕێژەری خشتە و چارتەکان:** محەممەد (جەماڵ) حوسەینی
**پەڕبەندی:** ئومید موقەدەس

# پێڕست

پوختە............................................ 11
پێشەکی ............................................ 13

**بەشی یەکەم: گشتێتیی توێژینەوە.............................. 19**
1-1. پێشەکی ............................................ 20
1-2. پارادایمەکانی هەڵسوکەوتی سێکسی ..................... 24
1-3. پێگەیشتن و کارلێکی سێکسی.......................... 32
1ـــــ4. هاوســـەرگیریی درەنگوەخت لە ئێران: تێکچوونی هەڵسوکەوتی سێکسیی شیاو ........................................ 35
1-4-1. فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان ............................ 37
1-4-2. فاکتەرە ئابوورییەکان................................ 40
1-4-3. فاکتەرە کەلتوورییەکان ............................. 42
1ـــــ5. دەســـتنیشـــانکردنی ســـەرچەشـــنەکانی پەیوەندییە سێکسییەکان.............................................. 44
1-5-1. پەیوەندییە ناعاشقانەکان ............................ 49
1ـــــ5ـــــ2. پەیوەندییە عاشـقانەکان، دەرکەوتنی عەشـقی ڕۆمانسی بەر لە هاوسەرگیری.................................. 55
1-5-3. پەیوەندیی دژەعاشقانە، دەرکەوتنی سەرچەشنەکانی فریودان.................................................. 62
1-5-4. پەیوەندیی پشتبەستوو بە عەشقی مەلەوەر ....... 64
1ــــ6. دەرکەوتنی بیچمی نوێی بنەماڵە بە جەختکردنە سـەر هاوسەرگیریی سپی............................................ 65
**بەشی دووهەم: بنەماکانی تیۆریی توێژینەوە ................. 77**
2-1. پێشەکی ............................................ 78
2ـــــ2. بنەما کۆمەڵایەتی و خەڵکناسـییەکانی هاوسـەرگیریی سپی................................................ 81
2-2-1. چەشن و جۆرەکانی هاوسەرگیری.................. 82
2–2–2. هاوسەربژێری لە ئێران بە پێی پێکهاتەی ناوەکیی

بنەماڵە ......................................... 101
2ـــ2ـــ3. گەنجان و گۆڕینی کەلتووری تێپەڕین: زەمینە، پێویستی و شیکارییەکان........................... 129
2ـــ2ـــ4. هاوسەرگیریی سپی، پێکەوەبوون یان هاوماڵی لە ئێران............................................................ 139
2-2-5. قۆناغەکانی بیچمگرتنی هاوسەرگیریی سپی.. 143
2-2-6. هاوسەرگیریی سپی لە سەر ئاستی جیهان..... 145
٢ـــــ٣. بنەما فیقهی و یاساییەکانی هاوسەرگیریی سپی یان پێکەوەبوون ........................................................... 154
٢-3-١. هاوسەرگیری لە ڕوانگەی ئایینی و ئیسلامی 154
2-3-2. هاوسەرگیری لە ئێران .......................... 156
٢ـــــ3ـــــ4. هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیریی سپی و نیکاحی مۆعاتاتی ........................................................... 165

**بەشی سێیەم: شێواز و ئەنجامە مەیدانییەکان ............. 171**
٣-١. شێوازی توێژینەوە ....................... 172
٣-٢. ئەنجامە مەیدانییەکان........................... 173
3-3. هەلومەرجە زەمینییەکان............................ 175
3-3-1. بەئەزموونی پەیوەندیی سێکسی ................ 175
3ـ3ـ1ـ1. زەمینەکانی ئاشنابوون / بەستێنەکانی ئاشنابوون 175 ..........................................................................
3-3-1-2. ماوە، ئاست و بەردەوامێتیی پەیوەندی....... 179
3-3-1-3. زانستی سێکسی، دووگیانبوون و بەرگیری 183
3-3-1-4. توندوتیژی لە پەیوەندیی هاوماڵیدا ............ 186
3-3-2. جیهانبینی.............................................. 190
3-3-2-1. پابەندیی بە ئایین ................................ 191
3-3-2-2. ڕوانگەی سەبارەت بە هاوسەرگیری........ 196
3ـ3ـ2ـ3. پێوەرەکانی هەڵبژاردن و ڕوانگەی سەبارەت بە ناپاکی........................................................... 199
3-3-2-4. بابەتێتیی پەردەی کچێتی ...................... 202
3-3-2-5. گرێبەستەکان.................................... 205
3-4. هەلومەرجی ژینگەیی.................................. 208
3-4-1. هەلومەرجی ئابووری ............................ 209
3-4-2. چوارچێوەی یاسایی و فەرمی..................... 212

3-4-3. پێکهاتە ئابوورییەکان ........................... 216
3—4—3—1. ڕوانگەی گشتیی کۆمەڵایەتی، ئاگاداری و کاردانەوەی دەوروبەرییەکان.......................... 217
3–4–3–2. گۆڕانی هاوسەرگیریی سپی بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی........................................ 223
3-5. فاکتەرە کاریگەرەکان .................................. 227
1-5-3. هەلومەرجی بنەماڵەیی.......................... 227
2-5-3. کاڵبوونەوەی چاودێری، ژیانکردن لە کۆچ ... 232
6-3. دیاردەی تەوەری........................................ 235
7-3. کارلێکی ستراتیژی..................................... 243
8-3. لێکەوتەکان............................................. 245
3—8—1. کەمبوونەوەی کلیشە ڕەگەزییەکان و ئازادیی هەڵبژاردن، ناهۆگری بۆ هاوسەرگیریی فەرمی ........... 245
2-8-3. تاراندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پشتیوانی، ترس لە بەدواداچوون ......................................... 253
9-3. ئەنجامە چەندایەتییەکان................................ 255
1-9-3. تەمەن.................................................. 256
2-9-3. خوێندن ................................................ 259
3-9-3. پیشە.................................................... 262
4-9-3. ڕادەی باوەڕداری و پابەندبوون بە ئایین ...... 264
5-9-3. شێوازی ئاشنابوون.................................. 267
6-9-3. ماوەی پەیوەندی .................................... 270
7-9-3. توندوتیژی دژ بە ژنان ............................. 272
8-9-3. ئاگاداربوونی بنەماڵە و هاوڕێیان ............... 274
9-9-3. هۆگری بۆ هاوسەرگیریی فەرمی.................. 276
10-9-3. هۆکاری هۆگربوون بە هاوسەرگیریی سپی 278
11-9-3. بە ئەزموونکردنی دووگیانی ..................... 280
12-9-3. ڕوانگەی سەبارەت بە پەردەی کچێتی ....... 282

**بەشی چوارەم: پێشنیار و ڕێکارەکان ........................ 285**
1-4. پێشەکی ................................................ 286
2-4. کۆبەندیی توێژینەوە .................................. 292
3-4. خستنە ڕووی پێشنیار و ڕێکارەکان ................. 307
سەرچاوەکان .............................................. 315

## سپاس‌بێژی

هەر کۆمەڵگایەک بە پێی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکەی بەردەوام ڕووبەڕووی هەندێ پرسی تایبەت دەبێتەوە. پانتای پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانیش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕووی لە پەرەسەندنە. هەندێ لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی هەستیاریی کەلتووری و ئایینی کەمتر ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە کە ئەم نەناسراوی و ئاڵۆزییە دەتوانێ لە سەر ئاستە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکاندا لێکەوتەی نەرێنی لێ بکەوێتەوە. تێگەیشتنی دروست لە دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەهەند و تایبەتمەندییەکانی و گۆڕان لە ڕوانگەی پێکهاتەی ئیداری و یاسایی سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە توخمە کەلتووری و کۆمەڵناسییەکان دەتوانێ بەڕێوەبردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان باشتر بکات.

پێکهاتەی بنەماڵە و بە تواناکردنی منداڵان و ژنان لەم ساڵانەی دواییدا یەکێک لە ئامانجە جیدییەکانی توێژینەوەی من بوو. هاندەری من بۆ توێژینەوە سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشووم سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی و (سیغە) بڕیاری مەحرەمێتی[1]، هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان[2] و خەتەنەی ژنان[3] لە

---

1. ئەحمەدی، کامیل (1396). ماڵێک لە سەر ئاو: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی
http://kameelahmady.com/fa/temporary-marriage-in-iran

2. ئەحمەدی، کامیل (1396). زایەڵەی بێدەنگی (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) تاران، شیرازە

Ahmady, Kameel (2017). An Echo of Silence: A Comprehensive Research Study On Early Child Marriagen (ECM) In Iran, New York: Nova Publishing.

3. ئەحمەدی، کامیل (1396). بە ناوی نەریت (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران) تاران، شیرازە.

Ahmady, Kameel (2015). *In The Name of Tradition: A Comprehensive Research Study On Female Genital Mutilation/Cutting*

ئێران، کە بە هەر سێ زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و کوردی بڵاو بوونەتەوە. لە پۆلێنبەندیی گرینگترین پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا لە ڕوانگەی زۆرێک لە توێژەران و خەسارەتناسان پرسەکانی بنەماڵە، هاوسەرگیری و گەنجان لە سەرووی پێرستەکەدان. لەم ساڵانەی دواییدا ڕەوتی ڕوو لە دابەزینی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، ڕێژەی ڕوو لە زیادبووی تەڵاق، سەڵتیی هەمیشەیی و مامناوەندی تەمەنی هاوسەرگیری ڕووی لە هەڵکشان کردووە. سەرەڕای ئەو ڕێکارانەی کە لە لایەن ناوەندە کارگێڕییەکان و سیاسەتدانانی بەرفراوانی وڵاتەوە خراوەتە ڕوو، ڕەوتی هەڵکشانی مامناوەندی تەمەنی هاوسەرگیری بەردەوامە، کە ئەمە گۆڕانی کەلتوور و خواستەکانی چینی گەنجی وڵات، نادروستی یان لاوازیی ڕێکارە کردەییەکان و هەڵە ستراتیژییەکان پیشان دەدات. کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری بە مانای کەمبوونەوەی پەیوەندیی سێکسی لە نێوان ژنان و پیاوان نییە، بەڵکوو تاکەکان و زیاتر گەنجان لە هەلومەرجی ڕوو لە تێپەڕینی کۆمەڵگای ئێران بە مەبەستی دابینکردنی خواستەکانی خۆیان و ڕزگاربوون لە بارودۆخی هاوسەرگیریی فەرمی یاسایەکی بەدیلیان بۆ داناوە، کە پێی دەڵێن هاوسەرگیریی سپی. لە ناو دڵی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو کە لەمەڕ هاوسەرگیریی کاتی بوو، هەندێ کەس دژی هاوسەرگیریی کاتی بۆچوونی خۆیانیان دەردەبڕی، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئازادانە سێکسیان دەکرد و ئەوەیان لە هاوسەرگیریی کاتی پێ باشتر بوو، بۆچیەتیی هەڵکشانی ڕێژەی پەیوەندیی سێکسی سەرەڕای بوونی هەندێ یاسای وەکوو مەتعە، بەشێک لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە بوو. هاوسەرگیریی سپی یان هاوماڵی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیادتر ڕووی تێدەکرێ، لە وڵاتی ئێران بە پێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژاوایی بە پێی یاسا و چاودێری نییە. نەبوونی ناسیاریی تەواو سەبارەت بە پەیوەندییە هاوماڵییەکان لە ناو دڵی کۆمەڵگا و هەروەها لە سەر ئاستی کارناسی و

*(FGM/C) In Iran*, Oxford: Oxford Press.

سیاسەتدانانی کەلان و نەبوونی بنەما یاسایی و نۆرمدارەکان، پەرەی بە گەشەکردنی قارچکانە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونی ئەم چەشنە پەیوەندییانە دەدا و جیا لە سوودەکانی بۆ چینێکی تایبەت لە گەنجان یان ئەوانەی وا باوەڕیان بە یەکسانیی ڕەگەزییە، لەوانەیە زیانی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە کە زیاتر ژنان دەگرێتەوە. بە مەبەستی تێگەیشتنی دروست لە دیاردەی هاوسەرگیریی سپی لە ئێران، لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوو لەگەڵ هاوکارەکانم بە شێوەی گشتگیر لە سەر ئاستی مەیدانی و کتێبخانەیی ئەم بابەتەمان تاوتوێ کرد و هیوادارم ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە ببێتە هۆی ناسینی زیاتری ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە و دەرهاویشتە نەخوازراوەکەی، بەتایبەت بۆ منداڵان و ژنانی خەسارەتهەڵگر کەم ببێتەوە.

به پێویستی دەزانم سپاسی ئەو کەسانە بکەم کە لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە یان لەم مەودا زەمەنییەدا هانیان دام. سپاسی ئەندامانی بنەماڵەکەم دەکەم کە هیچکات منیان لە پشتیوانیی خۆیان بێبەش نەکرد و لە هەموو قۆناغە دژوارەکاندا لەگەڵم بوون، و هەروەها دەستخۆشی لەو هاوڕێ نزیکانە دەکەم کە لەم پرۆسە لێکۆڵینەوەییەدا هانیان دام.

سپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە کۆ بوونەوە و گێڕانەوەکانی ئەم کارەیان کۆ کردەوە و ئینجا شرۆڤەیان کرد بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی گشتگیر وەدەست بهێنرێ؛ سپاسی تایبەتیم هەیە بۆ یاریدەدەران و هاوکارەکانم، بەڕێز محەممەد (جەماڵ) حوسەینی و خاتوو عایشێ (شیلان) عەلیيار کە لە قۆناغەکانی توێژینەوەدا لەگەڵم بوون و لە کۆکردنەوەی بابەت و سەرچاوەدا هاوکارییان کردم. سپاسی خاتوو سارا سەحرانەوەرد دەکەم کە لە کاری پێداچوونەوە و وردتربوونی بیچمی ئەم بەرهەمە هاوکاری نواند. سپاسی ئەو کەسانە دەکەم وا نەیانویست لەم کتێبەدا ناویان بهێنرێت. زۆر کەس و ناوەند بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژە هاریکارییان کردم. ئەم توێژینەوە و بەتایبەت بەشە مەیدانییەکەی، تەنیا بە لێکۆڵینەوەی وەدۆزینەوە، ڕاهێنانی مەیدانی، پشتیوانی و هاریکاریی ئەوان بەدی هات.

لەم بوارەدا، سپاسی بەڕێوەبەری یەکەمی تیمە مەیدانییەکەم واتە فەریبا ئەڵماسی و عایشێ عەلیار و دیکەی ئەندامانی تیمی مەیدانی و شیکاریی، حەکیمە پاشازادە، موسلیم نازمی، فەتانە سادقی موقەدەم، ژیلا سادقی، سەباح وەتەنی و ڤیدا زەفەری دەکەم. سپاسی بەڕێز حوسەینی بۆ ئەنجامدانی شیکاریی چەندایەتی و بەتایبەت یارمەتیدانی لە ئامادەکردنی پوختەی ئەم توێژینەوە بۆ ڕوونوێنیکردنی و هەروەها، سپاسی خاتوو عەلیار بۆ پێداچوونەوەی ئەم دەقە و بەڕێز محەممەد جەماڵەدین واژی بۆ ڕاوێژی ئایینی دەکەم.

خۆم بە قەرزداری پشتیوانی، میوانگری، ڕا و بۆچوونی هزرمەندانە و پێشنیارەکانی ئەم بەڕێزانە و هاوکارەکانم لە هەر سێ شاری گەورەی تاران، مەشهەد و ئیسفەهان دەزانم: لە پارێزگای تاران خاتوو دکتۆر مەعسوومە مەعارفوەند بۆ ڕاوێژ و هاوکاریکردنم بۆ ڕێکخستنی پرسیارنامە سەرەتاییەکان؛ لە پارێزگای ئیسفەهان خاتوو گۆلیتا حوسەین پوور و خاتوو جەمیلە هاشمیان؛ لە پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی سپێهری ئێستیری، زەینەب پزیشکیان، ناوەندی "ژنانی مافناسی سورا" و ئەندامانی لێژنەی بەڕێوەبەرییەکەی. سپاسی جڤاکی زانایانی ئایینی، دامەزراوە ئایینییەکان و دیکەی کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەم کە لەم توێژینەوەدا هاوکارییان نواند. بەتایبەتی سپاسی وەزارەتخانەکان و نوێنەرانی پارلەمان، بۆ وێنە کەسانی بەرپرس لە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، تەندروستی و زانکۆکانی زانستە پزیشکییەکان، زانکۆی ئازادی ئیسلامی و پەیامی نوور دەکەم؛ بەو هۆیە کە بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژە ئێمەیان لە زانست و زانیارییەکانی خۆیان بێبەش نەکرد. بەو هیوایەی ئەم چەشنە توێژینەوانە و گرینگیدانی بەرپرسان بە ڕێکار و ئەنجامەکانیان لە وڵاتدا ببێتە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیی ئەرێنی و کەمکردنەوەی زیانە کۆمەڵایەتییەکان.

کامیل ئەحمەدی

مانگی نەورۆز 1398ـی هەتاوی - March **2019**

**kameelahmady.com**

**پوختە**

ژیانی هاوبەش بە بێهاوسەرگیریی فەرمی و یاسایی، هاوسەرگیرییەکی تۆمارنەکراو، نایاسایی و ناشەرعییە کە پەرەسەندنەکەی لە کۆمەڵگای ئێراندا دیاردەیەکی نوێیە و لە گەورەشارەکان و شارە کۆچەروەرگرەکان وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕوو لە هەڵکشان لێی دەڕوانرێت. بە هۆی ئاڵۆزیی بابەتەکە و هەستیارییەکەی لە ئێران، لەم بوارەدا ئامارێکی سەرنجڕاکێش لە ئارادا نییە و تەنانەت لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە سڕ کراوە و بە جۆرێک لە دژی خۆڕاگری دەکەن. هەر بەم پێیە بە مەبەستی ناسینی وردی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە و هۆکار و لێکەوتەکانی، ئەم توێژینەوە هەر سێ شاری گەورەی ئێران، واتە تاران و مەشهەد و ئیسفەهانی تاوتوێ کردووە. ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی ڕوانگەی شرۆڤەخوازی و شێوازناسیی چۆنایەتی بە کەڵکوەرگرتن لە تیۆریی زەمینەیی ئەنجام دراوە. بە هۆی هەستیاریی کەلتووریی بابەتی توێژینەوە و دژواریی دەستڕاگەیشتن بە نموونەکان شێوازی ناهەڵکەوت بە کار هێنرا. دڵنیابوونی تیۆریکی داتاکان پاش ئەنجامدانی 100 دیمانە وەدەست هات و بۆ متمانەی زیاتر، دیمانەی زیاتر ئەنجام درا، بۆ ئەوەی لە گشتگیریی توێژینەوە قەناعەتمان پێ بێنێ و هەڵبەت لەم ڕێگەدا چاودێری و ڕێنوێنیی پسپۆڕانی شێوازی چۆنایەتیشمان قۆستەوە. شایەنی ئاماژەیە کە ئەم توێژینەوە ئاوڕی لە جۆرەکانی دیکەی پێکەوەبوون، بۆ وێنە پێکەوەبوونی خاتوونێکی زۆر گەنج لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەن کە تەوەرایەتیی پەیوەندییەکە لە سەر دابینکردنی باری ئابووریی ژنەیە و ئەم نموونانە بە مەبەستی یەکدەستکردنی توێژینەوە لە لێکۆڵینەوەکە سڕێنراوەتەوە.

زانیاری و داتاکانی ئەم توێژینەوە بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنیکی دیمانەی قووڵ کۆ کراوەتەوە. دیمانە و داتا کۆکراوەکان بە کەڵکوەرگرتن لە کۆدینگی تیۆری (کراوە، تەوەری و هەڵبژێری) شیکاری و شرۆڤە کران و بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتاکان، لە پێشدا بۆ وەدەستهێنانی چەمک و

وتەزا گرینگەکانی بەشداربووان، شێوازی دیمانەی وتووێژی نافەرمی بە کار هێنرا. لە قۆناغی دووهەم بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی گراونددی تیۆری، وتەزا و چەمکە وەدەستهاتووەکانی پرۆسەی دیمانە، لە پێناو نموونەگیریی تیۆری کاریان لە سەر کرا و پاش ئەم قۆناغە کە هێڵە گشتییەکانی دیمانە لە ڕێگەی چەمک و وتەزاکانەوە بیچمیان گرت، پرسیارەکانی دیمانە بە کەڵک وەرگرتن لە دیمانەی نیوەپێکهاتوو، ستاندارد کرا و ئەم پرۆسە هەتا دڵنیابوونی تیۆریک بەردەوام بوو. لە درێژەدا بە ئەنجامدانی کۆدینگی کراوە، هاوکات لەگەڵ کۆکردنەوەی داتاکان، وتەزا سەرەکییەکان، ژێروتەزاکان و چەمکەکان وەدەست هاتن. بە ئەنجامدانی کۆدینگی تەوەری، ژێروتەزاکان بە یەکتر و بە وتەزا سەرەکییەکان گرێ دران و جۆری وتەزاکان لە ڕووی هۆکاری و پرۆسەیی و لێکەوتەییەوە دیاری کران.

ئەنجامەکانی توێژینەوە پیشانیان دا کە هەلومەرجی ژینگەیی (بارودۆخی ئابووری، چوارچێوە فەرمی و یاساییەکان، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان)؛ فاکتەرە دەستێوەردەرەکان (هەلومەرجی بنەماڵەیی، کەمبوونەوەی چاودێری، ژیان لە کۆچ) و فاکتەرە زەمینەییەکان (ئەزموونی پەیوەندی سێکسی و جیهانبینیی تاکایەتی) لە فاکتەرە سەرەکییەکانی هۆگریی بۆ هاوسەرگیریی سپی بوون. دیاردەی تەوەریی لەم توێژینەوە گۆڕانکاری لە بەها و نۆرمەکانی شێوازی ژیانی نەوەی گەنج بوو. کردەوەی ستراتیژی لەم توێژینەوە فرەیی و ناسەقامگیری لە پەیوەندییەکان بوو و لێکەوتەکانی ئەم چەشنە پەیوەندییانە بریتی بوو لە: کاڵبوونەوەی کلیشە ڕەگەزییەکان و ئازادیی هەڵبژاردن، بێهۆگریی بۆ هاوسەرگیریی فەرمی، تاراندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پشتیوانی و ترس لە بەدواداچوون.

**پێشەکی**

ئـەگـەرچی ئـەو بـاوەڕە هـەیـە کـە مۆدێرنیتـە ژیـانی مرۆڤی لـە سـەدەی شـانزدەهەم و حەڤدەهەم گۆڕی، دەتوانین ئیدیعا بکەین کە ژیانی مۆدێرن لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆشـنگەری لە سـەدەی هەژدەهەم و ئینجا شـۆڕشـی گەورەی پیشـەسـازی لە سـەدەی نۆزدەهەم بە شـێوەی کردەیی سـەری هەڵدا. بە گشـتی دەتوانین بڵێین پێکهـاتنی مۆدێرنیتـە پرۆسـەیـەکی ئـاڵۆز بووە کـە لـە تێگەیشـتنێکی سـادەدا دەتوانین لە چوار بواردا بەم شـێوە پۆلێنبەندی بکەین.

ئـ) بواری سیاسـی: لە سـەرهەڵدانی دەوڵەتی سـکۆلار و کەیخودایی‌سڕینەوە لە کلیسا؛

ب) بواری ئابووری: لە ژێر هەژموونی سـەرمایەداری و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا؛

بواری کۆمـەڵایـەتی: دابـەشـکردنی نوێی چینـایـەتی و دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیی پێشکەوتن؛

بواری کـەلتووری: تێپـەڕین لـە خودابـاوەڕی و گۆڕانی پەیوەندییە ڕەگەزییەکان[1].

لە ڕاسـتیدا مۆدێرنیتە بە دەرکەوتنی گوتاری فەلسـەفیی نوێ و بەتایبەت گۆڕانی شـێوازی بەرهەمهێنان شـیاوی فامکردنە و لە سـەر بنەمای ئەمە، مێژوو و کۆمەڵگا نەک وەک یەکێک لە نموونـەکـانی دەرکـەوتنی خودا، بـەڵکوو وەک بوونـەوەرێکی چالاک و لە حاڵی گۆڕان شیاوی تێگەیشتنن کە مرۆڤ دەتوانێ لە سەرچەشنی یاسایەکی زاڵ بە سەر ئەم گۆڕانکارییە تێبگا و بیچمی پێ بدات.[2]

لـە درێژایی مێژوویی ئێرانـدا ڕووبـەڕوو بوونـەوە لـەگـەڵ مۆدێرنیتـەی ڕۆژاوایی بـە دوو شـێواز بووە. گرووپی یـەکـەم هۆگری پێشـکەوتنەکانی ڕۆژاوا بوون و پێیان وا بوو تەنیا بە لاسـاییکردنـەوە لـە ڕۆژاوا دەتوانین ئـەم کـەلێنـە قووڵـە پڕ بکـەینـەوە (ڕووبـەڕوو بوونـەوەی ڕۆشـنبیرانی سـەردەمی

---

1. Hall, Stuart, Held, David, and McGrew, Tony (1992), Modernity and its Future, London, The Open University Press.

2. Turner, Charles (1992), Modernity and Politics in the Works of max Weber, London & New York, Routledge.

مەشرووتە و تێگەیشتنی ئەوان لە نوێگەرێتی ئەوە بوو کە لە ئاست مۆدێرنیتەی ڕۆژاوا کۆڵ بدەن) و گرووپی دووهەم کە ئەم دابڕانە پتر لە هەر شتێکی دیکە بە لایانەوە نەخوازراو بوو و بڕیاریان دا کە بە تۆخکردنەوەی هەندێ بژێرەی شارستانییەت و فەرهەنگی ئێرانی کە هێشتا دەرەقەتی ڕکابەرە ڕۆژاواییەکەی دەهات، جۆرێک هەڵسوکەوتی نکۆڵییانە و نەرێنییان لە ئاست ڕۆژاوا هەبێ و بەم شێوە وێڕای ڕەتکردنەوەی پێشکەوتنی ڕۆژاوا، کێشەکەیان بەدەروونی کردووە، و لە بری هەوڵ لە پێناو تێگەیشتن لە ڕۆژاوا و جیاوازییەکانی، فوکووسیان خستە سەر دۆزینەوەی لاوازییە دەروونییەکان و جەختیان لە سەر لەبیربردنەوەی کەلەپوورەکان – وەکوو خەزێنەی وانە ئیسلامییەکان – کردەوە و ئەوەیان وەک هۆکاری بنەڕەتیی دواکەوتن سەیر کرد و پێداگرییان لە سەر نۆژەنکردنەوەی خۆیان کرد. (ڕۆشنبیرانی سەردەمی پەهلەویی یەکەم و دووهەم وەکوو دکتۆر شەریعەتی و ئال ئەحمەد).

بە ئاوڕدانەوە لە گوتاری ڕێککەوتن یان دژایەتیکردنی مۆدێرنیتەی ڕۆژاوایی کە لە قۆناغە مێژووییەکانی وەکوو پەهلەوی یان پاش شۆڕشی 1357 هەتاوی لە ئێران بە ئاشکرا دەبینرێ، مۆدێرنیتە لە ئێران، ئەو قۆناغە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سیاسییانەی کە لە ڕۆژاوادا بووە هۆی مۆدێرنیتە، تێنەپەڕاندووە، هەر بۆیە دەرکەوتنی مۆدێرنیتەی ناتەواوی لێکەوتەوە. ئەم مۆدێنیتە ناتەواوە و فەرهەنگی تێپەڕین لە چوارچێوەی جیهانیبوون و پرۆسەی نوێسازی بۆتە هۆی هەندێ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی – بەهایی کە بوو بە هۆی دەرکەوتنی دیاردەگەلی وەکوو سەرچەشنی پەیوەندیی سێکسیی ئازادانەی نێوان ژن و پیاو کە دژی نۆرمە گشتییەکانی (ئایینی – کۆمەڵایەتی و یاسایی) وڵاتە، بەڵام لە لایەن هەندێ کەسەوە بۆ وێنە گەنجان لە گەورەشارەکاندا وەک ڕێکارێکی مۆدێرن، لۆژیکی و عەقڵانی سەیر دەکرێت. مەودای زۆری پێگەیشتنی ئابووری و پێگەیشتنی سێکسی لە ئێراندا ساڵ لە دوای ساڵ بەرز دەبێتەوە. هەڵکشانی ڕێژەی

ســـەڵتەکان کە بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران ژووری 12 ملیۆن کەســە، نەبوونی ئاســایشــی کار و مەندیی ئابووریی ئێران بــە هۆکــاری جۆراوجۆری ســـیاســـی، ئـابووری و کۆمەڵایەتیی ناوخۆی وڵاتی ئێران، هەڵکشـــانی ڕێژەی ژنانی خوێنــدکــار و دەرکــەوتنی بیر و بــاوەڕی فیمینیســـتی و یەکسانخوازی و کاڵبوونەوەی کلیشە ڕەگەزییەکان، کۆچکردنی کاری و خوێندنی، بەتایبەت بۆ کچان و ژنان، دەسـتڕاگەیشـتن بە ئینتەرنێت، ســـەتەلایت و ئاســـانبوونی پەیوەندی کە وەک جاران ســـنووردارییی زەمەنی و شـــوێنی نییە، بارودۆخی نالەباری ئابووریی هاوســـەرگیریی فەرمی و هەمیشـــەیی و باوەڕە کەلتوورییەکانی پەیوەســـت بەو، وەکوو بڕە مارەیی قورس، شـــیربایی، تالاری ئاهەنگگێڕان، زێڕ، دەرکەوتنی عەشـــقی ڕۆمانســـی و پەیوەندیی مەلەوەر و کاتی – تیژتێپەڕ، نەمانی گەڕەکخوازی، بێناونیشانی، دەرکەوتنی باڵەخانەنشینیی بەربڵاو، کەمبوونەوەی باوەڕە ئایینی و ئایینزاییەکان وای کردووە کە هەندێ لە گەنجان کە زۆربەیان خوێندەوارن و لەدایکبووانی کۆتایی دەیەکانی 60 و سەرەتاکانی دەیەی 70ـــی هەتاوین جۆرێ ژیانی هاوبەش بە بێ هاوسەرگیری دەستنیشان بکەن، کە ئەمە لە ڕۆژاوا پێی دەڵێن هاوماڵی (Cohabitation). ئەم چەشنە ژیانە سەرچەشنی ئازادانەی پەیوەندییەکانی ژن و مێردە کە لە ڕۆژاوا بە شـێوەی یاسـایی پاش شۆڕشی سێکسی دەیەی 1960 بۆتە نۆرمێکی گشتی و پەســـەندکراو کە لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا هاوســـەرگیری لێ دەکەوێتەوە. ژن و مێرد بە بێ هاوسەرگیریی فەرمی و یاسایی پێکەوە دەژین و سێکس دەکەن. ئەم چەشنە ژیانە کە لە ئێراندا پێی دەڵێن پێکەوەبوون یان هاوسەرگیریی سپی. لەو گەنجانەی کە لە ژیانی خۆیاندا باوەڕە ئایینییەکان گرینگییەکی کەم یان ناگرینگیان هەیە و یان ئەوەی کە بە هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی – کەلتووری ناتوانن هاوســـەرگیریی فەرمی و هەمیشـــەییان هەبێ، هاوســـەرگیریی ســـپی یان هاوماڵی وەک بژاردەیەکی عەقڵانی سەیر دەکەن.

یاسا و کەلتووری ئێرانی لە ژێر کاریگەریی ئایینی ئیسلامە. ئەم چەشنە پەیوەندییە سێکسییە ئازادەی نێوان ژن و پیاو لەم چوارچێوەدا نایاسایی و ناشەرعییە. کەواتە ڕووبەڕووی تابۆیەک دەبینەوە کە لە ژێر جلی شار و لە سێبەردا ڕووی لە هەڵکشانە کە زۆرێک لە کارناسان و توێژەران دانی پێدا دەنێن. لە ڕابردوودا ئەم بابەتە بە هۆی هەستیاریی ئایینی و ئایینزاییەوە بە تەواوەتی پشتگوێ دەخرا، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنەکەی بەتایبەت لە گەورەشارەکان و ئەو خەسارەتانەی کە لێی دەکەوتەوە، وەکوو کەوتنە بەر مەترسی بنیاتی بنەماڵە، کەمبوونەوەی زکوزا، لەدایکبوونی منداڵانی فڕێدراو، لەباربردنی نایاسایی، توندوتیژی لە دژی ژنان و کچان، نەخۆشیی نزیکی و هتد، لەم ساڵانەی دواییدا بۆتە هۆی ئەوەی کە لە لایەن هەندێ لە توێژەران و خەسارناسانی کۆمەڵایەتییەوە تاوتوێ بکرێ کە زیاتر لە سەر ئاستی زانکۆیی و کۆمەڵێ وتار بووە. هەتا هەنووکە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی گشتگیردا تاوتوێ نەکراوە و بە جەسارەتەوە دەتوانین بڵێین لەم بارەوە هیچ کتێبێکی بایەخدار بڵاو نەبۆتەوە. فاکتەری نەناسراوی وەکوو هۆکارە سەرەکییەکانی دەرکەوتن و پەرەسەندنی ئەم دیاردە و دەرهاویشتەکانی دەتوانێ ببێتە بارگرانی بۆ سەر پێکهاتەی کۆمەڵگا و هەروەها ئەو کەسانەی کە ڕوویان لەم چەشنە پەیوەندییە سێکسییانە کردووە. کەواتە بە ناسینی دیوە شاراوە و ئاشکراکانی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە دەتوانین هەندێ ڕێکار بخەینە بەر دەستی بەرپرسان بۆ ئەوەی خەسارەتەکان بگاتە کەمترین ئاستی خۆی. هەر بەم پێیە ئەم توێژینەوە لە ماوەی پتر لە ساڵێک بە پشتبەستن بە کاری مەیدانی و خەڵکناسی لە گەورەشارەکانی تاران، مەشهەد و ئیسفەهان بە دیمانەی ورد و شیکاریی وردبینانە، زانیاریی زۆری لەم بارەوە کۆ کردۆتەوە و بە شیکاریی ورد و زانستییانەی دیمانەکان و لێکۆڵینەوە لە بنەما تیۆرییەکانی ئەم دیاردە و هەروەها دیمانە لەگەڵ ڕاوێژکارانی خانوبەرە، پارێزەران و کارناسانی ئایینی؛ ڕەهەندەکانی ئەم دیاردە تازەیە کە لە هەندێ لە گەنجان باو بووە، بە بێ لاگیری و دەمارگرژی

لێک دراوەتەوە و لە کۆتاییدا ڕێکاری زانستی و یاسایی خرایە ڕوو بۆ ئەوەی بۆ ناسـینی ئەم دیاردە هەنگاوێکی کاریگەر بهاوێژرێ و ئەو خەسـارەتانەی کە بە هۆی نەناسـراوی و نەبوونی توێژینەوەی وردە، کەم ببێتەوە.

# بەشی یەکەم: گشتێتیی توێژینەوە

"خانم ئەرسەلانی، 28 ساڵە لە تاران"

ئێمە هەر دووکمان لە تەورێز خوێندکاری زانکۆ بووین و بە هۆی ئەوەی لە تەورێز و لەو ئەنجومەنانەی کە لە بواری فێمینیزم چالاکیان دەکرد، تێیاندا ئەندام بووین، هەر لەو ئەنجومەنانەدا پێکەوە ئاشنا بووین و هەتا سێ ساڵ من و ئەو تەنیا لە دۆستایەتییەکی سادەدا پێکەوە بووین، بەڵام پاش تێپەڕینی دوو سێ ساڵ بە هۆی ئەوەی ئەو ماڵی بە کرێ گرت و بە بیانووی پرسە جۆراوجۆرەکان، لە ماڵیاندا کۆ دەبووینەوە ..."

## 1.1. پێشەکی

کاکڵی سەرەکیی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە سەر بنەمای خواستە مرۆییەکانە. لە دەیەکانی 1970 و 1980 خواستەکان وەک توخمی بنەڕەتیی کۆمەڵگا پتر لە جاران سەرنجیان پێدرا. مازلۆ[1] یەکێک لە بیرمەندانی زانستە هەڵسوکەوت بییەکانە کە لەمەڕ خواستە مرۆییەکان تیۆریداڕێژی کردووە و سەرەڕای هەندێ ڕەخنە لە لایەن زۆربەی بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە پشتڕاست کراوەتەوە. لە ڕوانگەی مازلۆوە مرۆڤەکان پێنج خواستی سەرەکییان هەیە: خواستە جەستەییەکان، خواست بۆ ئاسایش، خواست بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خۆشەویستی، خواست بۆ قبووڵکران و ڕێزگرتن و خواست بۆ خۆگەشەیی. لە تیۆریی مازلۆ یەکەم ئەوەی کە لە هەر کام لەم پۆلانە هەندێ خواستی هاوشێوە و لێکچوو لە لای یەکن. بۆ وێنە لە پۆلی چوارەم باس لە خواست بۆ ڕێزگرتن و پێزانین، پاراستنی ئابڕوو و لووتبەرزی، وەدەستهێنانی شان و پێگە دەکات. دووهەم ئەوەی کە مازلۆ پێی وابوو ئەم خواستانە زنجیرەیین، خواستە دەروونی و خواستە باڵاکان. واتە بۆ مرۆڤەکان لە پێشدا خواستە جەستەیی و سێکسییەکان گرینگن. پاشان خواست بۆ پەیوەندی و ئینجا ڕێزگرتن هەتا لە کۆتاییدا ئەو مرۆڤانەی کە هەموو خواستەکانیان دابین کرا، خواستی باڵا بۆ بیرکردنەوە لە بارەی مانا و ناوەڕۆک دێتە ئاراوە.

---

1. Abraham Maslow




وێنەی 1. قووچەکی زنجیرە خواستەکانی مازلۆ

دابینکردنی خواستەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەکان لە سەر بنەمای شوێن و کات جیاوازە. کەلتوور[1]ی کۆمەڵگایەک و بەها و نۆرمەکانی ئەم کۆمەڵگایە دیاری دەکەن کە خواستە مرۆییەکان چۆن دابین ببێ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان مرۆڤەکان چۆن ڕێک بخرێت. فەرهەنگ و کەلتوور بە واتای شێوازی ژیانی ئەندامانی ناو کۆمەڵگایەکە. کەلتوور بریتییە لە دابونەریتی هاوسەرگیری و ژیانی خێزانی، سەرچەشنەکانی کار و جلوبەرگ لەبەر کردن، ڕابواردن و سەیران و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان. کاتێک کە کۆمەڵناسان باس لە فەرهەنگ و کەلتوور دەکەن مەبەستیان ئەو لایەنانەی کۆمەڵگای مرۆییە کە فێر دەکرێن نە ئەوانەی کە بە شێوەی بۆماوەیی دەگوازرێنەوە. لە ڕاستیدا لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان کەلتوور وەک بابەتێکی وەرگیراوی، بە وردییەوە لێ دەڕوانرێت. ئەندامانی کۆمەڵگا هەموویان لە توخمی کەلتوور بەشدارن و هەر لەبەر ئەوە هەلی هاوکاری و پەیوەندیی دوولایەنە لە کۆمەڵگادا بەدی دێت. ئەم توخمە

---

1. Culture

کەلتوورییانە دەق و زەمینەی گشـــتی پێک دێنن کە تاکەکانی کۆمـەڵگا ژیـانی خۆیـانی تێدا تێپـەڕ دەکـەن. کـەلتووری یـەک کۆمـەڵگا هـەم لایـەنـە نـابـەرهـەسـتـەکان – ئـەو بیر و باوەڕ، ئەندێشـە و بەهایانەی کە ناوەرۆکی کەلتوور دروست دەکەن و هەم لایـەنـە بـەرهـەسـتـەکان، شـــت، هێما و تـەکنـەلۆژیا کـە نوێنـەرەوەی ئـەم نـاوەرۆکـانـەیـە، دەگرێتـەوە. بنیـاتی هـەموو کـەلتوورەکـان، ئـەو وێنـا و بیرۆکـانـەیە کـە دیاری دەکـەن چی شـــتێـک لـەو کۆمـەڵگـایـەدا گرینـگ، پڕبـایـەخ، دڵخواز و پەســەندکراوە. ئەم وێنا دەرهەســت یان بەهایانە[1] لە پەیوەندی لەگەڵ دنیای کۆمەڵایەتیدا مانا بە مرۆڤەکان دەدەن و ڕێنوێنییان دەکـەن. تـاکهـاوســـەری نموونـەیـەک لـەو بـەهـایـانـەیـە کـە لـە کۆمەڵگا ڕۆژاواییەکاندا باوە. نۆرمەکان[2] بنەمای هەڵسـوکەوتن کە بەهاکانی کەلتوورێک پیشان دەدەنەوە یان بیچمی پێ دەدەن. بەها و نۆرمەکان لە پاڵ یەکتر بیچم بە چۆنیەتی هەڵسـوکەوتی ئەندامانی کەلتوورێک دەدەن لە ناو ژینگەی کۆمەڵایەتییاندا. لە کەلتوورە جیاوازەکاندا بەها و نۆرمەکان، فرەچەشـنیی زۆریان هەیە. تەنانەت لە ناو کۆمەڵگا یان جڤاکێکی یەکدەسـت لەوانەیە بەهاکان لێکدژ بن. بەها و نۆرمە فەرهەنگییەکان زۆر جار لە درێژایی مێژوودا گۆڕانیان بە ســەردا دێت. زۆرێک لەم نۆرم و بەهایانە کە لە ئێستادا لە ژیانی تایبەتیدا وەک شتێکی ئاسایی ســـەیریان دەکەین، ڕەنگە چەند دەیە بەر لە ئێســـتا دژی ئەو بەهایانە بووە کە لە لایەن زۆرینەوە قبووڵ کراوە.

بە پێی کەلتوور، بەها و نۆرمە دیارەکانی هەر کۆمەڵگایەک هەڵسـوکەوتی سـێکسـی جیاوازە. فرەچەشـنیی کەلتووری و لێکدژیی بەهاکان لە ناو کۆمەڵگە جیاوازەکان یا تەنانەت لە ناو ئـەوە جیـاوازەکـانی کۆمـەڵگـا دەبێتـە هۆی ئـەوەی لـە درێژایی زەمەندا هەندێ لە بەها و ڕەفتارەکان گۆڕانیان بە سـەردا بێت. لـە کۆمـەڵگـا ڕۆژاواییـەکـانـدا پـەیوەنـدیی ســـێکســـیی بـەر لـە هـاوســـەرگیری یان ژیانی هـاوبـەشـــی بێهـاوســـەرگیری

---

1. Values
2. Norms

(هاوسەرینی، پێکەوەبوونی یان هاوماڵی[1])، کە لە ئێستادا بابەتێکی قبووڵکراوە، لە دەیەکانی پێشوودا دژی بەها گشتییەکان بووە (گیدنز، 1389: 36).

خواستی سێکسی یەکێک لە بنەڕەتیترین خواستە مرۆییەکانە و شێوازی تێرکردنی لە کۆمەڵگا موسڵمانەکانی وەکوو ئێران لە چوارچێوەی هاوسەرگیری وەک هەڵسوکەوتی سێکسیی و نۆرمدار و شیاو سەیر دەکرێت. بەدەر لەم حاڵەتە پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری بابەتێکی ناشەرعی، نایاسایی و ناعورفییە. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ڕەفتاری سێکسیی نەوەی گەنج بە هۆی گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگا ڕوو لە تێپەڕینەکانی وەکوو کۆمەڵگای ئێران بەتایبەت لە کەڵێنشارەکاندا ڕەواڵەتێکی نوێی بە خۆوە گرتووە کە لە پاڵ هاوسەرگیری، هەندێ بەدیلی وەکوو هاوماڵی، پەیوەندیی دۆستایەتی تێکەڵ بە سێکس و پەیوەندیی ئەوپەڕ هاوسەرێتی تێدا بەدی دەکرێت. هاوماڵی یان هاوسەرگیریی سپی لە کەڵێنشارەکانی ئێراندا وەکوو تاران، مەشهەد و ئیسفەهان بە هۆکاری وەکوو مۆدێرنیتە، بەجیهانیبوون، تاکخوازی، کەمبوونەوەی پابەندییە ئایینییەکان و کەلێنی نەوەکان لە ناو گەنجاندا دەبینرێت. هاوماڵی یان هاوسەرگیریی سپی بە واتای ژیانی هاوبەشی ژن و مێردێکە کە پێکەوە پەیوەندیی سێکسییان هەیە بە بێ ئەوەی هاوسەرگیرییان کردبێ و لە ناو هەندێ لە گەنجاندا وەک شێوازێکی مۆدێرنی ژیان پێشوازی لێ کراوە. بە پەراوێزخرانی ئەم بابەتە لە لایەن کۆمەڵگا و ڕێکخراوە فەرمییەکانەوە ڕێی تێدەچێ کە پانتاکە بۆ لێکدانەوەی وردتری ئەم بابەتە وەک پرسێکی کۆمەڵایەتیی تازەدەرکەوتوو نارەخسێ و بەستێنەکە بۆ توێژەرانی ئەم بوارە بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی دەستێوەردان نالەبارتر دەبێت. هەر ئەم بابەتە دەتوانێ خەسارەتە پێشهاتەکانی ئەم دیاردە تۆختر بکاتەوە.

1. Cohabitation

## 2ـ1. پارادایمەکانی هەڵسوکەوتی سێکسی

سەرچەشنی هەڵسوکەوتی سێکسی لە زۆربەی کەلتوورەکاندا زیاتر لە بیچمی هاوسەرگیریدا خۆی نواندووە. بەو پێیەی کە نۆرمە سێکسییەکان لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بوونیان هەیە و ئەم نۆرمانە هەندێ لە کارکردەکانی پەیوەندیی سێکسی پشتڕاست و هەندێکی دیکە ڕەت دەکەنەوە، هەڵسوکەوتی سێکسیی مرۆڤ هەمیشە مانادارە. ئەندامانی کۆمەڵگا لە ڕەوتی بە کۆمەڵایەتیبوونیاندا فێری ئەم نۆرمانە دەبن. هەر بەو پێیە هەڵسوکەوتە سێکسییە قبووڵکراوەکان لە هەر کەلتوورێکدا لەگەڵ هەڵسوکەوتە سێکسییە قبووڵکراوەکانی کەلتوورێکی دیکە جیاوازە و ئەمە ئەوە پیشان دەدا کە مرۆڤ لە کەلتووری خۆیدا فێری کاردانەوە سێکسییەکان دەبێت.



وێنەی 2. وێنەیەک لە پەیوەندیی سێکسی لە کەلتوورە جیاوازەکان بە پێی کتێبی
Sexuality Today: The Human Perspective: Gary F. Kelly

لە مێژووی دوو هەزار ساڵەی ڕۆژاوا، پارادایمگەلی جۆراوجۆر بە سەر کەلتووری سێکسیدا زاڵ بووە. کۆنترینیان وێنای ئایینی / ئەخلاقییە کە لە وانەکانی ئایینی مەسیحییەوە سەرچاوەی گرتووە و لە بنەڕەتەوە لە سەر بناغەی بە تاوانزانینی دامرکاندنی خواستی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوەی باو (هاوسەرگیری) و هەوڵ بۆ ڕەتکردنەوە یان

کۆنترۆڵی زۆری خواستی سێکسییە. دان ناردۆ[1] لە کتێبی سەرهەڵدانی مەسیحییەت بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ئیدیعایە دەڵێ: لەو سەردەمەدا، کچێتی وەک کەرامەتێکی بایەخدار لێی دەڕوانرا و پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرێتیی، ئەو دوو هاوسەرەی کە دەیانویست منداڵ بخەنەوە بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوو بە قێزەون سەیر دەکرا. ناوبراو پاشان درێژەی پێدەدا: لە سەدەی چوارەم بەم لاوە، بزووتنەوە ڕەبەنایەتییەکان بیچمیان گرت کە لە ژێر کاریگەریی هەندێ لە سیستەمە ئایدۆلۆژیایی و قوتابخانە فەلسەفییە هاوەڵدانەرەکان چلەکێشی و سەڵتێتییان هێنایە ناو بیری مەسیحییەتەوە و وەک هەڵسوکەوتێکی ئەخلاقی چەسپاندیان. هۆگری بۆ سەڵتێتی و چلەکێشی، بەشێک لە بیر و باوەڕە مانەوییەکان بووە (مانەوییەکان شوێنکەوتووانی پێغەمبەرێکی ئێرانی بە ناوی مانی بوون و پێیان وا بوو کە جیهان بۆ سەر دوو هێز کە نوێنەری چاکە و خراپەن، دابەش کراوە.) بە باوەڕی مانەوییەکان، خراپە مرۆڤ گەندەڵ دەکا و ڕزگاری لە جیابوونەوە لە خراپە و چوونە ناو مەڵبەندی ئاسمانیی ڕووناکیی پەتیدایە. تەنیا لە ڕێگەی تەرخانکردنی ژیان بە چلەکێشیی توندڕەوانەی وەکوو خۆبواردن لە پەیوەندیی سێکسی، کردەوەی توندئاژۆیانە و نەخواردنی گۆشت ئەم ئامانجە دەپێکێنرێت.

بەڵام لەگەڵ هاتنی ڕۆنێسانس و سەرهەڵدانی ئەزموونگەرایی و بیچمگرتن و پەرەسەندنی زانستی نوێ لە سەدەی شازدەهەم، گومانی زیندەوەرناسانە بۆ خواستی سێکسی دەرکەوت و وردە وردە لە ماوەی سەدەی چوارەمدا لە ناو پانتای هزری و کۆمەڵایەتیی ڕۆژاوادا گەشەی سەند. هەتا سەرهەڵدانی سەردەمی ڕۆشنگەری، واتە سەدەی هەژدەهەم، بەردەوام گریمانەی ئایینی - ئەخلاقی بە سەر پەیوەندییە سێکسییەکاندا باڵادەست بوو. لە سەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی مۆدێرن، عەشقی هەستیاری

1. Don Nardo

وەک بیچمێکی مۆدێڕن و تاکخوازانەی هەڵسوکەوتی سێکسی وردە وردە بوو بە بەدیلی سەرچەشنی پێشمۆدێڕن. بە پێی ئەم گۆڕانە، هەندێ لە لێکۆڵەران، عەشقی سەردەمی مۆدێڕن بە بەرهەمی سکۆلاریزمی ڕۆژاوا دەزانن (Beck, 1995: 268).

لە سەردەمی نۆزدەهەم بە سەرهەڵدانی زیگمۆند فرۆید، زانستی دەروونناسی لە ڕوونکردنەوەی بابەتە مرۆییەکاندا پێگەیەکی بەرزی وەدەست هێنا و پرسە سێکسییەکان چووە ژێر تیشکی زانستی دەروونناسیی نوێوە. لە ئەنجامی پەرەسەندنی دەروونناسی و پەرەسەندنی ڕوانگەکانی فرۆید، گومانی دەروونناسانە لە سەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژاوا بە شێوەی گشتگیر پەسەند کرا و بە سەر کەلتووری سێکسیی ڕۆژاوادا زاڵ بوو و فرۆیدیزم بوو بە ئایدۆلۆژیایەک بۆ ڕوونکردنەوەی سێکسی بۆ هەموو کەسایەتی و درێژەی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ. فرۆید بە خستنە ڕووی بیرۆکەگەلێک لەم چەشنە کە کۆمەڵگایەک کە تێیدا تێرکردنی خواستی سێکسی ئەستەمە، کۆمەڵگایەکی نەخۆشە، توانی بناغەی تیۆری بۆ ئازادتربوونی هەڵسوکەوتە سێکسییەکان دابڕێژێت. ڕەنگە بتوانین بڵێین لە ئەنجامی هاوکاتبوونی ئەوەی فرۆید لە بارەیەوە دەدوێ لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپا، پەیوەندییە سێکسییەکان لە چاو ڕابردوو ئازادتر ببوو و بەستێن بۆ وتووێژ لە بارەی تابۆ سێکسییەکان تا دەهات هەموار دەکرا. لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم گریمانەی کۆمەڵناسانە / مێژوویی لە ناو گوتاری توێژینەوە سێکسییەکان سەری هەڵدا و وردە وردە بە سەر ڕوانگەی گشتی سەبارەت بە پرسە سێکسییەکان لە کەلتووری سێکسیی ڕۆژاوادا زاڵ بوو.

سەرهەڵدانی شەپۆلی دووهەمی "بزووتنەوەی ژنان" ناسراو بە فێمینیزمی ڕادیکاڵ لە دەیەی 70ی زایینی کە هەموو کەلتوورە سێکسییەکانی لە ڕۆژاوا خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و هەندێ وەک "شۆڕشی سێکسی" ناوزەدی دەکەن، یەکێک لە گرینگترین ڕەهەندەکانی گریمانەی کۆمەڵناسانەیە. بزاڤی فێمینیزم، خۆشیاریی ژنان لە ئاست مافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان و ئازادییەکانی ژنان لە بندەستیی مێژوویی

پیاوانی لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کردۆتە ئامانجی خۆی و نە تەنیا پرسە سێکسییەکان، بەڵکوو بەوپەڕی پێداگرییەوە لە سەر بوارەکانی ڕخنەی هونەری، مەعریفەناسی و بیچمدان بە تەکووزیی کۆمەڵایەتیی پشتبەستوو بە مافەکانی ژنان و پیاوان ئیش دەکات. لە سەردەمی نوێدا ئەم بۆچوونە هەیە کە خواستی سێکسی و سەرچەشنە نەریتی و مێژووییەکانی تێرکردنی ئەم خواستە کە شێواز و ئامرازەکانی دەسەڵات بۆ دامەزراندن، جێگیرکردن و پەرەدان بە باڵادەستیی پیاوان دابین دەکا، دەبێ تێک بشکێنرێت. هەڵبەت ئەم وتە بە مانای ڕەتکردنەوەی بەها ئەخلاقییەکان نییە، بەڵکوو بە نیازە کە لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە ئەم بەهایانە دابڕێژێ و بیچەسپێنێ، چونکە نایهەوێ مافی ژنان لە ژێر ناوی ئەخلاق قوربانی بکات. لەم گریمانە نوێیەدا، پەیوەندیی سێکسی و هەڵسوکەوتی سێکسی جۆرێک سازەی کۆمەڵایەتین[1] کە مرۆڤەکان لە هەر قۆناغێکدا بە پێی خواست و وەرچەرخانەکانی سەردەمی خۆیان بیچمیان پێداوە و پێناسەیان کردووە. کەواتە سەرچەشنێکی نەگۆڕ و هەتا هەتایی بۆ هەڵسوکەوتی سێکسی بوونی نییە.

ئەم ئاراستە نوێیە دژ بە هەموو ئاراستە ڕەهاخوازەکانە. بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژاوا لە بواری پەرەسەندنی بەشداریی ژنان لە بازاڕی کار، خوێندن، هەڵە پەروەردەییەکان و خوێندنی باڵا، دروستکردنی هەستیاری بەرانبەر بە توندوتیژی دژ بە ژنان، دامەزراندن و پەرەدانی خۆوشیاری لە مەڕ ژنان و زۆرێک لە بوارەکانی دیکە، هەندێ سەرکەوتنی وەدەست هێناوە؛ بەڵام سەرکەوتنی گرینگتری ئەم بزووتنەوە، ئەو گۆڕانکارییە کە بە پشتبەستن بەم دەستکەوتانە لە سەرچەشنی بنەماڵە و دەرکەوتنی بیچمە نوێکانی هەڵسوکەوتی سێکسی بەدی هێناوە. بە شێوەی نەریتی هەڵسوکەوتی سێکسی لە سەر بنەمای بیچم و جۆری بنەماڵەیە.

بە واتایەکی وردتر، یەکێک لە کارکردە سەرەکییەکانی بنەماڵە، ڕێکخستنی شێوازی تێرکردنی خواستی سێکسی و

1. social construction

ڕێنوێنیکردنی ئەم خواستە بە ئاراستەی بەرژەوەندییە گشتیترەکانی تاک و کۆمەڵگا بووە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەم پەیوەندییە پێچەوانە بۆتەوە؛ واتە ئەوڕۆ بنەماڵە سەرچەشنی سێکسی دەگرێتە بەر و بیچم و پێکهاتەکانی ناوی تاوتوێ و سەر لە نوێ پێناسە کراوەتەوە. هەڵسوکەوتی سێکسیش بەرەو بە تاکایەتیبوون دەچێ؛ بە جۆرێک کە مرۆڤی ئەوڕۆیی ئەم بابەتە بە یەکێک لە ئاشکرا کەلتوورییەکان دەزانێ کە هەر کەس بە پێی بۆچوونی خۆی جۆری ژیانی سێکسیی خۆی دەستنیشان دەکا و دەوڵەت، ئایینەکان و سیستەمی یاسایی ناتوانن زەخت لە کەس بکەن. بە واتایەکی دیکە، بەستێنی بنەماڵە و پرسە سێکسییەکان بە تاکایەتی بووە. بۆ وێنە، جان ئارمسترانگ[1] لە کتێبی "مەرجەکانی عەشق" و لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی سێکسی کە بە پێچەوانەی نەریت و ئامۆژەکانی ئایینی مەسیحییەت پێویستی بە بوونی عەشق نییە، دەڵێ: "چێژی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ دیکەی چێژە جەستەییەکانی وەکوو چێژی جەستەیی، بۆ وێنە چێژی نانخواردن یان یاریکردن بە جیاواز نازانێت. بۆچوونێک کە لێرەدا بە کار دەهێنرێ بەم شێوەیە: وەکوو چۆن ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە کە ئێوە هەمیشە دەبێ لەگەڵ خۆشەویستەکەتان یاریی تەنیس بکەن یان نانی نیوەڕۆ بخۆن، ئەم بیرۆکەش ناژیرانەیە کە ئێوە دەبێ تەنیا لەگەڵ ئەو کەسە سێکس بکەن کە خۆشەویستتانە. ئەگەر پەیوەندیی سێکسی یەکێک لە چالاکییە چێژبەخشەکان نەبێ لە عەقڵەوە زۆر دوورە کە پێمان وا بێ وەفاداریی سێکسی بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە عەشقەوە هەیە" (فاضلی، 1383).

لە ئێستادا لەگەڵ شێوازە نەریتییەکان ، شێوازی زۆر لیبراڵتر لە هەمبەر ئاراستە سێکسییەکاندا بەدی هاتووە کە بە تایبەت لە دەیەی 60ـی زایینی بەهێز بوون. هەندێ لە خەڵک، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لە ژێر کاریگەریی ئامۆژە مەسیحییەکان لە کەلتووری ڕۆژاواییدان، پێیان وایە پەیوەندیی

1. John Armstrong

سێکسی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری شیاو نییە، ئەگەرچی زۆر کەس باوەڕیان وایە کە چێژی سێکسی لایەنێکی باش و گرینگی ژیانە. لە بەرانبەردا هەندێ کەس پەیوەندیی سێکسیی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری پشتڕاست دەکەنەوە و لە هەمبەر چالاکییە سێکسییە جیاوازەکان (هەڵسوکەوتی سێکسی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیریی فەرمی و زکوزا) شێوازی نەرمی‌نوێنتریان هەیە. لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژاوایی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا شێوازە سێکسییەکان ئازادتر و کراوەتر بوون. لە فیلم و نواندنەکاندا دیمەنگەلێک پیشان دەدرێن کە پێشتر قبووڵنەکراو بوو و بابەتەکانی پۆڕنۆگڕافی بۆ زۆربەی گەورەساڵان کە خوازیارین زۆر بە ئاسانی دەست دەکەوێت (گیدنز، 1389. 1389: 186 - 185).

هۆگری و هەڵسوکەوتی سێکسی لە گرینگترین ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤە و مرۆڤ لە ڕێگەی ڕێنوێنیی دروستی ئەم کارلێکە، گەشە دەکات. لە سەر بنەمای خواستی سێکسییە کە نەوەی مرۆڤ پارێزراوە و تەکووزی و هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەدی هاتووە و لە ئەنجامدا کۆمەڵگا بیچمی گرتووە. کەواتە بێجێ نییە ئەگەر بڵێین بە کۆمەڵایەتی‌بوونی مرۆڤ بە شێوەی ئەوڕۆیی، لە سەر تەوەری زکوزا و لە پێشیەوە خواستی سێکسی ڕوو دەدات. هەر بۆیە چۆنیەتیی تێرکردنی خواستی سێکسیی مرۆڤەکان لە باسە هەستیارەکانی مێژووی مرۆڤە و قوتابخانە هزری و ئایدۆلۆژییەکان کە ئیدیعای ڕێنوێنیی مرۆڤ دەکەن، بۆ پەروەردە و هەڵسوکەوتی سێکسیی مرۆڤەکان گەڵاڵەیەکی تایبەتیان هەیە. بە واتایەکی دیکە، قوتابخانە هزری و ئایینییە جیاوازەکان لە ڕێگەی چوارچێوەدارکردنی خواستی سێکسی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو هەوڵیان داوە ئەم خواستەی مرۆڤ کۆنتڕۆڵ و ڕێگری لە بەرەڵابوونەکەی بکەن.

لە درێژایی مێژوودا، ئایینە یەکتاپەرستییەکان هەوڵیان داوە ئەم خواستە سرووشتییەی مرۆڤ بەیاسایی بکەن و بە شێوە

جۆراوجۆرەکان، شـــوێنکەوتووانی خۆیان لە بێڕەوشـــتی و ترازان لە ڕێکارەکان قەدەغە دەکرد. لەم نێوانەدا ئایینی ئیسلام سەرنجێکی تایبەتی پرژاندووەتە سەر خستنەڕووی سەرچەشنی هەڵسوکەوتێکی سێکسیی پارێزراو و گرینگییەکی تایبەتی بە ڕێگری، چاکســازی و چارەســەری نانۆرمییەکان، بە لاڕێداچوون و کێشــە ســێکســییەکان داوە؛ چونکە گەشــە، پێشــکەوتن، بەختەوەری و تەواوکۆیی و گۆورانی مرۆڤ، چاکسازی و پەروەردەی نەوە، درێژەدان و پاراستنی ڕەچەڵەک لە ڕێگەی دروست، درێژەدان و تۆکمەبوونی سیستەمی بنەماڵە و بە دوایدا پاکیی کۆمەڵگای لە پارێزراوی و پاکبوونەوە لە جۆرەکانی ئەم بە لاڕێداچوونە و هەروەها نەبوونی ئەم کێشانەدا دەبینێت. مۆدێلی ئیسلامییانەی پاراستنی هەڵسوکەوتی سێکسی لە دوو ڕەهەندی (پاکداوێنی و خۆپارێزیی سێکسی) و هاوســەرگیری (تێرکردنی شــیاو و ڕەزامەندانەی خواســتە ســێکســییەکان لە ڕێگەی هاوســەربژێری) پێک دێت. ئەم دوو ڕەهەندە، ســنوورێکی بەربڵاویان لە بنەما و بەرنامەکان لە درێژەی گۆورانی مرۆیی، لە کاتی لە دایکبوونەوە بگرە هەتا دواســاتی ژیان (چاودێری، کۆنترۆڵ، ڕێنوێنی و پەروەردەی ســێکســی، ئامادەکردن و ڕاهێنانی ســێکســی لە کاتی هاوســەرگیری، ڕاهێنانی ســێکســی و شــێوازی هاوباخەڵی و چاکســازی و چارەســەری نەشــیاوییە ســێکســییەکان) لە خۆ دەگرێت (نورعلیزادە، 1388).





وێنەی 2. وێنەیەک لە هاوسەرگیری کچ و کوڕێکی موسڵمان و دەستپێکی ژیانی شەرعی و یاسایی

کەواتە تێرکردنی خواستە سێکسییەکان لە کۆمەڵگا موسڵمانەکانی وەکوو ئێران تەنیا لە چوارچێوەی هاوسەرگیری (هەمیشەیی / کاتی) واتای هەیە. بنەماڵە کە لە سەر بنیاتی هاوسەرگیریی هەمیشەیی پێک دێ لەم ساڵانەی دواییدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان. بەڵام هێشتا هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان هۆکاری بنەڕەتیی تێرکردنی خواستە سێکسییەکانە. بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژاوایی ژیانی هاوبەشی بە بێ هاوسەرگیریش یەکێک لەو ڕێکارانەیە کە هەڵسوکەوتە سێکسییەکان لەو چوارچێوەدا بیچم دەگرێ و لە لایەن یاسا و نۆرمە گشتییەکانەوە قبووڵ کراوە. لە وڵاتێکی وەکوو سوييد، هەڵکشانی ڕێژەی هاوسەرین قبووڵ کراوە کە زیاترین ئاماری ئەم چەشنە ژیانەی لە خۆ گرتووە و منداڵانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە داکۆکییان لێ دەکرێت؛ بەڵام لە وڵاتێکی وەکوو ئێران کە یاسا و عورف وەها دیاردەیەکی نوێ بە فەرمی ناناسێ، ئەم شێوازی ژیانە زۆر ناسک و

خەسارەتبەخشە.

### 3ـ1. پێگەیشتن و کارلێکی سێکسی

پێگەیشتن قۆناغێک لە گەشەی مرۆڤە کە دەبێتە هۆی تێپەڕین لە تافی منداڵی و گەیشتن بە تافی گەورەساڵی. ئەو تاکەی کە هەڕەتی پێگەیشتنی تێپەڕاندووە پێی دەوترێ باڵق (پێگەیشتوو) و لە ڕووی سێکسییەوە توانای زکوزای هەیە. پێگەیشتن زیاتر دەڕوانێتە گۆڕانکارییە جەستەییەکانی پیاوان و ژنان. ئەم گۆڕانکارییە بە ناوی پێگەیشتنی جەستەییەوە دەناسرێت. جیا لەوە، پێگەیشتنی دەروونی دەڕوانێتە گەشەکردنی دەروونی و کەسێتیی تاک. پێگەیشتنی جەستەیی لە قۆناغی مێرمنداڵیدا ڕوو دەدات. پێگەیشتنی دەروونی درەنگتر و پاش پێگەیشتنی جەستەیی ڕوو دەدا. پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی قۆناغی گوورانی پێگەیشتنی مرۆڤە کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی تاک. بە واتایەکی دیکە، پێگەیشتنی سێکسی قۆناغێک لە گەشەی لەشە کە تێیدا هەموو سیفاتە سێکسییە دووهەمییەکان (زاوزێ، جەستەیی، ڕۆحی) دەردەکەوێ و کچ و کوڕ لەمەو بە دوا بە ژن و پیاو (لە ڕووی تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکانەوە) ناوزەد دەکرێن.

پێگەیشتنی سێکسیی گەنجان لە سەردەمی هاوچەرخدا زووتر لە چەند دەیەی ڕابردوو دەست پێدەکا؛ کەواتە ماوەکەی زیاترە. درێژبوونەوەی ئەم ماوە تەنیا بە مانای درێژتربوونەوەی تافی گەنجێتی و سەرخۆشی نییە، بەڵکوو بە واتای هەوڵ بۆ ڕاهاتن لەگەڵ ورووژانەکانی ئەم هەڕەتەیە. مرۆڤ دەبێ فێر بێ چۆن لە تافی پێگەیشتندا، کە ئێستا درێژتریش بۆتەوە، لەگەڵ خۆی و دنیای دەوروبەری خۆی بگونجێنێت. لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا پێگەیشتنی جەستەیی ئەو گرینگی و واتایەی نییە کە لە ڕابردوودا بوویەتی. گەشەی کەلتووری و کۆمەڵایەتی نە تەنیا درێژخایەنتر و ئاڵۆزتر بووە، بەڵکوو لەگەڵ بڕێرەی خێرایی (کە تایبەتمەندیی سەردەمی مۆدێرنە) دژوارتر بووە، بە جۆرێک کە لە چاو ڕابردوو، مەودای پێگەیشتنی جەستەیی و پێگەیشتنی سێکسی

لەگەڵ گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی زیاتر بووە.

هەموو ئەو تیۆرییانەی کە هەڵسوکەوتی سێکسیی گەنجانیان لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا تاوتوێ کردووە، جەخت دەکەنەوە کە ڕوانگە و شێوازی هەڵسوکەوتی گەنجان بە بەراورد لەگەڵ نەوەی پێشوو ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە. بە باوەڕی زۆر کەس بزووتنەوەی گەنجان و خوێندکار لە دەیەی 60 هەتاوی هۆکاری سەرەکیی ئەم ئاڵوگۆڕانەیە. لە ڕەوتی ئەم بزووتنەوانەدا باسە سێکسییەکانی وەکوو هاوماڵی و پەیوەندیی سێکسیی بە بێ هاوسەرگیری، کە پێشتر قەدەغە بوو، بوو بە بواری باس و کاری گەنجان. تابۆسڕینەوە یان چوونە ناو بەستێنە قەدەغە سێکسییەکان پێگەیەکی تایبەتی وەدەست هێنا. تیۆریگەلی وەکوو تیۆریی بزووتنەوەی سێکسیسیاسیی ویلهێلم ڕایش[1] دیسان لە ناو گەنجاندا خرایە ڕوو: زۆرێک لە گەنجانی ئەوڕۆیی زیاتر لە هەر کاتێکی دیکەی مێژوو "ئازادیی سێکسی" بە هێمای سەربەستیی خۆیان دەزانن و تێگەیشتنێکی ئایدۆلۆژیکی و هەستییان لەم بابەتە هەیە. گۆڕانی ڕوانگەی گەنجان دەبێ لەگەڵ گۆڕانی ڕوانگەیان سەبارەت بە لەش و جەستە بە پەیوەندیدار بزانین. چاوپۆشیی نەوەکانی پێشوو لە جەستەی خۆیان جێی خۆی بەخشیوە بە ئەخلاقی ئەمجیهانی (دنیایی مادی) سەبارەت بە جەستە و ڕوانگەی سێکسی. دەستپێکی تا ڕادەیەک پێشوەختەی پەیوەندییە سێکسییەکان و شێوازە هەمەجۆرەکانی هەڵسوکەوتی سێکسی لە ڕوانگەی تۆماس سییە[2] بۆتە هۆی ئەوەی کە دەستپێکی پەیوەندییە سێکسییەکان کە پێوەری پێگەیشتنن گرینگییەکەیان کەم ببێتەوە. درێژبوونەوەی پرۆسەی تێکەڵبوونی سێکسی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دوو دیاردەی گرینگی پەیوەندیدار بە ڕەگەز لە کۆمەڵگای ئێستادا هەیە: یەکیان بەهێزبوونی لایەنی بازرگانیی پەیوەندیی سێکسی و ئەوی دیکەیان ترازانی پەیوەندیی سێکسی لە چوارچێوەی ژیانی ڕۆژانە و سنووردارکردنەوەی بۆ پەیوەندیی تەواو نهێنی

1. Polit – sex Bewegung, Wilhelm Reichs
2. Thomas Ziehe

(شفرز، 1383: 107). بە شێوەی گشتی، پەیوەندیی سێکسی وەک پەیوەندییەکی تایبەتی کە دەتوانێ بە بێ هیچ چەشنە تۆمارکردنی یاسایی لە چوارچێوەی هاوسەرگیری بێ، لە زەوقی کەلتوورە ئایینییەکان، بەتایبەت لە وڵاتانی وەکوو ئێران هیچ پێگەیەکی نییە. بەڵام بە گوێرەی جیهانیبوون و نوێگەرێتی و هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کارلێکی سێکسیی گەنجانیشی خستۆتە ژێر کاریگەریی کەلتوورییەوە کە پێیان وایە پەیوەندیی سێکسی شتێکی تایبەتییە و لە ناو گەنجانی ئێرانیشدا گۆڕانێکی کەم تا کورتی هاوشێوەی ڕۆژاوا بەدی دەکرێت.

## 1ـــ4. هاوسەرگیریی درەنگوەخت لە ئێران: تێکچوونی هەڵسوکەوتی سێکسیی شیاو

لە کۆمەڵگای ئەوڕۆییدا، بیچمی ژیانی مرۆڤ گۆڕانی بە سەردا هاتووە. مرۆڤی ئێستا لە هەر دوو ڕەهەندی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، شـــێوازێکی جیاوازی ژیانی هەڵبژاردووە. یەکێک لەم حاڵەتانە، جیاوازی لە شـــێوازی پێکهێنانی بنیاتی بنەماڵەیە، کە ئەم جیاوازییە هەم قۆناغی بەر لە هاوســەرگیری و هەم قۆناغی پاش هاوسـەرگیری دەگرێتەوە. ژیانی سەڵتی لە جیهانی ئەوڕۆدا ئاســـتەنگە عورفی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوەکانی پێشـــووی نییە. مافی هەڵبژاردنی مرۆڤەکان لە شـــێوازی هەڵبژاردنی هاوســـەر و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وای کردووە کە خواســـت بۆ هاوســـەرگیری لە پێویســـتییەکی لێبڕاوەوە بۆ هەڵبژاردنێکی ڕەفتاری دابەزێت.



وێنەی 4. کێشە ئابوورییەکان، خانوبەرە، دابینکردنی کەرەسەی ژیان، بڕە مارەیی زۆر، بێکاری، خۆشبژێویبێزراویی هەندێ لە گەنجان و هەژاریی خێزانی، لەو هۆکارە ئابوورییە هەرەگرینگانەن کە کاریگەری لە سەر وەدواکەوتنی هاوسەرگیریی گەنجان دادەنێت. بڕوانە ماڵپەڕی: http://www.dana.ir/news

ئەگەر گریمانەکەمان ئەوە بێ کە "هاوســەرگیری پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەز لە ســـەر بناغەی پەیوەندیی هەمیشـــەیی ســـێکســـی لە قەڵەم دەدرێ، هاوســـەرگیری پێویســـتی بە

گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندییە سێکسییەکان شەرعی بکاتەوە" (ساروخانی، 1385: 23). کارڵسۆن[1] بەم شێوە هاوسەرگیری پێناسە دەکا: "هاوسەرگیری پرۆسەیەکە لە کارلێکی دوولایەنەی هەر دوو تاکەکە (ژنێک و پیاوێک) کە هەندێ لە مەرجە یاساییەکانیان بەدی هێناوە و ئاهەنگێک بە بۆنەی ژن و مێردیی خۆیان دەگێڕن و بە شێوەی گشتی کارەکەیان پەسەندکراوە و ناوی هاوسەرگیری لێ نراوە" (Karlsson، 1963: 63). گۆڕانی سەرچەشنی هاوسەرگیری یەکێک لە پڕەنسیپە سەرەکییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە. ئەگەر بەڵگەکان پیشاندەری دابەزینی زۆری ئاماری هاوسەرگیری و هەڵکشانی ئاماری تەڵاق بن، کۆمەڵگا ڕووبەڕووی دارمانی بنەماڵە و لە کۆتاییدا چەشنخوازیی لە ڕادەبەدەر دەبێتەوە (آزاد ارمکی، 1386: 99). مەبەست لە تەمەنی هاوسەرگیری ئەو تەمەنەیە کە تاکەکان دەچنە ژیانی هاوسەرێتییەوە.

بە پێی ئەو لێکدانەوانەی کە ئەنجام دراوە، فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی تەمەنی هاوسەرگیری لە ڕابردوو و ئێستادا گۆڕانیان بە سەردا هاتووە. لە ڕابردوودا تەمەنی ژنان لە یەکەمین هاوسەرگیریدا پەیوەست بە ڕاژانی ئابووری بوو. هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری، واتە وەدواکەوتنی تەمەنی خوازراوی هاوسەرگیریی گەنجان لە کۆمەڵگادا، بە پێی بگۆڕە چەندایەتییەکانی ساڵەکان و یان بگۆڕە چۆنایەتییەکانی ڕادەی وەدواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری (کەم، مامناوەند، زۆر) شیاوی هەژمار و تاوتوێکردنە. بە پێی ڕاگەیاندنی ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی، مامناوەندی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کوڕان 29 ساڵ و بۆ کچان 28 ساڵانە. ئەم ژمارانە ڕاپۆرت لە سەرەوبوونی تەمەنی خێزانداری دەکەن (خیری، 1395ـی هەتاوی).

دەتوانین وەدواکەوتنی هاوسەرگیری هەم وەک بگۆڕێکی

---

1. Karlson

ناوخێزانی و هەم وەک بگۆڕێکی دەرەوەخێزانی لە قەڵەم بدەین. بەو پێیەی کە فاکتەرە ناوخێزانییەکانی وەکوو کەلتوور و ڕوانگەی بنەماڵە، بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بنەماڵە و هەروەها فاکتەرە دەرەوەبنەماڵەییەکان، وەکوو بارودۆخی کۆمەڵگا کاریگەری لە سەر هاوسەرگیری دادەنێن. وتەزای هاوسەرگیری هەمیشە لە لایەن کۆمەڵناسان بەتایبەت لە بواری خوێندنەوەی بنەماڵەدا بەرسەرنج بووە و پێداگری لە سەر کراوە و وەدیڕنەهاتنی لە بارودۆخ و کاتی گونجاودا، بۆتە کەڵکەڵەی زەینی و هزریی بەرپرسانی ئەم بوارە. بێگومان هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری هۆکار و ئەنجامی جۆراوجۆری هەیە و ئاسانبوونی پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەرگیری، ئاکامی وەکوو هاومالی لێ دەکەوێتەوە. لە گرینگترین فاکتەرەکانی وەدواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری فاکتەرە کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتوورییەکانن کە لە درێژەدا شی دەکرێنەوە.

### 1-4-1. فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان

لەو فاکتەرە گرینگانەی کە دەبێتە هۆی هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری، درێژەدان بە خوێندنە. گەنجان هاوسەرگیری لەگەڵ خوێندن بە ناکۆک دەزانن. بە باوەڕی ئەوان هاوسەرگیری، کەسەکە بە دروستکردنی بەرپرسایەتی دەروەست دەکات. لە ئەنجامدا، تەمەنی هاوسەرگیری بەرز دەبێتەوە و کوڕان و کچان بە پێچەوانەی خواستی سروشتییان، سوورن لە سەر ئەوەی کە کاتی هاوسەرگیری بخەنە دوای کۆتاییهاتنی خوێندن. بۆ بوونی ژیانێکی پەسەندکراو کە لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگە نوێکاندا بگونجێ زۆر جار پێویستی بە تێپەڕاندنی قۆناغێکی درێژی خوێندنە. وەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندن ڕێزی کۆمەڵایەتی و ئابووریی تاکەکان بەرز دەکاتەوە و هەلی دامەزرانی ئاسانتریان لە ناوەندە فەرمانگەییەکان، کارخانەکان و ... دەڕەخسێنێت. کەواتە گەنجان و بەتایبەت کوڕان بۆ ئەوەی بتوانن لە داهاتوودا پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی لەبارتریان

هەبێ، ناچارن دەیەی سێیەمی ژیانیشیان تەرخانی خوێندن بکەن. خوێندنی باڵا بۆ ژنان زیاتر لەو ڕووەوە گرینگە کە پێگەی کۆمەڵایەتییان بەرز دەکاتەوە. ئەو ژنانەی کە ئاستی خوێندنیان باشترە، دەتوانن هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو پیاوانە بکەن کە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی باشتریان هەیە (بستان، 1389: 12). هەروەها ئاستی خوێندنی بەرزتر دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی زیاتر لە بارەی مافەکانیان و بەم شێوە تاکەکان ئامادە نین لە بارودۆخێکدا بن کە دژی چاوەڕوانییەکانی ئەوان بێت. ئەم پرسە بەتایبەت ژنان دەگرێتەوە.

هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و خەسارەتە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانی وەکوو گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر، بێڕەوشتی، هاوسەرئازاری، تەڵاق، پەیوەندیی سارد و سڕی هاوسەرەکان، دەستێوەردانی دەوروبەرییەکان و لەم چەشنە، نە تەنیا بنەماڵەکان دەڕووخێنێ، بەڵکوو بۆتە هۆی بێمتمانەیی گەنجان لە هاوسەرگیری و ئەمە وای کردووە کە گەنجی ئەوڕۆ نە تەنیا وەک هۆکاری بەختەوەری سەیری هاوسەرگیری نەکا (رجبی، 1386)، بەڵکوو ئاوێتەبوونی هاوسەرگیری لەگەڵ خەسارەتێکی وەکوو گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر وەک سەرژانێکی زیادە بە سەر کێشە ئاساییەکانی ژیانی خۆی لە قەڵەم دەدات. ئەزموونی ژیانی دیتران لە مەڕ پرسی هاوسەرێتی دەتوانێ جۆش و خرۆش یان بێزاری و سڵکردنەوە لە مرۆڤدا دروست بکات. ئەزموونی شیرین لەگەڵ لێک تێگەیشتن و هاودڵی لە ژیانی تاکەکان، تامەزرۆیی بۆ پێکهێنانی ژیان لە دیتران بەهێز دەکات. بە پێچەوانەوە، دۆران، ناکۆکی و ناتەبایی لە ناو هەندێ لە بنەماڵەکاندا، بەتایبەت لە ناو هاوسەرە گەنجەکاندا، وەحشەت و بێزاری لە هاوسەرگیری لێ دەکەوێتەوە (درخشان، 1383ی هەتاوی: 150) و دیارە هەڵکشانی ئاماری تەڵاق لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا ڕەشبینیی گەنجەکان بەرانبەر بە هاوسەرگیری تۆخ دەکات.

ئەو پانتایەی کە گەنجێک تێیدا پەروەردە دەبێ فرەچەشنیی هەڵسوکەوتی تێدایە. هەموو هەڵسوکەوتە زاڵەکانی ناو بنەماڵە کاریگەری لە سەر شێوازی ژیانی ئەو دادەنێن. ئازادییەکان، شێوازی هەڵسوکەوت، پەروەردەی زاڵ بە سەر بنەماڵە، یەککەوتنەوکان، هەستەکان، سۆزەکان، بژاردەکان، ئەرکناسی، دەروەستی یان نادەروەستی و ... لەو کردەوەیانەن کە سەرەڕای ئەوەی ساکار و ڕووکەشین، هەر کامیان دەتوانن ببنە سەرچاوەی گۆڕانکارییەکی مەزن لە ژیاندا. بۆ وێنە زەماوەندی گەنجێک کە لە بنەماڵەیەکی پابەند و تەکووز پەروەردە بووە لەگەڵ گەنجێک کە لە پابەندی و دەروەستیی پێویست بێبەرییە، ناتوانێ ببێتە هاوسەرگیرییەکی پایەدار و بەردەوام. فرەچەشنیی هەڵسوکەوتی لە هەموو پانتا پەروەردەییەکاندا کەسایەتییەک بەدی دێنێ کە بەرهەمی هەڵسوکەوتی ناو ئەو پانتا تایبەتەیە. کەواتە، پانتای پەروەردەیی زاڵ بە سەر بنەماڵەکانیش دەتوانرێ وەک کۆسپی بەر دەم هاوسەرگیری لێی بڕوانرێت.

لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا، بە پێی فرەڕەنگیی سەرچەشنەکانی هاوسەرگیری لە درێژەی زەمەن، کەلتوور و ڕوانگە بەهادارە جۆراوجۆرەکان لە ئاست هەر کام لەم سەرچەشنانە، ڕێی تێدەچێ خستنە ڕووی پێناسەیەکی گشتگیر لەم دیاردە زۆر دژوار بێت. نموونەگەلی وەکوو ڕەواداریی فرەهاوسەری لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکان، ڕەواداریی هاوسەرگیریی کاتی لە ئایینی ئیسلام، پشتڕاستکردنەوەی هاوسەرگیریی دوو هاوڕەگەز لە لایەن هەندێ لە ڕێبازە نوێکان و هەروەها هەندێ لە دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان و دەرکەوتنی کۆمۆنە سێکسییەکان لە ناو هەندێ لە کۆمەڵگەکاندا، گشتگیریی پێناسە باوەکانی هاوسەرگیری هەڵدەوەشێنێتەوە. تەنانەت هەندێ پێیان خۆشە هاوماڵی یان ژیانی هاوبەشی ژن و مێرد بە بێ هاوسەرگیری، کە سەرچەشنێکی دژ بە هاوسەرگیرییە، لە چوارچێوەی چەمکی هاوسەرگیریدا بگونجێنن. ئەوان بە پشتبەستن بەوەی کە هاوسەرە هاوماڵەکان پەیوەندیی درێژخایەنیان پێکەوە هەیە و لە دەیەکانی دواییدا

وردە وردە لە مافەکانی ژن و مێردەکان سوودمەند بوون، ئیدیعای گۆڕانی چەمکی هاوسەرگیری دەخەنە ڕوو (Lawson، 2001: 146). ئەگەرچی ژیانی کۆمەڵایەتی یەکێک لە پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤە، بە جۆرێک کە مرۆڤ بە بێ کۆمەڵگا ناتوانێ درێژە بە ژیانی بدا، ئەگەر لە بەرنامەڕێژی و سیاسەتدانانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا وردبین نەبین، زۆر کێشە دروست دەبێت.

### 2-4-1. فاکتەرە ئابوورییەکان

لە گرینگترین فاکتەرەکانی هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیریی گەنجان، ئەو فاکتەرە ئابوورییانەن کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین. بێکاری دەتوانێ یەکێک لە ئاستەنگە گرینگەکانی بەردەم هاوسەرگیری بێت. سەرەڕای ئەوەی خواستی سێکسی لە ناو گەنجاندا زۆر بەهێزە و بەرەو هاوسەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە خوڵکیان دەکا، کاتێک کە بێکار و بێداهاتن و توانای دابینکردنی تێچووی هاوسەرگیری و ژیانی داهاتوویان نەبێ، ناتوانن لە کاتی خۆیدا هاوسەرگیری بکەن و ناچارن خواستە سێکسییەکەیان سەرکوت بکەن و هەتا دۆزینەوەی ئیش و داهاتی گونجاو، هاوسەرگیرییەکەیان وەدوا بخەن. بەداخەوە بە هۆی گەنجبوونی حەشیمەت، ئیشی کەم و داخوازیی زۆری گەنجان بۆ کار، وڵاتی ئێران ڕووبەڕووی کێشەی بێکاری بۆتەوە. کەواتە، دەتوانین بێکاریی گەنجان بە یەکێک لە گرینگترین ئاستەنگەکانی بەر دەم هاوسەرگیری بزانین (خیری، 1395).

بەم شێوە، بوونی ئیشێکی شیاو کاریگەری لە سەر تەمەنی هاوسەرگیری دادەنێت. گەنجان ئەو کاتە هاوسەرگیری دەکەن کە دڵنیا بن دەتوانن بژێوی ژیانی بنەماڵە بە داب‌ونەریتی چینی کۆمەڵایەتیی خۆی دابین بکەن و بە هۆی ئەوەی تاکەکان ناتوانن لە تەمەنێکی دیاریکراودا، بۆ وێنە بیست هەتا بیست و پێنج ساڵان داهاتی پێویستیان هەبێ جۆری پیشە گرینگ دەبێ و وەک ئاستەنگێکی سەرەکی دێتە بەردەم هاوسەرگیریی گەنجان. لە کۆمەڵگای ئێستای ئێمەدا سیستەمی پیشە نوێکان لە

بەرانبەر پیشــە نەریتییەکان وەها داڕێژراوە کە لە کانالی پەروەردەوە تێدەپەڕێ کە خۆی پێویستی بە تێپەڕاندنی چەندین ســاڵ پەروەردەیە و دەبێتە هۆی هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیریی تاکەکان (مجدالدين، 1386).

گەنجانێکی زۆر بە نەخوێندەوار، کەمخوێندەوار یان دەرچووی زانکۆوە هەن کە لە تەمەنی هاوسەرگیریدان، بەڵام کاری گونجاویان نییە. ئەم کەسانە بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان چاویان لە هاوکاریی دایک و باوکی خۆیانە و ڕوو دەکەنە پیشەی ساختەکارانەی وەکوو دەڵاڵی، جگەرەفرۆشی، ... و دەرچووانی زانکۆ ڕوویان کردووەتە پیشەی ناپسپۆڕانەی وەکوو سکرتێری، فرۆشیاری و کاری کەمداهاتی دیکە و بە هیچ چەشنێک بواری پێکهێنانی بنەماڵە و دابینکردنی تێچووی ژیانیان نییە. لە ئەنجامدا بە ناهومێدی و هیوابڕاوییەوە سەرەڕای بەنیازبوون و هۆگری ڕووبەڕووی کێشەکانی هاوسەرگیری دەبنەوە و ئەگەر وای دانێین بە وەها بارودۆخێکەوە هاوسەرگیری بکەن، لە کۆتاییدا تووشی ناتەبایی و تەڵاق دەبنەوە (حوسەینی، 1391: 167).



وێنەی 5. بە پێی ئاماری فەرمی 11 لە سەدی حەشیمەتی چالاکی ژوور 10 ساڵ بێکارن.

بێکاری لە گرووپی گەنجانی 15 هەتا 25 ساڵ گەیشتۆتە 26 لە سەد.

**1-4-3. فاکتەرە کەلتوورییەکان**

هەندێ لەو باوەڕەدان کە هاوسەرگیری زۆرێک لە داخوازی و خواستەکانیان سنووردار دەکاتەوە. ئەم کەسانە وایان پێ باشە سەڵت و ئازادانە بژین. ئەم خواستە تەنیا تایبەت بە کوڕان نییە، بەڵکوو کچانیش هاوسەرگیری بە جۆرێک سنووردارێتی و نەمانی ئازادییە تاکایەتییەکانیان سەیر دەکەن. ڕەنگە نێوان تەمەنی هاوسەرگیری و داپەڕین بۆ پەیوەندیی نائاساییانەی سێکسی، پەیوەندییەکی دوولایەنە بێت. هەندێ لە توێژینەوەکان پیشان دەدەن، کە پەیوەندیی ئازادانەی نێوان کچ و کوڕ و هەلی تێرکردنی خواستی سێکسی، پێویستیی بۆ هاوسەرگیری لە ناو گەنجانی کەم کردۆتەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە کێشە و ئاستەنگەکانی هاوسەرگیریی گەنجان و بەتایبەت کچانی لێک داوەتەوە، ئاماژە بەم خاڵە کراوە کە هەندێ لە گەنجان بۆ تێرکردنی خواستەکانیان بە سێکسکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر ڕازین. بە پێی ئەم لێکۆڵینەوە، پەیوەندیی سێکسیی ئازادانەی کچ و کوڕ و بواری چێژبردنی سێکسی بە بێ‌هاوسەرگیری کە بەرپرسایەتییەکی ئەوتۆ ناخاتە ئەستۆی تاک، خۆی یەکێک لە فاکتەرەکانی هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیریی گەنجانە (شوجاعی، 1384).

کاستلێز[1] پێی وایە شۆڕشێک ڕووی لە هەڵگیرسانە؛ بەڵام نە شۆڕشێک کە بزاڤەکانی دەیەکانی 60 و 70 ڕایانگەیاند و درێژەیان پێدا. هەڵبەت لەم بزووتنەوانەدا هەندێ فاکتەری گرینگ بۆ سەرنج خستنە سەر شۆڕشی سێکسی بەدی کراوە. تایبەتمەندیی ئەم شۆڕشە بریتییە لە لێکپسانی هاوسەگیرییەکان، بنەماڵە، هاوڕەگەزخوازی و خواستی سێکسی. ئەم چوار فاکتەرە کە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوو لە ژێر باروودۆخی باوکسالاریی مۆدێرندا پێکەوە گرێ دراون، ئێستا پرۆسەی سەربەخۆبوون تێدەپەڕێنن (کاستلێز، 1380، 282). بە پێی وتەی ویلیام گوود مۆدێرنیزاسیۆن لە سەر ئاستە جیاجیا

1. Manuel Castells

تاکایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەریی لە سەر کاتی هاوسەرگیریی گەنجان دادەنێت. لە گرینگترین فاکتەرەکانی مۆدێڕنیزاسیۆن دەتوانین ئاماژە بە پەرەسەندنی هەلەکانی خوێندن، گۆڕانی کار و چالاکیی پیشەیی، کارکردنی ژنان و شارنشینی بکەین. هاوسەرگیری لە ناوچە شارییەکاندا بە هۆی شێوازی جیاوازی ژیان و هەروەها کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی لاوازتر لە چاو ناوچە گوندییەکان، درەنگتر ڕوو دەدات (ئەحمەدی، 1389).

ویلیام گوود بە پێی ئەم تیۆرییە، گۆڕانکارییەکانی سەر بنەماڵەی بە ئەنجامی حاشاهەڵنەگری ئاڵوگۆڕە پێکهاتەییەکان (کۆمەڵگا) و ئایدۆلۆژیکییەکان دەزانێت. بە بۆچوونی ناوبراو کاتێک کە گۆڕانکارییە پێکهاتەیی و ئایدۆلۆژیکییەکان لە سەر ئاستی بەرفراوان (گۆڕانکاریگەلی وەکوو بەپیشەیی بوون، شارنشینی و ...) ڕوو دەدا، ڕێکخراوەکانی سەر ئاستی ورد (بنەماڵە) ناچارن خۆیان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە بگونجێنن (ئەعزازی، 1385: 17). بە باوەڕی گیدنێز بنەماڵە لە سەرتاسەری ئاستی جیهاندا لە ئاقارە دیاریکراوەکاندا ڕووی لە گۆڕانە. ناوبراو ئەم وەرچەرخانەی ناو نا ئاقارەکانی گۆڕان. سەرەڕای ئەوەی گیدنێز ئاماژە بەوە دەکا کە ئێران لە ناوەڕاستی شۆڕشی ئیسلامی بە پێچەوانەی ئاراستەی گۆڕانکاری لە سەرتاسەری جیهان جووڵاوەتەوە، پێی وایە ئەم بابەتە بابەتێکی ئاوارتەیە. کێشەی ڕوانگەی گیدنێز لەوەدایە کە ناوبراو، شۆڕشی ئیسلامی بە گەڕانەوە بۆ بەها نەریتییەکان دەزانێ، لە حاڵێکدا وەرچەرخانەکانی ئەم ساڵانەی دوایی پیشانی داوە کە ئاراستەکانی گۆڕان لە ئێرانیش هاوشێوەی ڕۆژاوا و دیکەی کۆمەڵگا مرۆییەکانە. لە ڕوانگەی ئەم توێژەرە ئاراستەکانی گۆڕان بریتین لە:

1. بەرفراوانەکان (گرووپە خزمایەتییە گەورەکان) و گرووپە خزمایەتییە هاوپەیوەستەکانی دیکەی دەسەڵاتی خۆیان لە دەست دەدەن.

2. ڕەوتێکی گشتی لە ئاراستەی هەڵبژاردنی ئازادانەی

هاوسەر بەدی دەکرێت.
3. مافەکانی ژنان هەم لە ڕووی مافی هەڵبژاردن لە هاوسەرگیری و هەم لە ڕووی بڕیاردان لە بنەماڵە پتر لە جاران بە فەرمی دەناسرێت.
4. زۆربەی هاوسەرگیرییەکان لە کەلتوورە نەریتییەکاندا، هاوسەرگیریی خزمایەتین و ئەم هۆگرییانە تا دێ کاڵتر دەبێتەوە.
5. لەو کۆمەڵگایانەی کە زۆر بەزاکوون بوون، ئازادیی سێکسی پەرەی سەندووە و هەندێجار ئەم پرۆسە پێشکەوتنێکی ئەوتۆی نەکردووە و گۆڕانکارییەکان لە ئاراستەی پێچەوانەشدا ڕووی داوە. وەکوو ئەوەی پاش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، لە کۆتاییەکانی دەیەی 70 ڕووی دا (بەرپرسانی ێئران هەوڵیان دا ئەو یاسا و دابونەریتانە ببووژێننەوە کە ئازادیی سێکسی سنووردار دەکاتەوە). سەرەڕای ئەمانە ئەم چەشنە حاڵەتانە ئاوارتەن.
ئەوەی گیدنێز لەمەڕ ئاراستەکانی گۆڕان باسی کردووە، دەتوانێ تا ڕادەیەک پەیوەندی لەگەڵ وەرچەرخانەکانی هاوسەرگیری لە ئێرا هەبێ:
1. لە ئێرانیشدا کاریگەری و دەسەڵاتی گرووپە خزمایەتییەکان کەم بۆتەوە.
2. ڕەوتی گشتی لە ئاراستەی هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەرە.
3. مافەکانی ژنان لە هەڵبژاردنی هاوسەر و بڕیاردانی باوک پتر لە جاران بە فەرمی دەناسرێت.
4. ڕێژەی هاوسەرگیریی خزمایەتی بە خەستی کەم بۆتەوە.
5. ڕێژەی ئازادییە سێکسییەکان بەرزبونەوەی بە خۆوە بینیوە (ئەحمەدی، 1389: 52).

**5ـ1. دەستنیشانکردنی سەرچەشنەکانی پەیوەندییە سێکسییەکان**

خوێندنەوەی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران پیشاندەری گۆڕانی هێورانە بەڵام بەربڵاو لەم ساڵانەی دواییە. لەگەڵ پەرەسەندنی جیازی نوێی پەیوەندیگرتن، کۆمەڵگای ئێران بە شێوەی هێورانە تووشی شەپۆلێکی ڕوو لە هەڵکشانی

گۆڕانکارییە بەهایی و نۆرمەکان بۆتەوە. هاتنی جیازاتی وەکوو سەتەلایت و ئەنتەرنێت بۆ ناو ماڵەکان شێوازێکی جیاوازی لە ژیانی کۆمەڵگە و کەلتووره جیاوازەکان خستۆتە بەردەم بەردەنگە ئێرانییەکان و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و شاراوە، بەها پێشووەکانیانی بە چالێنج کێشاوە و لە هەمان کاتدا، بۆ ژیان بژاردەی نوێ دەخاتە بەر دەمیان؛ پیشاندانی شێوازەکانی دیکەی ژیان گۆڕانی هێورانەی بەها و ڕوانگەکانی لە کۆمەڵگای لێ کەوتۆتەوە. ئەم پرۆسەی گۆڕانی بەهایە زۆر بە باشی خۆی لە لێکپسانی نێوان‌نەوەییدا دەنوێنێ، وەرچەرخانێک لە نەوە و ڕەوتێک کە پیشاندەری گۆڕان لە کۆمەڵگایەکدایە کە نۆرم و بەها نەریتییەکانی کەمتر کاریگەری لە سەر گەنجان دادەنێت. گۆڕانکاریی نۆرم و بەها بە لێکپسانی نێوان نەوەکان و پشتکردنی نەوە گەنجترەکان لە بەها نەریتییەکان لە کۆمەڵگا دەست پێدەکا و لەوانەیە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی بەربڵاوی لێ بکەوێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە لە پاڵ وەرچەرخانەکانی سیستەمی بەهایی لەم ساڵانەی دواییدا، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و پێکهاتەییەکانی دیکەش لەم ساڵانەدا بەرۆکی کۆمەڵگای ئێرانیان گرتووە. یەکێک لەم حاڵەتانە، گۆڕانی پێکهاتەی ئابووریی وڵات و دەرهاویشتە کۆمەڵایەتییە بێژوومارەکانی ئەم گۆڕانکارییە لە سەر هەڵسوکەوتی گەنجانە. مەودای نێوان پێگەیشتنی سێکسی و پێگەیشتنی ئابووری گەیشتوتە پتر لە دە ساڵ. مەودایەک کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەبێت. پێگەیشتنی ئابووری بە پیشەی سەقامگیر بەدی دێ و لەم نێوانەدا پیشەی گەنجان بۆتە یەکێک لە پرسە کلیلییەکانی کۆمەڵگای ئێرانی. پیشە، پێشەکیی هاوسەرگرییە و کێشە ئابوورییەکان تەمەنی هاوسەرگیری لە شارە گەورەکان زۆر دەکەن. هەموو ئەمانە لە حاڵێکدایە کە هاوسەرگیری تاکە ڕێگای شەرعیی تێرکردنی خواستە سێکسییەکان لە ئێرانە و ئێستا ئەم ڕێگایە ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بۆتەوە. تەنانەت دەتوانین لەوە زیاتر بچین و بازنەی هەڵبژاردنی تاکەکان لەوە تەسکتر وەسف بکەین. لە ڕاستیدا سەرباری دەوترێ هاوسەرگیری تاکە ڕێگەی شەرعی

بۆ تێرکردنی خواستە سێکسییەکانە، ناتوانین چاو لەم ڕاستییە بنووقێنین کە تەنیا هاوسەرگیریی هەمیشەیی پەسەند کراوە و پەلەکردنی تاکەکان بۆ هەڵبژاردنی بژاردەی هاوسەرگیریی کاتی دەتوانێ لە چاو ژیانی سەڵتیی کەسەکە تێچوویەکی قورستری هەبێت.

هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری زەختێکی زۆر دەخاتە سەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە پێکهاتەکەیان نەریتییە. لە ئێستادا، لە ئێراندا پتر لە 12 ملیۆن گەنج لە تەمەنی هاوسەرگیریدان کە هێشتا سەڵتن و هاوسەرگیرییان نەکردووە.[1]

لە لایەکی دیکەشەوە، ڕێژەی کەسانی وەرگیراو لە زانکۆکان لە چاو چەند دەیەی ڕابردوو زۆر زیاتر بووە و ئێستا ڕووبەڕووی چەندین ملیۆن دەرچووی زانکۆی بێکارین کە بۆ هاوسەرگیری لە تەمەنی شیاوی خۆیدا بەختێکی ئەوتۆ بەدی ناکەن. کۆمەڵگای ئێرانی ئێستا تووشی پرسێکی گرینگ بۆتەوە: بە ملیۆنان گەنج کە وانە و خوێندن و زانکۆیان بە ڕەمزی بەختەوەریی خۆیان دەزانی، بە هیوای هەبوونی ژیانێکی باشتر، ڕێگایەکی دوور و درێژیان بڕیوە و پاش ساڵانێک هەوڵ و تەقەلا زۆریان بۆیان دەرکەوتووە وێناکانیان لە هەبوونی بارودۆخێکی باشتر تراویلەکەی ئایدیاکان بووە و لە ناویاندا ئەو کەسانەی کە کاتیان بۆ خوێندنی ئاکادیمیا تەرخان نەکرد براوەی گۆڕەپانەکەن. ئەو ئاوەی بینیان تراویلکە بوو و وشیارەکان ئەوانە بوون وا متمانەیان بەم تراویلکە نەکرد و  هەر لە سەرەتاوە پێوشوێنی نەکەوتن. ئەم فاکتەرانە لە پاڵ یەکتر بوونە هۆی ئەوەی ڕێژەی خەمۆکی لەم ساڵانەی دواییدا لە ناو دەرچوانی زانکۆدا بەرز ببێتەوە و وردە وردە هەستی ئانۆمی یان نانۆرمی لە ناویاندا بەرز دەبێتەوە (افقی و لادقی، 1388). ئەم هەستی ئانۆمییە خۆی بۆتە هۆی بیچمگرتنی بەهای نوێ لە ناو بەشێک لە گەنجانی کۆمەڵگادا. ئەم بارودۆخە تەنیا لە دەرچووانی بێکاری زانکۆدا سنووردار نابێتەوە؛ بەڵکوو کەسانی پیشەداریش لە ئێراندا ڕووبەڕووی

1. بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران

نائاسایشیی پیشەیی نوێ بوونەتەوە. لەگەڵ پرۆسەی کەرتیسازی لە وڵات، پرسی نائاسایشیی پیشەیی لەم ساڵانەی دواییدا زەقتریش بۆتەوە. نائاسایشیی پیشەیی لە پرسی بێکاری بەربڵاوتر و هەستیارترە و دەروانێتە ئەو پیشەدارانەی کە داهاتووی پیشەکەیان بە نابەردەوام لە قەڵەم دەدەن. یەکێک لە پێوەرەکانی پیشەی نابەردەوام گرێبەستی کاتیی کارە. ئەم بارودۆخە لە ناوەندە ئابوورییەکانی ئێراندا تا دێ گشتگیرتر دەبێت. ئەورۆکە گرێبەستە کورتماوەکان خاوەنکارەکان سەرپشک دەکا کە بە تێچووی کەمەوە (و هەندێجار تەنانەت بێ تێچوو) هەر کات کە بیانهەوێ فەرمانبەرەکانیان لە سەر کار لا ببەن.[1] کەمبوونەوەی ئاستی ئاسایشی ئابووریی تاکەکان ئاسایشی دەروونییانی لێ زەوت کردوون. لە ڕابردووشدا کێشە ئابوورییەکان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی تەڵاق لە ئێران بووە؛ هەر ئەم بابەتە لە ئێستادا وەک هۆکارێک بۆ هاوسەرگیرینەکردن لە قەڵەم دەدرێت.

بێکاری و ناسەقامگیریی پیشەیی بۆتە هۆی ترس لە هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای ئەورۆی ئێراندا. ڕاپەڕینەری خوێندکار لە ئێستادا زۆر لە ڕاپەڕینەری چارەنووسخوازی ڕابردوو وردبینترە. لە بارودۆخی نوێدا، کەسەکان وەکوو ڕابردوو هەر وا بە ئاسانی مل بە هاوسەرگیری نادەن کە تەڵاق باجە قورسەکەی بێت. ئەنجامی ئەم وەرچەرخانانە، هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری لەم ساڵانەی دوایی و بە دوایدا بیچمگرتنی سەرچەشنی نوێی هەڵسوکەوت بووە. لەم نێوانەدا، زۆر کەس بە هۆی زەختێک کە دەرەنجامی کەلێنی پێگەیشتنی سێکسی و پێگەیشتنی ئابووری و هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیرییە بە شێوازی جۆراوجۆر هەڵسوکەوت دەنوێنن. بیچمگرتنی ڕوانگەی ئانۆمیکانە و سەرهەڵدانی بەها نوێکان لە دەرهاویشتەکانی ئەم لێکپسانە ڕوو لە زیادبوونەوەیە.

1. خۆپیشاندانی کرێکارانی هێپکۆ لە شاری ئەراک لە نارەزایەتیی دژ بەوەی کە ماوەی 8 مانگە مووچەکانیان نەدراوە و تەعدیل نیروو و نارەزایەتیی کرێکارانی گرووپی نیشتمانی پیشەیی فوولادی ئەهواز بە دەرکران و پێنەدانی مووچەکانیان.

گۆڕانکاریی سیستەمی بەهایی و گۆڕانی پێکهاتەی ئابووریی ئێران، وردە وردە بەستێنی سەرهەڵدانی سەرچەشنی نوێی لە هەڵسوکەوتە سێکسییەکان لە ناو تاقمێک لە گەنجانی ئێرانیدا ڕەخساندووە؛ بیچمگرتنی بەها نوێکان و دەرکەوتنی سەرچەشنی نوێ لە هەڵسوکەوتی گەنجان کە وەک وڵامی خواستە دەروونییە تێرنەکراوەکانیان ئێش دەکات. ئەو لێکۆڵینەوە کەمەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە پیشان دەدا کە پەیوەندییە سێکسییەکانی بەر لە هاوسەرگیری لە ئێران ڕووی لە بەرزبوونەوەیە کە لە ئێستادا بۆتە سەرەکیترین ناوەندی مشتومڕی نێوانەوەیی لە ناو بنەماڵە شارییەکاندا. زۆربەی ئەم پەیوەندییانە پەنامەکی و بە دوور لە چاوی دایک و باوک بیچم دەگرێ و بەردەوام دەبێت. بەرپرسانی پەیوەندیدار باس لە ئەگەری پەرەسەندنی ئایدز لە ناو گەنجان دەکەن و بە شێوەی ئاماژەیی تەشەنەسەندنی پەیوەندیی سێکسیی پڕمەترسیدار لەم تەمەنەدا بە هۆکاری دەستپێکی بیچمگرتنی شەپۆلی سێیەمی ئایدز لە ئێران دەزانن. پرسێکی ئاڵۆز خەریکە سەر هەڵدەدا و سیاسەتی باڵادەستیش پشتگوێ خستنیانە. لەم نێوەندەدا زۆرێک لە دایک و باوکەکانیش لەم باسە بێئاگان. زۆربەی گەنجان دایک و باوکەکانیان بە مەحرەمی نهێنییە سێکسییەکانی خۆیان نازانن و ئەم بێئاگاییەی بنەماڵەکان وای کردووە کە کۆنترۆڵیان بە سەر منداڵەکانیان کەم ببێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بۆشایی لێکۆڵینەوەی چەشنناسانەی پێشوو وای کردووە کە زۆرێک لە بەرپرسان هەموو جۆرەکانی پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری لەم ساڵانەی دواییدا وەک یەک سەیر بکەن و لە ئەنجامدا ڕێکاری لێکچوو بخەنە ڕوو و لە تێگەیشتن لە ئاڵۆزیی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بێئاگا بن و لە ئاخێزگە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی تێنەگەن. نەبوونی ناسیاریی ورد لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان لێکدانەوە و چارەسەریشیان ڕووبەڕووی هەڵەی مەترسیدار دەکات. هەر لەم پێناوەدا تەقی ئازادارمەکی و هاوکارەکانی لە ساڵی 1390ی هەتاوی توێژینەوەیەکیان ئەنجام دا لە ژێر ناوی چەشنناسیی سەرچەشنەکانی پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری لە

ئێران و شەش پۆلی سەرچەشنی پەیوەندییە سێکسییەکانی بەر لە هاوسەرگیری لە ئێرانیان ناسی کە بەم شێوەیە:

**1-5-1. پەیوەندییە ناعاشقانەکان**

پرەنسیپی پەیوەندییە ناعاشقانەکان ئەوەیە کە پابەندیی سۆزداری و دەروەستیی سێکسیی لە نێوان لایەنەکانی پەیوەندیدا بوونی نییە. لەم پۆلێنەدا پێدانی پارە یان کاڵا لە لایەن پیاو لە بەرانبەر پێدانی خزمەتگوزاریی سێکسیی لە لایەن ژن بۆ سازدان و بەردەوامبوونی پەیوەندی پێویستە. پەیوەندیی ناعاشقانە بۆ سەر دوو بەش دابەش دەبێ:

**ئەلف) پەیوەندیی ئازاد، دەرکەوتنی سەرچەشنەکانی لەشفرۆشی**

پەیوەندیی سێکسیی ئازاد پیشاندەری پەیوەندیی ناعاشقانەیە. ئەم پەیوەندییانە درێژەی سەرچەشنەکانی لەشفرۆشییە[1]. پەیوەندیی ئازاد لەو مژارانەدا دەردەکەوێ کە لە بەرانبەر پێدان یان وەرگرتنی پارە سێکس دەکەن. ئەم پەیوەندییە سێکسییە دیاردەیەکی نوێ نییە و دەچێتە ڕیزی لادانە کۆمەڵایەتییەکان کە مێژووەکەی بارتەقای درێژایی مێژووە. کڕین و فرۆشتنی لەش لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چەشنە پەیوەندییەیە. بەکاڵاییبوونی پەیوەندییە سێکسییەکان، لەم پۆلەدا یاسای خستنە ڕوو و داخوازی لە ئاستێکی جیاواز لە دیکەی پۆلەکان پیشان دەداتەوە. لەشفرۆش (سۆزانی) بە کەسێک دەوترێ کە بیر لە داهاتی دەکاتەوە نەک کەسێکی تایبەت. لەشفرۆشی لە سەر ئەم بۆچوونەیە کە لەشی مرۆڤ کەرەسەیەکە کە دەتوانێ وەک هەر کاڵایەکی دیکە کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت. لە سەرچەشنەکانی پەیوەندیی ئازاد، یەکێک لە هەڵوەدای پڕکردنی گیرفانیەتی و ئەوی دیکە خوازیاری حەساندنەوەی جەستە. چەمکی عەشق لەم پەیوەندییەدا هیچ مانایەکی نییە و ئەوەی گرینگە ئەزموونکردنی لەشی نوێ بۆ پیاوان و دابینبوونی ئابووری بۆ ژنانە. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی ئازادارمەکی و

1. Prostitution

هاوکارەکانی (1390) ئەوە دەردەخا کە مژارەکانی ئەم پۆلە باوەڕێکی ئەوتۆیان بە لایەنە ئاینییەکان و ئاستەنگەکانی بەردەم پەیوەندیی سێکسی نییە. پیاوان لەم سەرچەشنەدا لە چاو ژنەکانی ئەم پەیوەندییە پاڵنەری جیاوازیان هەیە. پیاوان هەڵوەدای دامرکاندنی خواستە سێکسییەکانن و ژنان هەڵوەدای بژێوی. پیاوان بە هۆی ئەو سنووردارییە کەمەی کە لەم پەیوەندییانە هەیانە، گرووپە ئامانجەکانیان زۆر بەربڵاو بۆتەوە. ئەو پیاوانە لەگەڵ هەر کچ یان ژنێک کە بتوانن بە تەماحیان بێنن یان ڕازییان بکەن یان ناچار بە سێکسکردنیان بکەن، سێکس دەکەن. ئەم مژارانە بەدەر لە پارک، شەقام، پێناساندنی هاوڕێ و تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ دۆزینەوەی کەسانی دڵخوازیان کەڵک لە بواری هەمەجۆری وەکوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە موبایل و ئەنتەرنێت وەردەگرن. زۆربەی ئەم کەسانە خۆیان بە هیچەوە نابەستنەوە و پێشوازی لە پەیوەندیی نوێ دەکەن.

**ب) پەیوەندیی سیغەیی**

پەیوەندیی سیغەیی سەرچەشنێکی دیکەی پەیوەندیی ناعاشقانەی بەر لە هاوسەرگیریی فەرمی لە ئێرانە.

کاکڵی سەرەکیی گوتاری سیغە، گرێدراوبوونی ئایین و خواستی سێکسی لە بارودۆخی ناسەقامگیری کۆمەڵگا لە لایەن سووژەیە. ئەم چەشنە پەیوەندییانە لەو سووژانەدا بەدی دەکرێ کە پابەندیی ئاینییان زۆرە. سووژە لەم پۆلەدا بۆ دامرکاندنی خواستە سێکسییەکەی هەڵوەدای ڕێکاری ئاینییە. بە پێی بنەما یاسایی و فیقهییەکان لە ئێران دوو چەشن هاوسەرگیریی هەمیشەیی و هاوسەرگیریی کاتی (سیغەی مەحرەمێتی) بە فەرمی ناسراوە کە لە سۆنگەی فیقهی و یاساییەوە ڕەوایە. کەسانێکی وەکوو مورتەزا موتەهەری بۆ ڕێگری لە ڕەبەنایەتیی گەنجان و یان لایەنی دژبەری، واتە ڕێگری لە کۆمۆنیستی سێکسی، پێشنیاری سیغەیان داوە و هەروەها کەسانێکی وەکوو ئایەتوڵا ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی و زۆربەی فەقێیان و مەرجەعەکانی تەقلید لە ئێران لە میدیا و

تریبۆنە فەرمی و نافەرمییەکانەوە پێداگری و بانگەشـــەیان بۆ سیغە کردووە. لە لایەکی دیکەشـەوە هەندێ لە فەقێیانی وەکوو ئایەتوڵا ســـانعی ســـیغە گرێ دەداتەوە بە بارودۆخی شـــەڕ لە ســــەرەتاکانی ئیســـلام و لە ژیانی ئەوڕۆییدا وەک یەکێک لە فاکتـەرەکـانی دارمـانی بنـەمـاڵـە پێنـاســـەی دەکـەن. هـەروەها چالاکڤانانی مافەکانی ژنان، هاوســـەرگیریی کاتی بە فاکتەری بەرهەمهێنانەوەی پێشـــێلکردنی مافەکانی ژنان و هەڵاواردنی ڕەگـەزێتی لـە دژی ژنـان، ســـســـتبوونی بنیـاتی بنـەمـاڵـە و پەرەسەندنی فرەهاوسەری و نەخۆشیی نزیکی و تەشەنەسەندنی لەشـــفرۆشـــی دەزانن و لە چالاکییە مەدەنییەکانیاندا بە توندی دژی وەستاونەتەوە.

بیچمێکی دیکەی پەیوەندییە سیغەییەکان، سیغەی مەحرەمێتی یان هەمان هاوسەرگیریی کاتی لە ناو کچان و کوڕانی منداڵ و مێرمنداڵە کە لە لایەن بنـەمـاڵـە ئایینی و نـەریتییـەکـان ئـەنجام دەدرێ بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی سێکسیی منداڵەکانیان کۆنترۆڵ بکەن. هەروەها هەندێ لە گەنجانی ژوور تەمەن 18 ســـاڵ لە بنەماڵە نەریتی و ئایینپەروەرەکان بە مەبەســـتی ئاشـــنابوونی زیـاتری بـەر لـە تـافی دەزگیرانداری ئـەنجـامـدانی ســـیغـەی مـەحرەمێتی بۆ خۆیـان بـە شـــەرعی و دروســـت دەزانن. هاوســـەرگیریی کاتی یان هەمان ســـیغە بە واتا باوەکەی لە ئەگەری دووگیانی و بـە مـەرجی لاوەکیی مـارەبڕینـەوە ئـەنجام دەدرێ و لـە مـادەی 21ی یـاســـای پشـــتیوانی لـە بنـەمـاڵـە، پەسـەندکراوی ساڵی 1391 پێداگری لە سەر کراوە. سـەرەڕای نـەبوونی جیـاوازیی نـاوەرۆکی لـە ســـیغـەی مـەحرەمێتی و هاوسـەرگیریی کاتی هیچ چەشـنە گرێبەسـتێک لە مەڕ سیغەی مـەحرەمێتی بوونی نییـە. کـاردای چـاک و ئـەرێنیی ســـیغـەی مەحرەمێتی بۆ کەسـانی گەورەسـاڵی ژوور 18 سـاڵان ئاشـنایی زیاتری هاوســـەرەکان بەر لە قۆناغی دەزگیرانداریپە؛ بەڵام هـەنـدێ لـە کـاردا ئـەرێنییـەکـانی وەکوو زەختی کۆمـەڵایـەتی بۆ ســـەر کچان و کوڕان بۆ هاوســـەرگیری لەگەڵ هەمان کەس دەتوانێ فاکتـەرێـک بۆ دارمـانی بنـەمـاڵـە لە داهاتوو بێ و یان لـە

لایەکی دیکەوە ئەگەر سێکس بکرێ، دەرهاویشتە نەرێنییە کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر ژنان دەگرێتەوە و بەو پێیەی کە لە هیچ شوێنێکدا تۆماری یاسایی و سیستەمی نەکراوە و بە پێی عورف و ڕێوڕەسمی نەریتی مارە کراون، پیاو بە شێوەی پەنگراو دەتوانێ خۆی لە بەرپرسایەتی و پابەندی بەرانبەر بەم دۆخە بدزێتەوە. هەروەها لە بارودۆخی سیغەی مەحرەمێتیدا لە تافی منداڵی و مێرمنداڵی ئەگەری سێکسکردن هەیە و لە هەندێ حاڵەتدا هاوسەرگیری لێ دەکەوێتەوە، ئەو منداڵ و مێرمنداڵانەی کە لە ڕووی هزری و کۆمەڵایەتییەوە پێنەگەیشتوون و هەلی گونجاوی ئابوورییان نییە و بە ڕێوەڕسمی نەریتی و فەرهەنگی هاوسەرگیرییان کردووە.

لە گرینگترین لێکەوتەکانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە وازهێنان لە خوێندنی منداڵان و مێرمنداڵان، دووگیانبوونی نەخوازراو، نەخۆشیی دەروونی و جەستەیی و منداڵبێوەییە. دەتوانین پەیوەندیی سیغەیی وەک یەکێک لە ڕێکارەکانی پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و فەرمی ناو ببەین کە هەمیشە جێی کەڵکاوەژۆیی دەلالانی سۆزانێتی بووە و بە هۆی ئەوەی چاودێری ناکرێ و خوتبە ناخوێنرێ و بە شێوەی کاتژمێری بە بێ ڕاگرتنی عەدە ئەنجام دەدرێ دەتوانین وەک لەشفرۆشیی نوێ لە قەڵەمی بدەین کە خۆی لە پشت ئالای فیقە و ئایینزا شاردۆتەوە.

کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی لێکدانەوەی گشتگیری هاوسەرگیریی پێشوەختە لە ئێران،[1] بۆم دەرکەوت باوەڕە نەریتی و ئایینزاییەکانی وەکوو سیغەی مەحرەمێتی یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی منداڵهاوسەری لە ئێرانە. کەواتە کۆمەڵگەی ئەم دیاردەمان تاوتوێ کرد و ئەنجامەکانیمان

1. ئەحمەدی، کامیل (1396) زایەڵەی بێدەنگی؛ توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران، تاران: شیرازە.

Ahmady, Kameel (2017). An Echo of Silence: A Comprehensive Research Study On Early Child Marriagen (ECM) In Iran, New York: Nova Publishing.

لە دوو توێی کتێبێک بە ناوی ماڵێک لە سەر ئاو[1] کۆ کردەوە. سیغەی مەحرەمێتی یان هاوسەرگیریی کاتی لە نۆرمە نەریتی و ئایینییەکانی ئێرانە کە لە ڕووی یاساییەوە ڕەوایە. بە پێی مادەی 1075 و 1076ی یاسایی مەدەنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، مەتعە یان هاوسەرگیریی کاتی، هاوسەرگیرییەکی بە ماوەی دیاریکراو و بڕە مارەیی دیاریکراوە. بەڵام ئەوەی دەبێ لێک بدرێتەوە ئەوەیە کە یاسا لە زۆرێک لە پرسەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیریی کاتی وەکوو نەفەقە، میرات و هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیریی کاتی بێدەنگی نواندووە. هەروەها منداڵان لە چوارچێوەی سیغەی مەحرەمێتی لێک مارە دەکرێن و لە چوارچێوەی سیغەی مەحرەمێتیدا هەلومەرجی منداڵهاوسەری ئاسان دەبێتەوە کە گرینگترین دەرهاویشتەکەی وازهێنان لە خوێندن لە لایەن قوتابیان، بەتایبەت قوتابیانی کچە. ئەو لێکۆڵینەوانەشی کە هەتا ئێستا ئەنجام دراون، زیاتر پێداگریکردن لە سەر هاوسەرگیریی کاتی بووە و هیچیان بە شێوەی گشتگیر ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییەیان تاوتوێ نەکردووە. کتێبی ماڵێک لە سەر ئاو بۆ یەکەم جار ئەم دیاردەی لە چوارچێوەی بنەما مێژوویی، ئایینی، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان لێک داوەتەوە و هاوسەرگیریی کاتی / سیغەی مەحرەمێتی تاوتوێ کردووە. هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە ئاراستەی شێوازناسیی چۆنایەتی بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی زەمینەدۆزی، ئەم دیاردە بە شێوەی گشتگیر لە سەر ئاستی هەر سێ کەڵێنشاری تاران، ئیسفەهان و مەشهەد لە ساڵانی 1395 – 96ی هەتاوی ئەنجام دراوە. ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە پیشان دەدا کە ڕابواردنخوازی و ئاسانبوونی منداڵهاوسەری دیاردەی تەوەریی هاوسەرگیریی کاتی / سیغەی مەحرەمێتین کە ئەنجامگەلی وەکوو بەدناوی بەتایبەت بۆ ژنان و بیچمگرتنی زەینییەتی نەرێنی لە ناو پیاوان لەمەڕ

---

1. ئەحمەدی، کامیل (1396). ماڵێک لە سەر ئاو: توێژینەوەیەکی گشتگیر لە مەڕ سیغە و سیغەی مەحرەمێتی:
http://kameelahmady.com/fa/temporary-marriage-in-iran

هاوسەرگیریی هەمیشەییان لێ دەکەوێتەوە.




وێنەی 7. ماڵپەڕی سیغەی ئێرانیان هاوسەرگیریی یەک کاتژمێری بە کارتی نیشتمانی لە ماڵپەڕی صیغە ایرانیان. هەندێ لە خانمان لە ماڵپەڕی "صیغه ایرانیان / همسریابی ازدواج موقت در ایران" ناونووسییان کردووە. ئادەرسی ماڵپەڕی: http://funigma.com

لە توێژینەوەی ماڵێک لە سەر ئاو هەوڵ دراوە لایەنە ئاشکرا و شاراوەکانی هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی مەحرەمێتی بە بێ ڕوانگەی لایەنگرانە و بە شێوەی زانستی لێک بدرێتەوە بۆ ئەوەی گۆشەنیگایەکی ڕوون و ورد لە مەڕ ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بخرێتە ڕوو و ڕێکاری یاسایی و ڕاستیبین بخرێتە بەردەم بەرپرسانی جێبەجێکار و یاسادانەر. بەو هیوایەی لە سەر بنەمای ئەم ڕێکارانە، ناوەندی هاوسەرگیریی کاتی لە ئێران لە سۆنگەی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە ڕێک بخرێ، بە جۆرێک کە مافەکانی ژنان و منداڵانی تێدا پێشێل نەکرێ، بنیاتی بنەماڵە و پێگەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی بپارێزرێت. کە گرینگترین ڕێکارەکان بریتین لە: یاسادانان بۆ زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی (بڕیاری) مەحرەمێتی بۆ تەمەنی 15 ساڵان، تۆمارکردنی فەرمی و یاسایی سیغەی مەحرەمێتی / هاوسەرگیریی کاتی لە نووسینگەکانی تەڵاق و

هاوســـەرگیری، بە ناچاریکردن و بێبەرانبەربوونی خوێندن، ڕاوێژی یاســـایی و تەندروســـتی لە ســـێغەی مەحرەمێتی / هاوسەرگیریی کاتی، مەرجدار و سنووردارکردنی یاسای سیغە / هاوسەرگیریی کاتی، یاسادانان بۆ نەفەقە و مافی هەڵوەشانەوە بە قازانجی ژنـان لـە هاوســـەرگیریی کاتیدا، باشـــترکردنی بـارودۆخی ئـابووری، هـەلی کـار و کـارخولقێنی، دەوری زانایانی ئایینی وەک هۆکاری گۆڕینی بیچمی هاوســـەرگیریی کاتی لە ئێران. بەســـتێنســـازیی کەلتووری و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی میدیا گشتییەکان و ئێنجیئۆکان.

### 1-5-2. پەیوەندیی ناعاشقانەکان، دەرکەوتنی عەشقی ڕۆمانسی بەر لە هاوسەرگیری

عەشــق و پەیوەندیی عاشــقانە بەشــی دانەبڕاوی زەین و ژیانی مرۆڤی ئەوڕۆییە. ململانێی ڕەگەزەکان کە لە ئێســـتادا وەگەڕ خراوە، ئاشکراترین هێمای تامەزرۆیی عەشق لە ناو تاکەکانە. مرۆڤ بە هۆی بوونی عەشـــق لە دەروونی خۆیدا هەندێجار هـاوســـەرگیری دەکا و هـەندێ جاریش تـەڵاق وەردەگرێت. عەشق تاکە پێگەیەکە کە مرۆڤ دەتوانێ تێیدا بەستێنی خۆی بە باشـی بناسێ و پەیوەندیی لەگەڵ دیکەی مرۆڤەکان ساز بکات. لە هەمانکاتدا عەشـق خەمهێنەر و سـووکناییبەخشـە؛ وزەیەکی بەهێزە کە بنەمای تایبەت بە خۆی هەیە و پەیامەکانی خۆی لە چاوەڕوانی، دڵەخورپە و ســـەرچەشـــنە ڕەفتارییەکانی خەڵکدا دەنوێنێت (گیدنز، 1389: 262 - 260).

عەشـــقی ســـۆزداریی مرۆڤ بیچمی جۆراوجۆری هەیە. یەکەم قۆناغ خواستە سێکسییەکان و هێزی ژیان پیشان دەدا و دوایین قۆناغ تەواوترین قۆناغی عەشـق یان عەشـقی باڵایە کە هەندێجار عەشقی ئەفلاتوونیشـی پێ دەڵێن (برادشـاو، 1381: 198). عەشـــقی باڵا لە پەیوەندیی جەســـتەیی ئەولاتر دەچێ و وەها ئایدیاخوازانەیە کە دەبێتە ئوســـتوورە. زۆر کەس هەن کە بـە هۆی نـەبوونـی ئـەزموون و پـەروەردەی تـەواوەوە، لـەگـەڵ ئەوەی هەســـت بە بچووکترین گیرایی ســـێکســـیی تێکەڵ بە ورووژانی ســـۆزداری دەکەن، پێیان وایە بـە عـەشـــقی باڵا

گەیشـــتوون (لِپ، 1377: 138). هەندێجار هەندێ ڕوانگەی لەمەڕ عەشق دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییە سۆزدارییەکانی عەشق، گەنجان بەرەو عەشقی نەخۆشئاسایانە بچێ، عەشقی ڕێگرانە و خۆخوازانە کە خەمۆکی، خۆئازاری، گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشـــبەر، داوێنپیســـی و گۆڕینی پەیوەندییەکان و تەنانەت هەندێجار هەڵسـوکەوتی ئازاردەرانە و ئازارخوازانە لە چوارچێوەی ڕووداوی توندوتیژانە و دژەمرۆییانەی وەکوو تیزابڕشتن و دۆستکوژی لێ دەکەوێتەوە.

هەروەها جیاوازیی ڕوانگەی ژنان و پیاوان ســـەبارەت بە عەشـــق دەتوانێ کاریگەری لە ســـەر ناوەندی بنەماڵە دابنێت. گۆڕانی ڕوانگەی زەینی لە چاو نەوەی ڕابردوو، جیهانیبوون و چوونە ناو بەســـتێنی پەیوەندییەک کە لە ڕووی شـــوێنەوە ســـنووردار نییە، دڵەڕاوکێ و ترس لە تەنیایی تاکەکان بەرەو کەلتووری پڕهەرای عەشـــق لە کۆمەڵگەکانی دیکە، بەتایبەت بیچمی ڕۆژاوایی ڕادەکێشـــێت. لە ئەنجامدا تاکەکان تووشـــی ســـەرلێشـــێواویی شـــوێنی و زەمەنی دەبنەوە. ئەگەر تاکەکان تێگەیشـتنێکی دروسـتیان لە چەشـنی پەیوەندیی و شـێوازەکانی ئەم دیاردە هەبێ، ڕەنگە قوربانیانی ڕووداوە ســـۆزدارییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەم ببێتەوە. گیدنێز "پەیوەندیی عاشـــقانەی نـاوازە" بـە پـاک و بێگـەرد دەنـاســـێنێ، پـەیوەنـدیی نـاوازە بەسـتراوەتەوە بە متمانەی دوولایەنە و سـەربەخۆیی لایەنەکان و توانای پەیوەندیســـازکردن لەگەڵ یەکتر وەک دوو کەســـی گەورەســاڵی ســەربەســت، و لە ڕووی ســۆزداری و کردەییەوە شـیاو (گیدنز، 1378: 140)، ئەو پەیوەندییانەی کە تێیدا تاکەکان لەبەر خۆیان دێنە ناویەوە، ڕەزامەندیی تەواو وەدەســت بێنن و بیـانهـەوێ ئـەو پـەیوەنـدییـانـە بپارێزن. پـەیوەنـدیی نـاوازە[1] لـە ڕوانگەی گیدنێزەوە پەیوەندییەکە بێبەری کە لە دەســـتێوەردانی کەلتوور، نەریت، ئایینزا و بنەماڵە و بە هۆیەوە ئەو کەسـانەی کە بۆ خودی پەیوەندییەکە دێنە ناو پەیوەندییەوە، لە حاڵەتێکدا لەم پەیوەندییەی خۆیان بە ئاســـوودە دەبن کە نەریت و ئایینزا

1. Pure relationship

ڕۆڵیان کەم ببێتەوە و تاکخوازی پەرەی سەندبێت.

بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە ژنان و پیاوان لە بارودۆخ و پێکهاتەی ئێران دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سەرمایەگەلی تاکایەتیی یەکسانیان نییە و دەسەڵات و هۆکارێتی دوولایەنەی نێوان ژنان و پیاوان دراوە بە پیاو، ژنان لەم کۆمەڵگایەدا بە هاوسەرگیری پێناسە دەکرێن و تەنانەت بە هەڵکشانی ئاستی خوێندەواری و وەدەستهێنانی هەلی کار، لەو ڕووەوەی کە بایەخی کۆمەڵایەتیی ژنان لە چوارچێوەی پەیوەندیی یاسایی لەگەڵ پیاوان بیچم دەگرێ، هێشتا بە مانای ڕاستەقینەی وشە بە سەربەخۆ لە قەڵەم نادرێن. هەروەها فەرهەنگ و کەلتوور، نەریت، ئایینزا و بنەماڵە دەورێکی بنەڕەتییان لە سەر ژیانی تاکەکان هەیە. هەر بۆیە ناتوانین سەبارەت بە کۆمەڵگای ئێران باس لە پەیوەندیی ناوازەی گیدنێز بکەین. لە ڕاستیدا، جیا لە نەبوونی متمانەی دوولایەنە و نەبوونی سەربەخۆیی لایەنەکان و نایەکسانیی چینایەتی، سیاسی و ڕەگەزیی تاکەکان لە کۆمەڵگا بە پێی دیکەی بەستێنە ژینگەییەکان، گەنجان بە نائاسوودەیی و پڕ لە نیگەرانی و بە شێوەی پەنامەکی لەگەڵ یەکتر پەیوەندیی سێکسی ساز دەکەن.

پرۆسەی مۆدێرنیتەی ئێرانی و وەرچەرخانێک کە بەرهەمی ئەم پرۆسەیە سەرچەشنی پەیوەندیی سێکسی لەم ساڵانەی ڕابردوودا بە شێوەی بەرچاو گۆڕیوە و ئینجا پەرەی پێداوە و پانتاییەکی بەربڵاوی لە هەمەچەشنی و بەدیلەکان کە هەتا بەر لە ئێستا تابۆ بوو، وەبەر سەرچەشنە باوەکان خستووە. سەرەچشنەکانی پێشوو کێشەی زۆریان هەبوو کە هۆگریی هاوسەرەکانی سارد دەکردەوە. پەیوەندیی وشکی بێبەری لە هەر چەشنە هەستێک کە لە نێوان لایەنەکان بەردەوام دەبوو، هاوسەرەکانی تووشی ناڕەزایەتیی دەروونی دەکرد. پەیوەندیی سێکسیی پەتی بە تەواوەتی تێری ناکات. ئەم پەیوەندییە سێکسییانە ڕەنگە جەستەی سووژەی تێر بکردایە؛ بەڵام ڕۆحی هەر وا تامەزرۆ دەهێشتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە لەم پەیوەندییانەدا، پەیوەندیی سێکسی تێکەڵ بە سووکایەتی و هیچاندنی ژن هەتا ئاستی شتێکی شیاوی کڕین بوو و هەر ئەم

بابەتە ژنانی چالاکی ئەم پەیوەندییانەی کرد بوو بە کەسانێکی خەسارەتهەڵگر، سارد و بێهەست و بە متمانە بە خۆیی کەمەوە. بەڵام لە ئاراستەی نوێدا ژن لە ئاستی کاڵایەکی سێکسیی پەتی بۆ دۆست بەرز بوویەوە و پیاویش نە تەنیا جەستەی بەڵکوو بیر لە ڕۆحی خۆشی دەکاتەوە و هەڵوەدای ڕێگەچارەیەک بۆ تێرکردنیەتی. لە ئاراستەی پەیوەندیی ناعاشقانە، بوونی توخمی "پارە" لە بەرانبەر فرۆشتنی لەش مەرجی سەرەکیی بیچمگرتنی پەیوەندیی سێکسی بوو؛ بەڵام لە ئاراستەی پەیوەندیی عاشقانە بوونی توخمی "عەشق" مەرجی سەرەکی بۆ سازدان و بەردەوامیی پەیوەندیی سێکسییە. مرۆڤ لە سەرەتاوە ڕاپەڕێنەرێکی مەعریفەیی نییە، بەڵکوو ڕاپەڕێنەرێکی سروشتییە؛ ئەو هەڵوەدای تێگەیشتن نییە، بەڵکوو هەڵوەدای چێژە و چی چێژێک لە دڵداریکردن سەرتر؟ سەرترین چێژێک کە بە گیان و دڵەوە بۆی تێدەکۆشێ و لەم نێوەندەدا سۆز و سێکس لە سەر بەستێنی عەشق وەها ئاوێتەی یەک دەبن کە هەوڵ لە پێناوی دیاریکردنی پشکی هەر کامیان و لێک جیاکردنەوەیان دژوار دەبێت. لە گوتاری پەیوەندییە عاشقانەکاندا، بیچمگرتنی پەیوەندیی سێکسی تێهەڵکێشی بیچمگرتنی چەمکی "عەشقی ڕۆمانسی" دەبێت. عەشقی ڕۆمانسی تێکەڵێک لە هۆگریی سێکسی و سۆزداری بۆ کەسێکی تایبەتە.

پەیوەندیی سێکسیی عاشقانەی بەر لە هاوسەرگیری زۆر گرێدراو بە دەرفەتەکانی پەیوەندیی سێکسی و دەستڕاگەیشتنی نێوان کچ و کوڕە، دەرفەتگەلێک کە تەکنەلۆژیا نوێکانی پەیوەندی و گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بە باشی ڕەخساندوویەتی. بەشداریی بەرچاوی ژنان لە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکان (ژینگەی زانکۆ و شوێنی کار) بواری پەیوەندیی بیناری و سازکردنی پەیوەندیی سۆزداری بۆ کەسانی جیاواز، گونجاو کردووە. لە ڕابردوودا بە هۆی نەبوونی بواری پەیوەندیی تایبەتی و شاراوە (مۆبایل) و هەروەها بە هۆی بەشداریی کاڵی کچان لە بەستێنە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان، بواری پەیوەندیی لەگەڵ

ڕەگەزی بەرانبەر و درێژەپێدانی هەر وا ئاسان نەبووە، بەڵام لە ئێستادا هەموو ئەم سنووردارێتییانە تا ڕادەیەکی زۆر کەم بۆتەوە و هەر ئەمە هەلی بۆ بیچمگرتنی سەرچەشنی نوێی پەیوەندیی سێکسی لە کۆمەڵگادا ڕەخساندووە. پەیوەندیی عاشقانە خۆی بە سەر پەیوەندیی دۆستایەتی (دۆستەکچی / دۆستەکوڕی) و پەیوەندیی هاوماڵی دابەش دەبێت.

**ئـ) پەیوەندیی دۆستایەتی (دۆستەکچی / دۆستەکوڕی)**

بە باوەڕی هەندێ لە خاوەنتیۆرییەکانی دەروونناسیی گەشە، بیچمگرتنی پەیوەندییە نزیک و عاشقانەکان بۆ مێرمندالان، ڕاهێنانی گەشەی کۆمەڵایەتیی گرینگە. بە تێپەڕینی مندالان بۆ تافی مێرمندالی، ماوەی تێپەڕاندنی کات لەگەڵ هاوتەمەنانی ڕەگەزی بەرانبەریان زیاد دەبێت. لە ناوەڕاستی تافی مێرمندالی هەتا کۆتایی ئەم هەرەتە، ئەم پەیوەندیی دیترخوازانەیە بە شێوەی هۆگریی عاشقانەی لێ دێ و پەیوەندیی عاشقانە بیچم دەگرێت. کەواتە ڕێژەی ئەو مێرمندالانەشی کە دۆستیان هەیە لەم کاتەدا زۆر دەبێت. پەیوەندیی دۆستایەتی چەمکێکی ڕێژەییە؛ کەواتە پێناسەکەشی دەبێ لە بەستێنی فەرهەنگدا ئەنجام بدرێت (هندریک و هاوکاران، 1999).

کاکڵی سەرەکیی ئەم ئاراستە پەیوەندیی دۆستایەتی و هۆگریی سێکسیی تاک بۆ هاوبەشەکەیەتی. لەم چەشنە پەیوەندییانەدا تاکەکان باوەڕێکی ئەوتۆیان بە لایەنە ئایینی و ئاستەنگەکانی بەردەم سازکردنی پەیوەندییە سێکسییەکانیان نییە. لە هەمان کاتدا پەیوەندیی سێکسی لە ناو کەسانی هاوتەمەندا ڕوو دەدات. کەسەکان هاوبەش و دۆستێکیان دەوێ کە هەم لە ڕووی تەمەن و هەم ڕۆحیاتەوە هاوشێوەی خۆیان بێت. لەم پۆلە مژارانەدا، خواستە سۆزدارییەکان هاوئاست لەگەڵ خواستە سێکسییەکان، گرینگییەکی زۆریان هەیە. خاڵی هاوبەشی ئەم مژارانە، بەدواداچوونی "عەشقی ڕۆمانسیی بەر لە هاوسەرگیرییە".

لەم پۆلەدا، پەیوەندیی سێکسیی پاش ئاشنابوونی دوور و درێژ بیچم دەگرێت. لەم بەشەدا ئێمە ڕووبەڕووی

ســـەرچەشـــنێکی ناتەواوی هاوماڵی لە ڕۆژاوا دەبینەوە، بەو جیاوازییەی کە لە وڵاتانی ڕۆژاواییدا ئەو دوو کەســـەی کە پەیوەندیی هاوماڵی ســـاز دەکەن پێکەوە دەچنە ماڵێک و ئابووریی هاوبەشـــیان هەیە. بەڵام لە وڵاتی ئێراندا بە هۆی سـنووردارییی زۆرەوە، بە شـێوەی جیا دەژین و لە هەندێ لە کاتەکاندا سـێکس دەکەن. بە هۆی بوونی توخمی عەشـــق و هۆگرییە سۆزدارییەکان ژوانی دەرەوەڕۆیشتن، وەکوو چوونە پارک و سینەما، لەم سەرچەشنەدا بەدی دەکرێ، جۆرێک لەو پەیوەندییانەی کە لە چەشنەکانی پێشوودا هیچ مانایەکی نەبوو. بە پێچەوانەی سەرچەشنی پەیوەندییە ناعاشقانەکان، ئامانج لە سازدانی پەیوەندیی لەم چەشنە مژارانەدا، وەدەستهێنانی چێژ بۆ پیاو و داهات بۆ ژن نییە. لەم چەشـــنە پەیوەندییانەدا، پرۆســـەی ئابووری بە قازانجی هیچ کام لە لایەنەکان نییە و تەنیا لەوانەیە وێنای مادی لە پەیوەندیی عاشقانە لە چوارچێوەی پارە سەرفکردن بۆ گەڕان، دیاریوەرگرتن و ...دا خۆی بنوێنێت. بە بەراورد لەگەڵ گوتاری پەیوەندیی ناعاشـــقانە، فرەچەشنخوازی لەم چەشنە کەسانەدا کەمترە؛ ئەوان لە یەک کاتدا تەنیا لەگەڵ کەســـێک پەیوەندییان هەیە کە ئەم پەیوەندییە هەر دوو لایەنی ســـێکســـی و ســـۆزداری دەگرێتەوە و پاش هەڵوەشانەوەی ئەو پەیوەندییە شوێنی کەسێکی دیکە دەگرن بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ کەســـێکی دیکە گەڵاڵەیەکی نوێ دابڕێژن و درێژە بە ئاراستەی پێشوویان بدەن.



وێنەی 6، بە گوێرەی ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران، پەیوەندیی دۆستایەتییانەی تێکەڵ بە پەیوەندیی سێکسیی کچ و کوڕ ئامارێکی زۆری لە خۆ گرتووە و لەم ساڵانەی دواییدا ڕەوتەکەی ڕوو لە هەڵکشان بووە. بڕوانە ماڵپەڕی: https://tavaana.org/fa

## ب) پەیوەندیی هاوماڵی، سەرهەڵدانی سەڵتە هاوسەردارەکان

پەیوەندیی عاشقانە لە سەرچەشنە پێشکەوتووەکاندا، خۆی دەبێتە هۆی پەیوەندیی هاوماڵی. ئەم سەرچەشنە نوێیە هەموو تایبەتمەندییەکانی چەشنی پێشووی هەیە بەو جیاوازییەی کە ئەم کەسانە ژیانی پێکەوە لە ناو ماڵێکدا بە ئەزموون دەکەن و ژیانی ئابووریی هاوبەشیان هەیە. پەیوەندییە هاوماڵییەکان ڕکابەرێکی نوێ بۆ ناوەندی هاوسەرگیریە و خۆی وەک هاوسەرگیریی نافەرمی پیشان دەداتەوە، سەرچەشنێکی پەیوەندی کە زۆرێک لە پابەندی و مەرجەکانی هاوسەرگیری هەیە؛ بەڵام خۆی لە یاسا، نەریت و ئاستەنگەکانیان دەدزێتەوە. لە هاوماڵیدا، دوو هاوبەشەکە کەسانێکی خاوەن پیشە و دەرچووی زانکۆن و بیر و باوەڕی ڕۆشنبیرانەیان هەیانە کە بە بیانووی بەئەزموونکردنی ژیانی سەڵتی و سەربەخۆ، لە ماڵی باوکیان هاتوونەتە دەرەوە و بە بێ ئەوەی دایک و باوک

لەم بەسەرهاتە ئاگادار بن، پێکەوە ژیانی هاوبەش دەست پێ دەکەن. هەستی سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە کۆت و بەندی نەریتەکانی کۆمەڵگا لە گرینگترین هۆکارەکانی بیچمگرتنی ئەم پەیوەندییانە لە لایەن مژارەکانە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە بیانووی هەستیاربوونی ئەم پەیوەندییانە کۆتاییان پێ دێت.

## 1ــ5ــ3. پەیوەندیی دژەعاشقانە، دەرکەوتنی سەرچەشنەکانی فریودان

لە ناو دڵی پەیوەندییە مۆدێڕنەکاندا، پەرەسەندنی سەرچەشنی فرەڕەنگ بەرز بۆتەوە. سەرچەشنەکانی پێشوو لە ڕوانگەی نەوەی نوێوە هەر کامیان هەڵگری کێشەی زۆر بوون کە وردە وردە مژارە ئەزموونەدارەکان فێر بوون کە تێچووی ئەم پەیوەندییانە زیاتر لە قازانجەکانیەتی. لە پەیوەندیی ناعاشقانەدا، پیاوان سێکسیان لەگەڵ ئەو ژنانە دەکرد کە لە بەرانبەر تێرکردنی جەستەی پیاو، پارەیان وەردەگرت، تێرکردنێکی ناتەواو کە تێچووی مادی هەبوو. لە لایەکی دیکەوە ژنیش لەم پەیوەندییەدا هەتا ئاستی کاڵایەکی هیچێنراو دادەبەزێنرا. بەڵام لە پەیوەندیی عاشقانە ئاڵوگۆڕی پارە بۆ ئاڵوگۆڕی سۆزداری بەرز دەبۆوە. بەم حاڵەوە، پەیوەندیی عاشقانەش کێشەی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەم پەیوەندییە هەڵی بێناوی لە هەر دوو لا زەوت دەکرد و ناوی ئەم پەیوەندییەیان لێ دەنرا کە دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتیی هەمەجۆری هەبوو.

لە لایەکی دیکەشەوە هەستی پابەندیی سۆزداری و سێکسی، ڕێگری لەوە دەکرد کە مژاری ئەزموونی نوێی عاشقانە وەدەست بێنێ و هەموو ئەم پرسانە لە پاڵ ئەگەری دابڕان و خەسارەتە زۆرەکانی عەشقی ڕۆمانسیی بەر لە هاوسەرگیری، دەبووە هۆی ئەوەی تێچووەکانی ئەم چەشنە پەیوەندییانە بەرز ببێتەوە. تیۆرییەکی دیکە پێویست بوو کە لە ڕوانگەی مژارەوە، ئەم خەسارەتانە لە ناو ببا و پەیوەندیی دژەعاشقانە وەڵامێک بۆ ئەم خواستانە بووە. ئامانج لە پەیوەندیی دژەعاشقانە فرەچەشنیی زیاتر، پابەندیی کەمتر و گەیشتن بە بەرژەوەندیی تایبەت لەو پەیوەندییە سێکسییانەیە کە تا ڕادەیەک لە عاشقانە

دەچن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم پەیوەندییە دژەعاشقانەیە بە ڕەواڵەت عاشقانە و تێکەڵ بە درۆیە. تایبەتمەندیی پەیوەندیی دژەعاشقانە فرەهاوسەریی شاراوەیە. لەم پەیوەندییانەشدا توخمی پارە نە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەڵکوو بە شێوەی دیاری و ئاڵوگۆڕی ئەم دیارییانە لە پەیوەندییەکانی سووژەدا بەدی دەکرێت. تایبەتمەندیی ئاشکرای زۆربەی ئەم مژارانە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی زۆر لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەرە. لە پەیوەندیی دژەعاشقانە، عەشق ئامرازێک بۆ سێکسە، ئامرازێک بۆ فرەچەشنیی زیاتر لەو پەیوەندییە سکێسییانەیە کە بۆن و بەرامەی سۆزدارییان لێ دێ: سۆزدارییەک کە لە هەڵخەڵەتاندن دەچێت. لەم چەشنەدا، عەشق بۆ تاکەکان سەرچاوەی ئیلهامی وزەیەکی دەروونی بۆ پاڵفتنی خواستەکان نییە، بەڵکوو ئەمە خۆی بیانوویەکە بۆ تێرکردنی خواستە سێکسییەکان. مانەوەی ئەم پەیوەندییە بە ڕەواڵەت عاشقانەیە گرێدراو بەو درۆیانەیە کە لایەنەکان بە سەرکەوتوویییەوە بۆ یەکتری دەکەن. ئامانجی پیاوان لە پەیوەندیی دژەعاشقانە لە قۆناغی یەکەمدا، گەیشتن بە فرەچەشنیی سێکسییە. لە ئەگەری تێرنەبوون یان تەنانەت هەندێجار بە شێوازی هاوتەریب، ئامانجی دیکەش دەخەنە ناو بەرنامەکانیان. بەڵام ژنان هەڵوەدای ئامانجە دارایییەکانن و پەیوەندییەکان بە قازانجی خۆیان بەرەو پرسە ئابوورییەکان دەبەن.

ئەوڕۆکە پەیوەندیی دژەعاشقانە عەشقی کردووە بە بابەتێکی بازرگانی، عەشقێک کە دەتوانین بەردەوام بۆ کەسانێکی بێژوماری بخەینە ڕوو و داوای خزمەتگوزاریمان هەبێت. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە جیاوازیی پەیوەندیی عاشقانە و دژەعاشقانە تەنیا لە "زەینی سووژە"ـیە. هەڵسوکەوتی ئەم دوو جۆرە عەشقە لێکچوونێکی زۆریان پێکەوە هەیە و هەر ئەمەش وای کردووە کە کەسانی بێئەزموون زۆر بە ئاسانی لە خشتە ببرێن و بە نرخێکی زۆر هەرزان عەشقەکەیان بفرۆشن و ڕقێکی زۆریان بۆ ڕەگەزی بەرانبەر و هەرچەشنە پەیوەندیی عاشقانە هەبێ و خۆیان لە قۆناغی دواتر بۆ تۆڵەکردنەوە لە کۆمەڵگا بەرەو پەیوەندیی دژەعاشقانە ڕاکێش بکرێن.

**4-5-1. پەیوەندیی پشتەبستوو بە عەشقی مەلەوەر**

ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە دواییین‌ترین سەرچەشنەکانی پەیوەندی لە ژێر جلی کۆمەڵگای شارییە. لە ڕوانگەی مژارەکانی پۆلی نوێوە عەشقی ڕۆمانسیی بەر لە هاوسەرگیری لاوازییەکی سەرەکی هەیە و ئەویش ئەوەی کە هەر سات ئەگەری ئەوە هەیە هەر کام لە لایەنەکان واز لەم پەیوەندییە بێنن. هەر لەبەر ئەوە "نائاسایشیی سۆزداری" لەم پەیوەندییەدا زۆرە، جۆرێک ناسەقامگیری کە خۆی هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووریی فرەچەشنی هەیە. هەر بۆیە وردە وردە کەسانێکی زۆر لە ڕێگەی ئەزموونەوە بۆیان دەرکەوتووە کە بۆ پەیوەندییەک کە ڕێی تێدەچێ لەق بێ، وزەیەکی سۆزداریی ئەوتۆ تەرخان نەکەن بۆ ئەوەی لە کاتی دابڕان زیانێکی ئەوتۆیان پێ نەگات. لە لایەکی دیکەشەوە پابەندییە دوو لایەنەکان لە حاڵەتی پێشوودا، وەک فاکتەرێکی سنووردارکەرەوە بۆ مژارەکانی نوێ سەیر دەکرێت. ئەم فاکتەرە لە پاڵ فاکتەرەکانی دیکە هەلی بیچمگرتنی عەشقی مەلەوەری لە کۆمەڵگادا ڕەخساندووە. عەشقی مەلەوەر بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنیتەی ئەم دواییەیە و ئاراستە پاش‌مۆدێرنەکانی ڕۆژاوایە. لەم سەرچەشنە نوێیەدا، چەمکی عەشق پێناسە کراوەتەوە و لە چوارچێوەی ڕێژەییەکی تونددایە. ئەم سەرچەشنە نوێیەی پەیوەندییە پابەندیی بەزاکون و ڕەهاخوازانەی عەشقی ڕۆمانسی پێشێل دەکا و نکۆڵی لە پێویستیی پەیوەندیی دۆستانە و دەروەستانە دەکات (Giddenns، 1992: 136).

عەشقی مەلەوەر دەڕوانێتە ئەم بابەتەی کە تاک لە بری ئەوەی پەیجۆری خۆشکردنەوە و بەدیلکردنی بەرژەوەندیی دیترخوازانە لە سەرووی بەرژەوەندیی تاکایەتی بێت، هەوڵدای پەیوەندییەکی کورتخایەنە کە لە کورتترین کاتی لواودا خواستە سێکسی و جەستەییەکانی تێر بکا؛ بەڵام ئەو لە عەشقە ئەگەری و باشترەکانی داهاتوودا بێبەش نەکات.

دەتوانین تەنیایی دووقات، خەمۆکی، نیگەرانی و تێرنەبوون لە پەیوەندیی سۆزداری وەک مەلەوەریی عەشق لە ناو کەسانی جیاواز وەک ئۆبژەی عەشق لە قەڵەم بدەین.

نابێ ئەم خاڵە لەبەر چاو نەگرین کە عەشقی مەلەوەر لە ڕاستیدا عەشق نییە، بەڵکوو خۆشویستنە. لە سەرچەشنی نوێدا، عەشق لاواز و کاڵ دەبێتەوە بەڵام لە چوارچێوەکانی دیکەدا درێژە بە ژیانی دەدات. بە واتایەکی دیکە، لەو پەیوەندییانەی کە لە سەر بنەمای مەلەوەریی عەشقە جۆرێک ئاڵوگۆڕخوازی بەدی دەکرێ کە تێیدا لایەنەکان هەتا ئەو کاتەی پەیوەندی وەک پێگەیەک بۆ گۆڕینەوەی گرێبەستەکانیان بزانن درێژەی پێ دەدەن و هەر شتێک ئەم پرەنسیپە ڕەت بکاتەوە ئەوە ڕێگریشی لە درێژەدان بەم پەیوەندییە کردووە. مرۆڤی خاوەنی بیری پاشمۆدێرن عاشق نییە بەڵکوو خۆشەویستی دەکا و لایەنگری دۆستایەتییە، بەڵام نەک دۆستایەتیی توند و گەرم. بەشێک لە بوونی دەدا و نە هەمووی. ئەو تێدەکۆشێ ڕێژەیەکی زیاتری بە ئاستی کەمتر خۆش بوێ؛ چونکە ئەمەی پێ جۆرێک بیمەیە؛ بیمەیەک لە هەمبەر پەتاکانی عەشقی ڕۆمانسیی بەر لە هاوسەرگیری لە سەردەمی هاوچەرخدا.

**1ـ6. دەرکەوتنی بیچمی نوێی بنەماڵە بە جەختکردنە سەر هاوسەرگیریی سپی**

مێژووی بیچمگرتنی ناوەندی بنەماڵە و گۆڕانە پێکهاتەییەکانی لە ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژ لە بیچمی بەربڵاوەوە بۆ بیچمی ئێستایی و ناوەکی، بەسەرهاتێکە کە زۆر بیستراو و خوێندراوەتەوە، بەڵام ئەم بنەماڵە ناوەکی و بچووکەی ئەوڕۆ لە بەر دەم شاڵاوی جۆراوجۆردایە، لە جۆرەکانی تەڵاقەوە بگرە هەتا دەگاتە بیچمە هەمەجۆرەکانی هاوژینی.




وێنه‌ی 7. ساڵانی ده‌یه‌ی 60 و 70 زایینی ده‌ستپێکی گریمانه
سێکسییه‌کانی وه‌کوو هاوڕه‌گه‌زخوازی و هاوماڵی بوو. بڕوانه ماڵپه‌ڕی:
https://edition.cnn.com

له ماوه‌ی چه‌ند ده‌یه‌ی ڕابردوودا، ناوه‌ندی بنه‌ماڵه له سه‌ر ئاستی جیهاندا گۆڕانێکی به‌ربڵاوی به خۆوه بینیوه. ئه‌و وه‌رچه‌رخان و گۆڕینانه‌ی که ڕه‌گه‌که‌یان ده‌چێته‌وه سه‌ر شۆڕشی سێکسیی کۆتایی ده‌یه‌کانی 1960 له وڵاتانی ئه‌ورووپایی و ئه‌مریکایی (Carr، 2011). شۆڕشێک که تا ده‌هات گۆڕانی گوتاری سێکسی و گۆڕانی بنه‌ڕه‌تی له ڕوانگه، ئه‌خلاق و هه‌ڵسوکه‌وتی سێکسی له زۆربه‌ی وڵاتانی ڕۆژاوایی لێ ده‌که‌وته‌وه (LaDuke، 2006: 17). یه‌کێک له گرینگترین ئه‌نجامه‌کانی شۆڕشی سێکسی له ڕۆژاوا، په‌ره‌سه‌ندنی په‌یوه‌ندیی سێکسیی به‌ر له هاوسه‌رگیری[1] له‌م وڵاتانه‌دا بووه (Legkauskas and Stankeviciene, 2009; Regnerus and Uecker, 2011) ئه‌و په‌یوه‌ندییانه‌ی که به‌ره به‌ره ناوچه‌کانی دیکه‌ی جیهانیشی گرته‌وه.

ئه‌م شۆڕشه به ئوستوورەسڕینه‌وه له په‌یوه‌ندیی سێکسی، ئه‌وه‌ی کرد به بابه‌تێکی ئاسایی که زۆر به ئاسانی له قۆناغی به‌ر له هاوسه‌رگیری شیاوی وه‌ده‌ستهێنانه. له‌م قۆناغه‌دا،

---

1. premarital sex

تێرکردنی خواستە سێکسییەکان لە پشتبەستن بە هاوسەرگیری جیا بۆوە؛ بەڵام پەرەسەندنی پەیوەندییە سێکسییەکانی بەر لە هاوسەرگیری زەمینەی بۆ گۆڕانە دیاریکەرەوەکانی دواتر خۆش کرد و لەم نێوەندەدا نە تەنیا وردە وردە تەمەنی هاوسەرگیری بەرز کردەوە، بەڵکوو زەمینەی کۆمەڵایەتیی پێویستی بۆ سەرهەڵدانی سەرچەشنگەلی وەکوو هاومالّی دابین کرد. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لەم قۆناغەدا لایەنی ڕادیکاڵتریان بە خۆوە گرت. لە سەرەتاکانی شۆڕشی سێکسی، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی هاوسەرگیری لە ئەورووپا و ئەمریکا تا دەهات زیاتر دەبوو، زۆر کەس بەردەوام هاوسەرگیرییان دەکرد؛ بەڵام بە کەمێک دواکەوتنەوە. بەڵام ئەمە کۆتایی هەموو شتێک نەبوو و شۆڕشی سێکسی بە پەرەسەندنی سەرچەشنە هاوماڵییەکان، ئەم جارەیان زەبرێکی زۆر توندی نە تەنیا لە ئوستوورەی پەیوەندییە سێکسییەکان وەشاند بەڵکوو زەبری لە خودی هاوسەرگیریش دا. سەرهەڵدانی سەرچەشنگەلێک لە پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر کە نە تەنیا پەرەی بە پەیوەندییە سێکسییەکانی بەر لە هاوسەرگیری هەتا ئاستی سۆزداری دا، بەڵکوو بۆ سەر ئاستی ژیانی هاوبەشی بێهاوسەرگیریی نێوانیان بەرزی کردەوە و بوو بە سەرچەشنێک لە پەیوەندی کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لایەنگریان زیاتر دەبێت (Bumpass and Lu ,2000).

لەم نێوەندەدا، جیا لە پرسە ئابوورییەکان، گۆڕانکارییە نۆرم و بەهاییەکانیش لە بیچمگرتنی ئەم پەیوەندییانەدا دەوریان بینیوە. یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی هاوماڵی، لاوازکردنی بنەما فەلسەفییەکانی هاوسەرگیری لە وڵاتانی ڕۆژاوایی بوو. ئەوڕۆکە بە بۆچوونی گەنجانی ئەم وڵاتانە، دوو چەمکی پابەندێتی بە ژیان لەگەڵ یەکتر و پابەندێتی بە هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتر لێک جیاوازن. لە حاڵێکدا لە دەیەی 1960، لە هەموو وڵاتاندا هاوماڵی شتێکی دەگمەن و کەم بوو، بەڵام ئێستا لە سەرتاسەری ئەورووپا و ئەمریکا، بەتایبەت لە ناو گەنجانی نەوەی نوێتر بە شێوەی بەرچاو خەریکە قبووڵ دەکرێ و ڕووی لە زیادبوونە ( Mills, 2000; Thornton et al.,

2007). بۆ وێنە لە ئەمریکا لە دەیەی 1970 نزیک بە 400 هەزار هاوسەرگیری لە چوارچێوەی سەرچەشنی هاوماڵی ژیانیان بە سەر دەبرد؛ بەڵام ئەمە لە دەیەی 1980 گەیشتە یەک ملیۆن و 500 هەزار هاوسەر (Spanier، 1985). و لە کۆتاییەکانی دەیەی 1990 سنووری 4 ملیۆن کەسی تێپەڕاند (Seltzer، 2000). ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی ئامارەکانی ساڵی 2010، پتر لە 7 ملیۆن هاوسەر لە ئەمریکا لە چوارچێوەی هاوماڵی پێکەوە دەژین. هەروەها لێکۆڵینەوەکان پیشان دەدا کە پتر لە نیوەی ئەو ژنانەی کە لە ئەمریکا هاوسەرگیرییان کردووە، پێشتر پەیوەندیی هاوماڵییان لەگەڵ هاوسەری ئێستایان بە ئەزموون کردبوو (Goodwin et al، 2010). ئەم گۆڕانکارییانە ئەوە دەردەخەن کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕووداوێکی گرینگ لەم کۆمەڵگایانەدا ڕووی داوە. وەرچەرخانە ئابوورییەکان و ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی کە بە دوایدا هات زۆرێک لە هاوکێشەکانی تێک داوە. لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندیی سێکسی بەر لە هاوسەرگیری لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان تا دەهات تەمەنی هاوسەرگیری لەم وڵاتانەدا هەڵکشانی بە خۆوە دەبینی، هەروەها لەگەڵ پەرەسەندنی هاوماڵی ڕێژەی هاوسەرگیرییەکانیش بە شێوەی بەرچاو دابەزی؛ چونکە هاوماڵی ببوو بە ڕکابەری ڕژدی هاوسەرگیری (Pla andBeaumel، 2010).

ئەوڕۆکە هاوسەرگیری بەرەو لاوازبوون دەچێ و سەرچەشنی هاوماڵی ڕووی لە بەهێزبوونە. بۆ وێنە، پێوەرەکان لە کانادا دابەزینی بەرچاوی ڕێژەی هاوسەرگیری لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو پیشان دەدەن. لەم وڵاتەدا ڕێژەی هاوسەرگیریی ژنان هەتا 50 ساڵان لە 95 لە سەدی ساڵی 1965 بۆ کەمتر لە 60 لە سەد لە ساڵی 2003 دابەزیوە. لە بەرانبەردا، هاوماڵی لە کانادا بۆ 300 لە سەد گەشەی کردووە و لە 15 لە سەدی کۆتاییەکانی دەیەی 1960 بۆ نزیک 50 لە سەد لە ساڵی 2000 بەرز بۆتەوە (Bourdais and Lapierre،

2004). لە کیشوەری ئوقیانووسییەش هاومالّی ڕووی لە هەڵکشانە؛ بە شێوەیەک کە لە ئوسترالیا لە 16 لە سەدەوە لە ساڵی 1975 گەیشتووەتە پتر لە 70 لە سەد لە ساڵی 2007 زایینی (Hewitt and De Vaus, 2009). ئەم گۆڕانکارییانە بۆ ئەمریکای باکووری و ئوقیانووسییە سنووردار نابێتەوە و ئەورووپاش ڕەوتێکی هاوشێوەی بە ئەزموون کردووە.



وێنەی 8. لە وڵاتانی ئەورووپایی وەکوو سوید هاوسەرگیریی سپی بابەتێکی باو و نۆرمدارە. بڕوانە ماڵپەڕی: https://bustedhalo.com

ئەگەرچی هاومالّی لە ئەورووپا دیاردەیەکی نوێ نییە و بەر لە شۆڕشی سێکسی دەیەی 1960 زایینیش بە هۆکاری جۆراوجۆر لە هەندێ لە کۆمەڵگا ئەورووپاییەکاندا هەبوو، لەو کاتەدا کردەوەیەکی نایاسایی و هەروەها وەبەر سزا دەکەوت و هەڵبەت دەگمەن بوو. کیێرنان (Kiernan, 2001) لە وتارەکەیدا پیشان دەدا کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دەرکەوتنی هاومالّی زیاتر کەسانی نەدار و هەژار کە توانای هاوسەرگیریان نەبوو، دەهاتنە ناو ئەم چەشنە پەیوەندییانەوە و کێشە ئابوورییەکان یەکێک لە هۆکارەکانی بیچمگرتنی هاوسەرگیریی سپی بوو. کۆمەڵێکی دیکەش بە هۆی گرفتی پاش جیابوونەوە یان مەرگی هاوسەرەکانیان دەهاتنە ناو ئەم پەیوەندییانەوە.

بۆ وێنە، نەڤهێرتس (Nave Herz, 2000) لە ئەڵمانیا ڕایدەگەیێنێ کە پاش شەڕی جیهانیی دووهەم لەم وڵاتەدا ژنانی

بەساڵاچوو پاش تەڵاق یان مەرگی هاوژینی ژیانیان زۆر جار هاوماڵییان لە هاوسەرگیریی دووبارە پێ باشتر بوو؛ چونکە نەیاندەویست مووچەی تافی بێوەژنییان کە دەوڵەت پێی دەدان، لێیان ببڕێت. بەڵام لە دەیەی 1960 بەم لاوە لە ئەورووپا، ئەمجارەیان نە تەنیا کەسانێک بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی تایبەتەوە بەڵکوو گرووپە جیاجیاکانی خەڵکیش ڕوویان کردە ئەم شێوە پەیوەندییانە و تا دەهات هاوماڵی لە ناو زۆربەی چین و گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا پەرەی دەسەند (Carmichael، 1995). لەم نێوەندەدا پرۆسەی گۆڕانی ڕوانگەی سەبارەت بە هاوسەرگیری و پەرەسەندنی ڕوو لە زیادبوونی هاوماڵی قبووڵکردنی یاسایی ئەم پەیوەندییانەشی لەگەڵ خۆی هێناوە. بۆ وێنە ئەوڕۆکە لە سەر ئاستی یازدە وڵاتی ئەورووپی وەک پەیوەندییەکی یاسایی داکۆکی لە سەر هاوماڵی دەکەن و لە وڵاتانی دیکەی ئەم کیشوەرەدا سەرەڕای ئەوەی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە بەیاسایی نەبووە، بەرەنگاریشی نابنەوە؛ بە جۆرێک کە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی هاوسەرە هاوماڵەکان هاوتەریب لەگەڵ هاوسەرە هاوسەرگیریکردووەکان (پێکەوە) دەژین و تەنانەت منداڵیشیان دەبێت. بە واتایەکی دیکە، درێژبوونەوەی پەیوەندیی هاوماڵی لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن دەروەستییەکی دوورلایەنەی بەدی هێناوە و هەر ئەمەش وای کردووە کە کەسەکان هەست دەکەن کە ئامادەیی خستنەوەی منداڵ / منداڵەکانیان هەیە و پەیوەندییەکەیان لە چوارچێوەی باوی پەیوەندیی سێکسی و هاوسەرگیری نزیکتر ببێتەوە. ئەو ئەنجامە لێکۆڵینەوەییانەی کە لە ساڵی 2002 لە ئەمریکا ئەنجام دراوە ئەم ئیدیعایە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ درێژبوونەوەی پەیوەندیی هاوماڵی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دابڕانی کەمتر و پابەندیی زێدەتر هەیە.

سەرباری ئەمە گۆڕانکارییەکانی بنەماڵە لە سەرتاسەری ئەورووپا بە شێوەی یەکدەست ڕووی نەداوە، بەڵکوو لە ماوەی ئەم 50 ساڵەی دواییدا ڕەوتی پەرەسەندنی ئەم گۆڕانکارییانە لە

باکووری ئەورووپا بەرەو باشـــوورەوە بوو (Prinz، 1995؛ Roussel، 1992). برەوداربوونی هاومالّی لە ئەورووپا، کە لە ناوەڕاســـتی دەیەی 1960 دەســـتی پێکرد، لە قۆناغی یەکەم لە باکووری ئەم کیشـــوەرە و لە وڵاتی ســـوید ڕووی دا (Trost، 1978؛ Trost، 1979) و پاش ئەوەی کە لەم وڵاتەدا پەسەند کرا، لە قۆناغی دووهەمدا زیاتر پەرەی ســـەند و لە دەیەی 1970 گەیشــتە وڵاتانی ناوەندی ئەورووپا وەکوو فەڕەنســە، نەمســا، ســـوویســـڕا، ئەڵمان، هۆڵەندا و ئینگلتەرا. ئینجا، لە قۆناغی سێیەمی ژیانی مێژوویی خۆی لە سەرەتای دەیەی 1980 بەرەو باشـــووری ئەورووپا و وڵاتانێکی وەکوو ئیتالیا، پورتەگال، ئیسپانیا و یۆنان گوازرایەوە (Loffler، 2009: 16).

بەم شـــێوە، هاومالّی لە ئەورووپا بە تێپەڕاندنی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بەرە بەرە لە کردەوەیەکی لادەرانە و نانۆرمەوە بەرەو کردەوەیەکی نۆرمدار و جێکەوتوو ماناکەی گۆڕا. لەم نێوەندەدا، ڕەوتی مێژوویی و هێورانەی پەرەسەندنی هاومالّی لە ئەورووپا، لەم وڵاتانەدا ئاســـتی کاریگەرییەکانی جیاواز بوون؛ بۆ وێنە هاومالّی لە باکوور و ناوەندی ئەورووپا بە هۆی پێشـــەنگە مێژووییەکەی لە چاو باشـــووری ئەورووپا برەوی زێدەتری هەبوو. ئەم پەیوەندییانە لە ناوەند و باشووری ئەورووپا لە 80 لە ســەدی فەڕەنســە هەتا 10 ســەدی ئیتالیا لە ڕاژاندایە (Timberlake and Heuveline, 2004). ئەمە لە حالێکدایە کە لە وڵاتی ســـوید لە باکووری ئەورووپا، کە پێشـــەنگی هاومالّی لەم کیشـــوەرەدایە، زۆربەی گەنجان هاومالّییان لە هاوســـەرگیری پێ باشـــترە و بە لێکدانەوەی تڕۆســـت (Trost، 1978: 186): "گەنجان لە ســـوید هاومالّی لە بری هاوســـەرگیری هەڵنابژێرن؛ لەوێ تەنیا هاومالّی بوونی هەیە."

پەرەســـەندنی هاومالّی لە وڵاتانی ڕۆژاوایی وەک بیچمێکی نوێی بنەماڵە، گرینگترین گۆڕانی ســـەرچەشـــنی بنەماڵە لە

ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوو بووە (Nazio، 2008: 2008). ئەوڕۆکە لە ڕۆژاوا دوو چەشنی سەرەکیی هاوماڵی بوونی هەیە: "هاوماڵیی بەر لە هاوسەرگیری"[1] و "هاوماڵیی بە بێهاوسەرگیری"[2]. لە سەرچەشنی یەکەمدا هاوماڵی زیاتر قۆناغێکی سەرەتایی و تاقیکردنەوەییە بۆ هاوسەرگیرییەکی باشتر (Rhoades et al ;2010 ,Murrow and Shi، 2009) بەڵام لە سەرچەشنی دووهەمدا، هاوماڵی بە شێوەی بنەڕەتی هاوسەرگیری پەراوێز خستووە و خۆی بۆتە جێگرەوەی. هاوماڵیی بەر لە هاوسەرگیری بووە هۆی دواکەوتنی کاتی هاوسەرگیری. لە لایەکی دیکەشەوە لە سەرچەشنی یەکەمدا هاوماڵییەکان کورتتر و لە سەرچەشنی دووهەمدا درێژخایەنترە و هەر لەبەر ئەوە، هاوماڵیی بەر لە هاوسەرگیری کەمتر منداڵی لێ دەکەوێتەوە (Brown and Booth, 1996). بە پێچەوانەوە لە سەرچەشنی هاوماڵی بە بێ هاوسەرگیری، منداڵخستنەوەی زۆر بەدی دەکرێت. هاوماڵی بە بێ هاوسەرگیری، کە شێوازی قووڵ و پێشکەوتووی هاوماڵییە، لە وڵاتانی باکووری ئەورووپا وەکوو سوێد، دانیمارک و هەروەها هەندێ بەشی ئەمریکای باکووری وەکوو کانادا باوە. هاوماڵی بەر لە هاوسەرگیری تایبەتمەندیی زۆرێک لە وڵاتانی ناوەند و باشووری ئەورووپا و بیچمی زاڵی هاوسەرگیری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە؛ بە جۆرێک ئەوڕۆکە زۆرێک لە هاوسەرگیرییەکان لە ئەمریکا لە پێشدا بە هاوماڵی دەست پێدەکات (Casper and Bianchi ,2001). هەڵبەت ڕەوتی گۆڕانکارییەکانیش پیشان دەدا کە لەگەڵ پەرەسەندن و قبووڵکردنی هەرچی زیاتری هاوماڵی لە سەر ئاستی وڵاتانی ناوەند و باشووری ئەورووپا و هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان، سەرچەشنەکانی هاوماڵی بەر لە هاوسەرگیری لەم وڵاتانەشدا بە خێراییەوە بەرەو سەرچەشنی هاوماڵیی بێ هاوسەرگیری ڕووی لە گۆڕانە؛ ڕەوتی توندی گۆڕانکارییەکان

---

1. premarital cohabitation
2. non-marital cohabitation

کە لە داهاتوودا کاریگەریی گرینگ و درێژخایەن لە سەر پێکهاتەی ئەم کۆمەڵگایانەدا بە جێ دەڵێت (Manning, 2002 and Smock).

بەڵام لە ئێستادا هاوماڵی نە تەنیا لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەڵکوو تەنانەت لە وڵاتانی پێشنەکەوتووش خەریکە گشتگیر دەبێت. ئێستێڤ و هاوکارەکانی (Esteve et al.,2012) لە ئەمریکای لاتین ڕایدەگەیێنن کە هاوماڵی لە وڵاتانی ئەم بەشەی جیهان بە شێوەی بەرچاو ڕووی لە هەڵکشان کردووە؛ بۆ وێنە لە بڕازیل لە ساڵی 1970 تەنیا 7 لە سەدی گەنجان پەیوەندیی هاوماڵییان بووە، بەڵام لە ساڵی 2000 ئەم ڕێژەیە گەیشتووەتە نزیکەی 40 لە سەد. بەڵام بەسەرهاتەکە بەمە کۆتایی نایە؛ چونکە ڕێژەی ئەم هاوماڵییانە لە هەندێ لە وڵاتانی دیکەی ئەم ناوچەدا تەنانەت زیاتر پەرەی سەندووە. ئێستێڤ و هاوکارەکانی لە وتارەکەیاندا پیشان دەدەن کە هاوماڵی لە ئەرجەنتین و ڤێنێزوێلا لە ساڵی 2000 گەیشتووەتە نزیکەی 50 لە سەد و لە وڵاتانی کووبا و کلۆمبیاش لە ئێستادا نزیکەی 60 لە سەدی گەنجان پەیوەندیی هاوماڵییان هەیە. لەم نێوەندەدا هاوماڵی و گۆڕانکارییەکانی سەرچەشنی بنەماڵە، ئەگەرچی درەنگ بەڵام گەیشتووەتە کیشوەری ئاسیاش. پرۆسەی بەجیهانیبوون، پەرەسەندنی سەرمایەداری و برەودانی کەلتووریی بەهاکانی ناوچەکانی دیکە هاوماڵیشی هێناوەتە ئاسیا. ڕیمۆ و هاوکارەکانی (Raymo et al, 2009) لە ژاپۆن ڕایانگەیاند کە هاوماڵی لەم وڵاتەدا لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا ڕووی لە هەڵکشان کردووە. زۆربەی ئەم پەیوەندییانە کورتخایەنن و سەرەتایەکە بۆ هاوسەرگیری. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی توێژینەوەیی پەیوەندیدار بە دەوڵەتی ژاپۆن (National Institute of Population and Social Security Research, 2007) لە درێژەی خولێکی 20 ساڵەدا، ڕێژەی بەئەزموونکردنی هاوماڵی لە 3 لە سەدی ساڵی 1987 بۆ 8 لە سەدی ساڵی 2005 بەرز بۆتەوە، بەڵام ئەنجامی لێکۆڵینەوەی

توێژەرانی دیکە پیشان دەدا کە ڕێژەی هاوماڵی لە ژاپۆن زیاتر لە بەراوردەکانی ڕابردوو بووە. ئیواسا (Iwasawa, 2005) و تێسۆیا (Tsuya,2006) لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە سەر ژنانی 20 بۆ 34 ساڵە لە ژاپۆن گەیشتنە ئەم ئەنجامەی کە نزیکەی 20 لە سەدی وڵامدەران ئێستا پەیوەندیی هاوماڵییان هەیە. لە وڵاتی فیلیپینیش ڕەوتێکی هاوشێوە لە هەڵکشانی ڕێژەی هاوماڵیدا بەدی دەکرێت. بە پێی ڕاپۆرتی ویلیامز و هاوکارەکانی (Williams et al, 2007) پتر لە 2/5 ملیۆن هاوسەر لە فیلیپین پەیوەندیی هاوماڵییان هەیە. فاکتەری سەرەکیی هاوماڵی لەم وڵاتەدا هەژاری و کێشەی ئابووری بۆ هاوسەرگیری بووە. لە وڵاتی تورکیا لە ناوچە مۆدێرنەکان، بۆ وێنە ئەستەنبووڵ و ڕۆژاوای وڵات، هاوماڵی بەتایبەت لە ناو گەنجاندا پەرەی سەندووە. لە یاسای تورکیا بۆ هاوژینە هاوماڵەکان سزا دیاری نەکراوە. بەڵام ئەردۆغان پاش گەیشتنە دەسەڵات نزیکەی 75 لە سەدی نووستنگە هاوبەشە خوێندکارییەکانی داخست یان جیایانی کردەوە کە نارەزایەتیی بەربڵاوی ڕەخنەگرانی ناوخۆیی وەکوو سکۆلار و فێمینیستەکانی لێ کەوتەوە و لە دەرەوەی وڵات لە لایەن یەکیەتی ئەورووپا بە دەستێوەردان لە سنووری تایبەتیی کەسانی گەورەساڵ تۆمەتبار کرا. سەرەڕای ئەمە، لە تورکیاش ئەم چەشنە پەیوەندییە بە هۆی نەبوونی قەدەغەی یاسایی باوە؛ بەڵام بە هۆی ئەوەی لە ناوچە نەریتی و ئایینییەکاندا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە قێزەونە، شاراوەیە و کەمتر باسی دەکرێت. بەڵام لە بەشە مۆدێرن و سکۆلارەکاندا سنووردار نییە. لە وڵاتی میسر لە ئەگەری بینینی وەها پەیوەندییەک 2 ساڵ زیندان بۆ ئافرەتان دیاری کراوە، بەڵام دەسەڵات بە جۆرێ بۆ ئەم پرسە کۆڵی داوە. بە دەسەڵاتدارێتیی ئایینە ئیبراهیمییەکانی وەکوو ئیسلام، مەسیحییەت و جوولەکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ژیانی هاوبەش بە بێ هاوسەرگیری گوناحە. بەڵام بە ئاوڕدانەوە لە هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لە وڵاتانێکی وەکوو توونس و لوبنان لە بەشە شارنشین و مۆدێرنەکانی بەیرووت،

لە ناو گەنجاندا ئەم چەشنە ژیانە باوە.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکان پیشان دەدا کە شۆڕشی سێکسی و بڵاوبوونەوەی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان، لە پێشدا بە گۆڕینی ڕوانگەی سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری بووە هۆی ئەوەی بە شێوەی چەندایەتی لە ناو گەنجاندا پەرەی بستێنێ و لە قۆناغی دواییدا لەگەڵ هەڵکشانی فرەچەشنیی ئەم پەیوەندییانە زەمینەکانی بیچمگرتنی هاوماڵی لە زۆربەی وڵاتان ڕەخساندووە.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لە ئێران پیشانی داوە کە پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری ڕووی لە هەڵکشانە (گرمارودی و هاوکاران، 1388: خلج آبادی فراهانی و مهریار، 1389). هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا وردە وردە هەندێ لە لق و پۆکانی هاوماڵی لە ئێراندا بیچمی گرتووە. گۆڕانی بەهاکان لەم ساڵانەی دواییدا کاریگەری لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران داناوە و لێکەوتەی جۆراوجۆری بۆ سەر کۆمەڵگا لێکەوتۆتەوە. هاتن و پەرەسەندنی میدیای پەیوەندیی جیهانی، وەکوو سەتەلایت و ئینتەرنێت لە ئێراندا شێوازی ژیانی جۆراوجۆری ئافراندووە و بیچمی بە بەها جۆراوجۆرەکان داوە. لەم نێوەندەدا لەگەڵ ئاڵۆزبوونی پرسە ئابوورییەکان، هەڵکشانی تەمەنی هاوسەگیری و هەروەها هاتنی بەها جیهانییەکان لە ڕێگەی ئامرازی نوێی پەیوەندییەوە وردە وردە هەڵسوکەوتی نوێش لە ناو گەنجانی ئێرانیدا بیچمی گرتووە کە گرینگترینەکەیان پەرەسەندنی پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیرییە؛ ئەوە لە حاڵێکدایە پەیوەندییە سێکسییەکانی بەر لە هاوسەرگیری لە ئێران بە مەبەستی جۆراوجۆر و لە چوارچێوەی سەرچەشنی جیاواز ئەنجام دەدرێت. لەم نێوەندەدا یەکێک لە ڕادیکاڵترین بیچمەکانی پەیوەندیی سێکسی بەر لە هاوسەرگیری دەرکەوتنی سەرچەشنەکانی "هاوماڵی"یە؛ سەرچەشنێکی پەیوەندیی سێکسی کە ڕەگێکی قووڵی ڕۆژاوایی هەیە و دەرەنجامی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی نێوان سەدەی بیستەم

لەم وڵاتانەیە و بۆتە هۆی ئەوەی بیچمێکی نوێی بنەماڵە لە ئێران سەر هەڵبدا کە لە سۆنگەی عورفی، شەرعی و یاساییەوە شیاوی قبووڵکردن نییە.

# بەشی دووهەم: بنەماکانی تیۆریی توێژینەوە

"خانم، 28 ساڵان لە تاران

ئێستا ئەگەر چاوێک لە ڕابردووانی خۆمان بخشێنین کۆمەڵێکیان هیچکات سۆز و پەیوەندیی تەندروستیان نەبینیوە، ڕەنگە هەر واش لای یەکتر بووبێتن. بەڵام ئەم لە لای یەکتربوونەیان تەنیا لە بەر هەندێ داب و نەریتە کە تەڵاق و دیکەی پرسەکانیان بە لاوە شوورەیی بووە و لە ناو ئەم پەیوەندییانەدا تۆ ئەگەر لە هاوسەرەکەت ناڕازی بی، زۆر ڕاحەت لێی جیا دەبیتەوە ..."

## 1.2. پێشەکی

خەڵکناسـان بنەماڵە وەک بناغە و بنەمای کۆمەڵگا، خانەی سـازێنەری ژیان و پەناگەی ئەندامەکانی خۆی دەزانن، ئەو پەناگایەی کە یەکەمین ئەزموونەکانی مرۆڤ بۆ بەکۆمەڵایەتیبوون لەودا ڕوو دەدات. بنەماڵە، کۆمەڵێ لەو کەسانەیە کە بە پەیوەندییە نزیکە ڕاستەوخۆکان پێکەوە دەلکێن و ئەندامە گەورەساڵەکانی، بەرپرسایەتیی پاراستنی منداڵان لە ئەستۆ دەگرن. بنەماڵە یەکێک لە گشتیترین ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە کە بە پێی هاوسەرگیریی نێوان دوو ڕەگەزی بەرانبەر بیچم دەگرێ و تێیدا، پەیوەندییە خوێنییە ڕاستەقینە یان پێوەلکاوەکان بەدی دەکرێت. بنەماڵە جۆرێک هاوبەشیی شوێنییە و هەڵگری کاردە جۆراوجۆرە کەسێتی، جەستەیی، ئابووری و پەروەردەییەکانە. لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، بنەماڵە بە بیچمی جۆراوجۆرەوە بوونی هەیە و خەڵکناسـان و کۆمەڵناسـان بیچمەکەیان ناسـکاری و پۆلێنبەندی کردووە. هەندێ لە بیچمەکانی بنەماڵە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا دەبینرێن و هەندێکی دیکە هی کۆمەڵگە تایبەتەکانن. بنەماڵەی ناوەکی / بەربڵاو؛ بنەماڵەی باوکسـالار / دایکسـالار؛ بنەماڵەی باوکشـوێن / دایکشـوێن؛ بنەماڵەی یەکهاوسـەری / فرەهاوسـەری؛ بنەماڵەی ناتەواو / تاکهاوسـەری و بنەماڵەی زەڕی (هەڵگری ئەندامانی زەڕ) و هاوسەرگیریی هاوبەشی و هاوماڵی لەو پۆلێنبەندییانەن کە بە پێی ڕێژەی ئەندامان و باڵادەسـتی و شـوێن و جۆرە نوێکان ئاماژەیان بە بنەماڵە کردووە.

بنەماڵە لە سـەر ناوەندێک بە ناوی هاوسـەرگیری بناغەی داکوتاوە. هاوسـەرگیری، دۆسـتانەترین جۆری پەیوەندی بۆ تێرکردنی هەموو خواسـتەکانە (بە مادی و مەعنەوییەوە) و وەک یەکێک لە قۆناغەکانی گۆورانی مرۆڤ بە هەژمار دێت.

هاوسەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە لە زەمەن و شوێنە جیاوازەکاندا بە پێی کەلتوورە جیاوازەکان بیچمی جۆراوجۆری هەیە. لە هەندێ لە فەرهەنگەکاندا هاوسەرگیریی هاوڕەگەزەکان وەک هێمای ئازادی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لێی دەڕوانرێ و لە هەندێکی دیکەدا وەک گوناح، تاوان، ناشەرعی و نایاسایی لە قەڵەم دەدرێت. هاوسەرگیری وەک ناوەندێکی کۆمەڵایەتی لەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتانی ڕوو لە گەشەی وەکوو ئێران، گۆڕانێکی زۆری بە سەردا هاتووە و بیچمگەلی نوێی وەکوو هاوسەرگیریی سپی، پێکەوەبوون یان ژیانی هاوبەشی بێهاوسەرگیری، کە ڕەگی ڕۆژاواییان تێدایە و دژی فەرهەنگی ئێرانی – ئایینین، ڕووی لە هەڵکشانە. ئەم چەشنە پێکەوەبوونە کە لە چوارچێوەی پەیوەندیی دۆستایەتییانەی نێوان کچان و کوڕان و پەیوەندیی ئەوپەڕهاوسەرێتی ڕوو دەدات. جیا لە ژیانی ئەو کچ و کوڕانەی کە بە بێ هاوسەرگیری پێکەوە ژیان دەکەن، پەیوەندیی ئەوپەڕ هاوسەرێتیش یەکێک لە بیچمەکانی هاوسەرگیریی سپی لە ئێرانە، واتە ئەو ژن یان پیاوانەی کە هاوسەرگیریی فەرمییان هەیە و لە هەمانکاتدا پەیوەندییان لەگەڵ کەسێکی دیکە هەیە.

پەیوەندییە ئەوپەڕهاوسەرێتییەکان یەکێک لە گرینگترین وتەزاکانی پەیوەندیدار بە ئەدەبی هاوسەرێتین کە زۆر جار بە مەبەستی دابینکردنی خواستە سۆزداری یان سێکسییەکانی تاک بە شێوەی شاراوە، لە ڕێگەی پەیوەندیسازکردن لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرێتی ڕوو دەدات.



وێنەی 9. بە پێی ڕاپۆرتی دامەزراوەی (سلامت بنیان خانوادە)ئەوە سۆزدارییە کە وا دەکا لە زۆربەی کاتەکاندا ژنان پەیوەندیی ئەوپەڕهاوسەرێتییان هەبێ و کەم ژن هەن کە بۆ پرسە سێکسییەکان دەستپێشخەری بۆ پەیوەندیی سێکسی بکەن، بەڵام ئەگەر ئەم پەیوەندییە سۆزدارییە، بەردەوام بێ، پەیوەندیی سێکسی لێ دەکەوتەوە.

ناڕەزایەتی لە پەیوەندیی سێکسی و سۆزدارانە لەگەڵ هاوسەر و ورووژێنەربوون و چێژبەخشبوونی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ کەسێک کە هاوسەر نییە لەو فاکتەرانەن کە دەتوانن زەمینەی هۆگریی هاوسەرەکان بۆ پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرێتی بڕەخسێنن. هاوسەرگیریی سپی یان ژیانی دوو کەس بە بێ هاوسەرگیریی فەرمی لە ئێران لە سۆنگەی کۆمەڵایەتی، یاسایی و ئایینیدا هیچ پێگەیەکی نییە. پێکەوەبوون یان هاوسەرگیریی سپی لە ئێران بە پێی فەرهەنگی تێپەڕین و تایبەتمەندییەکانی، واتە گەشەی تاکخوازی، مۆدێرنیتە، پەیوەندیی مەلەوەر و دووبەرەکی و لێکدژی بەهاکان، شیاوی شیکردنەوەیە. بە ئاوڕدانەوە لە پەرەسەندنی ئەم چەشنە پەیوەندییانە و بێدەنگی لە ئاست ئەم پەیوەندییانە لە لایەن بەرپرسان و ناوەندە جێبەجێکارەکانەوە ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە لە ئێران کە ناوەندی بنەماڵەی ڕووبەڕووی چالنجێکی مەترسیدار کردۆتەوە، بە ئاڵۆزی و نەناسراوی ماوەتەوە و لەم پێناوەدا بە لێکدانەوەی گشتگیری ئەم دیاردە و بە مەبەستی تێگەیشتنی ڕوون لەم بابەتە بنەما کۆمەڵایەتی، یاسایی و فیقهییەکان تاوتوێ دەکەین.

## 2ـ2. بنەما کۆمەڵایەتی و خەڵکناسییەکانی هاوسەرگیریی سپی

خەڵکناسـان بۆ ڕەچاوکردنی فرەچەشـنیی بەربڵاوی ئاکاری هاوسـەرێتی کە لە ڕێگەی کەلتوور و فەرهەنگەوە خۆی دەنوێنێ، چەند پێناسەی ڕکابەرانەیان لە هاوسەرگیری خستۆتە ڕوو. وێسـت مارک[1] لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی "مێژووی هاوسەرگیریی مرۆڤ" (1921) بەم شێوە هاوسەرگیری پێناسە کرد: پەیوەندیی درێژخایەن یان کەمخایەنی نێر و مێ بەدەر لە زکوزای پەتی هەتا پاش لەدایکبوونی منداڵ. ناوبراو لە کتێبەکەیدا "داهاتووی هاوسـەرگیریی لە شـارسـتانییەتی وێستێرن" پێناسەی پێشووی ڕەت دەکاتەوە و لە بەرانبەردا بە شـێوەی کاتی بەم شـێوە هاوسـەرگیری پێناسـە دەکا: پەیوەندیی سـێکسـیی پیاوێک یان ڕێژەیەکی زۆری پیاوان لەگەڵ ژنێک یان ڕێژەیەکی زۆری ژنان کە لە لایەن عورف و یاسـاوە قبووڵ کراوە. یادداشت و گەڕانەکان (1951)، کتێبۆکی ڕێنوێنی مرۆڤناسی، بەم شێوە هاوسەرگیری پێناسە کردووە: پەیوەندیی نێوان ژنێک و پیاوێک بە جۆرێک کە ئەو منداڵانەی کە لەو ژنە دەکەونەوە وەک منداڵی ڕەوای هەر دوو دایک و باوکەکە بناسرێن. دۆڕان بێڵ[2] هەروەها پێناسـەی بنیاتی ڕەواداری بەم پڕەنسـیپە دەیخاتە بەر ڕەخنە کە هەندێ لە کۆمەڵگەکان بۆ هاوسـەرگیری پێویسـتیان بە ڕەواداری نییە و بەم شـێوە بەڵگە دێنێتـەوە: لـەو کۆمـەڵگـایـانـەی کـە زۆڵبوون بـە واتـای هاوسـەرگیری‌نەکردنی دایکە و بەدەر لەمە هیچ یاسـایەکی لاوەکیی دیکـە بوونی نییـە، پێناسـەی بنیـاتی ڕەواداریی هاوسـەرگیریی پرۆسـەییە. ناوبراو پێناسـەی هاوسـەرگیری دەخاتە ناو وتەزای یاساکانی دەستڕاگەیشتنی سێکسی.

لە ئینسـکلۆپێدیای مۆعین، هاوسـەرگیری بە پەیوەندییەکی یاسـایی دەوترێ کە بۆ هەمیشـە یان ماوەیەکی دیاریکراو، لە ڕێگەی لێک مارەبڕینی ژن و مێرد بیچم دەگرێ و ئەو مافەیان پێ دەدا کە بە سـێکسـکردن چێژ لە یەکتر ببینن. هەروەها

1. Westermarck
2. Bell

هەندێ کەس پێیان وایە هاوسەرگیری پرۆسەیەکە کە کارلێکی دوولایەنەی نێوان ژنێک و پیاوێک؛ یەککەوتنێکی دراماتیک لە نێوان کەلتوورەکان (بنەما کۆمەڵایەتییەکان) و سرووشت (ڕاکێشانی سێکسی) و پەیوەندیی هەمیشەیی لە نێوان دوو ڕەگەزی بەرانبەرە کە لە چوارچێوەیەکی فەرمی و یاساییدا دەتوانن پێکەوە سێکس بکەن. (رضوی، 1381: 8).

### 1-2-2. چەشن و جۆرەکانی هاوسەرگیری

هاوسەرگیری هێمایەکی کۆمەڵایەتییە و بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵگا بیچم دەگرێ و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای تێدایە. ئەم ناوەندە کۆمەڵایەتییە هەم کارتێکراوی کۆمەڵگایە و هەم کاریگەریشی لە سەر دادەنێت. بوون و گرینگیی هاوسەرگیری لە ناو کۆمەڵگەکان لە درێژەی چاخ و سەردەمەکان لە لایەک و سەرنجی تایبەتی کۆمەڵگە مرۆییەکان بۆ هاوسەرگیری لە لایەکی دیکەوە وای کردووە کە تەنانەت لە ناو هەموو کۆمەڵگەکاندا بە پێی شێوازی ژیانی خەڵک جۆرێکی تایبەتی هاوسەرێتی بەدی بێت. هاوسەرگیری پۆلێنبەندیی جۆراوجۆر کراوە، کە لەم بەشەدا ئاماژە بەو هاوسەرگیرییانە دەکرێ کە باقر سارۆخانی لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی "کۆمەڵناسیی بنەماڵە" ئامادەی کردووە.

### ئەلف) هاوسەرگیریی هەڵگرتن (ڕفاندن)[1]

لە سیستەمە هۆزی و عەشیرەییەکان یان نیمچە هۆزییەکاندا کە هەموو هیمەکانی ژیان لە یەکەم ساڵەکانی ژیانەوە پشتبەستوو بە ڕاهێنان و جەنگاوەری و بەتایبەت سەرکەوتن لە شەڕە، هاوسەرگیریش بیچمێکی تایبەتی هەیە. لەم بارودۆخەدا پیاو بە هەڵگرتنی هاوسەرەکەی هەم سەرتریی خۆی بەو کچە دەسەلمێنێ، هەم سەرکەوتنی بە سەر ڕکابەرەکانیدا دەستەبەر دەکات. سەبارەت بەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە ئێران، ڕاسخ و بێهنام لە بەرهەمەکەیاندا لە ژێر ناوی "پێشەکییەک لە سەر کۆمەڵناسیی ئێران" دەنووسن: مێژووی ئێران کە بەسەرهاتی

---

1. marriage by capture

شەڕ و چاولێکەریی هۆزەکانە، شایەتی هاوسەرهەڵگرتنی زۆرە. ویل دۆڕانت لە ئیسپارتەکانیشدا ئاماژە بەم نەریتی هەڵبژاردنی هاوسەرە دەکات. بەو پێیەی کە ژینگەی کۆمەڵایەتی جەخت لە سەر ململانێ دەکاتەوە، ڕۆڵەکانی کۆمەڵگا لە یەکەم ساڵەکانی ژیانیاندا بۆ ململانێ و هەوڵ لە پێناوی سەرکەوتن دنە دەدا و لە کۆتاییدا خووخدەی هۆزگەرێتی لە بارودۆخی ژیانی شاریدا دەگشتێنێت. ناوبراو لە بەرهەمە ناودارەکەیدا "مێژووی یۆنانی کۆن" لەم بارەوە دەنووسێ: لە ئیسپارت، باوک و دایک بەرپرسی ئامادەکاری بۆ هاوسەرگیریی منداڵەکانی خۆیان بوون، زاوا بۆ داگیرکردنی بووک پارەی نەدەدا، ناوبراو دەبا بووک بە زۆر لە ماڵەکەی بڕفاندبایە و بووک دەبا لە ئاستی بەرهەڵستی بکردایە. هەر بۆیە، وشەی هاوسەرێتی بە باوەڕی ئیسپارتەکان بە واتای ڕفاندن بوو، لە هەندێ حاڵەتیشدا کۆمەڵێ لە کوڕان و کچانی سەڵتیان کە لە ڕووی ڕێژەوە یەکسان بوون، لە ژوورێکی کۆندا کۆیان دەکردنەوە بۆ ئەوەی لە تاریکیدا هەر کام لە پیاوەکان لە ناو کچەکاندا هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت (ویل دۆڕانت، 1349: 150).



وێنەی 10. هەڵگرتنی هێلێن لە ناو ئیسپارت لە سەر بنەمای چیرۆکی ئیلیاد، بەرهەمی داستانیی شاعیری یۆنانی هۆمەر: بڕوانە ماڵپەڕی: www.art-prints-on-demand.com

هاوسەرگیری لە ڕێگەی هەڵگرتن لە هەندێ لە ناوچەکانی

جیهان و لە ناو ئێتنیکە دایکسالار و باوکسالارەکاندا بەدی دەکرێت. سەرباری ئەمە، زۆربەی عورفی کۆمەڵگا بە ناپەسەند لێی دەڕوانن و ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لۆمە دەکەن. لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان و باشووری ئێران هەڵگرتن و ڕەدووکەوتنی کچ لەگەڵ کوڕی دڵخوازی خۆی بوونی هەیە کە لەم ساڵانی دواییدا بابەتی هەڵگرتن و ڕەدووکەوتن زۆر دەگمەن بووە، بەڵام ڕەدووکەوتن (کە لە زمانی کوردیدا پێی دەوترێ هەڵگرتن و ڕەدووکەوتن) هێشتا لە هەندێ لە ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا بەدی دەکرێت. لە مەڕ هاوسەرگیری لە ڕێگەی هەڵگرتن هەندێ بابەت دەبێ بوترێ کە ئاماژەیان پێ دەکەین:

1. لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا ناپەسەند و تەنانەت قەدەغەیە و تەنیا بە شێوەی ناوە ناوەیە و بە شێوەی هەمیشەیی بوونی نییە.
2. لە هەندێ لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە بینراوە، بەڵام نەک بە شێوەی ناوەندێکی پەسەندکراو و هەمیشەیی.
3. لە هەندێ لە کۆمەڵگەکاندا کە تاک بە نیازی ڕاکردن لە یاسا باوەکانە، ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە دەبینرێت.
4. لە هەندێ حاڵەتی هەڵگرتن (ڕەدووکەوتن) نەک بە شێوەی ڕاستەقینە بەڵکوو بە شێوەی شانۆیی ئەنجام دراوە.

### ب) هاوسەرگیری لە ڕێگەی کڕینەوەی هاوسەر[1]

سیستەمی باوکسالاری و لەگەڵیدا دەرکەوتنی پیاوسالاری و بارودۆخی ڕەپاڵدان بۆ پیاو بووە هۆی ئەوەی پیاوان هاوسەر یان هاوسەرەکانی خۆیان بکڕنەوە. ئەم بارودۆخە کە لە مێژوودا بەکاڵابوون یان بەکاڵازانینی ژن بووە، بە شێوازی جۆراوجۆر لە مێژوودا بەدی کراوە. کڕینەوەی ژن بە شێوازی ئاشکرا و هەندێجاریش بە شێوەی پەنامەکی یان ئاماژەیی بووە؛ بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ئەنجامەکە هەر ئەوەیە: بێبەشبوونی ژن

1. Marriage by purchase

لە وەدەستهێنانی پێگەی سەرتری کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە، کاری ژن کاتێ کە دەبێتە دەسەڵات دەدرێ بە پیاو و لە ئەنجامدا چەوساندنەوەی ژن لە مێژووی بە دواوەیە. بە گێڕانەوەی باستانی پاریزی، لە سیستەمی کۆیلەداریدا کڕینەوەی کۆیلە وەک هاوسەر دیاردەیەکی باو بووە و وەها ژنێک پێیان وتووە ام ولد (دایکی منداڵ).

مورتەزا ڕاوەندی لە بەرهەمەکەیدا "مێژووی کۆمەڵایەتیی ژنان لە ئێران" دەنووسێ: لە بابل ئەو کەسانەی کە کچی عازەبیان هەبوو، دەیانبردە شوێنێ و دەلاڵەکان وەسفیان دەکرد و دەیانفرۆشت. بەڵام هەر کام لەم کچانە بە مەرجێک دەفرۆشران کە وەک هاوسەری کڕیار ژیان بکەن. هەر بەم بۆنەوە لە سەردەمی هۆمێر لە یۆنانی کۆندا باس لە کچانی "گاوهێن" دەکەن. بە گومانی گۆنتێر کڕینی ژن بنەڕەتیرین بیچمی هاوسەرگیری لە ناو ئێتنیکە هیندی و ئەورووپییەکان و خەڵکەکەیان بووە. بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین هاوسەرگیری لە ڕێگەی کڕینی هاوسەر لە ڕاستیدا هەمان هاوسەرگیریی هیند و ئەورووپاییە (Günther، 68 :1952). هەندێ لەوە زیاتر دەچن کە نەریتی وەکوو بڕە مارەیی و شیربایی پاشماوەی هەمان کڕینی هاوسەر لە لایەن پیاوانە. هەندێک پێیان وایە باڵادەستیی پیاوان و کاڵابوونی ژن و شیاوی بەئاڵوگۆڕبوونی ژن لە ڕەوتی هەڵبژاردنی هاوسەر بووە هۆی دەرکەوتن و پەرەسەندنی وەها نەریتێک.



وێنەی 11، نومایەک لە کڕین و فرۆشتنی ژنان.

بڕوانە ماڵپەڕی: http://www.abartazeha.com

لەم ماوەی دواییدا لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی خۆڕاگەیێنراوی داعش لە عێراق و سووریا بەکەنیزکردن و کڕین و فرۆشتنی ژنان، بەتایبەت ژنانی ناموسڵمان و سەر بە کۆمەڵگەی کوردانی ئێزەدی و هەندێ لە ژنانی مەسیحی لە شاری موسڵ بۆتە هەواڵی ڕۆژ.

**پ) هاوسەرگیریی کاتی**

مۆتێعە یان نیکاحی کاتی یان هاوسەرگیریی کاتی کە بە سیغەش بەناوبانگە، جۆرێک هاوسەرگیری لە ئایینزای شیعەیە کە تێیدا هاوسەرگیرییەکە بۆ ماوەیەکی سنووردار و دیاریکراو و بڕە مارەیی دیاریکراو، لە نێوان ژن و مێرد ئەنجام دەدرێ و لەگەڵ کۆتاییهاتنی پەیوەندیی، هاوسەرێتییەکە خۆبەخۆ هەڵدەوەشێتەوە. لە ناو موسڵمانانداا لەمەڕ مۆڵەتی ئەم هاوسەرگیرییە ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە. ئەهلی سوننەی ئەبازییە و زەیدییەکان بە حەرام و شیعەی ئیمامییە بە شەرعی و شیاوی دەزانن. مەتعە لە یاساکانی ئێراندا بە پێی فیقهی ئیمامییە بە فەرمی ناسراوە، بەڵام لە وڵاتانی ئیسلامیی دیکە و وڵاتانی ڕۆژاوایی وەها ناوەندێک بەدی ناکرێت. ئەم چەشنە

هاوسەرگیرییە تایبەتی ئایینزای شیعەیە و فەقێکانی ئیمامییە بە پێی ئایەتی 24 سووڕەتی نیسا بە دروستی دەزانن کە تێیدا هاتووە: "جا لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا هاوسەریتان گرت ئەوە فەرزە کە مارەییەکەی بدەنێ." بەڵام فەقێیانی ئەهلی سوننە قبووڵی ناکەن و پێیان وایە ئەم ئایەتە لەمەڕ چێژبردن لە هاوسەرگیریی هەمیشەییە. مەتعە و هاوسەرگیری هەندێ لێکچوون و لێکنەچوونیان پێکەوە هەیە. گرینگترین تایبەتمەندییەکەی دیاریکردنی ماوەیە، کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی هاوسەرگیرییەکە بە بێ تەڵاق کۆتایی پێ دێت. ئەم ماوە لانیکەم و لانیزۆری نییە بەڵام هەندێ پێیان وایە ئەگەر ماوەی هاوسەرگیریی کاتی لە تەمەنی ئاسایی مرۆڤ زیاتر بێ دەبێتە هاوسەرگیریی هەمیشەیی. مارەبڕینی هاوسەرگیریی کاتی بە وتنی ناوەرۆکی "خۆم [بە بڕی مارەیی دیاریکراو بۆ ماوەی دیاریکراو] دەبمە هاوسەری تۆ" لە لایەن ژن و وتنی "قبووڵی دەکەم" لە لایەن مێردە. هەندێ لە فەقێکانی وەکوو موحەقق حیلی پێی وایە ئەگەر ماوە لە مارەکردندا دیاری نەکرێ، خۆبەخۆ دەبێتە هاوسەرگیریی هەمیشەیی. بەڵام بە پێی تیۆرییەکی دیکە مارەبڕینی کاتی بە بێ ئاماژە بە ماوە هەڵوەشاوەیە و هاوسەرێتی ساز نابێت. ئەم بۆچوونە لە ناو مافناسان قبووڵکراوترە. هەندێ فەقێی وەکوو شەهید سانی و عەلامە حیلیش ئەم بۆچوونەیان بووە. ماوەی مارەکردنەکە دەشێ درێژ بکرێتەوە، هەروەها پیاو دەتوانێ خۆ لە درێژکردنەوەی بپارێزێ و بە واتایەک لە پاشماوەی کاتەکە ببووری و هاوسەرێتییەکە بە کۆتایی بگەیێنێت. یان لایەنەکان دەتوانن پاش کۆتاییهاتنی ماوەکە بیکەن بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی. بابەتی سیغە لە نزیکەی ساڵی 1370 هەتاوی بە وتەکانی عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆککۆماری ئەو کاتی ئێران کە سیغەی وەک ڕێکارێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشە سێکسییەکانی گەنجان ناساندبوو، هاتە بەر باس، بەڵام بە هۆی ئەو بەرهەڵستییانەی کە کرا پاش دەیەیەک پەراوێز خرا. لە هاوسەرگیریی کاتیشدا وەکوو

هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی دەبێ بڕە مارەییەک دیاری بکرێ و ڕێژەی ئەو بڕە مارەییە بە پێی ڕێککەوتنی لایەنەکانە، بەڵام بە پێچەوانەی هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی کە تێیدا دیاریکردنی بڕە مـارەیی دەخرێتـە پـاش هـاوســـەرگیری یـان لـە بنـەڕەتـەوە ڕێککـەوتنی لـە ســـەر نـاکرێ، لـە هـاوســـەرگیریی کـاتیـدا دیارینەکردنی بڕە مارەیی لە کاتی مارەبڕیندا گرێبەســتەکە هـەڵدەوەشــێنێتـەوە. تـەڵاق لـە مـەتعـەدا بوونی نییـە و لـەگـەڵ کۆتاییهاتنەکەی یان بەخشـینی ماوەکەی هەڵدەوەشـتێەوە، واتە پیاو دەتوانێ بەر لە کۆتایهاتنی ماوە لە دیکەی کاتەکە خۆش بێ و پەیوەندییە هاوسـەرێتییەکە بە کۆتایی بگەیێنێت. لە یاسای مەدەنیی ئێراندا بە پێی مادەی 940 کە وتراوە "ئەو هاوسەرانەی کە هاوسـەرێتییەکەیان هەمیشـەییە و لە میرات بێبەش نەکرابێتن لـە یـەکتر میراتیـان دەکـەوێـت." ڕوون دەبێتـەوە کـە لـە هاوســـەرگیریی کاتیدا میرات بوونی نییە، بەڵام ئەوەی کە ئایا دەتوانین پرســـی میرات بکەین بە مەرجی لاوەکیی مارەبڕین، ڕوون نییە. هەندێ لە یاســـادانـەران وەها مـەرجێکیان بە پێی یاســای شــیاو پێ دروســتە، بەڵام هەندێ بێدەنگیی یاســا گرێ دەدەنەوە بەوەی کە ئەم مەرجە جێی نابێتەوە و گۆڕانکاری لە یاســـاکانی میرات بە پێی ئەوەی کە گرێدراو بە بەرژەوەندیی کـەســـانی دیکـە و بـەرژەوەنـدیی کۆمـەڵایـەتییـە لـە ڕێگـەی گرێبەستەوە بە نەگونجاوی دەزانن. ژن بۆی نییە هاوسەرگیری لەگەڵ ناموســڵمان و بە پێی وتەیەک ناشــیعەی دوازدە ئیمامی بکا و پیاویش ناتوانێ هاوســـەرگیری لەگەڵ ژنێکی ناســـبی (دژەئەهلی شیعە) و هاوەڵدانەر بکا، بەڵام لەگەڵ ئەهلی کتێب، بۆ وێنە زەردەشتی دەتوانێ هاوسەرگیری بکات. هاوسەرگیریی کاتیی ژن لـەگەڵ زیاتر لـە پیاوێـک لـە یـەک کاتدا ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام بە پێی بۆچوونی بەناوبانگ پیاو لە هاوســـەرگیریی کاتیدا لە ڕووی ڕێژەی ژنەوە ســنووردار نییە و هەر چەندەی پێ خۆش بێ دەتوانێ هاوســـەری کاتی هەبێ، بە پێچەوانەی هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی کە لە چوار ژندا سنووردار بۆتەوە. بە پێی بۆچوونی بەناوبانگ ماوەی عەدەی هاوسـەرگیری، دوو جـار خـاوێنبوونـەوە لـە ســـووڕی مـانگـانـە پـاش کۆتـاییهـاتنی

مەتعەیە. بۆ ئەو کەسانەی کە سەرەڕای لەزکنەوێستان ناکەونە سـووڕی مانگانە، ئەم ماوە 45 ڕۆژە. بەڵام ئەگەر لە درێژەی هاوسـەرگیریی کاتیدا مێرد بمرێ، بە پێی بۆچوونی بەناوبانگ عەدە وەکوو هاوسەرگیریی هەمیشەیی چوار مانگ و دە ڕۆژە. کوڕی باڵق و پێگەیشتوو و کچی پێگەیشتوو و باڵق و ناپاکیزە بۆ هاوسـەرگیری سـەربەخۆن و هیچ کەس تەنانەت باوکیش هیچ سـەرپەرشـتیارییەکی بە سـەر ئەو کەسـەدا نییە. هەروەها باوک و باپیری باوکی بە سـەر منداڵی بچووک و منداڵی باڵقی شێت یان سەفیح (بیرکۆڵ) لە هاوسەرگیریدا سەرپەرشتیارن و دەتوانن لە ئەگەری نەبوونی حاڵەتی ناباشـی هاوسـەرگیرییان پێ بکەن. و بە پێی بۆچوونی بەناوبانگ ئەو کچ یان کوڕە پاش باڵقبون بۆیان نییە هاوسەرگیرییەکە هەڵبووەشێننەوە.




وێنەی 12. مۆدێلی چەمکیی دۆخی سیغەی مەحرەمێتی / هاوسەرگیریی کاتی

(1396 هەتاوی)

بەڵام لە مەڕ سەرپەرشتیاریی باوک (و باپیری باوکی) بە سەر نیکاحی کچی پێگەیشتوو (بە پێی وتەی بەناوبانگ نۆ سالانی مانگی) پاکیزەی پێگەیشتوو (نابیرکۆڵ) بیر و ڕای جیاواز لە ئارادایە؛ هەندێ سەرپەرشتیاریی باوک بە سەر کچی پێگەیشتوویان قبووڵ نییە و هاوسەرگیری دەخەنە ئەستۆی کچە خۆی، تاقمێکی دیکە باوەڕیان بە سەرپەرشتیاریی هاوبەشی باوک و کچە، واتە بۆ هاوسەرگیری هەم ویستی کچە و هەم ئیزنی باوک بە پێویست دەزانن و هیچ کام لەوانە ناتوانن بە شێوەی سەربەخۆ مارەبڕینەکە سەر بخەن، هەندێ جیاوازی دەخەنە نێوان نیکاحی هەمیشەیی و کاتی و لە نیکاحی هەمیشەیی کچ سەربەخۆ و لە نیکاحی کاتیدا بە ناسەربەخۆی دادەنێن، یان بە پێچەوانەوە لە نیکاحی هەمیشەیی ناسەربەخۆ و لە نیکاحی کاتیدا بە سەربەخۆی دەزانن و لە هاوسەرگیریدا هیچ مافێک بۆ کچ ڕەچاو ناکەن.

**ت) هاوسەرگیریی ئاڵوگۆڕی[1]**

هەندێ کەس پێیان وایە ئاڵوگۆڕ بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتییە. مرۆڤەکان لە بازنەی پەیوەندییە دوولایەنە کۆمەڵایەتییەکاندان و ئاڵوگۆڕ بنەمای ئەم پەیوەندییانە پێک دێنێت. بەو واتایەی کە مرۆڤەکان لە هەمبەر کۆمەڵگا و هەروەها لە هەمبەر یەکتر بە جۆرێک دانوستان دەکەن. بەڵام ئەم دانوستانە هەمیشە لە سەر بنەمای شتێکی مادی یان کاڵایی نییە و هەر لەبەر ئەوەشە کە تیۆریی مرۆڤی ئابووری کە ئابووریزانێکی وەکوو ئادام سمیس[2]، دەیڤید ڕیکاردۆ[3]، جان ستوارت میل[4] وتوویانە، سنوور یان چەمکێکی ناتەواو لە ڕوونکردنەوەی فرەچەشنیی ئەو هەڵسوکەوت و ئاڵوگۆڕانەیە کە مرۆڤەکان لە درێژەی ژیانی خۆیان دەستیان خستووە. مرۆڤ لە کۆمەڵگادا هەندێ

---

1. Marriage by Exchange
2. A.Smith
3. D.Ricardo
4. J.S.Mills

جار لە هەمبەر پێدراوەکانی هیچ وەرناگرێ؛ واتە هیچ ئاڵوگۆڕێکی مادی و کاڵایی ڕوو نادات. بەڵام سەرباری ئەمەش لە مانا بەربڵاوەکەیدا ئاڵوگۆڕ ڕوو دەدا، واتە ئەوان لە بەرانبەر ئەوەی دەیدەن، کاڵایەکی نامادی، واتە ڕێزی کۆمەڵایەتی، ڕێزی جڤاکییان دەوێ و لە کۆتاییشدا ئەم خواستەی خۆیان بە ستایشکردنی خۆیان پیشان دەدەنەوە. کەواتە سیستەمی ئاڵوگۆڕ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە و بەڵام لە هەر دوو لایەنەکەوە (دان و ستان) نابینرێت. ئەم بەستێنە کۆمەڵایەتییە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئاخێزگەی ئەو مرۆڤانەیە کە لە هەمبەر پێدراوەکانی خۆیان، ڕەزامەندیی دەروونی یان دڵخۆشبوونی خودا نەبێ هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە.

لە هاوسەرگیری ئاڵوگۆڕیدا ژنان دەوری بەربڵاویان هەیە، ئەوانن دوو تایفە پێکەوە گرێ دەدەن و وەک هێمای مانەوەی ڕەچەڵەک بە هەژمار دێن. هاوسەرگیریی ئاڵوگۆڕی جۆر و شێوازی زۆری هەیە، بەڵام لە هەموویاندا ڕەوتی دوولایەنەی خاڵەکان کاڵا گرینگ و مرۆییەکان دیاری دەکات. لەو حاڵەتانەدا دوو ڕەوتی بەرانبەر (ڕۆشتن و گەڕانەوە) بە شێوەی هاوکات ڕوو نادەن، بەڵکوو پابەندن لە سەر ئەوەی لە داهاتوودا لە هەمبەر ئەو کچەی کە لە بنەماڵەیەک خواستوویانە خزمەتگوزاری و یان کاڵا پێشکەش بکەن. لە هەندێ حاڵەتدا پێدانی ژن وەک هاوسەر لە بەرانبەر مەرگدا ئەنجام دەدرێ و ئامانجەکەی ڕێگری لە تێکهەڵچوونی نێوان دوو تایفە یان دوو هۆز لە زنجیرەی بێکۆتایی تۆڵەکردنەوەکانە.

بە پێی بیروڕای وستمارک لە ئوستڕالیا پیاو ژنی نەدەهێنا مەگەر ئەوەی خوشکەکانی یان کچەکانی لە بەریەتی ژن دەبەخشی. نەریتی کچگۆڕینەوە بۆ هاوسەرگیری لە ناو تایفەکانی بەلووچستان و ئیاڵەتی کەشمیریش برەوێکی زۆری هەبوو و لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان و باشووری ئێرانیش باوە کە لەم ساڵانەی دواییدا کەم بۆتەوە. هاوسەرگیریی ئاڵوگۆڕی خۆی چەندین جۆری جیاوازی هەیە، هەر کامیان کاریگەری لە سەر بازنەی بنەما زۆر ئاڵۆز و ناسک و

زۆرەکانی هاوسەرگیری دادەنێت:
1. ئاڵوگۆڕ لە سەر بنەمای خوشکەکان ئەنجام دەدرێ و بە گێڕانەوەی گۆنتێر لە ئوستراڵیا و گینەی نوێ و بەشێک لە ئوستراڵیا باوە کە دوو پیاو خوشکەکانی خۆیان بۆ هاوسەرگیری دەگۆڕنەوە.
2. لە حاڵەتی دیکەدا لە ناو شازادەکانی ئەورووپا گۆڕینەوەی برایەک و خوشکێک لە بنەماڵەیەک لەگەڵ برایەک و خوشکێک لە بنەماڵەیەکی دیکەدا دەبینین.
3. هاوسەرگیریی ئاڵوگۆڕی دەتوانێ لە سەر بنەمای ناوهاوسەری بێ؛ چونکە لە ناچاریدا ئەنجام دەدرێت. کاتێک کەسێک لە بنەماڵەیەک بە ناچاری ژن لە بنەماڵەیەکی دیکە دەخوازێ ئەو بنەماڵەی کە کچیان لێ وەرگیراوە دەبێ داوای کچ لەو بنەماڵە بکەن.
4. نەریتەکە بەم شێوە بووە کە ئەگەر پەیوەندیی هاوسەرێتیی یەکێک لەو دوو ژنە تووشی کێشە بێ ژنەکەی دیکە بە شێوەی ناچاری و بۆ پشتیوانی لە بنەماڵەی باوکی و هەندێجار لە لایەن ماڵی خەزوورەوە ناچار بە بەجێهێشتنی ژیانی دەبێ و هەتا کاتی ڕوونبوونەوەی بارودۆخەکە ناچارە بە شێوەی کاتی مێردەکەی بە جێ بێڵێت.

### ج) هاوسەرگیریی ڕێکخراو

ئەم هاوسەرگیرییە کە هاوسەرگیریی ڕەواڵەتیشی پێ دەڵێن، جۆرێکی تایبەتی هاوسەرگیرییە کە تێیدا هەڵبژاردنی هاوسەر لە ڕێگەی دایک و باوک یان گەورەترەکان و بە بێ ئامادەبوون و تەنانەت چاودێریی لایەنەکان ئەنجام دەدرێت. کەواتە هاوسەرگیرییەکی ناڕاستەوخۆ و ناوبژیوانداره. ناتوانین وەک هاوسەرگیرییەکی ناخوازانە لەم چەشنە هاوسەرگیرییە بڕوانین چونکە لە لایەن کەسانی خاوەن بەرژەوەندییەوە ئەنجام دەدرێ و ئامانجەکەی بەختەوەریی لایەنەکانی هاوسەرگیری نییە، هاوسەرگیریی ڕێکخراو هەم لە لایەن پیاوماقووڵان و ڕیش سپییەکانەوە ئەنجام دەدرێ هەم دابینکردنی ئامانجە

کۆمەڵایەتییەکانە. بۆ وێنە کەسێک کە بڕیارە مڵک و زەوی بنەماڵە دابەش نەکرێ، بۆ ئەو کوڕە کچێک لە خزم و کەسی خۆیان دەستنیشان دەکەن یان ئەو کاتەی کە بۆ ئامانجی وەڕەێخستنەوەی نزیکایەتی و دۆستایەتی نێوان دوو خزمەکە بە هۆی ڕووداوێک نێوانیان ناخۆش بووە، دیسان لە ڕێگەی هاوسەرگیریی منداڵەکانیان ئەم بەینە خۆش دەکەنەوە. ئەنجامی ئەم کارە ئەوەیە کە هەندێجار هاوسەرگیریی لە تەمەنی منداڵیدا ڕوو دەدات.



وێنەی 13. هاوسەرگیریی منداڵان لە هیندستان. ئەنجامی هاوسەرگیریی ڕێکخراو، بڕوانە ماڵپەڕی: http://observatorio3setor.org.br

لەم چەشنە هاوسەرگیرییەدا کاربەڕێکەرانی سەرەکی ئەو کەسانە نین کە چارەنووسیان گرێ دراوە بەم چەشنە هاوسەرگیرییەوە، بەڵکوو دایک و باوکەکان، گەورەکان و ڕیشسپییەکانیش هەڵوەدای دۆزینەوەی هاوسەرن و هەم بڕیاری پێویست بۆ هەڵبژاردن دەدەن. لە هاوسەرگیریی ڕێکخراو پێوەرەکانی هەڵبژاردن یان ڕێکخستن زیاتر گرینگی بە بەرژەوندییە کۆمەڵایەتی و هاوچەشنییە بنەماڵەییەکانی ئەوان دەدرێ تا شیاوبوونی هاوسەر لە ڕووی دەروونی یان تەنانەت جەستەییەوە.

هاوسەرگیریی منداڵان جۆرێک هاوسەرگیریی ڕەواڵەتییە کە لە ئێراندا ڕێژەیەکی بەرچاوی لە خۆ گرتووە. نووسەر (کامیل ئەحمەدی) لە کتێبێکدا لە ژێر ناوی "زایەڵەی بێدەنگی:

توێژینەوەیەک گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران"[1] بە چڕوپڕی بابەتی هاوسەرگیریی منداڵانی لە ئێران تاوتوێ کردووە. بە پێی ناوەڕۆکی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ و یوونیسێف، منداڵ بە کەسێک دەوترێ کە لە تەمەنی لە نێوان ساتەوەختی لەدایکبوونەوە هەتا تەمەنی 18 ساڵانە. بەم پێیە ئەگەر منداڵ لە ژێر ئەم تەمەنەدا هاوسەرگیری بکا؛ هاوسەرگیریی پێشوەختە یان منداڵهاوسەری ڕووی داوە. لە دیاردەی هاوسەرگیریی منداڵان (منداڵهاوسەری – هاوسەرگیریی پێشوەختە) لانیکەم یەکێک لە هاوسەرەکان تەمەنی کەمتر لە تەمەنی 18 ساڵانە. هاوسەرگیریی پێشوەختە بۆ هەر دوو ڕەگەزی کچ و کوڕی منداڵ بە کار دەهێنرێ؛ بەلام ڕاستیی تاڵی کۆمەڵگا ئەوە دەردەخا کە لێکەوتە و کاریگەرییەکانی دیاردەی منداڵهاوسەری بۆ سەر کچۆڵەکان خەسارتەبەخشتر و مەترسیدارترە. هاوسەرگیریی پێشوەختە یان منداڵهاوسەری لە وڵاتە جیاجیاکانی دنیادا بوونی هەیە و بە پێی سیستەمی فەرهەنگی – ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو کۆمەڵگایە. سەرەڕای ئەمە ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە لە وڵاتانی ئەفریقایی و باشووری ڕۆژاوای ئاسیا بۆ وێنە ئێران زۆرتر باوە. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی ئەحمەدی (1396ی هەتاوی) لە کتێبی زایەڵەی بێدەنگی پیشانی دا کە حەوت پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، خووزستان، سیستان و بەلووچستان، ئازەربایجانی ڕۆژاوا، هورموزگان و ئیسفەهان لەم ساڵانەی دواییدا زیاترین ڕێژەی فرەیی منداڵهاوسەرییان لە خۆ گرتووە. ئەگەرچی ڕەوتی منداڵهاوسەری ڕووی لە داکشانە بەلام لە بەرامبەردا تەلاقی منداڵان ڕووی لە هەڵکشان کردووە. هەروەها ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە پیشان دەدا کە کاریگەرترین فاکتەرەکانی سەر بەردەوامبوونی منداڵهاوسەری بریتییە لە هەژاری،

---

1. ئەحمەدی، کامیل (1396). زایەڵەی بێدەنگی توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران
Ahmady, Kameel (2017). An Echo of Silence: A Comprehensive Research Study On Early Child Marriagen (ECM) In Iran, New York: Nova Publishing

نەخوێندەواری و کەم خوێندەواری، پشتیوانیی یاسایی، گوشاری کۆمەڵایەتی و ڕوانگەی پیاوسالارانە و باوەڕە نەریتی و ئایینزاییەکان. هاوسەرگیریی پێشوەختە بۆ هەر دوو ڕەگەزی کچ و کوڕی منداڵ بە کار دەهێنرێ؛ بەڵام ڕاستیی تاڵی کۆمەڵگا ئەوە دەردەخا کە ئەم دیاردەی بۆ سەر کچۆڵەکان زیانبەخشتر و مەترسیدارترە. ئاسەوارەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە بریتییە لە: هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق، منداڵبێوەیی، پەروەردەبوونی منداڵانی بێسەرپەرشت و بەدسەرپەرشت، کەڵکاوەژوویی سێکسی بۆ سەر کچان، بەردەوامیی پرۆسەی هەژاری و لەشفرۆشی، زۆربوونی نەخۆشییە جەستەیی و سێکسی و ڕۆحییەکانی کچان. لە کۆتاییدا بە مەبەستی ڕێگری و بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە هەندێ ڕێکاری وەکوو هەڵکشاندنی تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری بۆ تەمەنی 18 ساڵ، بەستێنسازیی فەرهەنگی و پەروەردەیی، تۆمارکردنی وردی هاوسەرگیرییەکان، پێداگریکردنی دەوڵەت و هاوئاهەنگیی ناوەندە پەیوەندیدارەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی منداڵهاوسەری، خوێندنی ناچاری و بێبەرامبەر بەتایبەت لە ناوچە بێبەشەکان، هەڵکشانی وشیاری لەمەڕ دەرهاویشتە و زیانەکانی منداڵهاوسەری لە ڕێگەی میدیا گشتییەکان و تەکنەلۆژیا نوێکانەوە، پشتیوانیی داد و یاسایی بۆ بەیاساییکردنی منداڵهاوسەری و دیاریکردنی سزای قورس بۆ ئەنجامدەران و لە کۆتاییدا بە کەڵکوەرگرتن لە کەسایەتییە ئایینی و ئایینزاییەکان، ئەمانە وەک گرینگترین فاکتەرەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی منداڵهاوسەری خراونەتە ڕوو.

بە پێی مادەی 1041ی یاسای ژیاری لە ئێران نیکاحی کچ بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 13 ساڵی تەواو و کوڕ بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 15 ساڵی تەواوی هەتاوی بەستراوەتەوە بە ئیزنی سەرپەرشت بەو مەرجەی کە بە لێکدانەوەی دادگایەکی شیاو بەرژەوەندی ڕەچاو کرابێت. ئەم یاسایە هەلی ئیزنی منداڵهاوسەری دەڕەخسێنێ و یەکێک لە فاکتەرەکانی

هەڵکشـــانی ڕێژەی منداڵهاوســـەری لە ئێرانە. هەر بەم پێیە چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، نووسـەران و نوێنەرانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵیان دا کە لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی منداڵهاوســەری و لێکەوتەکانی لە ڕێگەی یاســاوە، مامناوەندی تەمەنی هاوســەرگیری بەرز بکـەنـەوە. لـە ئـەنجـامـدا هـەوڵی توێژەران و چـالاکڤـانـانی کۆمـەڵایـەتی بابـەتی هاوســـەرگیریی منداڵان بوو بە یەکێک پەرۆشییەکانی نوێنەرانی مەجلیسیش. هەر بەم پێیە، نوێنەرانی مەجلیس ڕۆژی چوارشەممە 1397/07/04ی هەتاوی لە مەجلیسی ئێراندا دەنگیان بە پرۆژەیاسای هەڵکشاندنی مامناوەندی تەمەنی هاوسـەرگیری دا. ئەم پرۆژە یاسـا هەڵگری چاکسـازیی مادەی 1041ی یاسای ژیاری پرۆژەیاسای 1381/04/01ی هەتاوی بوو کە مارەبڕینی کچانی بەر لە تەمەنی 13 سـاڵی تەواوی هەتاوی و کوڕان بـەر لـە 16 ســـاڵ تـەواوی هـەتاوی قەدەغە کرد. بە گوێرەی ڕوونـکاری ئـەم پرۆژەیاســـایـە "لانیکـەمی تـەمـەنی هاوسەرگیری لە کچانی 16 ساڵی تەواوی هەتاوی و لە کوڕاندا 18 ساڵی تەواوە". مارەبڕینی هاوسەرگیری 13 بۆ 16 ساڵان لە کچاندا و 16 هەتا 18 سـاڵان لە کوڕان بەسـتراوەتەوە بە ئیزنی ســەرپەرشــتیار و بەرژەوەندی و دادگا بەو مەرجەی لە ســەر بۆچوونی پزیشکی یاسایی جەستە بۆ هاوسەرگیری تەندروست بێت. نوێنـەران بە 151 دەنگی ئـەرێ، 34 دەنگی نا و 7 دەنگی ســپی لە کۆی 204 نوێنەری ئامادە لە پارلێمان لێکدانەوەی ئەم پڕۆژیاسایەیان پەسەند کرد.

### چ) هاوسەرگیریی نهێنی یان هاوسەرگیریی سپی[1]

لـە مێژووی هـاوســـەرگیریدا هـەمیشــە بیرمـەندان ئـەم مشتومڕەیان بووە کە ئایا هاوسـەرگیری دەبێ ڕەواداریی خۆی لە ڕێگەی تێپەڕین لە ڕێسـا قورسـە یاسـایی و شــەرعییەکان

1. clandestine marriage

وەدەست بێنێ یان ئەوەی کە هاوسەرگیرییەک بە ڕەوا بزانن کە ڕەزامەندیی هەر دوو لایەنەکەی لە سەر بێت؟ هاوسەرگیریی نهێنی قبووڵکردنی ئەم پێوەرەیە. لە سەدەی 12ی زایینی کلیسا جیاوازی خستە نێوان هاوسەرگیریی یاسایی و هاوسەرگیریی پڕبایەخ. هاوسەرگیری بە ئامادەبوونی قەشە و پاراستنی ڕێوەڕسمە ئایینییەکان بە یاسایی دادەنرێ، ئێستا هاوسەرگیری بە بێ ئامادەبوونی قەشە و پاراستنی ڕێوەڕسمە ئایینییەکان و تەنیا لە سەر ڕەزامەندیی لایەنەکان بایەخی پێ دەدرێت؛ کەواتە لەم چەشنە هاوسەرگیرییەدا نە تەنیا پاراستنی ڕێسا شەرعییەکان پێویست نییە، بەڵکوو لایەنەکان ناچار نین ڕێسا عورفییەکان ڕەچاو بکەن. ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە کە تێیدا تاکایەتی و تاکخوازی دەگاتە ئەوپەڕی خۆی و بە جۆرێک لە جۆرەکان پیشاندەری دابڕانی دیاردەی هاوسەرێتی لە کۆمەڵگایە، لە هاوسەرگیریی عورفی نزیکە و دژی هاوسەرگیریی ڕێکخراوە. وەها هاوسەرگیرییەک بە هۆی ئەم تاکخوازییە زێدەڕۆیی و ئاشکرایە بەردەوام نابێت. هەر بۆیە لە ناوەڕاستی سەدەی 16ی زایینی بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی کلیساکان، هاوسەرگیرییەک کە لە لای قەشە و سێ شایەت ئەنجام نەدرابایە قبووڵکراو و ڕەوا نییە و پێی دەوترێ هاوسەرینی (هاوسەرگیریی سپی[1]). لە حاڵێکدا لە حاڵەتەکانی دیکە (وەکوو هاوسەرگیریی عورفی)، بەردەوامبوونی پێدانی ڕەواداری خۆش دەکات.

هاوسەرگیری وەک گرینگترین داپەڕی کەس لە ژیانیدا ناتوانرێ بە بێ چاودێریی کۆمەڵگا بەدی بێ و هەرکات ئەمە ڕوو بدا بەردەوامبوونەکەی تووشی کێشە دەبێت. مەبەست ئەوە نییە کە پێشنیاری ئاهەنگی هاوسەرگیریی پڕتێچوو بدەین کە خۆی لە هەندێ حاڵەتدا دەبێتە هۆی خۆبواردن لە هاوسەرگیری. بەڵکوو ئامانج ئەوەیە کە هەمیشە هەوڵ بدرێ هاوسەرگیریی مرۆڤەکان ڕەواداریی کۆمەڵایەتییان هەبێت. واتە بە چاودێری و ڕەزامەندیی کۆمەڵگا ئەنجام بدرێت.

1. cohabitation

کەواتە ناڕەواکردنی یان جیاکردنەوە و سـڕینەوەی ڕەهەندە شـەرعییەکانی هاوسـەرگیری (کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ئەنجام دەدرێ) و سنووری ڕێسا عورفییەکان بەدەر لە سستیی پەیمانی هاوسـەرێتی و لە ئەنجامدا پەرەسـەندنی ئەوەی ئەوڕۆ پێی دەڵێن فرەهاوسەریی ناهاوکاتی لێ دەکەوێتەوە.

### ح) هاوسەرگیری تاقیکاری[1]

هاوسـەرگیریی تاقیکاری جۆرێک هاوسـەرگیریی مەرجدار یان دواکەوتووە کە لە دوو مانای جیاوازدا بە کار دەهێنرێت:

لە مانایەکدا هاوسـەرگیری تاقیکاری بە واتای ئەو چەشـنە هاوسەرگیرییەیە کە لەدایکبوونی منداڵ مەرجی یەکلابوونیەتی. ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە مەرجدارە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بەدی دەکرێت. لە واتایەکی دیکەدا، هاوسـەرگیریی تاقیکاری لە کۆمەڵگە پیشـەسـازییەکاندا دەخرێتە ڕوو و مەبەسـت لەو هاوسـەرگیرییە، هاوسـەرگیرییەکی نالێبڕاوەیە و تەنیا بە مەبەسـتی پێدانی دەرفەتی پێویسـت بۆ لایەنەکانی هاوسەرگیرییەکەیە بۆ ئەوەی یەکتر بناسن و بڕیارێکی لێبڕاوە بدەن. هاوسـەرگیریی تاقیکاری لە مانای دووهەمیدا سـەرنجڕاکێشـە؛ چونکە لە لایەن توێژەرانی نوێوە (بۆ وێنە مارگرێیت مەید) خراوەتە ڕوو و ئەوانەی کە باوەڕیان پێیە پێیان وایە هاوسـەرگیری و بە شـێوەی گشـتی هەڵبژاردنی هاوسـەر لە داهاتوودا گرێدراو بە هاوسـەرگیریی تاقیکاری بکەن. سـەرەڕای فەلسـەفەی هەڵفریوێنەرانە و شـیاوی قبووڵکردنی وەها بیرمەندانێک هاوسـەرگیریی تاقیکاری کێشـەگەلی گەورەی بۆ کۆمەڵگا و تاکی لێ دەکەوێتەوە و گرینگترینەکەیان بریتییە لە:

- لەدایکبوونی یەک یان چەند منداڵ کە پاش ماوەیەک یەکێک لە لایەنەکان یان هەر دووکیان بڕیار دەدەن ئەم هاوسـەرگیرییە تاقیکارییە کۆتایی پێ بێنن، منداڵ یان منداڵەکانیان بارودۆخێکی نادیاریان دەبێت.

---

1. trial marriage

- بۆ هەر مرۆڤێک بەتایبەت ژن، ماوەی چەند ساڵی تایبەت کاتی هەڵبژاردنی هاوسەرە. ئەگەر ئەم ساڵانە تێپەڕن کەسەکە تووشی سەڵتیی هەمیشەیی دێت.
- ئەگەر کەسانێک بیانهەوێ بۆ تێرکردنی خواستە سێکسییەکانی خۆیان ئەم نەریتە بقۆزنەوە، بە ڕەواڵەتێکی جوان و کۆمەڵگاپەسەند دەتوانن چەندین جار هاوسەرگیریی تاقیکاری بکەن و بە هۆی نەبوونی لێکتێگەیشتن لێک جیا ببنەوە.
وێدەچێ هاوسەرگیریی تاقیکاری بە پێچەوانەی فەلسەفە جەماوەرپەسەندەکەی، قەت جێبەجێ نەبێت.

## خ) هاوسەرگیریی دۆستانە[1]

هاوسەرگیرییەکی ئاسانە و ئاهەنگی قورس و تێچووی ئاسایی نییە. دوو گەنج یەکتر هەڵدەبژێرن، ژیانی هاوبەش دەست پێدەکەن و لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵ یان هەر ڕووداوێکی دیکە (گرێبەستی) هاوسەرگیرییەکەیان ئاسایی دەبێ و دوو تایبەتمەندی لە خۆ گرتووە، نەبوونی ئاهەنگ و فەرمیبوونی درەنگە.
لە هاوسەرگیریی دۆستانە دوو گەنج بە بێ هیچ چەشنە ڕێوڕەسمێک ژیانی هاوبەش دەست پێدەکەن.
بەڵام بوونی ئاهەنگ لە هاوسەرگیریدا ڕەهەندی ئەرێنیشی هەیە:
- فەرمێتی پێدان: ئاهەنگی هاوسەرگیری پاش ڕەوادارییی پەیوەندیی سێکسی کە بە هۆی گرێبەستی هاوسەرێتییە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووداوێکی گرینگ و هەستیار لە سەرتاسەری کۆمەڵگادا بەفەرمی بکرێ و دیتران لێی ئاگادار بن و بە شێوەی فەرمی بناسرێت.
- سەقامگیری پەیوەندییە خزمایەتییەکان: لەگەڵ هاوسەرگیریی دوو گەنج، دوو گرووپی بەربڵاوی خزم و کەسان پێکەوە "زەماوەند" دەکەن و لە ڕێگەی ئەم ئاهەنگەوە

---

1. marriage of comradeship

بە هاوســەرگیریکردن پێکەوە ئاشــنا دەبن. هەر بۆیە زۆریان دەبنە خزمی یەکتر.
- گرینگیدان: ڕێوڕەسـمی هاوسـەرگیری ئەگەر بە شـێوەی ئاسـایی بەڕێوە بچێ ڕووداوی هاوسـەرگیرییەکە لە سـادەیی و ئاســانبوونی "دووبارەبوون" دوور دەکەوێتەوە. بەم شـــێوە گرینگترین ڕووداوی ژیانی مرۆڤ بە شــێوەی شــیاو بەڕێوە دەچێ و وەک ڕووداوێکی دووبارەنەکراو خۆی دەنوێنێت.
- دەســـتەبـەریی بـەردەوامی: لـە هـەر ڕێوڕەســمێکی کۆمەڵایەتیدا هەندێ ڕێوڕەســم و توخم وەکوو ســیمبۆلن کە بارودۆخی تـایبـەتیی کۆمـەڵایـەتییـەک ڕوون دەکـاتـەوە کـە هەڵقوڵاوی ڕابردووانی ئەو کۆمەڵگایەیە. کەواتە ڕەچاوکردنی ڕێوڕەسم و بەڕێوەبردنی ئەم ڕێوڕەسمانە بە واتای درێژەپێدانی یادی باب و باپیران و هاوپەیوەســتبوونی کۆمەڵگا لە هەر نەوەیەکدا لەگەڵ نەوە پێشووەکانی خۆیەتی. ئەم حاڵەتە ڕێگری لە "گۆشـەگیریی نەوەکان" دەکا و ڕێوەڕسـمی هاوسـەرگیری وەک میراتی کۆمەڵگایەک لە نێوان ســـەردەم و چاخەکاندا درێژەی پێ دەدرێت.
- وەدەستهێنانی یەکێتی و شوناس: ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری بابەتێکی ئەوپەڕ نەوەییە، هەر نەوەیەک لە هەر ســەردەمێکدا بە بەڕێوەبردنی ئەو ڕێوڕەســـمە هەســـتی گیرۆدەبوون بە کۆمەڵگـایەکی تـایبـەت دەکـات. بە پێی ئـەم ڕوانگـە دەتوانین قبووڵی بکەین کە ڕێوڕەســـمی هاوســـەرگیری وەک پاژ یان توخمی ناســـنامەی کۆمەڵگا دێتە هەژمار و هەر نەوەیەک شـــوناســـی کۆمەڵایەتیی خۆی بەوە دەدۆزێتەوە. جیا لەوە، بە هۆی ئەوەی لە ناو تاقمێکدا هەم هاوکات و هەم لە شـــوێن بە شـــێوەی هاوشـــێوە بەڕێوە دەچێ، دەتوانێ یەکێتیی ئێتنیکی لێ بکەوێتەوە. هەموو ئەوانەی کە ڕێوڕەســـمی تایبەتی ڕەچاو دەکەن و لە گرینگترین قۆناغەکانی ژیانیاندا بەرزی دەنرخێنن قەت تووشـــی ناتەبایی و ناکۆکی نابن. ئەم یەکێتییە بە جۆرێک دەتوانێ لە بارودۆخی تایبەتدا هەســـتی کۆمەڵێک ببزوێنێ و وەها لێکیان نزیک بکاتەوە کە جۆرێک خۆڕاگری لە ناو دڵی کۆی فەرهەنگی نەیاردا بەدی بێنێ و لە باشـــترین بارودۆخدا

دەرکەوتنی ڕێبازێکی لێ بکەوێتەوە.
هاوسەرگیریی دۆستانە کە دەرکەوتنی تاکایەتی و دابڕان لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانە هاوشێوەی هاوسەرگیریی نەهێنییە. هەر بۆیە دووهەمین تایبەتمەندییەکەی لە سیغە دەچێت. ئەگەر فەرمیبوونی هاوسەرگیریی بە ڕێککەوتنی دواتر یان هاتنی منداڵ مەرجدار بکرێ بابەتگەلی وەکوو پرسی منداڵان، سەڵتیی هەمیشەیی و یان بەدگومانی بەدواوەیە.
ئەوەی هەتا ئێستا باسی کرا بیچمە جیاوازەکانی هاوسەرگیری لە کەلتووورە جۆراوجۆرەکانە و دیارە ناتوانین لە سنوورە جوگرافیاییەکانی ئێراندا هەموو شێوازەکانی هاوسەرگیری بدۆزینەوە. کەواتە ناسینەوەی جۆرەکانی هاوسەرگیری لە ئێراندا پێویستی بە لێکدانەوەی فەرهەنگ و بارودۆخی کۆمەڵایەتی – ئابووری لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانە.

**2—2—2. هاوسەربژێری لە ئێران بە پێی پێکهاتەی ناوەکیی بنەماڵە**

ڕەنگە بنەماڵەی ناوەکی پاش ڕەوتی بەپیشەییبوون لە ڕۆژاوا، چی لە جیهانی پیشەسازی و چی لە دیکەی ناوچەکانی جیهان بووبێ بە بیچمی زاڵی بنەماڵە. بەڵام ئێستاکە ئاماری وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانی پیشان دەدا کە بنەماڵەی ناوەکی (ژن و مێرد و منداڵەکان) چیتر زۆرینەی بنەماڵەکان پێک ناهێنێ و ئێستا چەشنە نوێکانی بنەماڵە بەدی هاتوون و ڕێژەیان گەیشتۆتە ئاستێک کە چیتر ناتوانین باس لە دیاردەیەکی ئاوارتە بکەین، بەڵکوو دەبێ سەر لە نوێ بنەماڵە پێناسە بکەینەوە و بەتایبەت دەبێ لە گۆڕانەکانی تێڕابمێنین، چونکە هەموو بەڵگەکان پێداگری لە سەر گۆڕانکارییەکانی بنەماڵە دەکەنەوە. لە ئاماری ئەمریکا 27 لە سەدی تاکەکان کە بنەماڵەکانیان بریتییە لە ژن و مێرد و منداڵەکان هاوسەرگیرییان نەکردووە، ئەو بنەماڵانەی کە بریتین لە ژن و مێرد و منداڵیان نییە 27 لە سەدن. کەسانی سەڵت 38 لە سەد و بنەماڵەی دایکی یان باوکی

(یەکخاوەنی) 8 لە سەدن.

لە بارودۆخی ئێستادا، ئەگەرچی لە وڵاتانی پیشەسازیدا بنەماڵەی ناوەکی کەم بۆتەوە و لەمەڕ داهاتووی بنەماڵە بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر دەردەبڕن، لە زۆرێک لە وڵاتان بۆ وێنە ئێران هێشتا بە پێی ئامار، بنەماڵەی ناوەکی چ لە شار و چ لە دێ زۆرینەیە. بە پێی ئاماری ساڵی 1390ی هەتاوی 60/63 لە سەدی بنەماڵەکان ناوەکین، 14/64 لە سەد بنەماڵەی ژن و مێردین، 7/16 لە سەدی بنەماڵەکان یەک کەسین، 6/97 لە سەد بنەماڵەکان (یەکخاوەنین)، 3/84 بنەماڵەکان بەربڵاون، 0/24 لە سەدی بنەماڵەکان منداڵسەرپەرشت و نزیکەی 6/52 لە سەدی دەچنە ناو دیکەی بنەماڵەکان.

بە بۆچوونی پارسۆنز[1] هەڵبژاردنی هاوسەر بە پێی هۆگری و عەشق یەکێک لە پرەنسیپە تایبەتەکانی بنەماڵەی ناوەکییە. ژن و مێردی گەنج پاش هاوسەرگیری ناچنە ناو هیچ کام لە بنەماڵە لایەنگرەکانەوە، بەڵکوو یەکەیەکی سەربەخۆ بۆ ژیانی خۆیان پێک دێنن و دەبنە تازەشوێن و بە بێ گرێدراویی خزمایەتی ژیان دەکەن، هەر بۆیە لە هەڵبژاردنی هاوسەردا لە دەروەستی و حەزی بنەماڵە دەربازن و بە بێ تێبینیی خێزانیی و بە پێی هۆگری و خواستی دڵ یەکتر هەڵدەبژێرن. ئەم شێوازە پێی دەڵێن هاوسەربژێریی ئازاد و دەبێ ڕوون بکرێتەوە کە بە مانای ئازادبوون لە کۆت و بەندەکان، زەوق و فەرمانە بنەماڵەییەکانە بەڵام هێشتا لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکاندایە. کەواتە زاراوەی هاوسەربژێریی ئازاد، واتە هەڵبژاردنی هاوسەر بە بێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی بنەماڵە کە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بە جەختکردنە سەر گرینگیی عەشق و لە وڵاتانی دیکە وەکوو ئێران بە پێداگری لە سەر هۆگریی دوو لایەنەیە، چ بە مانای پیشەسازییەکان و چ بە واتای کۆمەڵگاکانی دیکە، گرینگ هۆگربوونی هاوسەرە گەنجەکان بە یەکترە نەک ئەو پەیمان و گرێبەستانەی کە لە نێوان دوو

1. Parsons

بنەماڵەدا دەبەستریٚ (گۆڕینی بیچم و شوناسی بنەماڵە لە کۆمەڵگەکان و کاڵبوونەوەی دەوری دایک و باوک و توخمەکانی دیکە).

وشەی ئازادی ئەم مانایە دەگەیێنیٚ کە هەموو تاکێک دەتوانیٚ لە ناو کۆی کەسانی ڕەگەزی بەرامبەری کۆمەڵگای خۆی کەسێک هەڵبژێریٚ، لە هەندیٚ کۆمەڵگەدا هاوڕەگەز و هەڵبەت یاساش ئەم ئیزنە دەدات. واتە جیا لە مەحارم هەموو کەس ئیزنی هەڵبژاردن و هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دیکە لە کۆمەڵگای هەیە. بەڵام هەروا ئاسان نییە. زۆرێک لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان ئاستەنگی بەر دەم هاوسەرگیرییە. چونکە هاوسەرگیری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و تێوەگلاوی کۆت و بەندەکانیەتی. هاوسەرگیریی دوو کەس لە ڕێگەی ڕێوڕەسمی مارەبڕین و ئاهەنگی هاوسەرگیری بە کۆمەڵگا ڕادەگەیێنرێت. لەم ڕێوڕەسمەدا کچ و کوڕ هەم ئامادەباشیی خۆیان بۆ ڕاپەڕاندنی دەوری ژن و مێردی و هەم زەماوەندەکەی خۆیان بە کۆمەڵگا ڕادەگەیێنن کە بە شێوەی لاوەکی ڕەزامەندیی کۆمەڵگای لیٚ دەکەوێتەوە. بەم شێوە ئەگەرچی دەستێوەردانەکانی بنەماڵە کەم بۆتەوە و میکانیزمەکانی بیٚکاریگەر بووە، میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی دروست بووە و ڕێگری لەو هاوسەرگیرییانە دەکا کە دەبنە هۆی تێکچوونی تەکووزیی کۆمەڵگا کە گرینگترینەکەیان چینی کۆمەڵایەتییە. هەر کەس لەگەڵ چین، ئایینزا، نەتەوە و ئێتنیکایەتیی خۆی هاوسەرگیری دەکات. ئەگەرچی تاکەکانی کۆمەڵگا، دەرەوەگرووپی هاوسەرگیری دەکەن بەڵام لە ڕوانگەی پۆلێنبەندیی کۆمەڵایەتی، نژادی، ئایینی یان نەتەوایەتییەوە ناوگرووپی هاوسەرگیری دەکەن، دەرەوەگرووپ بە نیسبەتی مەحارمی خۆی و ناوگرووپ بە نیسبەتی چینی کۆمەڵایەتی، ئایین، نژاد و نەتەوەی خۆی.

لە ئەمریکا 61 لە سەدی کچان و کوڕان ڕێک ژوان لەگەڵ کەسێکی هاوچینی کۆمەڵایەتیی خۆیان ساز دەکەن. 35 لە سەدیش لەگەڵ دوو چینی تەواو لێک نزیک. سەبارەت بە دوو چینی جیاواز ئامارەکان پیشان دەدەن کە لە سیٚ حاڵەتدا کوڕ لە

چینی سەرتر و کچ لە چینی نزمتر و لە کۆی سێ کچ دوو کچ لەگەڵ چینی سەرتر لە خۆی ژوان ساز دەکات. کەسانێک کە بەرکەوتنیان لەگەڵ چینی سەرتر لە خۆیان هەیە دەبێ تایبەتمەندیی تایبەتیان هەبێت. ئەم تایبەتمەندییە بۆ کچان جوانی و دڵخوازبوونی گشتییانە و بۆ کوڕان یاریزانێکی باش یان خوێندەواربوونی نموونەیە. واتە تەنیا کەسانی خاوەن خاڵی چینی نزمتر بۆیان هەیە بچنە ناو چینی سەرترەوە. لەم لێکدانەوەدا جیا لە هاوچەشنیی چینایەتی، هاوچەشنیی تەمەنیش بەدی کرا. نیوەی ژوانەکان هی هاوپۆلەکان بوو و ئەوانی دیکە کە چینایەتییەکەیان لێک جیاواز بوو. مامناوەندی جیاوازیی تەمەنی نێوان ژن و مێردەکان نزیکەی 2 بۆ 3 ساڵە ( koing، 106: 1975: 115).

لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکانیشدا نەبوونی هاوچەشنی لە هاوسەرەکاندا لە ڕووی بیر و باوەڕەوە جۆرێک نۆرمبەزێنییە و بۆ ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە ئاستەنگی خێزانی و کۆمەڵایەتیی زۆر بەدی دەکرێت. کچ و کوڕێک کە ئایین و ئایینزای جیاوازیان هەیە وەکوو شیعە و سوننە کەمتر لە لایەن دەوروبەرەکانەوە هاوسەرگیرییەکەیان قبووڵ دەکرێ و تەنانەت لە ناو ئەم ئایینزایانەدا بوونی بۆچوونی تایبەتی ئایینزایی لە ناو بنەماڵەی کچ و کوڕدا لەوانەیە ببێتە هۆی گرژی و ناکۆکی لە کاتی خوازبێنی هەتا کاتی ژیانی هاوسەرێتی لە ناو هاوسەرەکان و دەوروبەرییەکانیان.

هاوسەرگیریی دراوسێکانیش باوە. نیوەی هاوسەرگیرییە شارییەکان و بەتایبەت لە شارەکاندا لە نێوان کەسانی گەڕەکێکدایە. تیشکی هەڵبژاردنی هاوسەرگیری لە دراوسێیەتی هەتا یەک و نیو کیلۆمەترە. دراوسێیەتی بە واتای ژیان لە ناو گەڕەکێکدایە و کەسەکان کە لە سۆنگەی پیشە، داهات و دیکەی تایبەتمەندییە چینایەتییەکان هاوشێوەن لە گەڕەکێکدا ژیان دەکەن، بە جۆرێک کە دەتوانین گەڕەکە کرێکارییەکان، هەژارنشین، کارمەندی و دەوڵەمەندەکانی ناو شارێک دیاری بکەین. دراوسێیەتی دەبێتە هۆی ئەوەی تاکە هاوچینەکان کاتی هاتوچۆ، کڕین و ... پێکەوە ئاشنا بن و ئەم ئاشنایەتییە دەبێتە

هۆی هۆگربوون و لە ئەنجامدا هاوسەرگیری. لە لایەکی تریشەوە تاکەکانی ناو چینێک لەگەڵ تاکەکانی چینێکی دیکە پەیوەندییان نییە و ئاشنایەتی دروست نابێ و لە ئەنجامدا هاوسەرگیریش ڕوو نادات. تەنانەت لە ناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە هاوسەرگیری لە سەر بنەمای عەشقە، خۆبەخۆ میکانیزمێک بەدی دێ کە لە دروستبوونی عەشق لە نێوان دوو کەس کە لە سۆنگەی چینی کۆمەڵایەتییەوە پێکەوە هاوچەشن نین، ڕێگری دەکات. واتە هەموو کچ یان کوڕێک لە چینێکی تایبەت لەگەڵ کەسانی هاوچینی خۆیان پەیوەندی ساز دەکەن و پەیوەندییەکان یان بە هۆی دراوسێتی یان پەیوەندیی خێزانی یان ڕابواردن یان ڕابواردنە تایبەتە کۆمەڵایەتییەکانە. کەسێک کە لە چینی سەرەوە لەگەڵ هاوتوێژەکانی پەیوەندی ساز دەکا و لە هەمان کاتدا هەر لەو چینەدا بە ڕادەی پێویست ڕێژەیەکی زۆر کەس هەن کە بەختی هەڵبژاردنیان وەک هاوسەر هەیە کە ئەمە وا دەکا کە هیچ هۆکارێکیان بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر لە چینێکی دیکەدا نەبێت. ئەم چەشنە سەرنج و گوشارانە بەتایبەت لە لایەن دایک و باوکی ئەو کچ و کوڕانەی کە لە سۆنگەی خێزانییەوە هێشتا هەندێ خاڵ و هەڤیازیی وەکوو سامان، خاوەندارێتی، دەسەڵات یان پێگەی خێزانیان هەیە، ئەنجام دەدرێن. ئەم بنەماڵانە بە ناردنی ڕۆڵەکانیان بۆ قوتابخانەی تایبەت، ڕابواردنی تایبەت، یانەی تایبەت، مسافرەت و هتد دەبنە هۆی ئەوەی منداڵانی بنەماڵە هاوچینەکانی خۆیان بەریەککەوتنیان هەبێ و ڕێگە نادەن لەگەڵ منداڵانی چینەکانی دیکە لێککەوتنیان هەبێت. هەر بنەماڵەیەک لە کۆمەڵگادا لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی کە بۆ منداڵەکانی خۆیانی ساز دەکەن، هەلی هاوسەرگیریی ناهاوچەشن (چینایەتی) کەم دەکەنەوە و هەلی هاوسەرگیریی هاوچەشن زۆر دەکەن (اعزازی، 1394: 98).

جیا لە چینی کۆمەڵایەتی، لە حاڵەتەکانی دیکەشدا هاوچەشنی بەدی دەکرێت. سەرەڕای ئەوەی لە ئێستادا یاسایەک لە دژی هاوسەرگیریی نێوان دوو ڕەگەز (وەکوو ڕەش و سپی) بوونی نییە و تەنانەت لە کۆمەڵگای ئەمریکاش

هاوسەرگیریی لە نێوان دوو ڕەگەزدا زۆر بووە، فاکتەری ڕەگەزی دەبێتە ئاستەنگی بەر دەم هەڵبژاردنی هاوسەر. هاوسەرگیریی لە نێوان دوو کەسی ڕەگەزجیاواز کەمتر لە هاوسەرگیریی تاکەکانی ناو یەک ڕەگەزە و ئەگەر وەها هاوسەرگیرییەکیش ڕوو بدا، پیاوێکی ڕەشپێست لە چینی باڵا و لەگەڵ ژنێکی سپیپێست لە چینێکی نزمتر لە چینی خۆی هاوسەرگیری دەکات. ئایین فاکتەرێکی دیکە هەڵبژاردنی هاوسەرە؛ گرووپە ئایینییەکان زیاتر ناوهاوسەرین؛ واتە لە بازنەی هاوئایینەکانی خۆیان یەکێک دەستنیشان دەکات. ئامارەکان سەبارەت بە وڵاتانی ڕۆژاوایی پیشان دەدەن کە جووەکان زیاتر لە هەمووان ناوهاوسەرین، ئینجا کاسۆلیکەکان و ئینجا پڕۆتستانییەکان. 80 لە سەدی جوولەکەکان هاوسەرەکانیان لە ناو جووەکاندا هەڵدەبژێرن. هاوسەرگیریی ناوهاوسەری پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ تایبەتمەندیی ئایینی و هەروەها گرێدراوی کەسەکان بە خۆیانەوە هەیە. هەندێ لە ئایینزاکان پێداگری لە سەر هاوسەرگیریی ناوگرووپی (ئایینی) دەکەن. بە شێوەی گشتی بۆ کەسێک کە باوەڕ و پابەندییەکی تایبەتی بۆ ئایینەکەی خۆی نییە ئەگەری زیاترە کە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی سەر بە ئایینەکانی دیکە بکات.

لە ناو هاوسەرگیریی هەندێ لە ئایین و گرووپە ڕەگەزییە ئێتنیکییەکاندا پەیوەندیی چینایەتیش بوونی هەیە. لە ئەمریکا ئایینزای کاسۆلیک گرێدراوی گرووپە ڕەگەزی و ئێتنیکییە تایبەتەکانی وەکوو ئیتالییەکان، مەکزیکییەکان و پۆرتوریکۆییەکانە و لە هەندێ ناوچەدا گیرۆدەی ئیرلەندییەکان، پۆڵەندییەکان و هتد. زۆرێک لەم گرووپە ئێتنیکییانە لە سۆنگەی بایەخ و ڕێزی کۆمەڵایەتییەوە لە گرووپەکانی دیکە نزمترن. ئەگەری ئەوە هەیە کە کەسانی پڕۆتستان بە هۆی پێگەی کۆمەڵایەتیی نزمی کاسۆلیکەکان هاوسەرگیرییان لەگەڵ نەکەن نەک لەبەر ئایینزا، واتە پڕۆتستانێکی ئەمریکی لەگەڵ کاسۆلیکێکی ئەڵمانی هاوسەرگیری دەکا بەڵام لەگەڵ کاسۆلیکێکی مەکزیکی هاوسەرگیری ناکات (Konig، 1976: 106 – 115).

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی هاوسەربژێری پیشان دەدا کە زۆربەی هاوسەرگیرییەکان هاوچەشن و ناوگرووپین. لێکچوونە چینایەتی، ئایینی و خێزانییەکان لە ناو ئەو هاوسەرانەی کە پێکەوە هاوسەرگیرییان کردووە لە ئاستێکدایە کە ناتوانین وەک هەڵکەوت لێیان بڕوانین، بەڵام زیاتر ئەم خاڵە پیشان دەدا کە ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان بە لەپاڵ یەکتردانانی گرووپە هاوشێوەکان، هاوسەربژێریی ئەوانیش دیاری دەکەن. بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا هاوسەرگیریی لە نێوان دوو چینی جیاواز لەگەڵ یەکتریش بەدی کراوە. لەم چەشنە هاوسەرگیرییانەدا پیاو سەر بە چینی باڵایە و ژن سەر بە چینی نزمە. پاساوهێنانەوە بۆ ئەم دیاردە بەم شێوەیە کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەندێ پێوەر بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر و هاوسەرگیری بوونی هەیە. هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا پێوەرەکانی هاوسەربژێریی لە وڵاتانی ڕۆژاواییدا زۆر گۆڕاوە (Liechter, 843:1991). بەدەر لە پێوەرەکانی هەر کۆمەڵگایەک، جوانیی ڕەواڵەت و دەموچاو بۆ هەڵبژاردنی ژن پێوەرێکی گرینگە و ناندەرهێنەری پێوەرێکی گرینگ بۆ هەڵبژاردنی پیاوە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەوە پیاوانن کە پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان دەگوازنەوە بۆ هاوسەرەکانیان نە بە شێوەی پێچەوانە. هەر بۆیە کاتێک کە پیاوێک لە چینی مامناوەندەوە بە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرز و توانای دابینکردنی ئابووریی خێزان، هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی جوانی چینی خوارەوە دەکا، بنەما کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانیان بە سەردا نایەت. بەڵام کۆمەڵگا هاوسەرگیریکردنی ئافرەتێک بە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرز لەگەڵ پیاوێک لە چینی نزم "بە هۆی جوانی" پشتڕاست ناکاتەوە و گواستنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیی ژن بۆ مێردەکەی قبووڵ ناکا مەگەر ئەوەی ئەو پیاوە کە هەندێ لێهاتوویی تایبەتی هەبێ و لە سۆنگەی پیشەوە سەرکەوتن وەدەست بێنێت.

فاکتەرێکی دیکە بۆ هاوسەرگیری بوونی گرووپێکی کەمینە لە نزیک گرووپێکی زۆرینەیە. گرووپی کەمینە ناچارە هاوسەرگیریی دەرەوەگرووپی بکا؛ چونکە ڕێژەی ئەو

کەسانەی ئەو لە ناو گرووپی کەمینەدا دەتوانێ وەک هاوسەر هەڵیانبژێرێ کەمە و بەختی بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر سنووردارە. گرووپی زۆرینە زۆر هۆگری هاوسەرگیریی دەرەوەگرووپی نییە؛ چونکە بۆ هەموو کەسێکی ئەم گرووپە ڕێژەی پێویست بۆ هەڵبژاردن هەیە. هاوسەرگیریی نێوان ئەم دوو گرووپە بە هۆی ئەوەیە کە لە چاو گرووپی کەمینە پڕەنسیپی تایبەت و هەڤیازیان هەیە؛ چونکە تەنیا لەبەر ئەم هۆکارەیە کە یەکێک لە کەسانی گرووپی زۆرینە وەک هاوسەر قبووڵی دەکەن.

لەوە دەچێ ئەوڕۆکە هاوسەرگیری لە کۆت و بەندەکانی خێزان دەرباز بووبێ و وردە وردە هەندێ لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش لە ناو بچن و بە شێوەی ئاشکرا یان شاراوە بە تەنیا پێداگری لە سەر عەشق، هۆگری و خواستی تایبەتیی هاوسەرەکان بکرێتەوە، بەڵام وازهێنان لە خواستە تایبەتییەکان دەتوانێ مەترسی بۆ سەر تەکووزیی کۆمەڵگا دروست بکات. هەر بۆیە خۆبەخۆ و بە شێوەی ناوشیارانە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەدی دێ و دەبێتە جێگرەوەی کۆنترۆڵەکانی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی ڕێگری لە هاوسەرگیرییە ناهاوچەشنەکان بکا، بە جۆرێک کە زۆر جار هەر تاکێک لە سنوورێکی بچووکی کۆمەڵگا و تەنیا لەگەڵ کەسێک دەتوانێ هاوسەرگیری بکا کە لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە هاوچەشنی ئەو بێت. ئەو کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگای ئەوڕۆییدا حاڵەتی لاوەکی و شاراوەی هەیە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە هێشتا لە کۆمەڵگا ڕووە لە پێشکەوتنەکاندا بە شێوەی ئاشکرا لە ژێر کۆنترۆڵی بنەماڵەدا بووە و ئێستاش هەیە. یەکێک لەم بیچمە ئاشکرایانە هاوسەرگیریی پێشتر دیاریکراوە. نموونە باوەکەی ئەوەیە کە باوەڕیان وا بوو کە لە ئاسمانەوە کچەمام و کوڕەمام لێک مارە کراون. لە هەندێ لە ناوچەکانی ئێراندا و وڵاتانی دەوروبەری وەکوو هیندستان، پاکستان و ئەفغانستان بنەماڵەکان هەر لە منداڵییەوە کچ و کوڕ لێک مارە دەکەن بۆ ئەوەی بەر لە سەرهەڵدانی هۆگریی هەڵبژاردنیان، هاوسەرگیرییان کردبێت. لە وڵاتی چین نەریتەکە بەم شێوە بوو کە کچان تەنیا

دەیانتوانی لەگەڵ کوڕانی گوندەکەی دیکە هاوسەرگیری بکەن؛ هەر بۆیە هەلی هەڵسوکەوتی بەر لە هاوسەرگیری و عەشق لە نێوان ئەواندا دروست نەدەبوو. لە وڵاتانی ئیسلامیدا بە مەبەستی لێک جیاکردنەوەی کچان و کوڕان و چاودێریکردنیان، لای یەک بە تەنیا جێیان ناهێڵن کە لە هەموو حاڵەتەکاندا هەڵبژاردنی هاوسەر و عەشقی کەم دەکردەوە بۆ ئەوەی دایک و باوکەکان هاوسەرێکی شیاو بۆ ڕۆڵەکانی خۆیان هەڵببژێرن.

هەڵبەت ئەوڕۆکە لە ناو زۆرێک لە کۆمەڵگە ئێستاییەکاندا لە نێوان ئەم کۆت و بەندە خێزانی و کۆمەلایەتییانە و هەڵبژاردنی منداڵەکان هاوسەنگییەک بەدی هاتووە؛ واتە کچ و کوڕ خواست و هەڵبژاردنی خۆیان ڕادەگەیێنن و پاش قبووڵکردنی بنەماڵەی کچ و کوڕ، هاوسەرگیرییەکە ئەنجام دەدرێت. بە شێوەی گشتی، هەرچی بنەماڵە لە ڕووی چینی کۆمەلایەتی، سامان و بایەخی کۆمەلایەتی لە سەرتر بێ، لە هەڵبژاردنی هاوسەری منداڵەکەیان بەزاکوونترن، چونکە لەم بنەمالانەدا زەماوەندی ناهاوچەشن لەوانەیە زیان بە پێگە و ناوبانگیان بگەیێنێ یان ببێتە هۆی ئەوەی کەڵکاوەژۆیی مادی لە داهات و سامانی ئەو بنەماڵە؛ هەر بۆیە بنەماڵەیەک کە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی هاوسەرگیریی منداڵەکانیان بترسن، هاوسەرگیریی منداڵەکانیان زیاتر کۆنترۆڵ و چاودێری دەکەن. هاوچەشنیی هاوسەرگیرییەکان تەنیا لەو فاکتەرانەی کە باسیان کرا سنووردار نابێتەوە. دەبێ بزانین چۆن لە ناو ئەمانەدا، تەنیا یەک کەس وەک هاوسەر دەستنیشان دەکرێت. واتە پێوەر چییە؟ ئایا کەسێک دەستنیشان دەکرێ کە پرەنسیپە ئەخلاقییەکەی هاوشێوەی هەڵبژێنەرە (هاوچەشنهاوسەری) یان بە پێچەوانەوە تاکەکان هەوڵدای کەسێکن کە هەڵگری پرەنسیپی کەسایەتی و ئەخلاقیی تەواو جیاوازن (ناهاوچەشن هاوسەری). بە باوەری ڕابێرت وینچ[1] (1958) لە ناو ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ هاوسەرگیری بکەن، مرۆڤ لەگەڵ

1. Robert Winch

ئەو کەسە هاوسەرگیری دەکا کە لە ڕێگەی ئەوەوە خواستەکانی باشتر دابین بووبێ و هەست بە ڕەزامەندی بکا، واتە هاوسەرێکی تەواوکەر دەستنیشان دەکات. وینچ و هاوکارەکانی بە پێی تایبەتمەندییە دەروونییەکان پێرستێکیان لە 12 پێداویستیی سەرەکی و سێ تایبەتمەندیی دەروونی ساز کرد کە بە پێی ئەوە هەموو کەس بە تایبەتمەندیی دەروونیی خۆیەوە بە ئەگەری زۆر هاوسەرێکی گونجاو دەستنیشان بکات. بنەمای ئەم پێرستی هاوسەربژێرییە بە پێی پێویستی و خواستە تەواوکەرەکانە نە بە پێی تایبەتمەندییە لێکچووەکان. هەڵبەت هەڵبژاردنی هاوسەر بە پێی ئەم پێرستە بەختەوەربوونی ژیانی داهاتوو دەستەبەر ناکا؛ چونکە تەنیا سەرنج دەخاتە سەر پێداویستییە تەواوکەرەکانی تاک و بەختەوەری جیا لە تایبەتمەندییە دەروونییەکان گرێدراو بە زۆر فاکتەری دیکەیە (اعزازی، 1394: 103).

لە ئێراندا هەڵبژاردنی هاوسەر و پرۆسەی هاوسەرگیری بە بەراورد بە پانتای جوگرافیایی جیاوازە. بەڵام بە شێوەی گشتی دەتوانین بڵێین هێشتا بە شێوەی نەریتی و لە ژێرچاودێریی بنەماڵەکاندایە.



وێنەی 14. ئاهەنگی هاوسەرگیری خوێندکاری کە لەم ساڵانەی دوایدا وەک ڕێکارێک بۆ ئاسانکردنەوەی هاوسەرگیریی خوێندکاران پەرەی

سەندووە. بڕوانە ماڵپەڕی: http://www.farhangnews.ir
چاودێریی بنەماڵە هاوئاراستەی ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکانە، واتە بنەماڵە هاوچەشنە کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرەکان لە سۆنگەی چینایەتی، خێزانی و کۆمەڵایەتییەوە ڕەچاو دەکەن؛ ئینجا بە پێی خواست و هۆگریی دەروونیی کچ و کوڕ بەرامبەر بە یەکتر، هاوسەرگیری ڕوو دەدات. ئەگەرچی ئەگەری ئەوە هەیە کە کچ و کوڕێک یەکتریان هەڵبژاردبێ و ئینجا بنەماڵەکانیان ڕازی بکەن، کە ئەم حاڵەتە ڕووی لە پەرەسەندنە.

پڕەنسیپی تایبەتیی هاوسەرگیری لە ئێران ڕەنگە لەبەر خزمایەتیبوونەکەی بێ کە هێشتاش لە شار و گوندەکاندا باوە. هەڵبەت هاوسەرگیریی خزمایەتی پشتڕاستکەرەوەی هاوسەرگیریی چینایەتییە، چونکە تاکەکانی بنەماڵەیەک لە سۆنگەی ئابوورییەوە لە ئاستێکی هاوشێوەدان. بەدەر لەوە، هەندێ لە کەمینە ئایینییەکانی ئێران ناوهاوسەرن و هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک کە سەر بە ئایینێکی دیکە بێ بە شیاو نازانن. لە ئایینی ئیسلامدا هاوسەرگیریی پیاوێکی موسڵمان لەگەڵ ئافرەتێک لە ئایینەکانی دیکە هیچ بەربەستێکی بۆ نییە. بەڵام بە پێی مادەی 1059ی یاسای هاوسەرگیری و تەڵاق، نیکاحی ژنی موسڵمان لەگەڵ پیاوی ناموسڵمان ڕێگەپێدراو نییە و تەنانەت مادەی 1060 ڕایدەگەیێنێ کە هاوسەرگیریی ژنی ئێرانی لەگەڵ پەنابەرێکی بیانی لەو حاڵەتانەشی کە بەربەستی یاسایی نییە، پێویستی بە ئیزنی تایبەتیی دەوڵەتە. نموونەی ئەم ئاستەنگە یاساییانە لە ناو هەندێ لە گرووپە ئێتنیکییە ئێرانییەکاندا (وەکوو تورکەمەنەکان)یشدا بەدی دەکرێ کە لە ناویاندا هاوسەرگیریی پیاو لەگەڵ ژنانی دیکە ڕێگەپێدراوە بەڵام بۆ هاوسەرگیریی کچەکانی خۆیان لەگەڵ کەسانی دیکە سەختگیری دەنوێنن.

بە پێی ئەوەی کە لە ڕوانگەی فیقهی ئیسلامییەوە سەرپەرشتیی ناموسڵمان بە سەر موسڵمان لە هاوسەرگیریدا ڕێگەپێدراو نییە، ژنی موسڵمان ناتوانێ هاوسەرگیری و سەرجێیی لەگەڵ پیاوی ناموسڵماندا بکات. پیاوی موسڵمانیش بۆی نییە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکدا بکا کە بیر و باوەڕی

هاوەڵدانەرانەی هەیە؛ بەڵام دەتوانێ لەگەڵ ژنانی ئەهلی کتێب (جوو، مەسیحی و بە وتەیەک زەردەشتی) هاوسەرگیری بکا و بۆی نییە هاوسەرەکەی ناچار بە گۆڕینی ئایین بکات.[1]

لە ئێرانی ئێستادا، ڕوانگە و هۆگریی زۆر بۆ بەڕێوەچوونی ئاهەنگی هاوسەرگیریی نەریتی بەڵام لە چوارچێوەی مۆدێرندا بوونی هەیە. بە پێی ئەم بابەتە هەمیشە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا کاریگەرییان لە سەر بیچمی هاوسەرگیری و وێناکانی پەیوەست بە هاوسەرگیری بووە، دەبێ باس لە لێکدژییەکی تایبەت لە کۆمەڵگای ئێراندا بکەین چونکە سەرەڕای ئەوەی بارودۆخی ژیانی شاری و پیشەسازی بە سەر کۆمەڵگادا زاڵە، هێشتا دەوڵەت و کۆمەڵگا لە ئاست مافەکانی تاک بەرپرسایەتییان هەڵنەگرتووە و وەکوو جاران لە چوارچێوە خێزانییەکان و لە ڕێگەی پابەندێتیی دوولایەنەی خێزانیدا ژیانی ئابووریی تاکەکان دابین دەبێت. بەم شێوە بارودۆخێک بەدی هاتووە کە لە هاوسەرگیریدا هێشتا بابەتە ئابوورییەکان گرینگن و ئەم گرینگایەتییە لە ڕێگەی میدیاکانەوە تۆکمەتر دەبێ، واتە لە بری ئەوەی دەوڵەت جیازاتی بەڕێوەبردنی ژیان بدا بە تاکەکان، ئەم بابەتە دەخاتە ئەستۆی بنەماڵەکان بۆ ئەوەی یەکەم لە ڕێگەی پێدانی جیازی گونجاوەوە هەلی دەستپێکی ژیانی هاوسەرە گەنجەکان و دووهەم ئەوەی کە لە ڕێگەی دیاریکردنی بڕی زۆری مارەیی، هەلی بەڕێوەبردنی ژیانی ژن پاش تەڵاقی ئەگەری دابین بکەن. هیچ کام لەم مژارانەی کە ئاماژەیان پێکرا لەگەڵ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە سەرهەڵدانی بنەماڵەی ناوەکی بە پێویست کردووە، هاوئاهەنگ نییە. کەواتە دەبێ بڵێین وەها بنەماڵەگەلێک کە بە پێی قەرار و بڕێ ئابوورییەکان پێک هاتوون، زۆر بە ئەستەم دەتوانن پرەنسیپە تایبەتەکانی بنەماڵەی ناوەکیان هەبێ چونکە سەرەڕای ئەوەی لە هاوسەربژێریدا گرینگی بە خواستی دڵی کچ و کوڕ دەدرێ، زۆرینە ئەو بنەماڵانە پێکی دەهێنن کە تێیاندا بابەتە داراییەکانی وەکوو جیاز

---

1. الخن، مصطفی، دیب البغا، مصطفی، الشربجی، علی، الفقه المنهجی، تهران، احسان، 1379

و بڕەمارەیی بە سەر قەرار و بڕێی هاوسەرگیریی گەنجاندا بالادەستە. نە تەنیا چینە دەوڵەمەندەکان، بەڵکوو زۆرینەی بنەماڵەکان بە خواستی خۆیان یان لەبەر ناچاریی کۆمەڵایەتی، تێچووی زۆری ئاهەنگە جۆراوجۆرەکانی داواکاری، شیرینی خۆران، دەزگیرانداری، خەنەبەندان، مارەبڕین و بووکێنی قبووڵ دەکەن. ئەم چەشنە ڕوانگە لەگەڵ شێوازی بنەماڵە ناوەکییەکان ناهاوئاهەنگە، چونکە لەم هاوسەرگیرییانەدا هێشتا هێماکانی ئەو قەرار و بڕێیانە ماوە کە لەگەڵ بارودۆخی ڕوو لە پێشکەوتن و گۆڕانکاریی کۆمەڵگا، دەوڵەت و بنەماڵە یەک ناگرێتەوە، بەلام بە هۆی ئەگەری تەلاق و نەبوونی پشتیوانیی کۆمەڵگا لە ڕێگە یاسا یان بوارەکانی دەستخستنی داهات بۆ ژنی تەلاق، کچ و بنەماڵەکەی بیر لە ڕێگەچارەی تاکەکەسی دەکەنەوە. کاتێک کچێک هاوسەرگیری دەکا پێی وایە تەنیا لە ڕێگەی بڕەمارەیی زۆرەوە دەتوانێ ڕێگری لە تەلاق بکا یان ژیانی پاش تەلاق دابین بکا، ئەوە لە حاڵێکدایە کە جگە لە چەند حاڵەتی دەگمەن نەبێ بڕەمارەیی و شێوازی پێدانی بڕەمارەییەکە ئەوەندە نییە کە ژنی تەلاقدراو بتوانێ بۆ سەرتاسەری ژیانی سەرمایەگوزاری لە سەر بکا و کەڵک لە فریزی سەرمایەکەی وەربگرێ، جیا لەوە پێدانی بڕەمارەیی پاش تەلاق بە شێوەی پاژ و نارێکوپێک بە ژن دەدرێت. ئەوەی گرینگە دروستبوونی ڕوانگەیەکە کە هەموو ژنێک لە ڕێگەی کار و پیشەوە ئابووریی خۆی دابین بکات. ئەو ژنەی کە توانای کار و دابینکردنی داهاتی هەیە، چی بەر لە هاوسەرگیری، چی لە ماوەی هاوسەرگیری و چی پاش هاوسەرگیری دەتوانێ لە سۆنگەی ئابوورییەوە ژیانی خۆی دابین بکات. ڕێگەچارە تاکایەتییەکان لە کۆمەڵگە ئەوڕۆییەکاندا وەلامدەر نییە، بۆ وێنە بڕەمارەیی زۆر نە تەنیا ڕێگری لە تەلاق ناکا بەڵکوو پاش تەلاق پیاو بە هۆی ئەو مامەڵەی کە کردوویەتی هەست بە داخداری و زیان دەکا و ژنێک کە پاش ساڵێک لێی جیا بۆتەوە و بڕە مارەییەکی زۆری وەرگرتووە سەرباری ئەوەی براوەی ئەم مامەڵەیە، چونکە بە نیازی ژیان هاوسەرگیری کردووە نەک مامەڵە، ئەویش هەست بە زیان و

دۆڕان دەکات و لە ئەنجامدا لە بەر سـێبەری تەڵاقدابوون کاڵ دەبێتەوە.

بە پێی یاسای ژیاری ئێران، هاوسەرگیری گرێبەستێکی یاساییە کە تێیدا ماف و ئەرکی جیاواز دەدرێ بە ژن و پیاو. بە واژۆکردنی تاپۆی هاوسەرگیری، ژن هەندێ مافی ژیاری و مەعنەوی وەکوو مافی سەفەر، بوونی پیشە، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و خانوبەرە، سەرپەرشتی منداڵەکان و دابڕان لە هاوسەر (تەڵاق) لە دەست دەدا و مافە مادییەکانی وەکوو بڕەمارەیی و نەفەقە وەدەست دێنێت. لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا زۆرێک لە ژنان ناتوانن قبووڵی ئەوە بکەن کە تەنیا لەبەر ئەوەی ئافرەتن ئەگەر هاوسەرگیری بکەن ئەم مافانە لە دەست دەدەن. هەروەها ئەوەی کە لە هەندێ حاڵەتدا پیاوان کەڵکاوەژۆیی لەم سەرترییە یاساییەی خۆیان دەکەن و ژنان دەخەنە ناو بارودۆخێکی نادادپەروەرانە و نامرۆڤانەوە. تەنیا پێویستە سەیرێکی دەوروبەری خۆمان بکەین بۆ ئەوەی حاڵەتە بێژومارەکانی هەڵسوکەوتی نادادپەروەرانە و نائەخلاقانە لەگەڵ ژنان لە ناو چوارچێوەی بنەماڵەکاندا بەدی بکەین. هەڵبەت هەندێ حاڵەتیش هەیە کە ژنان لە دژی مێردەکانیان هەڵسوکەوتی نادادپەروەرانە دەگرنە بەر بەڵام یاسا ئامرازی بەرەنگاربوونەوە و بەرگری لە مافە ژیارییەکانی بە پیاوان بەخشیوە لە حاڵێکدا کە ژنان لەوە بێبەشن. پیاو دەتوانێ زۆر بە ئاسانی داوای تەڵاق بکا، کار و فرمان و تەنانەت دەرچوونی ژن لە ماڵ قەدەغە بکا، سەرپەرشتیاریی منداڵەکانی لێ زەوت بکا، جگە لەو ژنەی کە هەیەتی ژنێکی دیکە بێنێ، ژنانی دیکە سیغە بکا و لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان پەیوەندیی سێکسی هەبێ، تێچووی ماڵ نەکێشێ و ... بەڵام لە بەرامبەردا ژن تەنیا دەتوانێ داوای بڕەمارەیی و نەفەقە بکا کە لەم حاڵەتەدا پیاوان بە گرتنی پارێزەرێکی هەرەباش (کە زۆر بە باشی پانتای زاڵی دادگا دەناسێ) لەم ئەرکانە خۆی ببوێرێ و یان بە ئیدەعای سەرپێچیکردن ئەم بارە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. کاتێک کە لە بەستێنی نەریت و خووە فەرهەنگییەکانی پیاوسالاریدا ئەم هەڵاواردنە یاساییانە بوونی هەیە و بڕۆکراسیی پیاوانەی زاڵ

بە سەر دادگای ئێرانیش هاوکاریی پیاو دەکا ژن تووشی لەمپەرێک دەبێ کە ڕێی دەرچوونی لێی نییە. پرسیار ئەمەیە کە هەتا ئەو کاتەی کە یاساکانی ئێران گۆڕانێکی بنەڕەتی بە سەردا نەیە و ژن بە هۆی مرۆڤبوونەوە لەگەڵ پیاو یەکسان نەبێ ژنان بۆ دەرچوون لەم لەمپەرە چی ڕێگایەکیان لە بەردەمە؟ بە باوەڕی زۆرێک لە یاساناسان یەکێک لەو ڕێگە چارانەی کە لە ئێستادا دەتوانێ هاوکاریی ئەو ژنانە بکا کە نیازی هاوسەرگیرییان هەیە "مەرجە لاوەکییەکانی مارەییە".

لە یاسای ژیاریدا مێرد لە ئاست ژن هەندێ ماف و دەسەڵاتی هەیە کە ژن لێی بێبەرییە، وەکوو تەڵاقدان، هاوسەرگیریی دووبارە، دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و ژیانی خێزانی و ... سەرەڕای ئەوەی کە ئەم مافانە هەڵگری هەندێ ئەرک بۆ مێردن کە لە هەمبەر ژن و بنەماڵە هەیەتی، بەڵام لەوانەیە هەندێ پیاوی گوێنەدەر و نابەرپرس کەڵکاوەژۆیی لەم مافە یاساییانە بکەن، هەر بۆیە بە پێی مۆڵەتی یاسای ژیاری، ژنانیش بۆیان هەیە بە کەڵکوەرگرتن لە مەرجە لاوەکییەکانی مارەیی تا ڕادەیەک بێبەشییە یاساییەکانی خۆیان قەرەبوو بکەنەوە و ڕێگەی کەڵکاوەژۆیی ئەگەریی مێرد قەپات بکەن. ئەم ڕێگە چارە لە مادەی 1119ی یاسای ژیاری هاتووە:

"لایەنەکانی مارەیی دەتوانن هەر مەرجێک کە دژی پێویستییەکانی مارەیی نەبێ وەک مەرجی لاوەکیی هاوسەرگیری یان هەر گرێبەستێکی دیکە دیاری بکەن، بۆ وێنە ئەوەی کە مەرج بێ هەر کات مێرد ژنێکی دیکە بێنێ یان لە ماوەیەکی دیاریکراودا دیار نەمێنێ یان نەیبەخشێ یان بیهەوێ ژنەکەی بکووژێ، یان بەدڕەفتار بێ و درێژەدان بە ژیانیان لەگەڵ یەکتر شیاوی تابشهێنان نەبێ، ژن بریکار و بریکار لە بریکارگریدا بێ، کە پاش وەدیهاتنی مەرج لە دادگەی کۆتاییدا خۆی تەڵاق بدات.

ئەوەی لەم مادەدا ئاماژەی پێکراوە لایەنی وێنەییە و لایەنەکان دەتوانن "مەرجی دیکە"ش بۆ مافی تەڵاقی ژن دیاری بکەن، وەکوو گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر یان

چوونـە بـەنـدیخـانـە کـە زیـاتر لـە مـاوەی دیـاریکراو بێـت. ڕوونکردنـەوەی ئـەم خـاڵـە پێویسـتـە کـە مـەرجی دژی پێویسـتییەکانی مارەیی، مەرجێکە کە دژی فەلسـەفەی مارەییە کـە هـەڵبـەت لـەم بـارەوە ڕا و بۆچوونی جیـاواز لـە ئـارادایـە. هەندێ لە فەقێکان پێیان وایە فەلسـەفەی هاوسـەرگیری، پێکهێنانی بنەماڵە و چێژبردنی سـێکسـیی هاوسـەرەکان لە یەکترە، لە حاڵێکدا فەقێکان لە سـەر ئەوە کۆدەنگن کە ژن دەتوانێ مەرجی سێکسنەکردن دابنێ و کێشەی شەرعی نییە. ئەو مەرجەی کە لەگەڵ پێویسـتییەکانی مارەکردن گونجاوە مەرجێکە کە دژی پێویستییەکانی مارەکردن نییە و لە ئەگەری ڕێککەوتنی لایەنەکان دەتوانین بیکەین بە بەدیلی یاسا. مەرجە لاوەکییەکانی ڕێگەچارەیەک بۆ قەرەبووی ئەو کێشـانەن کە لەوانەیە لە داهاتوودا لە ژیانی هاوبەشـی خێزانیدا ڕوو بدات. ئاشـنایەتیی لەگەڵ ئەم ڕێگەچارە ئیزن بە ژنان دەدا هەتا ئەو کاتەی کە یاساکان چاکسازی دەکرێن، بۆ قەرەبووی کەمایەسییە یاسـاییەکانی خۆیان ئەم مەرجانە بە کار بێنن و لە ئەگەری دەرکەوتنی کێشە تا ڕادەیەک بەرگری لە مافەکانی خۆی بکەن. کـەواتـە لـە سـاڵی 1360ی هـەتـاوی بـەو لاوە لـە تـاپۆی هـاوسـەرگیریدا کـە لـە لایـەن بـەڕێوبـەرایـەتی تۆمـارکردنی بەڵگەکان(سـبت اسـناد) چاپ دەکرێ هەندێ مەرجی وەکوو "شـرط ضـمن العقد" پێشـبینی کراوە و بەڕێوەبەری نووسینگە دەبێ بـەر لـە مـارەکردنیـان بۆ هـاوسـەرەکانی بخوێنێتـەوە و ماناکەی بۆ هاوسـەرەکان ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هەر مـەرجێکیان قبووڵ بوو بە شـێوەی یەکدەنگ واژۆی بکەن. دەبێ ئـەوەش بگوترێ کـە لایـەنـەکـان دەتوانن جیـا لـە مـەرجـە چاپکراوەکان ناو گرێبەسـتنامەی نیکاحەکە هەر مەرجێک کە پێیان خۆش بێ و دژی پێویسـتییەکانی مارەیی نەبێ پێی زیاد بکـەن، بۆ وێنـە ژن بتوانێ مـەرجی ئـەوە دابنێ کـە لـە وڵات بچێتە دەرەوە و پیاو نەتوانێ ڕێگری لەم چوونە دەرەوە بکا و یان ژن مافی هەڵبژاردنی خانوبەرە و یان درێژەدان بە خوێندن و کارکردن و لە ئەگەری تەڵاقدا مافی سـەرپەرشـتیاریی منداڵەکانی هەبێت. لە هەندێک وایە کە ئەم کارەی یاسادانەر بۆ

قەرەبووکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەی یاسای پشتیوانیی بنەماڵەیە.

ئەو مەرجانەی کە لە گرێبەستنامەی هاوسەرگیریدا هاتووە بەم شێوەیە:

مەرجی لاوەکی لە هاوسەرگیریدا پیاو مەرج دادەنێ کە هەر کات تەڵاق لە لایەن ژنەوە نەبێ و پێی لێکدانەوەی دادگا تەڵاق بە هۆی سەرپێچی‌نواندنی ژن لە ئەرکی هاوسەرێتی یان بەدئەخلاقی و هەڵسوکەوتی ئەو نەبێ، پیاو دەبێ نیوەی دارایییەکەی کە لە سەروبەندی ژن و مێردیدا وەدەستی هێناوە یان هاوڕێژەکەی بە پێی فەرمانی دادگا بدا بە ژن.

وێڕای مارەبڕین و نیکاح کردن، پیاو وەکالەتی هەڵنەوەشێنەر بە مافی بریکارگری دیتری بدا بە ژنەکە کە لە نموونە شێکراوەکانی خوارەوەدا بە سەردان‌کردنی دادگە و وەرگرتنی بەڵگەی دادگە پاش دیاریکردنی جۆری تەڵاق، خۆی تەڵاق بدا و هەروەها وەکالەتی هەڵنەوەشێنەر بە مافی بریکارگری دیتری بدا بە ژنەکە تا لە ئەگەری بەخشین لە لایەن ئەوەوە قبووڵی بکا (واتە ئەگەر ژن مارەییەکەی ببەخشێ، ژنەکە وەکالەتی دەبێ کە ئەو بەخشینە لە بری مێردەکەی قبووڵ بکات).

ئەم حاڵەتانە بریتین لە:

ئـ) ملنەدانی پیاو بە پێدانی نەفەقە بە ژن بۆ ماوەی 6 مانگ بە هەر هۆکارێک و ئەو پیاوە نەتوانێ نەفەقە بدا و لەو حاڵەتانەی کە مێرد بۆ ماوەی 6 مانگ مافە پێویستەکانی ژن دابین نەکا و بە ناچارکردنیشی نەتوانێ ئەم مافە دابین بکات.

ب – ڕەفتار یان هەڵسوکەوتی خراپی مێرد لە ئاستێکدا بێ کە ژن نەتوانێ لەگەڵ مێردەکەی درێژە بە ژیان بدات.

پ – توشبوونی مێرد بە نەخۆشیی بێچارەسەر بە جۆرێک کە ئەگەر درێژەدان بە ژیان لەگەڵ ئەو پیاوە مەترسیدار بێت.

ت – شێتبوونی پیاو لەو حاڵەتانەی کە هەڵوەشانەوەی نیکاح لە ڕووی شەرعییەوە گونجاو نەبێت، (مەبەست شێتبوونی تاو تاوییە.)

ج – ڕەچاونەگرتنی فەرمانی دادگا بۆ کاری پیاو کە بە پێی بۆچوونی دادگای شیاو دژی بەرژەوەندییەکانی بنەماڵە و

پێگەی ژنە. (بۆ وێنە پیاو سواڵ بکات.)
چ – سزای 5 ساڵ بەندیخانە یان زیاتر یان سزای پارە کە 5 ساڵ یان زیاتر زیندانی لێ دەکەوێتەوە و سزاکە لە جێبەجێکردندا بێت. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا لە حاڵەتێکدا ژن مافی سکاڵای هەیە کە فەرمانی لێبڕاوەی مەحکومبوونی ژن دەرکرا بێ و پیاو لە بەندیخانە بێت.
ح – هەر چەشنە گیرۆدەبوونێکی پیاو کە بە پێی لێکدانەوەی دادگا ژیانی خێزانی تووشی کێشە بکا و درێژەدانی ژیانی هاوسەرێتی بۆ ژن دژوار بکات.
خ – مێرد، بە بێ پاساو واز لە ژیانی خێزانی بێ (وازهێنان لە ژیانی خێزانی و پاساوەکەی دادگا دەبێ لێکی بداتەوە) و یان بە بۆچوونی دادگا 6 مانگی بەردەوام بنەماڵەی بە جێ هێشتبێت.
د – مەحکوومبوونی مێرد بە هۆی ئەنجامدانی تاوان و جێبەجێبوونی هەر چەشنە سزایەک بە هۆی تاوانێک کە دژی جێگە و پێگەی بنەماڵە و ڕێزی ژن بێت. ئەوە دادگایە کە دەبێ بە پێی بارودۆخی ژن و عورف و ڕێساکانی دیکە لێکی بداتەوە کە سزا دژی ئابڕووی بنەماڵەیە.
ر – لە حاڵەتێکدا کە پاش تێپەڕینی 5 ساڵ، ژن بە هۆی نەزۆکبوون یان کێشەی جەستەیی دیکەوە منداڵی لە مێردەکەی نەبێت.
ڕ – ئەگەر مێرد بێسەروشوێن بێ و 6 مانگ پاش سەردانکردنی ژن بۆ دادگا مێردەکەی دیار نەبێت.
ز – مێرد بە بێ ڕەزامەندیی ژنەکەی ژنێکی دیکە بێنێ یان بە پێی لێکدانەوەی دادگا لە نێوان هاوسەرەکانیدا دادپەروەرانە هەڵسوکەوتی نەکردبێت.
شایەنی ئاماژەیە کە ئەم مەرجانە بە ئیلهاموەرگرتن لە مادەکانی 8 و 16ی یاسای پشتیوانیی بنەماڵە (1353هەتاوی) نووسراوە کە تێدا مادە مەرجەکانی پەیوەست بە خواست بۆ دەرکردنی بەڵگەی نەسازان و هێنانی ژنی دووهەم لە لایەن پیاوەوە گونجێنرا بوو. ئەم ئامادەکاریی بەر لە چاکسازیی مادەی 1130ی یاسای ژیارییە داپەڕێکی بەسوود بووە و

دەتوانێ ژن لە کێشـــەی ماڵ بە کرێگرتندا ڕزگار بکا بەڵام بە چاکســازیی ئەم مادە تا ڕادەیەکی زۆر ئاسـتی ئەم قازانجە کەم بۆتەوە چونکە بازنەی حوکمی یاسا خۆی ئەم کەرەسە جێبەجێ دەکا و پێویستیی مەرجی بریکاری کەم دەکاتەوە. بە پێی مادەی 1130ی یاسـای ژیاری، "ئەگەر بەردەوامێتیی هاوسـەرێتییەکە ببێتـە هۆی ئـەوەی ژن نـەتوانێ مـاڵ بـە کرێ بگرێ ژنـەکـە دەتوانێ سـەردانی حاکمی شـەرع بکا و داوای تەڵاقی لێ بکا ئەگەر کێشـەی ماڵ بە کرێگرتن لە دادگا بسـەلمێنرێ دەتوانێ پیاو ناچار بە تەڵاق بکا و ئەگەر زۆرەملێتیەتی گونجاو نەبوو ژن لە سەر ئیزنی حاکمی شەرع تەڵاق دەدرێت."

وەک بینرا ئەو حاڵـەتانەی سـەرەوە کە تێیدا ژن دەتوانێ سـەردانی دادگا بکا و بە بریکاریی لە مێرد، خۆی تەڵاق بدا زۆر کەم و سـنووردارن و هەموویان گرێدراو بەو حاڵەتانەن کە هـەندێجار سـەلماندنیان بۆ ژن دژوارە. لـە زۆربـەی حـاڵـەتـەکـانـدا ڕا و بۆچوونی دڵخوازانـەی دادوەرەکـان دەبێتـە ئاسـتەنگی بەردەم داخوازیی ژن یان ڕەوتی دوور و درێژی سەلماندنی حاڵەتەکانی کێشەی بەکرێگرتنی ماڵ و ... کاتی ژن بـە فیرۆ دەدا یان لـەوانـەیە پیاو کەڵکاوەژۆیی بکات. حاڵـەتـە گرینگەکانی وەکوو دەرچوون لە وڵات، سـەرپەرشـتیاریی منداڵان و کار کە لـە یەکەمایەتییەکانی ژنانی ئەوڕۆییە لـە مەرجەکانی ناو گرێبەسـتەکانی مارەییدا نەگونجێنراوە. کەواتە بەو پێیەی کە بە پێی یاسـا ژن و مێرد بۆیان هەیە هەموو مەرجە لاوەکییەکانی هاوسـەرگیری دیاری بکەن، پێشـنیار دەکرێ لە تاپۆی هاوسـەرگیری و یان هەر تاپۆیەکی جیادا (باشتر وایە هەر دووکیان) ئەم مەرجانەی ژێرەوە زیاد بکەن. وریا بن کە ڕێک ئەم دێڕانە لە تاپۆکەتاندا بە کار هێنرابێت:

ئـ) مەرجی خوێندن:

ئەگەرچی مافی خوێندن لە مافە بنەڕەتییەکانی هەموو تاکێکە و نـاتوانین ڕێگری لـە خوێندنی تـاکـەکـان بکـەین بـەڵام بۆ خۆبواردن لە کێشـە ئەگەرییەکانی ئەم بوارە، پێشـنیار دەکرێ کە لە تاپۆی هاوسەرگیریدا ئەم دێڕە بنووسرێ:

مێرد، ژن لـە درێژەدان بـە خوێندن هەتا هەر قۆناغێک کە

پێویستی بزانێ و لە هەر کوێ کە پێویست کرا سەرپشک دەکات.

ب – مەرجی کارکردن

بە پێی یاسا، ئەگەر پیشەی ژن دژی بەرژەوەندیی بنەماڵە یان ئابڕووی مێرد یان ژنەکە بێ، پیاو دەتوانێ ڕێگری لە درێژەدان بەو پیشە بکات. بە پێی ئەوەی کە ئەم دەقە یاساییە شرۆڤەی جیاوازی لە سەرە، پێشنیار دەکرێ ئەم دێڕە لە تاپۆی هاوسەرگیریدا بگونجێنرێت:

مێرد ژن لە ئەنجامدانی هەر ئیشکێک کە دڵخوازیەتی و لە هەر کوێ کە پێویست بێ سەرپشک دەکات.

**پ) مەرجی بریکاریی ژن بۆ دەرکردنی مۆڵەتی دەرچوون لە وڵات**

بە پێی یاسای پەساپۆڕت، ژنانی مێرددار تەنیا بە ئیزنی نووسراوەی هاوسەرەکانیان بۆیان هەیە لە وڵات دەرباز بن. بە پێی ئەوەی کە ئەم پرسە لە کردەوەدا کێشەی زۆری لێ دەبێتەوە، وەک مەرج لە کاتی مارەبڕیندا ئەم دێڕە بنووسن:

مێرد بریکاریی هەڵنەوەشێنەر بە ژن دەدا کە بە ئازادیی یاساییەوە بە بێ ئەوەی پێویستی بە ئیزنی زارەکی و نووسراوەی دووبارەی مێرد ببێ لە وڵات بچێتە دەرەوە. دیاریکردنی ماوەی شوێنی مەبەست و هەلومەرجی مسافرەت بۆ دەرەوەی وڵات بە پێی چاکزانینی ژنە.

**ت) مەرجی دابەشکردنی ماڵ و دارایی نێوان ژن و مێرد پاش دابڕان**

ئەم چەشنە مەرجە لە تاپۆکانی هاوسەرگیریی ئێستادا بوونی هەیە. بەڵام وەدیهاتنەکەی پەیوەست بە داوانەکردنی ژن بۆ جیابوونەوە یان سەرپێچینەکردنی ژن لە ئەرکەکانی وەک هاوسەر و یان نەبوونی هەڵسوکەوت و ئەخلاقی شیاوە و لێکدانەوەی ئەم بابەتانەش لە ئەستۆی دادگایە. بۆ ئەوەی بارودۆخی ژن و پیاو یەکسانتر بێ، پێشنیار دەکرێ دێڕەکەی ژێرەوە لە تاپۆی هاوسەرگیریدا بنووسرێت.

(دەبێ ئەم خاڵە پێویستە وەبیر بهێنینەوە کە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن سەبارەت بەم مەرجە، ڕەچاوکردنی سنووری

دادپەروەرانە بۆ ئەرکە داراییەکانی پیاو وەکوو بڕەمارەیی لە لایەن ژنەوە کاریگەر و دادپەروەرانە دەبێت.)

پیاو پابەند دەبێ کاتی جیابوونەوە، چی بەوەی کە لە سەر داوای ژن بێ یان لە سەر داوای مێرد بێ نیوەی داراییەکەی بە گوازراو و نەگوازراوەوە کە لە ماوەی ژیانی هاوسەرێتیدا وەدەستی هێناوە بگوازێتەوە بۆ ژن.

## ج) سەرپەرشتیاریی منداڵان لە پاش تەڵاق

لە مادەی 1169ی یاسای ژیاریدا هاتووە "دایک بۆ بەخێوکردنی منداڵ هەتا تەمەنی 7 ساڵان لە پلەی یەکەمدایە و پاش ئەوە سەرپەرشتیاریی منداڵان دەدرێ بە پیاو" تەنانەت ئەگەر لێهاتوویی پێویستی نەبێت. مادەی 1170 دەڵێ: ئەگەر دایکێک لەو ماوەی کە ئەرکی سەرپەرشتاریی منداڵەکانی لە ئەستۆیە شێت بێ یان بە هۆکاری دیکە شوو بکا مافی سەرپەرشتیاریی ئەو منداڵە دەدرێ بە باوک." لەم یاسایەدا دایک وەبەر هەڵاواردن کەوتووە و لە بارودۆخی هاوشێوەدا ئەم مافە بە دایک نەدراوە و بەرژەوەندیی منداڵەکە ڕەچاو نەکراوە.

بۆ ئەوەی ئەم خەسارەتە چارەسەر بکرێ ژن و مێرد دەتوانن سەبارەت بە سەرپەرشتیاریی منداڵەکانیان ڕێک بکەون. ئەم ڕێککەوتنە (یان مەرجی لاوەکیی مارەبڕین یان مارەبڕینی ناپێویست) دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر بێت. بۆ وێنە دەتوانین ئەم دەقە پێشنیارییە بە کار ببەین:

"هاوسەرەکان وێڕای هاوسەرگیری بە شێوەی ناپێویست ڕێک کەوتوون یەکەمایەتیی سەرپەرشتیاریی منداڵ یان منداڵانی هاوبەش لە ئەگەری تەڵاق بە دایک بێت." یان:

"هاوسەرەکان وێڕای هاوسەرگیری بە شێوەی ناپێویست ڕێک کەوتوون یەکەمایەتیی سەرپەرشتیاریی منداڵ یان منداڵانی هاوبەش لە ئەگەری تەڵاق بۆ هەر کام لە دایک و باوک بێ کە بە پێی بەرژەوەندیی منداڵ بێت. دیاریکردنی بەرژەوەندیی منداڵ ئەرکی سەر شانی کارناس یان دادوەری

نەخۆشیی لایەنەکانە.
هەروەها دەتوانن زیادی بکەن: و پێدانی نەفەقەی منداڵ بە شێوەی نیوە نیوە دەبێت."

### چ) مەرجی بریکاریی ڕەهای ژن لە تەڵاق

بە پێی یاســـا، ژن تەنیا لە حاڵەتی زۆر تایبەتدا دەتوانێ لە هاوســـەری خۆی جیا ببێتەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە پیاو هەر کاتێک کە بیهەوێ دەتوانێ بە پێدانی هەموو مافەکانی ژن، ژنەکە تەڵاق بدات.

بەو پێیەی کە ژن و مێرد بۆ دەستپێک و درێژەدان بە ژیان مافی هەڵبژاردنیان هەیە، دادپەروەرانە ئەوەیە کە ئەگەر پێویســـت بە کۆتاییهێنان بە ژیانی هاوبەش کرا، هەر دوو لایەنەکە مافی هەڵبژاردنیان هەبێت. مەرجی بریکاریی ئازادی ژن لە تەڵاقدا دەتوانێ هاوســـەنگی لە مافی تەڵاقی لێ بکەوێتەوە. پێویســـتە ئەم خاڵە وەبیر بهێنینەوە کە بۆ پاراســـتنی هاوســـەنگی، ژنیش دەتوانێ بە وەرگرتنی تەڵاق و هەروەها دابەشکردنی یەکسانانەی دارایی، تا ڕادەیەکی زۆر بڕەمارەیی کەم بکاتەوە. دیاریکردنی مەرجی بریکاریی ئازادی مێرد لە تەڵاقدا بەم شێوەی ژێرەوە باشە: مێرد بریکاریی هەڵنەوەشێنەر بە مافی بریکارگرتن بە دیتری دەدا بە ژن بۆ ئەوەی ژن لە هەر کات و لە هەر بارودۆخێکدا لە لایەن مێردەوە خۆی لە هاوســـەرێتی بســـڕێتەوە و تەڵاق وەربگرێ، بە تەڵاقی بائین و تەڵاقی ڕوجعی و بەجێهێشـــتن یان لێبێزاربوون بە هەر چەشنێک بە وەرگرتن یان بەخشینی بڕەمارەیی.

ئەمە شتێکی ئاساییە کە بنەماڵەکان بە شێوازی نەریتی و لە هەمان کاتدا نەگونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئاهەنگی هاوســـەرگیری ئەنجام بدەن. تێچووی قورســـی هاوســـەرگیری، جیاز و بڕەمارەیی وەک پشـــتیوانییە تاکایەتییەکان چەمکی دۆســـتایەتی کە تایبەتمەندیی بنەماڵەی ناوەکییە لە بار دەبات؛ چونکە کاتێک هاوسەرگیری بە ئامانجی مامەڵەی ئابووری ڕوو دەدا، بێگومان ڕێژەی بڕەمارەیی، کەلوپەلکڕین بۆ بووک و ... هەموو بە تایبەتمەندیی تاکایەتی

و خێزانیی کچ و هەروەها لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکرێ و وەکوو هاوسەرگیرییە کڕین و فرۆشتنەکانی لێ دێ کە تێیدا کچ بەوەی کە بە نرخێکی زۆر خۆی دەفرۆشێ خۆی سەربەرز دەزانێ و پیاویش بەوەی کە کچێکی بە جیازی زۆرەوە کڕیوە شانازی بە خۆیەوە دەکات. بوونی ئەم پەیوەندی و بارودۆخانە ڕێگە نادا بە مانای کۆمەڵناسانە بنەماڵەی ناوەکی سەر هەڵبدا؛ چونکە ڕوانگەی مامەڵەی ئابوورییانە بۆ هاوسەرگیری، هەر لە دەستپێکەوە ڕۆڵی دوولایەنەی ژن و پیاوی بە شێوەی تایبەت پێناسە و دیاری دەکا و هەر چەشنە لادان لە دەورە دیاریکراوەکە دەتوانێ هۆکاری گرژیی بنەماڵە بێ و ئەگەر بڕەمارەیی زۆر ڕێگری لە تەڵاقی هاوسەرەکان بکا، دیسانیش ناتوانێ لە بنەماڵەدا پەیوەندیی گونجاو ساز بکات. لە وەها هاوسەرگیریگەلێکدا بە شێوەی ناچاری ئەرکەکانی ژن و مێرد بوونی هەیە، چونکە لەو مامەڵە ئابوورییەی کە ڕووی داوە ئەرک و دەوری تاکەکان دیاری کراوە. ژن هاوسەر و دایکە و پیاو بەخێوکەرە. وەها ڕوانگەیەک خۆی ڕێگری لە هاوبیری، هاوئاهەنگی و هاوکاریی ژن و مێرد لەگەڵ یەکتر دەکا و چیتر ناتوانرێ باس لە یەکسانیی ژن و مێرد لە ناو بنەماڵەدا بکرێ، چونکە ئەم بنەماڵە سەرەڕای ئەوەی لە سۆنگەی شوێنی ژیان و ڕێژەی ئەو کەسانەی کە تێیدا ژیان دەکەن، ناوەکییە، بەڵام وەکوو هاوسەرگیریی نەریتی بە پێی ئەم ڕاستییە بیچمی گرتووە کە هەر کەس ڕۆڵی کلیشەیی خۆی ڕابپەڕێنێ و سەرپێچی لە دەوری نەریتی و هۆگری بۆ لێکچوون و یەکسانی لە ناو بنەماڵەدا دەتوانێ هۆکاری گرژی و دابڕان بێت.

لە ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لەگەڵ خێراتربوونی ڕەوتی وەرچەرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات، سەرچەشنی نەریتیی بنەماڵە تا دەهات ڕووی لە گۆڕان دەکرد. یەکێک لە بوارەکانی ئەم گۆڕانکارییانە تەمەنی هاوسەرگیرییە. گریمانەی زاڵ ئەوەیە کە وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئێران لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر گۆڕانکاریی

تەمەنی هاوسەرگیری لە ئێران (هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری) داناوە. وا وێدەچێ کە هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری لە ئەنجامی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە پاڵ لێکەوتەکانی زۆربوونی حەشیمەت لە ئێران لە دەیەی 1360ی هەتاوی و گەیشتنی حەشیمەتی کچ و کوڕی لەدایکبووی ئەو دەیە بۆ تەمەنی هاوسەرگیری و هاوکاتبوونی ئەم بارودۆخە لەگەڵ بارودۆخی مەندی / هەڵاوسانی ئابووری وای کردووە کە بابەتی هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری ببێتە بابەتێکی کۆمەڵایەتی. بە پێی ڕاپۆرت و ئامارەکان، تەمەنی هاوسەرگیری لە ئێراندا، بۆ پیاوان گەیشتووەتە ژوور 35 ساڵ و لە کچاندا گەیشتووەتە ژوور 30 ساڵ.[1]

وەدواکەوتنی هاوسەرگیری وەک بگۆڕێکی گرێدراو لە لایەن خاوەن بۆچوونەکانی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی تاوتوێ کراوە. بە باوەڕی ئابووریناسان لە قۆناغی مەندیی ئابووری و بە شێوەی گشتی قەیرانە ئابوورییەکان و باشنەبوونی بەروبووم و هەروەها قەیرانە سیاسی و سروشتییەکانی وەکوو شەڕ، شۆڕش و بوومەلەرزە و ... هاوسەرگیری وەدوا دەکەوێت. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، هاوسەرگیری گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە و مانەوەی نەوەی مرۆڤ دەستەبەر دەکا و ئاسوودەیی و ئاسایش لە کۆمەڵگا ئەنجامی هاوسەرگیرییەکی تەندروست و ژینگەی ئاسوودەبەخشی بنەماڵەیە. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە هاوسەرگیریی نۆرمدار و دروست یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە بەستێنی تەندروستیی دەروونی هاوسەرەکان دابین دەکات. لە سۆنگەی پزیشکییەوە، زیاترین خەسارەتە مرۆییەکان و نەخۆشییەکان ئاوقانی کەسانی سەڵت دەبێ و هاوسەرگیری لە کەمکردنەوەی ئەم کێشانە گرینگیی تایبەتی هەیە. بە باوەڕی بیرمەندانی بواری ئەخلاق، هاوسەرگیری دەتوانێ ڕێگری لە تەشەنەسەندنی گەندەڵی و داوێنپیسی و ئەو هەڵسوکەوتە نەخوازراوانە بکا کە ئەنجامی ڕاستەوخۆی بەرەڵایی سێکسییە،

1. www.tasnimnews.com

هاوسەرگیری یەکێک لە کۆڵەکەکانی پاراستنی تەندروستیی کۆمەڵگایە. لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە هاوسەرگیری وێڕای ئەوەی بۆ پاراستنی پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان و مانەوەی نەوەی مرۆڤ و ڕێگری لە لادانە جۆراوجۆرکان هەموو تایبەتمەندییە پێویستەکانی لە خۆ گرتووە، وەک بەندایەتی دێتە هەژمار و ڕێگایەکە کە مرۆڤ بە گووران و تەواوکۆیی دەگات.

لە ڕوونکردنەوەی هاوسەرگیری و ناهاوسەنگیی پێکهاتەیی لە کۆمەڵگادا دەتوانین ئاماژە بە تیۆریی مێرتۆن بکەین. مێرتۆن[1] بە جەختکردنە سەر هاوسەنگییەک کە ئەنجامی قبووڵکردنی ئامانج و کەرەسە بەدەروونیکراوەکانی کۆمەڵگایە، هەوڵ دەدا سیستەمی هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی ڕوون بکاتەوە. مێرتۆن سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکا کە هەڵگری یەکدەستییەکی لاوازە، سیستەمێک کە بە هۆی پێداگریی لە ڕادەبەدەر لە سەر ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی سەرکەوتن و نەبوونی پێداگریی پێویست لە سەر ئامرازەکانی گەیشتن بەو ئامانجە، تووشی جۆرێک بەیەکدەستی دەبێتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا خەڵک لە پێناو سەرکەوتن ڕوو لە شێوازی نانۆرم دەکەن. بەرهەمی فونکسیونیی ئەم بارودۆخە، لاوازبوونی زیاتری ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ناهاوسەنگیی پێکهاتەیی لە کۆمەڵگادا و لە ئەنجامدا ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان پتر لە جاران ناگرینگ دەبن. بە شێوەی لۆژیکی حاڵەتی ڕادیکاڵی ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی نایاسایی، نایەکدەستی و ڕزگاربوونی تەواوی تاکایەتی.

دورکێیم[2] بە بنەمادانانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، لە کۆتاییدا بەم ئەنجامە دەگا کە بەپسپۆڕیبوون و جیاوازییە تایبەتییەکان بارودۆخێک دێنێتە ئاراوە کە لە حاڵەتی ناسەقامگیری (سەرلێشێواویی تاکەکان لە ناسینەوەی بەهاکان) پێداویستیی تاکەکان تۆختر دەبێت. لە دنیای ئەوڕۆدا هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت و پەرەسەندنی دابەشینی کاری کۆمەڵایەتی

---

1. Merton
2. Émile Durkheim

و دروســـتبوونی هەلی کاری جۆراوجۆر بۆتە هۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە زۆرەکان، چڕبوونی ئەخلاق و بەها و نۆرمە هەمەجۆرەکان لە کۆمەڵگادا. ئەگەرچی لە مێژەوە لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا هەمەچەشـــنیی بەها و نۆرم بەدی کراوە، ئەوەی تایبەتمەندیی کۆمەڵگای نوێیە، بوونی ئەم هەمەچەشـنییە لە کۆمەڵگایەکی یەکدەستدایە. بە وتەی دۆرکێیم کۆمەڵگای نوێ کە هەڵگری تایبەتمەندیی "جیاوازیگریی کۆمەڵایەتی"ـــیە بۆتە بەدیلی کۆمەڵگای کۆن کە لە ســـەر بنەمای "هاوشـــێوەبوون" بوو. لە کۆمەڵگای نوێدا لە چاو کۆمەڵگای کۆن، تاکەکان لێک جیاواز و هەر چین و گرووپێک بەها، نۆرم، ســـەرچەشـــنی ڕەفتاری و نەریتی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆی هەیە؛ لە لایەکی دیکەوە یەکێک لە باســـە زۆر گرینگەکانی وتەزای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بابەتی مۆدێرنیزمە کە دیاردەیەکە کە کاریگەریی نکۆڵیهەڵنەگر لە ســـەر ســـیمای ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بۆ وێنە بنەماڵە و هاوســـەرگیری دادەنێت. لە کۆمەڵگا لە حاڵی مۆدێرنەکاندا، هەموو شـــتێک لە حاڵی گۆڕانە. بە هۆی گیرۆدەیی بەشـە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بە یەکتر، دەستپێکردنی گۆڕانکاری لە بەشێکدا خێرا کاریگەری لە ســـەر بەشـــەکانی دیکەش دادەنێت. لە وڵاتی ئێرانیشـــدا لە نیوەی ســـەدەی ڕابردووەوە مۆدێرنیزم هەندێ لە بەشـــەکانی کۆمەڵگای گۆڕیوە. ئەم گۆڕانکارییانە گۆڕانی بنەماڵە و هاوســـەرگیری و هاوســـەربژێریشـــی لێ کەوتۆتەوە. کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیرییەکان و هەڵکشانی تەمەنی هاسەورگیری لەم نموونانەن.

لە ڕوانگەی گیدنێز[1]، تایبەتمەندییەکانی سەردەمی مۆدێرنیتە بریتین لە: پیشەســـازیخوازی، ســـەرمایەداری و زاڵبوونی بەهای ســـەرمایەدارانە، بەهێزبوونی ناوەندەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی، هێزی ڕێکخســـتن و چالاکیی ناوەندەکانی ســـەردەمی نوێبوونەوە و بەجیهانیبوون. هەروەها لە بیرۆکەی ئەم بیردۆزە کۆمەڵایەتییە، چالاکی و بزاڤی سەردەمی نوێسازی

1. Anthony Giddens

بە سێ فاکتەر دەناسرێتەوە: جیابوونەوەی زەمەن و پانتا کە زۆرێک لە دیاردە خۆجێییەکانی کردووە بە ڕووداوی جیهانی، پێکهاتەگەلێکی نمونەهەڵگیراوەی هەڵگەڕانەوەیی چەسپیو یان هەستیاریی لە ڕادەبەدەری ڕێکخراوەگەلی کۆمەڵگای مۆدێرن بۆ قبووڵکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە پێی دەرکەوتەکان بە خێرایی لە بنەماڵەداخۆیان پیشان دەدەن. ئەگەر هەموو تایبەتمەندییەکانی مۆدێڕنیزم وەکوو هزرخوازی، تاکخوازی، جادووسڕینەوە، پووچخوازی و گۆڕانکاریش ڕەچاو بکەین، لە هەر کام لەوانەشدا دەتوانین ئەم گۆڕانکارییانە شی بکەینەوە. بەڵام مۆدێڕنیتە و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بە بێ هۆکارەکانی گۆڕان بۆ وێنە شارنشینی، لاوازبوونی سیستەمی خزمایەتی، جووڵەی جوگرافیایی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، بزووتنەوەی مافەکانی ژنان و فرەچەشنگریی ناوەندە کۆمەلایەتییەکان نەیاندەتوانی کاریگەری لە سەر بنەماڵە دابنێن. بە واتایەکی دیکە، ئەو گۆڕانەی کە لە کۆمەڵگای مۆدێڕندا ڕووی داوە، وای کردووە کە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای نەریتیدا وەکوو چەشنی هەڵبژاردنی هاوسەر و دەستتێوەردان لە هەڵبژاردندا، هاوسەرگیریی خزمایەتی، فرەژنی، توانای منداڵخستنەوە، کەمبوونی تەمەنی هاوسەرگیری، مەودای تەمەنی ژن و پیاو، دیاردەی هاوسەرگیریی دووبارە و ... بگۆڕدرێن.

هاوسەرگیری لە سەر ئاستی وڵات ڕووی لە کەمبوونەوەیە. ئامارەکان پیشان دەدەن کە هاوسەرگیری لە ساڵی 1390ی هەتاوی هەتا 1393ی هەتاوی بە شێوەی مامناوەند گەشەی 6/5- لە سەدی هەیە کە ئەم ئامارە لە ساڵی 1394 لە چاو ساڵی پار 40 هەزار نموونەی کەم بۆتەوە و گەیشتۆتە 685 هەزار و 375 هاوسەرگیری و لە ساڵی 95 ئەم ڕەوتە بەردەوام ڕووی لە دابەزین بووە. لە 9ی یەکەمی ساڵی 1396ی هەتاوی، 481 هەزار و 809 هاوسەرگیری لە لایەن ڕێکخراوی تۆماری تاکەکەسی (سەبت و ئەحواڵ) تۆمار کراوە کە ئەم ڕێژە لە چاو هەمان ماوەی هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو بۆ 53 هەزار و 861 حاڵەت دابەزیوە و بە گشتی

0/1 لە سەد داکشانی بە خۆوە بینیوە.




وێنەی 15. وێنەیەک لە فیلمی "تهران من حراج" بە نووسەرایەتی و دەرهێنەرایەتیی گراناز مووسەوی لە ساڵی 1388ی هەتاوی لەمەڕ دوو گەنجە کە لە تاراندا بە بێ هاوسەرگیری بوونەتە هاوماڵ.

لە پاڵ داکشانی ڕێژەی هاوسەرگیری و هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری، لە ئێراندا ڕووبەڕووی پرسی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق بووینەتەوە، بە جۆرێک کە لە ڕێژەی 158 هەزار و 753 حاڵەتی تەڵاق لە ساڵی 1392ی هەتاوی بۆ 165 هەزار و971 حاڵەت لە 9ی ساڵی 1395 گەیشتووە کە پیشاندەری هەڵکشانی 7 هەزار و 218 حاڵەتی بووە. لێکدانەوەی ئاماری فەرمیی تەڵاق لە ساڵی 1391ی هەتاوی پیشان دەدا کە لە وڵاتدا 150 هەزار و 324 حاڵەتی تەڵاق ڕووی داوە و لە ساڵی 1390یش 142 هەزار و 841 حاڵەتی تەڵاق لە وڵاتدا تۆمار کراوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسان و پسپۆڕانی زانستە ڕەفتارییەکان ڕەگی تەڵاق دەچێتەوە سەر: هەژاریی ئابووری و بێکاری، گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر، هاوشاننەبوونی هاوسەرەکان، دەستێوەردانی بنەماڵەکان و ...؛ بەڵام ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر بۆتە هۆی تەڵاق خەیانەت و ناپاکیی یەکێک لە هاوسەرەکان بووە بە جۆرێک کە بە پێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری گشتیی (برنامەریزی ازدواج و تعالی خانوادە وزارت ورزش و جوانان) "بەرنامەداڕێژیی هاوسەرگیری و

بەرزبوونەوەی ئاستی بنەماڵە و وەرزش و لاوان) ناپاکی دووهەمین هۆکاری تەڵاق لەم ساڵانەی دوایی لە ئێران بووە.[1]

سەبارەت بە پرسی "هەلی هاوسەرگیری" لە سەر ئاستی وڵاتدا هەندێ کێشە بوونی هەیە؛ چونکە هاوسەرگیری هەندێ پێشمەرجی وەکوو پیشەی بەتایبەت بۆ پیاوان هەیە. گرینگترین ئاستەنگی بەردەم هاوسەرگیریی گەنجان کێشە بێکاری و نەبوونی ئاسایشی پیشەیی لە کۆمەڵگادایە؛ هەروەها لە سەر ئاستی گشتیی کۆمەڵگا ڕوانگەی کچان بەرامبەر بە هاوسەرگیریی تووشی گۆڕانی کەلتووری بۆتەوە. زانکۆ و باوەڕە فیمینیستییەکان لە گرینگترین فاکتەرە کەلتوورییەکانی وەدواکەوتنی هاوسەرگیرین کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ئێراندا دەیبینین . لە ڕابردوودا لە ئێران جۆری هاوسەرگیریی ڕێکخراو بوو کە دایک و باوک دەستێوەردانیان دەکرد. لەگەڵ وەرچەرخانی بنەماڵە و هاتنی مۆدێرنیتە بۆ ناو ئێران و گرینگیی توخمی عەشق، دەوری بنەماڵە لە هەڵبژاردنی هاوسەر لە چاو جاران کەمتر بۆتەوە. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە کەلتوورییانە و کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە سەرهەڵدانی دیاردەیەک بە ناوی پێکەوەبوون یان هاوسەرگیریی سپی لە ئێرانی لێ کەوتۆتەوە کە لە کەڵێنشارەکاندا بەتایبەت تاران و لە ناو گەنجاندا بەدی دەکرێت. ئەم دیاردە بە پێچەوانەی ناپەسەندێتیی ئایینی و کەلتووری لە کۆمەڵگای ئێرانیدا دەرەنجامی فەرهەنگی تێپەڕینە.

**2ـــ2ـــ3. گەنجان و گۆڕینی کەلتووری تێپەڕین: بەستێن، پێویستی و شیکارییەکان**

تێپەڕین هەم جووڵەیەکە لە گەنجێتییەوە بۆ گەورەساڵی و هەمیش پرۆسەیەکە بۆ ئافراندنەوەی کەلتووری و لەم ئافراندنەوەدا پەیوەندیی نەوەکان دەخرێتە ڕوو. بەم پێیە تێپەڕین هەم تاکەکەسییە و هەمیش مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی. تێپەڕینی نەریتی مزگێنیبەخشی پرۆسەیەکی هێڵیی ئافراندنەوەی دەور و کەلتووری گەورەساڵان لە سەر دەستی گەنجانە. لەم تێپەڕینەدا، ئاراستەی جووڵە بەرەو گەورەساڵی، ئاراستەیەکی

1. www.khabaronline.ir

تا ڕادەیەک یەکدەسـت و چاوەڕوانکراوە و چوارچێوەیەکی سنووردار بۆ لادان و ترازان لەم چوارچێوە و سنوردارییەکانی بۆ گەنجان وێنا کراوە. ئەم ئەزموونە کە پارادایمی نەوەیی و خاوەنتیۆرییە کلاسیکەکانی وەکوو پارسـۆنز، ئایزنشـتات و ئۆرتگا چەمکسـازییان کردووە، گەنجێتی وەک قۆناغێکی ژیان سـەیر دەکرێ کە بە شـێوەی پەنگراو دەتوانێ لێکدژی، بەردەوامیی نەوەیی و لە ئەنجامدا ململانێی بەهاکانی گەورەساڵانی لێ بکەوێتەوە.

ئاراسـتە نوێکان، گەنجێتی بە سـازە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دادەنێن و ناهێڵی، ناسـتانداردی، شـیاوی گەڕانەوەیی و جووڵەی پەیتا پەیتا لە ئاراسـتەی ژیاندا بە تایبەتمەندیی تێپەڕینی نوێ دەزانن. هۆگریی بۆ تاقیکردنەوە، مەترسـیخوازی، توندڕەوی، زێدەڕۆیی، ڕوانگەی ڕێژەییخوازانە و گرینگتر لە هەمووان هۆگریی بۆ پاراسـتنی سەربەخۆیی کاری تاکایەتی و ئازادیی هەبوونی کە هەلی مانۆڕ بۆ گەنجان دابین دەکا لە هێماکانی کەلتووری نوێی تێپەڕینە کە هەندێجار پەیوەندیی نێوان نەوەکان گرژ و ناکۆک دەکات. هۆگریی گەنجان بۆ جووڵە و چالاکیی بەردەوام، کە بۆ وێنە لە هەڵسـوکەوتی بەکارهێنانی و هۆگرییان بۆ مۆد خۆی دەنوێنێ، خۆگەرەکیی پەیوەندی و ڕابواردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێکەوەبوون یان هاوسـەرگیریی سـپی لەو بەسـتێن و زەمینانەیە کە کەلتووری گەنجانی هاوچەرخ جیا دەکاتەوە. لە لایەنی پێکهاتەییەوە، پێکهاتە خێزانییەکان وردە وردە خۆیان لەگەڵ بارودۆخی نوێ دەگونجێنن کە تێیدا نەوە جۆراوجۆرەکان ڕێی تێدەچێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژتر پێکەوە ژیان بکەن. لە کۆمەڵگای مۆدێرندا پەیوەندییەکانی گەنجان لەگەڵ ناوەندگەلی وەکوو قوتابخانە، بنەماڵە و هاوسـەرگیری لەگەڵ سـەرچەشـنەکانی شـێوازی ژیان گونجێنراوە. گۆڕانکارییەکانی ناو پێکهاتە ئابووری – کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی ئەوەی جووڵەی نێواننەوەیی بۆ گەنجان زۆر بێ و بە شـێوەی ڕووی لە زیادبوو تێپەڕین بۆ گەورەساڵی لە ڕێوڕەسمەکانی سڕیوەتەوە، بە جۆرێک کە لەم

پرۆسانەدا، سەرکەوتنەکانی داهاتوو بە شێوەی ڕوو لە زیادبوو لە ئاخێزگەی دەستپێکیان دابڕاون و کاتی ئێستا بە سەر قۆناغە زەمەنییە نزیکەکاندا زاڵە. دەرەنجامی ئەم پێویستییانە هەڵبژاردنی ئەو ئاقار و بەهایانەیە کە بە لێکپسان و دابڕان دەناسرێن و داهێنانە شانۆییەکانی گەنجان بەهێز دەکەن. تێکۆشانی دایک و باوکەکان بۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵەکانیان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبێتە هۆی جووڵەیەکی کاردانەوەیی لەم پرۆسەدا کە لە ئەنجامی ئەوەدا دایک و باوکەکانیش لە لایەن منداڵەکانیانەوە بەکۆمەڵایەتی دەبن و کەلتووری گەنجان دەبێتە خاڵی ژێدەرایەتییان.

ڕوانگەی باو سەبارەت بە گەنجان لە کۆمەڵناسی و خەڵکناسیی ڕۆژاوایی ئاماژەی مکووڕ یان پشتەبستوو بەم خاڵە دەکا کە گەنجێتی قۆناغێک لە ژیانە کە پرەنسیپی دەروونناسی و کۆمەڵناسیی تایبەت ئەم قۆناغە لە قۆناغەکانی دیکەی ژیان جیا دەکاتەوە. لە پاڵ ئەو پێناسانەی کە لە تایبەتمەندییە تاکایەتی و گرووپییەکانی تاک لەم قۆناغەی ژیان دەکرێ، بابەتی تەوەری شیکردنەوەی تێپەڕینی گەنجان بۆ دنیای گەورەساڵییە. لەم نەریتەدا، گریمانەی ئەوە دەکرێ کە ئەرکی تایبەتی کۆمەڵناسی ناسینی ئەو یاسامەندییە (سەرچەشن)ـی کۆمەڵایەتییەیە کە ئەزموونی تێپەڕین لە کۆمەڵگا جیا جیاکان پیشان دەدات. هەر بەم پێیە، لە دەقە توێژینەوەییەکانی سەبارەت بە گەنجان هەندێ چەشنناسی لە ئاخێزگەی ئامانجەکان و پەیوەندییەکانی پەیوەست بە ڕێباز یان ئاراستەکانی ژیانی گەنجان خراوەتە ڕوو. ئەم نەریتە ئاماژە بە پەیوەندیی هێڵی نێوان قۆناغەکانی تێپەڕین و بژێرەکەی دەکا و بە جۆرێک پێی وایە بەستێنە جیاجیاکانی ژیان، خوێندن، کار، بنەماڵە، هەڵبژاردنی هاوسەر، شێوازی ژیان، بەکارهێنان و شارۆمەندی پەیوەندییان پێکەوە هەیە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەندێ لە ڕووداوەکانی ئاراستەی تێپەڕین وەکوو خوێندن، کار و یان نیشتەجێبوون لە ماڵی سەربەخۆ بۆ گەنجان گرینگیی زیاتریان هەیە. ئەم ئاراستە کە پێی دەڵێن ئاراستەی نەوەیی، بەهاکانی گەنجان و یان نابەردەوامیی بەها نەوەییەکان بە

پرسی سەرەکیی لە خوێندنەوەی تێپەڕین دەزانێ و لە تیۆریی بەکۆمەڵایەتیبووندا وەک ئاراستەیەکی تیۆریی باڵادەست سوودمەند دەبێت. بەم شێوە بیچمگرتنی وردە فەرهەنگە تاوانکارەکان بە پێچەوانەی نۆرمە باوەکان ئەنجامی کەمایەسیی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون و بە تێکدەری تەکووزی و بەردەوامیی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێن. ئەم ڕوانگە هۆکاری تەشەنەسەندنی ڕوانگەی ڕەشبینانە و دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ لە پرەنسیپەکانی فەرهەنگی گەنجێتی و هەروەها گەنجان کە هەڵگرانی ئەم کەلتوورەن بە کێشەدار بزانین.

چوارچێوەیەکی تیۆریی دیکە تیۆریی نەوەکانە. لەم ڕوانگە و بە بۆچوونی بیرمەندانێکی وەکوو مانهایم و ئۆرتگا هاوشێوەی خاوەن تیۆرییە کارداخوازەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون وەکوو پارسۆنز و ئایزنشتات لێکدژی و نابەردەوامییە نەوەییەکان وەک کارداچەوتەکانی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون بە هەژمار دێن. خاوەنتیۆرییە نەوەییەکانیش باوەڕیان بە جیاوازی و نابەردەوامیی لە ئەزموونە کەلتوورییەکانی گەنجان هەیە و ئەزموونەکانی پەیوەست بە نەوەی مێژوویی گەنجان بە هۆکاری دابڕێنەری ئەوان لە نەوەکانی دیکە دەزانن. لە پارادایمی نەوەییدا ئافراندنەوەی کۆمەڵایەتی سنووردار کراوەتەوە بە شیکاریی پەیوەندییە نەوەییەکان و چاوەڕوان دەکرێ کە ئەزموونی پەیوەندییە نەوەییەکانی گەنجان لە بنەماڵە و هەروەها لە کۆمەڵگەی گەورەتردا زیاتر لە سەر بنەمای هاوڕێیەتی و بەردەوامێتی بێ تا دابڕان و چالنج. کارامەیی پارادایم یان ئاراستەی بەدیل کە دەتوانین پێیان بڵێین ئاراستەی فەرهەنگی و یان ئاراستەی فەرهەنگخوازانە، بە ڕخنەگرتن لە ئاراستەی نەوەیی، بە گوماناوی لێی دەڕوانن و ئاماژە بەم ڕاستییە دەکەن کە سنوورەکانی نێوان تافی منداڵی، گەنجێتی و گەورەساڵی ئەوەندە کاڵ، لەرزۆک و نەشیاوی جیاکردنەوەیە کە قسەکردن لە سەر ڕەگ، ئامانج و ئاراستە تایبەتەکانی ئەزموونی تێپەڕین و بەتایبەت ئاقارێکی شیاوی پێشبینی و هێڵی دژوارە. ئەوەی بە کورتی بۆتە چەقی بۆچوونی لایەنگرانی ئەم ئاراستە، تاکایەتیبوون و ناهێڵیبوون

قۆناغەکانی ژیانە. کەلتوورخوازان پێیان وایە کە ڕەهەندی کەلتووری و فەرهەنگیی ژیانی گەنجان دەبێ سەرنجی زێدەتری پێ بدرێت. تاقمێکیان وەکوو ڕۆژک (1995) پێیان وایە کە پێکهاتە و کاریگەرییە دیاریکەرەوەکانی لە سەر کارلێک و ڕفتارەکان وێنایەکە کە پەیوەستە بە سەردەمی مۆدێرنیزم و تێکەڵ بە زێدەڕەوی و توندڕەوییە و تاقمەکەی دیکە لەو بۆچوونەدان کە پێکهاتە پتەوەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن لە حاڵی داڕمانن و خەریکە دەبن بە جۆرێک نوێخوازیی مەلەوەری نوێ. ئەندێشە کلاسیکەکانی ئەم ئاراستە بە شێوەی زەق لە ڕوانگەی بیرمەندانی قوتابخانەی بیرمەنگام دەردەکەوێت. ئەم نەریتە لە بری ئەوەی لە سەر پەیوەندییە نەوەییەکان و هەوڵ بۆ ئافراندنەوە و درێژەدان بە بەها نەوەییەکان چڕ ببێتەوە، لە بنەڕەتەوە ئافراندنەوە بە پێی بژێرە پێکهاتەییەکانی وەکوو چین، ڕەگەز و نژاد ڕەچاو دەکا و زیاتر لەوەی کە گەنجێتی وەک قۆناغێک لە ژیان چەمکسازی بکەن، وەک تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی کەلتووریی گەنجان و بەتایبەت تایبەتمەندیی چینایەتییان دەخەنە بەر تیشکی سەرنج. بەم شێوە، خاڵی هاوبەشی ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان بە کلاسیک و مۆدێرنەوە ئەوەیە کە سەرنج دەخەنە سەر پۆلێبەندییەکی کەلتووری کە پێکهاتە جۆراوجۆرەکان پیشان دەدا کە لە ئەنجامی ئەوەدا ئێمە فرەچەشنیی لە هەڵبژاردنەکان و ئاراستەکانی ژیان لە پرۆسەی تێپەڕیندا بەدی دەکەین.
هەندێکیان لە بنەڕەتەوە لەو بۆچوونەدان کە هەر هەموو ئەوانەی کە وەک ڕێباز و ئاراستەی ژیان و ئاخێزگە و ئامانجە پێناسەکراوەکانی گەنجان باس دەکرێ، هەڵوەشاوەتەوە و هەم بۆ گەنجانی ئەوڕۆیی و هەم بۆ توێژەران گومڕاکەرەوەیە. بە باوەڕی ئەوان بە لای زۆرێک لە گەنجانەوە ڕەوتەکانی ژیانی ڕۆژانە زۆربەیان ئاراستە و ڕێبازی دابڕانن کە بواری ئەوەیان هەیە کە لق و پۆی زۆریان لێ ببێتەوە. هەر بۆیە، ژیانی ڕۆژانە بەتەنیا ژیانێکی بەسەربراوانە (ژیانی یەکدەست و دووپاتە) نییە، بەڵام گەنجان داهێنەرانە و تامەزرۆیانە بەرنامەڕێژی بۆ دەکەن.

کــەلتوورخوازان پێیــان وایــە نــاهێڵیبوونی تێپــەڕین و هەڵبژاردنی بەهاکان جیاوازە و هەندێجار دژی ئەزموونی نەوە گەورەســاڵەکانە کە تا ڕادەیەک قەرزداری ســەرنجی زیاتری گەنجان بە کاتی ئێســـتا، بە زیانی ڕابردوو و داهاتووە، ئەو گەنجانەی کە وا دەردەکەوێ هەســـتی بەردەوامیی مێژوویی خۆیان لە دەســت داوە و هەســتی وابەســتەییان ســارد بۆتەوە. بەڵگە ئەمەیە کە گەنجانی مۆدێڕن لە بارودۆخێکدان کە لایەکی ئــەزمــوونــی نــەوەکــانــی ڕابــردووە و لایــەکــی ئــاســـــۆی چاوەڕوانییەکانی داهاتوویانە. وڵام و کاردانەوەی ئاســـایی گــەنــجــان بۆ ئــەم نــاکــۆکــییــە، بــەرفــرەوانــیــی بــازنــەی بەئەزموونکردنی ئێســـتایە (واتە ژیانی ڕۆژانە). بارودۆخی ژیانی گەنجانی نەوەی ئێســـتا پتر لە گەنجی ڕابردوو لە ژێر کاریگەریی پێشـــبینی و چاوەڕوانییەکانی ئەوان لە داهاتووە. وەها پێدانــەگری و ئــاڵۆزییــەک هۆگریی زیــاتر بۆ ئــەزموونی نوێ، مەترســـیخوازی، پێگەیاندنی ڕوانگەی ڕێژەییخوازانە و هۆگریی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی کاری تاکایەتی و ئازادی بە گــەنجــان دەبــەخشـــێ کــە بــە هــاوکــاریی ئــەوە گــەنجــان هــەلی مــانۆڕێکی زیــاتریــان بۆ هــەڵبژاردنــەکــانیــان (بــەتــایبــەت بــە پێی ســـنووردارییــە پێکهــاتــەییــەکــان) وەدەســـــت دێنن. زەمینــە ئاماژەپێکراوەکانی ســەرەوە هەر هەموویان جۆرێک پرەنسیپی ڕۆشتن و گەڕانەوەییان بە تێپەڕین بەخشیوە.

تێپــەڕین وەک جووڵــەیــەک لــە دەورەکــان و هــەروەهــا وەک پرۆســەیەک هەندێ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای ئێرانیدا دروست کردووە کە هەم هەڵگری بیچم و هەم هەڵگری ناوەڕۆکی ئەم ئەزموونەیە. هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی تێپەڕینی نوێ بریتین لە:

ئـــــ) ناستانداردبوون: گەنجانی ئێرانی، هەم لە سەر ئاستی زەینی و هەم لە سەر ئاستی ئۆبژەیی، زەرووڕەتەن تێپەڕین بە تەواوکردن و دەستخستنی ئەرکە باوە نۆرمدارە پەیوەستەکانی تــافی گــەورەســـــاڵی (وەکوو کۆتــاییهــاتنی خوێندن، کــارکــردن، هاوسەرگیری، منداڵخستنەوە) بە زنجیرە یەک لە دوای یەکەی تــایبــەتــەکــەی چــەمکســـــازی نــاکــەن. گۆڕانکــاری لــە وێنــای

گەورەساڵی وەک سازەیەکی کۆمەڵایەتی، لە ئاراستەیەکدایە کە پێوەرە تاکەکەسییەکان لە ژیانی گەنجاندا لە چاو ڕووداوە نۆرمییەکان و دەورگریی پەیوەست بەو زیاتر ڕۆڵ دەبینن. لە سەر ئاستی ئۆبژەییشدا هۆگریی لە ڕادەبەدەر و دەرچوونی هەرچی زیاتری گەنجان بۆ ئاستی خوێندنی باڵا، وەدواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری، وەدواکەوتنی منداڵخستنەوە یان هۆگریی کەم بۆ منداڵی زیاتر لە هێما ئاشکراکانی گواستنەوە و بە دوای یەکنەهاتنی ڕووداوەکانی تێپەڕینە. شیکارییەکی دیکەی ئەم وەرچەرخانە هۆگریی بۆ ڕێوڕەسمسڕینەوە لە ئەزموونی تێپەڕینە. گەیشتن بە تەمەنی گەورەساڵی کە لە تێپەڕین لە ڕووداوە نابەردەوام و پچڕپچڕەکاندا خۆی دەردەخا، لەگەڵ نۆرم و ڕێوڕەسمە تایبەتەکانی خۆی یەک ناگرێتەوە و گەنجەکانی بە تێکەڵکردنی دڵخوازی خۆیان ئەنجامی دەدەن. وەرچەرخانە ئاماژەپێکراوەکەی سەرەوە وابەستەیی گەنجان بە بنەماڵەکانیان بۆ بڕیاردانداان کەم دەکاتەوە، بەرپرسایەتی و پابەندیی زیاترین پێ دەبەخشێ و گەنجان ناچار دەکا ڕیسکی زیاتر بکەن و ئەو پێشهاتانە قبووڵ بکات کە دەرەنجامی بڕیارەکانی خۆیەتی. لە لایەکی دیکەشەوە، باڵادەستیی دایک و باوکەکان بە سەر منداڵەکانیانیش کەم دەبێتەوە و نۆرمە لیبڕالییەکان دەبێتە بەدیلی پەیوەندییە نەوەییەکان.

ب) ناهێڵیبوونی تێپەڕین: ناهێڵیبوونی تێپەڕین ئەنجامی فرەچەشنیی ستانداردەکان و سەرچەشنەکانی تێپەڕین و کاڵبوونەوەی ئەو سەرچەشنە نۆرم و بەها باوەیە کە بە گوێرەی ئەوە هەڕەتی گەنجێتی پێناسە دەکرێت. بە پێی مۆدێلی ڕۆڵ و دەوری کۆمەڵناسیی کلاسیک، دیاردەی گەنجێتی، وەک چەمکێکی مۆدێرن تافی پێگەیشتن هەتا بەرپرسایەتییەکانی تافی گەورەساڵی بەتایبەت هاوسەرگیری یان کار لە خۆ دەگرێت. ڕاپۆرتە فەرمی و ئامارییەکانی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانی ئێران، بەتایبەت ڕێکخراوی نیشتمانیی گەنجانیش ئەم پێناسە پشتڕاست دەکاتەوە و بە ناچاری دەیکەن بە بنەمای بەرنامەڕێژی. سەرباری ئەمە، دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە سەرەڕای ئەوەی گرینگیدان بە ڕۆڵگری و مۆدێلی

گەشــە بۆ پێناســەی گەنجێتی لەگەڵ ڕاســتییە ئەزموونییەکانی زۆرێـک لـە گـەنجان یـەک دەگرێتـەوە و بۆ دەســـتێوەردان و بەرنامەڕێژیی ڕێکخراوەیی هەندێ خاڵی ئەرێنی هەیە، بەڵام هەموو ڕاســتییە ئەزموونییەکانی گەنجان پیشـــان نادات. وەرچەرخانی فەرهەنگی و پێکهاتەیی کۆمەڵگای ئێران، لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی جیهانی و هەروەها سەربەخۆ لەو، هەندێ هۆگری و هەڵسـوکەوتی نوێی لە ئەزموونی گەنجاندا بەدی هێناوە کە نواندنەوە و چەمکسـازییە وەدەسـتهاتووەکانی ئـەم چـەمکـەی گۆڕیوە. کـاریگـەرییـەکی دیکـەی گۆڕانی فەرهەنگی تێپـەڕین، دەگـەڕێتـەوە بۆ ســـەربـەخۆییخوازی و گۆڕانکـاریی لـە پـەیوەنـدیی دەســـەڵاتی ئـەنـدامـە گـەنج و گەورەساڵەکان.

پ) مـیـدیـا نـوێـکـان و کـارکـردە ســـەرگـەرمـی و پـەیوەنـدیـدەرەکـەیـان: کـەلتووری تێپـەڕین بـە قووڵی لـە ژێر کـاریگـەریی بـەربڵاویی میـدیـا نوێکـانـە. میـدیـاکـان پـەیوەنـدیی گەنجەکانیان تووشـــی هەندێ گۆڕانکاری کردووە. ئاســـتی ســـوودمەندی و کەڵکوەرگرتن لە میدیا نوێکان پیشـــاندەری ئەوەیە کە ئەم میدیایانە بە لای گەنجانەوە ســەرنجڕاکێشـــن و هێورانـە خـەریکـە دەبنـە بـەدیلی میـدیـا بـاوەکـانی دیکـە. ئـەم وەرچـەرخـانـە چین و توێژییـە دەتوانێ ئـەنجـامی پـەنگراوی ئەرێنی و نەرێنیی ســەبارەت بە شــوناســدۆزی و پەیوەندیی گەنجان لەگەڵ خۆیان، بنەماڵە و کۆمەڵگایەکی گەورەتری لە خۆ گرتبێت. پـەرەســـەندنی ســـەرگـەرمییـە مـەجـازی و دیجیتاڵییەکان دەتوانێ پەرەپێدەری ســـەرگەرمیی ناچالاک و پەیوەندیی کەمتری گەنجان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیان بێ. وێڕای ئەوەی کە بە شـــێوەی پەنگراو و بە هۆی شـــارەزایی زیاتری گەنجان بە زمان و تەکنەلۆژیا، ئەم میدیایانە دەتوانن ئـاســـتـەنگی بـەردەم پـەیوەنـدیی دوولایـەنـەی گـەنجـان لـەگـەڵ بنـەمـاڵـەکـانیـان بن. ئـەنجـامێکی دیکـەی ئـەم وەرچـەرخـانـە دژواربوونی کۆنترۆڵی دایک و باوکەکان بە ســـەر پەیوەندیی گـەنجـان، بـەتـایبـەت لـەگـەڵ ڕەگـەزی بـەرانبـەر و بەکۆمەڵایەتیبوونی ڕەگەزییانە. کاتێک ئەم ڕۆڵ و دەورە لە

کۆڵ دایک و باوکەکان دەبێتە و دەخرێتە ئەستۆی میدیا نوێکانەوە، وێڕای ئەوەی کە باڵادەستیی دایک و باوکەکان کەم دەبێتەوە گۆڕانی بەهاکانیشی لێ دەکەوێتەوە.

لە کارکردە سەرەکییەکانی میدیا نوێکان هێزبەخشین بە گەنجان لە بیچمدان و یان پاراستنی وردەکەلتوورەکانی خۆیان و قەرەبووکردنەوەی هەندێ لەو ئاستەنگانەیە کە بواری گشتی بە سەر هەندێ لە شێوازە سەرگەرمییەکانی گەنجاندا دەیسەپێنێت. ئینتەرنێت بە تێپەڕاندنی سنووورە چینایەتی و ڕەگەزییەکان، پانتای پەیوەندییە نەریتییەکانی هەندێ لە گەنجانی لە ناو بنەماڵەدا گۆڕیوە؛ پەرەی بە پەیوەندیی گەنجان داوە و بەهێزیانی کردووە. گەنجان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەتوانن هەلی تێکشکانی زنجیرەی یەک لە دوای یەکی دەسەڵات بەئەزموون بکەن. تەکنەلۆژیا نوێکانی زانیاری و پەیوەندی بەتایبەت ئینتەرنێت و موبایل دەتوانن هۆکارێتیی بەکارهێنەران بگۆڕن و کاریگەریی ئەوان لە پرۆسەی دروستبوونی شوناسی خۆیان توندتر بکەن. ئەم میدیایانە وێڕای ئەوەی کە فۆرمی پەیوەندیی وردەکەلتووریی نوێ بۆ گەنجان بەدی دێنن، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاسانکەرەوە و قەرەبووکەرەوەی خواستە پەیوەندییەکانی ئەوان لە سەر بەستێنی واقیعیشین. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک توخمی بەهێزکەرەوە بۆ گەنجان و بەتایبەت کچان لە پەیوەندیی لەگەڵ بنەماڵە و کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدرێن. گەنجان زۆر بە ئاسانی دەتوانن لە ڕێگەی هەندێ هەڤیازییەوە وەکوو نەناسران، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەک ئەمەیان بۆ دەرەخسێنێ، هەم کونجکۆڵی و مەترسیخوازی بکەن و هەم لە چاودێری و کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بنەماڵەکان ڕزگار بن. سەرەڕای ئەمانە، ئەم کاریگەرییە فەرهەنگییانە لە سەر بەستێنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەلومەرجی پێکهاتەیی کۆمەڵگا ئیش دەکەن و ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی دەسەڵات و بارودۆخی دنیای ڕاستەقینەن.

بەتاکایەتیبوون: زەقبوونی پشکی تاکخوازی لە شۆناسدۆزیی گەنجاندا کە ڕووی لە زیادبوونە نە تەنیا ئەوە پیشان دەدا کە

توخمی ســــەربەخۆیی‌خوازی وەک بگۆڕێکی دەروونناســــانە تێکەڵی کەســــایەتیی تاکەکان بووە، بەڵکوو ئەوە دەگەیێنێ کە ســــەربـەخۆیی ڕوو لـە زیادبووی گـەنجان لـە تـاکخوازییـەوە خـەریکە دەبێتـە ئـایدۆلۆژیا. گـەنجـان پێیـان خۆشـــە ئـاقاری داهاتوویان بە پشـــتبەســـتن بە خۆیان و بە شـــێوازی دڵخوازی خۆیـان تێپـەڕ بکـەن؛ هـەر بـەم پێیـە ڕۆڵی گرینگی بنـەماڵـە و کۆمەڵگا لە پێناسـە و بەخشینی پێگەی گەورەساڵیی مێرمنداڵان تـا دێ کـاڵتر دەبێتـەوە. لایـەنێکی دەرکـەوتنی ئـەو ئـاراســـتـە دەتوانین لـە گرینگیدانی زیـاتری گـەنجـان بـە ســــەرکـەوتنی تاکەکەســـی و هەڵکشـــاندنی توانا و ســـەرمایە فەرهەنگییەکانی خۆیان و هـەروەها ئاواتـە مـادییـەکانیان، وەکوو دەوڵـەمـەندبوون و وەدەستهێنانی پۆست و بەرزبوونی ئاستی کار و پیشەدا بەدی بکـەین. گرینگیـدانی زۆر بـە خوێنـدنی زانکۆ، بـەتـایبـەت بۆ کچـانی گـەنج و هۆگریی ئـەوان بۆ چوونـە نـاو بـازاڕی کـار، گرینگیدان بە هەڵبژاردنی تاکەکەسی لە هەڵبژاردنی هاوسەر و هەروەها منداڵخســـتنەوە لەو تایبەتەمەندییانەیە کە هۆکارێتی و مافی هەڵبژاردنی تاکەکەســیی گـەنجان پیشـــان دەدات. هەر بەم شـێوە، هەڵبژاردنی شـوێنی کار، نیشـتەجێبوونی جیا لە بنەماڵە (بۆ تـــاقمێکی بچووکی کوڕان و هـــەروەهـــا وردە وردە بۆ کچانیش) و تەنانەت هەڵســـوکەوتی کۆچبەرانە بە مەبەســـتی خوێندن یان وەدەستهێنانی هەلی کار و هەندێجار گۆڕینی شوێن لـە هێما ئـاشـــکراکانی بـەتاکایـەتیبوونـە. دیارە پـەرەســـەندنی ئـایدۆلۆژیـای تـاکخوازانـە گشـــتگیر نییـە و زەمینـە تـاکایـەتی، خێزانی و پێکهاتـەییـەکان کۆنترۆڵی دەکـەن. گـەنجـانی ئێرانی هێشـتا زۆر بە بنەماڵەکانی خۆیان وابەسـتەن. سـەرەڕای ئەمە، هـاوتـەریب لـەگـەڵ گـەشـــەکردنی بنـەماڵـەخوازی و هۆگریی جڤاکی، بیرۆکە تاکخوازییەکانیش ڕوو لە گەشەن.

ئـەنجـامێکی دیکـەی پـەرەســـەندنی بـەهـا تـاکخوازییـەکـان، پشتبەستنی زیاتری گەنجان بە داهێنانی کار و تواناکانی خۆیان بۆ هـــەڵبژاردنـــە گرینگـــەکـــانی ژیـــان بـــە بێ ڕەچـــاوگرتنی سەرچەشنی دەورە ناسراوەکانە. بۆ دایک و باوکی زۆرێک لە گەنجان ئەزموونی تێپەڕین بە ئیش یان هاوســـەرگیری تەواو

دەبوو، لە حاڵێکدا بەئەزموون نەکردنی ئەو ڕۆڵ و دەورانە لە لایەن بەشێک لە گەنجانەوە وا دەکا کە ناچار بە ئەزموونکردن و تاقیکردنەوە و ڕیســـکخوازی بن. هەروەها پەرەســـەندنی هەندێ نۆرم و شـێوازی ژیانی نائاســایی وەکوو ســەڵتخوازیی ڕەها یان هاوسەرین و هاوسەرگیریی سپی دەتوانێ تا ڕادەیەک لە ژێر کاریگەریی نەبوونی مۆدێلەکانی دەور بێت.

کـەلتووری نوێی تێپـەڕین دەرفـەتی زیـاتر بـە کچـان دەدا (وەکوو جێبەجێکردنی هەلی چوونە زانکۆ) و بە پێچەوانـەی چـالنجی نێوان هـەندێ لـە دەور و بـەها نـەوەییەکانی دایـک و باوک کە بە هۆی گەشــەکردنی خووی نوێ بەدی هاتووە (بۆ وێنە ســەبارەت بە ئاشــنابوونی بەر لە هاوســەرگیری، هەڵبژاردنی هاوســەر یان کار)، ئەم فەرهەنگە هێشـتا هەڵگری جیاکاریی ڕەگەزییە. لـە تێپـەڕینی گـەنجانی ئێرانی بۆ تـافی گەورەســاڵی جۆرێ دووانەیی تێدا بەدی دەکرێت. لە لایەکەوە، شوێنی کار و چوارچێوەی سنووورداری پێکهاتە بیچمی تێپەڕین ســـنووردار دەکا و لە لایەکی دیکەشـــەوە، گەنجان لە چەقی جووڵە و بەتاکایەتیبوونی ئاراســـتەکانی ژیاندان کە ئەمە تا دێ ڕوو لە زیادبوون دەکات. پێویســـتیی ئەم لێکدژییە بۆ هەندێک سوودمەندبوون لە هەڤیازیی وابەستەیی خێزانی و قبووڵکردنی نۆرم و ڕێوڕەسمەکانیەتی، بۆ تاقمێکیش تابشتهێنانی تێکەڵ بە نـاکۆکییـە، و لـە کۆتـاییدا کۆمـەڵێـک بـەرەو گۆشـــەگیری و ناچالاکی و نکۆڵی لە ڕاســـتییەکان ڕاکێش دەبن و لە ئەنجامی وەها بارودۆخێکدا هەندێ دیاردەی وەکوو ژیانی هاوبەشـــی بە بێ هاوسەرگیری سەر هەڵدەدەن.

### 2ـــ2ـــ4. هاوسەرگیریی سپی، پێکەوەبوون یان هاوماڵی لە ئێران

هاوســەرگیریی ســپی[1] واتە دوو هاوســەر پێکەوە دەژین و سـێکس دەکەن بە بێ ئەوەی پێکەوە هاوســەرگیرییان کردبێت. ئەم شـــێوازی ژیانە لە زۆربەی کۆمەڵگا ڕۆژاواییەکاندا تا دێ پەرە دەســـتێنێت. ئەم وشـــە لە بنەڕەتدا لە وشـــەی فەڕەنسـیی

1. Cohabitation

ماریاژ بلان (Mariage blanc) کە دەقاودەقی (white marrage)ـە، هاتووە. ئەم چەشـــنە هاوســـەرگیرییەکی ناتەواوە کە بە واتای پەیوەندیی سێکسی نییە. کەسەکان بە هۆکاری جیاوازی وەکوو پـاڵنەری ئـابووری و کۆمـەڵایـەتی، وەدەســـتهێنـانی ڤیزا یـان ڕاکردن لە وەدواداچوونی یاسـایی ئەم چەشـنە هاوسـەرگیرییە دەســـتنیشـــان دەکەن. ئەگەری ئەوەش هەیە کە ژن یان پیاو هـاوڕەگـەزخواز بن یـان بـە هـەر هۆکـارێکی دیکـە توانـای سـێکسـیان نەبێ کە ئەمە سـێکس‌کردن لە هاوسـەرگیریی سـپی نەگونجاو دەکات. وشـەی هاوســەرگیریی سـپی خوازەیەکە لە مەلافەی ســـپی. لەم هاوســـەرگیرییەدا ســـێکس ناکرێ و هەر لـەبـەر ئـەوەش خوێنی پـەردەی کچێتی کـە لـە لای کـەســـانی نەریتخواز پێویسـتی بە شـەوی پەردە و تەواوبوونی پەیوەندیی ژن و مێردییە، لەم هاوســـەرگیرییەدا بەدی ناکرێ و مەلافەکە بە سپێتی دەمێنێتەوە. لە ئێراندا کە ئەم ژیانە هاوبەشە تێکەڵ بە سێکسە، وشەی "هاوسەرگیریی سپی" مانای جیاوازی هەیە و بە پێچەوانەی "ماریاژ بلان" تۆماری یاسایی ناکرێت.

لەم ســـاڵانەی دواییدا ژیانی هاوبەشـــی پەنامەکی بە بێ هاوســـەرگیری بە دوور لە چاوی یاســـا لە ئێراندا لە شـــارە گەورەکاندا برەودار بووە. هاوســـەرگیریی ســـپی لە ئێران بە ژیانی هاوبەشـــی ژن و مێردێک دەوترێ کە هیچ چەشـــنە گرێبەســـتێکی شـــەرعی و یاســـایی لە نێوانیاندا نییە. بە پێی ئاماری نافەرمی هاوســـەرگیریی ســـپی لە شـــارە گەورەکانی ئێراندا ڕووی لە پەرەسـەندنە، بەڵام شـاراوەبوونی ئەم چەشـنە ژیانە هاوبەشــە دەســتراگەیشــتن بە ئامار لەم بارەوە ئەســتەم دەکات. هەندێ لە کۆمەڵناسـان و کارناسـانی زانستە ئاینییەکان لە ئێران هاوسەرگیریی سپی بە بەرهەمی کەلتووری ڕۆژاوایی دەزانن کـە لـە فـەرهـەنگی ئێرانی و ئیســـلامیدا "پینـەی دووڕەنگ"ـە. ئەم ژیانی هاوبەشی بە بێ هاوسەرگیرییە کە بە هاوســـەرگیریی ســـپی ناوی دەرکردووە لە وڵاتانی ڕۆژاواییدا دیارەیەکی تازە نییە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا بە هۆی بیر و باوەڕ و پرســـە شـــەرعی و وعورفییەکان بوونی هەیە، بە شـــۆکی فـەرهـەنگی لـە قـەڵـەم دەدرێت. بـە پێی ڕاپۆرتی هـەواڵدەری

خوێندکارانی ئێران(ئیرنا) ئایەتوڵا محەمەدی گوڵپایەگانی بە هێنانە ئارای ئەم پرسیارە کە هاوسەرگیریی سپی چییە و دەرەنجامی ئەم ژیانە دەبێتە چی؟ وتی: هێندە ناخایێنێ کە ئەو خەڵکانەی کە ئەم چەشنە ژیانە هەڵدەبژێرن، ئەوە حەڵاڵەکەیان لە ناو دەچێ و دەبنە حەرامزادە. حاکمی ئیسلامی دەبێ بە توندی بەرەنگاری ئەم چەشنە ژیانە ببێتەوە.[1]

ڕۆژنامەی (جهان صنعت) لە ڕێکەوتی 25 گەلاوێژی ساڵی 93ی هەتاوی لە ڕاپۆرتێکدا لە "هەڵکشانی هاوماڵیی سەڵتە نامۆکان" و "ژیانی سپی" لە تاران هەواڵی دا و وەک "پێویستییەکی ئابووریی کاتی بۆ بژێویی ژیان" پێناسەی کردبوو. سیاوەش شەهریوەر، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کۆمەڵایەتی و کەلتووریی پارێزگاری تاران لە خەرمانانی ساڵی 1393ی هەتاوی وێڕای ڕەخنە گرتن لە "گەورە نواندن"ی "هاوسەرگیریی سپی" وتبووی لەم بارەوە هیچ ئامارێک لە بەردەستدا نییە. ناوبراو هەروەها هەواڵی لە کۆتاییدابوونی گەڵاڵەی "بەرزبوونەوەی بنەماڵەی سەقامگیر" بۆ بەرەنگاربوونەوەی "هاوسەرگیریی سپی" دا، و وتبووی ئەم گەڵاڵە بە پێی سیاسەتە حەشیمەتییە ڕاگەیەنراوەکان لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادە کراوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە مورتەزا میرباقری، جێگری پێشووی وەزیری ناوخۆ لە کاروباری کۆمەڵایەتی و کەلتووری، ئاماژەی بە گۆڕانی شێوازی ژیان و عورفیبوونی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە کردبوو. مورتەزا میرباقری وتبووی: "پەیوەندیی تۆمارنەکراو و بێبنەمای ژن و مێرد لە کۆنەوە بەم شێوە بووە، بەڵام لە ئێستادا ئەم بابەتە بیچمێکی عورفی بە خۆوە گرتووە. سەرەڕای ئەوەی هێشتا لە وڵاتدا گشتگیر نەبووە." ڕۆژنامەی ئیبتیکار لە ڕێکەوتی 16ی مانگی گوڵانی ساڵی 1393ی هەتاوی، لە هەواڵێکدا، ئاماژەی بەوە کردبوو کە کێشەی ئابووری، تاقیکردنەوەی پەیوەندیی سێکسی،

---

1. https://www.isna.ir

هۆگرنەبوون بە هاوســەرگیری و تێچووی زۆری خانوبەرە لە هۆکارەکانی بە باشـــترزانینی "هاوســـەرگیریی ســـپی" لە هاوسەرگیریی فەرمییە.

لە ئێراندا لە ساڵی 1391، مورتەزا تەڵایی، سـەرۆکی کاتیی کومیسـیۆنی فەرهەنگی – کۆمەڵایەتی ئەنجومەنی شـارەوانیی تاران لە بیچمگرتنی هەندێ خانوبەرە لە باکوری شـاری تاران هـەواڵ دەدا کـە تێیدا کچان و کوڕان بـە بێ هاوســـەرگیریی فـەرمی پێکـەوە ژیـان دەکـەن و ڕەنگـە بتوانین بڵێین کـە ئـەم مۆدێلی هاوژینییە لەوانەیە پێشـــتریش بووبێ بەڵام کەس لێی ئاگادار نەبووە. لە ناوەڕاســـتەکانی ســـاڵی 1393 ئەم دیاردە لە میدیاکاندا دەنـگ و هـەرایەکی زۆری نـایـەوە و زۆرێـک لـە کارناســـانی ڕازی کرد کە قەیرانێکی شـــاراوە لـە پرســـە سێکسییەکاندا بوونی هەیە.

لەم چەشـــنە پەیوەندییانەدا هیچ پابەندی، دەســـتەبەری و بەرپرسایەتییەک پێناسە نەکراوە؛ هەر بۆیە کەسەکە دەتوانێ بە خواسـتی خۆی پەیوەندییەکە هەڵبووەشـێنێتەوە و تووشـی هیچ زیانێک نەبێت. ناپاکیی سێکسی لەم چەشنە هاوسەرگیرییەشدا بوونی هەیە؛ و بەو پێیەی کە هیچ بەرپرسایەتییەک بوونی نییە و هەر کات کەســەکان بیانهەوێ دەتوانن پەیوەندییەکە بپچڕێنن و بژاردەکانی دیکە بەتاقی بکەنەوە. کاتی و نافەرمیبوونی ئەم مۆدێلـەی ژیـان وای کردووە کـە هیواهـەڵچنین و داکۆکی بۆ بنەماڵەی هەر دوو لا کێشـــە بێ؛ چونکە ئەندامانی بنەماڵەکان کەمتر هۆگری ناسینی کەسی بەرانبەر و بەشداری پێکردنی لە چالاکییەکان، ڕێوڕەســمەکان و گرێبەســتە ئابوورییەکان دەبن. منداڵانی ئە چەشـــنە هاوســـەرگیرییانە زیاترین خەســـارەتیان وەبەر دەکەوێ؛ چونکە ئەم هاوسەرگیرییانە لە شوێنێکدا تۆمار ناکرێ و چارەنووســـیان پاش لەدایکبوون ناڕوونە و لە مافە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو خوێندن و هەبوونی ناسنامە بێبەشن و لـە دایـک و بـاوکی بـایۆلۆژیی خۆیـان میراتیـان نـاکـەوێـت. لـە وڵاتـانی ڕۆژاوایی گۆڕانی شـــێوازی ژیـــان و لێکـــەوتـــە ئـابوورییـەکـانی کـە بـە هۆی تـەڵاقـە هۆکـاری ســـەرەکیی

پەرەسەندنی ژیانی هاوبەشانەی بێهاوسەرگیرییە؛ بەڵام ئەم دیاردە لە ئێراندا نوێیە. ئەم دیاردە لە ئێراندا تەمەنی 10 ساڵە و لە گەورەشارەكانی وەكوو تاران، مەشهەد، ئیسفەهان و شیراز لە ناو ئەو گەنجانەی كە خەڵكی ئەم شارانە نین و یان پیشەدار و خوێندكاری زانكۆن برەوی هەیە. چوونە سەرەوەی تەمەنی هاوسەرگیری كە سەربەخۆیی تاكایەتی، هزری و ئازادیی زێدەتر لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیان و سەربەخۆیی ئابووری لە بنەماڵەكانی لێ دەكەوێتەوە لە فاكتەرە كاریگەرەكانی هاوسەرگیریی سپییە. نوێخوازی و بەردەستگیربوونی هاوسەرگیریی نەریتی و نیمچە نەریتی بۆ هەندێ لە گەنجان و هەروەها تێركردنی ئارەزووە سێكسییەكان بە شێوەی بەردەوام لە فاكتەرەكانی دیكەی پێشوازیكردن لە هاوسەرگیریی سپی لە لایەن گەنجانە. بە شێوەی گشتی لە كەلتووری ئێرانیدا كە وەرگیراوی نەریت و شەرعە، وەك دیاردەیەكی هاوردەیی و قێزەون لە هاوسەرگیریی سپی دەڕوانرێت.

### 5-2-2. قۆناغەكانی بیچمگرتنی هاوسەرگیریی سپی

ئەم دیاردە نوێ كۆمەڵایەتییە پێنج قۆناغی لە خۆ گرتووە كە بریتین لە (آزاد ارمكی، 1391):

**قۆناغی یەكترناسین**

لەم قۆناغەدا كچان و كوڕان لە ڕێگەی هاوڕێ نزیكەكان، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و گرووپی خوێندكارانی زانكۆ یەكتر دەناسن و پاش ناسینێكی ڕێژەیی لە بیر و بۆچوونی یەكتر، هۆگریی بۆ پەیوەندیی و ئاشنابوونی زیاتر بیچم دەگرێت.

**قۆناغی عاشقبوون**

پەیوەندیی نزیكتری هاوسەرەكان لەگەڵ یەكتر لە سەر بنەمای لێكچوونی بیر و ڕا و تەنانەت زەمینەكانی هاوكاریی پیشەیی و خوێندن دەبێتە هۆی ئەوەی كەسەكان عاشق بن.

**قۆناغی پێكەوە لكان**

پاش ئەوەی لایەنەكان هەستیان بەوە كرد لە یەكتر تێدەگەن بڕیاری پێكەوژەیان دەدەن، بەڵام بە هۆی ئەوەی بە شێوەی

تەواو بە کۆمەڵایەتی نەبوون و ویژدانی ئەخلاقیی (سووپەر ئیگۆ) بەهێزیان نییە، بۆ پێکەوەژیان ڕێگای چەوت و نانۆرم دەگرنە بەر.

**قۆناغی دەرکەوتنی ناکۆکی و ناتەبایی**

بە ڕوونی دەتوانین پێشبینی بکەین ئەو کەسانەی کە مل بەم پەیوەندییە دەدەن، دنیایەکی تەژی لە ناکۆکی، گرژی و کێشەی چارەسەرنەکراویان هەیە. هەر بۆیە هێندەی پێ ناچێ کە عەشق و سۆزی سەرەتایی هیچی لێ نامێنێ و بێزاری و قین و خۆسەرکۆنەکردن دەبێتە بەدیلی.

**قۆناغی کۆتایهاتنی ژیانی هاوبەش**

لەگەڵ دەرکەوتنی ناکۆکییەکان هەر دوو لایەنەکە ناتوانن بۆ چارەسەری ناکۆکی و ناتەباییەکان کەڵک لە میکانیزمی لۆژیکی و عەقڵانی (چارەسەری کێشەکان بە هاوکاریی گەورەترەکان، ڕاوێژکاران و ...) وەربگرن. لە ئەنجامدا ئەم پەیوەندییە کۆتایی پێ دێ و لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تەنیا ئەو هاوسەرانە بە فەرمی دەناسرێن کە لە نووسینگەکانی هاوسەرگیری تۆمار دەکرێن. لەم چەشنە هاوسەرگیرییانە ئەرکی هەر دوو لا ئاشکرایە و هەر ڕووداوێک پاش هاوسەرگیری ڕوو بدا، یاسا بەرپرسایەتیی هەر دوو لایەنی دیاری کردووە. هەروەها لە ئەگەری ڕوودانی ناکۆکی یان حاڵەتەکانی تاوان بە سەردانکردنی دادگا دەتوانرێ بەدواداچوون بۆ کێشەکە بکرێ و چارەسەر بکرێت. لە یاسای کۆماری ئیسلامیدا بە پێی ئایینی ئیسلام، هاوسەرگیریی سپی بە فەرمی نەناسراوە و بە تاوان لە قەڵەم دەدرێت. بێگومان کاتێک کە یاسا پڕەنسیپی ئەم هاوسەرگیرییە بە تاوان دەزانێ هەرگیز بەرپرسایەتیی بەدواداچوونی بۆ پێشهاتەکانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە ئەستۆ ناگرێ و وەک تاوان هەڵسوکەوت لەگەڵ پێشهاتەکانی دەکات. بە گوێرەی یاسا، هاوسەرگیریی هەمیشەیی کە لایەنەکان پاش لێک مارەکردن نەچنە نووسینگەی تۆمارکردنی فەرمی، سەرەڕای ئەوەی لە سۆنگەی شەرعییەوە بایەخدارە، یاسایی نییە و بۆ هاوسەرەکان سزای بە دواوەیە.

**6-2-2. هاوسەرگیریی سپی لە سەر ئاستی جیهان**

ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە پاش پرۆسەیەکی تا ڕادەیەک دوور و درێژ وەک شێوازێکی ژیان لە وڵاتانی ڕۆژاواییدا قبووڵ کراوە. بەر لە ساڵی 1970 ژیانی پاش هاوسەرگیری لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا نایاسایی بوو و لە دەیەی 70 لە وڵاتی ئەمریکا بزووتنەوەی ئازادیی ژن سەری هەڵدا، کە ئامانجەکەی گۆڕانکاری لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگای ئەمریکا و سازدانی بارودۆخی دادپەروەرانە و یەکسان بۆ ئەوان بوو؛ بەڵام ئەوەی لە ناو دڵی ئەم بزووتنەوە هاتە دەرەوە شۆڕشی سێکسی بوو کە شێوازەکانی ژیانی نوێی وەکوو هاوماڵی بەدی هێنا. لە ساڵی 1960 هەتا 2000 ڕێژەی ئەو هاوسەرانەی کە هاوسەرگیرییان نەکردبوو 10 قات زیادی کرد. لە وڵاتانی ڕۆژاوایی بۆ ئەم چەشنە پێکەوەژیانە هەندێ یاسا ڕەچاو دەکەن بۆ ئەوەی بە جۆرێک لە جۆرەکان بە فەرمی بناسرێ بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو هاوسەرانەی کە ساڵانێکە پێکەوە دەژین، لە کاتی جیابوونەوەدا بتوانن داوای مافەکانیان بکەن و لەم حاڵەتەدا ڕێگای ناپابەندێتی قەپات بکرێت.

هاوسەرگیریی سپی وەک سەرچەشنی گشتیی پەیوەندییە سێکسییەکان لە جیهانی ڕۆژاوا لە قەڵەم دەدرێت. ئەگەر پێشتر، هاوسەرگیری کۆڵەکە و بنەمای پەیوەندیی سێکسیی نێوان دوو کەس بوو ئێستا چیتر ئەم دەورە بۆ هاوسەرگیری دروست نییە کە لە ئێستادا باس لە پێکهێنانی ژیان هاوبەش و دابڕان لە ژیانی هاوبەش بکەین. ڕێژەی ڕوو لە زیادبووی ئەو هاوسەرانە هەن کە پەیوەندیی درێژخایەن و پابەندانەیان بۆ یەکتر هەیە، بڕیاری هاوسەرگیرییان نەداوە بەڵام لە ناو ماڵێکدا دەژین و پێکەوە منداڵەکانیان گەورە دەکەن. دەستپێکی هاوسەرگیریی سپی لە کیشوەری ئەورووپا لە وڵاتانی سکاندیناڤیاوە سەری هەڵدا. بەڵام ئەم دیاردە کەمێک دەرنگتر لە ئەورووپای مەدیتەرانەیی پەرەی سەند. بە شێوەی نەریتی ئەم وڵاتانە پارێزکارترن (کۆنسێرڤاتیف) و ئایین دەورێکی بەرچاوی لە ژیانی خەڵکدا هەیە و بە جۆرێک کە هەتا نیوەی

1990 ئەم چەشـــنە هاوســـەرگیرییانە لەم ناوچانەدا کەمتر بوو بەڵام لەو کاتەوە هەتا هەنووکە هەڵکشـــانی زۆری هەبووە و وەک پێشـــەییەک بۆ هاوســـەرگیری لە هاوســـەرگیریی ســـپی دەڕوانن (Martin ,2015). ڕێژەی زۆری بەشـــداریی ژنان لە کار و هەروەها دەستڕاگەیشتنی ئاسان و بەربڵاو بە کەرەسەی بەرگیری وای کردووە کە ژنان لە ڕۆژاوا شانسی هەڵبژاردنی زیاتریان هەبێ و ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە هاومالّی ببێتە بەدیلی هاوسەرگیری (Mills et al ,20115).

لە ئەورووپای ناوەندی و ڕۆژهەڵاتیدا، لە کۆتاییەکانی دەیەی 1980 و ســـەرەتاکانی دەیەی 1990، هەندێ گۆڕانکاریی ســـەرەکیی سیاسـیی وەکوو دارمانی دەوڵەتە کومونیســتییەکان ڕووی دا. ئەم کۆمەڵگایانە هاتنە ناو بەســـتێنێکی نوێی ئازادیی کۆمەڵایەتی، یاســـا شـــێلگیرەکان کەم بوونەوە و دەوڵەتە دەســـەڵاتخوازەکان لاواز بوون. ئەوان لەگەڵ ئەورووپای ڕۆژاوایی پەیوەندییان ســـاز کرد و بوونە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا. هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە ســـیاســـی و کۆمەڵایەتییە، ســـەرچەشـــنەکانی ژیانی خێزانی دەســـتیان بە گۆڕان کرد، ڕێژەی هاوســـەرگیری دابەزی و تەمەنی هاوسەرگیری بەرزبونەوەی بە خۆوە بینی. هاومالّی و ڕێژەی منداڵخستنەوە لەو دایک و باوکانەی کە هێشتا هاوسەرگیرییان نەکردبوو هەڵکشـانی بە خۆوە بینی و لە هەندێ لە وڵاتاندا ئەم زیادبوونە خێرا بوو. (2009,Thornton & Philipov).

هەندێ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی وەکوو ســـکۆلاریزم، هەڵکشـــانی ڕێژەی بەشـــداریی ژنان لە بازاڕی کار، گۆڕانی مانای هاوســـەرگیری، کەمبوونەوەی مەترســـی و گۆڕانی ڕوانگەی ســـەبارەت بە ئارەزووە ســـێکســـییەکان، ڕوانگەی جیاواز ســـەبارەت بە ڕەگەزێتی و باوەڕە فیمینیســـتییەکان بووە هۆی ئەوەی کە دیاردەی هاومالّی گەشـــە بکات. هەروەها هەندێ کەس لەو بۆچوونەدان کە هاوســـەرگیریی فەرمی و یاســـایی ناپێویســـتە و یان بابەتێکی هەڵوەشـــاوە و کۆنە، هەر لەبەر ئەوەی خۆی لێ دەبوورێن. بۆ وێنە لە ئەندازەگرتنی بەها

ئەورووپییەکان (EVS) ساڵ 2008، ڕێژەی ئەو وڵامدەرانەی کە پێداگری لە سەر ئەم بابەتە دەکەن کە "هاوسەرگیری ناوەندێکی هەڵوەشاوەیە" بەم شێوە بووە: لۆکزامبۆرگ 37/5 %، فەڕەنسە 35/4 %، بەلژیک 34/3 %، 31/2% لە لوکزامبورگی ئیسپانیا، 30%/5 لە نەمسا، 29/2 % لە ئەڵمانیا، 27/7% لە بولگارستان، 27 % لە هۆڵندا، 25% لە ئیسـلۆونی. یەکێتیی ئەورووپا ئەم ڕاستییە بینراوەییەی ژیانی دوو هاوسەر کە بە بێ هاوسەرگیری پێکەوە لە ماڵێکدا ژیان دەکەن و بە بێ تۆمارکردنی یاسایی سێکس دەکەنی، قبووڵ کردووە و بە فەرمی ناساندوویەتی و لە ساڵی 2004 یەکێتیی ئەورووپا لە پەیڕەونامەیەکی یاساییدا، دەستێوەردان لە سنووری تایبەتیی هاوژینە هاوماڵەکانی قەدەغە کرد.

لە بەریتانیا لەم ماوەی دواییدا هاوسەرینیان بە ڕیسوایی دەزانی. ئەندازەگرتنی گشتیی بنەماڵە کە سەرچاوەی سەرەکیی داتاکانی پەیوەندیدار بە سەرچەشنەکانی بنەماڵە بەریتانییەکانە، لە ساڵی 1979 بۆ یەکەم جار وتەزای هاوسەرینی هێنایە ناو پرسیارەکانی خۆی. بەڵام لە ناو خەڵکی بەریتانیا و دیکەی ناوچەکانی جیهان بیرۆکەی سەبارەت بە هاوسەرینی یان هاوسەرگیریی سپی ڕووی لە گۆڕانە. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لە بەریتانیا بەر لە هاوسەرگیری ژیانی هاوسەرینییان بووە 400 لە سەد بەرزبونەوەی بە خۆوە بینیوە، ئەو ژنانەی کە لە دەیەی 1930 لەدایک ببوون 4 لە سەد و ژنانی لەدایکبووی دەیەی 1940 زایینی 19 لە سەد ژیانی هاوسەرینییان بووە، بەڵام لە ناو ئەو ژنانەی کە لە دەیەی 1960 لەدایک بوون ئەم ڕێژە گەیشتۆتە نزیکەی 50 لە سەد. پێشبینی کراوە کە چوار لە سەر پێنجی ئەو هاوسەرانەی کە لە ساڵی 2000 هاوسەرگیرییان کردووە پێشتر ژیانی هاوبەشانەیان بووە، سەرەڕای ئەوەی هاوسەرینی

تا دێ پەرە دەگرێ و پەسەندکراو دەبێ، توێژینەوەکان پیشان دەدا کە هێشتا سەقامگیری و بەردەوامیی هاوسەرگیری لە هاوسەرینی زیاترە. ئەگەری جیابوونەوەی هاوسەرە هاوسەرگیرینەکردووەکان کە پێکەوە دەژین لە چاو هاوسەرە هاوسەرگیریکردووەکان سێ بۆ چوار قات زیاترە. ئەگەرچی ماوەی هاوسەرینیی زیاتر لە هاوسەرگیری ڕووی لە هەڵکشانە و زۆر هاوسەر ئەمە وەک بەدیلی هاوسەرگیری سەیر دەکەن، وا دەردەکەوێ لە بەریتانیای ئەوڕۆیی هاوسەرینی زیاتر قۆناغی تاقیکردنەوەی بەر لە هاوسەرگیری بێت. زۆربەی گەنجان لە ڕووی هەڵکەوت و پێشهاتەوە ژیانی هاوبەش دەست پێ دەکەن، نەک بە پێی پلانی پێشتر دیاریکراو. ئەو هاوسەرانەی کە پێشتر پەیوەندیی سێکسییان بووە وردە وردە کاتێکی زیاتر پێکەوە تێدەپەڕێنن و لە کۆتاییدا یەکیان یان هەر دووکیان واز لەو ماڵە تایبەتەیان دێنن. ئەو گەنجانەی کە پێکەوە ژیان دەکەن هەمیشە ئەو ڕۆژە پێشبینی دەکەن کە هاوسەرگیری دەکەن، بەڵام نەک لەگەڵ ئەم هاوبەشەی ئێستایان. لە توێژینەوەیەکدا کە توێژەرانی زانکۆی ناتینگهام لە ساڵی 1999 ئەنجامیان داوە، کۆمەڵناسان بە نموونەیەکی پێکهاتوو لە هاوسەرە هاوسەرگیریکردووەکان و هاوسەرینەکان کە خاوەن منداڵانی یازدە ساڵ یان کەمتر بوون و هەروەها لەگەڵ نموونەیەکی پێکهاتوو لەو هاوسەرانەی کە هێشتا هاوسەردار بوون، دیمانەیان کرد. ئەوان دەیانویست ئەو جیاوازییانە تاوتوێ بکەن کە لە نێوان پابەندی و ئەمەگداریی نەوە خێزاندارەکانی پێشوو و هاوسەرەکانی نەوەی گەنجتر بەدی دەکرا. ئەم توێژەرانە بۆیان دەرکەوت کە هاوسەرە هاوسەرگیریکردووەکان و هاوسەرینە گەنجترەکان لە چاو دایک و باوکیان خاڵی هاوبەشیان زیاتر بوو. لە حاڵێکدا نەوە کۆنترەکان بە پێی ئەرک لە هاوسەرگیری تێدەگەیشتن، نەوەی گەنجتر پێداگری لە سەر هەندێ لەو پابەندییانە دەکاتەوە کە بە شێوەی سەربەستانە بەویتری دەدرا. جیاوازیی سەرەکیی وەڵامدەرانی گەنجتر ئەوە بوو کە هەندێکیان وایان پێ باشە لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە پەیوەندی و پابەندییەکەیان پشتڕاست

و پەسەندی گشتی بکرێت (گیدنێز، 1389: 278).

لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، پێکەوەبوون یان هاوسەرگیریی سپی بابەتێکی ئاساییە. 42 لە سەدی زکوزاکان لە ساڵی 2014 لە سەر ئاستی 28 وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا هی ئەو ژنانە بوون کە هاوسەرگیریی فەرمییان نەبوو.[1] لە وڵاتانی ئەورووپایی زۆرینەی زکوزاکان لە دەرەوەی هاوسەرگیری ڕوو دەدەن[2]: ئیسلەند (69/9% لە ساڵی 2016)، فەرەنسە (59%/7 لە ساڵی 2016)، بولگارستان (58/6 % لە ساڵی 2016)، ئێسلۆونی (58/6 % لە سەد لە ساڵی 2016)، نەرویژ (56/2 % لە ساڵی 2016)، ئێستۆنی (56/1 % لە سەد لە ساڵی 2016)، سوید (54/9 % لە ساڵی 2016). دانیمارک (54 % لە ساڵی 2016)، پورتەگاڵ (52/8 % لە ساڵی 2016) و هوڵندا (50/4 % لە ساڵی 2016).

لە وڵاتانی ئەورووپایی سەرەڕای ئەوەی هاوماڵی لە زۆربەی تەمەنەکاندا بەدی دەکرێ، ئەم دیاردە لە ناو گەنجاندا باوترە. 21 لە سەدی کۆی ژنان لە وڵاتی فەنلاند لە ساڵی 2005 ژیانی هاوبەشی بێ هاوسەرگیریان هەبوو. 18 لە سەدی هاوسەرەکان منداڵیان هەبوو. بە شێوەی گشتی هاوماڵی لە ناو فەنلاندییەکاندا باوە کە زۆرینەیان خوار تەمەنی 30 ساڵانن.[3]

لە وڵاتی کانادا لە نیوەی ساڵی 1990 ڕێژەی منداڵخستنەوەی هاوسەرە هاوماڵەکان، بەتایبەت لە پارێزگای کەبەک بە توندی ڕووی لە بەرزبوونەوەیە. لە ساڵی 2012 لە کانادا ئەو دایکانەی کە لە کاتی خستنەوەی منداڵەکانیان هاوسەرگیریان نەکردبوو 28/3 لە سەد بوو.[4] دوایین ئامار لە ساڵی 2015 لە پارێزگای کەبەک لە کانادا پیشان دەدا کە 63 لە سەدی منداڵانی

---

1 . Eurostat. Tables, Graphs and Maps Interface (TGM) table. Ec.europa.eu. 2016-08-11. Retrieved 2017-03-26.

2 . http://ec.europa.eu/eurostat/tgm/table. do?tab= table&plugin= 1&language=en&pcode=tps00018

3 . The Finnish population structure of 2005 at Statistics Finland (Finnish/Swedish)

4. Canada, Government of Canada, Statistics.. www5.statcan.gc.ca.

لەدایکبوو لەو ساڵەدا هی ئەو دایکانە بوو کە هەرگیز هاوسەرگیرییان نەکردبوو.[1]

It is alright for a couple to live together without intending to get married




چارتی 1. ڕاپرسیی ڕێژەی لایەنگری لە هاوسەرگیریی سپی لە ساڵی 1994 هەتا 2012 لە ویلایەتە یەکگرتووەکان

لە ئەمریکا هاوسەرگیریی سپی یان هاوماڵی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا پەرەی سەند. لە ساڵی 2002 نیوەی ژنانی 15 بۆ 44 ساڵ بە بێ هاوسەرگیری لەگەڵ هاوبەشەکەیان ژیانی هاوبەشانەیان هەبوو. لە ساڵی 2005 نزیکەی 4/85 ملیۆن هاوسەر ئەزموونی ژیانی هاوبەشی بێ هاوسەرگیری یان هاوماڵییان هەبوو. لە ساڵی 2007 نزیکەی 6/4 ملیۆن بنەماڵە کە هاوسەرگیرییان نەکردبوو ناسێنران (Andrew, 2010). لە ساڵی 2012 بە پێی ئەندازەگیری و ڕاپرسیی گشتی لە ئەمریکا کەمتر لە 20 لە سەدی حەشیمەتی ئەو ولاتە دژی هاوماڵی

1. Québec, Institut de la Statistique du. "Proportion de naissances hors mariage selon le rang de naissance, Québec, 1976-2016". www.stat.gouv.qc.ca.

بوون (Herrnson & Weldon,2014).




وێنەی 16. ڕەوتی هەڵکشانی ڕێژەی دایکانی هاوسەرگیرینەکردوو لە ئەمریکا

هەروەها لە ئەمریکای لاتین هاوسەرگیریی سپی ڕووی لە هەڵکشانە. سەرەڕای ئەوەی کە بیر و باوەڕی کاسۆلیک باڵی بە سەر ئەم ناوچەدا کێشاوە، زیاترین ڕێژەی زکوزا هی ئەو دایکانەیە کە هاوسەرگیریی فەرمییان نەبووە. 55 بۆ 74 لە سەدی کۆی منداڵانی ئەم ناوچە هی هاوژینە هاوماڵەکانن.[1] لە مەکزیک لە ساڵی 2005 هەتا ئەوڕۆ 18/7 لە سەدی هاوسەرە هاوماڵەکان، درێژەیان بە پەیوەندیی سێکسیی خۆیان داوە. ئەم چەشنە پەیوەندییە هاوماڵییانە یان هاوسەرگیریی سپی لەم ساڵانەی دواییدا لە ناو گەنجانی ئەمریکای لاتیندا بەرزبوونەوەی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە (Ambert,2005).

لە وڵاتی ئوستراليا 22 لە سەدی هاوسەرەکان ئەزموونی هاوماڵییان بووە. 78 لە سەدی هاوسەرەکان کە لە ساڵی 2008 هاوسەرگیرییان کردبوو بەر لە هاوسەرگیری پەیوەندیی

1 . Global Children's Trends.The Sustainable Demographic Dividend.Sustaindemographicdividend.org. Retrieved 10 November 2012.

هاوماڵییان بووە.[1] لە ساڵی 2013، 34 لە سەدی زکوزاکان هی ئەو ژنانە بوو کە هاوسەرگیرییان نەکردبوو. لە وڵاتی ئوسترالیا پەیوەندیی هاوماڵییان بە فەرمی ناساندووە. لە وڵاتی نیووزیلەند 23/7 لە سەدی هاوسەرەکان لە ساڵی 2006 ژیانی هاوبەشی بێهاوسەرگیرییان هەبوو. 48 لە سەدی زکوزاکانی ساڵی 2010 هی ئەو ژنانە بووە کە هاوسەرگیرییان نەکردبوو. لە نیووزیلەندیش وەکوو ئوسترالیا، پەیوەندیی هاوماڵی بە فەرمی ناسراوە.[2]

لە کیشوەری ئاسیا بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی جیهان پێکەوەبوون یان هاوماڵی هێشتا تابۆیە و لە چاو وڵاتانی ڕۆژاوایی ڕەوتی پەرسەندنەکەی هێواشترە. سەرباری جیهانیبوون و مۆدێرنیتە و نوێخوازی لە کۆمەڵگە ئاسیاییەکان ئەم چەشنە ژیانە لە ناو گەنجانی شارە گەورەکان بەدی دەکەین. لە وڵاتانی ئاسیایی وەکوو بەنگلادش هاوسەرگیریی سپی یان هاوماڵی دادگایی دەکرێ و سزای لێ دەکەوێتەوە و بۆ گەنجان دەرهاویشتەگەلی وەکوو دەرکران لە زانکۆ و یان ماڵی کرێی بە دواوەیە.[3] لە وڵاتی هیندستان بە هۆی حەشیمەتی زۆر، بەتایبەت لە شارە گەورەکان، ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی کیشوەری ئاسیا بەدی دەکرێت. بەڵام لە ناوچە بچووکتر و لادێییەکاندا هێشتا بە تابۆ لە قەڵەم دەدرێ و سزای بە دواوەیە. لە ئەندۆنسیا لە ساڵی 2005 بۆ ئەو هاوسەرانەی کە بە بێ هاوسەرگیریی شەرعی و یاسایی دەژین، 2 ساڵ سزای بەندکران دیاری کراوە.[4]

لە وڵاتی ژاپۆن، بە پێی ڕاپۆرتی دامەزراوەی نیشتمانیی

---

1. "Percentage of marriages preceded by cohabitation 1975-2008". Australian Institute of Family Studies.

2. "2006 Census: Family portrait: Continuity and change in Canadian families and households in 2006: National portrait: Provinces and territories". 12 September 2007. Retrieved 22 August 2015.

3. http://www.refworld.org/docid/4f40f0072.html Refugee Review Tribunal (Australia); Research Response Number BGD32882, 12 February 2008

4. "Indonesia plans new morality laws". BBC News. 6 February 2005.Retrieved 28 March 2010.

لێکۆڵینەوەی حەشیمەت و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کەمتر لە 3 لە سەدی ژنانی نێوان 25-29 ساڵ بە بێهاوسەرگیری یان هاوماڵی ژیانی هاوبەشیان هەیە. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی ئیواسا[1] 30 لە سەدی هاوماڵەکان لەدایکبووی 1960 و 53 لە سەدی هاوسەرە هاوماڵەکان لەدایکبووی ساڵی 1970 بوون. هەروەها لێکۆڵینەوەکان لە وڵاتی ژاپۆن ئەوە دەردەخا کە 68 لە سەدی هاوسەرە هاوماڵەکان لەدایکبووی شار و دانیشتووانی شارە گەورەکانن. لە وڵاتی فیلیپین 2/4 ملیۆنی هاوسەرە هاوماڵەکان ناسێنراون. بە پێی سەرژمێریی ساڵی 2000 لە فیلیپین ڕێژەی هاوماڵی لە سەر ئاستی وڵات 19 لە سەد ڕاگەیێندراوە. زۆرینەی هاوسەرە هاوماڵەکان لە مەودای تەمەنیی 20-24 ساڵدان و هەژاریی ئابووریيان بە هۆکاری سەرەکیی هۆگری بۆ هاوماڵی لە فیلیپین لە قەڵەم داوە.[2]



1. Iwasawa
2. http://www.gmanews.tv/wedding/tomarryornot.html

وێنــەی 17. بـارودۆخی ئـابووریی نـالـەبـار یـەکێـک لـە هۆکـارەکـانی هۆگریی گـەنجـانی ژاپۆنی بۆ هـاوســـەرگیریی سپییە. لە لایەکی دیکەشـەوە دەستڕاگەیشتنی کچان و کوڕان بە یەکتر و تێکەڵبوونی زۆری ئەوان لە پانتای گشـــتی ڕێژەی هاوسەرگیریی سپی زیاد کردووە. http://jpninfo.com/61117

## ٢-٣. بنەما فیقهی و یاساییەکانی هاوسەرگیریی سپی یان پێکەوەبوون

### ٢-3-١. هاوسەرگیری لە ڕوانگەی ئایینی و ئیسلامی

لە ڕوانگەی قورئانـەوە مرۆڤەکان جۆرێک ئافرێنراون کە هۆگری بۆ هاوسـەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە لە سروشتیاندایە و لە بنەڕەتەوە ئافراندنی مرۆڤەکان جووت جووتە و هیچ پیاو و ئافرەتێک نییە کە جووتێکی بۆ دروسـت نەکرابێت. قورئانی پیرۆز دەفـەرمووێـت: "وَ خَلَقْنـاکُمْ أَزْواجـاً" (ئـایـا ئێوەمـان بـە جووت دروســـت نەکردووە؟) (نەباء: ئایەتی 8). هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا هاتووە: "وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجًا ..." خوا ئێوەی لـە خـاک دروســـت کردووە، لەوەودواش لە نووتفەیەک (کە بریتییە لە بە یەکگەیشـــتنی ســـەرەمێکۆتەیەک لەگەڵ هێلۆکەیەکدا) لەوەودوا کردوونی بە جووت (نێر و مێ). (فاتر: ئایەتی 11). قورئان بەم چەشـــنە و بەم پێناســانە ئاماژە بە فەلســەفەی ســەرەکیی پێکهێنانی بنەماڵە دەکـا و ســـەرچـاوەی جووتخوازی (هـاوســـەرگیری و هاوسـەرێتی) بە سروشتی مرۆڤ دەزانێت. خودا ژن و پیاوی کردووە بە تەواوکەری یەکتر؛ کەواتە لە ڕوانگەی قورئانـەوە ڕەگی پێکهێنانی بنەماڵە لە ســـروشـــتی مرۆڤدایە و نە تەنیا بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ لە خاوەن تیۆرییەکان، سەرچاوەی ئەم هۆگرییە هەستی دامەزراوخوازیی مرۆڤ نییە، بەڵکوو بە هۆی ســـۆزداریی زۆر بـەهێزە کـە مرۆڤ لـە خۆخوازییـەوە دەگـەیێنێتـە ئـاســـتی دیترخوازی و هـەر ئـەمـە دەبێتـە هۆی پتەوبوونی بنـەمـاڵە (جهانی، 1391). لە قوتابخانەی ئیســـلامدا هاوسـەرگیری پیرۆزە و پێگەیەکی بەرزی هەیە. ئەم ڕاستییە بە شـــرۆڤەی جیاواز و لە چوارچێوەی جیاجیادا باســی کراوە.

لەو بەڵگە قورئانییانەی کە پشتبەستوو بە گرینگیی هاوسەرگیرین، فەرمانکردن بە هاوسەرگیری لە قورئانە: " فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِيسَاءِ " "لەگەڵ ژنانی پاک هاوسەرگیری بکەن" (نیساء: ئایەتی 3) و هەروەها لە نەریتەکانی پێغەمبەری ئیسلام ئەوە بوو کە موسڵمانانی بۆ هاوسەرگیری هان داوە: "النَكاح سُنتی، مَن اَحَبَ فِطرتی فَلیَستَن بِسُنتی: کەسێک کە ئایینی منی خۆش دەوێ، دەبێ لە سەر نەریتی من پابەند بێ، و یەکێک لە نەریتەکانی من هاوسەرگیرییە" (طبری: 1365: 196 و غزالی، 1377: 152).

لە ڕوانگەی قورئان و فەرموودەوە ئامانجە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی هاوسەرگیری و هاوسەربژێریدا بەدی دێ و ژن و پیاو لە چوارچێوەی هاوسەرگیری و بنەماڵە بە گووران و تەواوکۆیی دەگەن و دەبنە هۆی کەماڵ و پاراستنی یەکتر: "هُنَّ لِباسٌ لَكُمْ وَ أَنْتُمْ لِباسٌ لَهُنَّ" ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان. (بەقەرە: ئایەتی 187). هەروەها هاوسەربژێری دەبێتە هۆی ئاسوودەیی ڕۆحی و دەروونی و بیچمگرتنی خۆشەویستی و عەشقی گونجاو لە نێوان هاوسەرەکان" "وَمِنْ آيَاتِه أَن خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِّتَسْكُنُواْ إِلَيْهَا وَ جَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ" یەکێک لە نیشانە و بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایدا، و لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بە ڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ کەسانێک بیر دەکەنەوە و تێدەفکرن. (لە وردەکارییەکانی ژیان) (سووڕەتی رووم ئایەتی 21). لە لایەکی دیکەشەوە پێکهێنانی بنەماڵە و هاوسەرگیری دەبێتە هۆی زۆربوونی ڕزق و ڕۆزی و بژێوی یان بە واتایەک، باشبوونی بارودۆخی ئابووری، و کاردای ئابووریی ئەرێنی لێ دەکەوێتەوە. ئیمام سادق (س) لەم بارەوە دەڵێ: "مَن تَرَكَ التَّزويجَ مَخافَةَ الفَقرِ فقد أساءَ الظَّنَّ باللّه عزّ و جلّ، إنَّ اللّه عزّ و جلّ يقولُ : «إنْ يكُونُوا فُقَراءَ يغْنِهِمُ اللّه مِن فَضلِهِ": هەر

کەس بە هۆی ترس لە هەژاری هاوسەرگیری ناکا، بە خودا بەدگومان بووە؛ چونکە خودا دەفەرمووێ ئەگەر هەژار بن، خودا بە چاکەی خۆی دەوڵەمەندیان دەکات" (منتقی هندی 977: 279). یەکێک لە کاردا کۆمەڵایەتییە گرینگەکانی هاوسەرگیری، مانەوەی نەوەی مرۆڤە. خودا هاوسەرگیری وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی جۆری مرۆڤ دەناسێنێ و پێویستی بە بوونی ژن لە کۆمەڵگای مرۆییە و ئەوەی کە مرۆڤ بۆ درێژەدان بە جۆری خۆی پێویستی بە بوونی ژنە، ئاماژە دەکا: "نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ وَقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ" (بەقەرە: ئایەتی 223). ژنانی هاوسەرتان کێڵگەن بۆتان و شوێنی چاندنی وەچەن، جا بە هەر شێوەیەک دەتانەوێت تۆو بووەشێننە ناو کێڵگەکەتانەوە (بە هیوای بەرهەم) دەستپێشکەریش بکەن بۆ خۆتان." لە ڕوانگەی ئیسلامی و ئایینییەوە هاوسەرگیریی کارێکی پەسەندکراوە کە بە پێی سروشت، جەوهەر، شەرع، عەقڵ پارێزەری مانەوە و پاکیی نەوە و نەریتی پێغەمبەری ئیسلام و کارێکی پیرۆز و وزەبەخشە. وەک لەم ئایەتە ئاماژەپێکراوانەدا دیارە، ئایینی ئیسلام بە پێشنیارێکی پێداگرانە بۆ هاوسەرگیری و ڕوونکردنەوەی ئاسۆی ئایینی لە مەڕ مرۆڤ و پێویستیی بوونی هاوسەر سوورە لە سەر بیچمێکی تایبەت بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی کە ئەویش دانانی ژن و مێرد لە چوارچێوەی بنەماڵەی ئاسایی کۆمەڵگاکەیانە.

### 2-3-2. هاوسەرگیری لە ئێران

هاوسەرگیری لە ئێران بە پێی ئایینی ئیسلام و بەها ئایینییەکانە. بەم پێیە یاسای مەدەنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێی فیقهی ئەهلی شیعە، هەر دوو چەشنی هاوسەرگیریی هەمیشەیی و هاوسەرگیریی کاتی (سیغە یان کاتی) بە فەرمی ناسیوە. لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا، هەر دوو هاوسەرەکە بە بێ سنووردارییی زەمەنی و دیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراو، بە پێی ئایینی ئیسلام و یاساکانی ئێران (مادەکانی 1062 هەتا 1070 یاسای مەدەنیی ئێران لە سەر بنەمای مەرجەکانی

شیاوبوونی هاوسەرگیری) پەیمانی ژن و مێردایەتی دەبەستن؛ بەڵام لە هاوســـەرگیریی کاتی کە لە گوتاری ئیســـلامی و کۆمەڵایەتیدا ڕا و بۆچوونی جیاوازی زۆری لە ســـەرە، هاوسەرەکان بە پێی ئایینزای شیعە و مادەی 1075ــــی یاسای مەدەنیی ئێران پێکەوە پەیمان دەبەســـتن کە ماوەیەک پێکەوە مەحرەم بن بۆ ئەوەی پەیوەندیی ســـێکســـییان هەبێت. پاش تێپەڕینی ماوەی دیاریکراو، هاوســـەرگیرییەکە خۆ بە خۆ هەڵدەوەشێتەوە و پێویست بە تەڵاق ناکات.[1]

لە ڕۆژاوا وا باوە کە ژن و مێردێک بە بێ هاوســـەرگیری، وەکوو ژن و مێرد پێکەوە دەژین. ئەگەرچی ئەم دیاردە تایبەت بە کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکانە، بەڵام بە هۆی جیهانیبوون و نوێخوازیی گەنجان و کێشە ئابوورییەکانی سەر هاوسەرگیری، هاوســـەرگیریی ســـپی یان پێکەوەبوون لە وڵاتانی موســـڵمانی وەکوو ئێران بەدی دەکرێت. لە ســـەر بنەمای فیقهی، نیکاح پێداگری لە سەر ئەم پەیوەندییە ناکا، چونکە لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە لە ناو نەتەوەکان پەیوەندیی سێکسیی ژن و مێرد ئەو کاتە هاوســـەرگیرییە کە لە ســـەر بنەمای شـــەریعەت یان یاسا قبووڵکراوەکانیان وەک هاوسەرگیری پشتڕاست بکرێتەوە. لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا سەرچەشنی پەیوەندیی سێکسی لە سەر ئاستی جیهاندا گۆڕانکاریی زۆری بە سەردا هاتووە و ئێســـتاش کۆمەڵگای ئێران لە بواری بەها و باوەڕی گەنجان ڕووبەڕووی وەرچەرخانی زۆر بۆتەوە (رضـــایی، 1392، 15).

مەجید ئەبهەری، خەســـارەتناس و کۆمەڵناس، لە وتووێژ لەگەڵ ڕووداو 24 لە مەڕ پێناسەی هاوسەرگیریی سپی وتی: "هاوســەرگیریی ســپی" بە جۆرە هاوژینییەک دەوترێ کە هیچ چەشنە نووسراوە و پابەندیی یاسایی، تاکەکەسیی نێوان ژن و

---

1. لە مادەی 1075 یاسای مەدەنی "هاوسەرگیریی کاتی" لە یاسای ئێراندا بە فەرمی ناسراوە. مەرج و بنەما بنەڕەتییەکانی نیکاحی کاتی (هاوسەرگیریی کاتی) بریتین لە مەرجە دروستەکانی نیکاحی هەمیشەیی لەگەڵ دیاریکردنی کاتی دیاریکراو و دیاریکردنی بڕی مارەیی دیاریکراو بۆ ژن. کۆسپەکانی بەر دەم هاوسەرگیریی کاتیش هاوشێوەی کۆسپەکانی بەر دەم نیکاحی هەمیشەییە".

مێردداا نەبێت. هاوسەرگیریی سپی بە "پێکەوەبوونی ڕەش"یش ناوزەد دەکرێت. ئەم هەڵسوکەوتناسە سەبارەت بە هۆکاری هەڵکشانی ئاستی هۆگریی بۆ هاوسەرگیریی سپی لە لای گەنجان جەختی کردەوە: لە لایەکەوە کێشەکانی هاوسەرگیری هەمیشەیی و لە لایەکی دیکەوە خۆدزینەوەی گەنجان لە هەڵگرتنی بەرپرسایەتی وای کردووە کە هۆگریی بۆ ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە بەرز ببێتەوە. چاوەڕوانیی کچان و کوڕان ڕێژەی هاوسەرگیریی فەرمی کەم کردووە. دژوارییەکانی هاوسەرگیری لە ڕووی خانوبەرە، کار و پیشە، گرانی و هەڵاوسان وەک فاکتەرە سەرەکییەکانی دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیریی فەرمی دەخرێنە ڕوو. جیازی نائاسایی بۆتە هۆی ئەوەی کچان و کوڕان ترسێکی قووڵیان لە هاوسەرگیری هەبێ و هەروەها بە هۆی ئەوەی بنەماڵەکانیش ناتوانن داکۆکی بکەن، پانتاکە بۆ گەنجان دابین ناکەن. هاوسەرگیریی سپی کاریگەری لە سەر کەمبوونەوەی ئاماری هاوسەرگیریی فەرمی هەیە. ڕاستە کە هاوسەرگیریی هەمیشەیی تەنیا بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکان ئەنجام نادرێ بەڵام سەرەکیترین بەشەکەی ئارەزووی سێکسیی دوولایەنەی ژن و مێردە. کاتێک کە ئەم ئارەزووە لە ڕێگای دیکەوە تێر بکرێ، خواست بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی کەم دەبێتەوە. ترس لە پابەندییەکانی هاوسەرگیریی فەرمیش وای کردووە ئەو گەنجانەی کە ئارەزووی سروشتیی سێکسییان دابین نەبووە، بەرەو پێکەوەبوون هان بدرێن. ئەوڕۆکە لەگەڵ پەرەسەندنی هاوسەرگیریی سپی ئاماری هاوسەرگیریی فەرمی دابەزیوە و گەیشتۆتە ئاستێک کە نزیکەی 30 ملیۆن گەنجی سەڵت کە ڕێژەیەکی زۆریان تەمەنی هاوسەرگیرییان تێپەڕاندووە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەدی بکرێن. ناوبراو بە ئاماژە بەوەی کە "ئەو منداڵانەی کە لە ئەنجامی هاوسەرگیریی سپیدا لە دایک دەبن، سەرلێشێواون." لە مەڕ زیانەکانی هاوسەرگیریی سپی وتی: هاوسەرگیریی سپی بەدەر لە خستنەوەی منداڵی سەرلێشێواو زەمینە بۆ داوێنپیسی ئامادە دەکات. کاتێک کە کچێک لە وەها پەیوەندییەکی سێکسیدا لەگەڵ

کوڕێک دەچێتە ناو ماڵێک بە هۆی ئەوەی هیچ پابەندییەک لە نێوان ئەواندا نییە لێک جیا دەبنەوە.

ناوبراو هەروەها وتیشی: لە وەها بارودۆخێکدا کچ ناچارە کەسێکی دیکە بۆ درێژەدان بە ژیان دەستنیشان بکات. ئەم دۆزینەوەی کەس و کەسانی دیکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێ جار خاتوونێک دەبێتە هاوماڵی 8 پیاو. ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئەم کچ و کوڕانە پاش تێپەڕینی ساڵێک درێژە بە پێکەوەبوونی ڕەش دەدەن. ئەبهەری هەروەها ئاماژە دەکا: بە پێی ئامار ئەم پەیوەندییانە کورتخایەنن؛ چونکە لە ڕووی ئەخلاقی، یاسایی و شەرعی هیچ پابەندییەک لە نێوان ئەواندا نییە. هیچ بابەتێکی پتەوکەر لە ئارادا نییە و لەوانەیە یەکێک لە لایەنەکانی هاوسەرگیریی سپی بەیانی لە خەو ڕاپەڕێ و بڕیار بدا کۆتایی بە پەیوەندییەکە بێنێت؛ هیچ فاکتەرێکی ڕێگر و گرێبەستێکی فەرمی ڕێگری لەم کەسە ناکات.[1]

### ٢-3-3. هەلومەرجی دروستیی نیکاح

هەر وەکوو مامەڵە ئابوورییەکان کە بۆ دروستیی مەرجیان هەیە، مارەکردنیش هەندێ مەرجی هەیە کە لەم بەشەدا هەندێکیان تاوتوێ دەکەین. بەشی چوارەمی کتێب لە کتێبی حەوتەمی یاسای مەدەنی مادەکانی 1062 و 1070 مەرجەکانی دروستیی نیکاحی باس کردووە.

**1. ئامانج و ڕەزامەندیی لایەنەکان**

ژن و مێرد دەبێ ئامانجدار و ڕازی بن. کەواتە ئەگەر مارەکردنەکە لە حاڵەتی مەستی یان بێهۆشی بێ یان بە هۆی هەڵەوە، ئامانجی یەکێک لە لایەنەکان دژی ناوەڕۆکی مارەکردن بێ، بە هۆی نەبوونی ئامانج نیکاحەکە هەڵدەوەشێتەوە.

کەواتە نیکاح لە حاڵەتی مەستی یان لە ڕووی شۆخی و جەفەنگ یان نیکاحی شێت کە خۆی ئەنجامی دابێ، بە هۆی نەبوونی ئامانجی ئێنشا هەڵدەوەشێتەوە. هەروەها ئەگەر ژن و

1. http://www.rouydad24.ir

پیاوێک خواستی سێکسیان نەبێ و بە مەبەستی ڕاکردن لە جێبەجێکردنی هەندێ ڕێسا یان وەدەستهێنانی هەندێ هەڤیازی بە شێوەی ڕەواڵەتی هاوسەرگیری بکەن، ئەم نیکاحە پووچەڵ و هەڵوەشاوەیە. سەلماندنی ئەوەی کە نیکاح ڕەواڵەتییە کارێکی ئەستەمە، بەڵام ئەگەر بارودۆخ و بۆ وێنە وتە یان نووسراوەکانی هەر دوو لا ئاشکرا بێ کە ئەوەی ڕووی داوە درۆ بووە و لایەنەکان ئامانجی هاوسەرێتییان نەبووە، دەبێ قبووڵی بکەین کە مارەبڕین ئەنجام نەدراوە و پەیوەندیی ژن و مێردیش بیچمی نەگرتووە. ئەگەر ژن و پیاو بە هۆی هەڕەشەی لایەنەکەی دیکە یان کەسانی دیکە ناچار بە نیکاح کرابێتن، مارەبڕینەکە سەری نەگرتووە، واتە کەسی ناچار دەتوانێ پاش نەمانی ناچاری قبووڵ یان ڕەتی بکاتەوە. بە جۆرێک کە مادەی 1070 یاسای مەدەنی لەم بارەوە ڕایگەیاندووە: "ڕەزامەندیی هاوسەرەکان مەرجی مارەبڕینە، و هەرکات کەسی ناچار پاش نەمانی ناچاری ئیزن بە مارەکردنەکە بدا، مارەبڕینەکە سەر دەگرێت ...". مەگەر ئەوەی کە بگاتە ئاستێک کە هەلی بڕیاردان لە کەسی ناچار زەوت بکات. بۆ وێنە ئەگەر ئەویتری ئەشکەنجە بکا یان بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەسەی زانستی هیپنۆتیزمی بکەن و لەم حاڵەتەدا هەندێ قسەی بۆ تەڵقین دەکەن کە باسی ڕەزامەندیی بۆ هاوسەرگیری بێ، ئەوە مارەبڕینەکە هەڵدەوەشێتەوە و ڕەزامەندیی دواتری کەسی ناچاریش چاکی ناکات (صفایی، 1391: 225).

بە پێی فیقهی ئەهلی سوننە بۆ ڕێگری لە کەڵکاوەژۆییە ئەگەرییەکان، نیکاح تەنانەت لە حاڵەتی گاڵتەجاڕیشدا سەر بگرێ بە هۆی ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە کە کەسانێک بە فشە و جەفەنگ بیانهەوێ کەڵکاوەژۆیی لەم مەسەلە بکەن و لە سەر بەڵێنەکانیان سوور نەبن و بە وتنی "ویستم گاڵتە بکەم" مارەبڕینە ڕاستەقینەکەش هەڵبووەشێننەوە. ئەم حوکمە بە پێی فەرموودەی پێغەمبەرە "ثلاث جدّهن جدّ و هزامنّ؛ النکاح، الطلاق و الرجعه". واتە سێ شت فشە یان ڕاستەکەیان، بە

ڕاست سەیر دەکرێت: نیکاح، تەڵاق، ڕوجعەت.[1] هەڵبەت بە پێی فیقهی ئەهلی سوننەش نیکاحی مەست و شێت هەڵوەشاوەیە.

2. **ویست و ڕاگەیاندنی ویست**

بوونی ویست لە نیکاح یان دیکەی گرێبەستەکان بە تەنیا بۆ سەرگرتنی گرێبەست بەس نییە، بەڵکوو ویست دەبێ بوترێت. پرسی سەرنجڕاکێش شێوازی دەربڕینی ویست لە نیکاحە. جیا لەمە هەندێ بابەتی وەکوو تەواوی یان ناتەواویی نووسراو لە نیکاح، عەرەبیبوونی سیغەی نیکاح، ڕابردووبوونی نیکاح، وەپێشکەوتنی پێویستکردن و قبووڵکردن (ایجاب و قبول) و یەک لە دوای یەکبوونیان، پێگەی یاسایی و مەرجی ئامادەکردنی بەڵگەی فەرمی بۆ هاوسەرگیری لەو خاڵە گرینگانەن کە لەم بابەتەدا تاوتوێ دەکرێت. لە نیکاحدا هاوشێوەی هەموو گرێبەستەکان خواست و ویستی دڵی بۆ سەرگرتنی مارەیی تەواو نییە بەڵکوو دەبێ بە وشەگەلێک کە پیشاندەری ڕاشکاوانەی ئامانجەکەن، ڕابگەیێنرێن. لە مادەی 1062 ئەم یاسایە هاتووە: "نیکاح جێبەجێ دەبێ بە پێویستی و قبووڵکردن بەو وشانەی کە ڕاشکاوانە دەلالەت لە سەر نیازی هاوسەرگیری دەکەن." هەر بۆیە فەقێکان لە سەر ئەمە کۆدەنگن کە نیکاحی موعاتاتی پووچەڵە، ڕێک بە پێچەوانەی دیکەی ئەو مەعامەلە و گرێبەستانەی کە موعاتات تێیدا بوونی هەیە، وەکوو کڕینی موعاتاتی کە لەگەڵ ڕێککەوتنی لایەنەکان لە سەر کاڵا و نرخ بە تەنیا بە نیازی کڕین و فرۆشتن و بە بێ ئەوەی پێویست بە بەکارهێنانی پێویستبوون و قبووڵی بێژەیی بکا مەعامەلە ئەنجام دەدرێت. بە پێی پێویستبوونی داخوازی و قبووڵکردن بەو ئەنجامە دەگەین کە گرێبەستی نیکاح فۆڕمالیتەیە و تەنیا بە وشەی تایبەت ئەنجام دەدرێ، چونکە وشەکان تەنیا ئامرازی دەربڕینی خواستن و خۆیان لە خۆیاندا هیچ کاریگەرییەکیان لە سەر ڕوودان و کاریگەریی مارەییەکە

---

1. فەرموودەی ژمارە 1184 سنن ترمذی و فەرموودەی ژمارە 447 سنن ئەبی داود

نییە (امامی، 1393. 189).

ڕەواڵەتی یاســـای مەدەنی ئەوەیە کە بە پێی ڕا و بۆچوونی فەقێکان بەکارهێنانی وشـــەکان لە نیکاحدا پێویســـتە و ئەگەر ناچار بە شـیکاریی وشـەیی نەبین ئەمە وتەیەکی بەهێزە، بەڵام بە پێی گرینگیی سـەرتربوونی بەڵگە نووسـراوەییەکان لە چاو بابەتە زارەکییەکان و هەروەها عورفی باو دەتوانین دەقێک کە ڕاشــکاوانە دەلالەت لە سـەر ئامانجی نیکاح دەکا، بە وشـە لە قەڵەمی بدەین؛ هەر بۆیە لایەنەکان دەتوانن لە ڕێگەی نووسراوە نیکاح ئەنجام بدەن. تەنانەت بە پێی مادەی 1066ـــی یاسای مەدەنی "هەرکات یەکێک لە لایەنەکان یان هەر دووکیان لاڵ بن، گرێبەســتەکە ئاماژەی کەســی لاڵیش دەگرێتەوە، بەو مەرجەی ڕاشـکاوانە گوزارشـت لە نووسینی گرێبەست بێت." لە نیکاحدا پێویســـت ناکا ویســـت لە لایەن کەســـەکە خۆی ڕابگەیێنرێ، بەڵکوو لەوانەیە دەربڕینی ویســـت لە لایەن نوێنەرەوە ئەنجام بدرێت. لە یاســـای هەندێ لە وڵاتان بۆ وێنە فەڕەنســـە، بۆ ئەوەی لایەنەکان هەتا کاتی نیکاح دەرفەتی گەڕانەوە و ئازادیی گۆڕینی بڕیاریان هەبێ، وەک بابەتێکی تەواو تاکەکەســـی سـەیری نیکاح دەکرێ و ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆی ویستی هاوسـەرگیری بە پێویست دەزانرێت. لە هەندێ حاڵەتدا کە یەکێک لە هاوســەرەکان بە هۆی شــەڕ، مسـافرەت و نەخۆشـی ناتوانن لە شـوێنی مارەبڕیندا ئامادە بن، ڕێگری لە نیکاح دەکرێت. یاسـادانەری ئێرانی بۆ ئاسـانبوونی هاوســەرگیری بە لاســاییکردنەوە لە فیقهی ئیســلامی بۆ ئەم بابەتە بریکار قبووڵ دەکا و ڕاشــکاوانە ڕایدەگەیێنێ کە هەر کام لە ژن و مێرد دەتوانن بۆ نیکاح کەســێکی دیکە بکەن بە بریکار (مادەی 1071 یاسای مەدەنی).

هەروەها یاســادانەر بۆ ڕێگری لە کەڵکاوەژۆیی پارێزەر دەســـتەبەریی جۆراوجۆری بە کار هێناوە، بۆ وێنە ئەگەر بریکاری بدرێ بە پارێزەر ئەوە پارێزەرە بۆی نییە هاوســـەرگیریی لەگەڵ پارێزەرگر (ژن) بکا، مەگەر ئەوەی خۆی ڕاشـــکاوانە ئیزنی پێ دابێت (مادەی 1072 یاســـای

مەدەنی).

ئێستا ئەگەر پیاوێک بە شێوەی ئازادانە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک بکا کە وەک پارێزەر گرتوویەتی، ئایا ژن دەتوانێ خۆی لە پارێزەر مارە بکات؟

یاسـای مەدەنی لەم بارەوە بێدەنگی نواندووە، بەڵام بە پێی پێوەری 1072 دەتوانین بڵێین بۆ ئـەم گریمـانـە هـەڵبژاردنی پارێزەر سـنووردارە؛ چونکە ئەو فەلسـەفەی کە دەڵێ پارێزەر لـە ئـەگـەری تـەڵاق نـاتوانێ پـارێزەرگرەکـەی مـارە بکـا، هـەر هەمان فەلسـەفە دەڵێ پارێزەر ئەگەر ئافرەت بێ ناتوانێ خۆی لە پارێزەرگرەکەی مارە بکا، مەگەر ئەوەی ڕاشـکاوانە ئیزنـی پێ بدات (صفایی و امامی، 1391: 225).

**3. پێویستیی و زنجیرەی پێویستکردن و قبووڵکردن**

هۆکـاری زنجیرەی پێویسـتکردن و قبووڵکردن تـەنیـا هی نیکاح نییە. لە گرێبەسـتەکانی دیکەشـدا ئەم زنجیرانە مەرجن. مەبەسـت لە زنجیرە وەک فەقێیانی ئیمامییە وتوویانە ئەوەیە کە مـەودای نێوان پێویسـتکردن و قبووڵکردن زیـاتر لـە حـاڵـەتی ئاسـاییی نەبێت. کەواتە زنجیرە وەک مادی 1065ـی یاسـای مەدەنی ئاماژەی پێدەکا، بابەتێکی لاوەکییە و بەو مانایە نییە کە هیچ مـەودایـەکی زەمـەنی، ئـەگـەر کورتیش بێ، نـابێ لـە نێوان پێویسـتکردن و قبووڵدا بوونـی هەبێت؛ کەواتە قبووڵ دەبێ ئەو کاتە بوترێ کە عورف بە درێژە و گرێدراوی پێویستکردن لێی بڕوانێت. هـەندێ وتوویـانـە زنجیرەی نێوان پێویسـتکردن و قبووڵکردن لە کاتێکدا سـەر دەگرێ کە قبووڵکردن لە شـوێنی مارەیی (گرێبەسـت) و پاش لێک دابڕانی دوو لایـەنەکە یان سـەرقـاڵبوونیـان بـە کـارێکی دیکـەوە بوترێـت؛ چونکـە کۆبوونـەوەی مارەیی (گرێبەسـت) بە پێی بەردەوامبوونـەیەتی؛ بەڵام پاش دابڕانی دوو کەسـەکە پێویسـتکردن هەڵدەوەشـێتەوە. ئـەم بۆچوونـە لـە زۆربـەی حاڵـەتـەکاندا لـە ڕوانگـەی عورفـەوە ڕێگەپێدراوە (کاتوزیان، 1393 هەتاوی، ب 1، 411).

**4. ڕەواداریی بابەتی نیکاح**

نیکاح پتر لە دیکەی گرێبەسـتەکان لایەنی چاکسـازی هەیە،

بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین ئەگەر ژن و مێرد نیازی ژیانی هاوبەشیان هەبێ، ئاراستەکەی هەمیشە ڕێگەپێدراوە و لەو حاڵەتانەی کە ئامانجیان گەیشتن بە مەبەستێکی ناڕەوا بێ، نیکاحی ڕاستەقینەیان نەویستووە؛ هەر بۆیە نووسەران "ڕەواداریی مارەبڕین"یان بە شێوەی سەربەخۆ لە نیکاحدا باس نەکردووە. کەواتە ئەگەر پیاوێک نیکاح لەگەڵ ژنێکدا بکا بۆ ئەوەی خۆفرۆشییەکەی ئاسانتر بکاتەوە، جیا لە ناشەرعیبوونی ئامانجەکە دەتوانین ئیدیعای ئەوەی بکەین کە ئەم دووانە ئیرادەی ڕاستەقینەیان بۆ هاوسەرگیری نەبووە (کاتووزیان، 1393 هەتاوی: ب 1، 263).

بە پێی ڕوانگەی سەرەوە ڕۆشن دەبێتەوە کە زۆرێک لە بیرمەندانی یاسایی لەمەڕ شەرعیبوونی ئامانجی نیکاح، بۆچوونی شەفاف و ڕوونیان نەخستۆتە ڕوو و لە ڕاستیدا ئەم بابەتە سڕ کراوە. هۆکاری ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی هاوسەرگیری، چونکە ئەگەر بمانهەوێ بە هۆی ناشەرعیبوونی ئامانجی مارەکردن، پووچەڵی بکەینەوە، لە بواری ڕەچەڵەکی منداڵان و هتد... ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبینەوە کە لێکەوتەی زیانبەخشیان هەیە بەڵام لە هەر حاڵێتێکدا دەبێ لە ڕووی یاساییەوە بە ڕوونی و ڕاشکاوی وڵامی ئەم بابەتە بدرێتەوە.

ئەگەر بتوانین ناشەرعیبوونی ئامانجی مارەیی بە بەڵگە و فەرمانی تۆکمە و هاوچەشنی بەهێز بسەلمێنین، دەبێ پێداگرانە حومکی نیکاح هەڵبووەشێنینەوە، بەڵام ئەگەر هەندێ ئامانجی لاوەکی بووبێتە هۆی ڕوودانی ئەم مارکردنە، بۆ وێنە ژنهێنان بە مەبەستی کڕینەوەی ئەرکی سەربازی یان ڕاکردن لە ئەرکی سەربازی یان سڕینەوی هاووڵاتیبوون و یان بوونە هاووڵاتیی وڵاتی نوێ و وەدەستهێنانی میرات و وەدەستهێنانی بەرژەوەندی و هتد... لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئیرادەی ڕاستەقینە و بینراوی لایەنەکان لە سەر ئەنجامدانی نیکاح مسۆگەر بێ، نیکاح دروستە و هەڵناوەشێتەوە؛ بەڵام ئەگەر هەر کام لەم مەرجانە ویستی ڕاستەقینە لە زەمینەی نیکاح لە ناو ببا، دروستیی مارەییەکە لە بنەڕەتەوە تووشی کێشە دەکا و هەڵیدەوەشێنێتەوە

(صفایی و امامی: 1391، 56).

### ٢ـــــ3ـــــ4. هەڵوەشـانەوەی هاوسـەرگیریی سپی و نیکاحی مۆعاتاتی

ژیانی کچ و کوڕ لە ژێر سـەقفێکدا بە بێ ئەوەی نیکاحیان کردبێ لـەوانـەیـە بـە کۆمـەڵـە ئـامـانجێکی وەکوو دابینکردنی خواسـتە سـۆزداری و دەروونی یان سـێکسـییەکان بێت؛ بەڵام ناتوانین ناوی بنێین هاوسـەرگیری. هەندێ پێیان وایە ژیان بە شێوەی پێکەوەبوون وەکوو سیغەی درێژخایەنە و پێویست ناکا لەو بارەوە نیگەران بین. ئەم ڕوانگە بە شـێوەی گشـتی بە پێی فیقهی ئیسـلامی و یـاسـا بـەرگری لێ نـاکرێ، چونکـە هاوسەرگیری گرێبەستە و پێویستی بە دوو ویست و دوو ئامانج هەیە کە ئەم هاوسـەرگرییە سـەر بگرێت. هاوسـەرگیری بە بێ وشـە لە ڕووی فیقهییەوە، پێی وتراوە "نیکاحی مۆعاتاتی" کە بە بۆچوونی فەقێکان ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە هەڵوەشاوەیە و ناتوانین پاسـاوی شـەرعی بۆ بدۆزینەوە. نیکاحی مۆعاتاتی جۆرە هاوسـەرگیرییەکە کە بە مەبەسـتی پێکهێنانی بنەماڵە، مافی چێژبردن و پەیوەندیی سـێکسـی لە نێوان ژن و مێرد ئەنجام دەدرێ، بەڵام پێویستکردن و قبووڵی وتنی تێدا نییە.

ئایەتوڵا خومەینی لە پێناسـەی نیکاحی مۆعاتاتی دەڵێ: "فلو تقاول الزوجان و قصـدا الزواج، ثمّ أنشـأته المرأة بذهابها إلىٰ بیت المرء بجهازها مثلًا، و قبل المرء ذلك؛ بتمكینها في البیت لذلك، تحقّقتالزوجیّة المعاطاتیّة" ئـەگـەر ژن و مێرد پێکـەوە قسـە بکەن و ژن بە ڕۆشـتنی بۆ ماڵی مێرد، بۆ وێنە لەگەڵ جیاز، هاوسـەرێتی دروست بکا و پیاویش هاوسـەرێتیی ژن بە گوێڕایەڵیی ژن لە ماڵدا قبووڵ بکا، لەم حاڵەتەدا هاوسەرگیریی مۆعاتاتی ئەنجام دەدرێت (خمینی، 1379: 180).

هەندێ لە پێناسـەی نیکاحی مۆعاتاتی دەڵێن: "نیکاحی مۆعاتاتی واتە نیکاحێک کە بە تەنیا لە سـەر ڕاگەیاندنی ڕێککەوتن و ڕازیبوونی لایەنەکان بێ و پێویسـتکردن و قبووڵکردنی (ایجاب و قبول) تێدا نەبێت" (محقق داماد، 1385:

166).

هەموو ئەو فەقێیانەی کە دژی نیکاحی مۆعاتاتین، لە سەر پێویستبوونی وتنی پێویستکردن و قبووڵکردن پێداگرییان نواندووە. ئایەتوڵا خومەینی لەم بارەوە وتوویەتی: "النِکاحَ علی قَسَمینِ: دائِمِ و مُنقَطِع، وَ کُل مِنهُما یُحتاجِ الی عَقد مُشتَمِلَ عِلی إیجابُ و قَبولُ لَفظَینِ"؛ نیکاح دوو بەشە هەمیشەیی و کاتی، و هەر کام لەمانە پێویستیان بە گرێبەستێکە کە پێویستکردن و قبووڵکردنی لە خۆ گرتبێت." ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ کە تەنیا ڕەزامەندیی دڵیی لایەنەکان بەس نییە و ئەو مەعاتەی کە لە چوارچێوەی مامەڵەکاندایە، بۆ مارەکردن بەس نییە (خمینی، 1379، ب 2، 246).

هەندێ لە فەقێکانیش وشەکانی پێویستکردن و قبووڵکردنیان تاوتوێ کردووە و دژی پێویستیی بێژەییبوونی پێویستکردن و قبووڵکردن نەبوون؛ چونکە بە باوەڕی ئەوان ئەمە بابەتێکی مسۆگەر و ئاشکرایە (طوسی: 1387، ب 4، 193؛ محقق حلی: 1409، ب 2، 217 - 218).

هەندێ لە فەقێکان سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی زەرووڕەتی بێژەییبوونی پێویستکردن و قبووڵکردنی مارەیی نیکاحی موعاتات گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە نیکاحی بێ سیغەیان بە زینا سەیر کردووە، وەک شێخ ئەنساری کە نووسیویەتی: "أنّ الفُرُوجَ لاتَباحَ بالإباحَه ولا بالمُعاطاهِ، و بِذلِکَ یُمتازِ النِکاحَ عَنِ لسِفاح لأنّ فِیه التَراضی أیضا غالِباً" شەرمگە بە ئیباحە و بە موعاتات حەڵاڵ نابێ و فەرقی نیکاح و سەفاح لە مارەکردندایە، چونکە سەفاحیش زۆر جار لایەنەکان ڕازین." (انصاری، 1377: 78). بە پێی فیقهی ئەهلی سوننەش دەربڕینی پێویستکردن و قبووڵکردن واجبە بەو جیاوازییەی کە پێویست ناکا ئەم مارەبڕینە بە زمانی عەرەبی بێ و ئەگەر بە پێویستکردن و قبووڵکردن مانای خۆی بگەیێنێ و بە هەر زمانێک بوترێ، دروستە. هۆکاری واجببوونی دەربڕینی پێویستکردن و قبووڵکردن و زەرووڕەتی وتنەکەی، هەندێ ئەرکی یاسایی دەخاتە ئەستۆی لایەنەکانی

مارەیی و فەرمیبوونی هاوسەرگیری و لێکەوتەکانی بریتییە لە ماف و ئەرک. شایەنی ئاماژەیە ئەو کەسانەی کە ناتوانن قسە بکەن، پیشاندانی هەندێ ئاماژە کە پیشاندەری ڕەزامەندی بێ و ڕاشکاوانە دەلالەت لە سەر مارەیی بکا، تەواوە.[1]

بە بۆچوونی فەقێیانی هاوچەرخیش نیکاحی مۆعاتاتی بایەخی نییە و ئەوان پێویستکردن و قبوولکردنیان بە پێویست زانیوە. ئایەتوڵا بەهجەت لە وەڵامی پرسیارێک لە مەڕ نیکاحی مۆعاتاتی وتوویانە: "مۆعاتاتی نیکاح ناگرێتەوە" (مجموعه آرای فقهی در امور حقوقی: 1382، ب 1، 69).

ئایەتوڵا مەکارم شیرازیش لەم بارەوە وتوویانە: "شتێک بە ناوی هاوسەرگیریی مۆعاتاتیمان نییە و وەها هاوسەرگیرییەک پووچەڵە." (مجموعه آرای فقهی در امور حقوقی: 1382، ب 1، 71).

ئایەتوڵا خامنەیی لەم بارەوە وتوویەتی: "ڕەوا نییە" (مجموعه آرای فقهی در امور حقوقی: 1382، ب 1، 71).

هەر بۆیە لە هاوسەرگیریدا تەنیا ڕەزامەندیی دڵیی کچ و کوڕ بەس نییە. لە مادەی 1062ـی ئەم یاسایە هاتووە: "نیکاح جێبەجێ دەبێ بە پێویستکردن و قبوولکردن بەو وشانەی کە ڕاشکاوانە دەلالەت لە سەر نیازی هاوسەرگیری دەکات." واتە دەبێ لە سۆنگەی یاساییەوە بڕیاری مارە بڕین بووترێ و پێویستی و قبوولکردن دەبێ بێژەیی بێ، مەگەر ئەوەی کە نەتوانێ بیڵێ، هەڵبەت ئەمە بە مانای شێلگیری لە هاوسەرگیری نییە. وتن و دیکەی مەرجەکانی وەکوو بڕی مارەیی، نەفەقە و هتد... هەر هەموو ئەمانە پیشاندەری مەزنی و گرینگیی ئەم پەیمانە پیرۆزەیە، پەیمانێک کە نابێ لیخن ببێت. لەم چەشنە هاوسەرگیرییەدا کە لە ناوەندە دەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان یان ڕێکخراوە ئاینییەکاندا تۆمار ناکرێ، ژن و مێرد پێکەوە ژیان دەکەن و هەر دووکیان دەبێ ئەرکی بنەماڵە ڕاپەڕێنن، ئەگەرچی لە ڕووی یاساییەوە ژن و مێردی فەرمی

---

1- الخن، مصطفی، دیب البغا، مصطفی، الشربجی، علی، الفقه المنهجی، تهران، احسان، 1379، بەرگی 2، ل 523 – 52.

لـە قـەڵـەم نـادرێن. پرســـێکی گرینـگ وەکوو دووگیـانبوونـی نەخوازراو، منداڵان، منداڵخســتنەوەی پەیتا پەیتا و نایاســایی و هتد... لەم هاوسـەرگیرییەدا بەدی دەکرێ کە هەر هەموویان بە توندی هەڕەشـە لەسـەر تەندروستیی کۆمەڵگا دەکات (رضـایی، 1392: 20).

بە پێی تیۆریی فەقێکان کە ئاماژەی پێکرا و لە مادەی 645 یاســـای ســـزای ئیســـلامی[1]، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە پێکـەوەبوون هـاوســــەرگیری نییـە و لـە گریمـانـەیـەکدا کـە ڕەزامەندیی دوو لایەن لەگەڵ ئامانجی ڕاســـتەقینەی ئەوان بە مـارەبڕین لـە چوارچێوەی نیکـاحی هـەمیشــــەییە، ئـەگـەر لـە نووســـینگە فەرمییەکاندا تۆمار نەکرێ، یاســـایی نییە و بە پێی مادەی 645 یاسـای سـزای ئیسـلامی بۆ هاوسـەرەکان، سـزای ساڵێک زیندان دیاری کراوە و لە مادەی 21ـــی یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە پەسەندکراوی 1391، تۆمارکردنی نیکاحی کاتی تەنیا لـە حـاڵـەتگـەلی وەکوو دووگیـانبوونی ژن یـان ڕێککـەوتنی لایەنەکان لە کاتی مارە بڕینی نیکاحی کاتی یان نووســـین بە شێوەی مەرج وێڕای مارەبڕین پێویستە. کەواتە ئەگەر بە تەنیا بە ڕێککەوتن ئەم چەشـنە ژیانە هاوبەشـە دەسـتنیشـان بکەن، وەهـا ڕێککـەوتنێـک بـە پێچـەوانـەی دیســـیپلینی گشـــتییـە و ئەخلاقێکی ناشـــیرین و ناڕەوایە کە لە ســـۆنگەی ئەنجامدانی کاری ناڕەوا و حەرام بە پێی مادەی 637 یاسای سزای ئیسلامی شـــیاوی بەدواداچوونە و ســـزای لێ دەکەوێتەوە و منداڵی ئەم هـاوســــەرگیرییـە بـە زۆل دەنـاســــرێ کـە لـە هـەنـدێ مـافی کۆمەڵایەتی وەکوو خوێندن و ناســـنامە بێبەشـــە و لە دایک و بـاوکی ســـروشـــتیی خۆی هیچ میراتێکی بـەر نـاکـەوێ و هاوســـەرەکەی ناتوانێ نەفەقە وەربگرێ و نابێ چاوەڕوانیی ئەوە بکرێ یاسا بۆ هەر نانۆرمییەک، پاساوی یاسایی بێنێتەوە

---

1. بە مەبەستی پاراستنی بنیاتی بنەماڵە تۆمار کردنی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، تەڵاق و گەڕانەوە بە پێی یاسا پێویستەکانە، ئەگەر پیاوێک بە بێ تۆمارکردن لە نووسینگە فەرمییەکان بە مەبەستی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، تەڵاق و ڕجووع بکا، سزای زیندانی یەک ساڵ دەیگرێتەوە".

و لەم بوارەدا، بۆشـــایی یاســـایی نییە. لە ســـۆنگەی یاســـاییەوە هاوسەرگیریی مەتعە پێشبینی کراوە (رنجبر، 1395).

## بەشی سێیەم: شێواز و ئەنجامە مەیدانییەکان

"پیاو، 25 ساڵە، تاران
ئەمە باشـــترە، بە هیچ پابەند نیت. ئێســـتا ســـاڵێک، دوو ســـاڵ، مانگێ، دوو مانگ ... هەتا دواســـاتی ژیانت هەر کات کە خۆمان ویســـتمان ئەم پەیوەندییە بەردەوامە. بەڵام هاوســـەرگیریی هەمیشـــەیی دەبێ لە ســـەر هەندێ شت سوور بیت. هەم ئەو ڕازییە و هەم من ..."

**١.٣. شێوازی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی ڕوانگەیەکی شــــرۆڤەخوازانە و شێوازناسیی چۆنایەتی بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی تیۆریی زەمینەیی ئەنجام دراوە. بە هۆی هەســـتیاریی فەرهەنگی و کەلتووریی بابەتی هاوســەرگیریی سپی دەســـتڕاگەیشـتن بە نموونەکان شــــێوازی نموونەگیریی ناهەڵکەوت بە کار هێنرا. دڵنیابوونی تیۆریکی داتاکان پاش ئەنجامدانی 100 دیمانە وەدەســت هات و بۆ متمانەی زیاتر، دیمانەی زیاتر ئەنجام درا بۆ ئەوەی لە گشـــتگیریی توێژینەوە قەناعەتمان پێ بێنێ و هەڵبەت لەم ڕێگەدا چاودێری و ڕێنوێنیی پسپۆڕانی شـێوازی چۆنایەتیشـمان قۆستەوە. شـایەنی ئاماژەیە کە ئەم توێژینەوە ئاوڕی لە جۆرەکانی دیکەی پێکەوەبوون، بۆ وێنە پێکەوەبوونی خاتوونێکی زۆر گەنج لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەن کە تەوەرایەتیی پەیوەندییەکە لە ســـەر دابینکردنی ئابووریی ژنەکەیە و لەم نموونانە بە مەبەستی یەکدەستکردنی توێژینەوە لە لێکۆڵینەوەکە ســـڕێنراوەتەوە. زانیاری و داتاکانی ئەم توێژینەوە بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنیکی دیمانەی قووڵ کۆ کراوەتەوە. دیمانە و داتا کۆکراوەکان بە کەڵکوەرگرتن لە کۆدینگی تیۆری (کراوە، تەوەری و هەڵبژێری) شــیکاری و شـــرۆڤە کران و بە مەبەســـتی کۆکردنەوەی داتاکان، لە پێشـــدا بۆ وەدەســـتهێنانی چەمک و تەزا گرینگەکانی بەشـــداربووان، شــێوازی دیمانەی وتووێژی نافەرمی بە کار هێنرا. لە قۆناغی دووهەم بە کەڵکوەرگرتن لە شـــێوازی گراندەدی تیۆری، وتەزا و چەمکە وەدەســتهاتووەکانی پرۆســەی دیمانە، لە پێناو نموونەگیریی تیۆری کاریان لە سەر کرا و پاش ئەم قۆناغە کە هێڵە گشـــتییەکانی دیمانە لە ڕێگەی چەمک و تەزاکانەوە بیچمیان گرت، پرســـیارەکانی دیمانە بە کەڵکوەرگرتن لە دیمانەی نیوەپێکهاتوو، بە ســـتاندارد بوو و ئەم پرۆســـە هەتا

دڵنیابوونی تیۆریک بەردەوام بوو. لە درێژەدا بە ئەنجامدانی کۆدینگی کراوە، هاوکات لەگەڵ کۆکردنەوەی داتاکان، وتەزا سەرەکییەکان، ژێروتەزاکان و چەمکەکان وەدەست هاتن. بە ئەنجامدانی کۆدینگی تەوەری، ژێروتەزاکان بە یەکتر و بە وتەزا سەرەکییەکان گرێ دران و جۆری وتەزاکان لە ڕووی هۆداری و پرۆسەیی و لێکەوتەییەوە دیاری کران.

**٢-٣. ئەنجامە مەیدانییەکان**

لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بنیاتی بنەماڵە لە جیهاندا گۆڕانێکی بەربڵاوی بە خۆوە بینیوە. ئەو گۆڕینەی کە دەبێ لە شۆڕشی سێکسیی کۆتاییەکانی سەدەی 1960 لە وڵاتانی ئەورووپایی و ئەمریکایی بۆ بنچینەکانی بگەڕێین. (Carr,2011). ئەم شۆڕشە بە ئوستوورەسڕینەوە لە پەیوەندیی سێکسی، ئەوی کرد بە بابەتێکی ئاسایی کە زۆر بە ئاسانی (لە قۆناغی بەر لە هاوسەرگیری) وەدەست دێت. لە سەرەتاکانی شۆڕشی سێکسی، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی هاوسەرگیری لە ئەورووپا و ئەمریکا تا دەهات زیاتر دەبوو، زۆر کەس بەردەوام هاوسەرگیرییان دەکرد. بەڵام ئەمە کۆتایی هەموو شتێک نەبوو و شۆڕشی سێکسی بە پەرەسەندنی سەرچەشنە هاوماڵییەکان، ئەم جارەیان گورزێکی زۆر توندی نە تەنیا لە ئوستوورەی پەیوەندییە سێکسییەکان وەشاند، بەڵکوو زەربەی لە خودی هاوسەرگیریش دا (French, 2014).

وڵاتی ئێرانیش لەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی – کەلتوورییانەی کە لە جیهاندا ڕووی داوە پارێزراو نەبووە، بە جۆرێک کە لە بنەماڵە ئێرانییەکانیشدا لە پرۆسەی بەنوێکردنەوە لە بەستێنە جیاجیاکان و بۆ وێنە پەیوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەز، لە پرۆسەی ململانێی کەلتووریی سەرچەشنە نەریتی و مۆدێرنەکاندا، چوونەتە ناو قۆناغی گواستنەوە و وێڕای پاراستنی هەندێ لە توخمە نەریتییەکانی خۆیان، هەندێ تایبەتمەندیی کۆمەڵگای نوێیان وەرگرتووە (کوثری و عسگری، 1394). گۆڕانکارییە بەهاییەکان لە ئێران لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا کاریگەری لە سەر پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان داناوە و لێکەوتەی بێژوماری بۆ کۆمەڵگا هەبووە. هاتن و پەرەسەندنی میدیاکان بەتایبەت ئەنتەرنێت لە ئێران شێوازێکی ژیانی جیاوازی بەدی هێناوە و بیچمی بە بەهای جۆراوجۆر بەخشیوە. لەم نێوەندەدا لەگەڵ ئاڵۆزبوونی پرسە ئابوورییەکان، هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری و هەروەها هاتنی بەها و بایەخە جیهانییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندیی، کە ورده ورده هەڵسوکەوتی نوێ لە ناو گەنجانی ئێرانیدا بیچمی گرتووە کە پەرەسەندنی پەیوەندییە سێکسییەکانی بەر لە هاوسەرگیری گرینگترینەکەیانە. ئەگەرچی پەیوەندییە سێکسییەکانی بەر لە هاوسەرگیری لە ئێراندا بە بۆنەگەلی جیاواز و لە چوارچێوەی سەرچەشنی جیاواز ئەنجام دەدرێ، یەکێک لە ڕادیکاڵیترین بیچمەکانی پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری، دەرکەوتنی سەرچەشنەکانی "هاوماڵی"یە (آزاد ارمکی و هاوکاران، 1391).

بێگومان هاوماڵی بە بێ هاوسەرگیری وەک پەیوەندیی ژن و مێردیی تۆمارنەکراو، نافەرمی و ناشەرعی لە کۆمەڵگای ئێراندا بە سەرچەشنێکی بنچینەیی و گشتگیر لە قەڵەم نادرێ و دیاردەیەکی نوێیە کە بە پێی ڕاپۆرتە میدیاییەکان و وتووێژی زانستی لە سەر ئاستی ئاکادمیک و پسپۆڕیی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە و تا ڕادەیەک بەتایبەت لە کەڵێنشارەکان و ناوچە کۆچبەرگرەکان ڕووی لە پەرەسەندنە. بە پێی ئاڵۆزیی بابەت و هەستیارییەکانی ناوخۆی وڵات، لەم بوارەدا ئامارێکی سەرنجڕاکێش بوونی نییە و تەنانەت بە جۆرێک دەتوانین بڵێین کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پشتگوێ خراوە و دەسەڵاتداران بە جۆرێک بێدەنگییان نواندوە. بەڵام بە ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی فەرهەنگی و ئابووریی ئەم قۆناغە مێژووییە دەبینین ئەم چەشنە پەیوەندییە سێکسییە ڕووی لە هەڵکشانە. بە مەبەستی ناسینی وردی ئەم دیاردە تازەدەرکەوتووە کۆمەڵایەتییە هەوڵ دراوە هۆکار و لێکەوتەکانی بە شێوەی گشتگیر لە سەر ئاستی هەر سێ گەورەشاری تاران، مەشهەد و ئیسفەهان لێک بدرێتەوە.

### 3.3. هەلومەرجە زەمینەییەکان
هەلومەرجی زەمینەیی کۆمەڵێکی تایبەت لە بارودۆخەکانە کە لە یەک کات و شوێندا کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا مانایان هەبێت (استراوس و کوربین، 1390: 154). لەم توێژینەوەدا فاکتەرەکانی بەئەزموونکردنی پەیوەندیی سێکسی و جیهانبینی لە هۆکارە زەمینەییەکانی هاوسەرگیریی سپی لە ئێرانن.

#### 1-3-3. بەئەزموونی پەیوەندیی سێکسی
بەئەزموونکردنی سێکس بریتییە لە هەندێ ناسێنەری وەکوو توندوتیژی، دووگیانبوون، لەباربردنی منداڵ، بەرگری لە دووگیانبوون، زانستی سێکسی، ئاستی پەیوەندیی سێکسی، تەمەنی ئەنجامدانی پەیوەندیی سێکسی، درێژەدان بە پەیوەندیی سێکسی، ماوەی پەیوەندی، شێوازی یەکترناسین، ڕازیبوون لە پەیوەندی و بەئەزموونکردنی سەفەر و تایبەتمەندییەکانی کەسی هاوبەش.

##### 1-1-3-3. زەمینەکانی ئاشنابوون / بەستێنەکانی ئاشنابوون
دیمانەکان ئەوە دەردەخا کە ئەو کەسانەی کە ئەزموونی هاومالّییان هەیە، زەمینەکانی یەکترناسینیان زیاتر لە زانکۆ و یان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵی هاوڕێیان بووە.

"خانم ئەرسەلانی، 28 ساڵە لە تاران"

ئێمە هەر دووکمان لە تەورێز خوێندکاری زانکۆ بووین و بە هۆی ئەوەی لە تەورێز لە ئەنجومەنی ژنانە و لەو ئەنجومەنانەی کە لە بواری فیمینیزم چالاکیان دەکرد تێیاندا ئەندام بووین، هەر لەو ئەنجومەنانەدا پێکەوە ئاشنا بووین و هەتا سێ ساڵ من و ئەو تەنیا لە دۆستایەتییەکی سادەدا پێکەوە بووین بەڵام پاش تێپەڕینی دوو سێ ساڵ بە هۆی ئەوەی ئەو ماڵی بە کرێ گرت و بە بیانووی پرسە جۆراوجۆرەکان، لە ماڵیاندا کۆ دەبووینەوە ..."

پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر و ژوانی

دۆستانە پەیوەندیی نێوانتاکەکەسییە کە دەتوانێ یەکێک لە ئەزموونە ئاڵۆزەکانی تافی گەنجێتی بێت. ئامانج لە پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر ئەوەیە کە لەو پەیوەندییەدا خواستە گونجاوەکانی ئەو پەیوەندییە بۆ وێنە خواستی سێکسی، سۆزداری، خۆشویستن و خۆشەویستبوون، خواست بۆ ڕێزلێگیران و لەم چەشنە بەدی بێت. پەیوەندیی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر لەو خواستانەیە کە لە سەر بنەمای کەلتوور و یاسا فەرمییەکان پێناسە دەکرێتەوە و بە پێی هەر وڵات و یاسا فەرمی، شەرعی و کۆمەڵایەتییەکان دابین دەبێت. لە وڵاتی ئێران دۆستایەتیی کچ و کوڕ پێگەی یاسایی و شەرعی نییە و لەگەڵ بیر و باوەڕە ئایینی و فەرهەنگییەکان یەک ناگرێتەوە. سەرباری ئەمە، ئەم پەیوەندییە لە مێژەوە باو بووە و ئەم چەشنە پەیوەندییە لەو شوێنانەی کە بۆتە هۆی تێکەڵبوونی ژن و پیاو هەلی زیاتری بۆ هەڵدەکەوێت. زانکۆ لەو شوێنانەی کە کچان و کوڕانی گەنج بۆ یەکەم جار لە پۆلی هاوبەش پێکەوەبوون بە ئەزموون دەکەن. لە زانکۆدا ناوەند و گرووپی دۆستانە بەستێنی دۆستایەتی و پەیوەندیی نزیکتری خوێندکاران دابین دەکا و لە هەندێ حاڵەتدا ئەم یەکترناسین و پەیوەندییە دۆستانەیە بەستێنی بیچمگرتنی پەیوەندیی دۆستانە هەتا هاوماڵی لە ئێرانی لێ دەکەوێتەوە.

"پیاو، 46 ساڵە لە تاران

> من بە ئۆتۆمبێل لە کۆلێژ دەهاتمە دەرەوە، لە پارکینگی کۆلێژ وەستا بوو، سوارم کرد. ئاشنایەتیمان لەوێوە دەستی پێکرد، ویستم بچمە ماڵیان سواری بکەم و پێکەوە قسەمان کرد، ئەم ئاشنایەتییە بووە هۆی پێکەوەبوونمان."

پەرەسەندنی پەیوەندیی کچان و کوڕان بەر لە هاوسەرگیری لەگەڵ گۆڕانی پێکهاتەی ڕەگەزیی زانکۆکان دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی تازەدەرکەوتووی ئەم ساڵانەی دوایی وڵاتی ئێرانە. بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بەتایبەت پەیوەندیی نێوان دوو کەسی ڕەگەز بەرامبەر لە ژینگەی زانکۆدا دەتوانین ئاماژە بە تیۆریی پێکهاتەی بەربڵاوی پیتەر بلو بکەین. گریمانە بنیاتییەکانی تیۆریی بلو لە

سەر ئەم بنەمایەیە کە ئەگەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان بە پێی دەرفەتی ئەوان بۆ پەیوەندی لەگەڵ یەکتر و نزیکایەتیی تاکەکان لە پانتایەکی فرەڕەهەنددایە کە ئەمە ئەگەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەرز دەکاتەوە. هەروەها هەرچی ناهاوچەشنی زیاتر بێ (واتە هەرچی ڕێژەی کوڕان کەمتر و ڕێژەی کچان زیاتر بێ یان بە پێچەوانەوە) ئەندامەکان زیاتر تووشی گرووپە جیاوازەکان دەبنەوە. بە زیادبوونی دەرفەتی پەیوەندی، نە تەنیا ئەگەری دۆستایەتی و پەیوەندی زیاتر دەبێ، بەڵکوو ناهاوچەشنیی ڕەگەزی لە پێکهاتەی حەشیمەتیی پۆلەکانی خوێندن کاریگەری لە سەر بیچمگرتنی ئەم دۆستایەتی و پەیوەندییانە دادەنێت.

لە لایەکی تریشەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو فەیسبووک و ئینستاگرام و دیکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئاپە دۆستدۆزییەکان بەستێنی پەیوەندیی تاکەکانی لەگەڵ یەکتر زیاتر و ئاسانتر کردووە. تۆڕە کۆمەڵایەتییە مەجازییەکان لەو سۆنگەوە کە لە ناو بەکارهێنەران گشتگیر بوون و لە ناو سنوورە نیشتمانییەکاندا پانتای بەربڵاویان هەیە و دەبنە هۆی پەیوەندییەکی تایبەتی و بێکۆنترۆڵکران لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە و ئامرازێکی بێبەدیل لە ناو بەستێنەکانی پەیوەندیدا.

خاتوون، 31 ساڵان خەڵکی تاران
دەتوانم بڵێم ئێمە بە شێوەی مەجازی یەکترمان ناسی. حسێن دووراودوور منی بینیبوو و لە پرۆفایلی فەیسبووکەکەمەوە منی بینیبوو. وتبووی نەکا ئەمە هەر ئەوە بێت. ئینجا لە هاوڕێ هاوبەشەکەمان هەواڵی منی پرسیبوو ئیتر لە یەکەمین ژوانماندا دڵنیا بوو کە خۆمم.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شوێنی کۆبوونەوەی سەدان ملیۆن بەکارهێنەری ئەنتەرنێتن کە بە بێگرینگیدان بە سنوور، زمان، ڕەگەز و فەرهەنگ پێکەوە پەیوەندی ساز دەکەن و زانیارییەکان دەگوازنەوە. لە ڕاستیدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەڵکشاندن و بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دنیای مەجازی داڕێژراون. بە شێوەی گشتی لە ڕێگەی ئەو

زانیارییانەی کە لە سەر پڕۆفایلی کەسەکاندا هەیە، وەکوو وێنەی بەکارهێنەر، زانیاریی تایبەتی و هۆگرییەکانی (کە هەر هەموو ئەمانە زانیاریی لە بارەی شوناسی کەسەکە دەخەنە دەست) پەیوەندی سازکردن ئاسان دەبێتەوە. بەکارهێنەران دەتوانن پڕۆفایلی دیتران ببینن و لەگەڵ یەکتر پەیوەندی ساز بکەن (Pemek, 2009: 228). ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە گرینگانەی کە زۆر پێشوازییان لێ دەکرێ بریتین لە: فەیسبووک، تویتێر، ئینستاگرام و ... هـ. دەتوانین بە پێی تیۆریی چاندن[1]ـی گێربنێر ڕادەی بەکارهێنانی ئەم تۆڕانە و کاریگەرییەکەیان شرۆڤە بکەین. تیۆریی چاندن یان پێگەیاندنی جۆرج گێربنێر پێداگری لە سەر کارلێکی دوولایەنەی نێوان میدیا و ئەو بەردەنگانەی کە ئەو میدیایە بە کار دەبەن و هەروەها چۆنیەتیی کاریگەریی میدیاکان لە سەر بەردەنگەکانیان دەکات. گریمانەی بنەڕەتیی ئەم تیۆرییە ئەوەیە کە لە نێوان ئاستی ڕووبەڕووبونەوە و بەکارهێنانی میدیا و بە ڕاستزانینی ناوەڕۆک و بەرنامەکانی ئەو میدیایە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بەدی دەکرێ، بە جۆرێک کە چەندین کاتژمێری بەردەوام سەیرکردنی میدیایەکی تایبەت دەبێتە هۆی گۆڕینی بیر و باوەڕ و ڕوانگەی لایەنگری ناوەڕۆکی میدیاکە. لە ڕاستیدا تیۆری پێگەیاندن بە دیاریکردنی ڕێژە و چەشنی بەرنامە بەکارهاتووەکانی میدیا، ئاستی کاریگەری لێک دەداتەوە بۆ ئەوەی میکانیزم و شێوازی کاریگەری وەدەست بهێنێت (عباسی و خەلیلی کاشانی، 1392: 81).

تیۆریی چاندن یەکێک لە بیچمەکانی کاریگەریی میدیاکان لە سەر ئاستی ناسین بووە و گرێدراو بەم بابەتەیە کە بەردەنگایەتیی میدیاکان تا چەندە دەتوانێ بیچم بە باوەڕ و تێگەیشتنی خەڵک لە ڕاستییە دەرەکییەکان بدات. تیۆریی چاندن یان بڵاوکردنەوە بۆ خستنەڕووی سەرچەشنێکی شیکاری ڕوون کراوەتەوە بۆ ئەوەی کاریگەریی درێژخایەنی ئەو میدیایانە پیشان بدا کە لە بنەڕەتەوە لە سەر ئاستی تێگەیشتنی

1. Cultivation theory

کۆمەڵایەتی ئیش دەکەن. بە پێی تیۆریی چاندن دەتوانین ئەوە هەڵێنجێنین کە ڕێژەی بەکارهێنان و ماوەی زەمەنیی ئەندامێتیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی لە سەر شێوازی ژیانی بەکارهێنەران دادەنێت. دەتوانین بڵێین هەرچی ڕادەی بەکارهێنان و ماوەی ئەندامێتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرتر بێ، ئەگەری کارتێکراویی بەکارهێنەر لە پەیوەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاترە. بە پێچەوانەوە، هەرچی ڕێژەی بەکارهێنان و ماوەی ئەندامێتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کەم بێتەوە، ئەگەری کارتێکراویی بەکارهێنەر کەمترە. ئەو کچ و کوڕانەی کە چەندین کاتژمێر لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندان و لە ژێر کاریگەریی پەیامەکانیدان و شوناسێکی ئایدیال لە خۆیان ساز دەکەن، کاریگەری لە سەر بەکارهێنەرانی دیکە دادەنێن و ئەم کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییانە و ئاسانبوونی پەیوەندییانە، بەستێنی بیچمگرتنی پەیوەندیی دۆستایەتیی نزیکتر و هاوماڵی دابین دەکات.

پەرەسەندنی ڕاگەیاندنە گشتییەکان و ئاسانبوونی پەیوەندییەکان کەلێنی "ئەوەی هەیە" بە "ئەوەی پێم خۆشە ببم" لە چوارچێوەی چالاکیی تاکەکان لە ناو دنیای مەجازیدا پیشان دەداتەوە. بوونی لاپەڕەی تۆڕی کۆمەڵایەتی (مەجازی) بە شوناسی نەناسراو و پیشاندانی هۆگرییە تاکایەتییەکان پیشاندەری "نەبوونی هەلی خۆدەرخستن" بۆ ئەم نەوەیە. نەوەی گەنجی ئێستا ئەگەرچی لەوانەیە بە شێوەی ئاشکرا هەڵوێستەکانی خۆیان دەرنەبڕن، لە چوارچێوەی پەیوەندیی پەنامەکی و لە سنوورێکی تایبەتیدا بیچم بە خۆیان دەدەن.

### 2-1-3-3. ماوە، ئاست و بەردەوامێتیی پەیوەندی

ماوەی پەیوەندیی هاوماڵی و بەردەوامبوونەکەی بەستراوەتەوە بە ڕەزامەندیی لە ئاستە جیاجیاکانی ئەو پەیوەندییە. کاتێک کە هاوسەرەکان لە پەیوەندیی هاوماڵی ڕازی بن و وەک بەستێنێک بۆ دابینکردنی خواستەکانیان لێی بڕوانن ئەوە درێژە بەم پەیوەندییە دەدەن. ئەو خواستانەی کە لە پەیوەندیی هاوماڵیدا دابین دەبێ بۆ وێنە خواستی سێکسی و

سـۆزدارییەکان ئەو زەختە ئابووری یان گوشـارە نەریتی و یاسـاییەی کە لە هاوسـەرگیریی هەمیشـەییدا هەیە نییانە و هەروەها پابەندی و بەرپرسایەتیی هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە هاوماڵیدا بوونی نییە، کە ئەمە لەو هۆکارە سـەرەکیانەن کە دەبنە هۆی بەردەوامبوونی ئەم پەیوەندییە.

پیاو، تەمەن 31 ساڵە خەڵکی تاران

وەک وتم بە هۆی گرفتی ئابووری و سێکسی بوو؛ هەلی ئەوەمان نەبوو هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی بکەین و ئەم خواستە سێکسییە وای کرد کە پێکەوە بین.

"خانم، تەمەن 30 ساڵان لە تاران:

وەکوو دوو کەسـی تەمەن 30 سـاڵان پێکەوە ژیانمان دەکرد، بۆمان نەدەکرا کە چاوەڕوانییەکانی بنەماڵە بەدی بێنین، بۆ وێنە ئاهەنگی هاوسـەرگیری بە چەندین ملیۆن تێچوو و زێڕ، خانوبەرە و تەلاری ئاهەنگی هاوسەرگیریی چەند ملیۆنی و ... . ئێمە ئاوا دەژیاین هەر کاممان هەر چەندەمان پارە ببا دامانده‌نا، لە ماڵێکی بچووکدا ژیانمان دەکرد بۆ ئەوەی بتوانین کرێکەی بدەین و بە ئاسـوودەیی تێیدا بژین؛ بەڵام بە داخەوە بنەماڵەکەم ئەمە قبووڵ ناکەن."

پیاوان بە هۆی بێکاری، هەڵاوسانی زۆر، تێچووی قورسی ژیان، چاوەڕوانیی زۆر، مارەیی و جیاز لە هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی پاشگەز دەبنەوە و هەڵوەدای بەدیلێکی ئاسانترن بۆ ئەوەی تووشـی تێچووی قورسـی ژیان نەبنەوە. کەواتە بارودۆخی نالەباری ئابووری و مەندی و تێچووی قورسـی ژیانی هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی لەو فاکتەرە کاریگەرانەن کە تاکەکان ناچار بە هاوسەرگیریی سپی دەکات. لە هاوسەرگیریی سـپی و پەیوەندیی هاوماڵیدا دەورە ئابوورییەکانی هەر دوو لایەنەکە بە شـێوەیەک دابەش دەبێ کە هەر دوو لا بتوانن تێچووەکانی ژیانی هاوبەش دابین بکەن و لە لایەکی دیکەوە لە دابونەریتگەلی وەکوو بڕەمارەیی و تێچووی ئاهەنگی هاوسـەرگیری وەکوو زێڕ، تەلار، جلوبەرگ و ... بێبەری دەبن. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی وەدواکەوتنی تەمەنی هاوسـەرگیری کە ئەنجامی هەلومەرجی ئابووری و بەشداریی کۆمەڵایەتیی ژنان بە هۆی بەشدارییان لە زانکۆیە، هەڵکشانی

ئاســـتی چاوەڕوانیی لە ژیانی هاوبەش وا دەکا کە دابینکردنی هەندێ خواستی مرۆیی وەکوو خواستی سێکسی و سۆزداری وەدوا بکەوێت. کەواتە ڕێکاری هاوســەرگیریی سـپی بۆ ئەو هاوســـەرانەی کە ئەم چەشـــنە ژیانە هەڵدەبژێرن جۆرێک هەڵبژاردنی عەقلانییە. ئەگەرچی ڕەزامەندیی لە پەیوەندیی سێکسی و دابینبوونی خواستەکان هۆکاری بەردەوامبوونی ئەم چەشــنە پەیوەندییە لە ئاســتە جیاجیاکانە، جیا لە ســنووردارییە یاسایی و شەرعییەکان، شاراوەیی و نەبوونی بواری دەرکەوتن لە شوێنە گشتییەکان و چوونە میوانی و سەفەری هاوبەش لەو فاکتەرانەن کە بوونەتە ئاســـتەنگی بەردەمی هەڵبژاردنی ئەم چەشـــنە ژیانە کە ئەمە کۆتایی پەیوەندیی هاوماڵی لێ دەکەوێتەوە. هەر ئەم پەنامەکی و شـوناســی دووانەیی هاوماڵی یان هاوســـەربوونە زەختی دەروونی لێ دەکەوێتەوە کە هەندێجار بە دابڕان کۆتایی پێ دێت.

خاتوون، 31 ساڵان خەڵکی تاران

باشیی هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە کۆمەڵگادا بۆ منێکی ئافرەت ئەوەیە کە ژیانی پەنامەکیم نابێت. ئاســـوودەتر دەچمە ســەفەر، پارتنێرەکەم کە کەسێکە کە ژیانی لەگەڵ دەکەم دەتوانم لەگەڵی بچمە هەموو شوێنێک. ئەم شێوازی ژیانە کێشـــەیەکی گەورەی کە هەیە ئەو شـــاراوەیی و ململانێیە کە توشـــی دەبی کە نابێ هیچ کەس بزانێ، دەبێ درۆ بکەی. ئەمە زەختێکی زۆر دەخاتە ســـەر دڵ و دەروونم.

بە گوێرەی بنـەمـا بنــەڕەتییـەکـانی تیۆریی ئـاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیی هۆمێنز[1] هەڵسوکەوت بە پێی ئەو پاداشـتانەی کە وەریدەگرێ و ئەو خەرجانەی کە دەیکا، گۆڕانی بە ســـەردا دێت. هەرچی چالاکیی کەســێک لە ماوەیەکی دیاریکراوی زەمەنیدا پاداشـــتی بۆ کەســەکە زیاتر بێ، بە هەمان ڕێژە ئەو کەســـە ئەو چالاکییە دووپات دەکاتەوە، هەروەها کاتێک کاری کەسێک پاداشتی چاوەڕوانەکراو بەتایبەت پاداشـتێکی زیاتر لەوەی کە وەردیدەگرێ و یان ســـزای چاوەڕوانکراو نەدرێ،

1. George C. Homan (The Exchange Theory)

لەم حاڵەتەدا کەسەکە زیاتر چێژ دەبینێ و زیاتر هۆگری ئەنجامدانی ئەو کارە دەبێ و ئەنجامی وەها کارێک بە لایەوە پڕبایەختر دەبێت. کاتێک کە هاوسەرەکان هاوماڵی هەڵدەبژێرن و بۆ ماوەیەک درێژەی پێ دەدەن، دەتوانین لە سەر بنەمای تیۆریی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، بەڵگەی ئەوە بێنینەوە کە بەردەوامیی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاداشتەی کە هاوسەرەکان وەریدەگرن. ئەم چەشنە پاداشتانە بە شێوەی گشتی بریتییە لە دابینکردنی خواستە سێکسییەکان و نەبوونی زەختی ئابووری لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی.

هەروەها بە پێی زنجیرە خواستەکانی مازلۆ[1]، دەتوانین هاوسەرگیریی سپی شرۆڤە و ڕوون بکەینەوە. مازلۆ زنجیرە پلەیەک لە پێنج خواستی سرشتی دەناسێنێ کە هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەورووژێنێ و ڕێنوێنی دەکات. ئەم خواستانە بریتین لە: خواستە فیزیۆلۆژیکییەکان (خۆراک، ئاو و خواستی سێکسی)، ئاسایش، وەرگیران و خۆشەویستی (خۆشویستن و خۆشەویستبوون). ڕێزگرتن، خۆگەشەیی. مازلۆ ئەم خواستانە پەیوەندیدار بە سرشت دەزانێ؛ بەڵام ئەم خواستانە لە ژێر کاریگەریی فێربوون، چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان و ترس لە پشتڕاست نەکردنەوەدان. پلەکانی خوارتری قووچەکە، خواستە گرینگتر و سادەترەکانن و چینەکانی سەرتریش هی ئەو خواستانەیە کە ئاڵۆزتر، بەڵام گرینگییەکەیان کەمترە. کەسەکان تەنیا ئەو کاتە سەرنج دەخەنە سەر خواستەکانی پلەی سەرتر کە خواستی پلەکانی خوارەوەیان دابین کرابێت. هەرکات کەسێک بەرەو پلەکانی سەرتر ڕۆشت، چیتر سەرنجێکی ئەوتۆ ناخاتە سەر پلەکانی خوارتر. ئەگەریش بە شێوەی تایبەتی پێویستی بە پلەکانی خوارەوە بێ، بە شێوەی کاتی یەکەمایەتیی ئەو خواستە بەرز دەکاتەوە؛ بەڵام قەت بە شێوەی هەمیشەیی ناگەڕێتەوە بۆ پلەکانی خوارتر. ئەم قووچەکە، قووچەکی خواستە مرۆییەکانە. خواستە مادی و سێکسییەکان کە هەمان خواستە فیزیۆلۆژیکییەکانن، بنەڕەتیترین خواستە

1. Maslow's hierarchy of needs

مرۆییەکانن کە هەتا ئەوانە دابین نەبن کەسەکە ناتوانێ بە خۆگەشەیی و بە واتایەک بە ژیانی کۆمەڵایەتیی باڵا بگات. کاتێک کە هاوسەرگیریی هەمیشەیی بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابووری و فەرهەنگی وەدوا دەکەوێ، خواستە سێکسییەکان کە لە بنەڕەتیترین خواستە مرۆییەکانن دابین نابن و بە پێی تیۆریی مازلۆ باری جەستە و دەروون تێک دەدات. کەواتە هەندێ بەدیلی هاوسەرگیریی هەمیشەیی بیچم دەگرێ کە تێیاندا بە بێ ئەوەی کەسەکە بکەوێتە ژێر باری قورسی زەختی ئابووری، خواستە مرۆییەکانی وەکوو خواستی سێکسی دابین دەبن.

به پێی تیۆریی هەڵبژاردنی عەقڵانیی کۆڵمەن[1] دەتوانین لە سەر پەیوەندییە هاوماڵییەکان شیکارییەک بخەینە ڕوو. ڕاپەڕێنەران کاتی هەڵبژاردنی کارلێک هەڵدەستن بە هەڵسەنگاندنی بەخت، بوار و بارودۆخ و تێدەکۆشن گرینگترین ئامانجەکان دەستنیشان بکەن. کۆڵمەن لە تیۆریی عەقڵانیی پێی وایە تاکەکان بە شێوەی ئامانجدار ئیش دەکەن و بەها و نۆرمەکانی خۆیان و کۆمەڵگا کاریگەری لە سەر بڕیارەکانیان دادەنێت. ڕاپەڕێنەران بە پێی سەرچاوە و پێداویستی خۆیان هەوڵی هەرچی زیاترکردنی سوودی خۆیان دەدەن. لەم بارەوە ڕاپەڕێنەران، ژنان و پیاوانی گەنجی خوێندکارن کە بە پێی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران لە شاری تاران ئەم شێوازی ژیانە دەستنیشان دەکەن. لەم حاڵەتەدا ئەگەر بارودۆخەکە قازانجی دڵخواز بۆ تاکەکان دابین بکا، پەیوەندییەکە دابین دەبێ دەنا دابڕانی پەیتا پەیتای لێ دەکەوێتەوە.

### 3-3-1-3. زانستی سێکسی، دووگیانبوون و بەرگری

لە پەیوەندیی هاوماڵیدا هەر دوو لایەنەکە لە سەرەتا یان لە کاتی پەیوەندییدا لە سەر بنەمای پەیوەندییەکانی خۆیان هەندێ گرێبەست دیاری دەکەن. یەکێک لەو گرێبەستانە کە بە شێوەی

1. Rational choice theory of Coleman

ئاشـــکرا لە هاومالّیدا باس دەکرێ پەیوەندیی ســـێکســـی و تێرکردنی خواستە سێکسییەکانی لایەنەکانە. پەیوەندیی سێکسی زۆر جـار لێکـەوتـەی وەکوو دووگیـانیی نـەخوازراو یـان نەخۆشیی نزیکی وەکوو HIV، سووزەنەک و... لێ دەکەوێتەوە.

دیمانە ئەنجامدراوەکان ئەوە دەردەخا کە زۆرینەی هاوژینەکان لە کاتی پەیوەندیی ســـێکســـی کەرەســـەی بەرگرییان بە ڕەچاوکردنی تێبینییە تەندروســـتییەکان بە کار دەهێنا. زانســـتی سێکسیی بەشداربووان بە هۆی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی زانیاری و سـەرچاوەی ئەنتەرنێتی بە چەشنێک بوو کە باشتر لە لێکەوتەکانی پەیوەندیی سێکسی نەپارێزراو ئاگادار بوون.

خاتوون، 28 ساڵان خەڵکی تاران

بۆ ڕێگری لە دووگیانبوون هەر ئەو شـێوازانەمان بە کار دەهێنا کە هەمووان بە کاری دێنن وەکوو حەبی بەرگری و لەم چەشنە.

پیاو، 26 ساڵەی خەڵک

ئیتر هەمیشە وریای ئەوە بووم کە ئەم ڕووداوە (دووگیانی) لێ نـەکـەوێتـەوە، هـەندێ جاریش پێم دەوت کـە خۆشـــی ئاگادار بێ کە نەکا ئەم ڕووداوە بکەوێتەوە سپاس بۆ خودا هەتا ئێستا ئەم شتە ڕووی نەداوە.

ڕێگری لە دووگیانێتی و نەخۆشیی نزیکی زیاتر لە ڕێگەی کەرەســـەی بەرگری وەکوو کاندۆم و حەبی بەرگری لە کاتی پـەیوەنـدیی ســـێکســـی ئـەنجـام دەدرێت. لـە ڕوانگـەی ئـەو هاوسەرانەی کە ئەزموونی ژیانی هاوبەشی بێ هاوسەرگیرییان بووە، لـە ئـەگـەری دووگیانبوونی نـەخوازراو دەتوانین هـەندێ داپـەڕی وەکوو لـەبـاربردن یـان کورتـاژ ئـەنجـام بدەن و زۆر کەس ئامادە نین منداڵی نەخوازراو ڕابگرن.

خاتوون، 31 ساڵان خەڵکی تاران

منداڵم لەبار بردووە؛ هاوســـەرگیریی فەرمیم هەبوو منداڵم لەبار دەبرد چونکە ئێســـتا لە بارودۆخێکدا نیم کە بتوانم منداڵ بخەمەوە.

خاتوون، 27 ساڵە خەڵکی تاران

دوو کەس لە ئەندامانی بنەماڵە داکۆکیم لێ دەکەن، پێموایە بە داکۆکیی ئەوان جێبەجێ دەبێ، ئەگەر بە هاوسەرگیری کۆتایی پێ بێ ئاگاداریان دەکەمەوە دەنا کۆرتاژ دەکەم.

دووگیانەبوون و نەخستنەوەی منداڵ لەم چەشنە پەیوەندییانەدا لەو گرێبەستانەیە کە هاوسەرەکان پێی پابەند دەبن. شوناسی ئەم چەشنە پەیوەندییانە لە پەنامەکیبووندایە و هەندێ فاکتەری وەکوو ئاشکرابوونی پەیوەندیی هاوماڵی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە هاوسەرەکان بە توندی لە بواری بەرگری و کۆنترۆڵی دووگیانیدا ڕێکارە پێویستەکان دەگرنە بەر. لە ئەگەری دووگیانیدا زۆریان لەو باوەڕەدان کە لەباربردنی کۆرپەلە یەکەمین و دوایین ڕێکاریانە و ڕێژەیەکی کەمیان پێیان وا بوو کە هاوسەرگیری هۆکاری ڕاگرتنی منداڵی نەخوازراوە.

بە پێی تیۆریی پیرۆزیی ژیان کە کارتێکراوی بیر و باوەڕە ئەخلاقی و ئایینییەکانە، دەبێ لە هەر بارودۆخێکدا ژیانی کۆرپەلە بپارێزرێت. سوێندنامەی بوقرات دەڵێ: "من بە تکای خەڵک دەرمانی کوشندە نادەم و نابمە داهێنەری ئەم هزرە و کەرەسەی لەباربردنی کۆرپەلە بە کەس نادەم"(Taylor، 2003، 527). لە سەر بنەمای ئەم ژیانە، مرۆڤەکان بە سروشتی هێژان و بەهای ژیان لە هەموو بەهاکانی دیکە سەرترە؛ تەنانەت ئەو منداڵە نەخوازراوەی کە لە ئەگەری بەرگری نەکردن لەدایک دەبێ، دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ و ژیانی کۆرپەلە پیرۆزە و لەگەڵ بیچمگرتنی کۆرپەلە، ژیانی مرۆیی ئەو کۆرپەلە بیچم دەگرێت. کەواتە ئەوەی کە لە پەیوەندیی هاوماڵیدا لەباربردنی کۆرپەلە یەکەمین ڕێکاری دووگیانبوونی نەخوازراوە، نائەخلاقانەیە. لە لایەکی دیکەشەوە لایەنگرانی تیۆریی ئازادیی ئیرادە لەو بۆچوونەدان کە دایکی دووگیان لە کۆرتاژکردنی کۆرپەلەکەی سەرپشکە و ئەمە بابەتێکی تایبەتییە. دژایەتیکردنی بۆچوونی دایک بە ڕای ئەوان بە واتای پێشێلکردنی کۆنترۆڵی لەش و پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانی ژنە. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە فیمینیستەکانن. فیمینیستەکان پێیان وایە هەموو ئاستەنگەکانی لەباربردنی کۆرپەلە دەبێ لا

ببرێ و خوازیاری ئازادیی بێمەرجن. ئەوان بە ئاماژە بە هەندێ هۆکاری وەکوو پاراستنی ژیان و تەندروستیی دایک، ڕێگری لە هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت، مافی هەڵبژاردنی ژن، لەباربردنی کۆرپەلە بە ناڕەوا نازانن. بە بۆچوونی ئەوان ڕێگری لە لەباربردنی کۆرپەلە و چاودێریکردنی، بەشێک لە زاڵیەتیی سیستەمی پیاوسالارانەیە. بە پێی تیۆرییە فیمینیستییەکان زۆربەی ئەو ژنانەی کە دیمانەیان لەگەڵ کراوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک بەهایەک سەیری ڕوانگەی فیمینیستی و یەکسانخوازی دەکەن. سەبارەت بە هەندێ بابەتی وەکوو لەباربردنی منداڵ، داکۆکی لە سەر پرەنسیپ و ڕوانگەی فیمینیستی دەکەن نە تەنیا بە نائەخلاقی لە قەڵەمی نادەن، بەڵکوو وەک بابەتێکی تاکەکەسی لێی دەڕوانن.

**4-1-3-3. توندوتیژی لە پەیوەندیی هاوماڵیدا**

توندوتیژی دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە کە لە بواری خێزانی و ژیانی هاوبەشدا هەندێ بیچم بە خۆوە دەگرێت. توندوتیژیی خێزانی یەکێک لە کێشە باوەکانی تەندروستیی گشتیی جیهانییە کە منداڵئازاری، پیرئازاری و هاوسەرئازاری لە خۆ دەگرێت. بەڵام باوترین توندوتیژیی خێزانی توندوتیژی لە دژی ژنانە. لە ژیانێکی هاوبەش کە بە بێ هاوسەرگیرییە هیچ چەشنە بەرپرسایەتی، پابەندی یان داکۆکیی یاسایی لە ئاست کەسی ئازاردراو بوونی نییە، توندوتیژی زیاتر ڕوو دەدا و ئەمە زیاتر ژنان دەگرێتەوە. پۆلێنبەندییەکی زۆر سەبارەت بە ژنان هەیە بەڵام لە پۆلێنبەندییەکی گشتیدا، توندوتیژی دژ بە ژنان حاڵەتەکانی ژێرەوە دەگرێتەوە:

توندوتیژیی فیزیایی: بریتییە لە زیانگەیاندن بە کەسەکە لە ڕێگەی لێدان، بڕین، شەقلێدان، زلەلێدان و حاڵەتی هاوشێوەی دیکە.

توندوتیژیی سۆزداری (دەروونی): بە هەر چەشنە هەڵسوکەوت و گوتارێکی توندوتیژ دەوترێ کە تەندروستیی دەروونیی تاکەکان تووشی مەترسی دەکا بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە ڕەخنەی نابەجێ، سووکایەتی و بێڕێزی،

جنێودان، هەڕەشەی تەڵاق و ... .

توندوتیژیی سێکسی: هەر چەشنە هەڵسوکەوتێک کە ببێتە هۆی سێکسکردن لەگەڵ ژن بە بێ ئەوەی خۆی بیهەوێ یان زیانگەیاندن بە ژن لە ڕووی سێکسییەوە، وەکوو داوێنپیسی، ناچارکردن بە سێکسی نەخوازراو و پەیوەندیی سێکسی لە کاتی دووگیانی و سووڕی مانگانە.

توندوتیژیی ئابووری: هەر چەشنە هەڵسوکەوتێک کە ببێتە هۆی زەخت لێکران (نەدانی نەفەقە بە ژنی ماڵ) و هەڵاواردنی ئابووری (وەکوو ڕێگری لە کارکردن).

توندوتیژیی کۆمەڵایەتی: جۆرێک توندوتیژییە کە تێیدا ژنان لە چالاکی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دیتران لە سەر ئاستی کۆمەڵگادا بێبەش دەبن، وەکوو هاتوچۆکردنی ئەندامانی بنەماڵە یان هاوڕێیان، بێبەشبوون لە خوێندن یان کارکردن و زیندانیکردنی ژن لە ناو ماڵ.

لە هاوسەرگیریی سپیدا لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا گرێبەستی ئابووری ڕوون نییە و لە هەندێ حاڵەتدا پیاو یان ئەو کەسەی کە خانوبەرە یان تێچووی ئابووریی زیاتر لە ئەستۆیە، خاوەن دەسەڵاتە و لە هەندێ حاڵەتدا بە شێوازی جۆراوجۆری کەلامی یان ناکەلامی دژ بە بەرامبەرەکەیان کە زۆر جار ژنە، ئەم دەسەڵاتە دەسەپێنن. ئەو زیانانەی کە لەم چەشنە پەیوەندییانەدا بوونی هەیە ئەوەیە کە ئەو ژنانەی کە توندوتیژییان لەگەڵ دەکرێ ناتوانن لە ڕێگەی یاساییەوە دادخوازی بکەن و لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی ڕزگاربوون لە یاساکانی تەڵاق لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی زۆر بە ئاسانی دەتوانن بە بێ هیچ گیروگرفتی یاسایی واز لە هاوبەشە سێکسییەکەیان بێنن.

ژن، 43 ساڵ خەڵکی تاران

بەڵێ شەڕ و ناکۆکیمان دەبوو. دەیگوت پێم خۆش نییە لە دەستت بدەم وامدەزانی ئاوا زیاتر دەتوانم بە سەرتدا زاڵ بم.

پیاو، 26 ساڵان، خەڵکی تاران

زۆر جار لە سەر شتی زۆر بچووک شەڕمان دەبوو بەڵام

زیاتر بە هۆی ســـێکســـەکەمان بوو بۆ وێنە جارێکیان لە ســــەر ئەم بابەتە شـــەڕمان بوو، چووبوو بە یەکێ لە هاوڕێکانی وتبوو ئەوەی وا وتم خەبەری بوو. لە سەر ئەم بابەتە شـــەڕمان بوو کە بۆچی ئەم بابەتەی باس کردووە بۆچی نەیشـــاردۆتەوە. ئەیچی لە ســـەر ئەوە دوو شـــەو شەڕمان بوو.

شـەمس و ئیمامی پوور (1383ی هەتاوی) لە توێژینەوەیەکدا لە ژێر ناوی "لێکدانەوەی ڕێژەی هاوســـەرئازاری و فاکتەرە کاریگەرەکانی" دەڵێن پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆ لە نێوان توندوتیژی و ناســـەقامگیریی ئابووری و هەژاریدا بوونی هەیە و ئەم هەژارییە گرژی دروســـت دەکا و دەتوانێ توندوتیژیی خێزانی بەتایبەت لە دژی ژنانی لێ بکەوێتەوە. هەروەها پوورنەقاش و تاشـــەک (1384ی هەتاوی) لە لێکۆڵینەوەی "لێکدانەوە و هەڵســـەنگاندنی جۆرەکانی توندوتیژیی خێزانی لە ژنان و پیاوان لە شـــاری تاران" دەڵێن لە نێوان باوەڕە هەڵە فەرهەنگییەکان و توندوتیژی و ئەزموونکردنی توندوتیژی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە ئارادایە.

وەک دەبینرێ پرسە ئابووری و فەرهەنگییەکان کاریگەری لە سەر توندوتیژی نێوان هاوسەرەکان بەتایبەت ژنان دادەنێت. لە ژیانی فەرمیدا کە بواری بەدواداچوونی یاسایی بوونی هەیە ئەم بارودۆخە زاڵە و دەتوانین چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێ کە لە ژیانە نایاســـایی و ناشـــەرعییەکاندا بەســـتێنی ڕوودانی توندوتیژی زیاتر بێت.

بە پێی تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتی، کەســـەکان بە هۆی هـاونشـــینی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا فێری چۆن هەڵســـوکەوتکردن دەبن. باندۆرا[1] ئیدەعای ئەوە دەکا کە زۆربەی هەڵســـوکەوتەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی بینین و لە نێو پرۆســـەی ســـەرچەشـنسـازی فێر دەکرێن. بە باوەڕی باندۆرا منداڵان لە دایک و باوکی خۆیان فێری توندوتیژی دەبن. بینین و بەئەزموون کردنی هەڵســـوکەوتی خراپ لە لایەن دایک و

1. Bandura

باکەوە لە هەرەتی منداڵیدا دەبێتە هۆی فێربوونی هەڵسوکەوتی باڵادەستانە لە لایەن پیاو و فێری تابشتهێنان لە لایەن ئافرەتەوە دەبێت. کەواتە کەسەکە دەتوانێ لە ڕێگەی پرۆسەی سەرچەشنسازی و بە واتایەکی دیکە بە بینینی دیتران، چی بەهەڵکەوت و چی وشیارانە فێر بێت. لەو بنەماڵانەی کە پێشینەی توندوتیژی لە دژی ژنیان هەیە، منداڵانیش سەرچەشن هەڵدەگرنەوە و لە داهاتوودا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەنجامی بدەنەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕوانگە فیمینیستییەکان لەو بۆچوونەدان کە پرۆسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ئاراستەی داکۆکیکردن لە جۆرێک تەکووزیی کۆمەڵایەتیی تایبەت و پێکهاتەی خێزانیی باوکسالار ئیش دەکەن. باوکسالاری دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان لە پلەی نزمدا بن و سەرچەشنی مێژوویی توندوتیژیی سیستماتیک لە دژی ژنان بیچم بگرێت. لەم ڕووەوە، هۆکاری سەرەکیی توندوتیژیی هاوسەرێتی لە پێکهاتەی بنەماڵەی نەریتخوازدا بەدی دەکرێ کە جۆرێک تەکووزیی باڵادەستخوازانەی پیاوسالارییە. جیا لەوە، توێژەرانی فیمینیست سەرتریی پیاو بە شێوەی ئاشکرا و دیاریکراو بە هۆکاری سەرەکیی توندوتیژیی خێزانی دەزانن (Gelles,1985). هەروەها تیۆریی سەرچاوەکان کە لە ساڵی 1971 لە لایەن ویلیام گوود[1] خرایە ڕوو، پێداگری لە سەر ئەم بابەتە دەکا کە سەرچاوەی ئابووری هەمیشە بە دەست پیاوانە و هەر ئەمە سەرتریی ئەوان لە ناو بنەماڵەی لێ دەکەوێتەوە. لە سۆنگەی ئابوورییەوە ژنان چاو لە دەستی هاوسەرەکانیانن و لە لایەکیشەوە چاودێریی منداڵەکان لە ئەستۆیانە، ئەگەر پیاوان بە جێیان بێڵن ڕووبەڕووی کێشەی ئابووری دەبنەوە؛ هەر بۆیە لە پەیوەندییەکاندا توندوتیژن. گرێدراوی ژنان ئەوە دەگەیێنێ کە ئەوان سنووردارن و کەمتر دەتوانن بە سەر پیاودا باڵادەست بن. ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان هەوڵدای کۆنترۆڵی دەسەڵات بێ زۆر جار بە ئازارەوە هەڵیدەبژێرێ و ئازار چەند جۆری جیاوازی هەیە؛

1. William Good

وەکوو هەڕەشە، ترس، تاراندن، ئازاردانی منداڵ، سنووردارییە ئابوورییەکان و ... ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەو هاوسەرانەی کە لە ڕووی دەسەڵات و سامانەوە یەکسانن کەمتر دژایەتی بە ئەزموون دەکەن و کاتێکیش ناکۆکی ساز دەبێ بە ڕێگەی ناتوندوتیژانە هێوری دەکەنەوە (محمدی و میرزایی، 1391).

وەک لە تیۆری و لێکۆڵینەوەکاندا دیارە بە پێی کەلتوور و فەرهەنگی پیاوسالارانە و بوونی ئامرازی ئابووری لە بەرژەوەندیی پیاوان و لێنەپێچینەوەی یاسایی، هەلی توندوتیژی زیاتر دەبێت. توندوتیژیی کەلامی لە چوارچێوەی شەڕ و توندوتیژیی جەستەیی لە چوارچێوەی لێدان لە توندوتیژییە باوەکانی پەیوەندیی هاوماڵییە. نەبوونی گرێبەستی ڕوون لە دەستپێکی پەیوەندیی هاوماڵی و پەنامەکیبوون پەرە بەم توندوتیژییانە دەدەن.

بە شێوەی گشتی، ئاراستە و ڕوانگەی پەیوەست بە هاوسەرگیری وەک ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەریی کەلتوور و ڕۆڵ و ئەو بارودۆخەیە کە تێیدا ژیان دەکەین. کەواتە ڕوانگەی ئەو کەسانەی کە لە چوارچێوەی هاوسەرگیریی سپی پێکەوە ژیان دەکەن لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە.

لەم لێکۆڵینەوەدا جیهانبینیی تاکایەتی بریتییە لە هەندێ ناسێنەری وەکوو پابەندیی بە ئایین، ڕوانگەی بەرامبەر بە هاوسەرگیری، ڕوانگەی بەرامبەر بە ناپاکی، پێوەرەکانی هەڵبژاردنی هاوبەش، گرینگیی پەردەی کچێتی و گرێبەستەکان. لەم بەشەدا پێداگری لە سەر تێگەیشتنی تاکەکان بەرامبەر بە هاوسەرگیریی سپی و پەیوەندیی هاوماڵی دەکرێت.

### 2-3-3. جیهانبینی

بە شێوەی گشتی، ئاراستە و ڕوانگەی پەیوەندیدار بە هاوسەرگیری وەک ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەریی کەلتوور و ڕۆڵ و ئەو بارودۆخەیە کە تێیدا ژیان دەکەین. کەواتە ڕوانگەی ئەو کەسانەی کە لە چوارچێوەی

هاوسەرگیریی سپی پێکەوە ژیان دەکەن لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە. لەم لێکۆڵینەوەدا جیهانبینیی تاکایەتی بریتییە لە هەندێ ناسێنەری وەکوو پابەندیی بە ئایین، ڕوانگەی بەرامبەر بە هاوسەرگیری، ڕوانگەی بەرامبەر بە ناپاکی، پێوەرەکانی هەڵبژاردنی هاوبەش، گرینگیی پەردەی کچێتی و گرێبەستەکان. لەم بەشەدا پێداگری لە سەر تێگەیشتنی تاکەکان بەرامبەر بە هاوسەرگیریی سپی و پەیوەندیی هاوماڵی دەکرێت.

### 1-2-3-3. پابەندیی بە ئایین

دەتوانین پابەندی بە ئایین لە دوو بەشی گشتی ئایدۆلۆژیایی و ڕەفتاری بکێشینەوە. بە واتایەکی دیکە، کاتێک کە کەسێک بە ئایینپەروەر دەزانین کە پرسە ئایینییەکانی قبووڵ کردووە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بیر و باوەڕەکەی دەگوونجێنێت. کەواتە هەر چەشنە تێکچوونی یەکێک لەم دوو ڕەهەندە، کاریگەری لە سەر ئەوەی دیکە دادەنێت. کۆمەڵگای ئێستای ئێمە وەک کۆمەڵگایەکی ڕوو لە تێپەڕین سەیر دەکرێ و لە ململانێی نێوان نەریت و مۆدێرنیتەدا گیری کردووە، لە هەموو ڕەهەندەکانیدا بەتایبەت لە بواری بەها ئایینییەکاندا ئەم گۆڕانکارییانە بە ئەزموون دەکات. نەوەی گەنجی کۆمەڵگا کە بیری دنیای مۆدێرن بە لایەوە نامۆ نییە، پتر لە هەر توێژێکی دیکە زیاتر لە بەر دەم ئەم تەنگژە و گۆڕانکارییانەدایە. ئەو کەسانەی کە مل بە هاوسەرگیریی سپی دەدەن، ڕاشکاوانە بەرهەڵستیی بەها ئایینییەکان دەکەن و بەم کارە پیشانی دەدەن کە لە سۆنگەی ئایدۆلۆژیایی و ڕەفتارییەوە هیچ بڕوایەکیان بە بەها ئایینییەکان نییە. لە هەندێ بەشی دیمانەدا کاتێک کە لە بارەی ئایینی ئەو کەسانەی کە ئەزموونی هاوماڵییان هەبوو پرسیارمان لێ دەکردن، هەندێکیان باوەڕیان بە بابەتە ئایینی و ئایینزاییەکان نەبوو.

خاتوون، 28 ساڵان خەڵکی تاران

من لە سەر بیر و باوەڕی ئایینی پابەندیی ئەوتۆم نییە بەڵام ئایینی تایبەت بە خۆمان کە هەمان دادپەروەری و

یەکسانییە لە سەری سوورم واتە من باوەڕم بە ئایینی نەریتی (بۆماوەیی) نییە. سەبارەت بە ڕۆژی قیامەت و ئەمانە نازانم هەیە کێ باوەڕی بەمانە هەیە و کێ لەو دنیا هاتۆتەوە؛ نە باوەڕێکی ئەوتۆم پێی نییە.

خاتوون، 31 ساڵان خەڵک تاران
باوەڕم بە هیچ بابەتێکی مەتافیزیایی نییە. ئایین و مەتافیزیا و ... بە ناڕێرانە دەزانم.

بە واتایەکی دیکە، کۆمەڵگا لە پرۆسەیەکی پەیوەندیی لەگەڵ ئایین کاریگەری لە سەر دادەنێ و کارتێکراوی دەبێ و دەتوانین وەک بەشێکی گرینگی کەلتوور و بە گرینگترین فاکتەر لە قەڵەمی بدەین کە کاریگەری لە سەر هەڵسوکەوت و کارلێکی تاکەکان دادەنێت؛ بەڵام پەرەسەندنی نوێخوازی، جیهانیبوون، شارنشینی، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، عەقڵانییەت و ... بووە هۆی ئەوەی شێوازی تێڕامانی مرۆڤ و ڕوانگەی ئەو سەبارەت بە خۆی، دنیا، ئایین و بەهاکانی پەیوەست بەو گۆڕانی بە سەردا بێت. هەندێ بنچینەی ئەم گۆڕانکارییانە لە ساڵانی پێشوودا لە بەرهەمەکانی وێبێردا پێشبینی کرا بوو، لەوەی کە عەقڵانییەتی وەک کاکڵی ناوەندیی جیهانی نوێ کە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان لە خۆ دەگرێ خستە بەر باس و ترس لە جادووسڕینەوە و بۆشایی ئایینی بە کێشانەوەی قەفەزی ئاسنی پیشان دا. لە ڕاستیدا عەقڵانییەت وەک ناوەڕۆکی مۆدێرنیتە کۆڵەکەی باوەڕ و لێبڕاوەیی بە توند سست و لەق کردووە، هەل بۆ جیاوازیی بیر و باوەڕەکان دەڕەخسێنێت. کۆمەڵگای ئێستای ئێمە وەک کۆمەڵگایەکی ڕوو لە تێپەڕین سەیر دەکرێ و لە ململانێی نێوان نەریت و مۆدێرنیتەدا گیری کردووە، لە هەموو ڕەهەندەکانیدا بەتایبەت لە بواری بەها ئایینییەکاندا ئەم گۆڕانکارییانە بە ئەزموون دەکات. نەوەی گەنج پتر لە هەر توێژێکی دیکە زیاتر لە بەردەم ئەم تەنگژە و گۆڕانکارییانەدایە. بینینی هەندێ ئاسەواری ئایینبێزی لە ناو گەنجاندا لە ناو چوارچێوەی هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتیی وەکوو ژیانی هاوماڵی ڕاشکاوانە بەدی دەکرێت.

بیرمەندان گۆڕانی پێگە و کاردا و ڕێژەی ڕەچاوکردنی بەها و ڕێسا ئایینییەکان لە چاو ڕابردوو بە "بەعورفیبوونی ئایین" لە کۆمەڵگادا لە قەڵەم دەدەن. بە باوەڕی کارڵ دابلێر بەعورفیبوون لە سەر سێ ئاست دەخرێتە ڕوو (1998,Dabbler): ئاستی تاکایەتی: دەستەبەری و پابەندیی ئایینیی تاکەکەسی پەیوەست بە هەڵسوکەوتی تاکایەتی. نموونە ئاست وردەکان بریتین لە: تاکایەتیبوون، بێباوەڕی، کەمبوونەوەی ئایینپەروەریی کلیسایی و ...؛ تاکایەتیبوونی ئایین بە واتای ئەوە دێ کە ئایین بکرێ بە بەشێک لە بواری تایبەتی. ئاستی عورفیبوونی بەها پیرۆزەکان: بە واتای سڕینەوەی بەها پیرۆز، باڵا و مەتافیزیاییەکان لە سەر سیمای ئایینە. ئاستی کۆمەڵگا: ئاماژە بە بەعورفیبوون لە سەر ئاستی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی دەکا و پرۆسەیەکە کە پەیوەست بە لێکجیاکردنەوەی پێکهاتەیی و کارکردیی ناوەند و دامەزراوەکانە.

ئینگلهارت پێشبینی دەکا کە بەدیلبوونی حەشیمەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، وردە وردە گۆڕانی درێژخایەنی بەها مادییەکان بۆ بەها ئەوپەڕمادییەکانی لێ دەکەوێتەوە (1994,Inglehart:34). ناوبراو بەهاکان بۆ سەر دوو بەشی مادی و ئەوپەڕمادی دابەش دەکات. ڕاپەڕینی ئەوپەڕمادیخوازی لەگەڵ ئەوەی بەربڵاوە، تەنیا لایەنێک لە پرۆسەی بەربڵاوتری گۆڕانکاریی کەلتوورییە کە بیچمێکی نوێی بە جیهانبینیی سیاسی، هۆگریی ئایینی، ڕۆڵی پشتبەستوو بە ڕەگەز و نۆرمە سێکسییەکان لە کۆمەڵگای پێشکەوتووی پیشەسازی بەخشیوە. ئەم گۆڕانکارییانە لە پەیوەندیی لەگەڵ خواستێک هاوبەشن: خواست بۆ هەستکردن بە ئاسایش کە ئایین و نۆرمە فەرهەنگییە لەڕادەبەدەرەکان بە شێوەی نەریتی دابینی دەکەن (اینگلهارت، 1382: 102). بە بۆچوونی ئینگلهارت، سێ هۆکاری سەرەکی بۆ لاوازبوونی نۆرمە ئایینی و نۆرمە سێکسییە نەریتییەکان لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا بوونی هەیە. یەکەمین هۆکارەکەی هەڵکشاندنی هەستی ئاسایشە کە خواست بۆ نۆرمە

لەرادەبەرەکان کەم دەکاتەوە. کەسەکان لە ژێر زەختی دەروونی پێویستیان بە یاسای شیاوی پێشبینی و وشکە بۆ ئەوەی لەوەی کە ڕوو دەدا دڵنیا بن چونکە لە مەترسیدان؛ بەڵام ئەوپەڕمادییەکان ڕەنگدانەوەی دیاردەی پێچەوانەن: چونکە لە بارودۆخێکی تا ڕادەیەکی پارێزراو و بێمەترسیدان، کەسەکە دەتوانێ بەرگەی هەمەچەشنی و جیاوازیی زیاتر بگرێ؛ بۆیە کەسەکە پێویستی بە ئاسایشێک نییە کە بەرهەمی ڕێسای وشک و لەرادەبەدەرە چونکە کۆسپە ئایینییەکان ئەمەی بۆ دابین دەکەن. هۆکاری دووهەم ئەوەیە کە نۆرمە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان لە پێشدا بەستێنێکی کاردایان هەیە؛ لە ڕاستیدا زۆرێک لە نۆرمە ئایینییەکان پێویستیی مانەوەی بنەماڵەن و ئەورۆکە لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتی خۆشبژێوی گشتی، تەنانەت ئەگەر بنەماڵەش تێک بچێ نەوەی نوێ دەتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدات. ڕاستە کە لەگەڵ نەمانی بەستێنی کاردایی ئەو نۆرمانەی کە بنەماڵەی بەهێز دەکرد، بەهاکانی کۆمەڵگا بە خێرایی گۆڕانیان بە سەردا نایە، بەڵام ڕێگا بۆ سستبوونی ئەو نۆرمە خۆش دەکەن. هۆکاری سێیەم بۆ لاوازبوونی جیهانبینیی نەریتیش پرسەکە لە سەر هاوئاهەنگیی ناسینییە. خەڵک دەیانهەوێ جیهانبینییەکەیان لەگەڵ ئەزموونی ڕۆژانەیان هاوئاهەنگ بێت. هەر بۆیە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا کە کارخانە ناوەندی هەوڵی بەرهەمهێنانە، چەمکی خودا بە واتای کاتژمێرسازێکی گەورەیە کە کۆمەڵگای خولقاندووە و ئینجا وازی لێ هێناوە بۆ ئەوەی سەربەخۆ ئیش بکات. هەر بۆیە هەرچی مرۆڤ زیاتر ژینگەی کۆنترۆڵ کرد، ئەو دەور و ڕۆڵەی کە دەخرایە پاڵ خودا لاواز دەبوو. لاوازبوونی ڕەواڵەتیی نۆرمە کۆمەڵایەتی و ئایینی / نەریتییەکان پەیوەندی لەگەڵ گۆڕانی بەها مادییەکان بۆ بەها ئەوپەڕمادییەکان هەیە. گۆڕانی بەرەو ئەوپەڕمادیخوازی و کاڵبوونەوەی بیچمە نەریتی/ ئایینییەکان دوو ڕووداوی هاوتەریبن؛ چونکە هەر دووکیان هۆکارێکی هاوبەشیان هەیە: ئاستی بێوێنەی ئاسایشی تاکایەتی لە کۆمەڵگای پێشکەوتووی پیشەسازیی هاوچەرخ بە پێی تیۆریی بەعورفیبوونی ئایین و گۆڕانکاریی لە بەها و

بـایـەخـەکـان دەتوانین بڵێین کـە لـە کۆمـەڵگـای لـە حـاڵی مۆدێرنبوونـی ئێراندا پرەنسیپ و بیر و باوەڕە ئایینییەکان لای نەوەی نوێ کە خوێندکاری زانکۆن و نوێخوازن کاڵ بۆتەوە و لە پیناو دابینکردنی خواســـتەکانیان چیتر گرینگی بە نۆرمە نـەریتییـەکـانی وەکوو ئـایین نـادەن. لـە ڕوانگـەی ئـایینییـەوە هاوماڵی و پەیوەندیی سێکسی بە بێ هاوسـەرگیری زینایە. لە قورئان، سوورەتی اسراء ئایەتی 23 هاتووە: "وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا" قەت نەکەن توخنی زینا بکەون و لێی نزیک ببنەوە، چونکە ئەوە بە ڕاستی گوناحـــــ و تاوان و هـەڵـە و ڕێچکـەیـەکی خراپ و نـادروســـتـە (بۆ ئـەنجـامدانی خواســتی ســێکســی). لەم ئایەتەدا بە توندی زینا و پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی هاوسـەرگیری سـەرکۆنە کراوە. زینا لە ڕوانگەی شـــەرعییەوە وەک تاوانێکی گەورە دێتە هەژمار و ژنان و پیاوانی بڕوادار هاوســـەرگیری لەگەڵ زیناکاریان لێ قەدەغە کراوە. وەک لە قورئان لە سوورەتی نوور ئایەتی سێدا هاتووە: "الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْـــرِكٌ وَ حُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ" پیاوی زیناکار تەنیا ئافرەتی زیناکەر یاخود موشـــریک مارە دەکات، ئافرەتی زیناکـەریش تـەنیـا پیـاوی زینـاکـەر یـاخود موشـــریـک مـارەی دەکات، (هاوســـەرێتیی پیاوان و ئافرەتانێک کە بەردەوامن لە ســـەر زینا) لە ســـەر ئیمانداران قەدەغە کراوە. پەیوەندیی سـێکسـیی بە بێ هاوسـەرگیری لە تاوانە گەورەکانە کە ئەگەر ژنێک بەوە تۆمەتبار بکرێ و تاوانی زیناکەی نەسەلمێنرێ، لە ڕوانگەی شەرعییەوە بوختانکەر سزایەکی قورس چاوەڕێیەتی. کەســانی هیچ و پووچ بۆ هەمیشــە ســووکن و دەخرێنە ڕیزی تاوانبارانەوە وەک لە قورئان لە ئایەتی 4 ســـوورەتی نووردا هاتووە کە "وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَـــهَادَةً أَبَدًا وَ أُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِـقُونَ" ئەوانەی کە بوختان دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێنپاک و خاوەن مێرد، پاشـــان ناتوانن چوار کەســیش بە شــایەت بێنن، ئـەوانـە هـەشـــتـا قـامچییـان لێ بدەن و قـەت شـــایـەتییـان لێ وەرمەگرن. ئەوانە لە ڕیزی تاوانبار و لە ســـنووردەرچوو و

یاخییەکانن.

بە پێی ئایەتە قورئانییەکان بەتایبەت لە سوورەتی نوور زۆر بە باشی دەتوانین لەوە تێبگەین کە پەیوەندیی سێکسی بە بێ هاوسەرگیری لە تاوانە هەرە گەورەکانە کە بە توندی قەدەغە کراوە. بەم پێیە کاتێک کە تاکەکان سەرەڕای قەدەغەی توندی ئایین لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا ئەم چەشنە هاوماڵی و پەیوەندییە سێکسیی بە بێ هاوسەرگیرییە بە باشتر دەزانن، دەتوانین بڵێین پابەندیی بە ئایین لە ڕەهەندی ئایدۆلۆژیایی و ڕەفتارییەوە کەم بۆتەوە و بابەتە ئایینییەکان گرینگییەکی ئەوتۆیان پێ نادرێت. بە کورتی، زۆربەی بەشداربووان سەبارەت بە ئایین و ئایینزا گۆشەنیگایەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕوانگەی گشتیی کۆمەڵگایان هەبوو. لە ناو بەشداربوواندا هەموو جۆرەکانی بیر و باوەڕی جیاوازی مەتافیزیایی بەدی دەکرا کە لە بێباوەڕیی تەواو بەرامبەر بە ڕاستەقینەی (substantive) مەتافیزیاییەوە بگرە تا دەگاتە باوەڕی ناتەواو بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی وەکوو عاشوورا و ... جیاواز بوو. ئەوەی لە ناو هەموویاندا هاوبەش بوو ساردبوونەوەی باوەڕە ئایینییەکان و بێمتمانەیی بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بوو کە جۆرێک هەڵسوکەوتی ڕەوادارانە سەبارەت بە جیهانبینییە جیاوازەکان ببوو بە بەدیلی ئەم بیر و باوەڕانە.

### 3-3-2-2. ڕوانگەی سەبارەت بە هاوسەرگیری

هۆگریی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر کە بنەمای هاوسەرگیری پێک دێنێ، گرێدراوە بە بارودۆخی زیندەورەناسیی گەشەوە. پێگەیشتن، کاتی دەرکەوتنی هۆگریی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر لە هەر دوو ڕەگەزەکەیە. بەڵام لەم ماوەی تەمەنییەدا هاوسەرگیری کەمتر ڕوو دەدات. بەو پێیەی کە پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەزی بەرامبەر لە چوارچێوەی هاوسەرگیری بە پێی ڕێککەوتنی گشتی سەبارەت بە هاوسەرگیرییە، ئەو بنەما کۆمەڵایەتییانەی کە باڵی بە سەر هاوسەرگیریدا کێشاوە کاتی هاوسەرگیری دیاری دەکا و ئەگەر کاتی هاوسەرگیری لە نەریتی پێگەیشتن دوور بکەوێتەوە لەوانەیە لە زەمەنە

جیاوازەکاندا بیچمی جۆراوجۆر بگرێتە خۆی. لە ناو بەشداربووواندا ڕوانگەی سەبارەت بە هاوسەرگیری لە دوو ڕوانگەدا تەسک دەبێتەوە: زۆریان بارودۆخی مادی و ڕێوڕەسمە نەریتییەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەییان بە هۆکاری ئەنجامدانی هاوسەرگیریی سپی دەزانی و هەندێکی دیکەیان بێباوەڕی بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی و ناوەڕۆکەکەیان بە هۆکاری ملدان بە هاوسەرگیریی سپی دەزانی.

سپێدە، 31 ساڵان خەڵکی تاران
بارودۆخەکەیمان نییە. ناتوانین چاوەڕوانییەکانی بنەماڵە بەدی بێنین دەنا هاوسەرگیریمان کردبوو. بۆ وێنە ئاهەنگی هاوسەرگیری بە چەند ملیۆن تێچوو، زێڕی ئەوەندە ملیۆنی کە بۆمی بکڕێ ...

سومەیە، تەمەن 37 ساڵ خەڵکی تاران
باوەڕمان بە پێکەوەبوونەکانی دیکە نەبوو؛ باوەڕمان بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی نەبوو.

بارودۆخی نالەباری ئابووری و بێکاری و هەندێ تایبەتمەندیی نوێسازی وەکوو خوێندنی بالای کچان و ئیشکردنی ژنان بۆتە هۆی دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری. لە لایەکی دیکەشەوە هەندێ ڕێوڕەسم و باوەڕی نەریتی و فەرهەنگی وەکوو جیاز و بڕەمارەیی ئەم وەدواکەوتنە بەهێز و زیاتر دەکات. هەروەها هەندێ بیر و باوەڕی نوێخوازانەی وەکوو باوەڕی فیمینیستی، تاکخوازی یان کاڵبوونەوەی بەها ئایینییەکان بۆتە هۆی ئەوەی ڕوانگەی سەبارەت بە هاوسەرگیری لە ناو نەوەی ئێستادا بەتایبەت گەنجان لە چاو ڕابردوو جیاواز بێت. بۆشاییە شەشانە یاساییەکان لە مەرجە لاوەکییەکانی هاوسەرگیری بە تایبەت ژنانی لە سەر ئاستی قبووڵکردنی هەلومەرجەکانەوە بۆ ئاستی داخوازیی یاسایی بەرز دەکاتەوە و ئاشکرایە کە لە ئەگەری وەدینەهاتنی داخوازییەکانیان مل بە هاوسەرگیریی فەرمی نادەن. کۆت و بەندی هاوسەرگیریی هەمیشەیی و ڕێوڕەسمە هەڵە

فەرهەنگییەکان وەک کێشـــەی بنەڕەتی لە کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدرێن کە زانایانی ئایینی و بەرپرسانی کەلتووری و سیاسیی وڵات سـەبارەت بەم بابەتە ڕا و بۆچوونی جیاوازیان خسـتۆتە ڕوو؛ بەڵام دیارە ئەم بۆچوون و ڕێکارانە گونجاو نەبووە کە دیاردەی هاوسـەرگیریی سپی لە ناو گەنجاندا وەک بەدیلێک بۆ هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی پەرەی سـەندووە. بە واتایەکی دیکە سووژە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هاوسەرگیریی فەرمی و "ئەوەی پەیوەسـتیەتی" لە بارودۆخی ئێسـتادا وەک ڕێکاری خۆبواردن هەڵیدەبژێرێ، واتە ئاسـتەنگەکانی هاوسـەرگیریی فەرمی وەکوو پابەندیی هەمیشـەیی، چوونە ناو چوارچێوەی نۆرمی، تێچووی ئابووری قورس بە دەسـت و پێگیر دەزانێ و بە نیازی بەدیلێکە کە وێڕای دابینکردنی ژیان لەگەڵ هاوبەش ئاستەنگە باسکراوەکانی نییە.

بـە پێی ڕوانگـەی نوێخوازانـەی ئـانتۆنی گیـدنێز[1] پێشـەسـازیخوازی، سـەرمایەداری و زاڵبوونی بـەهای سـەرمایـەدارانـە، بـەهێزبوونی نـاوەنـدەکـانی چـاودێریی کۆمـەڵایـەتی، هێزی ڕێکخسـتن و چـالاکیی نـاوەنـدەکـانی سـەردەمی نوێخوازی و جیهانیبوون وەک تایبەتمەندییەکانی سـەردەمی مۆدێرنیتە دەناسرێن. لە ڕوانگەی ئەم کۆمەڵناسـەوە چـالاکی و بزاڤی سـەردەمی نوێخوازی بـە سـێ فـاکتـەر دەناسرێتەوە:

جیـابوونـەوەی زەمـەن و پـانتـا کـە زۆرێـک لـە دیـاردە خۆجێییەکانی کردووە بە ڕووداوی جیهانی، پێکهاتـەگـەلێکی نموونەهەڵگیراوە (هیمای سـیمبۆلی و سـیسـتەمی کارناسـی)؛ ڕەنگـدانـەوەی لکـاو یـان هـەسـتیـاریی لـە ڕادەبـەدەری ڕێکخراوەگـەلی کۆمـەڵگـای مۆدێرن بۆ قبووڵکردنی ئـەو گۆڕانکارییانەی کە بە پێی دەرکەوتەکان بە خێرایی لە بنەماڵەدا ڕەنـگ دەدەنـەوە. مۆدێرنیتـە ڕەهـەنـدی جۆراوجۆری وەکوو شـارنشـینی، کەمبوونەوەی سـیسـتەمی خزمایەتی، جووڵەی جوگرافیایی، تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، بزووتنەوەی مافەکانی

1. Anthony Giddens

ژنان و فرەچەشنگریی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێت. ئەو گۆڕانەی کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ڕووی داوە، وای کردووە کە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای نەریتیدا گۆڕانی بە سەر بێت. کەواتە مۆدێرنیتە و تایبەتمەندییەکانی یەکێک لەو فاکتەرانەن کە بۆ شیکردنەوەی هاوسەرگیریی سپی دەتوانین پشتی پێ ببەستین.

### 3—3—2—3. پێوەرەکانی هەڵبژاردن و ڕوانگەی سەبارەت بە ناپاکی

میلێر پێی وایە کە مرۆڤ هەندێ تایبەتمەندیی ڕۆحیی بێوێنەی هەیە. کاریگەرترین توانای مرۆڤ بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ ڕەگەزی بەرامبەرە. ئەم هێزە شاراوە نە تەنیا وەک مەکینەی پاراستنی ژیان، بەڵکوو وەک هێزی لە ئاراستەی گۆورانی سرووشتیی مرۆڤ دەور دەبینێت. سەرهەڵدانی داهێنەرایەتی، هۆش، هێزی بیرکردنەوە و ئەخلاق و هەموو ئەو فاکتەرانەی کە لە دروستبوونی مرۆڤێکدا دەور دەبینن لە ژێر سێبەری ئەم هۆگرییە دەروونییەن (2000,Miller). ئەم هۆگرییە بۆ ڕەگەزی بەرامبەر لە کۆمەڵگای ئیسلامیی ئێمەدا لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە گونجاو دەبێت. بەڵام وەک وترا بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابووری و مۆدێرنیتە و هەروەها دەرکەوتنی بیر و باوەڕی نوێی دژ بە هاوسەرگیری، ژیانی هاوبەشی بە بێهاوسەرگیری لە ئاستی کۆمەڵگادا خراوەتە ڕوو. بەتایبەت گەنجان و نەوەی نوێ خوازیاری ڕزگاربوون لە کۆتوبەندەکانی هاوسەرگیریی نەریتین. ئەم چەشنە ڕوانگە ئەگەرچی بە شێوەی گشتی ناوتری، لە ڕێگەی دۆستایەتی و گرووپی دۆستان و خوێندکارانی زانکۆ لە ناو پانتای مۆدێرنی زانکۆیی، کافیشاپەکان، میوانداریەکان یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو فەیسبووک، تویتەر و ئینستاگرام یان گرووپە تێلگرامییەکان لە ڕێگەی وتووێژی تایبەتیی لە نێوان تاکەکان ئاڵوگۆڕ دەبێت. واتە قسەکردن لە بارەی هاوسەرگیریی سپی و هۆگریی بۆ هاوسەرگیریی سپی بە شێوەی نهێنی ئەنجام

دەدرێت.

مێهران، 28 ساڵان، خوێندکاری بواری هونەر خەڵکی مەشهەد
نزیکەی‌ساڵ و نیوێک پێکەوە ژیاین. هاوکۆلێژ بووین و هەر لێرەوە ئاشنا بووین. خۆشەویستی کەوتە نێوانمان و ویستمان پێکەوە بژین.

ئافرەت. 23 ساڵان، کارناسی وتن‌دەرمانی خەڵکی ئیسفەهان
لە ڕێگەی دۆستایەتییەوە پێکەوە ئاشنا بووین. ماوەی دوو سێ مانگە لەگەڵ دۆستەکەم پێکەوە دەژین. هەڵبەت من زۆربەی کات لەوێم بەڵام پێش دێ لە حەفتەدا دوو ڕۆژ لەوێ نەبم.

لە تایبەتمەندییە باوەکانی بەشداربووان لەم توێژینەوەدا دەتوانین ئاماژە بە ئەندامێتی لە گرووپە هاوبیرەکان و جڤاکە پێشڕەوەکان (ئاوانگارد) بکەین. تاک بەو ڕوانگە ئاماژەپێکراوانەی کە هەیەتی لەگەڵ کەسانێک پەیوەندی ساز دەکا کە نە تەنیا جیهانبینییەکەی قبووڵ دەکەن، بەڵکوو جیاوازیی ئەو لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگا تۆختر دەکەنەوە. ئەم بابەتە بەتایبەت زیاتر لە ناو چینێک لە بەشداربووان کە لە بوارە هونەرییەکاندا بوون بەدی دەکرا. لە وەها بارودۆخێکدا ئەگەری پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی هاوچەشن بەرز دەبێتەوە.

دیمانە ئەنجامدراوەکان ئەوە پیشان دەدا کە ئاشنایی لەم چەشنە پەیوەندییانەدا لە ڕێگەی کۆبوونەوەی بچووکی دۆستانە، گرووپی خوێندکاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. پێوەرەکانی هەڵبژاردن لە پەیوەندیی هاوماڵیدا لەگەڵ پێوەرەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی جیاوازە. سنووردارییی گرووپەکان و جۆری ئەو کەسانەی کە ئەم چەشنە ڕوانگەیان هەیە و شوناسە شاراوەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی پێوەری زۆر بۆ هەندێ کەس بوونی نەبێت. ڕوانگەی ئەرێنیی سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی و هۆگریی بۆ ئەم چەشنە ژیانە کە بەرپرسایەتی و پابەندییەکانی هاوسەرگیریی هەمیشەیی تێدا نییە گرینگترین پێوەر بۆ هەر دوو لایەنەکەیە. هەر بۆیە لەم چەشنە

پەیوەندییانەدا جیابوونەوە سادەتر لە پەیوەندییە سۆزدارییە قووڵترەکانە. ئەوەی هەر دوو لا گرینگی پێ دەدەن ئەوەیە کە بە بێ زەختی نەریتی و یاسایی خواستە سێکسی و خواستە سۆزدارییەکان تێر دەکەن. کەواتە ئەگەر ناپاکی و خەیانەت ڕوو بدا لایەنەکان بە ئاسانی لێک جیا دەبنەوە و ئەم دابڕانە زۆر بە ئاسانی ڕوو دەدات. لەم چەشنە پەیوەندییانەدا بە هۆی کەمبوونەوەی پابەندی و بەرپرسایەتیی لە ئاست یەکتر، پرسی وەکوو ناپاکی کەمتر ڕوو دەدا و لە حاڵەتێکدا کە هۆگریی بۆ ژیان لەگەڵ کەسێکی دیکە و بەدیلگرتنی هاوبەشێکی دیکەی ژیان بوونی هەبێ بە هۆی تایبەتمەندیی پەیوەندیی هاوماڵی شیاوترە و ئەو کەسانەی کە ئەم پەیوەندییانە قبووڵ دەکەن بەو واتا باو و بەرهەستەی کە هەیە وێنای نەبوونی پابەندی و وەفاداریی هاوبەش و هاوماڵەکەیان ناکەن، بەڵکوو جیابوونەوە و دابڕان و هەڵبژاردنی هاوبەش یان کەسێکی دیکە بە مافی سروشتیی خۆیان دەزانن. ڕەگی ئەم کورتخایەنبوونی پەیوەندییە و قبووڵ نەکردنی بەرپرسایەتی و پابەندی لە ژیانی مۆدێرندایە.

> "نیما، 25 ساڵە، تاران
> ئەمە باشترە، بە هیچ پابەند نیت. ئێستا ساڵێک، دوو ساڵ، مانگێ، دوو مانگ ... هەتا دواساتی ژیانت هەر کات کە خۆمان ویستمان ئەم پەیوەندییە بەردەوامە. بەڵام هاوسەرگیریی هەمیشەیی دەبێ لە سەر هەندێ شت سوور بیت. هەم ئەو ڕازییە و هەم من ..."

ئانتۆنی گیدێنز[1] باس لەو گۆڕانکارییانە دەکا کە لە بواری سەرچەشنی پەیوەندییە سێکسییەکان لە ماوەی دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم بیچمی گرتووە. بە پێی ئەم پۆلێنبەندییە لە سەدەی بیستەمدا سەرچەشنێکی نوێ لە پەیوەندیی سێکسی بە ناوی "عەشقی مەلەوەر" لە نێوان ژن و مێرددا بەدی هات کە ئەم پەیوەندییانە دۆستانە، کورتخایەن و ئازادانەن. لە هاوسەرگیریی سپیدا پەیوەندیی سێکسی لە سەر بنەمای

1. Giddens

مەلەوەری عەشـــقی کورتخایەنە و ئەگەری ئەوە هەیە کە هەر بینا عەشـقێکی نوێ ببێتە جێگرەوەی عەشـقەکانی دیکە. کەواتە ناتوانین بە مانا گشـتییەکەی باسـی ناپاکی لە هاوسـەرگیریی سـپیدا بکەین. هاوسـەرگیریی سـپی لە سـەر بنەمای کورتخایەنبوون و کاتیبوونەکەی بیچمی گرتووە؛ کەواتە پەیوەندیی کورتخایەنی وەکوو هاوسـەرگیریی سـپی هەمیشە ئەگەری کۆتاییهاتنی هەیە و بابەتی وەکوو ناپاکی کەمتر تێیدا گرینگی پێ دەدرێ و بابەتێتی نییە. لە تیۆرییەکانی پێوەری هاوسەر یان هاوبەش و هاوماڵ، هەندێ توێژەر وەکوو کارۆڵ (2011,Carroll) سـێ جۆر فاکتەر بە کاریگەر دەزانن: جۆری یەکەم، پێوەرەکانی پەیوەسـت بە تایبەتمەندیی سـۆزداری و کەسـایەتی کە بیچم بە "پێوەرە دەروونییەکان" یان جەوهەرییەکان دەدا کە بریتییە لە هۆش، متمانەبەخۆیی، مێهرەبانی و ... . جۆری دووهەم، پێوەرەکانی پەیوەسـت بە تایبەتمەندیی ئابووری و پێگەییە کە بە "پێوەرە دەرەکییەکان" یان سەرهەڵدراو ناوزەد کراون. سامان، دەسەڵات، پریستیژ و ... پێوەرەکانی ئەم جۆرەن. جۆری سێیەم پێوەرەکانی پەیوەست بە تایبەتمەندیی جەسـتەیین کە پێیان دەوترێ "گیراییە جەسـتەییەکان"، وەکوو جوانی، تیپی لەبار و بارودۆخی ڕەواڵەتی و پێکهاتەیی لەش. هەروەها ئەو پێی وایە تایبەتمەندییەکانی جۆری یەکەم واتە تایبەتمەندییە دەروونی و جەوهەرییەکان هەم بۆ پیاوان و هەم بۆ ئافرەتان بایەخدار و گرینگن؛ تایبەتمەندییەکانی جۆری دووهەم واتە پێوەرە دەرەکی یان سـەرهەڵدراوەکان لە لایەن ژنانەوە بە باشـتر دەزانرێن و تایبەتمەندییەکانی جۆری سێیەم واتە گیراییە جەستەییەکان ئەو تایبەتمەندییانەن کە پیاوان بە باشتری دەزانن.

### 3-3-2-4. بابەتێتیی پەردەی کچێتی

بوونی پەردەی کێچیتی لە کاتی هاوسـەرگیریدا هێشـتا بەهایەکی کۆمەڵایەتییە کە زۆرێک لە بنەماڵەکان ئاشـکرا و نائاشـکرا شـانازی پێوە دەکەن و بە هێمای پاکداوێنی، پاکی، خۆڕاگری و پەروەردەی دروسـتی کچەکەیانی دەزانن و

نەبوونی ئەم پەردەی کچێتییە دەبێتە بیانوویەک بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی لە دژی ژنان. "پەردەی کچێتی" لەو چەمکانەیە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەڵگری مانایەکی پیرۆز بووە و بە فاکتەرێک بۆ پاکداوێنیی کچان ناسراوە و بەم شێوە پەردەی کچێتی لە هاوسەرگیریدا دەوری گرینگ دەبینێت. پەیوەندیی سێکسی و تێرکردنی خواستە سێکسییەکان یەکەمین چەمکێکە کە لە پێکەوەبووندا بە مێشکی مرۆڤ دەگات. بێگومان کچان لە پەیوەندیی سێکسیدا ڕووبەڕووی تابۆیەک دەبنەوە: لەدەستدانی "پەردەی کچێتی". لەدەستدانی پەردەی کچێتی لە کۆمەڵگای ئێرانیدا هێمای لەدەستدانی پاکداوێنیی ژنە کە دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتیی تایبەتی هەیە. پەرەدی کچێتی بابەتێکی هەستیاری کۆمەڵایەتییە و لە ئەگەری لەدەستدانی پەردەی کچێتیی کچان، هەلی هاوسەرگیریی هەمیشەییان بۆ ئەستەم دەبێ؛ چونکە بە پێی فەرهەنگی ئێرانی لە ئەگەری لەدەستدانی پەردەی کچێتی ئەو ئافرەتە داوێنپاک و شیاو نییە. هەر لەبەر ئەمە هەندێ هەڵدەستن بە چاککردنەوەی پەردەی کچێتی بۆ ئەوەی دیسان خۆیان لەگەڵ نۆرمی فەرمی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا سازگار بکەن.

سەرەڕای گرینگیی کۆمەڵایەتی و یاسایی پرسی پەردەی کچێتی، هەندێ لەو ژن و پیاوانەی کە دەچنە ناو ژیانی هاوماڵییەوە پەردەی کچێتییان بە لاوە گرینگ نییە. هەڵبەت ئەو ئافرەتانەی کە پەردەی کچێتییان لە دەست دەدەن ناچارن درێژە بە ژیانی هاوسەرگیریی سپی بدەن یان ئەوەی کە هاوسەرگیریی فەرمی لەگەڵ کەسانێک کە پەردەی کچێتییان بە لاوە گرینگ نەبێ یان پەردەی کچێتییەکەیان چاک بکەنەوە و بە دەستەواژە یاساییەکەیان ڕوو بکەنە درۆ و هەڵفریواندن. لە شیکاریی دیمانەکاندا دەرکەوت کە زۆربەی ژنان پەردەی کچێتییان پێ گرینگ نەبوو و دەیانگوت ئەگەر هاوسەرگیری بکەن شوو بە پیاوێک دەکەن کە پەردەی کچێتی بە لاوە گرینگ نەبێت. بەڵام لە ناو پیاواندا هەندێکیان سەرەڕای ئەوەی پەیوەندیی هاوماڵییان هەبوو ئامادە نەبوون هاوسەرگێری لەگەڵ کچانێک بکەن کە پەردەی کچێتییان نییە.

پیاو، تەمەن 25 ساڵان، خەڵکی تاران
باوەڕم پێیەتی (بوونی پەردەی کچێتی). پێم وایە ئەو کەسەی کە دەمەوێ لەگەڵی بژیم دەبێ پەردەی کچێتی هەبێت.

سومەیە، تەمەن 37 ساڵان خەڵکی تاران
ئەوساش پەردەی کچێتیم نەبوو. لە پەیوەندییە سێکسییەکانی پێشوومدا پەردە کچێتییەکەم لە دەست دابوو. پەردەی کچێتی ئەو شتەیە کە هەمیشە پێم وا بووە کە هی خۆمە و پەیوەندیی بە کەسی دیکەوە نییە.

لە دیمانە ئەنجامدراوەکاندا ئەو ژنانەی کە بێوەژن بوون واتە پێشتر هاوسەرگیرییان کردبوو لەم بارەوە کێشەیان نەبوو بەڵام ئەو کچانەی کە پەردەی کچێتییان بە هۆی پەیوەندیی سێکسیی هاوماڵییەوە لە دەست دابوو پەردەی کچێتییان پێ فاکتەرێکی ناگرینگ بوو و بە ئاستەنگی بەردەم ژنان سەیریان دەکرد. ئەگەرچی هەندێ لە پیاوانیش سەبارەت بە پەردەی کچێتی کەمتەرخەم بوون بەڵام هەندێکیان تەواو باوەڕیان پێ هەبوو.

تیۆرییە فیمینیستییەکان هەر شتێک کە ژن سنووردار بکاتەوە ڕەتی دەکەنەوە و حەقداربوونی ژن بە سەر لەشی خۆی بە مافی ژن دەزانن. زۆرێک لەو ژنە خوێندەوارانەی کە دیمانەمان لەگەڵ کردن بە گوێرەی باوەڕە فیمینیستییەکان پەردەی کچێتییان بە بابەتێکی تاکەکەسی دەزانی و پێیان وا بوو ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە پاکداوێنیی ئەوانەوە نییە و لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە لەگەڵ تێپەڕینی کات ئەم باوەڕە لە کۆمەڵگادا گۆڕانی بە سەر دێت. لە کەلتوور و ئایینی ئێرانیدا پەیوەندیی سێکسی و لەدەستدانی پەردەی کچێتی تەنیا لە چوارچێوەی هاوسەرگیریی فەرمیدا قبووڵ دەکرێت. چاککردنەوەی پەردەی کچێتی بە مەبەستی شاردنەوەی پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری لە یاسای مەدەنیی ئێراندا دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیری. بە گوێرەی

مادەی 1128ی یاسای مەدەنی، ئەو هاوسەرانەی کە کاتی هاوسەرگیری مەرجی پەردەی کچێتییان داناوە، ئەگەر پاش هاوسەرگیری ئاشکرا بێ کە ژنە پێشتر سێکسی کردووە تەنانەت ئەگەر پەردەی کچێتییەکەی نەدڕابێ و لە چەشنی ئەڵقەیی بێ، مافی هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیرییەکەی هەیە؛ چونکە مەبەست لە پەردەی کچێتی لە پلەی یەکەمدا سێکس نەکردنە. کەواتە پەردەی کچێتی لەو تابۆیانەیە کە لە هاوسەرگیریی کاتیدا دەبەزێنرێ و دەرهاویشتەی تایبەتی کۆمەڵایەتی و یاسایی بۆ ژن هەیە.

### 5-2-3-3. گرێبەستەکان

هەموو کەس بۆ درێژەدان بە ژیان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دیتران و پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ناچارە لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا پەیمان و گرێبەست ببەستێت. لە پەیوەندییە فەرمی و یاساییەکانی وەکوو هاوسەرگیریی هەمیشەیی ئەم بابەتە لە ژێر ناوی مەرجە لاوەکییەکانی هەندێ گرێبەست ڕێک دەخرێن. ئەم حاڵەتە لە هەندێ پەیوەندی وەکوو پەیوەندیی هاوماڵی یان ژیانی هاوبەشی بە بێ هاوسەرگیریی فەرمیش بوونی هەیە بەڵام بەو پێیەی کە ناوەڕۆکێکی فەرمی نییە گرێبەستەکان نەک وەک مەرجە لاوەکییەکانی مارەیی (وەکوو مافی خوێندن، سەرپەرشتیاریی منداڵەکان، زکوزا نەکردن و ...) بەڵکوو وەک گرێبەستی زارەکی و نهێنی لە نێوان ئەو هاوسەرانەی کە هاوماڵییان هەڵبژاردووە ئەنجام دەدرێت. بە پێی دیمانە ئەنجامدراوەکان، هاوسەرەکان گرێبەستی وەکوو تێچووی خانوبەرە (ئابووری)، تێرکردنی خواستە سێکسییەکان (جەستەیی) و ناپابەندی بە کلیشە ڕەگەزییەکان (کۆمەڵایەتی) بە شێوەی لاوەکی بۆ خۆیانی دیاری دەکەن و لە سەری سوورن.

ژن، 43 ساڵان خەڵکی تاران

لە ڕووی ئابوورییەوە هەموو شتێک نیوە بوو کرێماڵ، تێچوو و هەموو شتێکمان نیوە بوو.

پیاو، 27 ساڵان خەڵکی تاران
باری ئابووری لە ئەستۆی من بوو. من ماڵەکەم بە کرێ دەگرت بەڵام خەرج و تێچووەکانمان هاوبەشانە بوو. کاری ناوماڵمان هاوبەشانە ئەنجام دەدا. چونکە هەر دووکمان ئیشمان دەکرد، هەر دووکمان لە سەر ئەوە سوور بووین کە پێکەوە بین.

لە هاوسەرگیریی سپی و هاوسەرگیریی هەمیشەییدا پرسی ئابووری زۆر گرینگە. زەختی ئابووری ئاوقانی پیاو دەبێ و هەندێ دابونەریت و باوەڕی فەرهەنگی وەکوو کڕینی زێڕ، ئاهەنگی هاوسەرگیری، شیربەها و ... بۆتە هۆی ئەوەی هۆگریی بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی کەم ببێتەوە و تەمەنی هاوسەرگیری بەرز ببتەوە. ئەم پرسە لە هاوماڵیدا هاوسەنگ دەبێت. ژن و پیاو لە گرێبەستە سەرەتایی و زارەکییەکاندا بە شێوەی هاوبەش تێچووی خانوبەرە و خۆراک و هەموو پرسە داراییەکان دابین دەکەن. لە پرسی خانوبەرەدا تەنانەت ئەگەر پیاو کرێ ماڵ بدا، دیسان لە بەشەکانی دیکەدا وەکوو کرێماڵ یان تێچووی ماڵ هاوبەشیی ئابووری بەدی دەکرێ و ڕەنگە یەکسان نەبێ بەڵام لە گرێبەستی ئەم چەشنە ژیانەدا تێچووە ئابوورییەکان دەبێ هاوبەشانە بێ، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی نایەکسانیش بێت.

خاتوون، 28 ساڵان خەڵکی تاران
پرسی ڕەگەزێتی ئێستا لە باو کەوتووە، وای لێ هاتووە من نە لەبەر کچبوونم ئازار دەبینم و نە ئەو بەرپرس بێت. لە ڕووی ئابوورییەوە ئەو ماڵی هەبوو و شتێکی وا لە ئارادا نەبوو بەڵام کاتێک کە چوینە سەر کار منیش یارمەتیم دا و هەر دووکمان 3/1 داهاتەکەمان دەخەینە پاڵ یەکتر بەڵام من کەمتر پارە دادەنێم. پەیوەندیەکەمان ئازاد نییە چونکە هەر دووکمان پێمان وایە وزەمان نامێنێ و تووشی کێشە نابین و پێویستمان بە هاوکاریی یەکترە. لە ڕوو سێکسی و سۆزدارییشەوە پێکەوەین.

خاتوون، 29 ساڵانی خەڵکی مەشهەد

لە هەموو پەیوەندییەکدا سێکس هەیە و ئەمەش بەشێک لە گرێبەستەکەمان بوو و لە ڕووی سۆزدارییەوە سۆز و ڕێز یەکسان بوو لە ڕووی ئابووریشەوە هەر دووکمان پێکەوە خەرجمان دەکێشا ئیتر بە پێی توانامان.

وەک لە دیمانەکاندا دەبینرێ هاوسەرەکان گرێبەستی تێرکردنی خواستی سێکسیی یەکتر و دابینکردنی تێچووە مادییەکانی ژیانی هاوبەش بە گرێبەستی بنەڕەتیی نێوان خۆیان لە قەڵەم دەدەن. بەڵام ئەم گرێبەستانە هەمیشە بە شێوەی ئاشکرا لە یەکەم پەیوەندیی هاومالێدا نەوتراوە و لەگەڵ تێپەڕینی کات بەتایبەت لە پرسە ئابوورییەکاندا گرینگی پێ دراوە. ئەوەی وتنەکەی گرینگە ناسەقامگیریی ئەم چەشنە گرێبەستانەیە. لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا گرێبەستەکان بە پێی مەرجە لاوەکییەکانی مارەیی پاڵپشتیی یاساییان هەیە. لە ساڵی 1360ی هەتاوی بەم لاوە لە تاپۆی هاوسەرگیریدا، هەندێ مەرج بە ناوی "شرط ضمن العقد" پێشبینی کرا کە بەڕێوەبەری نووسینگە دەبێ بەر لە لێک مارەبڕینیان ئەوانە بۆ هاوسەرەکان بخوێننەوە و ئەگەر پێویست کرا ڕوونکارییان بۆ بکا بۆ ئەوەی لایەنەکان بە زانیاریی تەواوەوە مەرجە قبووڵکراوەکانیان واژۆ بکەن. هەڵبەت هاوسەرەکان دەتوانن بە گوێرەی مادەی 1119ی یاسای مەدەنیی ئێران بەدەر لە مەرجە چاپکراوەکانی ناو تاپۆی نیکاحییەکە هەر مەرجێک کە پێیان خۆش بێ دەتوانن بە بڕیارنامەکەی زیاد بکەن و بە واژۆکردنیان بیکەن بە ناچاری. لە یاسای مەدەنیدا مێرد لە ئاست ژن هەندێ ماف و دەسەڵاتی هەیە کە ژن لێیان بێبەشە، وەکوو تەڵاقدانی ژن، هاوسەرگیریی دووبارە، دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و ژیانی خێزانی و ... . ئەگەرچی ئەم مافانە هەندێ ئەرکی لەگەڵە کە مێرد لە ئاست ژن و منداڵی خۆی هەیەتی، لەوانەیە هەندێ لە پیاوان کەڵکاوەژۆیی لەم مافە یاساییانە بکەن. کەواتە بە پێی مۆڵەتی یاسای مەدەنی ژنانیش دەتوانن بە قۆستنەوەی مەرجە لاوەکییەکانی مارەیی تا ڕادەیەک بێبەشییە یاساییەکانیان قەرەبوو بکەنەوە کە ئەم ڕێگەچارە لە

مادەی 1119ی یاسای مەدەنی هاتووە: "لایەنەکانی مارەیی بۆیان هەیە هەر مەرجێک کە دژی پێویستییەکانی مارەیی بێ لە مەرجە لاوەکییەکانی هاوسەرگیری یان گرێبەستی دیکەدا بیخەنە ڕوو، وەکوو ئەوەی کە مەرج بێ هەر کات مێرد ژنێکی دیکەی هێنا، لە ماوەیەکی دیاریکراودا دیار نەمێنێ، یان نەیبەخشێ یان بیهەوێ ژنەکەی بکووژێ، یان هەڵسوکەوتی خراپی بێ و درێژەدان بە ژیانیان لەگەڵ یەکتر شیاوی تابشهێنان نەبێ، ژن بریکار و بریکار لە بریکارگریدا بێ کە پاش وەدیهاتنی مەرج لە دادگەی کۆتاییدا خۆی تەڵاق بدات.

بەڵام ئەوەی لە پێکەوەبوون و پەیوەندیی ماڵیدا نکۆڵی لێ ناکرێ، ناجێگیریی گرێبەستەکانە بە جۆرێک کە پێشێل دەکرێت. بە پێی شوناسی پەیوەندیی هاوماڵی، لایەنەکان دەبێ پابەندانە گرێبەستەکان جێبەجێ بکەن و لە ئەگەری ناپابەندی، هاوسەرەکان هۆگری بۆ ژیانی هاوبەش لە دەست دەدەن و دابڕان هەڵدەبژێرن بە بێ ئەوەی بتوانن بە هۆی ناپابەندییەوە هەندێ ماف بۆ لایەنی بەرامبەریان ڕەچاو بکەن.

## 4-3. هەلومەرجی ژینگەیی

مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ڕاپەڕێنەر لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا ئەو پێکهاتانە کاریگەری لە سەر دادەنێن کە ژیانی کۆمەڵایەتی گونجاو دەکەن. ڕادەی کارتێکراوی و کاریگەری لە سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەستە بە چەندین فاکتەرەوە. هاتن و پەرەسەندنی میدیا گشتییە جیهانییەکانی وەکوو سەتەلایت و ئەنتەرنێت و هاتوچۆکردن بۆ وڵاتانی دراوسێی ئێران شێوازی ژیانی جیاوازی ئافراندووە و بیچمی بە بەها جۆراوجۆرەکان بەخشیوە و کاریگەری لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران داناوە. بێگومان تێگەیشتن لە هیچ کارلێکێک جیا لەو بەستێنەی کە تێیدا بیچمی گرتووە و جیا لە لێکدانەوەی فاکتەرە بێژمارەکانی کاریگەری و کارتێکراوی گونجاو نابێت. هەر بەم پێیە ئەو ڕوانگە قووڵەی کە سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی سەرچەشنی پەیوەندیی سێکسی بیچمی گرتووە بە بێ تێڕامان

لە سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتی، ئابووری و یاساییەکان گونجاو نابێت.

بارودۆخی ژینگەیی یان هەمان هۆکارێک کە کاریگەری لە سەر بابەتی هاوسەرگیریی سپی دادەنێ لەم توێژینەوەدا هەلومەرجی ئابووری، چوارچێوەی یاسایی و فەرمی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی لە خۆ دەگرێت.

### 3-4-1. هەلومەرجی ئابووری

لە کۆمەڵگای مۆدێرندا داپەڕین و بڕیاردان لە سەر بنەمای جۆرێک کارلێکی عەقڵانی ئەنجام دەدرێت. ئەورۆکە پرۆسەی بڕیاردانی تاکەکان بەتایبەت گەنجترەکان، هەژمارێتر بووە. لە ڕابردوودا تاک لە لایەن بنەماڵەی بەربڵاوی خۆی و دەوروبەرییەکانی پشتیوانی لێ دەکرا و بۆ هاوسەرگیری نیگەرانییەکی ئەوتۆی نەبوو بەڵام ئێستا بە کەمتربوونی هاندان و داکۆکیی گشتی بۆ هاوسەرگیری، ڕوانینی ئابووریی عەقڵانی سێبەری خستۆتە سەر زەینییەتی گەنجان. بە پێی ڕوانگەی گەنجانی ئەورۆیی، چوونە ناو ژیانی هاوبەش، تێچوو و کێشە و گرفتاریی خۆی هەیە. هەروەها هەلەکانی کاریش سنووردارتر بۆتەوە، بەتایبەت بۆ گەنجە زانکۆیی و خوێندەوارەکان کە دەست بۆ هەر ئیشێک نابەن. لە پاڵ هەموو ئەمانە، گرانی، هەڵاوسان و چەند قاتبوونی نرخی خانوبەرە، تەندروستی، دەرمان و مادەی خۆراکی کە پێداویستییەکانی ژیانن، فاکتەری کاریگەرن. کەواتە لە وەها پانتایەکدا، گەنج بە عەقڵە ژمێریارەکەی و بە پێی هەڵبژاردە عەقڵانییەکەی بیر لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی ناکاتەوە.

"پیاو، 32 ساڵە، خەڵکی ئیسفەهان
هۆکارەکەی (ئەنجامدانی هاوسەرگیریی سپی) کە وتم: کێشەی ئابووری و سێکسییە. بە هۆی ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە لە دۆخێکی باشدا نەبووین نەمانتوانی بە شێوەی دایمە و بۆ هەمیشە هاوسەرگیریی بکەین."

لە ناوەڕۆکی دیمانەکاندا دەردەکەوێ کە بارودۆخی نالەبار بۆ گەنجانی ئەوڕۆیی کە لە لایەن بنەماڵەکان یان کەلتووری هەڵەوە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە یەخەی گەنجانی گرتووە بۆتە هۆی ئەوەی گەنج بڕیاردان بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی وەدوا بخات.

بێکێر (1974,Becker) بە خستنە ڕووی تیۆریی ئابووریی هاوسەرگیری باسی دەوری بڕیاردانی تاک بۆ هاوسەرگیریکردن یان سەڵتمانەوە بە پێی بەرژەوەندیی و تێچووی ئەم هاوسەرگیرییە دەکات. بە پێی ئەم تیۆرییە دەتوانین بڵێین هاوسەرگیری وەکوو دیکەی هەڵسوکەوتە ئابوورییەکان مۆدێلی بە زۆرینەکردنی دڵخوازییە، واتە هاوسەرگیری کاتێک ڕوو دەدا کە ئاستی دڵخوازیی هەر دوو لایەنەکە بەرز ببێتەوە. لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابوورییەوە نە تەنیا دڵخوازی تێدا نییە بەڵکوو هەندێ پرسی وەکوو بڕەمارەیی و شیربەها، بێکاری، مەندی و هەڵاواسانی لەو فاکتەرانەن کە گەنجان خۆ لە هاوسەرگیریی فەرمی دەبوێرن و وەک ڕێکارێک سەیری هاوسەرگیریی سپی یان پێکەوەبوون دەکەن کە تێیدا ئاستی دڵخوازییەکەیان دەگاتە ئەوپەڕی خۆی.

لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانین ئاماژە بەو گۆڕانکارییانە بکەین کە لە نەوەی گەنجی دەیەی 60 و 70ی هەتاوی بە ڕاشکاوی دەبینرێ، گەنجان کە زۆربەیان خوێندکار و دەرچووی زانکۆن لە بنەماڵەی ناوەکی گەشەیان کردووە و لە ڕووی تاکایەتی و ئابوورییەوە سەربەخۆن. بە هۆی کەمبوونی هەلی کار لە بەڕێوبەرایەتیە دەوڵەتییەکان و پەرەسەندنی کەرتی تایبەت، گەنجانی خوێندکار بە ژن و پیاوەوە بەرەو شارە گەورەکان کۆچ دەکەن و سەرقاڵی کار و ئیشکردن لە کۆمپانیاکان دەبن. لە چاو شارە بچووکەکان چاودێری لە شارە گەورەکان بوونی نییە و تاکەکان لەو بینا و ئاپارتمانانەدا ژیان دەکەن کە سنووری تایبەت بۆ یەکتر بە بابەتێکی ئاسایی دەزانن. کۆمپانیا تایبەتەکان و بەستێنە کارخولقێنەکان لە شارە گەورەکان کە ژنان و پیاوانی خوێندکار کە هەندێ جاریش ئەو

بوارەی تێیدا ئیش دەکەن پەیوەندیی بە بواری خوێندنەکەیانەوە نییە، هەلی یەکترناسینی تاکەکان دەڕەخسێنن و ئەو کچ و کوڕانەی کە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هاوشێوەیان هەیە، پێکەوە ئاشنا دەبن کە هەر ئەمە بەستێنی بیچمگرتنی هاوسەرگیریی سپی خۆش دەکات.

ئافرەت، 32 ساڵان خەڵکی تاران
لە کۆمپانیایەکدا دامەزرام ئەویش لەوێ کاری دەکرد و بە هۆی ئەوەی پێکەوە هاوکار بووین پاش ماوەیەک ئاشنا بووین و ئەم پەیوەندییە بیچمی گرت.

پێویستیی هاوسەرگیری بەتایبەت لە ژیانی نوێی شاریدا، بوونی سەربەخۆیی ئابووری و سەقامگیریی کارە بۆ ئەوەی هاوسەرەکان توانای بەڕێوەبردنی ژیان و دابینکردنی چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکانیان هەبێت. ئەم بابەتە بەتایبەت لە هەندێ کۆمەڵگای وەکوو ئێران زیاتر لە ئەستۆی پیاوانە بە جۆرێک کە بەڕێوەبردنی ژیان لە ڕووی ئابوورییەوە بە شێوەی پێداگرانە وەک یەکێک لە ئەرکەکانی پیاو پێناسە کراوە، ناتوانین بوونی ژنان لە بازاڕی کار لە شارە گەورەکاندا پشتگوێ بخەین. فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە تێکەڵ بە دابەشکردنی کاری ڕەگەزییە کە لە بنەڕەتەوە لە ئامۆژە ئایینییەکانەوە سەرچاوەی سەندووە کە کەلتووری ئێرانیش لەم حاڵەتە بەدەر نییە. ئەو ئەرکانەی کە لە کەلتووری ئێرانی – ئیسلامی و بە پێی یاساکان بۆ پیاو وەک هاوسەر پێناسە کراوە بریتییە لە بازنەیەکی بەربڵاوی ئەرکەکان بەتایبەت ئەرکە ئابوورییەکان. بڕەمارەیی، نەفەقە، دابینکردنی لانیکەمی ئاستی بژێوی و ... هەموو ئەمانە ڕێبازگەلێکن کە پێشتر بۆ پیاوی خێزاندار دیاری کراون. لە بەرامبەردا ئەم فەرهەنگە باڵادەستە لە کۆمەڵگادا ئەرکی ئابووریی دیاریکراوی بۆ ژن دیاری نەکردووە و دابینکردنی تێچووی ژن خراوەتە ئەستۆی پیاو. ئەگەر تەنانەت ژن سەرچاوەی داهاتیشی هەبێ دیسانیش ئەوە پیاوە کە دەبێ نەفەقە، بڕەمارەیی و ... بدات. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە کردەوەدا ئەوانەی ئاماژەیان پێ کرا هیچی

نایەنە دی یان لە کۆمەڵگا و لە چوارچێوەی بنەماڵەکاندا بە تەواوەتی جێبەجێ ناکرێت.
لە بارودۆخێکدا کە هەلی هەبوونی پیشـــەیەکی گونجاو کە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا لە بەڕێوەبردنی ژیانێکی ئاســـایی وەدی بێنێ بوونی نییە و لە هەمان کاتدا هەوڵی ژنان بۆ کەمکردنەوەی نایەکسـانییە ئابورییەکان و وەدەسـتهێنانی هەلی کاری دەبێتە هۆی گۆڕانی ئابووریی بنەماڵە و پێداچوونەوە بەم ســـیســـتەمە، باشـــتر وایە ڕێکارگەلی وەکوو هاوماڵی لەو بارودۆخەی باس کرا بە کار بهێنرێت. لەم چەشـنە پەیوەندییەدا بۆ کاروبارە ئابوورییەکان هاوبەشـی لە ئارادایە و دوو کەسـی هاوماڵ بە شـێوەی یەکسـان هاوبەشـانە بژێوییەکەیان دابین دەکەن.
کەواتە بارودۆخی زۆرینەی سـوود و دڵخوازیی تیۆریی بێکێر یان هەڵبژاردنی ژیرانەی کۆڵمەن دەتوانین بڵێین هاوسـەرگیریی سـپی و پێکەوەبوون دەرەنجامی عەقڵانییەتیی ئابووریی زیاترین سـوود و کەمترین زیانە. بەم پێیە هاوسەرەکان بە هەژماردنی عەقڵانی ئەو ڕێکارانە دەگرنە بەر کە بە جۆرێک پێداویستییەکانیان دابین بکەن و کەمترین زیانی بۆیان هەبێت.

### 2-4-3. چوارچێوەی یاسایی و فەرمی

یاسـای مەدەنی، هاوسـەرگیری بۆ سـەر دوو چەشـنی هەمیشـەیی و کاتی [کاتی / مۆتعە و سـیغە] دابەش کردووە و کاریگەریی جیاوازی لە سەر ئەم دوو چەشنە هاوسەرگیرییە داناوە. ئامانجی هاوسـەرگیریی سـپی یان پێکەوەژیان ئەو هاوسـەرگیرییەیە کە کچ و کوڕ بە بێ پێناسـەکردنی پەیوەندییەکەیان کە بە شێوەی فەرمی و مارەبڕینی هەمیشەیی بێ یان کاتی، لە ناو ماڵێکدا ژیانێکی هاوبەش دەست پێ دەکەن. هۆی ناونانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە، سپیمانەوەی ناسنامەی کچ و کوڕ و نەنووسـرانی ناوەکانیان لە ناسـنامەی یەکترە. بە واتایەکی دیکە ئەم چەشـنە هاوسـەرگیرییە لە نوسـینگەدا تۆمار ناکرێت. لە سـیسـتەمی یاسـایی و فیقهیی

کۆماری ئیسلامیدا هاوسەرگیریی سپی نە تەنیا شەرعێتیی یاسایی نییە بەڵکوو لە ئەگەری ئەنجامدا سزای یاسایی بە دواوەیە. هەڵبەت شرۆڤەیەکی دیکە لەم چەشنە هاوسەرگیرییە بوونی هەیە کە ئەو کەسانە ئەنجامی دەدەن کە تەنیا هاوماڵن و پەیوەندیی سێکسییان نییە و بە هۆی سپیمانەوەی مەلافە بە ئاماژە بە سێکس‌نەکردن ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە بە هاوسەرگیریی ساختە دەزانن کە لێرەدا مەبەست شرۆڤەی یەکەمیەتی.

لە شیکاریی دیمانەکاندا بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ کام لەو هاوسەرانەی کە ئەزموونی پێکەبوونیان بووە هیچ زانیارییەکیان لە بارەی سزای ئەنجامدانی هاوسەرگیریی سپی نەبوو و تەنیا دانیان بە "تاوانبوون"ـەکەی دانابوو و لە سزای قەمچی و بەردباران و سێدارە ئاگادار نەبوون.

پیاو، 26 ساڵان خەڵکی ئیسفەهان

پێموایە ئەوەی کە پرسیتان یاسایەک هەیە یان نا؟ بەڵام ڕاستییەکەی من شتێکی ئەوتۆ لە بارەی یاساکەی نازانم بەڵام لە وڵاتانی ئەورووپی لەم چەشنە پەیوەندییانە داکۆکییان لێ دەکرێت. من یاسای پەیوەست بە هاوڕەگەخوازەکان واتە ئەو کەسانەی کە هاوڕەگەزن و پێکەوە سێکس دەکەن لە وڵاتانی دیکەدا یاسای تایبەت بە خۆی هەیە و بێگومان ئەمەش یاسای هەیە بەڵام من بێ‌ئاگام.

هاوسەرگیریی سپی لە ئێراندا وەک دیاردەیەکی ڕێگەپێنەدراو لێی دەڕوانرێ کە دوو تاوانی سەرەکی لە خۆی گرتووە و دەتوانێ بناغەی دیکەی تاوانەکان بێت:

ئـ) سەرنەگرتنی هاوسەرگیری لە نێوان ژن و پیاودا (لایەنەکان)

ب) دروستبوونی پەیوەندیی ناشەرعی و زینا و تاوانی لەو چەشنە.

ئەگەر بە تەنیا پەیوەندیی ناشەرعی و زینا ڕەچاو بکەین لە حاڵەتە جیاجیاکانی یاسای سزای ئیسلامی هەندێ سزا بەدی دەکەین. لە بەشی هەژدەهەمی یاسای سزای ئیسلامی لە پرسی

تاوانەکانی دژ بە پاکداوێنی و ئەخلاقی گشـــتی، لە مادەی 637 هاتووە: "هەر کات ژن و پیاوێک کە پەیوەندیی هاوسـەرێتی لە نێوانیاندا نەبێ، تووشـی پەیوەندیی سـێکسـیی ناشـەرعی یان کـاری داوێنپیســـانـەی بـەدەر لـە زینـا جگـە لـە زینـا وەکوو ماچکردن[1] یان هاوسەرین[2]"یان لێ بووەشێتەوە، بە 99 قەمچی سزا دەدرێن و ئەگەر کارەکە لە ڕووی ناچاری و زۆرەملێیەتی بێ تەنیا کەسی زۆردار سزا دەدرێت."

لە ڕاستیدا، پەیوەندیی ناشـەرعی و تەنانەت سێکسـی خوار زینا لە یاسـاکانی ئێراندا سـزای لێ دەکەوێتەوە؛ ئێسـتا ئەگەر تاوانبارانی پەیوەندییە ناشـــەرعییەکە ژندار یان بێژن[3] بن و زینا یان کەمتر لە زینایان لێ وەشـــابێتەوە بە پشـــتبەســـتن بە مادەکانی 225 و 230 ســـزایان بۆ دیاری کراوە. هەروەها لە مادەی 225ـــــی یاسای سزای ئیسلامی پەسندکراوی 1392/2/1 هاتووە: "حەدی زینا بۆ زیناکاری ژندار و مێرددار بەردباران کردنە. لە ئەگەری نەڕەخسـاوبوونی بەردبارانکردن لە سـەر پێشـــنیـاری دادگـای فـەرمـانـدەری حوکمی یـەکلاکراوە و ڕەزامەندیی ســـەرۆکی دەزگای داد ئەگەر تاوان بە بەڵگەی ڕوون ســـەلمێنرا بێ ئەوە دەبێتە هۆی لە ســـێدارەدانی پیاوی زیناکاری ژندار و ژنی زیناکاری مێرددار[4] و بەدەر لەم حاڵەتە سزا بۆ هەر کامیان سەد قەمچییە" و ئەمە لە مادەی 230 هەمان یاسا هاتووە: "حەدی زینا لەو حاڵەتانەی کە تاوانبار بێژن بێ، سەد قەمچییە."

هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی، ئەگەر بە پێی شـەرع و یاسـا بکرێ ئاسـەواری ئابووری و نائابووری لێ دەکەوێتەوە. لە ڕاستیدا ئەنجامی هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی بە شێوەی فەرمان لە لایەن یاسـادانەرەوە دیاری دەکرێ و کۆمەڵە ڕێسـاکان، بـارودۆخی ئـابووریی تـایبـەت بـەدی دێنن کـە پێویسـتیـان بـە

---

1. تقبیل
2. مضاجعه
3. سەڵت
4. هاوسەردار

تۆمارکردن لە نووسینگە فەرمییەکانە بەڵام سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی لە ئەگەری تۆمارنەکرانی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە، تەنیا لە ئەگەری سەلماندنی دەتوانین لە داکۆکیی یاسایی سوودمەند بین. بۆ وێنە تەنیا لە حاڵەتی تۆمارکردنی هاوسەرگیری یان سەلماندنی هاوسەرگیریی کاتییە کە ئەو منداڵەی کە لە ئەنجامی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییەدا لەدایک دەبێ ناسنامەی پێ دەدرێت. بەڵام ئەو منداڵانەی کە لە ئەنجامی هاوسەرگیریی سپیدا لەدایک دەبن بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زۆڵ لە قەڵەم دەدرێن و لە ڕووی یاساییەوە لە ناسنامە، نەفەقە و میرات بێبەشن.

لە مادەی 20ی یاسای پشتیوانیی بنەماڵە پەسەندکراوی ساڵی 1392ی هەتاوی لەم بارەوە هاتووە: "تۆمارکردنی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، هەڵوەشاندنەوەی، گەڕانەوە و ڕاگەیاندنی هەڵوەشانەوەی نیکاح یان تەڵاق پێویستە." هەروەها بە پێی مادەی 21ی هەمان یاسا، تۆمارکردنی نیکاحی کاتی تەنیا لە حاڵەتگەلی وەکوو دووگیانبوونی ئافرەت، ڕەزامەندیی لایەنەکان و مەرجە لاوەکییەکانی مارەیی پێویستە. بە پێی ناپێویستبوونی تۆمارکردنی هاوسەرگیریی کاتی لەو حاڵەتانەی کە هاوسەر دووگیان نییە، لەوانەیە کچ و کوڕێک کە لە چوارچێوەی هاوسەرگیریی سپیدا پێکەوە ژیان دەکەن پشت بە سیغەی مەحرەمێتی و هاوسەرگیریی کاتی ببەستن.

هەڵبەت لەوانەیە لە پەیوەندییەکانیاندا هەندێ کێشە ڕوو بدا کە لە پلەی یەکەمدا ئەم لێکەوتانە ئاوقانی ژنان دەبێتەوە. ئەگەر ژن لە درێژەی ئەم ژیانە هاوبەشەدا ڕووبەڕووی توندوتیژیی فیزیایی و سێکسی و بە شێوەی گشتی هەموو چەشنەکانی توندوتیژیی خێزانی ببێتەوە یاسا داکۆکی لە سەر ناکا؛ منداڵەکەی لە ناسنامە و خوێندن و مافی شارۆمەندی بێبەش دەبێ و ناتوانێ داوای نەفەقە بۆ خۆی و منداڵەکانی بکا و ئەگەر لە لایەن هاوبەشەکەیەوە کەڵکاوەژۆیی لێ بکرێ ناتوانێ سکاڵا و ناڕەزایەتییەکەی بباتە دادگا. لەم چەشنە ژیانە هاوبەشە یان هاوژینییەدا، لایەنەکان میراتیان لە یەکتر ناکەوێ

و لەوە زیاتر ژن ناتوانێ لە بیمە کۆمەڵایەتییەکانی هاوبەشەکەی کەڵک وەربگرێت. ژنان لەم چەشنە پەیوەندییەدا هەمیشە لەبەردەم خەسارەتی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و تەنانەت جەستەییدان و پێکهاتەی یاسایی کۆماری ئیسلامی لە ئێران ناتوانێ ئاسایشی ژنان دابین بکا و داکۆکیکارێکی شیاوی ژنان بێت.

لە ئاراستەی تاوانسڕینەوەی هاوسەرگیریی سپیدا هەندێ لەو بژێرانەی کە لە هاوسەرگیریی فەرمیدا لە لایەن یاساوە دابەزێنراون و داکۆکییان لە پارێزراوی "پێکەوەبوونی ڕەوا" دەکرد لە هاوماڵیدا بوونیان نییە. نە تەنیا بڕەمارەیی، نەفەقە، میرات و ... لەم شێوە پێکەوەبوونەدا بوونیان نییە بەڵکوو ئەگەر وەک شارۆمەندێک سەبارەت بە شتێک کە پەیوەست بە هاوماڵییە، سکاڵا ڕادەستی سیستەمی داد بکەن پرسی تاوانێک دێتە ئاراوە کە بەدواداچوونی یاسایی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە "سیستەمی یاسایی" وەک داکۆکیکاری "پشتیوانی لە سووژە" پێناسە نەکراوە و ئەگەر داوای دەستێوەردانی یاسایی بکرێ، تاوانەکە سڕ دەکرێ کە ئەگەری ئەوەی کە ئەم پرسە ببێتە بیانوویەک بۆ سەپاندنی توندوتیژی لە لایەن کەسانی کەڵکاوەژۆچییەوە بەرز دەکاتەوە.

ئەوەی هەتا هەنووکە وترا هەندێ بەڵگەیە کە لە پەیوەندی لەگەڵ یاساکان و چوارچێوە یاساییەکاندا بوونی هەیە بەڵام شایەنی ئاماژەیە کە سەرەڕای ئەوەی بناغەی هاوسەرگیریی سپی لە لایەن یاساوە بە تاوان زانراوە، وێدەچێ ژێدەرە پەیوەندیدارەکان بە شێوەی نەرمینوێنانە هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوسەرگیریی سپی دەکەن. وەک شتێ دەڵێی سڕینەوە یان پەرەسەندنی ئەم پرسە لە لایەن یاسادانەران و بەرپرسانی دادەوە بە ناڕوونی ماوەتەوە و بۆ چارەسەری ئەم بابەتە تێپەڕینی زەمەن بە باشترین ئاراستە دەزانن.

### 3-4-3. پێکهاتە ئابوورییەکان

بیچم، بنیات یان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گشتێتییەکی ئاڵۆز، تێهەڵکێشراو، بناغەیی و هەبوونیی سەرەکیی بابەت و دیاردە

کۆمەڵایەتییەکانە کە هەمیشە لە حاڵی گۆڕان و وەرچەرخاندایە. ئەم گۆڕان و وەرچەرخانە لە ئاراستەی ڕێکخستن و سازکردنەوەی خۆیەتی بۆ ئەوەی چالاکی و نەرمی‌نوێنیی خۆی هەم لە پاژە و هەم لە گشتێتیی کۆمەڵەی خۆیدا وەدەست بێنێتەوە. کەواتە دەتوانین پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەم شێوە پێناسە بکەینەوە: گشتێتی یان کۆیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە هەندێ پاژە پێک هاتووە کە کەم تا کورتێک گرێدراو بە یەکترن و لەگەڵ یەکتر پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە. لە بەشی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ڕوانگەی دەوروبەرییەکان، ڕوانگەی گشتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی سپی و لێکدانەوەی گۆڕانی هاوسەرگیریی سپی بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی لە پەیوەندییە هاوماڵییەکاندا تاوتوێ دەکرێت.

### 3ـــ4ـــ3ـــ1. ڕوانگەی گشتیی کۆمەڵایەتی، ئاگاداری و کاردانەوەی دەوروبەرییەکان

یەکێک لە گرینگترین شۆڕشە سێکسییەکان لە ڕۆژاوا پەرەسەندنی پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری بووە. ئەم شۆڕشە بە ئوستوورەسڕینەوە لە پەیوەندیی سێکسی، ئەوی کرد بە بابەتێکی ئاسایی کە زۆر بە ئاسانی لە قۆناغی بەر لە هاوسەرگیری وەدەست دێت. لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی هەندێ سەرچەشنی پەیوەندیدار بە سێکس‌کردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر نە تەنیا پەرە پێدەری پەیوەندییە سێکسییەکانی بەر لە هاوسەرگیری هەتا ئاستی سۆزدارییە بەڵکوو بۆ سەر ئاستی ژیانی هاوبەشی بێ هاوسەرگیریی نێوان ژن و پیاو بەرزی کردەوە. لەم نێوانەدا جیا لە پرسە ئابوورییەکان، گۆڕانکاری لە بەها و نۆرمەکانیش لە بیچمدان بەم پەیوەندییە سێکسییانە دەوریان هەیە. یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی هاوماڵی، لاوازکردنی بنەما فەلسەفییەکانی هاوسەرگیری لە وڵاتانی ڕۆژاوایی بوو. بەم پێیە گۆڕانی ڕوانگەکان سەبارەت بە چەمکی بنەماڵە، هاوسەرگیری و هەڵکشانی ڕێژەی فرەچەشنیی ئەم پەیوەندییانە دەتوانێ بەستێنەکانی بیچمگرتنی پێکەوەبوون خۆش بکات.

لە ئێراندا سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندیی سۆزداری و سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری یان لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری دژی نۆرمە نەریتی، ئایینی و فەرهەنگەییەکانە، تەنانەت لە لایەن یاساوە قەدەغە کراوە، بەڵام هەندێ بەڵگە لەم ساڵانەی دواییدا پیشاندەری ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی ئەم چەشنە پەیوەندییانە لە ناو گەنجان بووە. توێژینەوەکان پیشان دەدا کە پتر لە نیوەی کچانی خوێندکاری زانکۆی تاران لە ساڵی 84-85ی هەتاوی بەر لە هاوسەرگیری پەیوەندی و دۆستایەتییان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر و نزیکەی یەک لە سەر چواریان پەیوەندیی نزیکتر واتە سێکسیان بە ئەزموون کردووە. لە شاری تاران 20 بۆ 60 لە سەدی گەنجانی گرووپی تەمەنیی 18-14 ساڵ لەگەڵ یەک یان چەند کەس لە ڕەگەزی بەرامبەر سێکسیان کردووە. لە لایەکی دیکەشەوە، لێکۆڵینەوەکانی دیکە پیشان دەدا کە پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری پەیوەندیی پێچەوانەی لەگەڵ ڕەزامەندیی ژن و مێردی هەیە و لێکەوتەی کۆمەڵایەتیی زۆری بە دواوەیە ( عەلیتبار و هاوکاران، 1393).

ئەم توێژینەوە لە سەر ئاستی هەر سێ گەورەشاری تاران، ئیسفەهان و مەشهەد دیاردەی هاوسەرگیریی سپی یان هاوماڵی لێک دەداتەوە. سەرەڕای ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەم شارانە هاوشێوەی یەکتر نییە، کاتێک کە ڕووبەڕووی دیاردەگەلی وەکوو هاوماڵی و ڕوانگەی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بەم دیاردە دەبینەوە هەندێ لێکچوون بەدی دەکەین. ئەم ڕوانگە بێگومان هەڵقوڵاوی ڕوانگەی ئایینیی زۆرینەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی بەرتوێژینەوەیە کە سێبەری خستۆتە سەر نۆرم و بەهاکان و تەنانەت سەرەڕای کاڵبوونەوەی باوەڕە ئایینییەکان، لە شێوازی ژیان و فەرهەنگ و کەلتووری زاڵی کۆمەڵگادا بنجی داکوتاوە.

سەرەڕای ئەوەی بە هۆی هاتنی مۆدێرنیتە بۆ ناو ئێران بەهاکان تووشی گۆڕان هاتوون، کۆمەڵگای ئێرانی بە چاوی ئایینی و ئایینزاییەوە لەم دیاردە کۆمەڵایەتییانە دەڕوانێت. لەم ڕوانگەوە هاوسەرگیری پەیمانێکی خوداییە کە مەرجی تایبەتی

لە خۆ گرتووە. ئەم پەیمانە پیرۆزە گرێبەستێکی تۆکمە و سەرتر لە گرێبەستە گشتییەکانە. لە ڕوانگەی جەماوەرییەوە، هاوسەرگیری کارێکی جوان و پەسەندکراوە کە دەبێ هەر چی زووتر ئەنجام بدرێ و وەدواخستنی هاوسەرگیری بە جۆرێک ناتەگبیری لە قەڵەم دەدەن. وەک لە شێعر و پەندەکاندا هاتووە "در کار خیر حاجت هیچ استخاره نیست" (کاری خێر نابێ وەدرەنگ بکەوێت). دیارە سەرەڕای گۆڕانکاری لە بەها و نۆرمەکان بەتایبەت لە ناو نەوەی گەنجدا هێشتا ڕوانگەی کۆمەڵگا بەرامبەر بە هاوسەرگیریی فەرمی وەکوو خۆی ماوەتەوە و شێوازگەلی وەکوو هاوسەرگیریی سپی و بیچمەکانی دیکەی پەیوەندیی هاوماڵی و پێکەوەبوون بە قبووڵنەکراو دەزانن. بنەماڵە و کۆمەڵگا ئەو بەها و نۆرمانە بۆ تاک دەچەسپێنن کە زۆر لە مێژە لە لایەن ئەو کۆمەڵگاوە قبووڵ کراوە و خاڵی هاوبەشیانە. پرۆسەی کۆمەڵگاگری دوو حاڵەتی هەیە: یان ئەو کەسە ئەو نۆرم یان بەهایە بە دەروونی دەکا و پێی پابەند و سوورە یان خاڵی پێچەوانەکەی کە ملکەجییە و تاک بەها و نۆرمەکان ناچەسپێنێ و تەنیا لە ڕووی ناچارییەوە جێبەجێیان دەکات. لەم حاڵەتەدا تاک هەموو هەلێک بۆ لادان لە بەها و نۆرمەکان دەقۆزێتەوە.

بە پێی ڕوانگەی کۆمەڵناسانە، دەتوانین هاوسەرگیری بە پەیوەندیی سێکسیی نێوان دوو کەس پێناسە بکەین کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە قبووڵ کراوە و بە فەرمی ناسراوە (گیدنێز، 1373: 781). بە واتایەکی دیکە یەکەیەکە کە لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە ناسراوە و لە سۆنگەی یاساییەوە پشتڕاست کراوەتەوە و لە ژنێک و پیاوێک پێک دێت.

بە گوێرەی ئایینی ئیسلام کە ئایینی فەرمیی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگایە و یاسا بە پێی ئەو داڕێژراوە، هاوسەرگیریی فەرمی تاکە بیچمی پێکەوەبوونی سێکسییە کە شەرعێتیی ئایینی و یاسایی هەیە. شێوازی ژیانی تاکەکان و پەیوەندییەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیری لە ماوەی ئەم چەندین ساڵەدا لە سەر بنەمای ئەم سەرچەشنە بیچمی گرتووە و نۆرمە کەلتوورییە زاڵەکان جۆرە پێکەوەبوونێک قبووڵ

دەکەن کە لە چوارچێوەی هاوسەرگیریی فەرمی و گونجاو لەگەڵ فەرهەنگ و کەلتووری ئەو ناوچە بێ و هەر شتێک لەم چوارچێوە بترازێ ڕەتی دەکەنەوە. بێگومان ناڕەوابوونی پەیوەندیی سێکسیی لە دەرەوەی عورف دەتوانێ تاکەکان بەرەو هەندێ کارلێک هان بدا کە ببێتە هۆی پەیوەندیی سێکسیی پەنامەکی. وەک لە زۆربەی دیمانەکاندا دەرکەوت سووژەکان ئامادە نین هاوماڵییەکەیان ئاشکرا بکەن. زۆربەی وەڵامدەران پێیان وابوو بنەماڵەکان بە هۆی بەها و نۆرمی هەمەچەشنەوە ناتوانن لەم پەیوەندییانە تێبگەن و دەبێ لێیان بشاردرێتەوە. ئاشنا و ناسیاوەکانیش نابێ خۆ لەم ژاینە نهێنییە هەڵبقورتێنن. ئەوەی لێرەدا گرینگ بوو گرووپی هاوڕێیان بوو. بەو پێیەی کە زۆربەی ئەوانەی هاوماڵ بوون لە ناو گرووپی دۆست و هاوڕێیان، لە میوانی، زانکۆ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکتریان ناسیبوو، لە ژیانی هاوڕێکانیان ئاگادار بوون و لە لایەن ئەوانەوە کاردانەوەیەکی چاوەڕواننەکراویان بەدی نەکردبوو.

> ژن، تەمەن 27 ساڵان خەڵکی تاران
> هەموو هاوڕێ و خوشک و براکانم بەمە دەزانن. کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبووە. باوک و دایکم نازانن. دەزانن دۆستم هەیە بەڵام نازانن لەگەڵی دەژیم.

گرووپی هاوڕێیان وەک ژێدەری سەرەکیی ناساندنی ئەم پەیوەندییانە یەکەمین کەسانێکن کە لە پەیوەندیی هاوماڵی ئاگادار دەبن و گەنجان لەم قۆناغە زەمەنییەدا وەک بەهایەکی مۆدێڕن و نوێخوازانە لێی دەڕوانن. لە کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێراندا ئەمە گرینگە کە خزمانی نزیک بە پێی بەها نەریتی و ئایینیەکان ئەم چەشنە پەیوەندییە قبووڵ ناکەن؛ کەواتە لێیان دەشاردرێتەوە و ئەگەریش بەمە بزانن ئامادە نین دەریببڕن. دەتوانین بڵێین ئەو نەوە گەنجەی کە گرینگیی بە نۆرمە ئایینی و نەریتییەکان نادا و پەیوەندیی هاوماڵی بە سنووری تایبەتیی خۆی دەزانێ، ئەم چەشنە پەیوەندییە لە لایەن هاوڕێکانی بە سروشتی و نۆرمدار لە قەڵەم دەدات. ڕوانگەی

گشتی و جەماوەریی کۆمەڵایەتی لە سەر بنەمای کەلتووری باوە و ئەم چەشنە پەیوەندییانە پەسەند ناکەن بەڵام هەڵکشانی ڕێژەی ئەم چەشنە پەیوەندییانە دەبینێ و لە هەمان کاتدا هیچ ڕێ دەرەتانێکی نییە جگە لەوەی خۆڕاگری بنوێنێت.

دەتوانین لە چوارچێوەی لێکدژیی بەهاکان پەیوەندییە هاوماڵییەکان شرۆڤە بکەین. لەم ئاراستەدا پرسی هاوسەرگیری بارودۆخێکە کە لەگەڵ بەها و بایەخی هەندێ لەو گرووپانەی کە ئەندامەکانی لە بانگەشەی پێویستیی داپەڕین بۆ پرسەکان سەرکەوتوو بوون، نەسازگارن و هۆی پرسی کۆمەڵایەتی هەر ئەم لێکدژیی بەها و بەرژەوەندییانەیە. گرووپە جیاوازەکان بە هۆی ئەوەی بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە دژ بە یەک دەوەستنەوە و ئەم ڕووبەڕووبوونەوە کێشەی کۆمەڵایەتی بەدی دێنێت (رابینگتن و واینبرگ، 1393: 67 - 66). لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین لە بارودۆخی لێکدژیی بەها و نۆرمیدا کۆمەڵێک بەها و نۆرمی لێکدژ بوونی هەیە. بۆ وێنە ئەو ژنانەی کە هۆگریی فیمینیستییان هەیە و باڵاپۆشکردن بە هۆکارێک بۆ سەرکوتی ژنان و ڕێگریی لە ئازادیی ژنان دەزانن و بە نۆرمگەلی وەکوو لە سەرکردنی سەرپۆشی سپی و لابردنی باڵاپۆش بانگەشە بۆ بەهای ئازادی دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی فەقێیان و حکوومەتی ناوەندی وەک بەهایەکی ئیسلامی و پارێزراویی ژن لە باڵاپۆش دەڕوانن و ژنان ناچار بە پۆشینی باڵاپۆش دەکەن. دەتوانین هەر بەم شێوە هاوماڵیش وەک لێکدژیی بەها و بایەخەکان سەیر بکەین. هەندێ لە گەنجانی ئەوڕۆیی شێوازی ژیانی ڕۆژاوایی بە دڵخواز دەزانن و هەندێک پەردەی کچێتی بە هێمای پاکداوێنیی ژن نازانن و تێرکردنی خواستە سێکسییەکەیان بە شێوەی ئازادانە بە مافی خۆیان دەزانن. لە لایەکی دیکەشەوە ڕوانگەی گشتیی کۆمەڵگا هاوسەرگیریی فەرمی یان هاوسەرگیریی کاتی بە تەنیا هۆکاری تێرکردنی خواستە سێکسییەکانیان دەزانن. ئەم لێکدژیی بەهایانە لە سەر ئاستی کۆمەڵگادا بە باشی دەبینرێ و لەم چوارچێوەدا دەتوانین ئەمە وەک بەهابێزیی گەنجانی مۆدێڕن لە شێوازی ژیانی نەریتانە لە قەڵەمی بدەین و لەگەڵ

هاتنی بەها مۆدێرنەکان بۆ ناو کۆمەڵگای ڕوو لە تێپەڕینی ئێرانی ئەم چەشنە بەهایانە نە تەنیا لە سەر ئاستی کۆمەڵگا بەگشتی بوون بەڵکوو ژێر بە ژێر ئەنجام دەدرێ و نەخوازراوانە قبووڵ دەکرێت.

ئەگەرچی چەندین فاکتەر کاریگەرییان لە سەر گۆڕانی سەرچەشنە باوەکان بووە، چونکە بەردەنگی ئەم گۆڕانکارییانە نەوە گەنجترەکانن، جۆرێک جیاوازیی ڕوانگە و کەلێن لە نێوان نەوەکان بەدی هاتووە کە زۆینەی کۆمەڵگا چاویان بە گۆڕانکارییەکان هەڵنایە. لەو گۆڕانکارییە گرینگانەی کە لە ماوەی ئەم چەند دەیەی دواییدا ڕووی داوە، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی بنەماڵەیە. پێناسەکردنەوەی ڕۆڵ و دەورە ئەنجامدراوەکان، هەڵکشانی ڕێژەی سەربەخۆیی ژنان، هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق و ... پیشاندەری گۆڕانی سیستەمی بنەماڵە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردووەدان. ئەم گۆڕانکارییانە هەلی ژیانی سەربەخۆیی لە ژێر چاودێریی دایک و باوک بۆ تاکەکان دابین دەکا و ئەو سنووردارییەی کە لە ڕابردوودا هەبوو کە منداڵان هەتا کاتی هاوسەرگیری ناچار دەبوون لەگەڵ دایک و باوکیان ژیان بکەن، کەم بۆتەوە.

ئەم کۆمەڵە فاکتەرانە سووژە تووشی نانۆرمیی کۆمەڵایەتی و پووچەڵبوونی چوارچێوە نەریتییەکان دەکەنەوە. ئەم گۆڕانکارییانە سەرەڕای ئەوەی لە سەرتاسەری وڵاتی ئێراندا ڕوو دەدا، بەڵام لە شارە بەرتوێژینەوەکاندا ئەم بارودۆخە تۆخترە.

لەم توێژینەوەدا ڕەواڵەتی ئەم ئیدەعایە لە کەڵێنشاری تاراندا بەدی دەکرێت. ئەو بەشداربووانەی کە لەم شارەدا نیشتەجێ بوون دژی چوارچێوە نەریتییەکان بوون و لە دەربڕینی ئەم شێوازی ژیانە نەترس بوون. لە بەرامبەردا بەشداربووانی شارەکانی مەشهەد و ئیسفەهان کارلێکەکەیان بە نانۆرمی و نەشیاوی سەیر دەکرد کە لەگەڵ نزیکبوونەوە لە تەمەنی هاوسەرگیری کۆتایی پێ دێت. لە ڕاستیدا بە پێی نەریتخوازی و کاریگەریی هەندێ فاکتەری وەکوو ئێتنیکی تاکەکان، کاردانەوە بەرامبەر بەم بابەتە دەتوانێ جیاواز بێت.

پیاو، 27 ساڵە، خوێندکاری ماستەر لە ئیسفەهان
ئەگەر بنەماڵە بەمە بزانن لە سەدا سەد تووشی هەڕەشەیەکی گەورە دەبین: یەک: ئەگەری تاراندن یان ئەگەری کوشتن لە ئارادایە. دوو: زانین لە لایەن دەوڵەتەوە کە لە کۆمەڵگای ئێران سزای بەردباران کردنی لەگەڵە. سێ: ئەگەر کۆمەڵگا بزانێ کە هاوسەرگیریی سپیت کردووە دەست دەکەن بە ناو و ناتۆرەنان و ئەوەندە سووکایەتیی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە کە لەوانەیە لێدان و ئازاری فیزیایی و تەنانەت پساندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ بێت.

### 3ــــ4ــــ3ــــ2. هۆگریی گۆڕانی هاوسەرگیریی سپی بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی

خواست بۆ دامەزراندنی پەیوەندییە مرۆییەکان یەکێک لە خواستە سۆزدارییەکانی مرۆڤە. هاوسەرگیری دۆستانەترین جۆری پەیوەندی بۆ دابینکردنی هەموو خواستە مادی و مەعنەوییەکانە و وەک یەکێک لە قۆناغەکانی گوورانی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێت. هاوسەرگیری پەیمانێکی پیرۆزە کە لە ناو هەموو ئێتنیک و نەتەوەکان و لە هەموو زەمەن و شوێنەکاندا بوونی هەبووە. پەیوەندییەکی دێرین کە تێیدا ژن و پیاو ژیانێکی هاوبەش دەست پێدەکەن و پەیمان نوێ دەکەنەوە کە هاودەم و یار و خەمخۆری یەکتر بن، یەکتر بەختەوەر بکەن، یەکتریان خۆش بووێ و بەو هاوسەرگیرییە کۆتایی بە تەنیایی یەکتر بێنن. لە کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا کۆمەڵێ گرووپی جۆراوجۆر دەژین کە تێیاندا ئاستی جیاوازی بارودۆخی پێش‌مۆدێڕن و پاش‌مۆدێڕن بەدی دەکرێت. لەم گرووپە جیاوازە کۆمەڵایەتییانەدا، بیچمی بنەماڵە و هاوسەربژێرییەک کە لەگەڵ بارودۆخی گرووپ و جۆری بنەماڵە گونجاو بێ، جیاوازە.

بە پێی گۆڕانکارییەکانی هاوسەربژێری و کردنی لە بابەتێکی گشتییەوە بۆ خواستێکی تاکایەتی، عەشق و هۆگریی لە بژێرە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنە و هاوسەرەکان تێدەکۆشن بەر لە هاوسەرگیریی فەرمی پێکەوە پەیوەندییان هەبێ و بە

ناســـینی زیاتر لـە ڕاســـتـەقینـەبوونی عـەشـــق و چۆنـایـەتیی پەیوەندییەکەیان دڵنیا ببنەوە. هەندێجار ئەم پەیوەندییانە کە بۆ ناســینی زیاترە دیاردەی هاوماڵییان لێ دەکەوێتەوە. لە وڵاتانی ڕۆژاوایی و ئەمریکی ئەو چەشـنە ڕوانگە گشـتییە باڵادەسـتە و وەک نۆرمێک لە قەڵەم دەدرێ و لە لایەن یاســاشــەوە داکۆکی لێ دەکرێت. یەکەم هاوســـەرگیرییە ســـپییەکان لە ڕۆژاوا و بـەتـایـبـەت لـە فـەڕەنســـــە و ئـەمریکـا بیچمی گرتووە. لـە هاوســـەرگیریی ســـپیی وڵاتانی ڕۆژاوایی و هەندێ لە وڵاتانی دیکە، هاوبەشـەکانی ژیان ناونیشـانی ژیان و زانیارییەکانیان بە تـەواوەتی دەدەن بـە پۆلیســـــی نـاوچـەکـە و ئـەم زانیـارییـانـە لـە فـەرمـانگـەی پۆلیس تۆمـار دەکرێ بۆ ئـەوەی لـە ئـەگـەری ڕوودانی ناکۆکی، منداڵخسـتنەوە، دابڕان و حاڵەتی لەو شـێوە، کێشــەکە چارەســـەر بکرێت. لە ڕووی ڕێککەوتنی شــێوازی ژیانـەوە هـەموو شـــتێک ڕوونـە و هـەر کـام لـە لایـەنـەکـان بـە ڕێژەی ڕێککـەوتن ئـەرکی خۆیـان لـەم ژیـانـەدا بـە جێ دێنن. ئەگەر لە سـەر دابڕان و جیابوونەوە لەگەڵ یەکتر ڕێک بکەون ئەو بڕە ســامانەی کە لە ماوەی ژیانی هاوبەشـیاندا وەدەسـتیان هێناوە لە نێوانیاندا دابەش دەکرێ و هەر کامیان پشـــکی خۆی بەر دەکەوێ و لێک جیا دەبنەوە، ئەگەر لەم بابەتە ئاگادار بن دادوەرەکـانی دادگـا شـــەڕەکـەیان قبووڵ دەکـەن و گوێیـان لێ دەگرن و ژن هـەر ئـەوەنـدە مـافی هـەیـە کـە پیـاو هـەیـەتی. بـە واتایەکی دیکە لە سیسـتەمی یاسـایی ڕۆژاوادا هاوسـەرگیریی ســـپی و یاســـاکانی پەیوەســـت بەم دیاردە خێزانییە لە لایەن بەرپرسـانی داد و یاسـاوە قبووڵ کراوە. لە وڵاتانی ڕۆژاواییدا ئەگەری ئەوەی کە ئەم چەشـــنە هاوماڵییە بە هاوســـەرگیریی هەمیشـــەیی کۆتایی پێ بێ زیاترە؛ بەڵام لە وڵاتانێکی وەکوو ئێران ئـەم چـەشـــنـە هـەڵســـوکـەوتـە کـە پـەنـامـەکییـە و هیچ پشتیوانییەکی لێ ناکرێ ئەگەری ئەوەی کە ببێتە هاوسەرگیریی هەمیشـەیی کەمترە. دیمانەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو کەسانەی کە هۆگری هاوماڵین کەمتر پێیان خۆشـــە لەگەڵ هەمان کەس هاوسـەرگیری بکەن و هەندێجار بووە کە هاوسـەرگیریی دوو هـاومـاڵ و زۆرینـەی هـاومـاڵـەکـان لێـک ترازاوە و بـە هیچ

چەشـــنێک ئامادە نەبوون لەگەڵ هاوبەشـــە ســـێکســـییەکەیان هاوسەرگیری بکەن.

کچ، 28 ساڵان، تاران،
وتی هەر هاوســــەرگیری ناکەم. ئەگەریش بیکەم جارێ نایکەم. ســــاڵێک جیاوازی تەمەنمان بوو. ئەو کات منداڵ بووین ئێستا تەمەنی 29 ساڵە 6 ساڵ بەر لە ئێستا 23 ساڵان بوو. ئەو کات منداڵتر بووم زۆر بە لامەوە گرینگ نەبوو. ڕاستە ئەو کات کە ویستمان لێک جیا ببینەوە پێک ڕاهاتبووین. بڕیاری دابڕان لە لایەن منەوە بوو.

پیاو، 26 ساڵان خەڵکی مەشهەد
کەمەیل نەبووم. پێم خۆش بوو. هەندێجار پەیوەندیی جیدیشـــم هەبوو بەڵام بە هۆی چەند هۆکارێکەوە جێبەجێ نەبوو واتە ئەگەر هەلمان بۆ بڕەخسێ بیر لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی دەکەمەوە. ئەگەر بابەتێکی باش هەبێ هاوسەرگیریی هەمیشەیی دەکەم بەڵام هەتا ئێستا هیچ کەسم بۆ هەڵنەکەوتووە.

هاوســەرگیریی سپی لە ئێران نە بەو شێوەیە کە لە وڵاتانی ڕۆژاواییدا ڕوو دەدا و نە لە لایەن عورف، بنەماڵە، یاســـا و ئایینی فەرمییەوە قبووڵ کراوە. ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە هاوســەرگیریی سپییان هەیە ئەم بۆچوونە دێنێتە ئاراوە کە ئەو کەسەی کە هاوسەرگیریی سپی هەڵبژاردووە ناکرێ وەک هاوبەشی هەمیشەیی ژیان دەستنیشان بکرێت. ناوەڕۆکی ئەم چەشـــنە هاوســـەرگیرییە بە پێچەوانەی هاوســـەرگیریی هەمیشـــەیی نابەرپرســـایەتی و خۆدزینەوە لە هەندێ لە کلیشـــە ڕەگەزییەکانە. زۆرێک لە دیمانەکان ئەوە دەردەخەن کە هەلی هاوسەرگیریی هەمیشەییان بۆ نەڕەخساوە و هەر لەبەر ئەوە مل بە هاوســـەرگیریی ســـپی دەدەن. ئەم بارودۆخە دەتوانین لە چوارچێوەی تیۆریی ئانۆمی و نانۆرمیدا شی بکەینەوە. واتە هۆگری بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی هەیە، بەڵام بەســـتێنی هاوســـەرگیریی هەمیشـــەیی لەبار نییە و هاوسەرگیریی سپی وەک هەڵسوکەوتێکی نانۆرم لە کۆمەڵگادا

لە لایەن هەندێ لە گەنجانەوە بە پڕبایەخ ســـەیر دەکرێت. ئەم نانۆرمبوونەی هاوســـەرگیریی ســـپی وای کردووە کە گۆڕانی هاوســـەرگیریی ســـپی بۆ هاوســـەرگیریی هەمیشـــەیی کەمتر ببێتەوە.

یەکێک لە بژێرە زۆر گرینگەکانی لێکدانەوەی کەڵێنشـــارە بەرتوێژینەوەکان ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە پانتای شاردا ڕووی داوە کە ژیانی لە یەکە بچووکە ئاپارتمانییەکاندا ڕەخســـاندووە. ئەمە بەش بە حاڵی خۆی لە ڕووی ئابوورییەوە باشـــترە و بێگومان زەختی کۆمەڵایەتیش کەم دەکاتەوە. نەۆمەکان بە میتراژی کەمەوە کە لە ڕووی ئابوورییەوە هەرزانترن بۆ بیچمگرتنی جۆرەکانی پەیوەندییە نائاســـاییەکان بژاردەی گونجاون کە هاوماڵی یەکیانە و زۆر بە ئاســـانی لە چاوی خەڵک و دراوسێکان بە شاراوەیی دەمێنێتەوە بەڵام ئەم چەشنە ژیانە لە گەڕەکەکانی خوارووی شـــار کە هێشـــتا ئەو شـــێوازە نەریتییەیان پاراســـتووە و یان لە شـــارەکانی دیکەدا ئاپارتمان کەمترە و خەڵک یەکتر دەناسن کەمترە.

ئەم بابەتە لە کەڵێنشـــارەکانی مەشـــهەد و ناوچە ئاپارتماننشـــینەکانی قەراغ شـــارەکان یان شـــارۆچکە تازە دروســـتکراوەکاندا بەدی دەکرێت. هەروەها پەرەســـەندنی هاوســـەرگیریی ســـپی لە هەندێ گەڕەکی تاران کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی سەرەوەیە، زیاترە.

یەکێک لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری لە ســـەر گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دادەنێ تەکنەلۆژیایە. هاتنی تەکنەلۆژیای بەردەســـت وەکوو ئەنتەرنێت، ســـەتەلایت و هەلی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شـــێوەی پەنامەکی لەو فاکتەرانەن کە کاریگەریی زۆر لە ســـەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێن. بواری ئاڵوگۆڕکردنی ئایدیا جیاوازەکان، جیهانیبوون و کاریگەری ســـەرچەشـــنە باوە جیهانییەکان لە ســـەر پەیوەندییەکان بۆتە هۆی دوورکەوتنەوە لە نەریت کە ئەمانە بەســـتێنێکی گونجاویان بۆ بەئەزموونکردنی ســـەرچەشـــنەکانی دیکەی پەیوەندی ڕەخساندووە.

دیارە لە وەها پانتایەکدا کە بۆ ژیانی ڕۆژانە ئامرازە

مۆدێرنەکان بە کار دەبرێن بەڵام بناغەی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر نەریت دارێژراوە هەندێک لە خەڵک بۆ دابینکردنی پێویستییەکانیان ئاراستەی نوێ دەگرنە بەر کە لەگەڵ پێکهاتە گشتییەکان ناکۆکە.

بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بگۆڕ بوون. هەندێکیان زەنگین و هەندێکیان بە هۆی دۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی و ئابووری دەیانناڵاند و بە هۆی تێچووی کەمتری ئاهەنگ، کرێنی زێڕ، نووسینگەی تۆمارکردنی هاوسەرگیری و ناپابەندبوون بە یەکتر ئەم جۆرە پێکەوەبوونەیان هەڵدەبژارد. نموونەی ئەم چینە کەمداهاتە گەڕەکەکانی خوارووی شاری تاران بوون. هەندێکیان گیرۆدەی مادەی هۆشبەر بوون و ئەو دۆخەی ئەوان تێیدا بوون زیاتر نەرێنی بوو نەک ئەرێنی و هەڵبژێردراو. بەڵام زۆربەی بەشداربووان تاقمی خوێندەوار بوون کە لە ڕووی ئابوورییەوە سەر بە کۆمەڵگەی مامناوەند بوون.

### 3-5. فاکتەرە کاریگەرەکان

لەم توێژینەوەدا دۆخە کاریگەرەکان ئەو فاکتەرانەن کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر ستراتیژەکانی هاوسەرگیریی سپی هەیە و لە ژێر ناوی بارودۆخی خێزانی، کاڵبوونەوەی چاودێری و ژیان لە کۆچدا تاوتوێ دەکرێن.

#### 1-5-3. هەلومەرجی بنەماڵەیی

هاوسەرگیری شێوازی کۆمەڵایەتیی ڕەوا و بەرزی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ژن و پیاو لە زۆربەی کۆمەڵگاکانە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هاوسەرگیری یەکەمین ئەزموونی دۆستانەی تاک لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر نییە. ئەزموونی پێشووی تاکەکان دەچێتە ناو پەیوەندییەک لە پەیوەندیی سۆزداریی سنووردار هەتا دەگاتە پەیوەندیی هاوماڵی. کۆمەڵگای ئێرانی کۆمەڵگایەکە بە بنیاتی فەرهەنگیـنەریتییەوە کە ئایین و نەریت لە ژیانی خەڵکدا دەوری گرینگیان هەیە. سەرەڕای ئەوەی لە وڵاتی ئێراندا ململانێکانی نێوان نەریت و

نوێخوازی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ ململانێی بنەڕەتیتر، ئایین، نەریت و کەلتوور و فەرهەنگ هێشتا لە ناو لایەنەکانی ژیانی خەڵکدا بە جۆرێک لە جۆرەکان گرینگیی خۆیان پاراستووە. یەکێک لەو فەرهەنگانەی کە لە عورف و شەرعی کۆمەڵگای ئێرانیدا قبووڵکراو نییە، پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەرە. ئاسانبوونی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر لە شوێنی کار، زانکۆ، بەکارهێنانی کەرەسەی پەیوەندیی گشتی و ... وای کردووە کە ڕێژەی پەیوەندیی دۆستانە و هاوماڵی زیاتر بێت. توێژینەوە لە سەر نموونەی بچووک لە ئێران پیشانی داوە کە شێوازی ئازادانە و کەمتەرخەمانەی دایک و باوکەکان بەرامبەر بە پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سێکس کردنی منداڵەکانیان هەیە (خلج آبادی و مهریار، 1389).

دیمانەکان پیشان دەدەن کە زۆربەی پەیوەندییە هاوماڵییەکان لە کەس و کاری نزیکی وەکوو دایک و باوک دەشاردرێتەوە. بە پێی دژەکۆمەڵایەتیبوون و دژەئایینبوونی ئەم پەیوەندییە، دایک و باوک ئەگەر بزانن منداڵەکانیان ئەم پەیوەندییانەیان هەیە خۆیان لە نەزانین دەدەن. لە لایەکی دیکەشەوە گەنجان و بەتایبەت ژنان و کچانیش زۆر جار ئەم پەیوەندییانە دەشارنەوە. تابۆبوونی ئەم پەیوەندییە وای کردووە کە شاردنەوەی ئەم پەیوەندییە لە بنەماڵە، کەسانی دەوروبەر و خزم و کەس و کار بەشێک لە گرێبەستە سەرەتاییەکانی ئەم چەشنە پەیوەندییە بێت. لە ناو ئەو کەسانەی کە دیمانەمان لەگەڵ کردن بە دەگمەن حاڵەتێکمان بەدی دەکرد کە دایک یان باوک لە پەیوەندیی هاوماڵیی منداڵەکەیان ئاگادار بن.

ژن، تەمەن 37 ساڵ خەڵکی تاران

دایکم دەیزانی بەڵام بە سەر خۆی نەدەهێنا. هەمووان بە دۆستایەتییەکەمانیان دەزانی تەنانەت دایک و باوکم بەڵام نەیاندەزانی دۆستەکەم کێیە بەڵام دەیانزانی دۆستم هەیە. بەڵام وام پێ باش بوو کە لە شاری

خۆمان کەس نەزانێت. دراوسێ و ... ئەوان نەیاندەزانی و کاریان پێم نەبوو ئەو کەسانەی کە نایانناسم ئەوەندە پەیوەندییان لەگەڵ ساز ناکەم و پەیوەندییەکەشم زۆر و ئازاربەخش نییە.

پیاو، 26 ساڵان، لە تاران
ئەوەی دەبێ بەم پەیوەندییە بزانێ پێم وایە یەک دوو کەس لە هاوڕێکانم بوون، من هاوڕێیەکم بە جۆرێک بەم هاوماڵییەی دەزانی و ئەویش هاوڕێیەکی دەیزانی. بەڵام نە کە س و کاری من و نە هی ئەو هیچیان بەم بابەتەیان نەدەزانی.

هەڵبەت هەر وەکوو چۆن کە کۆمەڵگا پەیوەندیی هاوماڵی بە شەرعی و کۆمەڵایەتی نازانێ، بنەماڵە و کەس و کاریش ڕوانگەی هاوشێوەیان هەیە و بە هۆکارگەلی وەکوو کار و بارودۆخی ژیانی مۆدێرن ناتوانن بە شێوەی پێویست چاودێریی منداڵەکانیان بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو بنەماڵانەی کە گەنجان و منداڵەکانیان چاودێری دەکەن ناتوانن بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕێگری لە چوونە ناو ئەم پەیوەندییانەیان بکەن. دوورکەوتنەوە لە منداڵەکان بە هۆی خوێندن و هەلومەرجی کار دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان بە دوور لە بنەماڵە و بە شێوەی پەنامەکی ئەم پەیوەندییانەیان هەبێ بە جۆرێک کە کەس و کار لەم پەیوەندییانە ئاگادار نەبن.

بنەماڵە بنەڕەتیترین ناوەندی پەروەردە و کۆمەڵگاگرییە. تاکەکان لە کۆمەڵگای ئێرانیدا لە ناو بنەماڵەی خۆیاندا بە "منی خێزانی" دەگەن و بۆ پاراستنی تێدەکۆشن بە پێی ستانداردەکانی ئەو بنەماڵە بیچم بە هەڵسوکەوتەکانیان بدەن و پێی وەفادار بن. زۆرێک لە هەڵسوکەوتی تاکەکان لە کۆمەڵگای ئێرانیدا لە ژێر کاریگەریی شوناسی خێزانیدان. ئێران هەڵگری پێکهاتەی نەریتی و بنەماڵەخوازە و خۆی بە دژبەری پەیوەندیی سێکسی بەر لە هاوسەرگیری دەزانێت؛ بەڵام لە سەر ئاستی گشتیدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەیوەندیی سێکسی بەر لە هاوسەرگیری بەدی دەکەین. ئەم ناکۆکیی نێوان ڕاستییەکان و بەهاکان زەختێکی زۆر دەخاتە سەر تاکەکانی کۆمەڵگا. لە بنەماڵەی

ئێرانیدا ئەم جیاوازی و دابڕانی بەها و نرخە لە نێوان نەوەکان ڕاشــکاوانە دیارە. لەم نێوانەدا گەنجان بە پێی بەهاکانی خۆیان و بە دوور لە چاوی دایک و باوک پەیوەندییەکانیان بەڕێوە دەبەن. پەیوەندیی ســێکسـیی بە بێ زانیاریی دایک و باوک زەحتی دەروونی لێ دەکەوێتەوە کە دەبێتە هۆی تێکچوونی چاودێریی پەیوەندییە سۆزدارییەکان. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە پەیوەندییەکان لە بنەماڵە بشاردرێتەوە.

بوونی بارودۆخێکی خێزانی کە دایک و باوک لە ئاست ئەم بابەتە دڵفراوان بن یان تەنانەت پێشـینەی ئەم پرسـە لە ناو بنەماڵەدا بوونی هەبێ، ئەگەری بە ئەزموونکردنی هاوماڵی زیاتر دەبێت؛ چونکە ئەو خەرج و تێچووەی کە دەخرێتە سـەر ئەو کەسـە کەم دەبێتەوە و کەسـەکە لە ژێر سێبەری بنەماڵەدا خۆی بە پارێزراو دەزانێت.

لە بەرامبەر ئەو کەمینەی کە بۆ ئەم هاوماڵییە لە داکۆکیی بنەماڵە سـوودمەندن، زۆرینەیەک هەن کە بە هۆی ئەو ئاستەنگی زۆرە لە ژینگەی بنەماڵە بێزارن، بەم ستراتیژە دژی نەریتە سنووردارکەرەوەکان دەوەستنەوە.

پارسـۆنز[1]، میکانیزمی کۆمەڵگاگری لە حاڵەتی جیاواز بە ئامرازێک دەزانێ کە لەگەڵ سـەرچەشـنە فەرهەنگییەکانی وەکوو بەها، بیر و باوەڕ، زمان و هێماکانی دیکە لە سیستەمی کەسـایەتیدا بەدەروونی دەبێ و پێکهاتەی پێویسـتییەکانی سـیستەمی کەسـایەتی سـنووردار دەکەنەوە. ڕاپەڕێنەران بەم پرۆسـەیە توانای پاڵنەریی خۆیان بۆ ئەرکەکانیان پاشـەکەوت دەکەن و توانای نێوانکەسـی و دیکەی توانا پێویسـتەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان پێ دەدا و بەم شـێوە ڕاپەڕێنەران لەگەڵ نۆرمەکان سازگار دەکات. پارسۆنز پێی وایە کاردایەکی دیکەی کۆمەڵگاگری بریتییە لە دامەزراندنی پەیوەندیی سـەقامگیر و ئەرخایەنی نێوان تاکەکان کە سـووکنایی بە زۆربەی زەختە دەروونییەکان، نیگەرانییەکان و گرژییەکانی پەیوەسـت بە وەدەسـتهێنانی پاڵنەر و لێهاتوویی دەبەخشـێت

1. Parsons

(ترنر، 1373: 75). ویلیام جی گوود[1] پێی وایە کە بنەماڵە گرینگترین ناوەندی کۆمەڵگاگرییە کە بە دابەزاندنی ئەم شێوازانە لە پرۆسەی کۆمەڵگاگریی منداڵەکاندا سەرکەوتووە: پەیوەندیی سۆزدارانە لەگەڵ منداڵ، باڵادەستیی ناسراو، ڕۆڵی سەرچەشنانە، سەقامگیریی لە پەیوەندییەکان، پێدانی ئازادی بە منداڵ، سازکردنی پەیوەندیی بە ڕوونکردنەوە و بەڵگە، سزا و هاندانی شیاو (دسترنج، 1392).

لەو بنەماڵانەی کە پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی – زۆربەی بنەماڵە ئێرانییەکان – نانۆرمە، ئەگەر منداڵان کاری لەم چەشنە بکەن، پەیوەندییە خێزانییەکان لەرزۆک دەبێ و زەخت و گووشارێکی زۆر دەخرێتە سەر هەم دایک و باوک و هەم منداڵەکان و ئەمە کێشەی دەروونی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها یەکێکی دیکە لە پرۆسەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون سەرچەشنوەرگرتن لە دایک و باوک و ئەندامانی بنەماڵەیە. ئەگەر منداڵەکان لە پێکەوەبوونی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە ئاگادار بن، ئەوان ئەم پەیوەندییەیان بە لاوە ئاسانتر دەبێت.

ژن، 28 ساڵان دانیشتووی مەشهەد
بەڵێ، ئەندامانی خێزانەکەم کراوەن و ئەم بابەتانە بە لایانەوە کێشە نییە. خوشکەکانی پێشووشم بەر لە هاوسەرگیری هەر بەم شێوە لەگەڵ مێردەکانیان ماوەیەک ژیابوون و ئەم بابەتە بە لایانەوە کێشە نەبوو.

لە تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتیدا دیاردە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر دەرەنجامی ئەو ئەزموونانەن کە بە بینینی هەڵسوکەوتی دیتران و دەرهاویشتەکانی بیچم دەگرن. توانای مرۆڤ بۆ فێربوون لە ڕێگەی بینین، ئەم توانایەی پێ دەبەخشێ کە سەرچەشنە گشتییەکانی هەڵسوکەوت وەدەست بێنێت. کاتێک ئەندامانی دیکەی بنەماڵە ئەم کارە دەکەن، ئەندامە بچووکترەکان وەک پەیوەندییەکی ئاسایی لە پێکەوەبوون دەڕوانن.

---

1. Good

**2-5-3. کاڵبوونەوەی چاودێری، ژیانکردن لە کۆچ**

بابەتی چاودێری لە سەر هەر دوو ئاستی بنەماڵە و کۆمەڵگادا قسەی لە سەر دەکرێت. لە بەشی بنەماڵە چاودێریی بنەماڵە لە سەر منداڵ کەمتر لە جارانە. دەتوانین هۆی ئەم کارە بگەڕێنینەوە بۆ کارکردنی دایک و باوک یان بنەماڵەی تاکخاوەن (دایک یان باوک). لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئاسانبوونی دەستڕاگەیشتن بە هەموو جۆرەکانی میدیا، ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکان لە ناو بنەماڵە کەم بۆتەوە و زۆربەی تاکەکان سەرەڕای لە لای یەکتربوون، بە چەندین کاتژمێر لێک دوورن. هەروەها بوونی گەنجان و مێرمنداڵان لە بەستێنە تێکەڵەکانی وەکوو خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی، خولی فێربوونی مۆسیقا و ... لە چاو جاران ڕێژەی زیادی کردووە و هەموو ئەم بابەتانە وای کردووە (کچان و کوڕان) لە شوێنێکدا لە لای یەکتر بن. لە بارەی چاودێرینەکردنی دایک و باوک بە سەر هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان بە هۆی سەرقاڵیی جیاواز، ئەگەری پەیوەندیی ناباوانەی وەکوو پێکەوەبوون لە ئەنجامی هاونشینی لەگەڵ کەسانی نانۆرم زیاترە. کەواتە کاڵبوونەوەی چاودێریی بنەماڵە بە سەر منداڵەکانیان فاکتەرێکە بۆ نانۆرمییە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها دەرکەوتنی پەیوەندیی پشتەبستوو بە تاکخوازی لە پەیوەندییە تاکەکەسییەکان لە شارە گەورەکاندا دەبێتە هۆی یەکترنەناسینی تاکەکان و هەر ئەم یەکترنەناسینە لە شارە گەورەکاندا بەستێن بۆ سەرهەڵدانی پەیوەندیی نائاسایی وەکوو پێکەوەبوون خۆش دەکات.

کچ، 27 ساڵان خەڵکی تاران

لە تەمەنی ئێمەماناندا ئەم شێوازی ژیانەیان قبووڵە. ڕەنگە لەبەر هەندێ ئاستەنگ بێت. کۆمەڵگا بۆ من شوێنێکە کە شوناسم ئازادترە، لە شاری بچووکدا ئەم شتە ناپەسەندە بەڵام لە شاری تاران زۆرێک لە هاوڕێکانم بەم شێوە دەژین.

لە شارە گەورەکان واتە ئەو شارانەی کە چاودێریی دایک و باوک بە سەر منداڵدا سنووردار دەکا، تاکخوازیی زۆر دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان بەرکەوتنیان لەگەڵ یەکتردا نەبێت. بێناونیشانی کە دەرەنجامی تاکخوازی و چاودێری‌نەکردنە دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی نهێنیی تاکەکان چیتر بۆ دیتران گرینگیی ئەوتۆی نەبێت. کەواتە ئەم شێوازی ژیانە لە شارە گەورەترەکاندا باوترە. لە لایەکی دیکەشەوە دیاردەیەکی وەکوو کۆچی کاری و خوێندن وای کردووە منداڵان لە دایک و باوک داببڕێن. تاکەکان بە هۆی دوورکەوتنەوە لە بارودۆخ یان هۆکاری نەخوازراوی دوورکەرەوەی وەکوو هەژاری، نەخۆشی، پرسە سیاسییەکان، کەمایەتیی خۆراک، ڕووداوی سروشتی، شەڕ، بێکاری و کەمیی ئاسایش کۆچ دەکەن. هۆکاری دووهەم دەتوانێ بارودۆخ و هەلومەرجە لەبارە ڕاکێشەرەکانی شوێنی مەبەست بێ وەکوو بواری تەندروستیی زیاتر، پەروەردەی باشتر، داهاتی زیاتر، خانوبەرەی لەبارتر و ئازادیی سیاسیی زیاتر بێت. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئەوەی دەرخست کە هاوسەرگیریی سپی یان پێکەوەبوون زیاتر لە ناو ئەو کەسانەدا بوو کە بە نیازی دەستخستنی کار و خوێندن لە شاری خۆیانەوە بەرەو شارە گەورەکان کۆچیان کردبوو.

پیاو، 26 ساڵان لە تاران
ئەویش فارس بوو و هەڵبەت دانیشتووی تاران نەبوو. بە هۆی هەندێ هۆکار لەبەر کار و خوێندن لە یەکێک لە شارەکانی باشوورەوە هاتبوو بۆ تاران و لە تاران نیشتەجێ ببوو. دیارە بە هۆی ئیشەکەی و قۆناغی خوێندنەکەی خەریکی خوێندنی ماستەر بوو هەر بۆیە جارێ لە تاران گیرساونەتەوە.

کچان و کورانی خوێندکاری زانکۆ بە نیازی خوێندن لە زانکۆ و دۆزینەوەی هەلی کاری باشتر بەرەو شارە گەورەکان کۆچ دەکەن و بە هۆی نەبوونی چاودێریی بنەماڵە دەتوانن هەموو جۆرەکانی پەیوەندیی گونجاو لەگەڵ شوناسی کەڵێنشار دەستنیشان بکەن. بێناونیشانی لە کەڵێنشارەکاندا بەتایبەت ڕێگە

بە کچان دەدا کە لە چاودێریی شارە بچووکەکان دوور بکەونەوە، لە لایەکی تریشەوە خوێندنی زانکۆ دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆچی کاری. کچان و کوڕانی گەنج بە نیازی دۆزینەوەی هەلی کار بە هۆی ئەو بوارەی کە لە زانکۆ خوێندوویانە بەرەو شارە جۆراوجۆرەکان و زیاتر بەرەو گەورەشارەکان کۆچ دەکەن. کەواتە گیرایی لە کەلێنشارەکان وەکوو خوێندن و کار وا دەکا کە کۆچکردن بیچم بگرێ و چاودێریی بنەماڵەکان بە سەر منداڵەکانیان کەم ببێتەوە و لە کەلێنشارەکانیشدا تاکەکان هۆگری چاودێری ژیانی تایبەتیی تاکەکان نین. کەواتە کۆچی کاری و خوێندن بۆتە هۆی کەمبوونەوەی چاودێری و بیچمگرتنی بەستێنەکانی هاوسەرگیریی سپی.

مۆدێرنیتە و نوێخوازی و سەرهەڵدانی گریمانەکانی یەکسانیی ژن و پیاو وای کردووە کە بوونی ژنان لە شارە جیاوازەکان و جووڵەی جوگرافیاییان چالاکتر بێت. ئەم جووڵەی جوگرافیایی و دووریی لە بنەماڵە وای کردووە کە چاودێریکردنیان کەمتر ببێتەوە کە ئەمە دەرهاویشتەی مۆدێرنیتە و گریمانە فیمیسنییەکانە. لە لایەکی دیکەشەوە جۆرج زیمێل[1] لە کەلێنشار و ژیانی زەینی دەڵێ ژیانی گەورەشاری، عەقڵانییەت و تاکخوازییەکی لێ کەوتۆتەوە کە لەگەڵ زۆرێک لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان خۆی دەگونجێنێ و سۆزدارانە هەڵسوکەوت ناکات. لە بناغە هەستییەکانی ژیانی زەینی، کەلێنشار (مێترۆپۆل) جیاوازییەکی یەکجار زۆری لەگەڵ شاری بچووک و ژیانی لادێیی هەیە. ئەم بابەتە هەموو جارێ خۆی لە تێپەڕین لە سەر شەقام و دڵەخورپە و فرەچەشنیی ژیانی ئابووری، کاری و کۆمەڵایەتیدا دەنوێنێت. کەلێنشار وەک بوونەوەرێکی جیاوازیدانەر داوای زانیاریی زیاتر لە مرۆڤ دەکا تا ژیان لە گوند. لە گوند ڕەوتی جووڵەی ژیان و وێنە زەینییە هەستییەکان ئاشناتر و هاوئاهەنگترن. ڕێک بە پشتبەستن بەم خاڵەیە کە تایبەتمەندیی

1. George Simmel

ئاڵۆزی ژیانی زەینی کەڵێنشاری فام دەکرێ ئەویش بە بەراورد لەگەڵ ژیان لە شاری بچووک کە زیاتر بە پێی پەیوەندیی قووڵ و سۆزدارییە. پەیوەندیی قووڵ و سۆزدارانە لە بەشە ناوشیارترەکانی دەروونداپە و بە باشترین شێوە لە ناو دڵی سەقامگیری خووە نابەردەوامەکاندا پەرە دەستێنێت. بە هەر حاڵ، عەقڵ دەکەوێتە توێژە سەرتر و وشیارتر و ڕوونترەکانی دەروون و نەرمی‌نوێنترین هێزی ناخمانە. عەقڵ بۆ سازگاری لەگەڵ گۆڕان و لێکدژیی دیاردەکان پێویستی بە ڕاچڵەکین و شۆڕشی دەروونی نییە. ئەو زەینەی کە کۆنسێرڤاتیڤترە تەنیا لە ڕێگەی وەها شۆڕشگەلێک دەتوانێ لەگەڵ ڕەوتی مێترۆپۆلیی ڕووداوەکان خۆی بگونجێنێت. کەواتە جۆری مرۆڤی مێترۆپۆلی کە هەڵبەت هەزار جۆری هەیە، ئەندامێک پەروەردە دەکا کە لە هەمبەر ئەو ڕووداوە هەڕەشەئامێز و لێکدژییە ژینگەییە دەرەکییانە بیپارێزێ کە دەتوانێ بنەبڕی بکات. ئەو بە مێشکی خۆی کاردانەوە دەنوێنێ نە بە دڵی خۆی. بەم شێوە زیادبوونی زانیاری دەبێتە هەڤیازییەکی دەروونی. کەواتە ژیانی مێترۆپۆلی زانیاریی توندکراو و زاڵبوونی عەقڵ لە مرۆڤی مێترۆپۆلیدا بنیات دەنێت. کاردانەوە بەرامبەر بە دیاردە مێترۆپۆلییەکان ئەسپاردەی ئەو ئەندامە دەکرێ کە کەمترین هەستیاری لە خۆ گرتووە و دوورترین مەودای لە قووڵایی کەسایەتی هەیە. کەواتە پشتبەستن بە عەقڵ و عەقڵگەرێتی، ژیانی زەینی لە هەمبەر هێزی قورسی ژیانی مێترۆپۆلی دەپارێزێت. عەقڵگەرێتی لە ئاراستەی بێ ژمارەوە لق و پۆی لێ دەبێتەوە و تێکەڵی دیاردە هەمەجۆر و جۆراوجۆرەکان دەبێت.

### 6.3. دیاردەی تەوەری

لە ناو دڵی لێکۆڵینەوە و شیکارییە مەیدانییەکاندا فاکتەرێکی بنەڕەتی لە هەموو دیمانەکاندا ڕاشکاوانە دیار بوو و ئەویش گۆڕانی بەها و نۆرمەکان لە شێوازی ژیانی تاکەکان بوو کە ئەزموونی ژیانی هاوبەشی بێ‌هاوسەرگیرییان هەبوو. کۆمەڵگای ئێرانی لە ماوەی پێنج دەیەی ڕابردوودا لە ڕووی

بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە یەکێک لە گرینگترین قۆناغەکانی ژیانی خۆی بە ئەزموون کردووە بە جۆرێک کە هەمیشە لە بەردەم بەرنامەی نوێسازیی گەشەی ئابووری – کۆمەڵایەتی بووە و لە ڕێگەی کۆمەڵە ڕووداوە مێژووییەکان – شۆڕشی ئیسلامی ساڵی 1357ی هەتاوی و لە ناوەڕاستی گەشە، پێکهاتەکانی گۆڕانیان بە سەردا هاتووە. لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگای ئێران وای کردووە پێوەرەکانی وەکوو بەپیشەسازیبوون، هەڵکشانی ڕێژەی شارنشینی، هەڵکشانی ئاستی جووڵەی کۆمەڵایەتی و کۆچکردن، گەنجێتیی حەشیمەت، تۆڕەکانی گواستنەوەی گشتی، پەرەسەندنی ئامرازی پەیوەندیی گشتی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا نوێکانی پەیوەندی و پەرەسەندنی ناوەندە کۆمەڵایەتییە نوێکانی وەکوو پەروەردە و ڕاهێنان و زانکۆ بۆتە بەستێنی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بەها و ڕوانگەکانی بنەماڵەی ئێرانی بە جۆرێک کە بەهاکانی نەوەی گەنجی دەیەی 60 و 70 لەگەڵ دەیەکانی ڕابردووتر جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە کە ئەم جیاوازی لە بەهایە کە لە نۆرم و هەڵسوکەوتەکانی ئەم نەوەدا بە باشی دەبینرێت. لە شێوازی ژیانەوە بگرە تا دەگاتە بیر و ڕای سیاسی و ئایینی، گۆڕانکاری بەدی دەکەین. حەشیمەتێکی بەرچاوی ئەم نەوە دەرچووی زانکۆن و وەک دەوترێ هاتن بۆ ناو ژینگەی زانکۆ و بەئەزموونکردنی کۆچ لە بژێرە گرینگەکانە کە هاوماڵیی ئاسان دەکاتەوە. چوون بۆ زانکۆ لە ماوەی دەیەکانی 60 و 70 هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە زانکۆ بووە.

ڕەوتە نوێخوازییە چالاکەکان لە ژینگەی زانکۆییدا بەستێنێک بۆ ڕاپەڕێنەران دابین دەکەن کە تاکەکان بە پێی گۆڕانکاریی نوێخوازانە لە ناو پانتای زانکۆکاندا بناغەی ژیانی تایبەتیی خۆیان دادەمەزرێنن. هەڵسوکەوتی تاکەکان لە سەر نەرمینوێنی لە هەمبەر بەها ئەخلاقییە جیاوازەکان زیاتر دەبێ و سەرچەشن نوێکانی هەڵسوکەوتی سێکسی بیچم دەگرێت.

بەهاکان وەک بنەڕەتیترین توخمە فەرهەنگییەکان، کاریگەری لە سەر هەڵبژاردنی شێوازەکان، کەرەسە و ئامانجەکانیان بۆ نۆرم و کارلێکەکان دادەنێت. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخا کە زۆر کەس کە پێکەوەبوونیان وەک شێوازی ژیانی خۆیان دەستنیشان کردبوو لەگەڵ هەندێ بەهای وەکوو ئایین، کارلێکە ئایینییەکان، تابۆ کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو پاکداوێنی و پەردەی کچێتی نەیاندەتوانی پەیوەندی ساز بکەن و پەیوەندیی سێکسی بە بێ هاوسەرگیری و فەرمانە ئایینییەکانیان نە بە کارێکی هەڵە و ناشەرعی دەزانی و نە پەردەی کچێتییان بە هێمای پاکداوێنی لە قەڵەم دەدا. لە لایەکی دیکەشەوە ڕوانگەی بەرامبەر بە دەوری ژنان و پیاوان تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتی بووە و لە بەها نوێکاندا ژنی باش ژنێک نییە کە هاوسەرگیریی شەرعی کردووە و لە ماڵەوە هەلومەرجێکی لەبار بۆ منداڵەکانی و هاوسەرەکەی کە لە دەرەوە ئیش دەکا ئامادە دەکا، بەڵکوو پێناسەیەکی نوێ لە ژن و پیاو و نۆرمەکانی پەیوەست بە ژنان و پیاوانیان بۆ خۆیان خستبووە ڕوو کە لەگەڵ بەها فەرهەنگی و ئایینییەکانی کۆمەڵگا لە دەیەکانی ڕابردوو جیاواز بوو. کچان و کوڕانی کەمتەمەن کە هی دەیەی 60 و 70 بوون خوازیاری کۆچی کاری و خوێندن بۆ شارە گەورەترەکان، پەیوەندیی بێبەری لە سنووردارییی شەرعی، یەکسانیی لە پێگەی کار و ئابووری بوون.

کچ، 27 ساڵان خەڵکی تاران

لە تەمەنی ئێمەماناندا ئەم شێوازی ژیانەیان قبووڵە. ڕەنگە لەبەر هەندێ ئاستەنگ بێت. کۆمەڵگا بۆ من شوێنێکە کە شوناسم ئازادترە، لە شاری بچووکدا ئەم شتە ناپەسەندە بەڵام لە شاری تاران زۆرێک لە هاوڕێکانم بەم شێوە دەژین.

پیاو، 26 ساڵان لە مەشهەد

وەڵا سەبارەت بە پەردەی کچێتی دەبێ بڵێم بە جۆرێک لە جۆرەکان پەردەی کچێتی ئاستەنگی بەردەم کچانە و نابێ ئەم کێشە ساز ببێ واتە بە

جۆرێ لە جۆرەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا پەردەی کچێتی بۆتە ئاستەنگی بەر دەم کچان و ڕوانگەیەکی ئەوتۆم بۆی نییە و بڕواشم پێی نییە.

کاتێک پێکەوەبوون وەک شێوازێکی ژیانی سروشتی دێتە ئاراوە و بۆ هەندێ لە گەنجانی ئەوڕۆیی پەردەی کچێتی تەنیا ئاستەنگە و نەوەی نوێ باوەڕێکی ئەوتۆی پێ ناکەن، دەتوانین زۆر بە باشی لە گۆڕانکارییە بەها و نۆرمییەکان تێبگەین، ئەو گۆڕانکارییانەی کە پاکانە بۆ سەرچەشنەکانی هەڵسوکەوتی نوێ دەکا و ئەم گۆڕانکارییانە لەوپەڕی بەکارهێنانی ئامرازەکانی جیهانی مۆدێرنە. لۆژیکێکی نوێ کە نە تەنیا ئەم هەڵسوکەوتە نوێیانە بە نانۆرم نازانێ بەڵکوو لە بنەڕەتەوە هەر چەشنە نۆرمێکی باڵادەستیش بە چەلێنج دەکێشێ و پێداگری لە سەر ویستی ئازادی سووژە لە هەڵبژاردنی بەها ڕەفتارییەکانی دەکات. ئەوەی پێوەری کارلێکەکانی تاکە لە سەر تەوەری جیهانبینیی سووژەیە. کەواتە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەندی هزریی تاکەکاندا شی دەکرێنەوە و پێناسەیەکی نوێ لە بەها کۆمەڵایەتییەکان دەخەنە بەر دەست کە بەرهەمی بەها تاکایەتییەکان و عورفی گشتگیری کۆمەڵگایە.

پیاو، پزیشکی گوتاردەرمانی خەڵکی تاران

هۆکاری سەرەکیی بۆ خۆم کە ئەم شێوازی ژیانەم هەڵبژارد ئەوە بوو کە بیر و باوەڕم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕاوە؛ بۆ وێنە ڕەواڵەتبازی بابەتێکی زۆر ناشیرینە کە لە ڕووی ئایدۆلۆژیاییەوە باوەڕم پێی نییە. هۆکاری دەرەکیش وەکوو بواری خوێندن، هاوڕێیان و ... بوو کە من بەرەو ئەم شێوازی ژیانە هان بدا چونکە من خۆم لە بنەڕەتەوە پزیشکیم خوێندووە و کەسیش لە لام نەبوو. من تیۆرییەک لە مێشکمدا بوو کە بە ئۆبژەکردنی توانیم بەهێزتری بکەم و لە هەندێ شوێندا چاکسازی تێدا بکەم.

لەم ڕوانگە نوێخوازانەیەدا، تاک هەر بابەتێک کە نوێ بێ

پێی خۆشــــە بـە ئەزموونی بکا و لـە ڕووی عورفەوە هۆگری لاساییکردنەوەی شێوازی ژیانی نوێ و پشتگوێخستنی شێوازە ڕەفتارییە نەریتییەکانی کۆمەڵگای خۆیەتی و خوازیاری ئەوەیە کە شێوازی ژیانی خۆی بە پێی ڕۆژاوا بگۆڕێت. لەم ڕوانگەوە چێژخوازی، مۆدێرنخوازی و تاکایەتیی تاک لە یەکەمایەتیدان و هەموو شـــتێک دەگەڕێتەوە بۆ ویســـتی ئازدانەی تاک بۆ هەڵبژاردنی بـەهـا ڕەفتارییـەکـان و تـاک خۆی دەبێتـە پێوەری لێکدانەوەی چاکە و خراپە.

شـوناسـی مرۆڤی مۆدێرن لە ململانێی بەردەوامی نێوان ئەو ئاراسـتانەیە کە لە ئاقاری "هەمیشـەییبوون"دا، کاریگەری لە سـەر گۆڕان و گوورانی ئـەودا هـەیـە. بێگومـان ژینگـەی کۆمەڵایەتی ناتوانێ لە کاریگەرییەکانی ئەم ڕەوتە ڕوو لە پێشە بێبەش بێ و لـە مـاوەی هـەندێ میکـانیزمدا چـەرخ دەندەکـانی سـیسـتەمی گەورەتری کۆمەڵایەتی بۆ وەگەڕخسـتن وەکار دەکەون.

لێکدانەوەی چۆنیەتیی ڕوودانی ئەم گۆڕانکارییە و شوناسی تازە بیچمگرتوو لەم کتێبەدا جێی نابێتەوە و باسـی ناکرێت. لە خوێندنەوەی شیکارییە ئەنجامدراوەکان تەنیا ئەم خاڵەمان بەسـە کـە گۆڕانی پێکهـاتـەکـان و ئـەوەی وەک نـاڕێکخروایی کۆمەڵایەتی باسـی لێ دەکرێ، هەندێ گۆڕانکاری بەدی هێناوە و ڕەواڵـەتـەکـەی لـە کـارلێکی تـاکـەکـانـدا دەبینرێـت. ئـەم گۆڕانکارییە سـەرەڕای گشـتگیربوونی، تەکنەلۆژیای وڵاتانی جیهانی سـێیەمیشـی داگرتووە، ڕەواڵەتەکەی بە پێی سـەرنج خستنە سەر جیاوازییە کەلتووری و ...یەکان جیاوازە.

بە شـێوەی گشـتی، ئەو پێناسـەی کە بۆ بەها دەخرێتە ڕوو بریتییە لە کۆمەڵێ بیر و باوەڕ کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگایەک لـەبـارەی بـابـەتـە خوازراو و باش و گونجاوەکان هـەیـانـە. لـە بەرامبەردا، نۆرمەکان بەو کۆمەڵە دەشـێ و ناشـێیانە دەوترێ کە ژیانی تاکەکان ئاراسـتە دەکا و لە ئەگەری بەزاندنیان، تاکەکان بە نۆرمبەزێن ناودێر دەکرێن و دەبێ سـزا بدرێن. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا یاسـا پاڵپشـتێکی پتەو بۆ نۆرمەکانە. پارادایمی بەها و نۆرمی بەو چوارچێوە هزری و کەلتوورییە

ده‌وترێ که‌ تاکه‌کانی به‌ پێی ئه‌وه‌ ڕاستییه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانیان پێناسه‌ و شی ده‌که‌نه‌وه‌ و تاکه‌کان له‌ پرۆسه‌ی کۆمه‌ڵگاگریدا له‌گه‌ڵ پارادایمه‌ به‌ها و نۆرمییه‌ زاڵه‌کانی کۆمه‌ڵگای خۆیان ئاشنا ده‌بن که‌ یان بۆ تاکه‌کان به‌ده‌روونی ده‌بێ و له‌ ئاست ئه‌وه‌ هه‌ست به‌ پابه‌ندی و گیرۆده‌یی ده‌که‌ن یان به‌ پێچه‌وانه‌ به‌ هۆی زه‌بر و زه‌ختی کۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌ جێبه‌جێی ده‌که‌ن.

له‌ باره‌ی په‌یوه‌ندیی نێوان گۆڕانکارییه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابوورییه‌کان و گۆڕانکارییه‌ فه‌رهه‌نگی و به‌هاکان تیۆڕیی جیاواز خراوه‌ته‌ ڕوو. هه‌ندێ له‌م تیۆرییانه‌ پێداگری له‌ سه‌ر یه‌کگریی به‌هاکان وه‌ک ده‌ره‌نجامی مۆدێرنیزاسیۆن یان به‌ واتایه‌کی دیکه‌ گۆڕانی به‌ها فه‌رهه‌نگییه‌کان له‌ ئه‌نجامی زه‌ختی ئابووری و سیاسی ده‌که‌ن. ئه‌م تیۆرییانه‌ پێشبینی ده‌که‌ن که‌ به‌ها نه‌ریتییه‌کان که‌م ده‌بنه‌وه‌ و به‌ها مۆدێرنه‌کان ده‌بنه‌ جێگره‌وه‌یان. توێژینه‌وه‌ی هه‌ندێ بیرمه‌ندی وه‌کوو وێبێر، دۆرکیم و هه‌ندێ خاوه‌ن‌تیۆریی قوتابخانه‌ی نوێسازی، باسیان له‌ په‌یوه‌ندیی نێوان گۆڕانی فه‌رهه‌نگی له‌گه‌ڵ گۆڕانکارییه‌ ئابوورییه‌کانیان کردووه‌. وێبێر به‌ ناسینی قووڵ و شرۆڤه‌ی پێکهاته‌ییه‌ وردبینه‌ به‌راوردکارییه‌که‌ی سه‌باره‌ت به‌ ناوه‌نده‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان توانی ڕۆڵی به‌هاکان بخاته‌ ناو چوارچێوه‌یه‌کی تیۆرییه‌وه‌. گرینگیی کاره‌که‌ی له‌ شێوازی شیکاریی سیسته‌می کارلێکه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانه‌ که‌ تێیاندا باوه‌ڕ، به‌ها و هه‌روه‌ها هێزه‌ ئابوورییه‌کان کاریگه‌ری له‌ سه‌ر کارلێک داده‌نێن. پارسۆنز پێی وایه‌ که‌ جیاوازیی کۆمه‌ڵگای مۆدێرن و نه‌ریتی له‌ ڕێژه‌ی جیاوازییه‌ پێکهاته‌یه‌که‌ییه‌تی. بۆ وێنه‌ له‌ کۆمه‌ڵگای نه‌ریتیدا بنه‌ماڵه‌ هه‌م به‌رپرسی په‌روه‌رده‌یه‌ و هه‌م ناوه‌ندێکی ئابوورییه‌؛ به‌ڵام له‌ کۆمه‌ڵگای مۆدێرندا ناوه‌نده‌کانی په‌روه‌رده‌ و ئابووری له‌ سیمای بنه‌ماڵه‌ جیا بوونه‌ته‌وه‌. له‌ ڕوانگه‌ی دۆرکیمه‌وه‌ ئایین له‌ کۆمه‌ڵگا نه‌ریتییه‌کاندا وه‌ک چه‌ترێکه‌ که‌ به‌ مه‌به‌ستی یه‌کپارچه‌کردنی پاژه‌ جیاجیاکانی کۆمه‌ڵگا و ئه‌زموونه‌ جیاوازه‌کان بڵاو ببۆوه‌. به‌ڵام له‌گه‌ڵ دابه‌شکردنی کاری به‌ربڵاو و به‌پسپۆڕیبوونی کاروباره‌کان و به‌دیهاتنی ناوه‌نده‌کان و پێکهاته‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌ نوێکان، به‌شه‌ جیاجیاکانی

کۆمەڵگا و بە دوایدا ئەزموونە جیاوازەکانی تاکەکان دەکەونە ژێر ڕکێفی بەڕێوەبردنی سیستەمە واتاییە جیاواز و هەندێجار لێکدژەکان و ئایین ناتوانێ ئەم سیستەمە واتاییانە بخاتە ناو گشتێتیی سیمبۆلیی گشتگیر کە خۆی سازی کردووە.

ڕوانگەی خاوەن بۆچوونەکانی نوێسازی وەکوو ڕاجێرز[1] سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی گۆڕانکاریی فەرهەنگی شیاوی سەرنجە؛ ئەوەی کە هەندێ لە کەلتوورەکان بەستێنی زیاتریان بۆ گۆڕان هەیە. هەروەها تیۆریی ئینگلهارت[2] سەبارەت بە گۆڕانکاری لە بەهاکان دەڵێ یەکەمایەتییە بەهاییەکانی تاکەکان لە ژێر کاریگەریی خۆشبژێوی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەوتی کۆمەڵگاگرییە. ئەگەر کەسێک لە ساڵانی یەکەمی ژیانی خۆیدا لە ناو ژینگەیەکی ئارامی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێ و خواستە ئابووری و ئاسایشییەکانی دابین ببێ، هۆگریی ئەو بۆ بەها ئەوپەڕمادییەکان زیاترە و بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە هەلومەرجی سەرەوە نایانگرێتەوە، بەهاکانیان گۆڕانی بە سەردا دێ واتە بەها مادییەکانیان دەبێتە یەکەمایەتی.

بە پێی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێرانی ڕووی لە تێپەڕینە و لە ئاراستەی مۆدێرنیتە و بەجیهانیبووندایە، گواستنەوەی بەها فەرهەنگییەکان لە نەوەی ڕابردووەو بۆ نەوەی نوێ بە ناتەواوی ڕوو دەدات. کەلێنی نەوەیی کە دەرهاویشتەی ناتەواویی گواستنەوەی بەهاکانە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو نۆرمانەی کە لەگەڵ بەهاکانی ڕابردوو جیاوازی هەیە، لە حاڵێکدا بۆ نەوەی ئێستا شتێکی ئاساییە. لە لایەکی دیکەشەوە فاکتەری ئابووری وەک یەکێک لە گرینگترین فاکتەرەکانی گۆڕانی بەهاکان سەیر دەکرێت. نەوەی ئەوڕۆ بە چالاکییە ئابوورییەکانەوە تێوەگلاوە و پابەندیی بە بەها ئەوپەڕمادییەکانی وەکوو مەعنەوییەت و ئایین لە نەوەی ئێستادا کەمتر بەدی دەکرێت. کەواتە لە سەر بنەمای مۆدێرنیتە و کەلێنی نەوەیی لە کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا دەتوانین لەوە تێبگەین کە چۆن بەهاکان گۆڕانیان بە سەردا هاتووە و هەڵسوکەوتگەلی وەکوو

1. Rogers
2. Englehart

هاوسەرگیریی سپی لە کۆمەڵگادا پەرەی سەندووە.
لە لایەکی دیکەشەوە پەرەسەندنی تاکخوازی کە بژێرە گرینگەکانی بریتین لە هۆگری بۆ سەربەخۆیی، ڕابواردنخوازی و وەپێشخستنی بەرژەوەندییە تاکایەتییەکان بە سەر بەرژەوەندییە گشتییەکان کە ئەمانە لە پڕەنسیپە تۆخەکانی ئەم نەوەیە. بە واتایەکی دیکە دەتوانین گەشەی تاکخوازی و باشتر زانینی خۆ لەویتری وەک هۆکارەکانی دیکەی پەرەسەندنی هاوسەرگیریی کاتی لە کۆمەڵگای ئێستا سەیری بکەین. لە تاکخوازیدا پابەندییە درێژماوەکان بۆ تاک وەک پێویستییەکی هەمیشەیی سەیر دەکرێت. تاک چێژەکانی لە بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی پێ سەرترە و ئەوە خۆیەتی کە دەبێ ببێتە چەقی کارداکانی، ئەو کاردایانەی کە ئەوەندەی بکرێ زیاترین چێژی بە کەمترین تێچووەوە بۆ دابین بکا و هەموو بڕیارەکانی لە سەر بنەمای فرمۆلێکی سادە بدات. زیاترین چێژ و کەمترین تێچوو تەرخانی "من" دەبێت. لەم حاڵەتەدا تاک ئاراستەیەک دەگرێتە بەر کە زەختە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو تێچووە گونجاوەکانی بۆ کەم بکاتەوە و لەبەردەسترین بژاردەی شاردنەوەی کارلێک (کە لێرەدا هاوسەرگیریی سپی)یە دەستنیشان دەکات.
ڕاپەڕێنەر بە گریمانەی ئەوەی کە خاوەنی سنووری تایبەتیی خۆیەتی بەها دووبارە پێناسەکراوەکانی لە چوارچێوەی هاوسەرگیریی سپیدا پیشان دەداتەوە. ئەم ئاراستە بە جیاکردنەوەی بەستێنی گشتی لە بەستێنی تایبەتی و ڕێگری لە دەستێوەردانی دەوڵەت لە بواری ژیانی تاکەکەسیدا، ئازادیی زیاتری بۆ هەڵبژاردنی شێوازەکانی ژیان بۆ سووژە دابین دەکات.
ئەوەی وترا وەرگێڕدراوی تێربوونە کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی مۆدێرن لە سەردەمی ئێستادا نزیکایەتیی زۆری هەیە. ئەوەی هێز بەم چێژی پەیوەندییە و بەردەوامبوونی دەبەخشێ، بوونی پەیوەندییەکە کە خواستە سێکسییەکان و خواستە دەروونی و هەندێجار ئابوورییەکانی تاک دابین دەکا، لە حاڵێکدا نایخاتە ناو پێکهاتەی

چوارچێوەدارەوە چونکە بەرپرسایەتی زیاتر دەخاتە ئەستۆی. تاک بە ئازادیی کردەییەوە لەم پەیوەندییەدا هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوبەشە سێکسییەکەی دەکات.

## 7ـ3. کارلێکی ستراتیژی

هەڵسوکەوت یان کارلێک، چاودێر بە سەر تاکتیکە بنەڕەتییەکان و شێوازی کاری ئاسایی یان ڕۆژانە و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی بارودۆخ لە لایەن تاکەکانەوە، لە بەرەنگاربوونەوەی پرسەکان بە کار دەبرێت. ئەم تاکتیکانە هەڵسوکەوت و کارلێکەکانن کە خەڵک ئەنجامی دەدەن (ستراوس و کوربین، 1390: 152). ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە پیشان دەدا ئەو کەسانەی کە ژیانی هاوبەشی بێ هاوسەرگیرییان بە ئەزموون کردووە چەندین جار ئەم پەیوەندییانە دووبارە دەکەنەوە و پەیوەندییەکانیان کورتخایەنە. هەر بۆیە بێژوماری و ناسەقامگیریی پەیوەندییەکان وەک کارلێکی ستراتیژانە ڕەچاو کرا.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخا کە بە هۆی ناکۆکیی بەهایی و فەرهەنگی ئەو کەسانەی کە ئەم چەشنە پەیوەندییانەیان هەیە ناتوانن هاوسەرگیریی هەمیشەیی و هاوسەرگیریی فەرمییان هەبێ مەگەر لەگەڵ کەسێک کە وەکوو خۆیان پێکەوەبوونیان بە ئەزموون کردبێ و فاکتەرگەلی وەکوو پاک و خاوێنییان پێ گرینگ نەبێت. ئەو کەسانەی کە ئەم چەشنە پەیوەندییانەیان هەیە پەیوەندییەکانیان کورتخایەن و ناسەقامگیرە. ئەم چەشنە پەیوەندییانە هەتا ئەو کاتە بەردەوامە کە پێکەوەبوونیان بە هۆی تێرکردنی خواستە سێکسییەکەیان و دابینبوونی خواستە سۆزداری و ئابوورییەکانیان بێت. بەڵام پەوەندییەکان کورتخایەنن و تاکەکان لە بری هاوسەرگیریی فەرمی و هەمیشەیی ڕوو لە پەیوەندیی پەیتا پەیتا دەکەن. ئەم چەشنە پەیوەندییانە کۆتاییەکی دیاریکراویان نییە بەڵام بە گشتی کورتخایەنن و تاکەکان بە بێ گوێدانە ئەنجامەکەی هاوسەرگیریی سپی دەکەن.

پیاو، 28 ساڵان خەڵکی مەشهەد

من دوو جار هاوسەرگیریی سپیم بووە؛ یەکەمیان باش نەبوو؛ هەمیشە شەڕ و توندوتیژی. من خۆم کەسێکی توندوتیژ نیم بەڵام لەو پەیوەندییەدا لە ڕووی ئەخلاقی و کەسایەتییەوە بۆ یەک گونجاو نەبووین. ئەمەیان ئەزموونێکی جیاوازە و ئەمەم خۆش دەوێت.

ژن، 37 ساڵان خەڵکی تاران
هەتا یەکترمان بووێ پێکەوە دەبین و هەر کاتیش نەمانویست لێک جیا دەبینەوە. پەیوەندییەکەمان پابەندانە بوو. لە ڕووی ئابوورییەوە گرێبەستەکەمان لاوەکی بوو کە ئەمە بە شێوەی ئوتۆماتیک ڕەچاو دەکرا ...

خواستە سێکسییەکان لایەنی ژیانییان هەیە و دابینکردنیان لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە. بە پێی تیۆریی زنجیرە خواستەکانی مازلۆ، "خواستی سێکسی" لە ڕیزی خواستە سەرەتایی، فیزیۆلۆژیک و بنەڕەتییە ئۆرگانیزمەکانە کە زیاترین زەخت دەخاتە سەر تاک. بە هۆکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری، هاوسەرگیری لە ئێران وەدوا کەوتووە. ئەم دوورکەوتنەوەی نێوان پێگەیشتن و هاوسەرگیری درێژ بۆتەوە کە ئەمە وای کردووە تێرکردنی خواستە سێکسییەکان بیچمی جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە. پەیوەندیی دۆستایەتی، سیغە، پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ لەشفرۆشان و ژیانی هاوبەشی بە بێ هاوسەرگیری لە جۆرەکانی سەرچەشنی پەیوەندیی سێکسی لە ئێرانە کە دژی بەها و نۆرمە فەرهەنگی و ئایینیەکانی ئێرانە بەڵام نەوەی نوێ ئەم پەیوەندییە ئانۆمیکانەیان بۆ تێرکردنی خواستە سێکسییەکانیان هەڵبژاردووە. عەقڵانییەتێک کە تاکە هاوماڵەکان بە هۆکاری پەیوەندیی ناسەقامگیر و بێژوماری خۆیانی دەزانن، ڕەواندنەوەی خواستەکانیان بە بێ پێدانی بەهای قورس یان کێشە یاساییەکانە. پەیوەندیی پەیتا پەیتا و ناسەقامگیر لەو پەیوەندییە ئانۆمیکییانەیە کە لەگەڵ فەرهەنگی ئێرانی – ئیسلامی یەک ناگرێتەوە و

وەک جۆرێک لادان و بەرەلایی کۆمەلایەتی لە قەلەم دەدرێت. لە ڕوانگەی کارداخوازییەوە، مەوداگرتنی ئاوات و وەدیهاتنی ئاوات دەبێتە هۆی لادان. کاتێک کە مەودا بکەوێتە نێوان هاوسەرگیری و تێرکردنی خواستە سێکسییەکان، خواستەکان لە چوارچێوەی نانۆرمی و لادانی کۆمەلایەتیدا دابین دەکرێن. مێرتۆن پێی وایە کاتێک کە لە نێوان بەها قبوولکراوە کۆمەلایەتییەکان و ئامرازەکاندا ناکۆکی و گرژی ساز ببێ، زەمینەی لادان و نوێگەری سەر هەلدەدات. لە حالەتێکدا کە بە هۆی لەبەردەست نەبوونی کەرەسە، هاوسەرگیریی هەمیشەیی سەر ناگرێ دەتوانین هاوسەرگیریی سپی بە بیدعەت(کارێک کە نوێیە و تازە سەری هەلداوە)، چێژخوازی یان شۆڕش ناو بنێین. بێژومار بوونی ئەم پەیوەندییانە لەوانەیە بە هۆی نەبوونی کۆنترۆل بێت. ئەو کەسانەی کە کەمتر کۆنترۆل دەکرێن، هەلسوکەوتی ناهاوئاهەنگ و نائاسایی زیاتر دووپات دەکەنەوە.

### 8.3. لێکەوتەکان

لێکەوتە دوایین چوارچێوەی پارادایمییە. لە هەر جێگایەکدا کە ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کار / پەیوەندییەکی دیاریکراو لە وەلامی بابەتێک یان پرسێک بە مەبەستی خواست یان پاراستنی بەرژەوەندی لە لایەن کەس یان کەسانێک دەستنیشان بکرێ، لێکەوتەی خۆی هەیە (استرواس و کوربین، 1390: 152). لەم توێژینەوەدا بە پێی دیمانەی بەشداربووان و شیکاریی کارناسان، دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی سپی ناسێنران کە بریتین لە:

**3ـــــ8ـــــ1. کەمبوونەوەی کلیشە ڕەگەزییەکان و ئازادیی هەلبژاردن، ناهۆگری بۆ هاوسەرگیریی فەرمی**

لە هەموو کۆمەلگا مرۆییەکاندا، تاکەکان بە پێی هەندێ پێوەری کۆمەلایەتی وەکوو ئەرک و پێگە، چین، ئایین، ڕەگەز، ئێتنیک و هتد پۆلێنبەندی دەکرێن. یەکێک لە گرینگترین پێوەرە کۆمەلایەتی ـ فەرهەنگییەکان بۆ پۆلێنبەندیی تاکەکانی کۆمەلگا، ڕەگەزە. لە ڕاستیدا گەورەترین

گرووپبەندیی لە هەر کۆمەڵگایەکدا، دابەشکردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بۆ سەر هەر دوو گرووپی ژن و پیاوە. هەر کام لە وتەزاکانی پیاوبوون یان ئافرەتبوون، هەندێ وێنا و بەرگریمانە لە بارەی ڕوانگە و هەڵسوکەوتی شیاوی پیاوانە یان ژنانەی لێ دەکەوێتەوە کە لە فەرهەنگ و کەلتووری هەر کۆمەڵگایەکدا پێناسەی تایبەت و جیاوازی هەیە.

کلیشە ئەو وێنا گشتی و نەگۆڕانەن کە لە زەینی مرۆڤدا چەق دەبەستن، لە داوەرییەکاندا بە کار دەبرێن و بە بێ هیچ گۆڕانێک دووپات دەبنەوە و بەرهەم دەهێنرێنەوە. کلیشە ڕەگەزییەکان کۆمەڵێکی بیر و باوەڕی سەبارەت بە ژنان و پیاوانن کە ڕێک خراون. کلیشە یان وێناکان چوارچێوەیەکی ڕەگەزین کە هەڵگری زانیاری سەبارەت بە ڕەواڵەتی جەستەیی، ڕوانگەکان، هۆگرییەکان، سیفاتە دەروونییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جۆری ئیشی ژنان و پیاوانەن. گرینگترین خاڵێک کە هەیە ئەوەیە کە ئەم ڕەهەندە هەمەچەشنانە پێکەوە گرێدراون و تەنیا ناسینی ئەوەی کە کەسێک کە ئافرەتە، ئەم واتا لاوەکییەی هەیە کە ئەو کەسە تایبەتمەندیی جەستەیی تایبەت (دەنگی ئارام و ناسک و جوان) و سیفاتی دەروونیی تایبەت (سۆزبەخش، گرێدراو، لاواز، هەستیار) هەیە و کاری تایبەتی وەکوو (چاودێریی منداڵ، چێشتلێنان، ماڵداری) هەیە. کلیشە ڕەگەزییەکان کچان و ژنان وەک مرۆڤگەلێک بە فەرمی ناناسێ کە هەموو مافێکیان هەبێ و ڕێگری لە سازبوونی پەیوەندیی هاوئاهەنگ و یەکسانی نێوان دوو ڕەگەزی بەرامبەر دەکا و ناهێڵێ کچان و ژنان لە پێشکەوتندا بەشدارییی تەواویان هەبێ و بەم شێوە ڕێگری لەوە دەکا کە کچان و ژنان هەموو توانا مرۆییەکانیان (توانا مەعنەوی، سۆزداری و ئیرادییەکان)یان وەگەڕ بخەن. لە لایەکی دیکەشەوە کلیشە ڕەگەزییەکان ڕێگری لەوە دەکەن کە کچان و کوڕان لە هەموو لایەکەوە هەستە مرۆییەکانیان وەگەڕ بخەن و دەبنە هۆی ئەوەی ئەوان هەرچی زیاتر بەرەو توندوتیژی، ڕکابەری، هەڵچوون، بێمتمانەیی و دڵڕەقی ڕابکێشرێن (میشل، 1376: 35).

لە کەلتووری باودا ئەوەی کە ژن دەبێ ماڵداری بکا و پیاو لە دەرەوە ئیش بکا، پیاو نابێ بگری، ژن دڵناسکە و ناتوانێ داوەری دروست بکا، ژن ترسنۆکە، خورافاتی و دڵڕەنجە و پیاو دڵڕەق، بەزاکوون، باڵادەست و تووڕەیە، ئەمانە هەندێ نموونەن کە لە پێڕستی دوور و درێژی کلیشە ڕەگەزییەکانی تایبەتمەندییە تایبەتەکانی پیاوان و ژنانە. ئەوەی لە لێکدانەوەی کلیشە ڕەگەزییەکان لە کۆمەڵگادا جێی سەرنجە کلیشەی نەرێنی لە بارەی ژنان و برەوپێدان و قبوولکردنی کلیشە ئەرێنییەکان سەبارەت بە پیاوانە کە ئەم کلیشانە لە کۆتاییدا پێشداوەری و هەڵاواردنی ڕەگەزی لێ دەکەوێتەوە.

بە پێی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەو کەسانەی کە هاوسەرگیریی سپی یان هاوماڵییان لەبەر ئەم هۆکارە هەڵبژاردووە کە کلیشە ڕەگەزییەکانی هاوسەرگیریی سپی لە هی هاوسەرگیریی هەمیشەیی کەمترە. لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی تێچووە ئابوورییەکان لە ئەستۆی پیاوە؛ بۆ وێنە بڕەمارەیی، خانوبەرە، نەفەقە و ... لە ئەستۆی پیاوە. لە لایەکی دیکەشەوە ژن بە کڕینی جیازی تەواو تووشی کێشەی ئابووری دەبێتەوە. ئەرکی ژن و مێردیش لە سەر بنەمای فەرهەنگی ئێرانی بۆ لایەنەکان پێناسە کراوە کە لە لایەن بنەماڵەی مێرد و ژنەوە چاودێری دەکرێن. لە هاوسەرگیریی سپیدا نەک هەر کلیشە ڕەگەزییەکان کاڵ دەبنەوە بەڵکوو تاکەکان ئازادیی زیاتریان هەیە. ژنان زۆر بە ئاسانی بۆ هەلی کار یان هەر شتێکی دیکە جووڵەی جوگرافیاییان هەیە و ئازادترن. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ هەر دوو لایەنەکە ئازادیی زیاتر بۆ هەڵبژاردن هەیە. بە جۆرێک کە ئەگەر لایەنەکان بە لێک تێگەیشتن نەگەن ئاسانتر لێک جیا دەبنەوە و هاوبەشێکی دیکە بۆ هاوماڵی دەستنیشان دەکەن.

"خانم، 28 ساڵان لە تاران

ئێستا ئەگەر چاوێک لە ڕابردووانی خۆمان بخشێنین کۆمەڵێکیان هیچکات سۆز و پەیوەندیی تەندروستیان نەبینیوە، ڕەنگە هەر واش لای یەکتر بووبێتن. بەڵام ئەم لە لای یەکتربوونەیان تەنیا لە بەر هەندێ

داب‌ونەریتە کە تەڵاق و دیکەی پرسەکانیان بە لاوە شوورەیی بووە و لە ناو ئەم پەیوەندییانەدا تۆ ئەگەر لە هاوسەرەکەت ناڕازی بی زۆر بە ئاسانی لێی جیا دەبیتەوە."

خاتوون، 27 ساڵان خەڵکی تاران
پرسی ڕەگەزێتی ئێستا لە باو کەوتووە وای لێ هاتووە نە من لەبەر کچبوونم ئازار دەبینم و نە ئەو بەرپرسە. لە ڕووی ئابوورییەوە ئەو ماڵی هەبوو و شتێکی وا لە ئارادا نەبوو بەڵام کاتێک کە چوومە سەر کار منیش یارمەتیم دا و هەر دووکمان 3/1 داهاتەکەمان دەخەینە پاڵ یەکتر بەڵام من کەمتر پارە دادەنێم. پەیوەندیکەمان ئازاد نییە چونکە هەردووکمان پێمان وایە وزەمان نامێنێ و تووشی کێشە نابین و پێویستمان بە هاوکاریی یەکترە. لە ڕووی سێکسی و سۆزدارییشەوە پێکەوەین.

لە تیۆریی ڕۆڵ، چەمکەکانی پێگە و کۆی پێگەیی و هەروەها ڕۆڵ و کۆمەڵە ڕۆڵەکان گرینگ دەبن. لە ڕاستیدا، پێگە ئەو هەڵوێستەیە کە تاک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای خۆیدا هەیەتی و بە پێی بایەخی ئەو پێگەیە لە سۆنگەی ڕادەی کارلێک، هێز، باڵادەستی یان ئابڕوو لە ناو زنجیرە پلە کۆمەڵایەتییەکاندا پێگەیەکی تایبەت بۆ خۆی تەرخان دەکات. لە هەر پێگەیەکدا تاکەکان لە هەندێ هەڤیازی و ماف سوودمەند دەبن لە حاڵێکدا دەبێ هەندێ ئەرکیش ئەنجام بدەن. لێرەدا وشەی پێگە و ڕۆڵ پێکەوە تێهەڵکێش دەبن، واتە پێگە ئەو هەڵوێستەیە کە تاک لە زنجیرە پلە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستی دەخا و دەور وەک کۆمەڵە هەڤیازی و ئەرکی شاراوەی ناو پێگە لە قەڵەم دەدرێ کە کۆمەڵگا و خاوەنی پێگە چاوەڕوانین. دێری کۆمەڵە ڕۆڵەکان بە هەموو پەیوەندییە ڕۆڵییەکانی کەسێک دەوترێ کە بە هۆی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی لەگەڵ دیتران سازی دەکات. ئەندامانی ناو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو لەوانەیە بەو کەسانەی کە دەورە دیاریکراوەکانیان بە باشی ئەنجام دەدەن پاداشتیان پێ بدا و

ئەوانەی کە وڵامی نا بەم نۆرمانە بدەنەوە، سزایان بدات (دوچ و کراوس، 1374: 189).

بەم شێوە دەتوانین بڵێین ڕۆڵی ڕەگەزی بریتییە لە چاوەڕوانییە باڵاکانی ناو کۆمەڵگایەک لە بارەی ئەو چالاکی و هەڵسوکەوتانەی کە پیاوان و ژنان دەتوانن یان ناتوانن ئەنجامی بدەن (1992,Kammeyer). کاتێک باس لە چەمکی ڕۆڵی ڕەگەزی دەکەین جیا لە تەرخانکردنی ئەرک و کاری ماڵ یان کۆمەڵایەتیی جیا بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە، چاوەڕوانیی تایبەتمەندییە کەسایەتی و کردەوە جیاوازەکان بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە (وەکوو هەڵسوکەوتی سۆزدارانەی ژنان و هەڵسوکەوتی هێرشبەرانە و وردبینانەی پیاوان)یش لە بەر چاو دەگیرێت. بە کورتی دەبێ بڵێین کە بنەڕەتیترین ئایدیا لە تیۆریی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە: جیاوازییە ڕوانگەیی و هەڵسوکەوتییەکەی پیاوان و ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە جیاوازانەی کە ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگادا هەیانە؛ چونکە دەور و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان ڕوانگە و هەڵسوکەوتی تایبەت پشتراست یان ڕەت دەکەنەوە. بە واتایەکی دیکە، پێگەی تاک لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی (پێگەی کۆمەڵایەتی) بیچم بە باوەڕ، ڕوانگە و هەڵسوکەوتەکانی (ڕۆڵی کۆمەڵایەتی) دەدات. لە هاوسەرگیریی سپیدا بەو پێیەی کە دەوری ژن و دەوری مێرد بۆ لایەنەکان پێناسە ناکرێ، ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا لە ژن و مێرد چاوەڕوان دەکرێ، لە هاوسەرگیریی سپیدا ئەو چاوەڕوانییانە بوونی نییە.

لە لایەکی دیکەوە، ئاشکراترین شێوازێک کە لە ڕێگەی ئەوەوە، فەرهەنگ و کەلتووری کۆمەڵگا جیاوازی دەخاتە نێوان هەڵسوکەوتی پیاوان و ژنان، کۆمەڵگاگرییە. کۆمەڵگاگری پرۆسەیەکە کە تێیدا مرۆڤەکان لە ڕێگای شێوازەکانی ژیانی ناو کۆمەڵگاکەیان فێری دەبن و کەسایەتییەکی تایبەت وەدەست دێنن؛ بە جۆرێک کە وەک تاکێک ئامادەیی کارکرد و هەڵسوکەوت لە ناو کۆمەڵگادا فێر دەبن. ئەوەی کۆمەڵناسان لە پرۆسەی کۆمەڵگاگریدا جەختی لە سەر دەکەنەوە فێربوونی ئەو لێهاتوویی و ڕوانگانەیە کە لەگەڵ

ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان گونجاو بێت. کۆمەڵگاگریی ڕەگەزی ئەو بەکۆمەڵایەتیبوونەیە کە لە ڕێگەی ئەوەوە منداڵان نە تەنیا دەبن بە بوونەوەرانێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو دەبنە کەسانێکی خاوەن پڕەنسیپی ژنانە و پیاوانە. لەم بارودۆخەدا، پیاوەتی یان ژنێتی، هەڵگری ئەو تایبەتمەندی و هەڵسوکەوتانەیە کە لە ناو هەر کۆمەڵگایەکدا بۆ پیاوان و ژنان، شیاو و گونجاوە. ئەوەی وەک ناوەرۆکی ئەم پرۆسە ڕەچاو دەکرێ (وەکوو نۆرم، بەها، ڕوانگە و هەڵسوکەوتەکان) هەر ئەوانەن کە لە خواستەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرن (Stanley,2002). سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵناسان لە سەر گرینگیی بنەماڵە، قوتابخانە، هاوتەمەنان و میدیا گشتییەکان لە بەکۆمەڵایەتیکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا هاودەنگن، زۆریان لەو بۆچوونەدان کە بنەماڵە لە بە کۆمەڵگاگریی تاکەکان گرینگییەکی بنەڕەتی هەیە. منداڵان کە هەمیشە دایک و باوکی خۆیان خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکە ڕەگەزییە ڕۆژانەکەیان دەبینن، ئەگەر ببینن کە دایکەکانیان زیاتر لە ناو ماڵدان و باوکەکانیان لە دەرەوەی ماڵ خەریکی ئیش و کارن، دایکەکانیان لە چاو باوکەکانیان کاتێکی زیاتر تەرخانی چێشتلێنان، پاکوخاوێنی و دیکەی کاری ناو ماڵ دەکەن و ئەوە زیاتر دایکانن کە لە کاتی کاریان کەم دەکەنەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نەخۆشیدا چاودێرییان بکەن یان بیانبەنە نۆرینگە، دیارە ئەم منداڵانە ئەم ڕۆڵ و دەورانە وەک شێوازی ئاسایی و قبووڵکراو بۆ هەڵسوکەوتی ژنان و پیاوان سەیر دەکەن و قبووڵیان دەکەن (Browne,1992). بە پێی تیۆریی کۆمەڵگاگریی ڕەگەزی، لە پرۆسەی کۆمەڵگاگری لە ناو بنەماڵە، ڕوانگە و شوناسە ڕەگەزییەکان بە شێوەی چەسپاو دەگوازرێتەوە بۆ منداڵان کە ئەمە درێژەی باڵادەستیی پیاوان و ژێردەستیی ژنانی لێ دەکەوێتەوە. بە پێی ئەوەی کە لە پرۆسەی کۆمەڵگاگریی ڕەگەزی، زۆر جار وێنەیەکی سەربەخۆ، تۆکمە، شیاو، بەتوانا و خاوەن ئیرادە لە پیاو پیشان دەدەن و لە بەرانبەردا ژنان بە بوونەوەرانێکی ئارام، ملکەچ، بێدەسەڵات، دڵناسک و وابەستە پێناسە دەکرێن، لە وەها بارودۆخێکدا

پیاوان ڕۆڵی ڕەگەزی/نەریتانەی باڵادەســـتیی پیاوانە و ژنان دەوری ملکەجێتی قبووڵ دەکـەن (Schaffer,1992). یـەکێکی دیکە لـەو ڕێگـانـەی کـە دایـک و بـاوکـەکـان هـەڵســـوکـەوتی ڕەگـەزتـەوەرانـەی منـداڵـەکـانیـان بـەهێز دەکـەن لـە ڕێگـەی سـەرچەشـنی جیاوازی کارلێکی دوو لایەنانە و هەڵسـوکەوت لـەگـەڵ کچـان و کوڕانـە. دایـک و بـاوکـەکـان ئـەم کردەوە پشـتبەسـتوو بە ڕەگەزێتییە بە پێدان یان پێنەدانی وڵامی تایبەت بـە هـەنـدێ لـە ڕەفتـارە دیاریکراوەکـان لـە منداڵـەکانیـاندا پتـەو دەکەن. هەر بۆیە لاســـاییکردنەوەی منداڵان لە هەڵســـوکەوتی دایک و باوکەکان و هەروەها بەهێزکردنی ڕاستەوخۆی وڵامی منداڵەکان لە لایەن دایـک و باوک لـەو ڕێگا بنـەڕەتییانـەیە کە دەبێتـە هۆی کۆمـەڵگـاگریی جیـاوازی کچـان و کوڕان لـە نـاو بنەماڵەدا. دانانی ئەم جیاکاری و جیاوازییانە لە نێوان هەر دوو ڕەگەزی کچ و کوڕ کە لە سـەرەتای ژیانەوە دەسـت پێ دەکا و دەبێتـە هۆی فێربوونی کردەوەی بێدەســـەڵاتانـە، ملکـەجانـە و پەروەردەکردن و چاودێریکردنی دیتران لە لایەن کچان دەبێ، لە حاڵێکدا کوڕان فێری هەڵســـوکەوتی چالاکانە، تووڕەییانە و سەربەخۆیی و پشت بە خۆبەستوویی دەبن.

دایک و باوک بە ئەگەری زۆر کوڕان بۆ ئەو هەڵسوکەوتانە هان دەدەن کە متمانە بە خۆ، ســـەربەخۆ و بووێریان دەکا؛ لە حاڵێکدا کچان بۆ هەرچی زیاتر پەیوەندی ســـازکردن لەگەڵ دیتران و پشـــتبەســـتن بەوان هان دەدەن (Lindsey,1997). ئەم کۆمەڵگاگرییە ڕەگەزییە لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا بەردەوام دەبێ بەڵام لە هاوسـەرگیریی سـپیدا ئەم جیاکارییە ڕەگەزییە لە ئارادا نییە و کەمترە.

لە لایەکی دیکەشەوە باوەڕە فیمینیستییەکان لە هاوسەرگیریی سـپیدا زیاتر لە هاوسـەرگیریی فەرمی خۆی دەنوێنێت. ژنان و پیاوان پێکەوە ئیش دەکەن و خوازیاری یەکســـانی لە بەســـتێنە جیاجیاکانی ژیانن. جیاوازییە پێکهاتەییەکانی ژن و پیاو و ئـاســـەوارە جۆراوجۆرەکـانی لـەو بـابـەتـانـەن کـە لـە بوارە جیاجیاکاندا تاوتوێ کراون. فیمینیســـتەکان لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا تێکۆشــاون کە بیســەلمێنن تایبەتمەندییە دەروونی و

کۆمەڵایەتییەکانی ژن و پیاو ئاخێزگەی ســـروشـــتی نییە و لە پەروەردە و ژینگەوە ســــەرچاوە دەگرێت (زیبایینژاد، 1388: 25). ئـەوان بـە بـەکـارهێنـانی وشــــەی ڕەگـەز و ڕەگـەزێتی ئاماژەیان بە جیاوازیی تایبەتمەندییە سروشتی و کەلتوورییەکان کردووە. جیاوازییە ڕەگەزییەکان ئاماژە بەو جیاوازییانە دەکەن کە ئـاخێزگـەکـەیـان بـایۆلۆژییـە و هـەروەهـا ئـامـاژەش بـەو جیاوازییانە دەکەن کە ئاخێزگەکەیان فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە (جزنی، 1380: 99 - 100).

فیمینیســـتە ســـووســـیالیســـتەکان پێیان وایە کە ژنان لە ســـەرمایەداریی پیاوســـالارانەدا، بە هاوڵاتیی پلە دوو لە قەڵەم دەدرێن (قمری گیوی، 1385: 59-60). بەڵام ئەو ئامانجەی کە فیمینیســـتە لیبرالەکان / چاکخوازەکان لە کۆمەڵناســـیدا دەیگرنە بەر، سەلماندنی ئەم خاڵەیە کە جیاوازییەکانی نێوان دوو ڕەگەز جـەوهـەری نییـە، بـەڵکوو دەرەنجـامی کۆمـەڵگـاگری و "هاوچەشنکردنی ڕەگەز و دەور"ـــە، جیاوازیی هەڵسوکەوتی کچـان و کوڕانە کـە کـەم تـا کورتێـک لـە ســـــاتـەوەختی لەدایکبوونەوە دەســـت پێ دەکا و ڕێگری لە گەشـــانەوەی توانا مرۆییـەکـانی ژنـان دەکـات. جیـاوازیی نێوان ژنـان و پیـاوان لـە کۆمەڵگا ڕۆژاواییەکان بە هۆی جیاوازیی پەروەردەی کچان و کوڕان، جیاوازیی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا لە کچان و کوڕان و بوونی یاســـا جیاکارییەکانە و بە گشـــتی بە هۆی کلیشـــە ڕەگـەزییـەکـانـە (آبوت و والاس، 1380: 287 و 288). لـە هاوســەرگیریی ســپیدا ژن ئازادیی زیاتریان هەیە و ئەو ژنە لە ئاســـت پیاو هیچ پابەندییەکی نییە و هەر کات بیهەوێ دەتوانێ بە بێ هیچ ڕێگرییەک مێردەکەی بە جێ بێڵێ و بە پێچەوانەی هاوســـەرگیریی هەمیشـــەیی لەو میکانیزمە یاســـاییانەی کە لە بەرژەوەندیی پیاوانە، بێبەرییە. کەواتە باوەڕە فیمینیستییەکان لە کۆمـەڵگـای ئـەوڕۆییشـــدا بۆتـە هۆکـارێـک بۆ پـەرەســـەندنی پێکەوەبوون لە ئێران، بەم بەڵگەوە کە ئازادیی ژنان زیاترە و مافی یەکسانیان هەیە.

**3ـــ8ـــ2. تاراندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پشتیوانی، ترس لە بەدواداچوون**

هاوسەرگیریی سپی یان هاوماڵی نە تەنیا لەگەڵ ئایین و فەرهەنگی ئێرانیدا یەک ناگرێتەوە، بەڵکوو لە یاسای ئێران سزای بۆ دیاری کراوە. ڕێکخستنی پیوەندییە سێکسییەکان هەمیشە نیگەرانیی ئایین و یاسای کۆمەڵگە جیاوازەکان بووە؛ چونکە نانۆرمێتی لە بەشی پەیوەندییە سێسکییەکان ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی تووشی کێشە دەکات. هاوسەرگیری یەکێک لەو ڕێکارانەیە کە لە ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی سێکسیی ژن و مێرد لە زۆربەی وڵاتانی دنیا وەک بابەتێکی لۆژیکی، ئەخلاقی و شەرعی دەناسرێت. لە ئێرانیشدا هاوسەرگیری ڕێگایەکی قبووڵکراوی شەرعی و یاسایی و عورفی بۆ تێرکردنی خواستە سێکسییەکانە، جگە لەوە نە تەنیا لە لایەن بنەماڵە، بەڵکوو لە لایەن کۆمەڵگا و یاساوە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوەی دەرخست کە هاوماڵی لە بنەماڵە دەشاردرێتەوە و ئەمە زۆرینەی وڵامدەرانیشی گرتەوە. ئەو بنەماڵانەی کە لە هاوماڵیی منداڵەکانیان ئاگادار بوون خۆیان لە نەزانین دەدا. بەڵام منداڵەکان لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە تارێنرا بوون و لە داکۆکیی خێزانی بێبەش کرابوون.

ژن، تەمەن 32 ساڵ خەڵکی مەشهەد
دایک و باوکم، خوشک و براکانم هەموویان بەمە دەزانن. ئەوەی ڕاستی بە دڵیان نەبوو بەڵام لە ڕووی هەست، سۆز یان تەنانەت ئابوورییەوە پشتیوانیان نەکردین؛ چونکە وا دیار بوو بڕوایان بەم پەیوەندییە نەبوو.

پیاو، 26 ساڵان خەڵکی تاران
پێم خۆش نەبوو کەس بزانێت. پێم وا بوو ئەمە پەیوەندیی تایبەتیی خۆمە و بە پێویستی نازانم کەس بەم پەیوەندییە بزانێ، بەتایبەت بنەماڵە؛ بە جۆرێک پێم وایە بە هۆیەوە دەمانتارێنن. ئەگەر بنەماڵەکەم بزانن لەگەڵ یەکێکم بێگومان تووڕە دەبن، دەی منیش ئەوەندەی بتوانم ناهێڵم چونکە ئەمە یەکێک لە هێڵە

سوورەکانی کۆمەڵگای ئێمەیە. قسە لە سەر ئەوە نییە کە عەیب بێ یان نا.

دەتوانین پشتیوانیی کۆمەڵایەتیی بنەماڵە وەک ئاستی سوودمەندبوون لە سۆز، هاوڕێیەتی، ڕێز، سەرنج، و هاوکاری لە لایەن ئەندامانی بنەماڵە و هەروەها کەسانی گرینگ پێناسە بکەین. پشتیوانیی کۆمەڵایەتیی بنەماڵە دوو ڕەهەندی بنەڕەتی لە خۆ دەگرێ: ڕەهەندی زەینی کە بە هۆیەوە تاک دەتوانێ لە بارودۆخی پڕزەبر و زەنگدا بە هۆی ئەو داکۆکییەی کە لە لایەن بنەماڵەوە لێی دەکرێ وڵامی باشتر بداتەوە و لە ڕەهەندی ئۆبژەییەوە لە کاتی سەرهەڵدانی ڕووداوی نەخوازراو و بارودۆخی هەستیاری بنەماڵەوە هاوکاری دەکرێ و کەسەکە تووشی قەیرانی دەروونی و ڕۆحی نابێتەوە. بەڵام کاتێک کە لە لایەن بنەماڵە یان کەس و کار یان دیترانەوە دەتارێنرێن، جیا لە هەستکردن بە تەنهایی و خەسارەی ڕۆحی و زەختی دەروونی، بە تەنیا ناتوانێ بەرەنگاری کێشەکان، بەتایبەت کێشە ئابووری و تەنانەت سۆزدارییەکان ببێتەوە.

هاوسەرگیریی سپی وەک یەکێک لە سەرچەشنەکانی پەیوەندیی نائاسایی کۆمەڵگا هەمیشە لە لایەن دەسەڵات و یاساوە ڕەخنەی لە سەر بووە و بە هۆی نایاساییبوونی لە لایەن کۆمەڵگاوە وەک جۆرێ بەرەڵایی و بێڕەوشتیی سێکسی لە قەڵەم دراوە.

وەک وترا جیا لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن نەبێ ڕوانگەی گشتیی کۆمەڵگا لە مەڕ هاوماڵی تێکەڵ بە سەرکۆنەیە و هەوڵی تاکەکان بۆ ئاشکرانەکردنی ئەم ئیدعایە پشتڕاست دەکاتەوە کە هاوسەرگیریی سپی وەبیرهێنەرەوەی بێڕەوشتی و بەرەڵاییە کە تاکەکان دەبێ سڵی لێ بکەنەوە. ناوناتۆرەی کۆمەڵایەتی ئەو ڕوانگە نەرێنییانە لە خۆ دەگرێ کە کۆمەڵگا بە سەر تاکیدا دەسەپێنێ و تاک لە ئەنجامی ئەوەدا هەست بە تارێنراوی و هیچۆکەیی دەکات. کەواتە ئەو تاکانەی کە هاوسەرگیریی سپییان بە ئەزموون کردووە بۆ نانۆرمی باج دەدەن. ئەم باجە دەتوانێ لە چوارچێوەی ترس لە بەدواداچوونی یاسایی و

نائاسایشی، تارێنران و هەروەها لە ناوچوونی داکۆکیی کۆمەڵایەتی بێت.

هەستکردن بە نەبوونی ئاسایش لە ژیانی دووکەسیدا و ئەگەری هەڵوەشانەوەی دەتوانێ تاک لە ژیانی ڕۆژانەدا تووشی هەندێ کێشە بکات. ئەگەرچی پانتای شار لەگەڵ ئەم چەشنە پەیوەندییە گونجاوە و بوونی بینای هەرزان بە میتراژی کەمەوە زەمینە بۆ ژیانی دوو کەسی دەڕەخسێنێ، دیارە ئەم ئاسایشە شکێنەرە و دەتوانێ لە لایەن هەر کەسێکەوە لەق بکرێت. بەشێکی ئەو نائاسایشییە بەدواداچوونی یاسایی و ترس لەوەی کە تاکەکان لای یاسا بیدرکێنن و بەشێکی دیکە هی هەوڵی پێداگرانەی لایەنەکان بۆ شاردنەوەی ئەم بابەتە لە لای دراوسێکان، خزم و کەس و هاوڕێ و بنەماڵەکانە.

لە لایەکی دیکەشەوە لە ئەگەری دووگیانیشدا هیچ چەشنە داکۆکییەک بۆ ساوای لەدایکبوون نییە. ئەم ساوایە کە بەرهەمی هاوسەرگیریی سپییە یان بە شێوەی بێمۆڵەت و ناتەندروستانە لەبار دەبرێ یان لە ئەگەری لەدایکبوونیش ڕادەستی ناوەندی بێهزیستی (چاکژیانەوە) دەکرێ و یان تەنانەت لە سەرە ڕێگاکان فڕێ دەدرێت. کەواتە نەبوونی پاڵپشتیی یاسایی و تارێنران لە لایەن بنەماڵەوە (کەسانی گرینگ) و دەرکەوتنی خەسارەتی ڕۆحی و جەستەیی لە دەرهاویشتەکانی ئەم چەشنە پەیوەندییانەیە. سەرەڕای ئەو کێشانەی کە ئاوقانی ژیانی ئەم کەسانە دەبێ، ئەوەی ئەم جۆرە پەیوەندییانە بەردەوام دەکا، ئەوەیە کە سووژە لەم جۆرە ژیانە چێژ دەبینێت. وەک لە خاڵەکانی سەرەوەدا بۆمان دەرکەوت خواست بۆ ئەزموونی نوێ و تێربوونی سێکسی دەتوانێ هۆکارێ بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیریی سپی بێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە تاک لە ئاست بەرپرسایەتییە کەمەکەی و گرێبەستە دوو لایەنەکان ئەوەندە گیرۆدەی پابەندی و دەروەستی نییە.

### 9-3. ئەنجامە چەندایەتییەکان

وەک لە بەشەکانی ڕابردوودا ئاماژەی پێکرا لە ڕێگەی

تەکنیکی دیمانە و کۆکردنەوەی ئەنجامەکان، ڕێژەیەکی زۆری داتای ئاماری کۆ کراوە کە لە چوارچێوەی چارتدا شیکاری و پێناسە دەکرێ کە ناسینی ڕوونتری دیاردەی هاوماڵی لێ دەکەوێتەوە. بە پێی ڕێژەی حەشیمەت و گەورەیی کەلانشارەکان ڕێژەی 203 دیمانەی لە سەر ئاستی هەر سێ شاری تاران مەشهەد و ئیسفەهان بە ڕیز 86 دیمانە لە تاران، 64 دیمانە لە مەشهەد، 53 دیمانە لە ئیسفەهان ئەنجام درا کە بە پێی ڕەگەزێتی بریتییە لە 116 دیمانە لەگەڵ ئافرەتان و 87 دیمانە لەگەڵ پیاوان. بەو پێیەی کە پرسیارکارەکان هەم ژن و پیاو بوون، ڕادەی متمانە و هاودڵی لە ناو نموونە ژنەکان زیاتر دروست بوو و بە هۆی هەستیاریی بابەتەکە بۆ خانمەکان، زیاتر ژنان هۆگری قسەکردن سەبارەت بەم دیاردە بوون و پیاوان هەوڵی شاردنەوەیان دەدا. بە هۆی پێشینەی تیۆری و ئەزموونی لێکۆڵینەوە، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و کەلتووری تێپەڕین، مۆدێرنیتەی ناتەواو و فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان کاریگەری لە سەر ڕوونکردنەوەی دیاردەی هاوماڵی دادەنێن. لەم بەشەدا کار لە سەر شیکاریی ئاماری و شێماتیکیی ڕوونکردنەوەی کۆمەڵایەتیی هاوماڵیی ئێران دەکەین.

### 3-9-1. تەمەن

تەمەن یەکێک لە گرینگترین بگۆڕەکانە کە لە دیمانەی هاوسەرگیریی سپی شرۆڤە و شیکاری کرا. بە پێی دیمانە و ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە کەمترین هاوسەرگیریی سپی و هاوماڵی لە مەودای تەمەنیی 41 – 37 ساڵ بە 10.34 لە سەدە و زیاتر هاوماڵی لە مەودای تەمەنیی 30-25 ساڵ بە 45.33 لە سەد بوو.



چارتی 1. فرەیی پانتای تەمەنیی وڵامدەران

دەیەی 60ی هەتاوی لە ناوەڕاستەکانیەوە واتە 1365ی هەتاوی بەم لاوە ئەوپەڕی قەیران (بۆ ئەم شێوازی ژیان یان ئەم دیاردە) بووە. لە سۆنگەی خوێندن و کەمایەتیی پێداویستییەکانی قوتابخانەکان، کونکوور و زانکۆ و گیر و گرفتی مانەوەی پشتکونکوور، ترافیکی ماستەر و دکتۆرا، دیاریی ناچاریی بێکاری، هاوسەرگیریی درەنگوەخت و کێشەکانی هاوسەرگیریی ئەم دەیە لە تایبەتمەندییە تەمەنییەکانی دەیەی کۆتایی 60 هەتاوی و سەرەتاکانی دەیەی حەفتایە.

کێشەکانی ئەم دەیە گەیشتۆتە ئاستێک کە هەندێ لە بەرپرسان وتوویانە ناتوانن کێشەکانی ئەم دەیە چارەسەر بکەین. ئیسحاق جیهانگیری، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری دەوڵەتی دوازدەهەم، لە کۆربەندی ڕۆژی جیهانیی داهاتوو وێڕای ئاماژە بە سەرەچاڵنجەکانی وڵات، وتی: لەدایکبووانی دەیەی 60ی هەتاوی چوونە هەر قۆناغێک تووشی کێشە هاتن. لە کاتی چوونە قوتابخانە هەتا قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆ، و ئێستاش پرسی کار و پیشە و لە داهاتوودا بابەتی بەساڵاچوویان دەبێ سەرنجی زیاتری پێ بدرێت.[1]

قوتابیانی دەیەی 60 هەتاوی، لە ئێستادا خاوەن بڕوانامەی

1. باشگاه خبرنگاران جوان (https://www.yjc.ir)

زانکۆ و ماســتەرن کە زۆریان لە گەورەشــارەکاندا لە کەرتی تایبەتدا خەریکی کاری ناو نووسینگە و ئیشی ئازادن کە بەشی ژیانێکی فەرمی بە هەڵواســان و هەلومەرجی نالەباری ئابووری و بێکاریی لە ڕادەبەدەر ناکا، لە ئێراندا ژیان بە سەر دەبەن. ئەم گەنجانە هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە کەلتووری و تەکنەلۆژییەکان و بەشــداری لە زانکۆ لە چاو گەنجانی دەیەی 40 و 50 و ســەرەتاکانی دەیەی 60 کە ئەزموونی شــۆڕش و شەڕیان هەیە، نەرمی‌نوێنن و لەگەڵ نەوەکانی ڕابردوو تووشی لێکدژیی لە بەها و نۆرمەکان بوونەتەوە.



وێنەی 18. نومایەکی قوتابیانی دەیەی 60. ئەمانە ئێستا تەمەنیان ژوور 30 ساڵانە. بڕوانە ماڵپەڕی خبر آنلاین

گەنجانی تەمەن 28، 29، 30 ســاڵان کە بە هۆی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هاوســەرگیرییان نەکردووە و لە تەمەنی هاوسەرگیریشدان، هەندێ لەم گەنجانە هاوســەرگیریی سپی بە هەڵبژاردنێکی عەقڵانی دەزانن، بۆیە ئەم هاوســەرگیرییە هەڵدەبژێرن. لە ســەر بنەمای چارت، ئەم گەنجانە بۆ پەیوەندی ســازکردن تەکنەلۆژیا نوێکان (موبایل، ئەنتەرنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئینســتاگرام، فەیســبووک و ...) بە کار دەبەن و پەرۆشــییە ئایینییەکانی دەیەکانی ڕابردوویان نییە و زیاتریان ڕێژە و فرەییان لە خۆ گرتووە کە

ئەم چەشنە پەیوەندییە بۆ خۆیان وەک جێگرەوەیەک بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی و فەرمی هەڵدەبژێرن. لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی شایەنی سەرنجە گەنجانی دەیەی 70ی هەتاوییە کە لە مەودای 24-19 ساڵدان و ئامارێکی بەرچاویان لە خۆ گرتووە. ئەم نەوە لە دەیەی 60ی هەتاوی نەرمی‌نوێنترن و بە پێی جیهانیبوون و گۆڕانکارییە کەلتوورییەکان و بە مۆدێڕنبوونی ئێران و ئاشنابوونی زیاتر لەگەڵ فەرهەنگی ڕۆژاوایی و بەزاندنی زەمەن شوێن لە ڕێگەی ئەنتەرنێت، تەنانەت لە سەرەتاکانی هەرەتی گەنجێتی کە کاتی هاوسەرگیری نییە پەیوەندیی هاوماڵی بە ڕێگایەک بۆ ناسین و فرەچەشنیی زیاتر و پەیوەندیی زیاتر لە پەیوەندیی دۆستایەتیی کچ و کوڕ دەزانن و ئەم شێوازی ژیانە وەک بابەتێکی ئاسایی سەیر دەکەن کە لەگەڵ تێپەڕینی کات لە کۆمەڵگادا قبووڵ دەکرێت. لە ڕوانگەی ئەو گەنجانەی کە خوێندکارن و لە سەرەتاکانی قۆناغی زانکۆدان ئەم شێوازی ژیانە وەک جۆرێک هەڵبژاردنی تاکەکەسی و بە جیا لە بەها ئایینی و ئایینزاییەکان بۆ خۆیان دەستنیشان دەکەن کە ڕوانگەی زۆرێک لە کارناسان و ڕاوێژکاران و دەسەڵاتدارانی حکومەتی لێ کەوتۆتەوە.

### 3-9-2. خوێندن



چارتی 2. فرەیی ئاستی خوێندەواریی وڵامدەران

خوێندنی باڵا لە وڵاتی ئێران بەشێک لە وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنانی ئێرانە و لە ئێستادا لە ژێر چاودێریی وەزارەتی زانست، لێکۆڵینەوە و تەکنەلۆژیا و وەزارەتی تەندروستی، دەرمان و ڕاهێنانی پزیشکیی ئێرانە (بۆ زانستی دەرمان و تەندروستی) بەڕێوە دەبرێ و ڕێک دەخرێت. زانکۆکانی ئێران ئەو ڕاهێنانە زانکۆییانە پێشکەش دەکەن کە بە بڕوانامەگەلی تێکنیسییەن، بکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا کۆتایی پێ دێت. توێژینەوە ئامارییەکانی وەزارەتی زانست، لێکۆڵینەوە و داهێنان، بارودۆخی خوێندکارانی زانکۆی لە ساڵی خوێندنی 95-96 خستە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. لەم ئامارەدا، لێکبڵاویی ڕێژەی خوێندکارانی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای وڵات بە پێی قۆناغەکانی خوێندن لە ساڵی 95-96 هەتاوی بڵاو بۆوە. لەم ئامارەدا خوێندکاران بە شێوەی گشتی بە پێی قۆناغی خوێندن هاتوون کە ڕێژەی خوێندکاران لە قۆناغی بکالۆریۆس لە دیکەی قۆناغەکانی خوێندن زیاتر بوو.




چارتی 3. ئاماری خوێندکارانی ئەم دامەزراوانە بە پێی قۆناغی خوێندن لە ساڵی 1395 هەتاوی بە پێی ڕاپۆرتی دامەزراوەی توێژینەوە و بەرنامەڕێژیی پەروەردەی باڵا

بە پێی لێکدانەوەکان لە قۆناغی تێکنیسییەن ڕێژەی 748

هەزار و 677 کەس (18.3لە سەد)، قۆناغی بکالۆریۆس 2 ملیۆن و 335 هەزار و 729 کەس (57.2 لە سەد)، لە قۆناغی ماستەر 764 هەزار و 233 کەس (18.7 لە سەد)، لە قۆناغی دکتۆرای پرۆفیشنال 93 هەزار و 926 (2.3 لە سەد) و دکتۆرای پسپۆڕی 140 هەزار و 447 کەس (3.4) خەریکی خوێندنن. لێکدانەوەکان پیشان دەدا کە کۆی خوێندکاران لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن 4 ملیۆن و 83 هەزار و 12 کەسە کە قۆناغی بکالۆریۆس زیاترین خوێندکاری لە خۆ گرتووە. بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە (چارتی 2)ـیش زۆربەی ئەو کەسانەی کە پەیوەندیی هاوماڵییان هەیە ئەو گەنجانە بوون کە بڕوانامەی زانکۆیان هەیە. بە پێی داتاکانی ئەم توێژینەوە 62.57 لە سەد هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس و 23.15 لە سەد ماستەر و دکتۆرا بوون. زۆربوونی حەشیمەت لە دەیەی 60 و سەرەتاکانی دەیەی 70ی هەتاوی لە بەشی زانکۆدا ئاسەواری سەرنجڕاکێشی هەیە. گەنجانی دەیەی 60 و 70ی هەتاوی بە پێی بەها کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆ، هەوڵ لە پێناوی چوونە زانکۆ، وەدەستهێنانی هەلی کار و گۆڕینی پێگەی کۆمەڵایەتی، ئاپۆرەیەکی مەزنی گەنجانی لێ کەوتەوە کە خاوەن بڕوانامەی زانکۆ بوون. ژیانی خوێندکاری، فەرهەنگی مۆدێڕنی نزیک لە ڕۆژاوا، و ئاشنابوون لەگەڵ ڕێبازە ڕۆشنبیرییەکانی زانکۆدا بووە هۆی بیچمگرتنی نەوەیەکی نوێ کە بەهاکانی دەیەکانی ڕابردووی خۆی پشتگوێ خست. ئەم خوێندکارانە بە پێی تێچووەکانی ژیان و تێچووی خوێندکاری، بەتایبەت لە شارە گەورەکان و نەبوونی هاوسەرگیری، نەبوونی چاودێری لە لایەن بنەماڵە و ئازادیی زیاتر، ئەزموونی ژیانی خێزانداری بە مەبەستی ناسین و یان تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکان، هاوسەرگیریی سپییان هەڵبژاردووە.

**3-9-3. پیشە**

بە هۆی بێکاریی بەربڵاو لە شــارەکان، نەبوونــی هەلی کار، نەبوونی هاوا‌هەنگی لە نێوان بواری خوێندنی زانکۆ و بازاڕی کــار، پڕبوونــەوەی دامــەزراندنــەکــانی دەوڵــەت، گــەنجــانی خوێندەوار بــەرەو گــەورەشـــــارەکان کۆچ دەکــەن و لــە کــەرتــە تایبەتەکاندا ئیش دەکەن، کە ئاسـەواری وەکوو نەبوونی هەستی ئاسایشی کار و فووبیای هاوسەرگیریی فەرمی و هەمیشەیی بۆ گــەنجــانی لێ کــەوتۆتــەوە. بــەم پێیــە وەک ڕێکــارێکی گونجــاو هاوسەرگیریی سپی بۆ خۆیان دەستنیشان دەکەن.



چارتی 4. فرەیی چەشنی پیشەی وڵامدەران

بە پێی چارتی 4 ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پیشـانی داوە کە ئەو وڵامدەرانەی کە پەیوەندیی هاوماڵییان بووە بە ڕێژەی 46.3 لە سـەدی لە کەرتە تایبەتەکان ئیشـیان دەکرد و 39.5 لە سـەد لە کەرتی ئازاد، کە ئەمانە زۆرینەیان پێک هێنا بوو کە هاوکات خوێندن و ژیانی هاوماڵیان بە ئەزموون دەکرد. ئەم کەسـانە بە پێی ڕێککەوتنی ئابووری، تێچووەکانی ژیانی کەلانشـــاریيان دابین دەکرد و بە پێی ئەو ڕێژەی کە لە بەرەو پێشـــەوەبردنی ئابووریی پەیوەندییەکەدا پشــکیان هەبوو، هێزی زیاتریان هەبوو. کەســێک کە مووچە و داهاتی زیاتری هەبێ لەم

پەیوەندییەدا دەســـەڵاتی زیاترە و بە هۆی پێکهاتەی ئابووری و پشــکی بەشــداریی ژنان لە بازاڕی کاردا، ژنان لە چاو پیاوان لەم چەشــنە کۆمپانیایانەدا داهاتیان کەمترە، و ژنان بە بەراورد لەگەڵ پیاوان هەلی کاریان کەمترە و بەم پێیە سەرباری ئەوەی پەیوەندیی پێکەوەبوون یان هاوسەرگیریی سپی کلیشە جێندەری و گرێبەســـتەکانی هاوســـەرگیری فەرمی بەزاندووە، بەڵام چەشنێک پیاوسالاری و باڵادەستیی پیاوانە لەم پەیوندییانەشدا بەدی دەکرێت.



وێنەی 9. ناوەندی ئاماری ئێران ڕایگەیاندووە کە لە کۆی 11 ملیۆن و 839 هەزار دەرچووی زانکۆ و خوێندکاری زانکۆ، شەش ملیۆن 295 هەزار پیاو و پێنج ملیۆن و 534 هەزار ژنن، کە لەم ڕێژە 5 ملیۆن کەسیان کاریان هەیە، کە ڕێژەی ژنانی خەریکی کار یک ملیۆن و 454 هەزار کەسە.

ســــەربــاری ئــەوەی لــەدایکبووانی دەیــەی 60ی هــەتــاوی خەریکی دەیەی ســێیەمی ژیانی خۆیان تێپەڕ دەکەن و دەبێ لە ڕووی هەلی کارەوە ئاســایشــی باشــیان هەبێ کە بە پێی ئەوە بەرنامەکانی داهاتووی خۆیان ڕێک بخەن، بەڵام هێشتا بازاڕی کــاری ئێران بــە بێکــاریی هــەزاران لــەدایکبووی دەیــەی 60 هــەتــاوی تێوەگلاوە. لــەگــەڵ ئــەوەی بــازاڕی کــاری ئێران لــە کێشەی کار و بێکاریی لەدایکبووانی دەیەی 60 هەتاوی ڕزگار

نەبووە، لەدایکبووانی دەیەی 70 گەیشـــتوونەتە تەمەنی کار و وەک داخواز و ڕکابەری نوێ لە بازاڕی کاردا دێنە هەژمار. بێکاریی لەدایکبووانی دەیەی 60 گەیشـتۆتە ئەو ئاسـتەی کە بە پێی ئامارەکان تەنانەت خوێندکارانی قۆناغی دکتۆراشـــی تێوەگلاندووە، کە بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین پانتای بێکاری لە ئێران بە جۆرێکە کە هەموو گرووپە خوێندکاری و کۆمەڵایەتییەکانی گرتۆتەوە و ئەم شـــەپۆلی توندی مەندیی ئابووری و بێکاری و هەرچی زیاتربوونی کاری تایبەتی بە داهاتی کەمەوە خەریکە پەرە دەسـتێنێ و بەشـێکی بەربڵاوی گەنجانی لە خۆ گرتووە.

### 4-9-3. ڕادەی باوەڕداری و پابەندبوون بە ئایین




چارتی 5. فرەیی نموونە توێژینەوە لە سەرکراوەکان بە پێی ڕادەی باوەڕداری و پابەندی بە ئایین

بڕواداری واتە چەسپاندنی وانە و بەها ئایینییەکان لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان کە کاریگەریی لەرادەبەدەری لە سـەر تاک و کۆمەڵگا هەیە. کۆمەڵگای ئێران کە ئیدیعای جێبەجێکردنی یاسـا ئیسـلامییەکانی هەیە و وەک قوتابخانەیەکی گشـتگیر لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتیی تاک لە ئیسـلام دەڕوانێ، لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بە وتەی زۆرێک لە شـارەزایان و

توێژەران شــایەتی دیاردەی ئایینبێزی و کەمبوونەوەی پابەندی بە ئایین بووە کە دەرهاویشتەگەلی وەکوو سستبوونی بەهاکانی لێ کـەوتۆتـەوە. بـە پێی چارتی ژمـارە 5، ئـەنجـامـەکـانی ئـەم توێژینەوە پیشان دەدا کە ئەو کەسانەی کە پەیوەندیی هاوماڵییان هـەبوو 39.91 لـە ســــەد بێبـاوەڕ بوون و 57.14 بـاوەڕێکی ئەوتۆیان نەبوو. هەروەها 2.95 لە ســــەدیان باوەڕیان هەبوو، بەڵام لە سەر جێبەجێکردن فەرزە ئایینییەکان سوور نەبوون.

ئەم ئەنجامانە ئەوە دەخاتە ڕوو کە جۆرێک ئایینبێزی و کەمبوونەوەی باوەڕە ئایینییەکان لە ناو گەنجانی ئێرانیدا بوونی هەیە.

لە دیمانەکاندا ئەوەی ئاشــــکرا بوو ئەوە بوو کە زۆرینەی وڵامدەران باوەڕیان بە هیچ کام لە فەرزە ئایینییەکانی وەکوو نوێژ، ڕۆژوو و هتد... نـەبوو و دەتوانین بڵێین بـاوەڕیـان بـە چـەمکە ئـایینییـەکانی وەکوو بوونی خودا، قـەیامـەت و هتـد... نەبوو. هەندێکیش بە هۆی دژایەتیکردنی ئایین شـێوازی ژیانی هاوماڵییان هەڵبژاردبوو.



وێنەی 20. زۆربەی وڵامدەران لە ژیانی خۆیاندا ئایینیان بە شتێکی لاوەکی دەزانی و ئایینیان لە ژیانی خۆیان فڕێ دابوو. هەندێ لە وڵامدەران پێیان وا بوو ئایین جۆرێک قەدەرگەرێتیی شوێنییە.

گۆڕانکارییە ئـایینییـەکان بـابـەتێکی نوێ و تـازە نییـە. وێبێر یەکێک لە پێشــــەنگەکانی ئەم بابەتەیە. ناوبراو وەک نـاوەکی

ناوەندیی دنیای نوێ باس لە عەقڵانییەت دەکا کە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤی داگرتووە و کاتی قسەکردن لە سەر جادووسڕینەوە و کێشانەوەی قەفەزی ئاسنی، بۆشایی ئایینی لە کۆمەڵگای پیشەسازیی مۆدێرن پیشان دەدات. بە ڕای وێبێرییەکان، گەشەی عەقڵانییەت لە دوو ڕێگاوە کاریگەری لە سەر ڕۆڵی ئایین دادەنێت:

یەکەم: کاریگەری لە سەر باوەڕی ئایینیی بڕواداران دادەنێ کە ئەمە جادووسڕینەوە لە ئایینی لێ کەوتەوە.

دووهەم: سەرهەڵدانی هەندێ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگا کە هەندێ لە دەرکەوتەکانی بە ناوگەلی وەکوو بەپیشەسازیبوون، شارنشینی و بڕۆکڕاتیزە بوون و ... ناسراوە. بە پێی ئەوەی ئێرانیش لە ئاراستەی مۆدێرنیتە و پێشکەوتندایە و جۆرێک پێداچوونەوەی ئایینی لە سەر بنەمای تیۆری و فەرهەنگە ڕۆژاواییەکان، بەتایبەت لە ناو گەنجاندا باو بووە، ئایینسڕینەوە بابەتێکی ئاسایی و لە سەر بنەمای عەقڵانییەتی مۆدێرنە. هەروەها دیاردەی سکۆلاریزم و دابڕانی ئایین لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی باوبوونی هاوماڵی لە ڕۆژاوا بووە.

### 5-9-3. شێوازی ئاشنابوون



چارتی 6. فرەیی نموونەی بەرتوێژینەوە بە پێی شێوازی ئاشنایی و یەکترناسین

چارتی 6 شێوازی ئاشنایی وڵامدەران لەگەڵ هاوبەشەکەیان پیشان دەدات. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە پیشانی دا کە 47.3 لە سەدی وڵامدەران لە گرووپە خوێندکاری لەگەڵ هاوماڵەکەیان ئاشنا بوون. 33.5 لە سەد لە شوێنی کار و پەیوەندیی کاری و 19.2 لە سەد لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوبەش یان پارتنێرەکەیان ناسیوە.

داتاکانی سەرەوە ئەم بابەتە پیشان دەدا کە متمانە پاش ناسینی ورد ڕوو دەدات. لە گرووپە خوێندکارییەکاندا تاکەکان ماوەیەکی زۆر پێکەوە لە پەیوەندیدان. گرووپە فیمینیستییەکان، گرووپەکانی شانۆ و فیلم، گرووپە خوێندکاری و دۆستانەکان بە مەبەستی جۆراوجۆر لە شوێنە جۆراوجۆرەکان بە دەور یەکەوە کۆ دەبنەوە و لە ڕوانگە و بیر و باوەڕی یەکتر بە باشی ئاگادار دەبن. ئەم گرووپانە لەگەڵ تێپەڕینی کات سنووردارتر دەبنەوە و ئەو کەسانە دەمێننەوە کە خاڵی هاوبەش و لێکچوونی بیر و هەڵسوکەوتیان هەیە. هەندێ لە کافی شاپەکان بۆتە شوێنێکی ئارام بۆ کچان و کوڕانی گەنج کە بەم شێوە دەتوانن چەندین

کاتژمێر بە دوور لە شـــەرع و عورف پێکەوە قســـە بکەن. لە گەورەشـــارەکاندا ڕێژەی کافی شـــاپەکان ڕووی لە زیادبوونە و شـــوێنێک بۆ گرووپە دۆســـتایەتییەکانە کە بە بێ چاودێریی بنەماڵە و یان زەختی کۆمەڵایەتی و ئینتیزامی چەندین کاتژمێر پێکەوە دادەنیشن و یەکتر دەدوێنن.

هەر لەم گرووپە دۆســـتانەیەدا ئەو کەســـانەی کە هۆگری هاوماڵین هاوبەشـــەکەیان دەناســـن و یان لە ڕێگەی گرووپە دۆســـتایەتییەکانەوە بە یەکتر دەناســـرێن. بە پێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری گشتیی نووسینگەی ئامار و زانیارییە حەشیمەتی و کۆچبەرییەکانی ڕێکخراوی ئاماری تاکەکەسی (کەسێتی و ناســـنامەی ئێران) کۆی 11 ملیۆن و 240 هەزار کچ و کوڕی سـەڵت لە ئێراندا هەن، وتی: 5 ملیۆن و 570 کەسیان کوڕ و 5 ملیۆن و 670 هەزاریان کچن کە لە هەڕەتی هاوســـەرگیریدان کە ئەم کەســـانە هەرگیز هاوســـەرگیرییان نەکردووە. زۆربەی ئەم کەســـانە کوڕان و کچانی ســـەڵتی خوێندکاری زانکۆن و لە تـەمـەنی کـارکردنـدان و بـە هۆی پڕبوونـەوەی هـەلی کـارە دەوڵـەتییەکان لـە کـەرتـە تـایبـەتـەکان و یـان بـە شـــێوەی ئـازاد خـەریکی کـارن. گـەنجـانی ســـەڵت لـە شـــوێنی کـار و لـە گەورەشـارەکاندا بە هۆی نەبوونی چاودێری لە لایەن بنەماڵە و یان یاسا و ڕێسای توندی کاری دەوڵەتی، لەگەڵ هاوچەشنەکانی خۆیـانـدا پـەیوەنـدییـان زیـاترە و هـەر ئـەمـەش زەمینـەی بۆ پـەیوەنـدیی نزیکتر خۆش دەکـا، بـە جۆرێـک کـە زۆربـەی ئەوانەی هاوماڵن خاڵی هاوبەشـیان لە پیشـە، بواری خوێندن، شێوازی بیرکردنەوە و هتد ... هەیە.

لـە لایـەکی دیکـەشـــەوە تۆڕە کۆمـەڵایـەتییـەکان یـەکێـک لـە گرینگترین ئامرازەکانە کە بە بێ هیچ سنووردارییەک زەمینەی پـەیوەنـدیی تـاکـەکـان دەڕەخســـێنێـت. ئـەنتـەرنێـت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سنووردارییە شوێن و زەمینییەکان لا دەبەن و تـاکـەکـان لـە شـــوێنـە جیـاوازەکـانـەوە پێـک دەلکێنن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وشەیەکە کە بۆ ناونانی گرووپێک لەو کەسانە بـە کـار دەبرێ کـە لـە نـاو خۆیـانـدا پـەیوەنـدیی بـەربڵاو و

بەردەوامیان هەیە و ئەڵقەیەکی یەکدەستی پێوەندیسازکردن پێک دێنن. بەو پێیەی کە بۆ توێژێکی بەربڵاوی گەنجان لە کاتی ئێستادا دەستڕاگەیشتن بە بیستۆکی زیرەک و ئەنتێرنێت ئاسان بۆتەوە، ئەندامیەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پتر لە جاران، گشتگیر بووە کە ئەمە کاریگەریی بەرچاوی لە سەر شێوازی ژیانی تاکەکان بەتایبەت گەنجان و خوێندکارانی زانکۆ داناوە. تاکەکان بەوەی کە وێنەی خۆیان لە سەر پڕۆفایل و لاپەڕە تایبەتەکان دادەنێن، هەر هەموو یان بەشێک لە ژیانی خۆیان پیشان دەدەن. تاکەکان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەلی ئەوەیان هەیە کە ئەوەندەی بۆیان بلوێ خۆیان بە باشی پیشان بدەن، ئەو خۆیانەی کە دەتوانێ بەکگڕاوندی تاک لە دنیای ڕاستەقینە یان ئاوێتەیەک لە ڕابردووی تاک و ئێستای ئەو بێت. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن حوکمی ئێستای خۆیان و دیتران و هەم حوکمی ڕابردووی ئەوان بن ئەم دەرخستنە لەگەڵ ژیانی تاک هەمیشە یەکسان نییە بەڵام ئەم وێنانە و بواری دەستڕاگەیشتن بە پڕۆفایلەکان هەلی پەیوەندییان دابین دەکات. لە ڕابردوودا پەیوەندیی شاراوە بە شێوەی تەلەفۆنی و زیاتر ژوانی چەند کاتژمێری بوو. بە کەڵکوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەنتەرنێت و ئاسانبوونی پەیوەندی، تاکەکان ماوەیەکی زیاتر لە شەو و ڕۆژدا پێکەوە پەیوەندی ساز دەکەن و ئەم پەیوەندییە هەلی ئاشنابوونی زیاتر، دۆستایەتی و متمانە دابین دەکا و لە کۆتاییدا لەوانەیە ڕووداوگەلی وەکوو هاوسەرگیریی سپی لێ بکەوێتەوە.

## 3-9-6. ماوەی پەیوەندی



چارتی 7. ڕێژەی نموونەی بەرتوێژینەوە بە پێی ماوەی هاوماڵیی هاوسەرەکان

پەیوەندییە هاوماڵییەکان، ڕکابەری ناوەندی هاوســـەرگیرییە و خۆی لە هاوســــەرگیریی نافەرمیدا پیشـــان دەداتەوە؛ ئەو ســەرچەشــنە پەیوەندییەی کە ئەو کەســانەی کە هۆگرین ئیدیعا دەکەن پابەندانەیە، بەڵام بەو پێیەی کە لە جێبەجێکردنی پابەندییەکان لاوازە و لە یاســـا و نەریت بێزارن ناتوانین بە پابەندانە ســـەیری بکەین. دەتوانین پێشـــبینی ئەوە بکەین ئەو کەســـانەی کە ئەم پەیوەندییانە ئەنجام دەدەن وەک مرۆڤێک کە مۆدێرنیتە و نەریت بە لێکدژ دەزانێ، دنیایەکی پڕ لە لێکدژی، ناکۆکی و کێشــە چارەســەرنەکراوەکانی تێدایە. هەر بۆیە هێندە ناخایێنێ کە عەشق و سۆزی سـەرەتایی کاڵ دەبێتەوە و دەبێتە نفرەت و بێزاری و خۆلۆمەکردن. کەواتە ئەم پەیوەندییانە لە بنەڕەتەوە ناتوانن زۆر درێژخایەن بن.

بـە پێی ئـەنجـامـەکـانی ئـەم توێژینـەوە زۆربـەی ئـەو هاوسەرانەی کە هاوسەرگیریی سپییان هەڵبژاردووە ماوەیەکی کەمتر لە 4 ســـاڵ پێکەوە بوون و ئینجا لێک جیا بوونـەتەوە. وەک چارتی 7 پیشــان دەدا ماوەی پەیوەندیی هاوماڵی لە ماوەی 1-3 ساڵ بە 73.9 لە سەد زیاترین ڕێژەیان لە خۆ گرتووە. 17.3

لە سەد کەمتر لە ساڵێک و 8.1 لە سەد خاوەن پەیوەندیی هاوماڵیی پتر لە ساڵێک بوون.

ئەگەر دابەشکارییەکی ماوەی پەیوەندیمان هەبێ بە جۆرێک کە پەیوەندییە کەمتر لە یەکساڵەکان، پەیوەندیی یەک بۆ سێ ساڵ و پەیوەندیی 4 ساڵ و زیاتر بە ڕیز کورتخایەن، مامناوەند و درێژخایەن ڕەچاو بکەین، زۆربەی وڵامدەران خاوەن پەیوەندیی مامناوەندماوە و کورتخایەن بوون. فرەچەشنخوازی، ناپابەندی، کێشەکانی پاش هاوماڵی، توندوتیژی لە دژی ژنان، ماندوبوون لە پەیوەندیی هاوماڵی، تاراندنی کۆمەڵایەتی و ترس لە ئاشکرابوونی پەیوەندی وا دەکا ئەم چەشنە پەیوەندییانە بەردەوام نەبێت. وەک ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە پیشان دەدا زۆربەی ئەم پەیوەندییانە زیاتر لە سێ ساڵ ناخایێنێت. کاتێک کە لەم چەشنە پەیوەندییانەدا لە پاش پەیوەندیی عاشقانە لە سەرەتاکانی هاوماڵیدا ناکۆکی دروست دەبێ، بە هۆی کراوەبوونی پەیوەندییە هاوماڵییەکە و ئەگەری دەستپێکردنی پەیوەندیی هاوماڵیی دیکە، هەوڵ بۆ چارەسەری ئەم کێشە هیچ ئەنجامێکی نابێت.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە دکتۆر تەقی ئازادئەرمەکی لە ساڵی 1391 هەتاوی سەبارەت بە سەرچەشنە هاوماڵییەکانی ناو گەنجان ئەنجامی داوە، ئاشکرا بوو کە لە هەموو نموونەکانی هاوماڵی کە لە لێکۆڵینەوەکەیدا بوون، دوو هاوبەش پیشەدار و دەرچووی زانکۆن و بیر و باوەڕی ڕۆشنبیرانەیان هەیە کە بە بیانووی ژیانی سەڵتی و سەربەخۆ، لە ماڵی باوکیان هاتوونەتە دەرەوە و بە بێ ئەوەی دایک و باوک لێیان ئاگادار بن، ڕوویان لە ژیانی هاوبەشانە کردووە. بە پێی پێناسەکانی ئەم لێکۆڵینەوە پەیوەندییە هاوماڵییەکان هەڵگری پەیوەندیی عاشقانەن و ئەگەر عەشقەکەی نێوانیان کەم ببێتەوە، زۆر بە ئاسانی لێک جیا دەبنەوە.

## 7-9-3. توندوتیژی دژ بە ژنان




چارتی 8. لێکدانەوەی بارودۆخی بە ئەزموونکردنی توندوتیژی لە ناو ژنان

توندوتیژی لە دژی ژنان بریتییە لە هەر چەشـنە داپەڕێکی توندوتیژیانەی ڕەگەزی کە خەسارەتی جەستەیی، سێکسی، دەروونی لە ژنانی لێ بکەوێتەوە و یان ئەگەری دەرکەوتنی زیاتر بێ، بۆ ژنان ئازاربەخشە یان ببێتە هۆی بێبەشبوونی ناچاریی لە ئازادیی تاکایەتی یان کۆمەڵایەتی. باوترین جۆری توندوتیژی لە دژی ژنان، ئەو توندوتیژییەیە کە هاوبەشی ژیانی بە سەریدا دەیسەپێنێ کە پێی دەوترێ توندوتیژیی خێزانی.

ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە بە پێی چارتی 9 پیشان دەدا کە لە ناو ئەو هاوسەرانەی کە پەیوەندیی هاوماڵییان هەبوو 19.82 لە سەد توندوتیژیی خێزانییان بە ئەزموون کردبوو. بەڵام 80.18 لە سەد ئاماژەیان بەوە کردبوو کە لە پەیوەندییەکانیاندا توندوتیژی تێدا نەبووە.

سەرباری ئەوەی ژنانیش دەتوانن بەرانبەر بە پیاوان توندوتیژی بنوێنن بەڵام ئەنجامە هەمەجۆرەکان پیشان دەدا کە ژنان هەشت قات زیاتر لە پیاوان لە لایەن هاوسەرکانیانەوە توندتویژیان بە سەردا دەسەپێ، لە ئەندازەگرتنەکەدا لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا 10 بۆ 50 لە سەدی ژنان بە جۆرێک لە

جۆرەکان مێردەکانیان هەڵسوکەوتی خراپیان لەگەڵ کردوون و نزیکەی یەک لە سەر سێ هەتا نیوەی حاڵەتەکان، بەدرەفتاریی فیزیایی تێکەڵ بە توندوتیژیی دەروونیان بە تاقی کردووەتەوە. لە هاوسەرگیریی سپیدا توندوتیژی لە دژی ژنان بە هۆی شاراوەبوونی ئەم پەیوەندییە و نایاساییبوونەکەی زیاترە.[1]

فاکتەرە جۆراوجۆرەکانی وەکوو هەژاری، کێشەی دەروونپزیشکی، گیرۆدەبوون بە کحۆل و مادەی هۆشبەر، لە سەرهەڵدانی توندوتیژیی خێزانیدا کاریگەرە. لە هاوسەرگیریی سپیدا بە هۆی ئەوەی کە هاوبەشە پیاوەکە باش دەزانێ کە ژن لەم چەشنە پەیوەندییانەدا هیچ مافێکی یاسایی بۆ سکاڵاکردن نییە و لە لایەکی دیکەشەوە وێنای ئەوە ناکا کە ئەم ژیانە ببێتە هەمیشەیی و هەست بە هیچ بەرپرسایەتی و پابەندییەک ناکا، سەربەستانەتر دەتوانێ توندوتیژی بە سەر ئافرەتدا بسەپێنێت. لە هاوسەرگیریی سپیدا بەو پێیەی کە ژن هیچ مافێکی یاسایی و فەرمی نییە، شوناسی هاوسەرگیریی سپی بە واتای توندوتیژی دژ بە ژنە. لە لایەکی دیکەشەوە لەم توێژینەوەدا ڕادەی بەئەزموونکردنی توندوتیژی نزیکەی 20 لە سەد بوو کە ڕەنگە زیاتریش بێ، بەو پێیەی کە هەندێ جار تاکەکان لە چوارچێوەی ئەم چەشنە پەیوەندییانەدا هەموو شتێک نادرکێنن و سەبارەت بەم بابەتانە کە بە شتێکی نهێنی سەیری دەکەن هەر وا بە ئاسانی بە وردەکارییەوە نادوێن. بە پێی شوناسی هاوسەرگیریی سپی، ئەم ڕێژە کەم و سنووردارە. یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکان ئەوەیە کە، زانیاریمان لە سەر پێناسەی دروستی توندوتیژی و فاکتەرە پەیوەندیدارەکانی نییە. توندوتیژی هەندێ ڕەهەندی وەکوو ئابووری، کۆمەڵایەتی، جەستەیی، دەروونی، وتەیی و هتد... لە خۆ دەگرێت. وەڵامدەران هەموو توندوتیژییان وەک توندوتیژی فیزیایی لەبەرچاو دەگرت، ئەوە لە حاڵێکدایە کە توندوتیژی دەتوانێ ڕەهەندی بەربڵاو لە خۆ بگرێت.

---

1. Tinglöf S, Högberg U, Lundell IW, Svanberg AS. Exposure to Violence among Women with Unwanted Pregnancies and the Association with Posttraumatic Stress Disorder, Symptoms of Anxiety and Depression. Sexual & Reproductive Healthcare. 2015;6(2):50-3.

لە لایەکی دیکەشەوە، هەندێ لە هاوسەرەکان بە مەبەستی ڕزگاربوون لە کۆت و بەندی نەریتەکانی هاوسەرگیریی فەرمی، ئازادیی زیاتر و بەرپرسایەتیی کەمتر ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە هەڵبژاردووە. خۆتەوەری لەم چەشنە هاوسەرگیرییانەدا ناوەندێتی هەیە و بە پێی خۆتەوەریی لە ڕادەبەدەر لەم چەشنە پەیوەندییانەدا لە ئەگەری لێکدژیی سەلیقە و لێک تێنەگەیشتن لەوانەیە توندوتیژی و ڕووداوی زۆری دیکە ڕوو بدات.

## 3-9-8. ئاگاداربوونی بنەماڵە و هاوڕێیان




چارتی 9. فرەیی ڕێژەی ئاگاداریی دەوروبەرییەکان لە پێکەوەبوونی وڵامدەران

ناوەندی بنەماڵە وەک یەکێک لە میکانیزمە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاگری و گواستنەوەی بەها و ڕوانگەکانی کۆمەڵگا بۆ نەوەکانی نوێ و گەنجان هەمیشە داکۆکی لە سەر کراوە. لەم بوارەدا بنەماڵە وەک فاکتەرێک دەناسرێ کە نەوە جیاوازەکان پێکەوە گرێ دەدات. بەڵام هاوکاتبوونی گەشەی کەلتووری ڕۆژاوایی و بەجیهانیبوون لە ئێراندا لە بەستێنە جیاجیاکانی وەکوو زانکۆ، نەوەی گەنجی ئەوڕۆیی لە دەیەکانی ڕابردوو جیا دەکاتەوە. بە پێی سیستەمی بەکۆمەڵایەتیکردن و پانتای بنەماڵە، شێوازی دەربڕینی بیر و باوەڕ و کارلێکی گەنجان

جیاوازە. ئەو گەنجانەی کە بنەماڵەکانیان پانتایان بۆ گەنجان ئاوالا کردووە و مافی هەڵبژاردنی شێوازێکی ژیانیان بە ڕۆڵەکانیان داوە کە لەگەڵ شێوازی ژیانی دایک و باوک جیاوازە، لە پەیوەندیی منداڵەکانی خۆیان ئاگادارن و پرسی پەیوەندیی دۆستایەتیی کچ و کوڕی و هەروەها پەیوەندیی هاوماڵی ئەم بابەتە پشتڕاست دەبێتەوە. بە پێی ڕێژە و ماوە و چەشنی پەیوەندیی تاکەکان لەگەڵ بنەماڵە، ئاشنا و هاوڕێیان ڕادەی ئاگاداری لەم ژیان تایبەتییە بگۆڕە.

بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە و ئەوەی چارتی 10 پیشانی دەدا 15.27 لە سەدی وڵامدەران وتیان هەر هەموو بنەماڵە واتە دایک و باوک لە پەیوەندییە هاوماڵییەکەیان ئاگادار بوون. 25.61 لە سەدی وڵامدەران، خوشک و برا، 13.3 لە سەدی وڵامدەران ئاشناکان، 48.35 لە سەدی وڵامدەران، هاوڕێکانیان لە پەیوەندییە هاوماڵییەکەیان ئاگادار بوون. 10.34 لە سەدی وڵامدەران وتیان هیچ کەس لێی ئاگادار نییە.

ئاگاداری لەم پەیوەندییانە زیاتر لە ناو گرووپی هاوڕێیان بەدی دەکرێ کە شێوازی ژیانی هاوشێوەیان هەیە کە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە. بەشی زۆریشیان بە هۆی ناعورفیبوون و نانۆرمبوون ئەم پەیوەندییانە دەشارنەوە. ئەو کەسانەی کە لە داهاتوودا نیازی هاوسەرگیرییان هەیە، دەیانهەوێ ئەم بابەتە بە شاراوەیی بمێنێتەوە. هەروەها لە ناو دیمانەکاندا وەک خۆیان وتیان کەسانێکی کەم بنەماڵەکانیان لە پەیوەندییەکانیان ئاگادار بوون. ئەم لێکدژیی بەهایانە هەمیشە لە دایک و باوک دەشاردرێتەوە و بە هۆی ئەوەی لە گەورەشارەکاندا دایک و باوک کەمتر چاودێری بە سەر منداڵدا دەکەن، ئەم شاردنەوە لە چاو شارە بچووکترەکان ئاسانترە. هەندێ لە وڵامدەران تەنانەت وتیان دایک و باوکیان ئاگادارن بەڵام خۆیانی لە گێلی دەدەن. بەڵام هەندێ لە بنەماڵەکان بە هۆی ئەوەی ئەم بابەتە گرێ دەدرێتەوە بە ناموس هەندێ جار لە ئەگەری زانینی دایک و باوک هەندێ ڕووداوی وەکوو قەتڵی ناموسی دروست دەبێت. بە

شـێوەی گشـتی ئەم چەشـنە پەیوەندییانە دەشـاردرێنەوە و ئەو کەسانەی کە دێنە ناو ئەم پەیوەندییانە بە هۆی ترس لە تاراندنی کۆمەڵایەتی، ناوناتۆرە و سـزای یاسـایی وایان پێ باشـترە هاوماڵیی خۆیان بشارنەوە.

### 3-9-9. هۆگری بۆ هاوسەرگیریی فەرمی




چارتی 9. هۆگریی بۆ هاوسەرگیریی فەرمی لە ناو هاوژینە هاوماڵەکان

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەک کە ڕێکخراوی سـتاتیسـتا (Statisa, Das statistik – Portal) لە ساڵی 2012 لە سەر خەڵکی ئەڵمان ئەنجامی دا، بۆ ئەوەی ئاسـتی لایەنگری یان دژایەتیی خەڵک بەرانبەر بە ژیانی هاوبەشـانەی بە بێ هاوسـەرگیری بەراورد بکا. لەم ڕاپرسـییەدا نزیکەی 80 لە سـەد لایەنگری هاوماڵی بوون و دەتوانین بڵێین هاوسـەرگیریی سـپی بە تەواوەتی بۆتە جێگرەوەی هاوسـەرگیریی فەرمی. شـارەزایانی ئایینی و فەرهەنگی لەم دڕدۆنگی و شـکەدا هاوسـەرگیریی سـپی بە بەرهەمی ڕۆژاوا دەزانن و ڕوونی دەکەنەوە کە لەم سـاڵانەی دواییدا یەکێک لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی هاوسەرگیریی فەرمی، هاوسەرگیریی سپی و هۆگریی زیاتر بۆ ئەم چەشـنە هاوسـەرگرییەیە و نیگەرانیی خۆیان دەربڕی، سەبارەت بەوەی کە ئەگەر دەستبەجێ ڕێکارێکی گونجاوی بۆ نەگیرێتە بەر وەکوو وڵاتانی ڕۆژاوایی ڕێژەیەکی زۆری

گەنجان وەک بەدیلێک بۆ هاوسەرگیریی فەرمی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە هەڵدەبژێرن.

بە پێی چارتی 11 ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پیشان دەدا 47.79 لە سەدی ئەو وڵامدەرانەی کە پەیوەندیی هاوماڵییان هەبوو بە نیاز نەبوون هاوسەرگیریی فەرمییان هەبێ و خوازیاری بەردەوامبوونی پەیوەندیی هاوماڵی بوون. بەڵام 52.21 لە سەد هۆگری هاوسەرگیریی فەرمی بوون. لێکنزیکیی ڕێژەکانی هۆگریی بۆ هاوسەرگیریی فەرمی و هاوسەرگیریی سپی ئەوە پیشان دەدا کە ڕێژەی پێشوازیی لەم چەشنە هاوسەرگیرییە ئەوەندە بەرز بۆتەوە کە دەتوانێ ببێتە بەدیلی هاوسەرگیریی فەرمی.

سەعید پەیوەندی مامۆستای کۆمەڵناسی لە وڵاتی فەڕەنسە، پێی وایە کە واتای بەرزبوونەوەی ڕێژەی سەڵتەکان لە ئێراندا ئەوە ناگەیێنێ کە سەڵتەکان سێکس ناکەن یان پەیوەندیی سێکسییان لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەریان نییە. ناوبراو باس لە شۆڕشێکی کپی حەشیمەتی لە وڵاتی ئێران دەکا و پێی وایە کە گەنجانی ئێرانی بە خێرایی لە شێوازی ژیانی نەریتی لە چوارچێوەی بنەماڵە خەریکە دوور دەکەونەوە.[1]

سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی نەک هەر هیچ ئامارێک لە بەر دەستدا نییە بەڵکوو ناشتوانرێ بە ئاسانی قسەی لە سەر بکرێت. هاوسەرگیریی سپی زیاتر لە لایەن کچان و کوڕانی گەنج و سەڵتەوە دەستنیشان دەکرێ و تەنیا تایبەت بە تاران نییە، بەڵکوو سەرتاسەری ئێران بەتایبەت مێترۆپۆلەکانی (گەورەشارەکان) گرتووە.

سەرباری نەبوونی ئامارێکی ورد لە مەڕ پەیوەندیی هاوماڵی، هەندێ ئامار هەیە کە لایەنە نەرێنییەکانی پیشان دەدەن. ئاماری کەمبوونەوەی هاوسەرگیری و ئاماری چوونە سەرەوەی تەمەنی هاوسەرگیری و مەترسیی سەڵتیی هەمیشەیی. بە پێی دوایین ئاماری سەرژمێریی ساڵی 1395

1. http://www.dw.com

هەتاوی، چوار ملیۆن و 423 هەزار و 225 هەزار کچی سەڵت لە تەمەنی هاوســـەرگیری و پێنج ملیۆن و 372 هەزار و 989 کوڕ لە تەمەنی هاوســـەرگیری (20 هەتا 34 ســـاڵ) لە ئێراندا بـەدی دەکـەین. لـەگـەڵ 100 کوڕ، 82 کچ لـە تـەمـەنی هاوســـەرگیریدان؛ ئەمە لە حاڵێکدایە کە مامناوەندی تەمەنی هاوسەرگیری ڕووی لە هەڵکشانە؛ هەڵبەت مامناوەندی تەمەنی هاوســـەرگیری لە ناو خوێندەوارەکاندا پتر لە خەڵکی ئاســـایی ئێرانە. ئەوەی ئاشـکرایە ئەوەیە کە ئاماری زۆری سـەڵتەکان و کـەمبوونـەوەی هـاوســـەرگیری ئـەنجـامی نـەبوونی پـەیوەنـدیی ســـێکســـیی نێوان ژنـان و پیـاوان نییـە، بـەڵکوو بـەدیلێـک بۆ هـاوســـەرگیریی فـەرمی بـەدی هـاتووە کـە زۆر کـەســـی لـە هاوسەرگیریی فەرمی پاشگەز کردۆتەوە.

### 10-9-3. هۆکاری هۆگربوون بە هاوسەرگیریی سپی




چارتی 10. فرەیی هۆکارەکانی ڕووکردنە هاومالّی لە ناو وڵامدەران

هاوسەرگیریی سپی لە ئێران بە هۆی نەناسراوی و نەبوونی توێژینەوەی پێویسـت لەم بارەوە، هاوشـێوەی دیاردەی هاوماڵی لە ڕۆژاوا تاوتوێ نەکراوە. زۆربەی کارناسان وەک هێرشێکی ڕۆژاوایی لێی دەڕوانن و یان ئەوەی کە فاکتەرە ئابوورییەکان بە هۆکاری سەرەکیی هاوماڵی لە ئێران لە قەڵەم دەدەن. ناسینی ڕەهەندەکانی هاوسـەرگیریی سـپی و هۆکارەکانی پێویسـتی بە توێژینـەوەی زانســـتییـە. ئـەم توێژینـەوە بۆ یـەکـەم جـار بـە ڕوانگـەیـەکی گشـــتییـەوە دیـاردەی هـاومـاڵی و هـۆکـارەکـانی

دەرکەوتنی لێک دەداتەوە.

وڵامدەران بێباوەڕی بە هاوسەرگیریی فەرمییان بە 41/37 لە سەدەوە بە گرینگترین هۆکاری هۆگریی بۆ هاوماڵی لە قەڵەم دا. ئازادیی زیاتر و مافی خاوەندارێتیی بە سەر لەش بە 20/19 لە سەد، نەبوونی ئاسایشی کار بە 16/74 لە سەد، ئاشنایی زێدەتر بە 14/28 لە سەد و بێمتمانەیی 7/38 لە سەد بە ڕیز گرینگترین هۆکارەکانی هۆگریی بۆ هاوسەرگیریی سپی لە ئێران بوون.

کارناسان هۆکاری نەبوونی هاوسەرگیریی گەنجان و هەڵکشانی ڕێژەی سەڵتیی هەمیشەیی دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی داهاتی پێویست و پرسە ئابوورییەکان. بەڵام هۆکارەکانی دیکە کە بەشێکی ئابوورین، گرینگییەکی زۆری هەیە. نەبوونی متمانە بە هاوسەرگیریی هەمیشەیی بە هۆی دابونەریتی نانۆرمانەی وەکوو شیربەها و بڕی مارەیی زۆرە. ئەم نەریتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم فەرهەنگە هەڵەیەی کە لە ناو بنەماڵەکاندا جێ کەوتووە کە تەنانەت بە پێچەوانەی وانە ئیسلامییەکانە. هەروەها هەندێ یاسای وەکوو سەرپەرشتیاری و کلیشە ڕەگەزییەکانی ناو هاوسەرگیریی فەرمی لەو فاکتەرانەیە کە کەسانی هاوماڵ هاوسەرگیریی سپییان لە هاوسەرگیریی هەمیشەیی پێ باشترە. ئەوەی لە پلەی دووهەمدا گرینگە، ئازادی و مافی هەڵبژاردن و خاوەندارێتی بە سەر لەشە. مافی خاوەندارێتی بە سەر لەش بە بێ گرینگیدان بە چەمکە ئایینی و یاساییەکان لە چوارچێوەی نافەرمانی ژیاری وەکوو هاوسەرگیریی سپی پیشان دەدرێتەوە. نەبوونی هەلی کار و داهاتی باش بۆ بەڕێوەبردنی ژیان، هاوسەرگیریی سپی لە چوارچێوەی بەشداریی ئابووریی دوو کەسی و نەبوونی کلیشە ڕەگەزییەکان وەک ڕێکارێکی گونجاو لای گەنجان خۆی دەنوێنێت. هاوسەرگیریی سپی و هاوماڵی ڕەنگە بە تەواوەتی وەکوو جۆری ڕۆژاواییەکان نەبێت. لە ناو دیمانەکاندا، هەندێ لە وڵامدەران ئاماژەیان بەوە کرد کە لە درێژەی حەفتەدا ڕەنگە دوو یان سێ ڕۆژ بە تەواوی لەگەڵ هاوبەشەکەیان بن.

دەتوانین بڵێین ئەم چەشنە پەیوەندییە بۆ ئاشنابوونی زیاتر بووە. قەیرانی متمانە لە جیهانی مۆدێرندا ئێپیدێمییەکە کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی تەنیوە. نەبوونی متمانە و ڕاستگۆیی لە کاتی هاوسەرگیریدا، جۆرێک ترسی لە ناو تاکەکاندا بەدی هێناوە. لەگەڵ تۆمارکردنی هاوسەرگیری و ناسینی هاوسەر، ئیتر هیچ کارێ ناکرێ و بەرپرسایەتیی یاسایی بەرۆکی کەسەکە دەگرێت. کەواتە بێمتمانەیی وا دەکا پەیوەندییەک بە باشتر بزانرێ کە لە ئەگەری ناپاکی و ناڕاستگۆیی بە بێ هیچ بەرپرسایەتییەکی یاسایی کۆتایی پێ بێت.

### 11-9-3. بە ئەزموونکردنی دووگیانی

ئامانج لە هاوسەرگیریی سپی پەیوەندییەکی سۆزداری تێکەڵ بە پەیوەندیی سێکسییە کە بەرپرسایەتی و پابەندی تێدا نییە. لەم چەشنە هاوسەرگیرییەدا هەوڵ دەدرێ کە ڕێگری لە دووگیانبوون بکرێ و ئەگەریش دووگیانی ڕوو بدا، لەباربردن یەکەمین ڕێگایەکە کە هاوسەرەکان بە مێشکیان دەگات. بە پێی چارتی ژمارە 13، ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخا کە 81.03 لە سەد ئەزموونی دوگیانییان نەبووە. 16.39 لە سەد لەباریان بردبوو و 2.85 لە سەد منداڵەکانیان بە دنیا هێنا بوو.




چارتی 11. لێکدانەوەی فرەیی بە ئەزموونکردنی دووگیانی و لەباربردنی کۆرپەلە لە ناو وڵامدەرانی ژن

بە گشـــتی کۆرتاژی کۆرپەلە لە یاســـای ئێراندا کارێکی ناشـەرعی و نایاسـاییە. تەنیا لە حاڵەتێکدا کۆرتاژ ڕێگەپێدراوە کە یاســـا بە پێی مادەی یەکی کۆرتاژدەرمانی لە ســـاڵی 1384 هـەتـاوی دیـاری کردووە: کۆرتـاژدەرمـانی بـە لێکدانـەوەی لێبڕاوەی سێ پزیشکی پسپۆڕ و پشتڕاستکردنەوەی پزیشکی یاســـایی لـە ســـەر بنەمای ئەوەی کە کۆرپەلە بیرکۆڵ یان کەئەندامە و دەبێتە هۆی ترســـی دایک و بە پێی ئەوەی کە نەخۆشیی دایک کە هەڕەشە لە ژیانی دایک دەکا، بەر لە ڕۆح چوونە ناو لەش (چوار مانگ) بە ڕەزامەندیی ئەو ژنە کۆرتاژ ڕێگە پێدراوە و هیچ ســزا و بەرپرســـایەتییەک لە ئەســـتۆی پزیشـــکی ئەنجامدەر نییە. لە ئەگەری جێبەجێبوونی ناوەرۆکی ئەم یاسایە سەرپێچیکاران بە پێی سزای دیاریکراو لە یاساکانی سزا ئیسلامییەکان حوکم دەدرێن.

ئاگاداربوون لە شـێوازەکانی بەرگیری کە بە هۆی زانیاریی زۆر و دەسـتڕاگەیشـتنی ئاسـان بە کەرەسـەی بەرگیرییە، وای کردووە کە ئەو هاوســـەرانەی کە ئەزموونی هاوماڵییان هەیە بتوانن ڕێگری لـە دووگیـانبوون بکەن. بـەڵام لـە ئـەگـەری دووگیـانبوونی نـەخوازراو، ڕانـەگرتنی منداڵ و لـەباربردن، ڕێکارێـک بوو کـە زۆربـەی وڵامدەران بـاوەڕیان پێی هـەبوو. دووگیانیی نەخوازراو بە بێ هاوسـەرگیری یاسـایی بەڵگەیەکە بۆ سەر زینا و پەیوەندیی ناشەرعی کە بە پێی مادەی 637ـــــی یاسای سزا ئیسلامییەکان سزای بە دواوەیە. کەواتە کۆرتاژ بە شـێوەی نایاسـایی و ژێرزەوینی ئەنجام دەدرێ کە لەم سـاڵانەی دواییدا ڕووی لە هەڵکشـــان کردووە. زۆربەی فەقێیانی شـــیعە لـەو بـاوەڕەدان کـە لـەباربردنی کۆرپـەلـە پاش ڕۆح چوونـە نـاو لەش حەرامە، چ بۆ دایک مەترسـیدار بێ، یان کێشـەی ڕۆحی و دەروونی ســـاز بکا و ... یان مەترســـی لە ســـەر نەبێ یان کۆرپەلە لە مەترسـیدا بێت. بەڵام کۆرتاژی بەر لە گیان چوونە لەش ئەگەر بۆ دایک یان کۆرپەلە مەترسیی گیانی هەبێ ڕێگە پێدراوە و ئەمە دووگیانبوونی بە هۆی زیناش دەگرێتەوە. بەڵام بە هۆی ئەوەی کەسـەکان درەنگ بە دووگیانبوونیان دەزانن و

یان لە ڕێکەوتی دروستی دووگیانی و یاساکانی پەیوەست بە کۆرتاژ ئاگادار نین بە شێوەی ژێرزەوینی کۆرتاژ دەکەن کە زیاتر ناتەندروستە و ژانێکی زۆری لەگەڵە و مەترسیی گیانی و لێکەوتەی قەرەبوونەکراوی بۆ ئافرەتان لە هەر دوو ڕەهەندی جەستەیي و ڕۆحی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها ڕێژەیەکی کەمیان منداڵەکانیان بە دنیا دێنن و زۆریان فڕێیان دەدەن و یان لە لایەن دەڵاڵەکان دەیانفرۆشن.




وێنەی 21. کۆرتاژی نایاسایی کۆرپەلە و فڕێدانی ساوای پێنەگەیشتوو لە ناو جۆگەی سەر شەقامی وەلیعەسری تاران

## 12-9-3. ڕوانگەی سەبارەت بە پەردەی کچێتی




چارتی 3. فرەیی ڕێژەی گرینگیی پەردەی کچێتی لە لایەن وڵامدەرانەوە

پاکیزە بە کەسێک دەوترێ کە هەرگیز سێکسی نەکردووە و پەردەی کچێتییەکەی تەندروستە. پاکیزەیی لە فەرهەنگ و ئایینەکاندا گرینگیی تایبەتی هەیە و بەتایبەت بۆ کچان بە واتای پاکداوێنی، نامووس و شیاوییانە. نەبوونی پەردەی کچێتی بەر

لە هاوسەرگیری (بە بێ هۆکاری پزیشکی و ڕووداوە نائەنقەستەکان) پیشاندەری جۆرێک نائەخلاقی و نانۆرمیی ئەخلاقی بۆ ژنانە کە بۆ هاوسەرگیری بە شیاویان نازانێت.

بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە 88.03 لە سەدی وڵامدەران پێیان وا بوو کە پەردەی کچێتی و پاکیزەیی گرینگ نییە و 11.97 لە سەد باسیان لە گرینگیی پەردەی کچێتی و پاکیزەیی کرد کە زیاتر پیاوان بوون.

فیمینیستەکان و ئەو کەسانەی کە پەردەی کچێتییان بە پرسێکی گرینگ نەدەزانی، وەک ئەفسانەیەک لە وڵاتانی جیهانی سێیەم باسیان لە پەردەی کچێتی دەکرد، کە کەلتووری پیاوسالاری لە ڕێگەی پەردەی کچێتییەوە ڕێز لە خاوەندارێتیی ژنان بە سەر لەشی خۆیان ناگرن. نەبوونی گرینگیی پەردەی کچێتی دەستکەوتی بزاڤە فیمینیستییەکان و بیر و باوەڕەکانی جیهانی مۆدێرنە کە لە ڕێگەی بەجیهانیبوون و گواستنەوەی فەرهەنگییەوە، وای کردووە کە بیر و باوەڕی سەبارەت بە پەردەی کچێتی لە ناو هەندێ لە گەنجانی ئێرانی وەکوو دەیەکانی ڕابردوو نەبێ و وەک بەشێک لە ژیانی تایبەتیی کەسەکە سەیر بکرێت. بە شێوەی گشتی بابەتی بەئەزموونکردنی سێکس نهێنیترین ئەزموونی مرۆڤە و لە نەبوونی ڕەزامەندی و هەستی ئاسوودەیی، جۆرێک ئەشکەنجەیە. لە ڕوانگەی بزاڤی ژنان کە زۆرینەیان ڕادیکاڵن، پەردەی کچێتی و پاکیزەیی هێما و سیمبۆلی بەها و نۆرمێکی کۆمەڵایەتییە کە دەرەنجامی ڕوانگەی پیاوسالارانە بۆ سەر خاوەندارێتی بە سەر لەشی ژنە، لەشی ژن وەک بواری خاوەندارێتیی پیاوانە و بۆ چێژبەخشی و چێژئافراندن سەیر دەکرێت.

لە ئێران پشکنینی پەردەی کچێتی هەندێ جار بە هۆکاری ئایینی، عورفی و یاسایی ئەنجام دەدرێت. لە هەندێ حاڵەتدا تاکەکان بە خواستی خۆیان یان لەبەر زەخت و گوشاری بنەماڵە بە سەردانکردنی پزیشکی متمانەپێکراو یان پزیشکی یاسایی یان پسپۆڕی ژنان و منداڵبوون لە ناوەندە

تەندروستییەکان هەوڵی وەرگرتنی بەڵگە و بڕوانامەی پەردەی کچێتی دەدەن. پشکنینی پەردەی کچێتی لە هەندێ حاڵەتیشدا بە فەرمانی یاسایی و تەنیا لە لایەن پزیشکی یاساییەوە دەردەکرێت. لەم حاڵەتانەدا ئەگەر کەسێک سەبارەت بە دەستدرێژی سکاڵا تۆمار بکا، ئەم پشکنینە ئەنجام دەدرێ، یان ئەگەر مێرد و ماڵی خەزوور (ماڵی باوکی مێرد) سەبارەت بە ناپاکیزەیی بووک سکاڵا تۆمار بکەن لە سەر لێکدانەوەی دادوەر، فەرمانی پشکنینی پەرەدی کچێتی دەدرێت. هەر بۆیە بازاڕی چاککردنەوەی پەردەی کچێتی ڕەونەقی گرتووە و زیاتر بە شێوەی ژێرزەوینی و لە بارودۆخێکی نالەباردا ئەنجام دەدرێ کە لەوانەیە خەسارەتی جەستەیی لێ بکەوێتەوە.

کەواتە ئەو کەسانەی کە پەردەی کچێتییان لە دەست داوە و وەک بابەتێکی تاکەکەسی لێی دەڕوانن هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە ئەم چەشنە ڕوانگەیان هەبێ، دەنا هەوڵی چاککردنەوەی پەردەی کچێتی و پەنامەکیکاری دەدەن. سەرباری ئەمە لە پەیوەندیی هاوماڵی و ئەزموونی پەیوەندییە سێکسییەکان دووبارە دەبێتەوە و ئەو کەسانەی کە ئەم پەیوەندییانە بە ئەزموون دەکەن کەمتر وێنای هاوسەرگیریی فەرمی بۆ خۆیان دەکەن، کەواتە هاوسەرگیریی سپی وەک ڕێکارێک بۆ مافی خاوەندارێتی بە سەر لەش و پشتگوێخستنی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکەن و ئەویان پێ باشترە و پاش کۆتاییهاتنی پەیوەندییەکی هاوماڵی، پەیوەندییەکی هاوماڵیی دیکە دەست پێ دەکەن.

# بەشی چوارەم: پێشنیار و ڕێکارەکان

"پیاو، 26 ساڵان لە تاران
حەزم نەدەکرد کەس بزانێت. بە جۆرێک ئەوەم بە پەیوەندییەکی تایبەتی خۆم دەزانی و هەستم نەدەکرد کە کەس لەم پەیوەندییە ئاگادار بێ بەتایبەت بنەماڵە؛ پێموایە ئەمە دەبێتە هۆی تاراندنمان. بنەماڵەکەمان بزانن لەگەڵ کەسێک لە پەیوەندیدام بێگومان بێتاقەت دەبن و تێدەکۆشم قەت کەس بەمە نەزانێ، چونکە ئەم بابەتە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هێڵە سوورەکانی کۆمەڵگای ئێمەیە. کێشە ئەوە نییە کە شوورەیی بێ یان نا."

### 1.4. پێشەکی

شۆڕشی سێکسی لە کۆتایی دەیەی 60ی زایینی لە وڵاتانی ئەورووپایی و ئەمریکایی تا دەهات شــێوازی ژیانی خەڵکی گۆڕا. هەتا بەر لەوە ئەم باوەڕە هەبوو کە دەبێ لە چوارچێوەی هاوسـەرگیریدا خواسـتە سـێکسـییەکان تێر بکرێن. بەڵام پاش ئـەوە بنیـاتی فـەلسـەفیی جۆراوجۆر دامـەزرا، تـەمـەنی هاوسەرگیری بەرز بوویەوە، تاکخوازی پەرەی سەند و بیچمی نوێ لە ژیانی خێزانی بەدی هات. ئەم پرسـە تا دەهات بیچمی جیدیتری بە خۆوە دەگرت هەتا ئەوەی کە لە ئەمریکا لە دەیەی 1970 نزیک بە 400 هەزار هاوسـەری هاوماڵ هەبوو؛ بەڵام لە دەیەی 80 گەیشـتە ملیۆنێک و 500 هەزار هاوسـەر و لە سـاڵی 2010 ئامارەکان گەیشـتە 7 ملیۆن هاوسـەر کە بە بێ تۆمارکردنی هاوسـەرگیری ژیانی هاوبەشـیان هەبوو. لە بەریتانیا لە سـاڵی 1997ی زایینی سـێ لە سـەدی ژنان ژیانی هاوبەشـی بێ هاوسـەرگیرییان بوو بەڵام ئەم ڕێژە لە سـاڵی 1998 گەیشـتە 26 لە سـەد. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش لەم حاڵەتە بێبەش نین بە جۆرێک کە لە وڵاتی ژاپۆن لە سـاڵی 1987، سـێ لە سـەدی هاوسـەرەکان هاوماڵ بوون، لە سـاڵی 2005 گەیشـتە 8 لە سـەد و لە سـاڵی 2006 واتە پاش سـاڵێک، ئەم ڕێژە بە شـێوەی بەرچاو گەیشـتۆتە 20 لە سـەد. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕێژەی ئەو منداڵانەی کە لەدایکبووی ئەم ژیانە هاوبەشـەن ڕووی لە بەرزبوونەوەیە. بۆ وێنە لە وڵاتانی دانمارک، نۆرویژ و سـویید، پتر لە 50 لە سـەدی منداڵان لە بنـەمـاڵـە هـاومـاڵـەکـانـدا لـەدایـک دەبن. بـابـەتی تیپۆلۆژیی هاوسـەرگیریی سپی لە سێ وتەزادا شیاوی لێکدانەوەیە. ئەم تیپۆلۆژییە لە لایەن کارناسـانەوە بە پێی چۆنایەتی، ماوەی پەیوەندی و جۆری ڕوانین بۆ هاوسـەرگیری خراوەتە ڕوو (Carrie Murrow & Lin,Shi 2010).

هاوماڵی بۆ ناسین و پێشەکیی هاوسەرگیری؛ هاوماڵی بە مەبەستی هاوسەرگیریی تاقیکاری؛ هاوماڵی وەک بەدیلێک بۆ هاوسەرگیری. هاوماڵی پێشەکی یان قۆناغی تاقیکاری بۆ ناسینی باشتری هاوبەشەکان یان هاوسەرەکان سەیر دەکرێ کە ئامانجیان لە هاوماڵی مەبەستێکی لێبڕاوە بۆ هاوسەرگیری و ئەوان پاش دوو ساڵ هاوسەرگیری دەکەن (Brown, 2003). ئەم گرووپە لە چاو دیکەی هاوسەرە هاوماڵەکان متمانە و گەشبینییەکی زیاتریان بۆ داهاتوو هەیە و لەگەڵ هاوماڵەکەیان نەرمنوێنترن و سەبارەت بە هاوسەرگیریی فەرمی و هاوسەرگیریی هەمیشەیی ڕوانگەیەکی باشتریان هەیە. ئەم کەسانە لەم قۆناغەدا کاتیان زیاتر تەرخانی هاوبەشی ژیانیان و تایبەتمەندییەکانی چڕ دەکەنەوە و بە شێوەی جیدی لە بارەی ئامانجەکانیان لە هاوماڵی و ئەو ماوەی کە دەبێ هاوماڵ بن و چاوەڕوانیان لە هاوسەرگیری وتووێژ دەکەن (Sassler, 2004). هاوماڵی پێشەکییەک بۆ هاوسەرگیریی فەرمی لە لایەن میدیاکانی ڕۆژاوایە و وەک ڕێکارێکی گونجاو پێشنیار دەکرێ، بە جۆرێک کە یەکێک لە هەواڵدەرییەکانی ژنان (womenosophy) سوودەکانی هاوماڵیيان لە هاوسەرگیری پێ زیاترە و پێشنیار دەکا کە ژنانی ئەمە بە ئەزموون بکەن. هەندێ لە سوودەکانی هاوسەرگیریی سپی ئەمەیە:

1- کارەکان دابەش دەکەن؛

2- ئەزموونێکی پێویست وەدەست دێنن؛

3- لە خەرج و تێچووەکاندا دەست پێوە دەگرن؛

4- باشتر تایبەتمەندیی هاوبەشی ژیانتان دەناسن؛

5– خۆتان بە چەلێنج دەکێشن (ئامادەبوون بۆ قۆناغێکی نوێ لە ژیان)؛

ژیانکردن لەگەڵ کەسێک کە خواستەکانتان بەدی دێنێ خۆش و سەرنجڕاکێشە (لە تەنیا ژیانکردن باشترە).[1]

هەڵبەت ئەنجامەکانی چەندین لێکۆڵینەوە پیشانی داوە کە ئەو

1. https://womenosophy.com/reasons-live-together-marriage

کەســــانەی کە ماوەیەکی دوور و درێژ هاوماڵییان بە ئەزموون کردووە ئەگەری دارمانی ژیانی هاوبەشی پاش هاوسەرگیرییان زیاترە و ئەم کەسانە پاش هاوسەرگیری ڕوانگەیەکی باشیان لە بارەی پەیوەندییەکەیان نییە (Rhoades,2009).



وێنەی 22، سەرەڕای نۆرمداربوونی هاوماڵیی بەر لە هاوسەرگیری، لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە کە هاوماڵی بۆ ئەو هاوسەرانەی کە نیازی هاوسەرگیرییان هەیە ئایدیایەکی باش نییە.

لە تیپی دووهەمدا هاوماڵی زیاتر پەیوەندییەکی سێکسییە کە نیازی هاوسەرگیری تێدا نییە (Rindfuss&VandenHeuvel, 1990). هاوسەرەکان لەم چەشنە پەیوەندییەدا لە داهاتوویان دڵنیا نین و تەنانەت ئەگەر نیازی ئەوەشیان هەبێ کە لە داهاتوودا پێکەوە هاوسەرگیری بکەن، کەسێک بۆ هاوسەرگیری هەڵدەبژێرن کە هاوماڵ یان هاوبەشە سێکسییەکەیان نەبێ و ئەوان لەم قۆناغەدا بە تەنیا جۆرێک هاوسەرگیریی تاقیکاری بە ئەزموون دەکەن کە داهاتوویەکی ناڕوونی هەیە (Brown, 2000).

لە تیپی سێیەمدا هاوماڵی یان هاوسەرگیریی سپی کە چەمکێکی باو و عورفی هەیە، دەبێ وەک بەدیل و جێگرەوەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی سەیری هاوسەرگیریی سپی بکەین. ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە ئاماژە بە پەیوەندیی درێژخایەنی ئەو

هاوسەرانە دەکا کە هاوسەرگیرییان نەکردووە و لە یاسای عورفیدا[1] وەک بەدیلێک بۆ هاوسەرگیری قبووڵ کراوە (Manning & Landale, 1996). ئەو کەسانەی کە بە هۆکارگەلی وەکوو ئابووری، هاوسەرگیریی فەرمییان بۆ نالوێ، وەک جێگرەوە و بەدیل ڕوو لە هاوماڵی دەکەن. لەم گرووپەدا هەندێ هاوسەر هەن کە لە ڕابردوودا هاوسەرگیریی هەمیشەیی سەرکەوتوویان نەبووە و هەر لەبەر ئەوە هۆگرییان بۆ هاوسەرگیریی فەرمی کەم بۆتەوە و هاوماڵییان پێ باشترە. سەرەڕای ئەوەی لە ناو ئەم چەشنە کەسانەدا ڕوانگەیەکی ئەرێنی سەبارەت بە هاوسەرگیریی فەرمی و هاوسەرگیریی هەمیشەیی وەک ناوەندێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی بوونی نییە، بەڵام پەیوەندییەکەیان درێژخایەنە و سەقامگیرییەکی ڕێژەیی هەیە (Bianchi& Casper, 2000). دەرچوون لە پێویستی و یاساکانی هاوسەرگیریی فەرمی وەکوو ئازادیی زیاتر و نەبوونی بەرپرسایەتی و هەروەها دەورە ڕەگەزییەکان و دابەشکردنی کار لە هاوماڵیدا لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانە کە هاوبەشە هاوماڵەکان کردوویانە بە بەدیلی هاوسەرگیریی فەرمی (Elizabeth, 2000).

پێکەوەبوون لە ڕۆژاوا دیاردەیەکی یاسایی، عورفی و دیاریکراوە. هاوبەشەکانی ناو ئەم ژیانە لە ئەگەری پێویستی و خواستی خۆیان ناونیشانی ژیان و زانیارییەکانیان بە تەواوەتی دەدەن بە پۆلیس و لە شارەوانیی ناوچەکە تۆمار دەکرێ بۆ ئەوەی لە ئەگەری ڕوودانی ناکۆکی، منداڵخستنەوە، دابڕان و حاڵەتی لەو شێوە، کێشەکە چارەسەر بکرێت. لە ڕووی ڕێککەوتنی شێوازی ژیانەوە، هەموو شتێک ڕوونە و هەر کام لە لایەنەکان بە پێی ڕێژەی ڕێککەوتن، ئەرکی خۆیان لەم ژیانەدا بە جێ دێنن. ئەگەر لە سەر دابڕان و جیابوونەوە لەگەڵ یەکتر ڕێک بکەون سامانەکەیان کە لە ماوەی ژیانی هاوبەشیاندا وەدەستیان هێناوە لە نێوانیاندا دابەش دەکرێ و هەر کامیان پشکی خۆی دەکەوێ و لێک جیا دەبنەوە، ئەگەر پۆلیس

1. Commen law

لەم بابەتە ئاگادار بێ دادوەرەکانی دادگا سکاڵاکەیان لێ قبووڵ دەکەن و گوێیان لێ دەگرن و ژن بە قەد پیاو مافی هەیە.

هۆکارە پێکهاتەییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی بنەماڵە و پەرەسەندنی دیاردەی پێکەوەبوون لە ڕۆژاوا (ئەمریکا و وڵاتە پیشەسازییەکان) لە لایەن توێژەرانەوە ڕوون بۆتەوە. هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکانی بنەماڵە پاش شەڕی جیهانیی دووهەم و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بزاقە کۆمەڵایەتییەکان، تەمەنی هاوسەرگیری بەرز بۆتەوە، ڕێژەی زکوزا کەم بۆتەوە و ڕێژەی ژیانە هەڵوەشاوەکان زۆر بووە. هەروەها ڕێژەی زکوزای لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری لەم سەردەمەدا بەرزبوونەوەی بە خۆوە بینیوە (2000,Smock). کارناسان ئاماژەیان بە چەند فاکتەری گرینگی بنچینە پێکهاتەیی و سەرەکییەکان کردووە کە هەڵکشانی ڕێژەی هاوماڵی لە ڕۆژاوای لێ کەوتۆتەوە. یەکێک لەم فاکتەرە گرینگانە فاکتەری فەرهەنگییە. تاکخوازی و سکۆلاریزم دەچنە ناو ڕیزی فاکتەرە فەرهەنگییەکانەوە. ( Lesthaeghe & Surkyn 1990 Rindfuss & VandenHeuvel ,1988 ,). تاکخوازی بەو واتایە کە هەموو کەس خاوەن خەڵوەت و هەرێمی تایبەتیی فیزیایی و دەروونی، بیر و باوەڕی تایبەت و دیکەی مافە بنەڕەتییەکانە کە لە هەموو بارودۆخێکدا دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت. تاکخوازان پەرە بە جێبەجێکردنی ئامانج و خواستە تایبەتەکانیان دەدەن؛ کەواتە گرینگی بە سەربەخۆیی و پشتبەخۆبەستن دەدەن و بەرگری لێ دەکەن کە بەرژەوەندیی تاک دەبێ لە سەرووی حکوومەت یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی بێ و لە هەمان کاتدا دژی دەستتێوەردانی دەرەکیی کۆمەڵگا یان هەندێ ناوەندی وەکوو دەوڵەت لە کاروباری تایبەتیی تاکەکانن. هەروەها لە هەندێ چەمکی کۆمەڵناسی، سکۆلاریزم بەو بارودۆخە دەوترێ کە تێیدا کۆمەڵگا لە بڕیاردانەکانیدا کەمتر چەمکە ئایینییەکان بە کار دەبا یان ئەم چەمکانە کەمتر دەبنە هۆی ناکۆکی و تێوەگلان.

لە ساڵانی دەیەی 1960 بەم لاوە ئامانجە تاکایەتییەکان چوونە یەکەمایەتییەوە و بەشداری لە کۆبوونەوە ئایینیەکان و

دەســـــتێوەردانی ئایین لە کاروباری ژیان لە چاو ڕابردوو کەم بووەوە. هۆکاری دووهەم دەڕوانێتە فاکتەرە ئابوورییەکان و بە پیشـەییبوونی ڕۆژاوا. لە کەرتی ئابووری، هاتنی ژنان بۆ ناو بازاڕی کار و گۆڕانی ڕوانگەی سەبارەت بە کاری ژنان بووە هۆی ئەوەی هۆگریی بۆ هاوســـەرگیری و ژیانی خێزانی کەم ببێتەوە (1988,Cherlin & Furstenberg).

هـاتنی ژنـان بۆ نـاو بـازاڕی کـار و کـاڵبوونـەوەی کلیشـــە ڕەگـەزییـەکـان و بزاڤـە یـەکســـانخوازییـەکـان بۆتـە هۆی پـەرەســـەندنی ڕێژەی هـاومـاڵی؛ بـەڵام گرینگترین هۆکـاری ڕەوتی هەڵکشـانی هاوماڵی و تابۆسڕینەوە لە هاوماڵی هاوکات لەگەڵ شـۆڕشـی سـێکسـی لە ڕۆژاوا بوو (1990,Bumpass). شـۆڕشـی سـێکسـی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بوو کە سـیسـتەمی نـەریتیی هـەڵســوکـەوتـە ســێکســییـەکـان و پـەیوەنـدییـە نێوانتاکایەتییەکانی لە ڕۆژاوا لە مەودای ســاڵانی دەیەکانی 60 هەتا 80ی زایینی بە چەلێنج کێشا. زۆرێک لە گۆڕانکارییەکانی نۆرمە سێکسییەکانی ئەم سـەردەمە ئەوڕۆ بوونەتە ڕەوتی زاڵ کە هاوماڵی یەکێکیانە.




وێنەی 23. ڕێپێوان بۆ ئازادیی پۆشـینی جلوبەرگی ئاسـوودە لە شـوێنی کار. نەهێشتنی هەڵاواردن، قبووڵکردنی پەسـەندکراویی سێکس لە دەرەوەی پـەیوەنـدیی دیترخوازانـەی تـاکهـاوســـەری (هـاوســــەرگیریی کۆن)، بـە نۆرمبوونی هاوڕەگەزخوازی و بەیاساییبوونی کۆرتاژ

ئەوەی لێرەدا وترا، ڕەوتی گۆرانگارییە کۆمەڵایەتییەکان لە

ڕۆژاوا پیشـــان دەدا کە چۆن دیاردەی هاوماڵی وەک نۆرمێکی عورفی و یاسـایی ناسـرا و قبووڵ کرا. سـەرەڕای دەرهاویشـتە نـەرێنییـەکـانی بۆ ســـەر منداڵان، کـەمبوونـەوەی زکـوزا، گۆڕانکارییەکانی بنەماڵە و دیکەی کێشـــەکان، ئەم چەشـــنە پەیوەندییە لەگەڵ یەکەم ســـاتەوەختی دەرکـەوتنی کـەوتە بەر تیشکی لێکدانەوە و بە لێکدانەوەی ورد و قبووڵکردنی لە لایەن کـامێن لا و دەزگـا یـاســـاییـەکـان لـە ڕۆژاوا هـەوڵ درا دیوە نەرێنییەکان کەم بکرێتەوە. بەڵام لە وڵاتانی ڕوو لە گەشـــەی ئایینپەروەری وەکوو ئێران چۆن ئەم چەشـــنە هەڵســـوکەوتە کۆنترۆڵ دەبێت؟ قبووڵکردنی چۆنە؟ وڵاتانی ڕوو لە گەشـــە بە هۆی پرۆســـەی جیهـانیبوون، پـەرەســـەندنی مۆدێڕنیتـە و نوێگەرێتی و بارودۆخی تایبەتی ئابووری و بەکۆمەڵایەتیبوون تووشـی دیاردەی هاوماڵی بەتایبەت لە پێتەخت و کەڵێنشـارەکان بوونەتەوە. بە ئاوڕدانەوە لە شوناسی ئایینی و ئایینزایی هەندێ کۆمەڵگەی وەکوو ئێران و لە لایەکی دیکەشـــەوە ئەم چەشـــنە پەیوەندییە هـاومـاڵییانـە، چی ڕێکارگـەلێـک بۆ چاودێریکردنی ئـەم دیـاردە بوونی هـەیـە بۆ ئـەوەی لایـەنـە نـەرێنییـەکـانی کـەم ببێتەوە؟ ئەم چەشـــنە دیاردە لە لایەن بەرپرســـانەوە نکۆڵی لێ دەکرێ کــە لــەو دیوی ئــەم نکۆڵییــە جۆرێــک قبووڵکردنی پەنامەکی و یان تابشـــتهێنانی ناچاری بەدی دەکرێت. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ناســینی ورد و شـــاردنەوەی ئەم دیـاردە. کـەواتـە لـەم بـارودۆخـەدا کـە ئـەم دیـاردە لـە هـەنـدێ کەڵێنشـــاری ئێران وەکوو تاران، مەشـــهەد و ئیسـفەهان بوونی هەیە، بە لێکدانەوەی گشتگیر و بە دوور لە لایەنگریی سیاسی و حیزبی دەبێ خوێندنەوەی بۆ بکرێ و لە پێناو کەمکردنەوەی لێکەوتە نەرێنییەکانی دەبێ ڕێکاری گونجاو بخرێتە ڕوو.

### 2_4. کۆبەندیی توێژینەوە

لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، ســـەرچەشـــنی پەیوەندییە سـێکسـییەکان لە جیهاندا گۆڕانێکی بەرچاوی بووە و ئێسـتاش کۆمەڵگای ئێران لە بواری بەها و باوەڕی گەنجان ڕووبەڕووی گۆڕانکـاریی زۆر بۆتـەوە. لێکۆڵینـەوەکـان پیشـــان دەدا کـە

پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری لە سەر ئاستی ئێراندا ڕووی لە هەڵکشانە. یەکێک لە جۆرە نوێکانی پەیوەندیی سێکسیی بەر لە هاوسەرگیری پەیوەندیی پشتبەستوو بە "هاوماڵی یان هاوسەرگیریی سپی"ـیە کە لە هەندێ کەڵێنشاری وەکوو تاران ڕووی لە بەرزبوونەوەیە. هاوماڵی ژیانی هاوبەشی نێوان دوو هاوبەشی سێکسیی بە بێ هاوسەرگیرییە؛ بەڵام ئەم پەیوەندییە پیشاندەری ناشەرعێتی لە ڕوانگەی ئایینییە کە لە ناو فەرهەنگی ئێرانی – ئیسلامی هیچ پێگەیەکی عورفی و یاسایی نییە، پەیوەندییەک کە هاوسەرگیری نییە و لە چوارچێوەی پابەندییەکانی هاوسەرگیری بەدەرە.

لێکدانەوەی پرسی هاوسەرگیریی سپی بە پێی تابۆبوونی بابەتەکە کەمتر لێکۆڵینەوەی زانستی و زانکۆیی لە سەر کراوە. تەنانەت کتێبێک لەم بارەوە نەنووسراوە. سەرەڕای ئەمە، لێکۆڵینەوەی کەم لەم بارەوە لە سەر ئاستی وتار و تێزی زانکۆ ئەنجام دراوە.

گوڵچین و سەفەری (1396ی هەتاوی) توێژینەوەیەکیان لە ژێر ناوی "کەڵێنشاری تاران و دەرکەوتنی هێماکانی سەرچەشنی نوێی پەیوەندیی سێکسیی ژن و پیاو؛ خوێندنەوەی بوارەکان، پرۆسە و دەرهاویشتەکانی هاوماڵی" ئەنجام داوە. بە کەڵکوەرگرتن لە دیمانەی قووڵ و ئازاد لە چوارچێوەی شێوازی تیۆریی زەمینەیی، داتا پێویستەکان لە سەر 16 هاوسەر کە هاوماڵییان هەڵبژاردبوو کۆ کراوە و ڕێک خرا. پاش شیکاریی توێژینەوەکان، وتەزاکانی کەمبوونەوەی کاردا و گرینگیی بنەماڵە، کۆمەڵایەتی و تاران شاری بێچاودێر، وەک بارودۆخی زەمینەیی، ڕوانگەی نەرێنی بەرامبەر بە هاوسەرگیریی باو، باوەڕە فیمینیستییەکان و بێباوەڕی و پابەندنەبوون بە بەها ئایینییەکانی کۆمەڵگا وەک هەلومەرجی هۆکاری، تێوەگلان لە پرۆسەی عاشقانە و ناسینی هاوماڵی وەک هەلومەرجی ناوبژیوانی، هاوماڵی، پەیوەندیی یەکسان، پەیوەندیی بە کۆتایی کراوە، ئەزموونی ڕەزامەندانە لەم شێوازی ژیانە، ئاستەنگە ناوخۆییەکانی پەیوەندیی و

ســـنووردارییە دەرەکییەکانی پەیوەندیی وەک هەڵســـوکەوت، تابشـــتهێنان لە ئاســـت زیانی بە هۆی کۆتاییهاتنی پەیوەندی و داپەڕین بۆ هاوســـەرگیری یان پێدانی بەڵێنی هاوســـەرگیری بۆ ڕەواندنەوەی ئاستەنگە دەرەکییەکان وەک دەرهاویشتەکانی ئەم شـــێوازی ژیانە دیاری کراون. لە ئەنجامدا چەمکی "هاومالّی، پەیوەندیی کەمخایەنی بە هۆی لێکدژیی بەها مۆدێرن و نەریتییەکان لە سەر بەستێنی کەڵێنشاری تاران" وەک وتەزای ناوەک دەستنیشان کرا.

کەریمیان و زارێعی (1395ی هەتاوی) لێکۆڵینەوەیەکیان لە ژێر ناوی "لێکدانەوەی چۆنایەتیی بارودۆخی ژیانی ژنانی خاوەن پەیوەندیی هاومالّی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر" (بررسی کیفی وضـــعیت زندگی زنان دارای رابطه همخانگی با جنس مخالف) ئەنجام دا. بۆ کۆکردنەوەی داتاکان دیمانەی قووڵ و نیوەپێکهاتوو لەگەڵ 19 ژن کە پەیوەندیی هاومالّییان هەبوو ئەنجام درا. بە پێی دیمانە ئەنجام دراوەکان سەبارەت بە داتاکان چەند وتەزا لە بارەی بارودۆخی ژنانی هاومالّ دەســـت کەوت: ڕەزامەندیی ڕێژەیی لە پەیوەندیی، پابەندیی لاوازی دوولایەنە، کوالێتیی و چۆنایەتیی نزمی پەیوەندی، ترس لە داوەری بنەماڵە و کۆمەڵگا، خەسارەتە تاکایەتییەکان، پەیوەندیی مامەڵەئاسایانە و نەبوونی بڕیاری هاوســـەرگیری. ئەوان لە ئەنجامدا ڕوونیان کردەوە کە پەرەســـەندنی هێورانە و خۆخزێنانەی پەیوەندییە هاومالّییەکان لە ژیانی گەنجانی ئێرانی، ئاماری زۆری تەڵاق، زۆربوونی ناپاکیی سۆزداری و سێکسیی کەسانی هاوسەردار و بڵاوبوونەوەی شـێوازە ڕۆژاواییەکانی پەیوەندیی سـێکسـیی بەر لە هاوســـەرگیری هەر هەموویان بنیاتی بنەماڵەی ئێرانییان کردۆتە ئامانج و چارەســـەری ئەم کێشـــانە پێویســـتی بە بڕیاری پێداگرانەی بەرپرســـان و کارناســـان لە ســـەر ئاســـتی کەڵێنە بە مەبەستی ئەوەی پێداچوونەوە لە سیاسەتدانانی پیشە، ئابووری، هاوســــەرگیری، بەرنامەی تەلڤیزیۆنی و بواری فەرهەنگی بکرێت.

ئازاد ئەرمەکی، شەریفی ساعی، ئیساری و تالبی (1391) لێکۆڵینەوەیەکیان لە ژێر ناوی "هاومالّی؛ ســــەرهەڵدانی بیچمە

نوێکانی بنەماڵە لە تاران" (همخانگی؛ پیدایش شـــکلهای جدید خانواده در تهران) ئەنجام دا. لەم لێکۆڵینەوەدا دیمانە لەگەڵ 21 کەس لەو کچ و کوڕانە کرا کە پەیوەندیی هاوماڵییان بە ئەزموون کردبوو. ئەنجامەکانی توێژینەوە پیشـــانی دەدا کە هاوماڵی بەرهەمی پرۆسەی نوێسازیی ئێرانی و پەرەسەندنی بەجیهانیبوون و هاتنی بۆ ناو ئێرانە، ئەو پرۆسـانەی کە لە پێشدا بە گۆڕینی بارودۆخی ئابووری و فەرهەنگی (سیستەمی بەها)ـی کۆمەڵگا و وردە وردە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی جیاواز لە ناو ئێراندا بەدی دێنن. ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە کە خۆی دەرەنجامی گۆڕانی ئابووری و فەرهەنگیی ئەم سالانەی دواییە، دەرکەوتنی سەرچەشنەکانی هاوماڵی لە ناو هەندێ لە گەنجانی وڵاتە.

لە کۆبەندیی ئەم لێکۆڵینەوە و وتارانەدا دەتوانین بڵێین کە خاوەن تیۆرییەکانی بواری زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەم چەشـنە ژیانە کە لە وڵاتی ئێران زیاتر لە ناو گەنجاندا باوە، ئاماژەیان بە هەندێ هۆکاری جۆراوجۆر کردووە. هەندێ لەم هۆکارانە بریتین لە: کێشـەی ئابووری، تاقیکردنەوەی پەیوەندی، بێباوەڕی بە هاوسـەرگیری، سـستبوونی باوەڕە ئایینییەکان، هەڵکشـانی ڕێژەی بێوەپیاوان و بێوەژنان کە بەرهەمی تەڵاقن، سـەرچەشـنگری لە سـەتەلایت و میدیا بیانییەکان کە قێزەونایەتیی ئەم پەیوەندییە لە ناو دەبەن، چاوەڕوانییە زۆرەکانی کچان، وەستاندنی قەرزی هاوسەرگیری و هەر چەشـنە هاوکاریی ئابووری بۆ کوڕان لە لایەن ناوەندە داراییەکانەوە، پابەندیی دارایی کەمتر و ڕزگاربوون لە حەوت خانی هاوسـەرگیریی فەرمی. گۆڕانی فەرهەنگ و ڕوانگەی نەوەی نوێ بۆ ژیان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەسـتێنێکی بۆ گەشـە و پەرەسەندنی ئەم چەشـنە پەیوەندییانە ڕەخسـاندووە. خوێندن و پیشەی ژنان و سەربەخۆیی ئابوورییان وای کردووە کە چیتر بێ پێچ و پەنا مل بە یاسـا پیاوسـالارییەکان نەدەن. پیاوانیش بە هۆی فرەچەشـنخوازی کە یەکێک کە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانە، هەوڵوەدای سوودمەندبوون لە پەیوەندییە کەمتر دەست و پێگیرەکان لەگەڵ

ڕەگەزی بەرامبەرن. هەر بۆیە ژن و پیاو لە سەردەمی ئێستادا لە بری هاوسەرگیریی یاسایی، پەیجووری پەیوەندیی نافەرمی و هاوماڵین.

لێکۆڵینەوەکانی بواری هاوماڵی لە ئێران لەم ڕێژە کەمەدا سنووردار دەبێتەوە کە بەرهەمی تێزی خوێندکارییە کە زۆرینەیان لەم 5 ساڵەی کۆتاییدا ئەنجام دراوە. ئەم لێکۆڵینەوە و وتارە خوێندکارییانە لە حاڵەتێکدا ئەنجام دراون کە زۆربەیان ڕێژەی نموونەیان کەمە و ڕێژەی نموونەکان لە نێوان 10 بۆ 20 کەسە. پانتای ئەم چەشنە توێژینەوانە زۆر سنووردارە و بە شێوەی جیا جیا واتە بە تەنیا لە ڕووی دەروونناسی، کۆمەڵناسی یان فیقهی – یاسایی بابەتەکەیان لێک داوەتەوە. بەم پێیە بۆ یەکەم جار ئەم توێژینەوە بە جەختکردنە سەر ڕەهەندە فیقهی – یاساییەکان، دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و بە نموونەیەک کە قەبارەکەی 216 هاوسەرە ئەنجام دراوە و کارناس بە شێوەی GT تاوتوێی کردووە کە تەنیا لە خوێندکارانی زانکۆدا تەسک نابێتەوە و لە سەر ئاستی هەر سێ کەڵێنشاری تاران، ئیسفەهان و مەشهەد لێک دراوەتەوە. نەریتبێزی، ئاسایشی ئابووری و سوودبەخشیی پەیوەندی، هاوبەشیی دارایی، ڕەسەنایەتیی سۆزداری و سێکسی، پابەندبێزی، ترس لە لانەوازی، دابڕان لە بنەماڵە، چێژخوازی، خواست بۆ هاودڵی و ڕاکردن لە تەنیایی، پابەندییە قورسەکانی هاوسەرگیری، کەمباوەڕی بە فەرمانە ئایینییەکان، گرینگیی عەشق، لێکترازانی نێوان پێگەیشتنی سێکسی و پێگەیشتنی ئابووری، هاوسەرگیرییە ناسەرکەوتووەکان، دەرفەت قۆستنەوە، سەربەخۆیی، هۆگری بۆ شێوازی نوێی ژیان و بە گشتی بوونی تێڕوانینێکی نوێ لە مەڕ چەمکی هاوسەرگیری هەموو ئەمانە وەک گرینگترین چەمکەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران ناسێنران. لەم توێژینەوەدا بە لێکدانەوەی بنەما کۆمەڵایەتی و فیقهی – یاساییەکان لە بەشی چواردا هاوماڵی لە ئێران تاوتوێ دەکرێت.

لەم بەشەدا بە کورتی بنەما کۆمەڵایەتی و ئایینی – یاساییەکانی هاوسەرگیریی سپی لێک دەدرێتەوە.

تیۆریی زۆر لـــە مـــەڕ ڕوونـکردنـــەوەی کۆمـــەڵایـــەتیی هاوســـەرگیریی ســـپی هەیە. لە چوارچێوەی تیۆریی ئانۆمی، ڕێزمەن[1] بە هێنانە گۆڕی جیاوازیی کۆمەڵگا نەریتییەکان و کۆمەڵگا نوێکان تیۆرییەک بۆ ڕوونکردنەوەی خەســـارەتە کۆمەڵایەتییەکان و لادەرەکان دەخاتە ڕوو. بە باوەڕی ئەو لە کۆمەڵگا نەریتخوازەکاندا ئەوە نەریتە کە ڕەوشـــتی تاکەکان ئاراســـتە دەکات. لەم کۆمەڵگایانەدا کۆمەڵێکی یەکدەســـتی نەریتەکان هۆکاری ئاراستەکەری هەڵسوکەوتەکانن و لادان لە ڕەوتی زاڵ پانتایەکی زۆر ســـنوورداری هەیە. لە بەرامبەردا، لە کۆمەڵگا نوێکاندا ڕەوشـــتی مرۆڤەکان لە ســـەر بنەمای ئەو ڕەوتەیە کە نەک لە ڕێگای نەریت بەڵکوو لە لایەن دیترانەوە ئاراســـتە دەکرێت. ئەوڕۆکە کەســـایەتیی تاکەکان بەرەو لای دیتران ئاراســـتە دەبێ؛ چونکە نەریت ڕێنوێنەرێکی ڕوونی بۆ ئاراستە کردنی هەڵسوکەوتی تاکەکان نییە و ئەوەی دەمێنێتەوە داوەری دیترانە. ڕێزمەن بەو ئەنجامە دەگا کە بەو پێیەی کە لە کۆمەڵگای گۆڕاوەکانی ئێســـتا بوونی کۆمەڵگای وەســـتاو نەگونجاوە، کەسانێکی سەربەست هەن کە بە بێ ڕەچەڵەک لە ناو کۆمەڵگایەکی وەســـتاو و بە بێ هەســـت بە دەروەســـتی بە گرووپێکی دیاریکراو، بە شـــێوەی دڵخواز ئیش دەکەن. بە بۆچوونی ناوبراو، نەبوونی ڕەچەڵەک لە ناو نەریتەکانی کۆمەڵگا و هەســـتی ســـەربەســـتی هۆکاری دەرکەوتنی هەڵسوکەوتە لادەرەکانە. ڕوونکردنەوەی هاوسەرگیریی سپی لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییە پێویســـتی بەوەیە کە هاوماڵی وەک هەڵسوکەوتێکی لادەرانە ببێتە بەرگریمانە.

بە ئاوڕدانەوە لە ئاراستەی ژینگەیی شاری لە چوارچێوەی قوتابخانەی شیکاگۆ لە لایەن هەندێ تیۆریسییەنی وەک پارێک و بێرگێس دەتوانین لـــە دیوێکی دیکـــەوە ڕوونکردنـــەوەی کۆمەڵایەتییانەی هاوسەرگیریی سپی ئەنجام بدەین. ئەم تیۆرییە خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان گرێ دەداتەوە بە دیاردەگەلی شاری وەکوو زمان، ئێتنیک، کۆچ، شوێنی نیشتەجێبوون و ئاپۆرەی

1. Reisman

حەشیەت دەبینێت. پارێک و بێرگێس فاکتەرەکانی سەرەوەیان لە سەر خەسارەتگەلی وەکوو خۆکووژی، تەڵاق و لەشفرۆشی لە شیکاگۆ تاوتوێ کرد. ئەم تیۆرییە جەخت لە سەر ناڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی لە ڕوونکردنەوەی دەرهاویشتەی خەسارەتناسیی ژیانی شاری دەکاتەوە. بە بۆچوونی پارێک و بێرگێس، ژینگەی شاری کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر سەرچەشنە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی شار هەیە. بە باوەڕی ئەوان ئەو بوارانەی ناو شارە بازرگانی و پیشەسازییەکان کە لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە تووشی ناڕێکخراوەیی بوونەتەوە پەرە بە بەها و نەریتی تاوانکارانە دەدەن. لە نەبوونی ئەو گرووپە ژێدەر و سەرچاوانەی کە مێرمندالان و گەنجان ڕازی بە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی پەسەندکراو بکا، وردە فەرهەنگە لادەرەکان بۆشاییەکە پڕ دەکەنەوە. نەبوونی گرووپە ژێدەرەکان و لاوازیی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو بنەماڵە، گەڕەکەکانی ناوچە گواستنەوەییەکان دەکا بە پێگەیەکی گونجاو بۆ وردەفەرهەنگەکان، کۆچبەران و هەژاران. ڕوونکردنەوەی هاوسەرگیریی سپی لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییانە پێویستی بەوەیە کە هاوماڵی وەک هەڵسوکەوتێکی لادەرانە و خەسارەتێکی کۆمەڵایەتی ببێتە بەرگریمانە.

هەروەها تیۆریی وردەفەرهەنگیی بیرمەنگام بە ئیلهامگرتن لە بابەتەکانی ستوارت هال کە بە گرتنە بەری ئاراستەیەکی نیۆمارکسیستی جەختی لە سەر گرینگیی ئێتنیکایەتی، چین و ڕەگەز لە سەر شیکاریی فەرهەنگی گەنجان کردبۆوە، شیاوی لێکدانەوەیە. هال و هاوکارەکانی لە کتێبی خۆڕاگری لە ڕێگەی ڕێوڕەسم بەڵگە دەهێننەوە کە گەنجانی چینی نزم و مامناوەند لە ڕێگەی شێوازی ژیانی تایبەتیی خۆیان هەوڵدەدای دەربڕینی دژایەتیی خۆیان دژ بە گریمانە ئایدۆلۆژیکییەکانی سیستەمی سەرمایەدارین. بە ڕای دیک هێبدایج (1979,Hebdige) وردە فەرهەنگەکان بیچمێکی بێژەرن کە گرژیی بنەڕەتیی نێوان باڵادەستان و ژێردەستان دەخەنە ڕوو. وردەفەرهەنگەکان لە ڕێگەی شێوازە جیاوازەکان، شوناسی جیاواز پیشان دەدەن و لە

ئاست دیسپلینی کۆمەڵایەتیی زاڵ نارەزایەتی دەردەبڕن و بە چەلێنجی دەکێشن. بە پێی ئەم تیۆرییە دەتوانین بەڵگە بهێنینەوە کە هەڵبژاردنی هاوماڵی و پێشێلکردنی نۆرمەکانی فەرهەنگ و کەلتووری فەرمی و نەریتی لە لایەن تاقمێک لە گەنجانەوە لە ڕاستیدا دەتوانێ جۆرێ خۆڕاگری لە هەمبەر نۆرم و فرهەنگی فەرمیی زاڵ بێت.

لە چوارچێوەی بنەما ئاینییەکان، دۆرکێیم ئایین لەگەڵ شوناسی گشتیی ناوەندەکانی کۆمەڵگا بە هاوپەیوەست دەزانێ و بە پێی جیاوازیی نێوان پیرۆز و ناپیرۆز پێناسەی دەکات. بە پێی بەڵگەی ئەو لە فەرهەنگە بچووک و نەریتییەکاندا هەموو دیوەکانی ژیانی لە ژێر کاریگەریی ئاییندایە. دروشمە ئایینییەکان هەم دەبێتە هۆی دەرکەوتنی بیر و وتەزا هزرییە نوێکان و هەم بەهاکان پتەو دەکا و دەیچەسپێنێت. ئایین شێوازی بیرکردنەوەی ئەندامانی کەلتوورە نەریتییەکان دیاری دەکات. بەم پێیە هەرچی تاکەکان ئایینپەروەرتر بن، چاوەڕوان دەکرێ بە هۆی هاوپەیوەندیی گرووپیی زیاتر و هەستی یەکپارچەیی، هۆگری بۆ وازهێنان لە بەها فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا لەواندا کەمتر ببێتەوە. لەم ڕوانگەوە دەتوانین هۆگریی بۆ هاوماڵی گرێ بدەینەوە بە هۆگریی ئایینیی کەمتری تاکەکان و بۆمان دەربکەوێ ئەم دیاردە لە کۆمەڵگە و شارە گەورەکان زیاتر بوونی هەیە.

بە پێی تیۆریی کۆنترۆڵ، تاکەکان بە شێوەی سروشتی هۆگری وازهێنان لە نۆرمەکانن. نۆرمبەزێنی ئەوەندەی بە هۆی نەبوونی ئاستەنگە بە هۆی وزە بزوێنەرەکانی نانۆرمی نییە. لە دەرچەی ئەم تیۆرییەوە دەتوانین هۆکاری هاوماڵیی گەنجان بگەڕێنینەوە بۆ کۆنترۆڵی لاوازی دایک و باوک و سستبوونی ڕۆڵی چاودێریی دایک و باوک و کۆمەڵگا کە یەکێک لە هۆکارە جیدییەکانی دوورکەوتنەوەی منداڵان لە ژینگەی بنەماڵە بە نیازی درێژەدان بە خوێندن یان دۆزینەوەی هەلی کارە. لەم حاڵەتەدا کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە لایەن دایک و باوک بە سەر منداڵەکانیان کەم دەبێتەوە.

هەندێ تیۆریسییەنی وەکوو مەک لۆهان لە بواری

تەکنەلۆژیادا وتوویانە کە کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا لە سەر ئاستی تیۆری و گریمانە ڕوو نادا، بەڵکوو ئەوان بەردەوام و بە بێ هیچ خۆڕاگرییەک ڕێژەکانی نێوان هەست یان سەرچەشنی وێنا زەینییەکانی ئێمە دەگۆڕن. بە واتایەکی دیکە، بە بۆچوونی ئەو گرینگترین کاریگەریی میدیا گشتییەکان لەوەدایە کە کاریگەری لە سەر وێنا و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی ئێمە دادەنێن و لە هەموو گرینگتر ئەوەیە کە شێوازی ژیانی نەریتی و باوی کۆمەڵگا بە ململانێ دەکێشن و وەک هێمای دواکەوتوویی پیشانی دەدەن. میدیا بینایی و بیساییەکان بە پیشاندانی شێوازی ژیانی چینی باڵا و مامناوەندی ئەورووپایی و ئەمریکایی وەک شێوازێکی ژیانی نۆرمدارانە دەبنە هۆی ئەوەی کە بینەرانی بێبەش بە بەراوردکردنی ژیانی خۆیان لەگەڵ ئەوان تووڕە و ناکام بن و هان بدرێن کە بە هەر چۆنێک بێ خۆیان لە "خەونی شێوازی ژیانی خۆشبژێوانانە" بەشدار بکەن.

ئۆڵسۆن لە چوارچێوەی تیۆریی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی دیاردەی هاوماڵی پیشان داوە و هەموو جۆرەکانی هاوماڵی و هۆکارەکانی هۆگری بۆ ئەم شێوازی ژیانەی بەم شێوە ڕوون کردۆتەوە:

پەتانیی پاراستنی: ئەم چەشنە پەیوەندییە ئەو کاتە ڕوو دەدا کە هاوبەشێک زۆر گیرۆدە یان نەپارێزراو بێت. کەسانی نەپارێزراو هەمیشە لەوەی کە هاوبەش یان هاوسەرەکەیان بە جێیان بێڵێ و لەگەڵ کەسێکی دیکە پەیوەندیی عاشقانەی هەبێ هەست بە نیگەرانی دەکەن. کەواتە، هاوسەرگیری بۆ ئەوان زۆر نیگەرانکەرەوەیە و هیواداربوون بە پابەندیی هاوسەر بۆ ئەوان هیوایەکی ئازاربەخشە. هەر بۆیە بە هەڵبژاردنی پەیوەندیی هاوماڵی و گیرۆدەنەبوون بە پابەندی و درێژەدان بە پەیوەندی، خۆیان لەم ئازار و دڵخۆشییە وێرانکەرە ڕزگار دەکەن.

ڕزگاری: هەندێ کەس وەک شێوازێک بۆ ڕزگاربوون لە بەهاکان و دەسەڵاتی دایک و باوک پێکەوە ژیان هەڵدەبژێرن.

تاقیکردنەوە: هەندێ خەڵک وەک بەستێنی تاقیکارییەکی

ڕاستەقینە سەیری پێکەوەژیان دەکەن، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ئەم شێوازی ژیانە بە شێوەی جیدی لایەنەکان بۆ هاوسەرگیری تێوە ناگلێنێ و بۆ هاوسەرگیری بە شێوەی پێویست ئامادەیان ناکات.

بە شێوەی گشتی، لە بۆچیەتیی پەیوەندییە هاوماڵییەکان لە ئێران دەتوانین ئاماژە بە هەندێ فاکتەری وەکوو گۆڕانکارییە ئابوورییەکان، هاتنی سەرمایەداری و نەبوونی ئاسایشی پیشە، لیبرالیزمی ئەخلاقی و دووبارەئەندێشیی نەریت، هاتنی توخمی نوێسازی و بێناونیشانیی شاری، نەمانی چەمک و کاردای گەڕەک، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی بنەماڵە و دەرکەوتنی پەیوەندییە کاتییەکان بکەین.

لە ڕوونکردنەوەی یاسایی هاوسەرگیریی سپیدا دەقە یاساییەکان بە پێی فیقهی ئیسلامی بۆ پەیوەندییە ناشەرعییەکان ڕێک دەخرێن و جێبەجێ دەکرێن. لە هاوسەرگیرییەکدا کە ژن و پیاوێک بە شێوەی ئەنقەست بە بێ هیچ چەشنە دەروەستییەکی شەرعی و تۆمارکردنی یاسایی مل بەم پەیوەندییە دەدەن، ئەم چەشنە پەیوەندییە بە ناشەرعی، ناعورفی و نایاسایی دێتە هەژمار و لە بنەڕەتەوە ناتوانین ئەم بنیاتە بە هاوسەرگیری بزانین و ئەمە پەیوەندییەکی ناشەرعییە کە یاسا هیچ پشتیوانییەک لەو هاوسەرگیرییە و منداڵی لێ بەرهەمهاتووی ناکات. یاسای مەدەنی هاوسەرگیری بۆ سەر دوو دەستەی هەمیشەیی و کاتی (قۆناغی، سیغە) دابەش دەکا و ئاسەواری جیاواز بۆ ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە قەڵەم دەدات.

لە سیستەمی یاسایی و فیقهیدا هاوسەرگیریی سپی نە تەنیا لە ڕووی یاساییەوە شەرعییەت و ڕەوای نییە بەڵکوو لە ئەگەری دەستکەوتوویی، سزای لێ دەکەوێتەوە.

مادەی 645ی یاسای سزای ئیسلامی دەڵێ: پیاوێک کە بە بێ تۆمارکردن هاوسەرگیری بکا، سزای زیندانی هەتا یەک ساڵی بۆ ڕچاو کراوە. گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە ئەم سزایەی کردووە بە سزای نەختی (20 بۆ 100 ملیۆن ڕیاڵ). ئەم برە سزا زۆرە دەتوانێ تایبەتمەندیی ڕێگرانەش لە خۆ بگرێ؛ بەڵام بێگومان سزای بەندکران لە سزای نەختی زیاترە و بە

پێی ڕاشکاویی دەقەکانی مادەی 645ـی یاسای سزای ئیسلامی، تۆمارنەکرانی هاوسەرگیری بۆ ئافرەت تاوان نییە.

بە پێی مادەی 20ـــــی یاسـای نوێی پشـتیوانی لە بنەماڵە، پەســـەندکراوی 91/12/1، تۆمارکردنی نیکاحی هەمیشـــەیی ناچارییە بەڵام یاســـادانەر تۆماری نیکاحی کاتی بە ناچاری نازانێت. بە پێی مادەی 21ــی ئەم یاسایە، تۆمارکردنی نیکاحی کـاتی تـەنیـا لـە حـاڵـەتگـەلی وەکوو دووگیـانبوونی ژن، ڕێککـەوتنی لایـەنـەکـان و وتنی مـەرج لـە کـاتی مـارە بڕین پێویستە.

لە بەشـی هەژدەهەمی یاسـای سـزای ئیسـلامی سـەبارەت بە باسـی تاوانی دژی داوێنپاکی و ئەخلاقی گشتی، لە مادەی 637 هاتووە: "هـەر کات ژن و پیاوێـک کە لـە نێوانیانـدا پـەیوەنـدیی ژن و مێردی لـە ئـارادا نـەبێ، پـەیوەنـدیی نـاشـــەرعی یـان کردەوەیەکی داوێنپیسـانەی جگە لە زینا وەکوو ماچ کردن[1] یان هاوسەرین[2]"ـــیان لێ بووەشێتەوە، 99 قەمچی سزا دەدرێن و ئەگەر کردەوە بە زۆرەملی و نابەدڵانە بێ تەنیا زۆردار ســزا دەدرێت."

هەروەها لە مادەی 225ـــــی یاســای ســزای ئیســلامی، پەســـەندکراوی 1392/2/1ی هەتاوی هاتووە: "حەدی زینا بۆ زیناکاری ژندار و مێرداربـەردبارانـە. ئـەگـەر جێبەجێکردنی بەردباران نەرەخسـا لە سـەر پێشـنیاری دادگای فەرماندەری فەرمانی لێبڕاوە و ڕەزامەندیی ســەرۆکی دەزگای داد، ئەگەر تـاوان بـە بـەڵگـەی ڕوون ســـەلمێنرا بێ، ئـەوە دەبێتـە هۆی لـە سـێدارەدانی پیاوی زیناکاری ژندار و ژنی زیناکاری مێرددار[3] و بەدەر لەم حاڵەتە سـزا بۆ هەر کامیان سـەد قەمچییە" و ئەمە لە مادەی 230 هەمان یاسـا هاتووە: "حەدی زینا لەو حاڵەتانەی کە تاوانبار بێژن[4] بێ، سەد قەمچییە."

بە گوێرەی مادەی 884ـــــی یاسای مەدەنی، منداڵی زۆڵ لە

---

1 . تقبیل
2. مضاجعه
3. هاوسەردار
4. سەڵت

باوک و دایک و خزمان هیچ بە میرات نابا؛ بەڵام ئەگەر ڕێز و حورمەتی ئەو پەیوەندییەی کە منداڵەکەی لێ بەرهەم هاتووە بە بەراورد لەگەڵ یەکێک لە لایەنەکان (باوک و دایک) بسەلمێندرێ و بە بەراوردی ئەوی دیکەیان گومانی زینا و دوورەپەرێزی لە سەر بێ، منداڵ تەنیا لە لایەکیان و لە خزمانی ئەو لایەنەیان میرات دەبا و بە پێچەوانەوە.

وەک ئاشکرایە لە ڕوانگەی یاساییەوە، ژن و مێردێک کە بە بێ هاوسەرگیریی یاسایی (هاوسەرگیریی هەمیشەیی یان هاوسەرگیریی کاتی) پێکەوە ژیان دەکەن بە هۆی تۆمارنەکردنی یاسایی، پەیوەندییەکە ناشەرعانە و زینایە و بە دواداچوونی یاسایی و سزای بە دواوەیە و ئەگەر منداڵیان ببێ لە میرات بێبەش دەبێت.

یەکێک لەو حاڵەتانەی کە وەک پێکەوەبوون سەیر دەکرێ پرسی نیکاحی مۆعاتاتییە. نیکاحی مۆعاتاتی هاوسەرگیرییەکە کە بە مەبەستی پێکهێنانی بنەماڵە و مافی چێژبردن و پەیوەندیی سێکسی لە نێوان ژن و مێرد ساز دەبێت؛ بەڵام پێویستی[1] و قبووڵکردنی[2] بێژەیی تێدا نییە و لەوانەیە هەر دوو لە سەر برەمارەیی، نەفەقە و دیکەی مافەکانی نێوان لایەنەکان ڕێک بکەون. بە گوێرەی مادەی 193ی یاسای مەدەنی، "لەو حاڵەتانەی کە یاسا جیاکاری کردبێ" مۆعاتاتی دروستە. بۆ وێنە یەکێک لە حاڵەتە ئاوارتە و جیاکراوەکان مارە بڕینە. لە مادەی 1062ی ئەم یاسایە هاتووە: "نیکاح جێبەجێ دەبێ بە پێویستی و قبووڵکردن بەو بێژانەی کە ڕاشکاوانە جەخت لە سەر نیازی هاوسەرگیری دەکات." واتە دەبێ لە سۆنگەی یاساییەوە بڕیاری مارە برین بووترێ و پێویستی و قبووڵکردن دەبێ بێژەیی بێ مەگەر لە حاڵەتی لاوازی لە وتندا.

نەدانی مۆڵەتی نیکاحی مۆعاتاتی بە باوەڕی زۆرینەی فەقێکانی شیعە وەکوو موحەقیق بوحرانی، مورتەزا ئەنساری، ڕووحوڵا خومەینی و مەکارم شیرازی لە لایەن زانایانی شیعە

1. ایجاب
2. قبول

و ئەهلی سوننە کۆدەنگی لە سەر کراوە. ئایینزاکانی شافیعی، مالکی، حەنبەلی و حەنەفی هەر هەموویان بڕیاری پێویستکردن و قبووڵکردن بە مەرجی مارە بڕینی نیکاح دەزانن.

لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ لە فەقێکانی وەکوو سادقی تارانی تیۆریی دروستیی نیکاحی مۆعاتاتییان هێنایە ئاراوە، بۆ وێنە: "مارەیی یان گرێبەستی هاوسەرگیری بە هەر زمانێک بێ دروستە و ئەگەریش بە بێ بێژە تایبەتەکەی کە "انکحت" یان "مارەم کرد" بێ، ئەگەر ڕەوتێک لە نێوان ژن و پیاو ئەنجام بدرێ، چی بە نووسین یان وتن یان ئاماژە یان بە هەر چەشنێکی دیکە کە بە ڕوونی باس لە سەر ئەنجامدانی هاوسەرگیری بکا تەواوە، ئەگەر دانانی پێڵاو لە سەر پێڵاو یان بە یەکتر فەرمووکردنی شیرینی یان هەر ئاماژە و کردەوەیەکی دیکە ئەنجام بدرێ کە لە عورفیاندا هێمای ئەنجامدانی هاوسەرگیرییە، هەموو ئەمانە تەواوە و ئیتر پێویست بە مارەکردنی چی بە عەرەبی و چی بە زمانێکی دیکە ناکات. مەبەست زیاتر ئەوەیە کە ڕوون ببێتەوە چیرۆکی دۆستبازی و زینا لە ئارادا نییە، بەڵکوو ئامانج سێکس و پێکهێنانی ژیانی نوێیە، چی هەمیشەییەکەی و چی کاتییەکەی (سیدی و نظری، 1390).

فەقێ بەناوبانگەکان بێژەییبوونی پێویست و قبووڵکردن بە مەرجی مارە بڕینی نیکاح دەزانن و پێیان وایە نیکاحی مۆعاتاتی هەڵوەشاوەیە، بەڵکوو لەم بارەوە ئیدەعای کۆدەنگی کراوە. یاسای مەدەنیش جەخت لە سەر بێژەییبوونی پێویستی و قبووڵکردن لە مارە بڕینی نیکاح دەکاتەوە. خوالێخۆشبوو ئایەتوڵا بەهجەت لە وڵامی پرسیارێک لە بارەی نیکاحی مۆعاتاتی دەڵێ: "مۆعاتات بۆ نیکاح نییە". مەکارم شیرازیش لەم بارەوە وتوویەتی: "شتێکمان بە ناوی هاوسەرگیریی مۆعاتاتی نییە و وەها هاوسەرگیرییەک پووچەڵە" و خامنەیش لەم بارەوە وتوویە: "ڕەوا نییە" (مجموعە آرای فقهی در امور حقوقی: 1382، ب 1، 71).

بە پێی دانپێدانانی ئەو کەسانەی کە بە هاوسەرگیریی سپی بوونەتە هاوماڵ، زۆریان ئەم پێکەوەبوونە بە هاوسەرێتی نازانن بەڵکوو بە قۆناغی ئاشنایی زیاتر بۆ هاوسەرگیری لە داهاتوو و یان هاوماڵی بۆ ڕزگاربوون لە کێشە ئابووری و دەروونی و ... سەیری دەکەن. کەواتە ئەم کەسانە نە باوەڕیان بە هاوسەرگیریی شەرعییە و نە مەرجەکانی نیکاحی مۆعاتاتییان قبووڵ کردووە، بەڵکوو تەنانەت ئەگەر خوازیاری ژیانی هاوبەش بە پێی ئایینی ئیسلام بن، بۆ ئاشنایی یان بە هۆی هەر چەشنە سنووردارییەکی دیکەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی، لانیکەم دەتوانن هاوسەرگیریی کاتی بکەن. هەروەها ئەوەی کە لە هاوسەرگیری بۆ کچان بوونی هەیە ئیزنی باوک پێویستە؛ لە حاڵێکدا لە زۆربەی ئەم پێکەوەبوونانەدا تەنانەت بنەماڵە لەم بابەتە ئاگادار نین یان بە بێ ئاگاداریی باوکەکانیان ئەم ژیانانەیان دەست پێ کردووە. هەروەها هەندێ لەم کەسانە لەگەڵ دەستپێکردنی ژیان هیچ پابەندییەک لە ئاست یەکتر قبووڵ ناکەن و بەتایبەت پیاوان کە بە پێی وانەکانی ئیسلام سەرپەرشتن و ئەرکی دابینکردنی نەفەقەی ژن و منداڵیان لە ئەستۆیە بە هاوسەرگیریی سپی هەموو ئەم ئەرکانە لە سەر شانی خۆیان دەکەنەوە. زۆریان باوەڕیان بە تەڵاقی شەرعی و یاسایی نییە و بە بێ گرینگیدان بە حوکمە ئیسلامییەکان کۆتایی بە ژیانە هاوبەشەکەیان دێنن و لە سەر شێوازی تەڵاقی شەرعی، وتنی بێژەکان لە تەڵاق، بوونی شایەت بە سەر ئەم دابڕانە و تەنانەت ڕاگرتنی عەدە بۆ ژن پاش جیابوونەوە لە هاوسەر، پێداگر نین.

بە پێی ئەم بەڵگە دەتوانین بڵێین هاوسەرگیریی سپی لەگەڵ نیکاحی مۆعاتاتی لە شەرعدا یەک ناگرێتەوە و مەرجەکانی هاوسەرگیری، ئیزنی باوک، تەڵاقی شەرعی، عەدە و ... تێیدا ڕەچاو ناکرێ و لە هەموو گرینگتر لە هەموو مارەبڕینەکاندا، ئامانجی مرۆڤەکان لە بناغەی پێویستەکانە؛ بەڵام لە هاوسەرگیریی سپیدا لە زۆرێک لە حاڵەتەکان، لایەنەکان ئامانجی هاوسەرێتییان نییە و ئەگەر ئامانجی هاوسەرێتیشیان هەبێ بە هۆی ڕەچاونەکردنی بنەماکانی هاوسەرێتی و تەڵاقی

شـــــەرعی، ژیانی هاوبەشـــیان وەکوو ژیانی زۆرێـک لـە مرۆڤەکانی ڕۆژاوا، تەنیا جۆرێک پێکەوەبوونە و ناچێتە ژێر ڕکێفی هاوسەرێتیی ئایینییەوە.

بە پێی بنەما تیۆری و فیقهی و یاسـاییەکانی هاوسـەرگیریی کاتی و ئەندازەگرتن و دیمانە لە مەیدانی لێکۆڵینەوە و شیکاریی ورد و تویکارانەی داتا کۆکراوەکان، مۆدێلێکی شـــیکاریی بۆ ڕوونکردنەوەی هاوسەرگیریی سپی لە سەر ئاستی هەر سێ کەلێنشاری تاران، مەشهەد و ئیسفەهان وەدەست دەهات:




وەک دەبینرێ پرسی تەوەریی هاوسەرگیریی سپی لە ئێران گۆڕانی ئەو بەها و نۆرمانەیە کە لە شـــێوازی ژیانی گەنجانی ئێرانیدا بوونی هەیە کە دیاردەی هاوماڵی لە ناو دڵی ئەم گۆڕانکارییە بەها و نۆرمانەدا ســـەری هەڵداوە. گرینگترین دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی سپی لە ئێران بە پێی ڕاپۆرت و دیمانەی ورد لەگەڵ ئەو هاوســـەرانەی کە ئەزموونی پێکەوەبوونیان هەبوو بریتی بوو لە لاوازیی ئابووری بۆ

هاوسەرگیری، کەمبوونەوەی کلیشە ڕەگەزێتییەکان، ئازادیی هەڵبژاردن، ناهۆگری بۆ هاوسەرگیریی فەرمی. ئەم فاکتەرانە لە ڕۆژاواش بە ئاشکرا دەبینرێت. لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە ئەمریکا هۆکاری هاوسەرگیریی سپی، ئازادی و ئاسوودەیی زیاتری تاکەکان و ناهۆگری بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی بوو (Galena et al, 2009). بە پێچەوانەی ڕۆژاوا کە لە ڕووی عورفی و یاساییەوە ئەم دیاردەیان بە یاسایی کردووە، هەتا ئێستا لە ئێراندا ئەم بابەتە ڕووی نەداوە و ئەمە دەرهاویشتەگەلی وەکوو تاراندنی کۆمەڵایەتی، نەبوونی پشتیوان و ترس لە بەدواداچوونی لێ کەوتۆتەوە.

## 3-4. خستنە ڕووی پێشنیار و ڕێکارەکان

ڕەتکردنەوەی وتەزای هاوسەرگیریی سپی نکۆڵیکردن لە ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بە ئاوڕدانەوە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران، پێکەوەبوون یان هاوسەرگیریی سپی ڕووی لە پەرەسەندنە. ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە چوارچێوەی سنوورێکی تایبەتیدا ڕوو دەدا و کار بە دەستانی یاسایی و ئاسایش هەر وا بە ئاسانی ناتوانن بیدۆزنەوە. بە پێی شوناسی پەنامەکیبوونی هاوسەرگیریی سپی، نکۆڵی لێکردنی لە لایەن بەرپرسان و تابۆبوونی بابەتەکە، ئەم دیاردە لە سێبەردا پەرە دەستێنێ و ئەگەر بە وردی نەناسرێ و ڕێک نەخرێ دەتوانێ لێکەوتەی قەرەبوونەکراوی بەتایبەت بۆ ئافرەتان لێ بکەوێتەوە. کەواتە لە پێناو کەمکردنەوەی ئاسەوارە نەخوازراوەکانی هاوسەرگیریی سپی و هەروەها ڕێکخستنی ئەم دیاردە ئەم ڕێکارانەی ژێرەوە خراوەتە ڕوو:



وێنەی 24. سیاوەش شەهریوەر، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی پارێزگاریی تاران لە ناوەڕاستی هاوینی ساڵی 1393ی هەتاوی لە گەڵاڵەی "اعتلای خانواده پایدار" (بەرزکردنەوەی ئاستی بنەماڵەی سەقامگیر) لە فەرمانی کاری دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هاوسەرگیریی سپی هەواڵی دا.

- ناسینی گشتگیری ڕەهەند، هۆکار و لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی سپی لە ئێران لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی ئایینی و پسپۆڕی

گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی چالاک و ئەکتیف پێویستی بە ناسینی خەسارەتەکان، گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها لێکدانەوەی ڕێکارەکان و دەرکردنی بڕیارێکی کارناسانە و کاریگەرە. تەرخانکردنی بووجەی لێکۆڵینەوەیی، سەرنجدانی زیاتری مامۆستایان و ڕاوێژکارانی زانکۆیی و خوێندکارانی بواری زانستە کردەییەکان لە چوارچێوەی تێز و وتار، نووسینی کتێب و ئەنجامدانی کاری مەیدانیی بەردەوام لە لایەن نووسەران و چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ناسینی ورد و هەمەلایەنەی هاوسەرگیریی سپی و خەسارەتناسیی ئەم دیاردە و خستنە ڕووی پێشنیاری گونجاو بۆ جەماوەر بە پێی شوناسی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای لە حاڵی تێپەڕین دەتوانێ بۆ ناسینی وردی ئەم دیاردە ڕێکارێکی شیاو بێت. مەخابن زانکۆ لە کۆمەڵگا جیا بووەتەوە و ئەو شوناسە زانستییەی چۆتە ژێر پرسیار. بابەتی دووپاتکراو و تێزی

پارەیی و تایەکاری ناتوانن لە ناسینی خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان دەوریان هەبێ و بە پێداچوونە بە سیاسەتە زانکۆییەکان، بەتایبەت لە بواری توێژینەوە، دەتوانین ڕێگری لە بەرهەمهێنانی لێکۆڵینەوەی لاواز و بێ کاردا و ناپڕۆفیشناڵ و ناستاندارد و بەکارنەهاتوو لە کتێبخانەکان بگرین.

- قبووڵکردنی دیاردەی هاوسەرگیریی سپی و ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی لە ئێران

بە هۆی شوناسی نائایینی و تابۆبوونی بابەتی هاوسەرگیریی سپی، "نکۆڵی" تاکە ڕێگە چارەیەکە کە هەتا ئەوڕۆ لە لایەن بەرپرسانەوە بینراوە. ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی هەندێ بابەت بڵاو کراوەتەوە و لە بەرنامە ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنییەکانیشدا بڵاو بۆتەوە. یەکێ لە بەرپرسانی دەوڵەتیی کاروباری گەنجان لە ئێران دەڵێ هاوسەرگیریی سپی لە ئێراندا بوونی نییە. مەحموود گوڵزاری، جێگری کاروباری گەنجانی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ساڵی 1393ی هەتاوی، لە دیمانە لەگەڵ هەواڵدەریی فارس[1] وتوویەتی کە لە کۆمەڵگای ئێراندا هاوسەرگیریی سپی بوونی نییە. ناوبراو هاوسەرگیریی سپی بە دیاردەیەکی ڕۆژاوایی لە قەڵەم دا و وتی لەوانەیە هەندێ لە گەنجان بە لاساییکردنەوە لە وڵاتانی ڕۆژاوایی ئەم کارەیان کردبێ، بەڵام هێشتا ئەم بابەتە پشتڕاست نەکراوەتەوە؛ بەڵام ئەم وێنا هەڵە هەیە کە بە ددانناننان بە بوونی ئەم دیاردە، ئەم دیاردە زیاتر پەرە دەستێنێ، بەڵکوو بە جەسارەتەوە دەتوانین بڵێین لە ئەگەری قبووڵکردنی ئەم بابەتە و دەستپێکردنی کاری خەسارەتناسی و کارناسانەی سووچە ئاشکرا و شاراوەکانی هاوسەرگیریی سپی، دەتوانین ڕێگری لە خەسارەتە ئەگەرییەکانی بۆ سەر بنەماڵە و کۆمەڵگا بگرین.

- بیرکردنەوە لە ئامادەکاری یاسایی و ڕووماڵکردنی پشتیوانی

هەنگاوی دوایی بریتییە لە کەلتوورسازی و زانیاریگەیاندن

1. www.farsnews.com/news/13930910000357

لە پاش قبووڵکردن و خەسارەتناسی و خستنە ڕووی ڕێکاری کردەیی. زۆرێک لە کەسەکان لە دیمانەکاندا وتیان داب‌ونەریت و کەلتووری هاوسەرگیری لە ئێران (بڕەمارەیی قورس، شیربایی و ئاهەنگی هاوسەرگیریی گران، جیاز، ماڵی سەربەخۆ، کلیشە ڕەگەزییەکان و بەردەستگیربوون و سنووردارکردنی مافە تاکایەتییەکانی ژنان لە یاساکاندا بە ناوەڕۆکی مەرجەکانی گرێدراو بە مارەیی وەکوو مەرجی خوێندن، مەرجی کارکردن، مەرجی بریکاریی ژن بۆ دەرکردنی مۆڵەتی دەرچوون لە وڵات، مەرجی دابەشکردنی دارایی لە نێوان ژن و مێرد پاش جیابوونەوە، سەرپەرشتیی منداڵەکان پاش تەڵاق، مافی هەڵبژاردنی خانوبەرە، مافی تەڵاق و ...) دەبێتە هۆی ناهۆگری بۆ هاوسەرگیریی هەمیشەیی و هۆگربوون بۆ ڕووکردنە ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە. لە بەشی بەستێنسازیی کەلتووری، پەرەدان و بانگەشەکردن بۆ کەلتووری هاوسەرگیریی ئاسان لە ڕێگەی میدیا گشتییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییە نادەوڵەتییەکانەوە دەتوانین وەک ڕێکارێکی گونجاو سەیری بکەین کە لە ڕێگەی ئەوانەوە بنەماڵەکان ڕازی بکەین کە سەختگیری نەنوێنن و ئاسانکردنی بۆ هاوسەرگیریی گەنجان بکەن. ناوەندە دەوڵەتی و جێبەجێکارەکان بە بانگەشە و دابینکردنی هەلی هاوسەرگیریی ئاسان (داخوازێتی بۆ پێداچوونەوە بە یاساکانی پەیوەست بە هاوسەرگیری)، تەرخانکردنی قەرزی زیاتر بۆ هاوسەرگیری، قەرزی خانوبەرە و هەلی کار دەتوانن لەم بوارەدا دەورێکی کاریگەریان هەبێت.

- پێداچوونەوە بە یاساکانی پەیوەست بە هاوسەرگیریی سپی بە پێداگریکردن لە سەر پشتیوانی دەزگای داد لە ژنان و منداڵان

لە کۆمەڵگای ئێران بە هۆی ناشەرعیبوون و بە پێداگریکردن لە سەر مادەی 10ی یاسای بنەڕەتی لە سەر ئاسانبوونی هاوسەرگیریی ئەخلاقی و ئیسلامی، هاوسەرگیریی سپی بە تاوان زانراوە. هەر بۆیە ئەو

هاوسەرانەی کە هاوسەرگیریی سپییان دەستنیشان کردووە لە ژێر ناوی پەیوەندیی ناشەرعی و تۆمارنەکردنی هاوسەرگیری، سزای زیندان و قەمچی و سزای نەختی چاوەڕێیان دەکات. ئەگەرچی ئەم سزایە ناچێتە بواری جێبەجێ کردن و دەسەڵات بە جۆرێ تابشتی دێنێت، مافی نەفەقە، میرات، سەرپەرشتی منداڵان و ... بۆ ئەم هاوسەرانە پێناسە نەکراوە و لەم نێوانەدا ئەگەر منداڵێک لەدایک ببێ، بە گوێرەی مادەی 884ی یاسای مەدەنی وەک منداڵی زینا دێتە هەژمار و لە میرات بێبەشە. پێویستە لێرەدا ئاماژە بە دوو خاڵ بکرێت: لە هیچ بەشێکی قورئان ئاماژە بەمە نەکراوە و تەنیا ژنان و پیاوانی زیناکار سەرکۆنە و لە هەندێ لە مافە کۆمەڵایەتییەکان بێبەش کراون. لە یاسای ئێراندا منداڵی زینا بۆی هەیە ناسنامە وەربگرێ و ئەو کاتەی کە ناسنامە وەدەست دێنێ وەک هاوڵاتییەک لە قەڵەم دەدرێ و لە مافەکانی هاوڵاتی سوودمەند دەبێت. لە لایەکی تریشەوە لە بڕگەی بیستەمی یاسای بنەڕەتی، هەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بە ژن و پیاوەوە بە شێوەی یەکسان لە پشتیوانیی یاسا سوودمەندن و لە هەموو مافە مرۆیی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی ئیسلام سوودمەندن. منداڵی لەدایکبووی پەیوەندیی سێکسیی ناشەرعیش دەبێ وەکوو هاوڵاتییەکی ئێرانی لە پشتیوانیی یاسایی و داد وەکوو نەفەقە و مافی میرات سوودمەند بێت. لە لایەکی تریشەوە ئێران ئەندامی کۆنوانسیۆنی نێودەوڵەتیی مافەکانی منداڵە و لەم ماوەدا گەڵاڵەی پشتیوانیی لە منداڵانی لە پاڕلەمان پەسەند کردووە و بە بێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێک دەبێ مافەکانی منداڵان ڕەچاو بکات. کەواتە بێبەشبوونی منداڵی زینا دژی یاسای بنەڕەتی و یاسا نێودەوڵەتییەکانە و دەبێ بە شێوەی بنەڕەتی پێداچوونەوە بەم بوارەشدا بکرێتەوە. لێرەدا دوو بۆشایی لە ئارادایە: لە هاوسەرگیریی سپیدا لە ئەگەری دەرکەوتنی تاوان لە دژی یەکێک لە هاوسەرەکان کە (زیاتر دژی ئافرەتانە) وەکوو توندوتیژیی خێزانی کە لەم توێژینەوەشدا هەندێ حاڵەتی لێ بەدی کرا یاسا چی بەرنامەیەکی هەیە؟ ئەگەر ژن ڕووبەڕووی

ئەشکەنجە و ئازار و توندوتیژی، دزینی دارایی و ... ببێتەوە، ئایا دەبێ بە هۆی ترس لە سزای قەمچی بەرامبەر بەو توندوتیژییەی کە ڕووبەڕووی بۆتەوە بێدەنگی هەڵبژێرێت؟! هاوسەرگیریی سپی لە بەستێنێکی نهێنییانەدا ئەنجام دەدرێت. لە مادەکانی 22، 23، 25ی یاسای بنەڕەتیش هەر چەشنە بەزاندنی سنووری تایبەتیی کەسەکەکان قەدەغە کراوە. کەواتە سیخوڕی و بەزاندنی سنوور لە ڕوانگەی یاساییەوە شیاو نییە و نموونەی بەزاندنی یاسا و بنەماکانی یاسای بنەڕەتییە. بەو پێیەی کە هاوسەرگیریی سپی لە بەستێنی سنوورێکی تایبەتی و نهێنیدا ڕوو دەدا، شایەتحاڵی نییە و نائاشکرایە، کەواتە بە پێی مادەکانی سنووری تایبەتی و بڕگەی شەشەمی جاڕنامەی هەشت مادەیی مافەکانی هاووڵاتی ناتوانرێ بە دواداچوونی یاسایی بۆ بکرێت. کەواتە ژنان یان ئەو کەسانەی کە کەڵکاوەژووییان لێ دەکرێ بە بێ گوێدانە ڕووداوەکانی سنووری تایبەتی دەبێ پشتیوانی یاساییان لێ بکرێت.

- کارخولقێنی، کار و ئاسانکردنی بارودۆخی ئابووری لە لایەن دەوڵەت و کەرتی تایبەتەوە

ئەو ئاپۆرە زۆرە خاوەن بڕوانامە بێکار و سەڵتانەی کە بە نیازی کار بەرەو کەڵێنشارەکان کۆچ دەکەن بۆ ئەوەی لە کەرتە ناپسپۆڕەکان و ناهاوئاهەنگ لەگەڵ بواری خوێندنیاندا ئیشێک دەست بخەن، لەوانەن کە ڕوو دەکەنە هاوسەرگیریی سپی. لەم بوارەدا ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان و کەرتی تایبەت دەبێ بە هاوکاریی یەکتر ئاسایشی کار دروست بکەن. پێداچوونەوە بە سیاسەتە هەڵەکانی ناوەندگەرێتی، کارخولقێنی و دروستکردنی هەلی کاری هاوئاهەنگ لەگەڵ بواری خوێندن لەو شارانەی کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم کەسانەیە دەتوانێ لەم بوارەدا فاکتەرێکی گرینگ بێت. هەروەها سیستەمی بانکی بە پێدانی قەرزی خانوبەرە، زۆرکردنی قەرزی هاوسەرگیری، قەرزی ڕاگرتنی منداڵ بە شێوەی قەرزولحەسەنە و پاژی درێژماوە دەتوانێ لەم بوارەدا دەورێکی کاریگەر بگێڕێت. چالاکڤانانی کەرتی تایبەت بە هاوکاریی دەوڵەت دەتوانن لە شارەکاندا بە دروستکردنی یەکەی بەرهەمهێنان و پشتیوانی لە کاری

گەنجان بەشێک لە بێکاریی گەنجان چارەسەر بکەن. خێرخوازان لە شارە جیاوازەکان دەبێ سەرنجێکی زێدەتر بپرژێننە سەر باسی کارخولقێنی و بە هاوکاریی دەوڵەت و چالاکڤانانی ئابووری لقی سێیەمی ئەم بەرە پێک بێنن و لە بواری کارخولقێنی دەورێکی تۆخ و بەرچاویان هەبێت. کەواتە کارخولقێنی لە شوێنی ژیانی گەنجان و پشتیوانیی ئابووری وەکوو خانوبەرە، تێچووی منداڵ و ... دەتوانێ بەشێک لە پەرۆشییە ئابوورییەکانی گەنجان بڕەوێنێتەوە.

- پشتیوانیی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان و ئەنجومەنەکانی مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی پێدانی ڕاوێژی تەندروستی و پەروەردەیی و ڕێگری لە لێکەوتە و زیانە تاکایەتی و کۆمەڵایەتییەکان

تووشبووانی نەخۆشییەکانی وەکوو ئایدز و گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر سەرەڕای بە تاوانزانین و بە دواداچوونی یاسایی، لە ڕێگەی هەندێ لە ڕێکخراوەکانی وەکوو بێهزیستی (چاکژیانەوە)، شارەوانی و ئەنجومەنە خۆبەخشە نادەوڵەتییەکان و کەمپەکانی وازهێنان لە مادەی هۆشبەر پشتیوانیان لێ دەکرێت. هەتا هەنووکە بە ڕاهێنانی تەندروستی و ڕاوێژکاریی ئەم ڕێکخراوانە هەنگاوێکی کاریگەر بۆ دابەزاندنی ڕێژەی خەسارەت و لێکەوتە نەرێنییەکانی هاوێژراوە. بمانهەوێ و نەمانهەوێ ئەم شێوازی ژیانە لە لایەن هەندێ لە گەنجانی وڵاتەوە پێشوازی لێ کراوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەسەندندایە. هەندێ نەخۆشیی نزیکی وەکوو ئایدز، دووگیانبوونی نەخوازراو و توندوتیژی دژی ئافرەتان لەم پەیوەندییانەدا بەدی دەکرێن کە بە هۆی ئەوەی سزا دژ بە پەیوەندییە هاوماڵییەکان دانراوە ئەم ئافرەتانە جەسارەتی بە دواداچوونی یاساییان نییە. لە لایەکی تریشەوە بە هۆی قبووڵنەکرانی ئەم چەشنە پەیوەندییانە لە لایەن بنەماڵەکانەوە، هاوسەرە هاوماڵەکان دەتارێنرێن کە ئەمە خەسارەتی دەروونناسی لێ دەکەوێتەوە. بە ئاوڕدانەوە لە ئەزموونگەلی وەکوو ئایدز و گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر، بۆ ڕێگری لە لەبارچوونی کۆرپەلە، تووشبوون بە نەخۆشیی نزیکی و

هەندێ خەسارەتی ڕۆحی و دەروونی و توندوتیژی، ژنان دەتوانن لە ڕێگەی ناوەندگەلی وەکوو ڕێکخراوی چاکژیانەوە و بنکەی تەندروستی و چارەسەر، شارەوانی و ئەنجومەنە یاساییەکانی پشتیوانی لە ژنان بە بێ ترس لە بەدوداچوونی یاسایی پشتیوانیی ڕاوێژکاری و تەندروستی وەربگرن، بە جۆرێک کە کەسەکان لە بە دواداچوونی یاسایی بۆ پەیوەندییە سێکسییەکانی خۆیان نەترسن.

# سەرچاوەکان


1. احمدی، امید علی (۱۳۸۹). باز تحلیل چالش‌های خانواده در زمینه تنگنا و تاخیر ازدواج در ایران، تهران: نشر راه دان .
2. ارمکی، تقی، شریفی، ساعی، محمد حسین، صالبی، سحر(۱۳۹۱). هم خانگی، پیدایش شکل‌های جدید خانواده در تهران، جامعه پژوهی فرهنگی، سال سوم، شماره اول، صص ۴۳-۷۷.
3. استرواس، آنسلم و کوربین، جولیت (۱۳۹۰). اصوا روش تحقیق کیفی؛ نظریه مبنایی، رویه‌ها و شیوه‌ها، ترجمه بیوک محمدی، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.
4. اعزازی، شهلا (۱۳۹۴)، جامعه شناسی خانواده با تاکید بر نقش، ساختار و کارکرد خانواده در دوران معاصر، تهران، روشنگران و مطالعات زنان.
5. افقی، نادر، صادقی، عباس (۱۳۸۸). مطالعه تطبیقی ارزش‌ها و هنجارها و رابطه آنها با آنومی؛ مطالعه موردی دانشجویان ساکن در خوابگاه های دانشگاه گیلان، فصلنامه تحقیقات فرهنگی، دوره 5، شماره ۴، صص ۶۵-۱۰۶.
6. امامی، اسدالله (۱۳۹۱). حقوق خانواده، انتشارات دانشگاه تهران، تهران.
7. انصاری، شیخ مرتضی (۱۳۷۷). کتاب النکاح، جلد سوم، کنگره بزرگداشت شیخ انصاری، قم.
8. اینگلهارت، رونالد (۱۳۸۲). تحول فرهنگی در جامعه پیشرفته صنعتی، ترجمه: مریم و تر، تهران: انتشارات کویر.
9. آیوت، پاملا و کلر، والاس (۱۳۸۰). جامعه شناسی زنان، ترجمة منیرة نجم عراقی، تهران: نی.
10. آزاد آرامکی، تقی، شریفی ساعی، محمد حسین، ایثاری، مریم و طالبی سحر (۱۳۹۰). سنخ شناسی الگوهای روابط جنسی پیش از ازدواج در ایران، فصلنامه جامعه پژوهی فرهنگی، دوره 3، شماره ۲، ص ۱-۳۴.
11. آزاد ارمکی، تقی (۱۳۸۶). جامعه شناسی خانواده ایرانی، تهران: انتشارات سمت.
12. آزاد ارمکی، تقی شریفی ساعی، محمد حسین؛ اینازی، مریم؛ و طالبی، سحر (۱۳۹۱). همخانگی پیدایش شکل های جدید خانواده در تهران؛ ست شناسی الگوهای روابط جنسی پیش از ازدواج در ایران. دو فصلنامه جامعه پژوهی فرهنگی، ۱۱۳)، ۴۳-۷۷.

13. آزاد ارمکی، تقی(۱۳۹۱). پیدایش شکل‌های جدید خانواده در تهران، مجله جامعه پژوهشی فرهنگی، شماره اول، ص ۴۳-۷۷.
14. پرادشا و، جان(۱۳۸۱). آفرینش عشق، ترجمه جواد شافعی مقدم و نیره ایجادی، تهران: نشر پیکان.
15. پستان نجفی، حسین (۱۳۸۹). اسلام و جامعه شناسی خانواده، قم: انتشارات سبحان.
16. پورنقاش تهرانی، سعید، تاشک، آناهیا (۱۳۴۸). بررسی و مقایسه انواع خشونت خانوادگی در زنان و مردان در تهران. مطالعات روانشناختی، دوره ۳، شماره ۳، ص ۲۳-۷.
17. ترنر، جاناتان (۱۳۷۳).ساخت نظریه جامعه شناختی، ترجمه عبد العلی لهسایی زاده، شیراز: انتشارت نوید.
18. جزئی، نسرین (۱۳۸۰). نگرشی بر تحلیل جنسیتی در ایران، تهران دانشگاه شهید بهشتی.
19. جهانی، سمانه (۱۳۹۱). «جامعه شناسی خانواده در قرآن کریم»، فصلنامه پژوهش های میان رشته ای قرآن کریم، دوره سوم، شماره ۱، ص ۸۱-۱۰۰.
20. حسینی، مهدی (۱۳۹۱). آموزش و مشاوره قبل از ازدواج، تهران: نشر آوای نور.
21. خلج آبادی، فریده، مهریار، امیر هوشنگ (۱۳۸۹). بررسی نقش خانواده در ارتباطات با جنس مخالف قبل از ازدواج در دختران دانشجو در تهران خانواده پژوهی، سال 6 شماره ۲۴، صص ۴۵۰-۴۶۷ .
22. خلج آبادی فراهانی، فریده و امیر هوشنگ مهریار (۱۳۸۹). بررسی نقش خانواده در ارتباطات با جنس مخالف قبل از ازدواج در دختران دانشجو در تهران، فصلنامه خانواده پژوهی ، دوره 2، شماره ۲۴، صص ۴۴۹- ۴۶۸.
23. خمینی، روح الله (۱۳۷۹). تحریر الوسیله، مسسة دار العلم، قم.
24. خمینی، روح الله (۱۳۶۸). کتاب البیع، جلد دوم، موسسه اسماعیلیان، تهران.
25. خیری، مرضیه (۱۳۹۵). بررسی آسیب شناختی اجتماعی بالا رفتن سن ازدواج از دیدگاه دانشجویان دختر دانشگاه آزاد اسلامی واحد ارومیه، فصلنامه مطالعات جامعه شناسی، سال ۸، شماره ۳۰، ص ۱۲۵-۱۳۸.
26. درخشان، بهرام (۱۳۸۳). موانع و راهکارهای ازدواج. مجموعه مقالات همایش ازدواج دانشجویی، راهکارها و چالش ها، کاشان: انتشارات مرسل.
27. دسترنج، منصوره (۱۳۹۲). بررسی ویژگی های خانواده با جامعه پذیری فرزندان، فصلنامه زن و مطالعات خانواده، سال ششم، شماره ۲۲، ص ۷۹-۹۸.
28. دوچ، مورتون و روبرت کراوس (۱۳۷۴)، نظریه ها در روانشناسی

اجتماعی. ترجمه: مرتضـــی گنبی، چاپ اول، تهران: انتشـــارات دانشـــگاه تهران.
29. را بینگن، ارل، وایتبرگ، مـــارتین (۱۳۹۳). رویکردهـــای نظری هفتگانه در بررسـی مسـائل اجتماعی، ترجمه صـدیقی سـروسـتانی، تهران: انتشارات دانشگاه تهران.
30. رجبی، عباس (۱۳۸۶). ســـن ازدواج، عوامل افزایش و راهبردهای کاهش آن، مجله معرفت، شماره ۱۱۲، صص ۱۵۳ – ۱۳۳.
31. رضـایی، حسن (۱۳۹۲). ازدواج سفید با هم باشی سیاه، مجله پایش، ش ۶.
32. رضـوی، نجما (۱۳۸۱). بررسـی وضـعیت ازدواج جوانان، گزارش ملی جوانان، نشر سازمان ملی جوانان.
33. رنجبر، فاطمه (۱۳۹۵). بررســی ازدواج ســفید از نظر فقه امامیه و حقوق کیفری ایران، پایان نامه برای دریافت درجه کارشـــناســـی ارشـــد، دانشگاه آزاد اسلامی، واحد علوم و تحقیقات چهارمحال و بختیاری.
34. زیبایی نژاد، محمدرضـــــا (۱۳۸۸). هویت و نقش های جنســـیتی (مجموعه مقالات)، تهران: مرکز امور زنان و خانواده ریاست جمهوری.
35. ســـاروخانی، باقر (۱۳۸۵). مقدمه ای بر جامعه شـــناســـی خانواده، تهران: سروش.
36. شـجاعی، محمد الصـادق (۱۳۸۴). تحلیل روان شـناختی افزایش سـن ازدواج و نقش آن در انحرافات اخلاقی جوانان، مجله معرفت. شـماره ۹۷، صص ۵۳- ۴۶.
37. شقرز، برنهارد(۱۳۸۳). مبانی جامعه شناسی جوانان، ترجمه کرامت الله راسخ، تهران: نشر نی.
38. شـمس، حسـن و امامی پور، سـوزان (۱۳۸۳). بررسـی میزان رواج همسـر آزاری و عوامل مؤثر بر آن، فصـلنامه زن در توسـعه و سـیاسـت (پژوهش زنان)، دوره ۱، شماره ۵، صص ۵۹-۸۲.
39. شیخ طوسی، ابی جعفر (۱۴۰۷). تذکره الفقها، جلد اول، چاپ افست، تهران.
40. صـفایی، سید حسـین (۱۳۹۳). دوره مقدماتی حقوق مدنی، انتشـارات میزان تهران
41. عباسـی، مجتبی، خلیلی کاشـانی، مرتضـی (۱۳۹۲). تأثیر اینترنت بر هویت ملی، تهران: انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی.
42. علیتبار، ســـیدهادی، قنبری ســـعید زاده محمدی علی حبیبی مجتبی (۱۳۹۳). بررســی رابطه بین روابط جنســی پیش از ازدواج با نگرش به روابط فرازناشـــویی فصـــلنامه خانواده پژوهی، دوره ۱، شـــماره ۳۸، ص ۲۶۷ - ۲۵۵.
43. غزالی، محمد (۱۳۷۷). مختصـــــر احیاء العلوم الدین، ترجمه محمد صالح سعیدی، سنندج: کردستان.

44. فاضـــلی، نعمت الله (۱۳۸۳), پیامدهای مدرنیته، تحلیلی بر تحولات خانواده و رفتار جنســی در بریتانیا، فصــلنامه مطالعات جوانان، شــماره ۴ ص ۱۷۱ – ۱۲۵.
45. قمری گیوی، حسـین (۱۳۸۵). بررســی میزان نگرش فمینیســتی در زنان مجرم و غیر مجرم، فصـلنامه مطالعات امنیت اجتماعی، سـال سـوم، شماره هشتم و نهم. ۱-۲۵.
46. کاتوزیان، ناصــر (۱۳۹۳) حقوق مدنی، جلد اول، انتشــارات میزان، تهران.
47. کریمیان، نادر، زارعی، اقبال (۱۳۹۱). بررســـی کیفی وضـــعیت زندگی زنان دارای رابطه هم خانگی با جنس مخالف، فصـــلنامه زن و جامعه، دوره ۷، شماره ۲۶، تابستان ۱۳۹۵، صفحه ۶۸-۳۹.
48. کوثری، مسعود، عسکری، احمد(۱۳۹۴). بازنمایی خانواده ایرانی از منظر روابط جنسیتی و نسـلی در آگهی‌های تلویزیونی، فصـلنامه تحقیقات فرهنگی ایران، شماره ۱ دوره ۴، ص ۱-۲۴ .
49. گلچین، مسـعود، صـفری، سـیامک (۱۳۹۶). کلان شـهر تهران و ظهور نشـــانه های الگوی تازه ای از روابط زن و مرد مطالعه زمینه ها، فرایند، و پیامدهای هم خانگی، فصـلنامه تحقیقات فرهنگی ایران، دوره 10، شماره 1 - شماره پیاپی ۳۷. بهار ۱۳۹۶، صفحه ۲۹ – ۵۷.
50. گیدنز، آنتونی (۱۳۷۳)، جامعه شـناسـی، ترجمه منوچهر صـبوری، تهران. نشر نی.
51. گیدنز، آنتونی (۱۳۷۸). تجدد و تشـخص در جامعه و هویت شـخصـی در عصر جدید، ترجمه نادر موفقیان، تهران: نشر نی.
52. گیدنز، آنتونی(۱۳۸۹). جامعه شناسی، ترجمه دکتر حسن چاوشیان، تهران: نشر نی.
53. لپ، ایتیاس (۱۳۷۷). روانشناسی عشق ورزیدن، ترجمه کاظم سامی و محمود ریاضی، تهران: نشر چاپخش.
54. متقی هندی، علاء الدین علی (۹۷۷ ق)، کنز العمال، انتشـــارات دارالحدیث، ج ۱۶، ص ۲۷۹.
55. مجد الدین، اکبر (۱۳۸۶). بررســی دلایل و آثار افزایش سـن ازدواج دختران روسـتایی در آشـتیان، مجله شـناخت، شـماره ۵۳، صـص ۳۸۶-۳۷۵.
56. محقق حلی (۱۴۰۹). ایضـــاح الفوائد فی شـــرح مشـــکلات القواعد اسماعیلیان، قم.
57. محقق داماد، سید مصـطفی (۱۳۸۵). حقوق قراردادها در فقه امامیه، نشر سمت، تاران.
58. محمدی، فایزه و میرزایی، رحمت، بررسی عوامل اجتماعی مؤثر بر خشـونت علیه زنان، مجله مطالعات اجتماعی ایران، دوره شـشـم، شـماره یک، تابستان ۱۳۹۱، ۱-۲۹.

59. معاونت آموزش و تحقیقات قوه قضاییه (۱۳۸۲). مجموعه آرای فقهی در امور حقوقی، نکاح، جلد اول، نشر قضا، تهران.
60. میشل، آندره. (۱۳۷۶). پیکار با تبعیض جنسی، (محمد جعفر پوینده). تهران، نگاه.
61. نورعلیزاده میانجی، مسعود (۱۳۸۸). مدل اسلامی مصون سازی رفتار جنسی با تأکید بر پیشگیری و درمان انحراف ها و مشکلات جنسی»، فصلنامه علمی تخصصی اسلام و روان شناسی، سال سوم، شماره ۵، ص ۱۴۲ -۱۰۷.
62. ورواییی، اکبر، نیاز خوانی، مرتضی، کلامی، حسن (۱۳۹۰). بررسی تاثیر عوامل اقتصادی بر گرایش به ناهنجاری اجتماعی و راهکارهای انتظامی - اجتماعی پیشگیری از آن، فصلنامه انتظام اجتماعی، سال اول، شماره اول، صص ۱۲۵-۱۵۷.
63. Anne-Marie Ambert: "Cohabitation and Marriage: How Are They Related?"[permanent dead link]. The Vanier Institute of the Family, Fall 2005 64. Beck, G. (1995). The Normal Chaos of Love. London: Polity Press. 65. Becker, Gary S. (1974), A Theory of Marriage, Part II: The Journal of Political Economy, Vol. 82, No.2. part 2, pp. s11-s26 66. Bell, Duran (1997). "Defining Marriage and Legitimacy. Current Anthropology 38 (2): 237–254. 67. Bianchi, S. M., & Casper, L. M. (2000). American families. Population Bulletin, 55, 3-42. 68. Bourdais, C. L. and A. E. Lapierre (2004). "Changes in Conjugal Life in Canada: Is Cohabitation Progressively Replacing Marriage?', Journal of Marriage and Family, Vol. 66, No. 4 69. Brown, S.L. (2003). Relationship quality dynamics of cohabitating unions. Journa of Family Issues, 24, 583-601. 70. Brown, S.L. and A. Booth (1996). 'Cohabitation Versus Marriage: A Comparison of Relationship Quality', Journal of Marriage and Family, Vol. 58, No. 3 71. Browne, Ken, (1992), An Introduction to Sociology, UK: Polity Press 72. Bumpass LL. 1999. Whats happening to the family? Interaction between demographic and institutional change. Demography. 27: 483-98 73. Bumpass, L. and H. H. Lu (2000). "Trends in Cohabitation and Implications for Children's Family Contexts in the United States, Population Studies, Vol. 54, No. 1. 74. Carmichael, G. A. (1995). "Consensual Partnering in the More Developed Countries, Journal of the Australien Population Association, Vol. 12, No. 1.
75. Carr, D. (2011). ‘Premarital Sex in America: How Young Americans Meet, Mate, and Think about Marriage by Mark Regnerus and Jeremy Uecker’, American Journal of Sociology, Vol. 117, No. 3.
76. Carr, D. (2011). ‘Premarital Sex in America: How Young Americans Meet, Mate, and Think about Marriage by Mark Regnerus and Jeremy Uecker’, American Journal of Sociology, Vol.

117, No. 3.

77. Carrie Murrow & Lin Shi (2010).The Influence of Cohabitation Purposes on Relationship Quality: An Examination in Dimensions, The American Journal of Family Therapy, 38:5,397-412, DOI: 10.1080/01926187.2010.513916.

78. Carroll, Joseph (2011). Reading human nature: Literary Darwinism in theory and practice. (pp.160). New York: SUNY Press.

79. Casper, L. M. and S. M. Bianchi (2001). Change and Continuity in the American Family, California: Sage.

80. Cherlin A, Furstenberg FF. 1988. The changing European family: lessons for the American reader. J. Fam. Issues 9:291–7.

81. Cherlin, Andrew (2010). Public and Private Families. New York: McGraw Hill. p. 227. ISBN 978-0-07-340435-6.

82. Dabbler, Karl (1999) "Toward an Integrated Perspective of the processes Related to the Descriptive Concept of secularization", sociology of religion, No 15:229-248.

83. Elizabeth, V. (2000). Cohabitation, marriage, and the unruly consequences of difference. Gender and Society, 14, 87–110.

84. Esteve, A., R. Lesthaeghe, and A. López-Gay (2012). 'The Latin American Cohabitation Boom,1970–2007', Population and Development Review, Vol. 38, No. 1.

85. French, M, T. Popovici, I. Robins, P. Homer, J. (2014). Personal traits, cohabitation, and marriage. Social Science Research 45, 184–199.

86. Galena K. Rhoades, Scott M. Stanley, and Howard J.Markman(2009). Couples' Reasons for Cohabitation: Associations with Individual Well-Being and Relationship Quality, J Fam Issues. 2009 Feb 1; 30(2): 233–258.

87. Gelles, R.J. (1985). Familly Violence. Annual review of sociology.11 (1985). 367-347.

88. Giddenns, A. (1992). The Transformation of Intimacy: Sexuality, Love & Eroticism in Modern Societies, California, Stanford University Press.

89. Goodwin, P. Y., W. D. Mosher, and A. Chandra (2010). 'Marriage and Cohabitation in the United States: A Statistical Portrait Based on Cycle 6 (2002) of the National Survey of Family Growth', Vital and Health Statistics, Series 23, No. 28.

90. Günther. Hans F. K.. (1952). Le mariage: ses formes, son origine, Bibliothèque historique, ISSN 0520-0601. Publisher : Payot

91. Hendric DJ, Christopher JS, Nangle Dw. Adolescent heterosocial intereactions and dating. In: V. B. Van hasselt, M. Hersent, editors. Handbook of social development: A lifespan

Perspective. New York:Plenum Press; 1992
92. Heuveline, P. and J. M. Timberlake (2004). 'The Role of Cohabitation in Family Formation: The United States in Comparative Perspective', Journal of Marriage and Family, Vol. 66
93. Hewitt, B. and D. De Vaus (2009). 'Change in the Association Between Premarital Cohabitation and Separation, Australia 1945– 2000', Journal of Marriage and Family, Vol. 71.
94. Inglehart, Ronald; Abramson, Paul R. (1994)"Economic Security and Value Change", The American Political Review, 88(2):336-354
95. Iwasawa, M. (2005). 'Cohabitation in Japan', Mainichi Shimbun (ed.), in Family Attitudes in an Era of Very Low Fertility: Report on the 1st Survey of Population, Family, and Generations, Population Problems Research Council (in Japanese).
96. Jampaklay, A. and F. Haseen (2011). 'Marital Unions and Unmarried Cohabitation in Bangkok, Thailand: Are Cohabiters Different from Singles or Married People?', Asian opulation Studies, Vol. 7, No. 2.
97. Kammeyer, K. C. W, et. Al, (1992), Sociology, Boston & London: Allyn & Bacon.
98. Karlsson, G. (1963). Adaprobability andcommunication marriage totow. beamibster press.
99. Kiernan, K. (2001). 'The Rise of Cohabitation and Childbearing Outside Marriage in Western Europe', International Journal of Law, Policy and the Family, Vol. 15, No. 1.
100. Konig,R. (1976). Soziologie der Familie. Handbuch der empirischen sozialforschung. Md.7. Stuttgart : dtv, s.-188
101. LaDuke, A. (2006). Living Through the Sexual Revolution, London: Greenhaven Press.
102. Lawson, T. (2001). Dictionaryof Sociology.London and Chicago:Fitzroy Dearborn Publishers.
103. Legkauskas, V. and D. Stankeviciene (2009). 'Premarital Sex and Marital Satisfaction of Middle Age Men and Women: A Study of Marriage Lithuanian Couples', Journal of Sex Role, Vol. 60, No. 2.
104. Lesthaeghe R, Surkyn J. 1988. Cultural dynamics and economic theories of fertility change.
105. Liechter. D.F.(1991). Local marriage market and the marital behavior of black and white women. AJS.96,4(Jan): pp 843 – 867
106. Lindsey, Eric W. et. Al, (1997), Differential Play Patterns of Mothers and Fathers of Sons and Daughters, Sex Poles, Vol. 37, No.9/10, 643-52.
107. Loffler, C. (2009). Non-Marital Cohabitation in Italy, der

Universität Rostock.

108. Manning, W. D. and P. J. Smock (2002). 'First Comes Cohabitation and Then Comes Marriage?', Journal of Family Issues, Vol. 23, No. 8.

109. Manning, W. D., & Landale, N. S. (1996). Racial and ethnic differences in the role of cohabitation in premarital childbearing. Journal of Marriage and the Family, 58, 63–77.

110. Megan M. Sweeney; Teresa Castro-Martin; Melinda Mills. "The reproductive context of cohabitation in comparative perspective: Contraceptive use in the United States, Spain, and France" (PDF). Demographic Research. doi:10.4054/DemRes.2015.32.5.

111. Miller, G. (2000). "How Sexual Choice Shaped The Evolution of Human Nature", New York

112. Mills, M. (2000). The Transformation of Partnerships, Canada, The Netherlands, and the Russian Federation in the Age of Modernity, Amsterdam: Thela Thesis Population Studies.

113. Murrow, C. and L. Shi (2010). 'The Influence of Cohabitation Purposes on Relationship Quality: An Examination in Dimensions', The American Journal of Family Therapy, Vol. 38, No. 5.

114. National Institute of Population and Social Security Research (2007). Attitudes toward Marriage and the Family among Japanese Singles-The 13th National Fertility Survey, Tokyo: Kōsei Tōkei Kyōkai (in Japanese).

115. Nave-Herz, R. (2000). 'Historischer und Zeitgeschichtlicher Wandel im Phasenablaufprozess von der Partnerfindung bis zur Eheschliesung', Zeitschrift fur Soziologie der Erziehung und Sozialisation, Vol. 20, No. 3.

116. Nazio, T. (2008). Cohabitation, Family & Society, London: Routledge.

117. Notes and Queries on Anthropology. Royal Anthropological Institute. 1951. pp. ،p. 110.

118. Paul Herrnson; Kathleen Weldon (6 October 2014). "Love, Marriage, and the Vatican". Center for Public Opinion Research. Just 20 percent in the 2012 General Social Survey disagreed with the assertion that it was all right for a couple to live together

119. Pempek, T., & et al. (2009), "College students' social networking experiences on Facebook", Journal of Applied Developmental Psychology, 30: 227–238

120. Pla, A. and C. Beaumel (2010). 'Bilan démographique 2009: Deux Pacs Pour Trois Mariages', Insee Première, No. 1276.

121. Pop. Dev. Rev. 14:1–45

122. Prinz, C. (1995). Cohabiting, Married, or Single, London:

Avebury

123. Raymo, J. M., M. Iwasawa, and L. Bumpass (2009). ‘Cohabitation and Family Formation in Japan’, Journal of Demography, Vol. 46, No. 4

124. Regnerus, M. and J. Uecker (2011). Premarital Sex in America: How Young Americans Meet Mate and Think About Marrying, Oxford: Oxford University Press

125. Rhoades, G. K., S. M. Stanley, and H. J. Markman (2009). ‘Couples Reasons for Cohabitation: Associations with Individual Well Being and Relationship Quality’, Journal of Family Issues, Vol. 30, No.2

126. Rindfuss RR, VandenHeuvel A. 1990. Cohabitation: a precursor to marriage or an alternative

127. Rindfuss, R. R., & VandenHeuvel, A. (1990). Cohabitation: A precursor to marriage or an alternative to being single? Population and Development Review, 16, 703–726.

128. Roussel, L. (1992). ‘The Family in Western Europe: Divergences and Convergence’, Population, Vol. 47, No. 1

129. Sassler, S. (2004). The process of entering into cohabiting unions. Journal of Marriage and the Family, 66, 491–505.

130. Schaffer. F. T. & Lamn R. P, (1992), Sociology, New York: Mc Graw Hill.

131. Seltzer, J. A. (2000). ‘Families Formed Outside of Marriage’, Journal of Marriage and the Family, Vol. 62, No. 4.

132. Smock, P. J. (2000). Cohabitation in the United States: An appraisal of research themes, findings, and implications. Annual Review of Sociology, 26, 1-20. DOI: 10.1146/annurev.soc.26.1.1

133. Spanier, G. B. (1985). ‘Cohabitation in the 1980s: Recent Changes in the United States’, K. Davis & A. Brossbard-Shechtman (eds.), in Contemporary Marriage, New York: Russell Sage

134. Stanley L. and Wise S, (2002), What’s Wrong with Socialization?, In: S. Jackson and S. Scott, Gender: A Sociological Reader, London: Routledge, pp: 273-9

135. Taylor.j. 2003. Encyclopedia of Population, induced abortion(history). volume 2. macMilan reference USA,Thomson

136. Teresa Castro Martin. "Cohabitation in Spain: No longer a marginal path to family formation". Retrieved 22 August 2015.

137. Thornton A, Philipov D (2009). "Sweeping Changes in Marriage, Cohabitation, and Childbearing in Central and Eastern Europe: New Insights from the Developmental Idealism Framework". Eur J Popul. 25 (2): 123–156. doi:10.1007/s10680-009-9181-2. PMC 2690230 Freely accessible. PMID 19498956.

138. Thornton, A., G. William, W. G. Axinn and, Y. Xie (2007). Marriage and Cohabitation, Chicago The University of Chicago

Press.
139. Tinglöf S, Högberg U, Lundell IW, Svanberg AS. Exposure to Violence among Women with Unwanted Pregnancies and the Association with Post-traumatic Stress Disorder, Symptoms of Anxiety and Depression. Sexual & Reproductive Healthcare. 2015;6(2):50-3.
140. to being single? Pop. Dev. Rev. 16:703–26.
141. Trost, J. (1978). 'A Renewed Social Institution: Non-marital Cohabitation', Acta Sociologica, Vol. 21, No. 4.
142. Trost, J. (1979). Unmarried Cohabitation, Västerås, Sweden: International Library
143. Tsuya, N. O. (2006). 'Patterns and Covariates of Partnership Formation in Japan', Journal of
Population Problems, Vol. 62, No. 1. (in Japanese).
144. Westermarck, Edvard, (1921) The History of Human Marriage Volume 1, p. 71. ISBN: 0-7661-4618-9.
145. Westermarck, Edvard, (1936) The Future of Marriage in Western Civilization, p. 3.
146. Williams, L., M. M. Kabamalan, and N. Ogena (2007). 'Cohabitation in the Philippines: Attitudes and Behaviors Among Young Women and Men', Journal of Marriage and Family, Vol. 69, No. 5.
147. Winch,R.(1958). Male selection, A study of complementary needs. New York: McGraw – Hill.

AVAYeBUF.com

# House with Open Door

## A Comprehensive Study research on White Marriage (Cohabitation)

**Kameel Ahmady**

پەیوەندییەکانی ژن و مێرد لە ئێراندا بە پێی نۆڕمە ئایینی و عورفییەکان پێناسە دەکرێ و پەیوەندیی هاوسەرێتی جگە لە چوارچێوەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی و کاتی، بە ناشەرعی و تاوان لە قەڵەم دەدرێت. لەم ساڵانەی دواییدا لە کۆمەڵگای ئێران بە هۆی بارودۆخی دژواری ئابووری وەکوو مەندیی ئابووری و بێکاری لە لایەک، دەرکەوتنی مۆدێڕنیتە و گۆڕانکارییە بەهایی –نۆڕمییەکان لە لایەکی ترەوە وای کردووە گەنجان ژیانی هاوبەشی بە بێ هاوسەرگیریی فەرمی یان هەمان هاوسەرگیریی سپی بە ڕێکارێکی لۆژیکی بۆ وەدیهێنانی خواستە تایبەتی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان سەیر بکەن کە بەرپرسایەتیی یاسایی و کۆمەڵایەتی و باری قورسی خەرجی ئابووریی هاوسەرگیریی فەرمی نییە. ئەم دیاردە زیاتر لە ناو گەنجانی خوێندکار و زانکۆییدا دەبینرێ کە بە هۆکاری کاری و خوێندن بەرەو کەلانشارەکان کۆچیان کردووە. بەرپرسان بە هۆی هەستیاریی فەرهەنگی و ئایینییەوە هەتا ئەورۆ ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییەیان نەخستۆتە بەر تیشکی توێژینەوە و لێکدانەوە. ئەم توێژینەوە بۆ یەکەم جار بە شێوەی گشتگیر پاش تاوتوێی بنەما کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی هاوسەرگیریی سپی، فاکتەرە کاریگەرەکانی شی کردۆتەوە و لێکەوتەکانی تاوتوێ کردووە. لە کۆتاییدا هەندێ ڕێکاری خستۆتە ڕوو بۆ ئەوەی لە پێناو کەمکردنەوەی لێکەوتە نەرێنییەکانی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە هەنگاوێکی کاریگەر بهاوێژێ و هەروەها ئاستی وشیاریی گشتی لەم بارەوە بەرز بکاتەوە.

ISBN:978-87-94252-8-4

9 788879 425284

Painter: Jim Holland - Book cover designer: Chia Sarspi